# شێرزاد حەسەن

# سەرجەمی بەرهەم

**١**



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# شێرزاد حەسەن

# سەرجەمی بەرهەم

## کۆمەڵە چیرۆکەکانی

تەنیایی

گوڵی ڕەش

گەڕەکی داهۆڵەکان

پیرەپەپوولەکانی ئێواران



کتێب: سەرجەمی بەرهەم – کۆمەڵە چیرۆکەکانی: تەنیایی، گوڵی ڕەش، گەڕەکی داهۆڵەکان، پیرەپەپوولەکانی ئێواران
نووسینی: شێرزاد حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٣٧٤
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: نووسەر
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٠٨)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

# تەنیایی

# ڕیشۆڵە

خۆر دوو باڵی ماوە ئاوابێ... لەوە دەترسێی تاریکی شەو ڕیشۆڵەکان بپێچێتەوە... بەڵام نەخێر... هەر بەهیوایت... ورەت بەرنەداوە... بێ مروەتانە ئیمڕۆ فریویان دای... تاوێک نیشتن و تاوێک هەڵفڕین... بەڵام کێ دەڵێ گرەو نابەیتەوە؟ زیاتر دەستە قڵیشاوەکانت لە گوریسەکە گیرکرد... هەردوو چاوە سیس بووەکانت چاوەڕوان و وێڵی ئەو ڕەوە ڕیشۆڵانە بوون کە لە ئاسمانا قەتارەیان بەستبوو... نیو تەنەکە گەنمت بۆ ڕشتوون... کەچی خۆت لە زووێییکەوە بۆنی ئارد لە کەندووەکەت بڕاوە... ڕاوە ڕیشۆڵەش سووک و سانا نییە... بەڵام کە شتێکت گەرەکە... دەبێ چاو لە شتێکی دیکە بپۆشی...!

زیاتر پەنجە ڕەق و باریکەکانت لە گوریسەکە قرساند... گرژ بووی... لەوە دەچوو لە جیاتی تۆڕێک دنیات بەو سەری گوریسەکە بەستبێتەوە... چنگت لە زەوییەکی غەریب و بەسام گیرکردووە... گەرچی وەک چاوی هەمین ئاشنایە. ڕیشۆڵەکانت لە ئاسمانێکی ترەوە هاتوون و تەریون... چەندیش هۆگری زستانن... ئا لەم ڕۆژانەشدا شەختە و بەستەڵەک دەست لە زەوی ناکاتەوە... هەورە ڕەش و قورس بووەکان بەرسکی ئاسمان بەرنادەن... «با»ی سارد و تیژ چاوەکانت دەنووقێنێ... بەڵام دڵت هەر وریایە... پڕ لە خەندە و پڕ لە هیوایە...!

زۆر بەیانیانی زوو... بەر لەوەی خۆر هەڵبێ و شەختە بەندەکان بتوێنێتەوە... لە خەو هەڵدەستی... دوای نوێژ... یەک دوو پارو نان و نۆک دەخۆی... پیاڵەیەک چای خێرای بەسەردا هەڵدەقوڕێنی... هەر بەجامانەکە دەموچاوت لە سەرما دەشاریتەوە... تۆڕەکە و کیسێک گەنم و پیشەقان و بێڵەکەت هەڵدەگری... خواحافیزی لە هەمین دەخوازی... دەرگای حەوشەکە لەسەر خۆت و گوێدرێژەکەت دەکەیتەوە... بەبازێکی چالاکانە لەسەر پشتی قوت دەبیتەوە... ڕوو لەو دەشتە سەهۆڵبەندانە دەکەیت و شار بەجێدێڵی... بەهەر دە پەنجە یارییەکی قورس لەگەڵ ئەو شەختە و بەستەڵەک و خاک و خۆڵە تەزیوەدا دەکەی... سروشت بەتۆوە زیندووە... بێ تۆش گیانێکی بێ خوێنە... خۆت لەناو پاڵتۆیەکی زەردباودا دەشاریتەوە... تەواو ناتپارێزی... چاوەکانیشت دیمەنی ڕەوە ڕیشۆڵەکان جێناهێڵن... گوێی



گرانت بۆ فرەفڕی باڵیان هەڵدەخەی... خۆش ئەوەیە کە نزیک دەنیشنەوە... لە ناکاودا بەترسێک دەمارە دەزوولەیەکانت گرژ دەبن و خاودەبنەوە... ژانەسەرێک بەرەبەرە هێزت لێ دەستێنێ... هەست دەکەی تۆپەڵە بەفریت و دەتوێیتەوە... لە ناخەوە هەست بەسەرما دەکەی... سەرمای گەڕانەوە بۆ شار بەخۆ و بەتۆڕێکی بەتاڵەوە... جێ دەگۆڕی... ئیمڕۆ نزیک باخچەکانیت... بەیانی تۆڕەکەت لەسەر تازە کێڵگەکاندا ڕادەخەی.

لەو ڕۆژەوە کە «عەبە»ی کوڕت بێوەژنەکەی هێنا... زۆر زووتریش تۆ هۆگری ڕاوە ڕیشۆڵە بووی... خۆت ئەم بێوەژنە بەتەمەنەت لە ملی بەست... دوایش هەر خۆت پەشیمان بوویتەوە... خەڵکی وای دەزانی هەوێی هەمینە... دەتویست عەبە ببێ بەمەلایەک لەو مەلایانەی مزگەوتێک بەڕێوەدەبەن... نەبوو... پێ نەگەیشت... هەروا دەست و پێ سپی مایەوە... بەڵام هەر خۆشت دەویست... هەر خۆشت دەوێ... زێدەجەرگە و زادەی ئەو حەزەیە تۆی بەهەمین بەستووەتەوە... کەچی بۆ بێوەژنێک لە تۆ تەری و... بەجێی هێشتی... کەسەرێکە لەسەر دڵت بووەتە گرێ و ناکرێتەوە. دەستەکانت لە گوریسەکە قورستر بوون... زیاتریش خۆت شاردەوە... ڕیشۆڵەکان ڕووەو سەر هەر چوار لا هەڵدەفڕین... پۆل پۆل بەناو یەکدیدا دەسوڕانەوە... واقت وڕما کە چۆن وێک نەدەکەوتن... دەستێکت خزاندە گیرفانت و بەر کاغەزەکەی (عەبە) کەوت:

«... باوکە گیان دەستەکانت ماچ دەکەم... بچووکی تۆم و لێم ببورە... پەشیمانم و نازانم بۆ جێمهێشتی... ئەم ژنە نەگریسەم دانەدەنیشت دەستەکانی دایکم ماچ دەکەم و تا ماوم کەوشەکانی لەسەر...»

ئەها... وریابە هات... چ ڕەوەیەکی پڕ بەختە... نا... فڕی... نزم هات و دوور هەڵفڕی...!

ماوەیەکی زۆر هەر نکۆلی لێدەکەی -با بڕوا ئەو زۆڵە- بۆتە وێردی سەر زبانت... لە هەموو دانیشتنێکدا لای پیر و میر باسی دەکەی... هەر نەفرەتی لێ دەکەی... شەویش تا خەو دەتباتەوە هەر لە خەیاڵی ئەودای... تۆ هۆی ئەم گرییەی... تۆ؟... نا... هەژاری و بێ دەرامەتی بەرەو بەزمی -ژن بەژن- ڕایکێشای... (خەجە)ی کچیشت ماوەی چەند مانگێکە سەری بەو کەلاوەتان دانەگرتووە... تازەبووکە و گەلێ ڕەزایە... ئەم ژیانە خۆش و پڕ تامەی ئێستای بەدڵە... گلەیی نەکەی... تۆش وەک ئەوان زەمانێک گەنج بووی... هاوتای گوزەرانێکن... تۆ ڕاوە ڕیشۆڵە پیشەتە... ماڵە خەزورانیش حەڵوا فرۆشتن... عەبە ڕۆیشت... خەجەش، تەنیا هەمین پەنای تەنیاییتە... هەمینی سوکنایی و سێبوری و خەم

ڕەوێن... ئەو هەمینەی ئێستاکەش پاشماوەی جوانییەکی کۆن لە ڕووخساریدا مەییوە... ئەو جوانییەی سالآنێ کە کچ بوو ئاژاوەی دەنایەوە... قوڕی دەگرتەوە... قاو و قیژ و هاواری لەنێو خێزان و ماڵێکی زۆردا بەرپا دەکرد... ئاغاژنەکانیش تووشی دڵەڕاوکێ ببوون... کوڕگەلی ئەو گوندەی خۆتان وڕ و کاس لەناو ئاوایی دەسوڕانەوە... «کێ کوڕی کێ بوو؟»... ئەوەبوو حاڵ... ئەمیش بۆ تۆ پسابوو... بەدوای تارمایی و تەمی تۆدا وێڵ و ون بوو... لەم دەریای عیشقەدا خۆی نقوم کرد... نە قۆز و نە پارەداریش بووی... هەر تەنیا سەپانێکی کۆیلە بووی... بەڵام دوعا بۆ دەنگە خۆشەکەت بکە... کە بەلاوکێ یا حەیرانێ دەتچریکاند، گوندت دەخستە سەر ئاخ و سەما... لەبیرتە لە بەهار و زەماوەندێکی گوندەکەتانا گوێی لە دەنگت بوو... هەمین بۆ یەکجاری ڕۆحی هەڵفڕی و ئاگری عیشق هەڵیگرت... دڵی وەک چۆلەکەی سەربڕاو هەڵدەپەڕی.

قورساییت خستە سەر گوریسەکە... پۆلە ڕیشۆڵەیەک بەتاو نزیک کەوتەوە... لەسەر بازنەی تۆڕەکە هەڵنەنیشت... ئەمشەو هەینییە... ناخۆشە دەست بەتاڵ ڕووە و شار بگەڕێیتەوە... هەر بۆ ئێوارە... هەمینیش لە ماڵە دەوڵەمەندەکان دەگەڕێتەوە... سەرمایەکی سڕ لە ئێسقانەکانتا گردبووەتەوە... گڕی حەسرەتێک لە چاوەکانتا کڵپە دەستێنێ... بەسەر ئازارێکی مەزنتا پێچ دەخۆیتەوە... چوار پەلت ئارەقەیەکی سارد دەردەکەن... بوویت بەگردێک لە ژان... هێشتا هەمین جوانە... جوانی ئەو ڕۆژانەی ئاغایەکانیش لیکاویان بۆ دەباراند... ئاخ لە زەبر و زەنگی برسیەتی... ئەمێستاکەش وای لێ کردوون لە دەرگای کۆشکی ئەو ئاغایانە بدا... هێلکە و شیریان پێ بفرۆشێ... چ ترسێکی گەورەیە... لەم دواییەدا تامەزرۆی سێبەری کۆشکێک بێ... چوار ڕۆژ لەمەوبەر هەمین پێی وتی:

«دەرویش بایز... دەزانی دوای ئەو هەموو سالآنە باپیر ئاغا ناسیمیەوە... لەمەودوا بەڵێن وایە بەیانیان هێلکە و شیریان بۆ بەرم!».

«گوندیان جێهێشت... شار تێک بدەن!».

حەزیش ناکەی گومان ڕێ بۆ دڵت خۆش بکا... ساڵی مانگێک لە خەڵوەتدای... هەمین لەو کارەت لالووتە... تێی ناگەی ئەو ژنەت بۆ ئەوەندە لە کوفر نزیکە...؟ خەمە لە یەکتری دوور بن... خەمە ئەو دۆزەخی و تۆ بەهەشتی بی... گیاندارێکە گومان... هیچ شک نەبا... هەر خۆی دەخوا... گومانیش ڕەوە ڕیشۆڵە ئاسایی سێبەرە ڕەش و قورسەکەی تۆ و تۆڕ و زەوی پێچایەوە... هەمین هەر ڕۆژەی سەدەها جار سەر بەم ماڵ و بەو ماڵدا دادەگرێ...



لێیان دەچێتە ژوورەوەش... هێشتا تەڕە و هەوەس بزوێنە... پیاوی سمێڵ فش و نەوسنیش زۆرن... لە هەموو کونێکا هەن... ئەویش باڵا بەرزەکەی... ئەو خوێنە گەشەی سەر لووت و کولم و نەرمایی گوێی هەر نەمردوون... ئەو سپیەتیەی لامل و گەردنی کە لە ژێر پەردەی کرێژیشدا زریکە و هاواریەتی... کەم خۆ شۆرە... کوانێ وەختی؟! دەبێ بژین... ژیانیش ڕاکردنێکی ژێر خۆری تەمووزی سووتاوە... دەبێ لە دەرگای دوو پەردەیی و سێ پەردەیی کۆشکەکان بدا... ڕاوە ڕیشۆڵە و هێلکە فرۆشتن... بەباڵندەوە بەستراونەتەوە... ڕێکەوتێکە گەلێ جوان...!

هەفتەی ڕابردوو... ئێوارەیەکی درەنگ گەڕایەوە... خوێنێکی ئاڵتر پەڕی بووە دەم و لێوی... چاوەکانی داخستبوون... پاشماوەی ئارەزوویەکی شاراوە و مردوو لە قووڵایی چاوەکانیا مەلەی دەکرد... هەر بەخومار و خەواڵوو بوون... جا چۆن گومان سەرت نەخوا؟! گومان و ئەو بێدەنگییەی تۆی تیا نقوم بووی... لە خەوی شەوێکی نێو گۆڕستان ناخۆشترە... شەوی هەینیش بوو... وەک هەموو شەوانی هەینی ڕابردوو... نەهات و خۆی لەژێر باڵت بسوێ... نیوە شەو بێدارت کردەوە.

«– هەمین... هەمین گیان!

ڕاپەڕی و پرسی:

– چیتە؟

– هەمین...؟!

– هێزی ئەوەیانم نییە تو خوا...!»

ئەها ڕەوەیەکی تر... ئەوە هات... لە تۆڕەکە نزیک کەوتەوە... بەقەد پانتایی نیوەی ئاسمانی گەڕەکەکەتان... لە شوێنی خۆت جووڵایت و خۆت کۆکردەوە... زیاتریش خۆت شاردەوە... ڕیشۆڵەکان ئەوەندەی گێژن... زۆڵیشن... وریای گوریسەکەی... ڕەوەیەکی دیکەی بەدواوە بوو... زەوییەکە وەک خەڵووزی پیا کرابێ... ڕەش دەچووەوە... گوریسەکە کۆنە برینێکی دەستتی تازە کردەوە... لە پڕێکا هەرزانی مریشکی مەکینە قینی ئەستوورتر کردی... ئەو بایە توند و بەهێزەی ڕیشۆڵەکانی شل و شەکەت کرد... لای تۆ ببووە شنەی شەماڵ... دیمەن و ڕووخساری شتەکان گۆڕان... خەیاڵ و زیندە خەون... بەڵام چۆن وا خێرا گۆڕان؟!... شادیت... شادی ڕاوکردنی ئەو هەموو ڕیشۆڵانە... ئەو هەمووە، سامانێکە... بەڵام داخ کە سامانێکی دووردەستە... سامانێکە سەربەست و بەڕەڵڵا و هەڵفڕیو...

ڕاوکردنیان پاڵدانەوەی یەک دوو مانگی زستانە... دوو هەزار ڕیشۆڵە... دوو هەزار درهەم... سەد دینار... کیمیایە...!

عەبەت وەبیر هاتەوە... شەش حەوت دینارێکی بۆ دەنێری... هەروا زوو بێرت چووەوە چەندە بلّح و بزێوە...؟! ڕقی باوک هەرگیز نازێ... خەجەش منداڵە و ئاشتی دەکەیتەوە... دەڵێن گوایە عەبەش کوڕێکی ناوزەد کردووە... بوویت بەباپیرە... وا پیریش نیت... ئەوە نییە ڕوو بەڕووی زوقم و سەرما و سۆڵەی زستان دەبیتەوە... دەستت خستووەتە ناو ئەم خاک و خۆڵە سڕ و بەستووە... گریای... فرمێسک بەری ڕوانینی گرتی... ئای لەو دڵە ناسکەی تۆ...؟ بەپەلە چاوە سیس بووەکانت سڕینەوە... نهێنی ئارەزوویەکی گەرم و تیژ لە هەناوتا هەستا... جوانیشە ڕیشۆڵەکان گێژانە خۆیان دەخەنە تۆڕەکەوە... دەرویش بایز... دەڵێی دەستێکی غەیبی ڕووەو تۆڕەکەت هەڵیاندەدا... لەوەتەی ڕاوە ڕیشۆڵە پیشەتە... ئەوەیان یەکەمین ڕێکەوتە... ئائێستاکە گومانیش نەما و مرد... لە بێباکیدا لێوت هەڵقورتاند... لە باتی پۆلە ڕیشۆڵەیەک... چاوە ڕەشەکانی پڕ لە خەم و ماندوویێتی هەمین سکاڵایان لێ دەکرێ... خۆی بوو... چۆن بیرت دەچێتەوە؟! ئەوسای کە ئەسپ و تانجی ئاغایەکان دەوریان دەدا... ئەو کاتەی باسی جوانی هەمین شەوچەرەی شەوانی کوڕگەلی ئەو گوندە بوو... زۆر لە تۆ بەپشتەوەتر دڵیان بۆ ڕادەخست... خەڵکی بەدوای سێبەریدا ڕایان دەکرد... ئەویش هات و خۆی بەدوای تۆدا عەوداڵ کرد...! چەناگەی چوار برا و باوکی لە قوڕ نا... سەری هەموویانی شۆڕکرد... کە وتیان:

«ئەوە نابێت و ناکرێ!»

شۆڕشێکی بەرپاکرد... گوێی لە کەس نەگرت و ڕەدووت کەوت... ئەمێستاکەش شەوانە ناخەوێ تا گوێی لە دەنگە خۆشەکەت نەبێ... شەوانە وەک دوو منداڵ لە پشیلە بترسن... دەخزێنە نێو باوەشی یەکدی... هەر لە باوەشیدا ترست دەمرێ... ترسی ئەو ڕۆژەی هەڵتگرت... ترس و تارمایی چوار برا... لەم شەوانەشدا تەمی گومان لەگەڵ دووکەڵی زۆپاکەدا بەئاسماندا بەرز دەڕوا و دەتوێتەوە... دەڕەوێتەوە... ئەمجارەیان گلەیی لە خۆت دەکەیت و چاوەکانیشت بەدووی ڕیشۆڵەکاندا وێڵ و ماندوون... بەڵام پڕ لە هیوا و ئارەزوون... ئەم باڵندانە لە ترس دەگەن بەر لەوەی دەنووک لە هێلکە دەربهێنن... لەسەر بازنەی مردنیش هەڵدەفڕن... مەسەلەی مان و ژیانە... بۆ ئەوەی بژی... دەبێ ڕۆحت لەنێو ددانەکانتا هەڵبگری... هەرچۆنێک بێ... بەم تۆڕەوە دەبن... بیست جاریش هەڵفڕن...



جارێکیان هەر پێوەی وەدەبن... لەبەر دیدەی خەیاڵتا چاوەکانی هەمین پێدەکەنین... چەند ئێوارەیەکی بەهارانت هاتەوە یاد... شەوانی خەڵوەت... چەند بەربانگێکی چەور... دڵت بەو شەوانە شادە کە لە مەودوا لە باوەشیایت... ئێستا حەشارگە تەڕەکەی ژێرت – هەر وەک کۆشی... وەک باوەشی – نەرم و گەرم دادێ... چ سیحرێکە؟! خوێنێکی گەرمتر دەمارەکانتی بووژاندەوە... هەروا چاوەڕوانیت...

یەک باڵی ماوە خۆر ئاوابێ... پتر هێزت خستە بەر خۆت... هەردوو ماسۆلکەی قۆڵەکانت گرژتر بوون... ترسای بەرلەوەی گوریسەکە ڕابکێشی... ڕیشۆڵەکان بفڕن... یا لەبەر زۆری بەدوای خۆیانەوە ڕاتبکێشن... ددانت جیڕکردەوە... بەهەموو توانات گوریسەکەت ڕاکێشا... بەسەر پشتدا کەوتی... هێزێکی فرەترت دەویست... بەپەلە بەرەو تۆڕەکە تاوتدا... قاچت بەر تاشەبەردێک کەوت و تلۆر بوویتەوە... لە زەوییەکەوە بەرزەپێ ڕاستبوویتەوە... دووبارە ڕاتکردەوە... ئازارێکی گەرم سەری پێ خوار کردیتەوە... خوێن لەژێر کەڵە پەنجەی پێی ڕاستتەوە فیچقەی دەکرد... لای تۆڕەکەوە وەستایت و سەیرێکت کرد... خوێنێکی کەم ڕژایە سەر خۆڵەکە... نە ڕەنگی خۆڵ بوو... نە هی خوێن... گەرماوگەرم هەستت بەژانێکی زۆر نەکرد... بەڵام سڕ بووی... ڕەوەیەکی «نە کەم نە زۆر» هەڵفڕی... بۆ دوا جار سەرکەوتیت... ساتەوەختێ مت وەستای... پاشان بۆی نوشتایتەوە... لچ و لێوی تۆڕەکەت وێک هێنایەوە... لە کونەکانەوە دەنووکیان دەردەهێنا... دەپاڕانەوە و قاژەیان دەهات... هەر بەسەر چیچکانەوە بیرت لە گەڕانەوە و هەمین و هەوڵی ڕیشۆڵەکان دەکردەوە... هەوڵی فڕینی سەربەستی... بەرە بەرە ژانی نینۆکەکەت زیاتر دەبوو... هەر لە باڵندەکان ورد دەبیتەوە... بەستەزمانن... تۆش دڵی پیاوێکی لە خوا ترست لە سنگدایە... خەمت بۆ هەوڵیان دەخوارد... تازە تەواو... دەشزانی سەربەستی ئاو و نانە... ژیانیشە... ڕیشۆڵەکان ژیانیان تەواو... بەس تۆ چی بکەی؟!... هەر وا بووە... ئەم لەسەر ئەویتر ژیاوە...! تۆڕەکەت خستە سەر پشتی گوێدرێژەکە... هەر بەشەلەشەل بەدووی کەوتی... ئازارێک لە نینۆکتەوە تا شادەماری سەرت بروسکەی کرد... لەناو خوێنتا دەیجریواند... قاژە قاژی ڕیشۆڵەکان بێدەنگی و خامۆشی ئەم دەشتە چۆڵ و ساردەی مراند... گوێ درێژەکە چەند تەرسەقوڵێکی بەردایەوە... لێی دوورکەوتیتەوە... بیرت لە یەک دوو مانگی زستان دەکردەوە... ئاخۆ دەحەسێیتەوە؟! گەش بوویتەوە... ئێستا کە دەگەڕێیتەوە... هەمینیش هاتۆتەوە... زۆپاکە دادەگیرسێنێ... ئاگرەکە خۆشتر دەکا... شەوی هەینییە... چەند ڕیشۆڵەیەک سووک سەردەبڕی... بەشکو دەست و پێ و جلەکانت خوێناوی بن...

ئەوسا کە بێنوێژ بووی... خوێن دەکەی بەبیانوو... تا ئاو گەرم بکا... کە چوویتە حەمامە گلێنەکەش داوای لێ دەکەی پشتت... بشوا... ماڵی چۆڵ و تەنیایی و گەرما و و بۆنی ڕیشۆڵە سوورکراوەکان... دەماری هەوەس دەجووڵێ و خۆت بۆ زەوت ناکرێ...

دواییش...!! ئۆخەی...!!

شەوانی هەینیت بەدڵە... حەزیان لێ دەکەی... لەم شەوانە ئارەزووە گەرمەکەت چاوت پێ سوور دەکا... دەتخاتە سەر دڵەکوتێ... ئارەزووی گۆشت و خوێن... بۆنی مێخەک تێکەڵ بەشتە پیرۆزەکانی شەوی هەینی دەبن... قین لە خۆت هەڵدەگری... هەوەسەکەت گەورەتر و قورسترە... بەڵام مەزنتر بێ؟... نا... ئەم نەوسنییە چاری نییە... تا ئەو ئاگرەی دەرونت دانەمرکێتەوە... شتەکان لێڵ و وێڵ دەبینی... خۆشی و لەززەتی شەوی هەینی و تۆڕێکی پڕاوپڕی ڕیشۆڵە هەنگاوەکانیان پێ سووک کردی... هەتا لە ماڵ نزیک دەکەوتیتەوە... خێراتر هەنگاوت هەڵدەهێنایەوە... کە گەیشتی هەمین باوەش و دەرگای بۆ کردیتەوە... تۆش ژانی نینۆکە هەڵکەنراوەکەت بەتەواوی لەبیرچووەوە... خۆر ئاوابوو... تەنکە تاریکی ئێوارەیەکی درەنگ خۆتان و کەلاوەکەی پێچایەوە.

هەولێر – شوباتی «١٩٧٧»

* لە گۆڤاری «بەیان»ی ژمارە «٤٣»ی ساڵی «١٩٧٧»دا بڵاوبۆتەوە.



# ئەو شەوەی سەگم تیا خۆشویست

تا ئەمشەویش دوژمنی سەگ و توخمەکەیان بووم... گورگ و ڕێوی و تانجی و توولەش هەر دوژمنم بوون... دوژمنیان بووم... چونکە لەگەڵ سەگدا یەک ڕەچەڵەکن... هەر کەسێک بەخێوی بکا... خۆشی بوێ... باسی بکا... من حەز بەچارەی ناکەم... مەگەر بەدەگمەن... ئەگینا تا ئێستەش کە – تەمەنم لە سی ساڵێک تێپەڕیوە – بۆ گەشت و گوزاریش ڕووم نەکردووەتە ئەو گوندە جوان و خنجیلانانەی لای خۆشمان... کە خەڵکی بێگانە بەعەزرەتن بەس بیانبینن... گوندی پڕ لە هێمنی و پاکی و ئیلهامبەخش... هەر لەبەر زۆری سەگیشە کە ڕوویان تێناکەم...

ئۆف خوایەکە... تا ئەمشەویش چەندە دڵ پڕ لە کینە بووم... ئەم دوژمنایەتییەش بۆ سەردەمی منداڵیم دەگەڕێتەوە... هەر شەوێک گوێم لە وەڕین و لوورەی سەگێک بێ... بەتەواوی خەوم لێ دەزڕێ... دڵتەنگ و پەست و بێزار دەبم... نازانم بۆ منداڵیم بیردەکەوێتەوە؟ کە هەرگیز حەز بەمنداڵی خۆم ناکەم و نامەوێ بیرم بکەوێتەوە... بەڵام چاکیش لەیادمە لە منداڵیمدا... شەوانە کە سەگێک دەیقروسکاند... یان تانجییەک دەستی دەکرد بەلووره لوور... دایکم ترسی لە چاوەکانما بەدی دەکرد و پێی دەوتم:

«ڕۆڵە شیرینەکەم... بخەوە... هیچ نییە مەترسە... عزرائیلە و بۆ گیان کێشان دێتە خوارێ... لێفەکە ڕاکێشە و خۆت بشارەوە... ئەم سەگە بینیوێتی... تەنیا بێ زمانەکان دەبینن... بۆیە لورەی ئاسمانی وا تەنیوە... خۆت بشارەوە کوڕم!»

منیش لەوە تۆقی بووم... لە سەربانەکەی ئێمەدا بنیشێتەوە... بەڵام نەخێر... سەربانی پان و پۆڕتر هەبوون... ئیزرائیلی زەبەلاح و ناقۆڵا لە سەربانە تەسکەکەی ئێمەدا جێگەی نەدەبۆوە... کە دەشخەوتم... خەونم هەر بەئیزرائیلەوە دەبینی!.

گەرچی لە گەڕەکێکی پڕ لە سەگ و برسیەتی و جوێن و پەروەردە بووم... خۆ دەبووایە منیش سەگباز بوومایە... کەچی دوور لە منالانی گەڕەک و بەپێچەوانەوە هۆگریان نەبووم... تێکڕای خەڵکی دەڵێن سەگ بەوەفایە... بەس من چیرۆکی سەگ ناخوێنمەوە... لە هەر وێنەیەکدا هەبێ... ئەو وێنەیەش دەدڕێنم... سەر بەهیچ ماڵێکدا داناگرم... ناچمە سەیری

هیچ فلیمێک... وەڕینی سەگێکی تیا بێ... شەوانیش درەنگ ناگەڕێمەوە... خۆ زۆریش حەز بەشەوی کپ و جریوەی ئەستێرە و پیاسەی تەنیایی شەقامە تاریک و چۆڵەکان دەکەم... شەوانی درەنگ... نە کەس شانی لە شانم دەسوێ... نە دەموچاوی ئاوساوی پڕ کینە هەن... نە ئافرەتی بەرەڵلا و بێ سیحر و کێوی... تەنیا ئەوە نەبێ... شەوانە سەگی بەرەڵلا زۆرن و پێم دەوەڕن... بۆیە حەز ناکەم زۆر درەنگ بگەڕێمەوە!

تا ئەمشەویش... تا بۆن و ڕەنگی مردن قینم لێیان بوو... باوەڕم بەکوشتن هەبووایە... دەمکوشتن... هەر گرێیەکی دەروونی... گرێی ترس و خەم و خۆشی و قین و حەز و شەرم و شێتی... تێکڕایان بۆ سەردەمی ڕوون و ناسکی منداڵی دەگەڕێنەوە... ئێمە هەموومان... باش و بەدمان... ئەهریمەن و فریشتەمان... بەهێزی پڕ لە نهێنی ئەم زەمانە دوور و دێرینەوە دەتلێینەوە... چەند ڕۆژێک لەمەوبەر... لە کتێبێکی «دەروون شووناسی منداڵ»دا دەرکم بەم ڕاستییە برد... خۆشم نەویستوون... کەسیش نەیتوانیوە وام لێبکا خۆشم بوێن... من لە وەفا و خۆشەویستی سەگ تێناگەم... خۆپەرست و هەڵپەرستن... هەر کەسێک لەتێک نانی خستە بەردەمی... دەبێ بەدۆستی و سەری بۆ شۆڕدەکا... کەچی ئامادەیە دوژمنایەتی هەزارانی تر بکا... هەزارانی چاک و خەراپ... لەو فەلسەفەیە تێناگەم... سەگیش کە – شەڕ و کێشەی چینایەتی – نازانێ... پتر ئازاری پێ دەخۆم و قینم ئەستوورتر دەکا... هەندێکیان هاوڕێی شوانی هەژارن... هەندێکیان لەناو ناز و نیعمەتی کۆشکەکاندا دەژین... سەگی تریش هەن... بەدبەخت و چارەڕەش... گەڕ دەبن و لەسەر زبڵخانەکانا دەتۆپن!... گەلێ سەیرە...! بۆ ئەوەی خەڵکی قسەکانم بەهێند لێ وەربگرن... بەدڵ دوژمنایەتی سەگ بکەن... زۆر خۆم ماندوو کرد... کتێبێکی زۆر و زەبەندم لەسەر سەگ و نەخۆشییەکانی خوێندەوە... خەڵکم بەم نەخۆشیانە دەترساند... کەڵکی نەبوو... چونکە هەر کەسێک کە شتێکی خۆش ویست... هەرچی ترس و ئازار و پیسی هەیە... لەپێناویدا هەڵیدەگرێ – وەک کۆڵی گەنم لە گرانیدا – تەنیا هەر خۆم خۆشم ناوێن!

ماوەیەکە چەند برادەرێکی خۆم وەڕسم دەکەن... هەواڵێکیان لە ڕۆژنامەیەکدا خوێندۆتەوە... وەک مێش دێنە وێزەم و بەردەوام دەیگێڕنەوە... دیسانەوە چیرۆکی وەفا و سەگە:

«سەگێک سەد و بیست کیلۆمەتر لە خاوەنەکەی دوورخرایەوە... کەچی ئەو نەفرەت لێکراوە... ئەم ڕێگە دوورەی هەر بەڕاکردن بڕیوە... یەک نەفەس تا پەکی خستووە و لەوێدا و لەبەردەمی خاوەنەکەیدا وەنەوزی داوە و تۆپیوە.»



منیش هەموو جارێک پێم دەوتن:

«گومان لەم جۆرە هەواڵانە دەکەم!»

بۆ ئەوەی زیاتر بەرپەرچی ئەوان بدەمەوە... ئەم چیرۆکەی بۆ سەدەها کەسم گێڕاوەتەوە... بۆ ئەوانیشم دەگێڕایەوە: «کە منداڵ بووم... لە گەڕەکێکدا دەژیام پڕی بوو لە سەگ و توولەی بەرەڵلا... هەر منداڵێک دوو سێ سەگی هەبوو... سەگەکان دڕ و نەگریس و پیس و هار بوون... خۆم نەبێ... بەستەزمانترین و بێدەستەڵاترین سەگم دۆست بوو... چونکە کەس نەیدەویست بۆ من مایەوە... کەسێک خۆشی نەدەویست... هەرچی دەهات و نووکە شەقی خۆی تێ هەڵدەدا... تێکڕای خەڵکی گەڕەک... منالانی تری هاوڕێم... سەگە بەرەڵلاکانی دیکە... دڵڕەقانە دەیانخستە قروسکە قروسک... گەڕ بوو... کێم و زوون بەلەشیدا چۆڕاوگەی دەبەست... تووک بەپێستییەوە نەما و هەڵوەری... قاچێکیان شکاند... چاوێکیان کوێر کرد... لە هەمووشیان بچووکتر و زراوتر بووم... وەکو سەگەکەش بێدەستەڵات و داماو بووم... هەر ئەو بێ دەستەڵاتییەش بوو لەگەڵ سەگەکەدا کۆیکردینەوە... بەدیداری یەکدی شادی کردین... لێیان دەپاڕامەوە... زۆر زۆریش... هانام بۆ دەبردن... گوێیان نەدەگرت... زۆر جاریش بەهۆی سەگەکەمەوە دایان دەکوتام... دەیان تەپاندم... گەر بۆم بڕەخسایە... منیش بەدزییەوە پەلاماری سەگەکانیانم دەدا... وای لێهات لێم دابڕان... وەک باڵندەیەکی پەراگەندە و تەریو بووم... لە یاری و بەزم و ڕەزمیان دوورخرامەوە... تەنیا... هەر بەتەنیا مامەوە... لە ڕقەبەری و خۆشەویستیم بۆ ئەم سەگە نامۆ و تەنیایە... لەبەر چاوم دارکاریان دەکرد... تۆپەڵە ئێسقانێک بوو... دەڕۆیی... زۆری بۆ دەگریام... دەستم لە ملی دەکرد... دەمگرتە باوەش... بەسەریا دەنوشتامەوە... دەمشاردەوە... هەموو کون و کەلەبەرێکیان بۆ دەپشکنی... تا دەیاندۆزییەوە... بەوەش ڕازی نەبوون... ڕۆژێکیان بەکۆمەک خستیانە ناو کۆنە چاڵێکی پیسی گەڕەکەکەمان... نەموێرا پێیان بڵێم:

«کوڕینە وا مەکەن... تو خوا نەیکەن.»

خۆم حەشاردا... چاوەڕوان بووم تا خۆیان و سەگە نەگریسەکانیان لە چاو بزربوون... زوو بۆ ناو چاڵەکە شۆڕبوومەوە... نوزە و گریان و وەڕینی بەئاسمانی تەنگ و تاریکی چاڵەکەدا دەناردە ئاسمانی بەر فراوانی دەرەوە... بۆ منی دەنارد تا فریای بکەوم... زۆر ئاگام لەوە بوو بەسەریا نەکەوم... بەڵام بیرم لەوە نەکردبۆوە کە شارە زەردەواڵەیەکی زۆری تیایە... گەیشتمە لای... وەک دوو عاشقی دووروولات... ڕووبەڕووی یەکدی بووینەوە...

نووشتامەوە... زیاتر بۆی نوشتامەوە... ویستم بیگرمە باوەش و سەری بخەم...دەربازی کەم... لێم بوو بەشەیتانی کوێر... لە چاوتروکانێکدا خۆی خزاندە نێوان هەردوو قاچمەوە... دوو قاچی باریک و ڕووت و بێ ماسۆلکەی ژێرکراسێکی شڕ و درێژ... توند ددانی گرتە نەرمایی بەلەکم... قیژاندم و زیرەم لێ هەڵسا... لە ئازار و حەژمەتی قاچم دەخولامەوە و خۆم بەدیواری چاڵەکەدا دەدا... گێژ بووم... زەردەواڵەکان وروژان و هار بوون... خۆم لە دەم و ددانی سەگە نەفرەت لێکراوەکەم ڕاپسکاند... بۆ لە ئاستی من بوو بەشۆڕشگێڕ...؟ نازانم... زەردەواڵەیەکی زۆر لەسەر مل و دەست و دەموچاوم نیشتەوە... هەندێکیان بلیمەتانە گەیشتنە شوێنی سەیرتریش... بەپەلەپروزێ هەوڵم دا سەرکەوم و بۆی دەرچم... هەردوو پێم لەو قۆرتانەی قەد دیواری چاڵەکە گیرکرد... خز و خلیسک بوون... دوو جار بەسەر سەگەکەدا کەوتم... نازانم... بەڵام تا ئێمرۆش باوەڕم وایە کە هەر ئەوسا دەندە و پەراسووە ساغەکانی دیکەی لەژێرما شکان... هەردوو چاڵی چاوم بزر ببوون... دەگریام و دەمبۆڕاند... خۆم ون کرد و ڕێگەکەم بۆ نەدۆزرایەوە... بەپەلە خەڵکی گەڕەک کۆبوونەوە... چەند ژن و پیاوێک کەوتنە داد و بێدادی... دەستیان گرتم... گوێم لێیان بوو:

– دەک داوەشێی... کوڕەکەی سمەیە.

– دە وەڵڵا دەمرێ!

– دەک عومر کورت بی کوڕم.

– سا بەخوا باوکی هەڵیدەواسێ!

دوایی بوو بەغەڵبەغەڵب و ژاوەژاوێک... قیامەتێکی بێ ئامان... لە هیچ تێنەدەگەیشتم... بۆماڵەوە ڕایان دەکێشام... وەک ئاژەڵێکی کوێر ساتمەم لە خەڵک و خاک دەکرد... لە دوورەوە بۆنی ئەوەم کرد کە باوکم لەبەر دەرگاکەیە... ئەو باوکەی بەدرێژایی تەمەن منی چەوساندۆتەوە... بەئاستەم کەوتبووە بەر بینایم... منی بینی کەف و کوڵی کرد و هەڵچو... زانیم ئێستا دەماری پشتی برۆ و لاجانگی ئاوساوە... خەڵکی گەڕەکیش حەزیان لە شانۆگەرییەکی کۆمیدی پڕ گاڵتە دەکرد... چیرۆکی من و سەگ و چاڵ و زەردەواڵەیان بۆ گێڕایەوە... ئەویش پڕ و پەست و کەللەڕەق... خوێنی کەرییەتی زێتر پەڕییە شادەماری سەری... هەردوو کونەلووتی وەک هی ئەسپێکی ماندوو دەکرانەوە... هێرشێکی سامناکی بۆ هێنام... تامی شەقیم دەزانی... بۆیە زوو دەستم لە خۆم شووشت... هێشتا لە چەپۆکی دوور بووم کە پێڵاوە لاستیکەکانم پڕ ببوون لە میز... سێ چوار جووتەی چاکی لێدام... دەمارەکانی پشتمی خاوکردەوە... ئەوەندە ئاوساو بووم وەک دەهۆڵی دڕاو



تەپپەم لێوەدەهات... بەزەحمەتەوە لەبەر دەستی ڕزگاریان کردم... شل و شەکەتی کردم... دەمزریکاند... هەموو شتێکم بیرچووەوە... تەنیا سەگە نەفرەتییەکە نەبێ... دایکە گرینۆکەکەم بەسەرما گریا... زۆریش گریا... ئەو دایکەی بەدرێژایی تەمەن هەر چەپۆکی باوکمی خواردووە و بۆ من گریاوە... تکەی فرمێسکەکانی بەپشتی ملما شۆڕەبووەوە... تاوێک گەرم و دوایی سارد دەبوونەوە... بەسەرما لاربووەوە... نوشتایەوە... وەک – مریەم – بەسەر عیسای بریندار نوشتایەوە... باوەشی پڕ لە میهرەبانی شاردمییەوە... ماڵە دراوسێیەک گلیاندامەوە... سێ چوار ڕۆژ بووم بەعەنتیکەی خەڵکی و بۆ بینینم دەهاتن و دەچوون... پیرەژنێکی زۆر داو و دەرمانیان بۆ گرتمەوە... ئاخر چۆن سەگم خۆش بوێ... کە لەگەڵ بنەماڵەی سەگدا پاداشتی من ئەوە بووبێ؟!».

هەر جارەی کە ئەم چیرۆکە دەگێڕمەوە... سەرنجی هاوڕێکانم دەدەم... بزانم چی لە چاوانیانا دەخوێنمەوە... پێم دەڵێن:

«ئەمەیان تەنیا ڕێکەوتێکە و لەگەڵ سەگدا کەم دووبارە دەبێتەوە.»

تا ئەمشەویش حەزم دەکرد قڕیان تێکەوێ... هەڵوەرێن... دەمویست چەرخی زێڕینی سەگ کوژەکان بگەڕێتەوە... ئێستاش کە ڕووت دەبمەوە و شوێنەوای گازەکەی دەبینم نەفرەتیان لێدەکەم... تا ئەمشەویش ترسم نەڕەوییەوە... خۆم دەزانم چی ئەم یادگارە تاڵانەی خستەوە یادم...

... ئەمشەو پێنجەمین شەوە من لەگەڵ سەگێکدا دەژیم... بیربکەنەوە... لێکی بدەنەوە... من... منێک کە دوژمن و خوێنە خۆری توخمی سەگم... پێنج ڕۆژ و شەوی تەواوە – لە یەک حەوشدا – لەگەڵ سەگێکدا بژیم... ڕق و قین وای لێ کردووم... وەک هیندییەکان باوەڕم بەوە بێ کە هەمو سەگێک – بەر لە مردن – مرۆڤێکی دڕندە چەپەڵ و نەگریس بووە... ڕۆحێکی شەڕ و نەفرەت لێکراوە... تەنیا نیم... لەگەڵ برادەرێکما بەیەکەوەین... هەردوو زگورتین... ئەو هاوڕێیەم ئەوەندەی سەگ خۆشدەوێ بەوەڕینی دەکەوێتە سەر سەما... دەیلێسێتەوە... دەیشوا... ماچی دەکا... بۆنی دەکا و خۆی تێ دەسوێ... لە ترسی من نەبێ... هەموو سەگە بەڕەڵڵاکانی شارەکەمان لەو حەوشەیەدا کۆدەکاتەوە...

ژوورێکی تەنیا... دەڕوانێتە سەر باخچە و چیمەنێکی گەورە و فراوان... بەچواردەوریدا یۆکالیپتۆس و ئەسپیندارەکان باوەشیان بۆ ئاسمان کردۆتەوە... کۆتایی پایزە و باڵا و باوەشی درەختەکان ڕووتن... سەراپای چیمەنەکەش زەرد هەڵگەڕاوە... لە پایزدا دنیا زەردە... سروشت بێ شەرم ڕووت دەبێتەوە... لە هەر چوار کەژی ساڵ... پایزم لا دڵگیرترە...

زەردە وەک چاوی دەستگیرانەکەم... (مات و زیز) چەندم لاخۆشە کە بۆنی گەڵا وشکەوەبووەکانی دەکەم... خۆ قرچەی شکانی گەڵایەک لەژێر پێمدا برینێک دەخاتە دڵی منەوە... جار جارەش... لەگەڵ ڕەشەبای تاو نا تاوێک لێم دەبن بەچۆلەکەپاساری و هەڵدەفڕن... کە بەڕێکەوتیش گەڵایەک بەر دەموچاوم دەکەوێ... هەست هەر بەو موچڕکەیە دەکەم کە (ئەو) خۆیم تێ دەسوێ... بەڵام هاتنی ئەم سەگە وەڕسی کردووم و هیچم بەبیردا نایە... خۆشی و عیشق و جوانی پایزیان لا گۆڕیوم... سەگەکەش وەک دیارییەک بۆ هاوڕێ ڕەبەنەکەم هاتووە... ئەم برادەرەی من چ سەگێکی بۆ بێ و چ قەڵاتێک... خاوەنی ئەم بەهەشتە خنجیلانەیە... درەختی زۆر خۆشدەوێ... ئێمە هەر بۆ خزمەتی چیمەن و درەختەکانی کرێگرتەین... پێمان دەڵێن:

«تو خوا ئاو لە چیمەن و درەختەکانم مەبڕن!»

ئەم کابرایە بۆ درەختێک دەمرێ و دەژێتەوە... من بۆ پایزی چاوی دەستگیرانەکەم... برادەرەکەشم بۆ سەگێک... ئێوەش هەر کەسەی بۆ شتێک...!

ئەم ژوورە گچکە ڕازاوەیە... چیمەنەکە... درەخت و گژ و گیا... گوڵی کێویی... جریوەی چۆلەکەی سەر درەختەکان... زستان و بەهار و پایز و هاوین... بەسەر ئێمە و درەختەکانا تێپەڕین... ئەمانە هەموویان جوانن... پتر دنیای خەیاڵ و عیشق و شیعرن... شەوانی باران... ڕەشەبا و گەڵاڕێزانی پایز... چ دنیایەکی پڕ لە عاتیفە و غوربەت و خەم و خۆشی و شێتییە... پڕە لە خەون و حەز و گریان... بەڵام چی بکەم... بوونی ئەم سەگە ئاوێنەی جوانی لێ تەڵخ کردووم... لە خەم و ترسی ئۆقرەم نەماوە... دێڵە سەگێکی سووری تووکن... دوو لەپی پێشەوەی کەوانەیی... دڕ... بۆ یەکەم جار کە یەکتریمان بینی... من سوور هەڵگەڕام و ئەویش وەڕی... برادەرەکەم تێی گەیاند و هێور بۆوە... سەرنجی دام... ڕاما و بۆنی کردم... هەر ئەو بۆنە ئاشنامی کرد... کەچی لەدڵدا کینەیەکی ڕەشم بۆ هەڵگرت... گوێم بەبرسیەتی و تینویەتی ئەو نەدەدا... مردن و منداڵی و چاڵەکە و تێهەڵدانی باوکمی بیردەخستمەوە... وەڕینی ڕۆژ و شەوی وەڕس و بێزاری کردم... ژانی دەخستە دڵمەوە... کە کەسێک بۆلام دەهات... دەبووایە تا ژوورەکە پەنای لێ بکەم... ئەوە حاڵم بوو...!

هەتاکو ئەمشەویش کە دەوەڕی هەناسەی پێ تەنگ دەکردم... دەیویست خۆیم لا خۆشەویست بکا... سەمای دەکرد... جڕت و فرتی بوو... لە خۆی هەڵدەدا و هەڵدەپەڕی غاری دەدا و خۆی لە چیمەنەکە هەڵدەسوو... پەستی دەکردم... دەمویست ئازاری بدەم... تۆڵەی باپیرە گەورەی لێ بستێنمەوە... هەوەسی ڕابواردنی کەوتبووەسەر... مرخی لێ خۆش



کردبوو... لەم ماوەیەدا چەند گۆڵەسەگێک لە ماڵەکەمان نزیک کەوتنەوە... دەور و خولی دێڵە سەگەکەیان دەدا. غەشیم نەبووم... چۆن وازدێنم...؟ نەمهێشت... لە دڵیا بوو بەخەم و خەفەت... چاکتر... زۆر جار برسێتی و تینوێتیم لە چاوانیا دەخوێندەوە... بێ باکتر بووم... گوێم پێی نەدەدا...!

برادەرەکەم لەگەڵ کچێکدا کەوتە عشق و عیشقبازی... ئاگای لە سەگەکە بڕا... زیاترم بۆ ڕەخسا... کەوتەوە بەر بەزەیی دڵ و دەروونم... شەوانە کاتێ دەگەڕایەوە... سەگەکەی لە ژوورەوە دادەکرد... شەوانی پایز ساردن... کە خەوی لێ دەکەوت من دەمکردە دەرەوە... بەڵکو سەرمای بێ و بمرێ... نەمرد...!

دوو ڕۆژی ڕەبەقە... هاوڕێ ڕەبەنەکەم ڕۆیشتووە و بزربووە... بۆ کوێ...؟ لەبەر چی...؟ نازانم...! خۆم و ئەو سەگە بەجووتە ماینەوە... گەلێ سەیرە... من... منێک کە دوژمنی سەگی هەموو ئەم دنیایەم... دوو شەو و ڕۆژی ڕەبەق... لەگەڵ سەگێکدا بەتەنیایی بەسەری بەرم... ئەوەندەی نەمابوو شێت بم... دڵم زۆر بچووک ببۆوە... دەبووایە خۆم خزمەتی بکەم... نەمکرد! هەر کاتێ دەرگاکەم دەکردەوە... دەخزایە ژێر دەست و پێم... کە جێیم دەهێشت... دەرگای حەوشە و ژوورەکەم دادەخست... لە هەر جوولەیەکیا هەستم بەتلانەوە و داواکردن و پاڕانەوە دەکرد... لە وەڕین و هەڵبەز و دابەزیدا... زۆر برسی و تینوو دیار بوو... جا چی بکەم...؟ خۆم بەشێت و گێل دەزانێ گەر نان و ئاوی بدەمێ... کە دەهاتمەوەش خڕ دەرگاکەم کلیل دەدا... ئەو لە دەرەوە و من لە ژوورەوە... کاسێتی گۆرانی و سەمام دەخستە سەر... لەودیو جامی پەنجەرەکەوە – بەدوو چاوی کز و خەمناک – سەیری دەکردم... وەک بڵێی لێم بپرسێ: «چۆن دڵت بەبەرەوە دەوەستێ سەما بکەی... کە من لێرە برسی و تینووم بێ؟!» منیش بیرم لەوە دەکردەوە گەر مرۆڤێک برسی دەبێ چۆن ئەم دونیایە کاول نابێ...؟ بەس ئەم لێکدانەوەیە دڵی نەرم نەدەکردم... هەڵەی وا بکەم ئەم سەگە تێر بکەم و خۆشم بوێ... من خەمم بۆ برسێتی مرۆڤ دەخوارد... سەگیش با بۆ سەگ بیخوا...!

ئەمشەو... شەوی پێنجەمە و سەگەکە زۆر شەکەتە... باوەڕ ناکەم دەمی بەهیچ شتێک تەڕ بووبێ... جگە لە گژوگیا و وردە بەرد و گوێزان و شووشەی بیرە و کۆنە پێڵاو و چۆلەکەی سەر درەختەکان... حەوشەکە هیچی تیا نییە... ئەمشەو بەپێچەوانەی هەموو شەوانی دیکە کەمێک درەنگتر گەڕامەوە... ئەگەرچی نەرێت و خووی منیش نییە... بەڵام لە داخی سەگەکە خووم تێکچووە... کە دەرگاکەم کردەوە و تەقەی هات... هەر لە دوورەوە

سەگەکە خۆی کۆکردەوە... هەوڵی دەدا غار بدا و نەیدەتوانی... بازی دەدا... بۆی نەدەکرا و دەکەوت... بازی دەدا و دەکەوت... بەسکەخشێ خۆی گەیاندە بەر دەست و پێم... خزایە بەر پێڵاوەکانم و زەلیلانە ماچی کرد... نووکی پێڵاوەکەمی دەلستەوە و سێ جار سەری بەرزکردەوە بەدەورما سوڕایەوە... وەستا بووم... کلکە لەقێی بوو... هێزی نەما بوەڕێ... لە پیرێک دەچوو تووشی کۆکە بووبێ... دەنووزایەوە و دەکڕوزایەوە... چاوەکانی وشک ببوون... ئەگینا تێر فرمێسکی دادەباراند... دیسانەوە گوێم پێی نەدا و بێ باکتر بووم... هەستم بەلەززەتی سەرکەوتن کرد...

ئەوە تۆڵەیە...!

لەوە دەترسام وەک باپیرە گەورەی گازم لێ بگرێ... بەڵام نەخێر... هێزی ئەوەی نەمابوو دەم بکاتەوە و قەپ بگرێ... کەوتە سەر پشت و خۆی وەرگێڕا... سک و مەمکی دەرکەوتن... قێز و بێزم لەو مەمکانە بووەوە... هەستایەوە... لەسەر دوو قاچی شل و شەکەتی دواوەی وەستا... بەحاڵ وەستا... ئەوەندەی نەمابوو بکەوێتە سەر پێڵاوەکانم... بۆ دواوە خزام و... خۆی بۆ نەگیرا و کەوتە سەر لەپ... دەم و لمۆزی لە خۆڵ و زەوییەکە چەقی... باریکە داوێکی خوێن زەوییەکەی سوور کرد... دەرگای حەوشەکەم داخست... بەرەو ژوورەکەم هەنگاوم نا... لە دوامەوە دەخشا و پاژنەمی ماچ دەکرد... چەند جارێکی دیکە بەر پێڵاوەکانم کەوت... وەک پیاوێک ژنەکەی دۆڕاندبێ... ئاوڕی دواوەم نەدایەوە... دەرگای ژوورەکەم کردەوە... ئەو هەر نوزەی دەهات... وازی نەهێنا... ویستم دەرگاکە لەسەر خۆم داخەم... لە چاوتروکانێکا لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بینیم... ویستم توڕی هەڵدەم... نەمتوانی... وەک تۆپەڵە سەمغێک بەو عەردەوە نووسابوو... داوای دەکرد و لێم دەپاڕایەوە... ترساندمی... مرۆڤێکی تەنیا و شەو و سەگێکی برسی... لە ژوورێکی وا چۆڵیشدا... هیچ شەیتان و... هیچ عفریتێک تووشی نەبووە و دڵم لەرزی... خەریک بوو لە دەممەوە دەرپەڕێ. هیلاک و ماندووی کردم... ئارەقەی سووکە ترسێک گەرمی داهێنام... نوشتامەوە... کەوتمە سەر چۆک... بۆقەتەی ملیم گرت... سەریم بەرز کردەوە... ئای کە سەیر بوو... ئا لەم ساتەدا تێکڕای خەڵکی ئەم دنیایە ناتوانن ئەم هەموو ژان و ئازارە لە چاوانیانا بشارنەوە... دوو چاوی خەمناک و زیرەک و زیندوو... دوو چاوی زۆر ئادەمییانە... داوا و هاوارێکی بێ کۆتایی... زریکەیەکی بێ ئامانم تیا بەدی کردن... بێدەستەڵاتی و کروزانەوەی مات و سەرسامی کردم بەچاوەکانی دەیان دواندم... وێک هاتبووەوە و ئازای جەستەی وەک بینی ئاو دەلەرزی... لە قووڵایی هەردوو گۆمی چاوە



وشکەکانیا... دوو ماسی برسێتی و تینوێتی دەمردن... هەر داوا بوو... برسێتی... تینوێتی... مرۆڤایەتی... یا ئەو پەیوەندییەی نهێنییە بوو کە هەموو گیاندار و بێ گیانێک بەیەکەوە دەبەستێتەوە... هەر لە خۆڵ و ئاو و ئەستێرە و... تا دوا گەرد و بەردی ئەم جیهانە پڕ لە سیحر و سەمەرەیە... لە زمانی چاو تێدەگەم... چاوەکانی هاواریان دەکرد... هاوارێک زۆر لەوە بەرزتر کە گوێی بۆ نەگرم... ناڵەیەکی بەکڕوزە... تلاندمییەوە... هاوارێک... زریکەیەک دەریایەکی کپ و مردووی هەر سۆزێکی دەخستە سەر شەپۆڵ و گێژەنە... لە ناوەوەمدا هەستم بەبۆن سۆی پاشماوەی گڕێک کرد... زەلیلییەکەی دەماری ڕق و کینەمی وشک کرد... نیگای دەکردم و چاوەکانی نەدەتروکاند. هەتا ئەم ساتەش هەر دوژمنە گەورەی جارانی بووم... بەڵام ئای کە مرۆڤ سەیر و پڕ نهێنییە... کە زیاتر ڕوانیمە نێو چاوەکانی... واقم وڕما و حەپەسام... تەواو شل و خاو بوومەوە... چی ببینم؟... دوو چاوی زەردی پایزی... دوو چاوی زەرد... پڕ لە خەم و پڕ لە دەرد... برسی و تینوو... وشک و ماندوو... سەیرتریش لە مرۆڤ: خەیاڵییەتی! هەستم کرد دوو چاوە زەرد و خۆشەویستەکانی دەستگیرانەکەمن... لەباتی هەردوو چاوی سەگەکە... دوو چاوی «ئەو» هاتنە بەر دیدەی خەیاڵم... ئەو دوو چاوەی بۆیان دەژیم و دەمرم و شێت دەبم و بەشەڕ دێم و دەخۆم و دەخۆمەوە و خەونیان پێوە دەبینم... ئەو دوو چاوەی پایزیان لا خۆشەویست کردم... وایان لێ کردم خۆزگە بخوازم تەرمەکەشم لە پیرە درەختێکی وشکەوەبووی پایز بێ... بەردەکانی سەر سینگیشم ئەو تاشەبەردانەی ناو چەمی پایزێکی پڕ باران بێ... وەسیەتیشم ئەوەیە ئەو درەختانە بڕوێنن کە گەڵا ئاڵتونییەکانیان هەڵدەوەرێن و گۆڕەکەم دادەپۆشن... سەگی عفریت ئەم دوو چاوە جوان و پایز ڕەنگانەت لە کێ... لەکوێ خواستوون؟ هەستم کرد چاوەکانی «ئەو»ن و دەگرین و داوام لێ دەکەن... برسییانە... بۆم جوێ نەکرایەوە... هەمان خەم... هەمان ڕەنگ... هەمان بێ دادی... هەمان هاوار... دەستم لە ملی بەردا... بەرزەپێ ڕاست بوومەوە... وەکو تیرێک لەجێ چەقیم... چی بکەم...؟ هەر ئێستا تێری دەکەم... خۆ هیچ نەبێ... دوکانی گۆشت فرۆش و چێشتخانە داخراوەکان پاشماوەی زۆریان جێ هێشتووە... ئەوەندەیان جێ هێشتووە بەشی سەگێکی برسی بکا... شەرم دایگرتم و لەم ڕق و کینەیە پەشیمان بوومەوە... خۆم بۆ نەگیرا... هەردووکیان بوون بەیەک و دڵم بۆیان ژانی دەکرد... قوڵپی گریانی سۆز و نهێنییەک لە بینما گیرا و نەتەقییەوە... بیرم لە برسێتی چاوی هەردووکیان دەکردەوە... دنیا چەندە پان و بەرین و پڕ کێشەیە... هەزارەها... ملیۆنەها کێشەی ورد و درشت... کەچی من بەتەنیا بیرم لە

کێشەی عیشق و خۆشەویستی دەکردەوە... گەورەترین و پیرۆزترین کێشە... چەندەها جار نهێنی برسێتی و داوام لە چاوە پایزییەکانی «ئەو»دا بینیوە...

سەگەکەش هەر خۆی تێ دەسوییم... کلکی بادەدا و بۆنی دەکردم... سەرنجی دەدام... هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو... منیش بەو پەڕی خۆشی و عەشقەوە لێی ورد دەبوومەوە... خۆم لە شەپۆلی زەردی چاوە برسییەکانیدا دەشۆری... بەقەد برسێتی ئەم سەگە و زیاتر و زیاتریش... شێت و تامەزرۆی خەونێکی شیرینی ئەو بووم... هەر ئێستا کە تێری دەکەم... هەردوو ماسییە نیمچە مردووەکانی نێو گۆمی وشکەوەبووی چاوەکانی دەکەونەوە جووڵە و زیندوو دەبنەوە... ئۆخژنێک بەدڵما دێ و ماندوێتیم بیر دەباتەوە... شاد و بەختەوەر... هێمنانە ڕووەو ژوورەکەم ملم نا... سەرم نەوی کرد و کەوتمە خەیاڵێکی شیرینەوە... ئای لەو سیحرە... ئەو پەیوەندییە...! وەک شەوانی دیکە دەرگای ژوورەکەم دانەخست... لەسەر پشت و واڵا جێمهێشت... هەر ئێستە دەچم و خۆم دەخەمە ناو کۆڵان و سەر شەقامە چۆڵ و تاریکەکان... دێمەوە و تێری دەکەم... پاشان خۆم دەگۆڕم... کاسێتی نەرمە مۆسیقای «مۆنۆمۆ» دەخەمە سەر... لەسەر جێگاکەما ڕادەکشێم... سەگەکەش دێ و لەتەکما خۆی لێک دەکێشێتەوە... بەسۆزەوە... سۆزی تێری... سەری دەخاتە نێو هەردوو لەپی پێشەوەی... بەکپی و خەمێکی دوور لە ئازارەوە... سەیرم دەکا... ئەوسا ڕێبوارێکی ماندوو ئاسا حەز بەخەو دەکا... چاوەکانی... زەرد و پڕ بریسکە... دادەگیرسێن... دەکوژێنەوە... دادەگیرسێن... دەکوژێنەوە... منیش پڕ بەدڵ لێیان ورد دەبمەوە... نازانێ پایزی چ چاوێکم بیر دەخەنەوە... حەز دەکەم تێم بگا و بۆی بگێڕمەوە... گەر سەگ و پشیلە و گیان لەبەرەکانی دیکەی خوا ئەم هێزە مەزنەیان پێ ببەخشرایە... مرۆڤ ئەوەندە هەستی بەتەنیایی و نیگەرانی نەدەکرد... دەمویست بزانێ لەوەتەی ئەوم خۆش ویستووە... ئاهەنگ بۆ هاتنی هەموو پایزێک دەگێڕم... نەیدەزانی گەر چاوەکانی ئەو نەبوونایە... دەبووایە هەر ئەمشەو وەنەوز بدا و بمرێ... نەیدەزانی – ئیتر لەم شەو بەدواوە – نەک هەر خۆی و بەس... بەڵکو هەموو سەگەکانی ئەم دنیایەشم خۆش دەوێن... چونکە عیشقی پیرۆزی چاوەکانی بیرهێنامەوە... چاوەکانی ئەو... وەی لە چاوانی... چاوانی مات و زیزی... چاوانی زەردی پایزی... پڕ لە خەم و خۆشەویستی و هاوار و پاکی...!

سلێمانی – پایزی «١٩٨٠»

* ئەم چیرۆکە لە ژمارە «٧١»ی «بەیان»دا... بەناتەواوی بڵاوکرایەوە.

* «مۆنۆمۆ»: پارچە مۆسیقایەکی ناسکی فەرەنسایییە.



# خوشکەکان

لەگەڵ حەشاماتەکەدا گەڕایتەوە... دەرگای ژوورەکەت کردەوە... لەدوای خۆتەوە ڕاتکێشا... کە داتخست... غەڵبەغەڵبی ناو حەوشەکە کەمتر بووەوە... پێی قەڵس بووی... لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتی... کاس و پەست و بێزار... جلەکانت – جلی ئاهەنگ و زەماوەند – هەر لەبەر بوون... خۆت نەگۆڕی... پێڵاوەکانت هەر لەپێ بوون... چاوێکت بەژوورەکەدا گێڕا... چەندە ڕووت و چۆڵ دیاربوو...! سەیرێکی وێنەکەی خۆتت کرد... هاڕە و زرمەی ئاهەنگی زەماوەندی چەند ساتێک لەمەوبەر لە کاسەی سەرتا دەزرنگایەوە... لە وێنەکەوە نیگات گواستەوە... سەرت بەسەر سنگتا شۆڕکردەوە... سەیری بۆشایی دووری نێوان هەردوو مەمکە شۆڕبووەکانت کرد... گەلێ سیس و زەرد بوون... دوو سێ ساڵ لەمەوبەر ئاواهی نەبوون... قوت و قیت و خڕ و پڕ بوون... تەواو... چی بکەی...؟ ناگەڕێتەوە...

دوو ساڵ لەمەوبەر... هەر ئەم ژوورە بچکۆلەیە: سێ پێخەفی تیابوو... سێ وێنەی گەورە... خرابوونە نێو سێ چوارچێوەی ڕەنگ زیوین... هەر یەکەی بەدیوارێکەوە هەڵواسرابوو... سێ جانتای گەورەی پڕ جل... سێی بچووکی دەست... لە هەر شتێ دەبوو سێ بێ... هەموشیان یەک بابەت و مۆدێل... هەر لە پێڵاو و کراس و پاڵتۆ و ڕەفتە و ماکیاج و مەمکدان... تەنیا لە ڕەنگا جوێ بوون... خوشکی گەورەیان حەزی بەڕەنگی ڕەش و بۆر دەکرد... ناوەنجی... قاوەیی و بێجی... لە هەموویان بچووکتر... هەرچی ڕەنگی دنیا هەبوو... پەسندی دەکرد... هەر لە سووری تۆخ و شینی تۆخ و زەردی تۆخیش.

ئێستا ژوورەکە وەک جارانی قورس نەماوە... پان و پۆڕتر دیارە... قەرەوێلەیەکی تیا ماوەتەوە... بەرامبەر قەرەوێلەکە وێنەی خوشکی گەورە هەڵواسراوە... ڕووخساری لە هی مرۆڤێکی پێش لە سێدارەدان دەکا... هیچ جوانییەک نابەخشێ... چەند پتر دیقەتی لێ بگری و وردبیتەوە... پێی دڵتەنگتر دەبی... هیچ ئاکارێکی تیا بەدی ناکەی... دڵ بەر گوشادتکا... بەس قینیشی لێ هەڵناگری... پتر جێگەی بەزەییە... هێمنییەکی خەست... لە نائومێدی قووڵ و پڕەوە هاتبێ... ڕووخساری داپۆشیوە... گەر زیاتر لێی نزیک ببیتەوە... دەبینی خاوەنەکەی بەدوو چاوی لێڵ وخەمگینەوە خولقاوە... لەودیو

زەردەخەنەکەیەوە کە لە گرژی و مۆنی دەچێ... ددانە شاش و درشتەکانی دیارن... دوو بزمارەکەی هەردوو لادیواری ڕاست و چەپ وەکو خۆیان ماونەتەوە... نیشانەی هەردوو وێنەکەن کە لێ کراونەتەوە... یەکێکیان پێرار... ئەمساڵیش... پاش نیوەڕۆی ئیمڕۆ... ئەوەی دیکەشیان – وێنەی خوشکی گچکە – لێ کرایەوە... دوو قەرەوێلەکەی تر نەماون... زۆربەی شتەکانی ژوورەکە چیرۆکی... تەنیایی و قەیرەیی گەورە خوشک دەگێڕنەوە... ژوورێک و قەیرە کچێکی تەنیا... دۆزەخێکە و هەر خۆی تیایدا دەسووتێ و بەس...! چ سیحرێکی تیاماوە...! کوانێ تریفە و پێکەنینی جارانی... هەڵبەز و دابەزی شێتانەی منداڵی... حەز و ئاوات و خەونی ساڵانی هەرزەکاری... ئەو نوکتانەی خەڵکی دەخستە سەر گازەرەی پشت...؟ هیچیانی لە هەگبەدا نەماوە... گەلێ بەتاڵە... کەلاوە ڕووخاوی نێو زستانێکی سەخت ئاسا... کەسێک نایە دروستی کاتەوە... ئیتر تەواو... چاوەچاوی چاوەڕوانییە... لەوە دەچێ شەمەندەفەرێکی سەر سەفەری ئەبەدی جێی هێشتبێ... بۆیە وا مرومۆچە... سەرما و سۆڵەی سەر شۆستەکان جێ ناهێڵێ... لەم بیابانی غوربەتی بێ سنوورەدا... هەر خۆیەتی و بەزیندوێتی وا دەنێژرێ...!

لەمەودوا... بەتەنیا لەنێو پێخەفەکەیا گینگڵ دەدا... شەوانە دیوارەکان وێک دێنەوە... ئەوەندە دێنەوە یەکدی تا پەراسووەکانی تێک دەشکێن... خوێن لە کونە لووتییەوە فیچقە دەکا... قەیرەیی و شەو ترسناکە... شەوی تەنیایی چی تەواوی دەکا...؟ خەونی پڕ جڕ و جانەوەر و جنۆکە لێی ناگەڕێن... هەر شەوێک سەد جار گۆڕەوشار دەدرێ... هەر لەو ڕۆژەوە کە خوشکی بچووکی دەستنیشان کرا... شەوانە دوای گلۆپ کوژانەوە تێر دەگریا... خامۆشانە دوا دڵۆپی فرمێسکی دەڕشت... شەوێکی تر دەهات... ئەو دەگریا... شەوێکی تر... دەگریا... لەمەودوا کەس نەماوە شەرمی لێ بکا... هەنسکەکانی چەند شەمشەمەکوێرەیەکن و لە تاریکی ژوورەکەیا بەرەڵلایان دەکا... گەلێ حەز بەتاریکی دەکا... تاریکی میهرەبانییە... جوانی و ناشیرنی دەشارێتەوە... وەک چۆن ئاوی زۆر وێنەی سەر خۆڵ دەسڕێتەوە...!

جاران هەر سێکیان پێکەوە بوون... تا درەنگی شەو نەدەخەوتن... ئەوەندە باسی خەم و خۆشی و دڵداری و خەون و ئاواتی خۆیان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە... شل و شەکەت دەبوون... جار جارەش دەبوونە سیخوڕی ماڵەکە... شەوانی هەینی... مەزاقیان بەپیرە بابە و دایە دەکرد... لە کون و کەلەبەری حەوشەکەدا خۆیان دادەنووساند... مت دەبوون... بۆ هەر چرپە و فسکە و خشپەیەک... گوێیان شل دەکرد... ماندوو دەبوون... بەدڵەکوتێ... بەئەسپایی...



زیت و بڵحانە بۆ سەر جێگاکانیان دەگەڕانەوە... کەس نەزانم دەرگاکەیان دادەخستەوە... دەکەوتنە قریوە و شەڕە سەرین... یەکتریان دەگەوزاند و هەڵدەگلۆفی... ختووکەی یەکتریان دەدا... موچڕک گیانیانی سڕ دەکرد... بەترس و لەرزەتێکی بێپایانەوەش خەونیان بەو ساتەوە دەبینی کە دایە و بابەی تیا نقومن... دیسانەوە ماندووتر دەبوون... دەخەوتن و دەکەوتنە ناو خەونی هەزار ڕەنگی پڕ پەلکەزێڕینە... بەیانی زووش... شلپەی ئاو و تەقەی جام و مەنجەڵ و تەشت دەهات... بۆنی سابوون و گەرماو لە کەللەیانی دەدا... مەست و سەرخۆشی دەکردن... حەوشەکەش کەف و ئاوێکی لیخنی شیرباوی تیا دەمەیی.

لەمەودوا تەنیایە... کەس نییە گوێی لێ ڕابگرێ... کەس نییە بیدوێنێ... خۆ ئەگەر خۆی بدوێنێ... دەنگ هەڵبڕێ... ژوورەکە ئەوەندە چۆڵە... دەشێ وەک ئەشکەوتێ دەنگ بداتەوە...!

سەری هەڵبڕی و سەیرێکی وێنەکەی کردەوە... چاوەکانی ببوونە دوو گۆمی فرمێسک و خوێن... چاوێکی بەدار و دیواری ژوورە ڕووتەکەدا گێڕایەوە... سەری کاس و پڕ دەرد و خەفەتی بەدواوەدا فڕێدا... پتر چەناگەی بۆ بەرز کردەوە... چەناگەیەکی پان و خوار... زیت و چاو لەمۆلەق دەیڕوانییە وێنەکەی... بەربەرەکانێی نهێنییەکی دەکرد... نهێنییەک لە ناخیدا... لە بوونیا... لە دڵیا... لە مێشکیا... لە ڕووخساری ناڕێکیدا... یا لە دەرەوەی ئەو زاتە بریندەرەیدا بوو... نەیدەزانی... حەزیشی دەکرد بزانێ... بۆ ئافرەت هەردوو ڕەنگن... یا جوانە و یا ناشیرین...؟ کێ ئەم نهێنییە دەدرکێنێ؟... ئەم لاف و گەزافەی بۆ چییە؟ کێ لەگەڵ خوادا قوڕی ئەم گۆشتەی گرتۆتەوە...؟ کەس لە مەسەلەکە تێناگا... بۆ تێناگا؟ کەی تێدەگا...؟... هەژاری ناشیرینت دەکا... یان ناشیرینی هەژارت دەکا... پرسیارێکە بێ وەڵام؟

بە درێژایی قەرەوێلەکەی خۆی ڕاکێشا... کەوتە سەر پشت... غەڵبە غەڵبی خەڵکەکە کپ نەدەبوو... ئاژاوەی دوای زەماوەند... ناڕۆن و ماڵە گۆڕستانەکەی بۆ جێ ناهێڵن... تەنیا تەرمی – زۆر بێ نازی – ئەو ماوەتەوە... ئیتر لەبەرچی ناڕۆن... شەرمەزاری نەبێ بەقیژەیەک بڵاوەیان پێ دەکا... شادن... ئاسوودەن... کێ ئاگاداری کێیە؟ هەر کەسێک برینی خۆی ئازاری دەدا... گەر هەموو کەڕ و لاڵ بوونایە... نە کەس قسەی بۆ دەکرا و... نە کەسیش دەبوو گوێ بگرێ... قسەی زۆریش مایەپوچییە... بەسوڕانەوەی سووکی پانکەکە کەوتە سەرگێژی و خەیاڵ...

هەر تەنیا دوو ساڵ لەمەوبەر... خۆت بوویتە هۆی یەکدی ناسینی پەرژین و مێردەکەی... یەک دوو مانگی سەرەتاش خۆت دڵ و دڵخوازی بووی... شاژنی سەر عەرشی زەوقی بووی... پیاو بێ ئەمەک و زۆڵن... دوایی پەرژینی ناسی... لە شەودا مانگی بینی: پەرستی... کە بەیانی دا و خۆرهەڵهات... گەلێ بەمانگ پێکەنی... لەپشت سەری تۆوە بەجووتە هەموو شتێکیان تەواو کرد... هەر زوو بەزوو... حەزی لێ کرد... تۆی بیرچۆوە... مارەی کرد... گواستییەوە... منداڵێکی لێ بوو... تۆ بەتەنیا مایتەوە... ئەوساش لێت نەگەڕان... خستتیانە سەر چەپڵە و چەقەنەش...!

ئیمڕۆ... بەفرین کە بەپێنج ساڵ لە تۆ منداڵترە... بەئاواتی خۆی گەیشت... بەچەپڵە لێت ڕازی نەبوون... چۆلەکەی هەلهەلەت بەدوای یەکدیدا هەڵدەفڕاند... وەک دەڵە ورچێک هەڵدەپەڕی... لە خۆت دەپرسی: بۆ لەم دنیایەدا یاسایەک بۆ ناشرین و سەقەت و پەککەوتەکان نییە؟!... کێ خاوەنی چیرۆکی ئەم گاڵتە خەمگینەیە...؟

کەس نییە وەڵامی داتەوە!

ئەوی دیکەیان چ زوو بەم ئەنجامە گەیشت... هەر پار بوو... بەڕێکەوت خۆی و بەفرین بۆ ئاهەنگێک چوون... لە سەرەتای ئاهەنگەکەوە... بەلای چەپدا ئاوڕێکت دایەوە... لەگەڵ مامۆستایەکی خۆتدا یەکدیتان ناسییەوە... کەوتنە چاک و چۆنی... پرسیار و وەڵام... تێت گەیاند ئێستا لە دەزگایەکدا فەرمانبەری... تێی گەیاندی کە لە هەمان قوتابخانە ماوەتەوە... هێشتاش ژنی نەهێناوە... هەر ئەوسا بە«بەفرین»ت ناساند: «مامۆستا نەبەز...!»

دەستی بۆ درێژ کرد.

«بەفرینی خوشکم... لە ئامادەییە... پۆلی شەشەم.»

ئەویش سووک دەستی درێژ کرد.

کەوتنە تەوقە و دەست گوشین... مامۆستا هەر زوو کەوتە سەر ئاهەنگی دڵی خۆی... ئاگای لە زرم و کوت و هەڵلای ناو هۆڵەکە بڕا... لە پشت سەری تۆوە زۆڵانە دزە نیگای دەبڕییە بەفرین... جار جارەش دەمی قسەکەی لەو دەکرد... ئەمیش گەزێ دەمی دادەپچڕی و بێ شەرمانە کەوتبووە سەرشێتی قریوە و بەزم و هەوای خۆی... لە پشووی ئاهەنگەکەدا... بەئەنقەست یا بەڕێکەوت جێگەکەی گۆڕی... کەوتە تەنیشت «بەفرین»ەوە... ترست لێ نیشت و گومانت پەیدا کرد... هەرگیز مامۆستات بەم شێوە نەدیبوو... گەلێ سووک و



چرووک دەهاتە بەرچاوت... بۆت بکرایە کورسییەکانی هۆڵەکەت لە سەریا دەشکاند... نەدەکرا... شەرمەزاری بوو... کپ بوویت... پیشت خواردەوە... گوتت: «ئاهەنگ کۆتایی پێدێ... لە ماڵەوە فێرە خووڕەوشتی دەکەم» یەک دوو جاریش کێک و ساردی و سەندەویچی بۆ کڕین... بەدەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە پارەکەی دەردەهێنا... منداڵ و ساوێلکە نەبوو... تۆیشی دڵگیر نەدەکرد... هاموشۆی دەکردی و زوو زوو دەهات... لە ژێرەوەش تۆڕەکەی لە شوێنێکی دیکە هەڵدەدا... زانی ماسی سرک بگرێ... بەستەزمان... چەند گوناه بووی... گەر بتزانیایە پردێکی... خۆت دەڕووخاند... بەڵام هەمووی تێپەڕی و بڕایەوە... هەستیشت پێ نەکرد... پیاو هەر وان... درۆزنن... کەی لە پاکی و زیرەکی گەڕاون... هەموویان فشەن... با وابێ... دیارە دنیا شەڕێکی کوشندەی نێوان مرۆڤی تووکن و لووسە... چۆن گرەوی خۆت ببەیتەوە... دەتەوێ لەم ژوورە تەنیایە پلانێک دابنێی... ڕووخانی ئەم جیهانەی تیابێ و پیاوە زیرەکەکانیش تێی نەگەن... بیرت هاتەوە... ئیمڕۆ هەردووکیان... لە پشت هەزاران پەردەوە بەیەکدی گەیشتن... کوودەتا بوو... بەجووتە هەڵدەپەڕین... کەوتنە بەر بارانی ماچ... تەنگەنەفەس بوون ئەوەندەی ماچ بکرێن... مەیدان و ئاقاری ئاهەنگەکە زەرد و سوور و باق و بریقی بوو... خەڵکی شاد و ئاسوودە بوون... ئۆتمبێلێکی زۆر ڕژابوونە ئەو ناوە... مامۆستا قاتێکی سپی سادەی لەبەر بوو... بەفرین سەبەتەک موور و مەرجان و خشڵ و خاڵی بەخۆیەوە کردبوو... کۆسە ئاسا هەڵدەپەڕی... چاوێکی بەبزەی هەر لە تۆ بوو... داوای هەڵپەڕینیان لێ کردی... تۆش وەک کەسێ ماسۆلکە و ئێسقانەکانی لە یەکدی ترازا بن... هەڵدەپەڕی... گێژ دیاربووی... لێڵتر لە جاران دنیات دەبینی... دیمەنی شتەکانت تێکەڵی یەکتر بوون... دوای چارەکە سەعاتێک... بۆ شەوی سوور بەڕێ کران... بەچەپڵە و چەقەنە بەڕێ کران... هەموو شتێ پێدەکەنی... تۆ بەخامۆشی و بێ فرمێسک دەگریای...

گەڕایتەوە... وەک چۆن لە پرسەی دایکتا بگەڕێیتەوە... تا ئێستاش کە ئێوارەیەکی درەنگە... تاریکی شەوێکی بێ مانگ... زۆر بەخەستی و نەرمی دەڕژێ... گڕە و هۆنی ئۆتمبێلەکەی کە خۆیان تێ ئاخنیبوو... هەر لە گوێتدا دەزرنگێتەوە... ژان دەخاتە دڵتەوە... لەبەرچاوتە کە هەردووکیان بەجووتە دەستیان لە پەنجەرەی ئۆتمبێلەکەوە دەرهێنا... ماڵئاواییان لێ کردی... ماڵئاوایی لە مردووی نەناسراوی گۆڕستانێکی ئەم جیهانە... پتر لە شانۆگەرییەکی تراژیدی دەچوو... نەک ئاهەنگی زەماوەند بێ...!

لەمەودوا خاوەنی ژوورێکی تەنیای... سەرینی تەنیا... هەناسەی تەنیا... دڵێکی تەنیا...

دڵێکی تاک و تەنیا کەی دڵە...؟ خاوەنی چەند یادێکی ڕەشی قەیرەییت... وێنەیەکی تەنیا و چوار دیواری ڕووت... چاوت لە وێنەکە بڕیوە... هەست بەغوربەتی ئەبەدی دەکەی... قینێکی پڕ بەغوربەتیش لە هەموو گیانتا کڵپە دەستێنێ!

ژاوەژاوی ناو حەوشەکە کپ و کەمتر بووەوە... هێدی هێدی چۆڵیان دەکرد... بەس خزم و خوێ مابوونەوە... لەناکاو «پەرژین»ی خوشکت دەرگای لێ کردیتەوە... منداڵێکی چاو زەقی ساوای خۆی بەباوەشییەوە نووساندبوو... وەک لە ڕووخسارت بترسێ... زریکەی لێ بەرزبووەوە... دایکی زیاتر بەخۆیەوە گوشی... دوای هەنگاو ونیوێک گەیشتە ئاستت... بۆ ماوەیەکی کەم لە یەکدی ڕامان... چاوت لێی نەتروکاند... چاوی لێ نەتروکاندی... لە یەکتری تێگەیشتن... بەبێباکی و دوور لە خۆشەویستییەوە قیژاندی:

«– شەرم ناکەی... ئەی ئەوە بۆ دەگریێ... ها؟»

ئاخ... خوشکی گەورە... چەندە هەستت بەشەرمەزاری و تێکشکان و مردن کرد. ئارەقە و فرمێسکی سەر ڕوومەت و ژێر چەناگەت ڕووخسارە ماندووکەتیان تەڕ کرد... بەکپی بۆ نهێنی برینی خۆت دەگریای... خۆ تۆ بەبێ برین خوێن دەڕێژی... لە گریان بەولاوە هیچت بۆ نەدەکرا... وەک گیانلەبەرێکی کێوی ناو قەفەسێک نیگاکانت بەژوورەکەدا بڵاودەبوونەوە... ئاشکرا بووی... زەمانێکە ئەو خەمە قورسە دەشاریتەوە... بەڵام دوا شایی ماڵەکەتان... شین و پرسەی تۆی ساغ کردەوە... نەبووی بەدڵۆپە ئاوێک و زەوی هەڵتمژێ... هەست و هۆشت لای خۆت نەما... هەستت بەدڵەکزێ و خاوبوونەوەیەک کرد... هەر چوار پەلت دەلەرزین... پێڵوەکانت خاودەبوونەوە... ڕادەکشان... ددانت جیڕ کردەوە... کڕەی لێوە دەهات... دەمت داپچڕی... خوێنی ڕق و کینە لە دەمارەکانتا کەفی کرد و هەڵچوو... تەنگەنەفەس ببووی... بەربینایيت تا دەهات لێڵتر دەبوو... هەموو گیانت کەوتە سەر شەپۆڵ و گێژەنەی مەستی و شێتی... پڕ بەژوورەکە هاوارت کرد:

«بڕۆ دەرەوە!»

کەچی پەرژین هەر سەیری دەکردی... متقی نەبوو... لە داخانا گەردانە و حێل و مێخەکی بەر ملت پچڕاند... هەر بەچەپۆک سەر و پۆتەلاکی خۆت کوتایەوە... منداڵەکەی کەوتە زریکە و گریان... تەزوویەکی سڕ و سارد بەدەست و دەم و چاوتا مێروولەی کرد و هەموو گیانی گرتیتەوە... حەزت بەگێچەڵێکی گەورە دەکرد... شەڕێک خۆتی تیا ونکەی... وەکو شێت... کتوپڕ... بێ بیرکردنەوە... بەزەحمەتێکی زۆرەوە... هەستایتەوە سەر هەردوو قاچە



شل و لەرزۆکەکانت... کورسییەکی بچووکت خزاندە ژێر پێتەوە... سەرکەوتی... خوشکەکەت بەسەرسامییەوە سەیری دەکردی... نەیزانی دەتەوێ چی بکەی... نەشیدەوێرا بپرسێ... بەهەر کێشمە کێشێ بوو خۆت گەیاندە وێنەکەت... دەستەکانت بەرزکردەوە... تا هێزت تیا بوو وێنەکەت ڕاکێشا... بەدەستتەوە هات... پارسەنگی خۆت ون کرد... کورسییەکە خزی و خۆت بۆ نەگیرایەوە... دەماودەم بەسەر وێنەکەدا کەوتی... شووشەی وێنەکە شکا و باسکی بریندار کردی... برینێکی سووکیش نەبوو... لە چاوتروکاندنێکدا... خزم و خوێ ڕژانە ژوورەکە و بەدەورتا ئەلقەیان بەست... کەوتنە ورتە ورت... دەست بەیەک دادان... هیچ تێنەگەیشتن... پەرژین برینەکەی پێچایەوە... بەچواردەستە بەرزیان کردیتەوە... ئەم برینە خوێنی لێ دەتکێ... وا دەیبینن...!

برینەکەی دیکە کێ پێی دەزانێ...؟!

وەک نەخۆشێکی پەککەوتە لەسەر جێگا پاڵیانخستی... شل و خاو و داهێزراو تۆش ڕاکشای... وەک ئافرەتێکی هار و بێ شەرم لە خەڵکەکە ڕامای... خوێنێکی زۆرت لێ ڕژا... تکەی «خوێنێکی» دیکەت بیرکەوتەوە... زۆر جیایە...! هی تۆ و هی ئەو... کەسیانت نەدەناسییەوە... دەموچاوەکان وەک لەژێر ئاوەوە سەیریان بکەی لێڵ و وێڵ بوون... بێئاگایی لەشی سوکتر کردی... لەززەتێکی دڕندانەت لەم خوێنە ڕژاوە بینی... خەڵکەکە وەک مردووێک جێبهێڵن... ژوورەکەیان چۆڵ کرد... دوا کەس پەرژین بوو دەرگاکەی لەسەر داخستی... چاوێکی تاریک و لێڵت بەژوورە ڕووتەکەدا گێڕایەوە... نیگاکانت بەسەر دیوارەکەی بەرانبەرتەوە گیرسایەوە... شوێنی وێنە شکاوەکەت... لەباتی ئەو وێنە... چوارچێوەیەکی تۆز لەسەر دیوارە سپییەکە... زۆر زەق و ڕوون دیاربوو... چاوەکانت داخست... دوا دڵۆپ فرمێسک لەنێو برژانگەکانتا مایەوە... ئەڕژایە سەر ڕوومەتت... بەرەبەرە بێ ئاگابووی... بێ ئاگاتر... دوایيش وەک بەردێکی زۆر گران... کەوتیتە بن گۆمی خەوێکی قووڵ...!

هەولێر – حوزەیرانی «١٩٧٩»

لە ژمارە «٣٧»ی حوزەیران و تەمووزی «١٩٨٠»دا لە پاشکۆی«عێراق»دا بڵاوبۆتەوە.

# ترس

هەر لە ئێوارەوە کە دایکی جێگاکانی ڕاخست... برا و خوشکەکانی لاڵ و پاڵ کەوتن... دوا جاریش دایکی ڕاکشا و خەوی لێکەوت... «کاوە» توند پەنجەرەکەی داخست... بەترسەوەش دەرگاکەی کلیلدا... هەموو کون و کەلەبەرە زۆرەکانی ئەو ژوورەی گرت... ئەو ژوورە کۆن و گڵێنەی ڕەنگی خەم و ترس و برسێتی پێوە دیارە... ئەو ژوورەی هەر لە منداڵییەوە تا ئەم نیوەشەوە درەنگە... هەزارەها مۆمی خۆزگە و ئاواتی تیا کوژاونەتەوە... بەناڵە و گریان و هەنسکی ئەم دەنگی داوەتەوە... لە هەر چوار قوژبنەکانیدا کرۆشکەی کردووە و بیری لە چەرمەسەری و نەهامەتی خێزانەکەیان کردۆتەوە... ئێستاش کە نیوەشەوێکی درەنگە... تەنیا هەر خۆی پاسەوانی خەمی خۆیەتی... کەسی نییە بۆ غوربەت و کەساسی هاودەمی بێ... لەگەڵیا گۆرانی ترس و برسێتی بچریکێنێ... جگە لەو ڕەشەبایە شێت و سەرهەڵگرتووە نەبێ کە دەناڵێنێ و پەیامی ترسێک دەگەیەنێ... نیوەشەوە... هەر چرپەیەکی ئاسایی و نائاسایی دنیای دەرەوەی ژوورەکە دەیخاتە سەر دڵەکوتێ و کسپە لە جەرگییەوە دێنێ... لەم دواییەشدا خەڵکی زیاتر کەوتوونەتە سەر دزی و فڕکان فڕکان... کەسیش فریای کەس ناکەوێ تالآنیش بێ کەس بەهاوار و دەنگی کەسەوە نایە... پیرەمێردەکان قات و قڕی و نەهاتی و سەفەربەلک و بەرد لە پشت بەستنیان کەوتۆتەوە یاد... ئەمشەویش سروشت خەمێکی زۆری پێیە و... ترپە و خشپەی زۆر نامۆی دەرەوەی سنووری حەوشەکەیان ترس و گومانی زۆری بۆ دێنێ...!

ڕەشەباش گڤەی دەهات و پەردە چڵکن و ئەستوورەکەی دەخستە سەما و سووکە لەرینەوە... چرکە چرکی بەو پەنجەرەیە خستبوو کە تەنیا دوو جامی ساغی تیا ماونەتەوە... «کاوە» سەری لە هێزی ڕەشەبا سووڕماوە... چۆن لەناو ئەم سنووقە داخراوەش ترس دەخاتە دڵییەوە...؟ کونەکانی تری پەنجەرەکەی بەمقەبای تایت گرتبوو... کەلێنی ژێر دەرگاکەشی بەکۆنە گۆرەوی نەفەسبڕ کردبوو... هاش و هووشی ڕەشەبای ئەودیو چوار دیوارەکە مۆسیقایەکی زۆر خەمناکی دەژەند... خەمی ئەو شەوەی خەستتر دەکرد و دەیرژاندە دنیای ژوورەوە... هەواڵێکی سارد و تەزیوی ئەو بەفر و باو و زریانەی دەرەوەی بۆ دەهێنا...



لەودیو سەربانەکە هەستی بەڕێژنەی بارانی بەخوڕ دەکرد... ختووکە و لەرزێک دایدەگرت... وای هەست دەکرد ڕووتە و ئەو هەموو بارانەی بەسەردا دەڕژێ... بارانی ئەمشەو مەترسی پتر خستە دڵییەوە... دایکی پێی دەڵێ:

«باران جەژنی جووتیارانە... تۆش گەورەبی... لەگەڵ دڵۆپێک باران دەمریت و دەژیتەوە... کوڕم هێشتا منداڵیت... بەزمانی باران نازانی.»

هەر جارێک باران بباری کاوە دڵتەنگ و بێزار دەبێ... ڕۆژانی جەژن... ئەو ڕۆژانەش کە حەز بەیاری بکا... لە هەموو کاتێکیش پتر ئەمشەو حەز بەباران ناکا...!

لە ئێوارەوە خەریکی کتێبێکە و دو لاپەڕەی بۆ تەواو نەکراوە... بەیانیش یەکەمین ڕۆژی تاقی کردنەوەی نیوەی ساڵە... لەوەیان خەراپ بێ و دەرنەچێ... ئەوانی دیکەشی بەدەمەوە دێن... کەوتنی یەکەم... ڕێ بۆ کەوتنی زۆرتر خۆش دەکا... کاوە لە دووەمی ناوەندییە... پانزە زستانی تەواو نەکردووە... ترسنۆک و بێ دەستەڵاتە... زۆریش لە کەوتن دەترسێ... باوکی هەڕەشەی لێ کردووە... یا دەیخاتە ناو بیری ئاوەکەوە... یا فەلاقەی دەکا... دەشزانێ باوکی لە بەهانە دەگەڕێ و دەیکا... دەستیشی قورسە... هەر جارێک دەستی وەشاندبێ... بەساغی لەبەر دەستی ڕزگاری نەبووە... پۆلیسێکی دلڕەقە... زۆرجار بەقامچییە ڕەشەکەی... پشت و لاڕانی داغکردووە... باران و تاقیکردنەوە ترسی گەورەتریان خستۆتە دڵییەوە... لە ئێوارەشەوە وەک سیحرێکی مەزن هەموو شتێکی لە دەنگ خستووە... خامۆشی دنیای گرتۆتە باوەش... هەرچەند دەکا خۆی بۆ کۆنابێتەوە... ئەمشەو شەوی دوای هەزارە کە باوکی لە ماڵەوە نییە... لە ئێوارەوە پاڵتۆ عەسکەرییەکەی دەخاتە سەر شان... ڕووەو چایخانەی «بلە سواڵکەر» مل دەنێ... چایخانەکە پڕە لە لۆتی و قومارچی و بەڕەڵلا... ئەوێ بەهەشتی باوکیەتی... لەوەتەی هەیە شەیدای قومارە... وەک بلێی لە قومارخانە ناوکیان بڕی بێ... زاری تاوڵە... جۆکەرێک... پولی دۆمینە بەمنداڵێکی خۆی ناگۆڕێتەوە... کاوە لەوە لێی تۆقیوە... هەر کاتێ کە بیدۆڕێنێ... ورد و درشتیان شەق و شوللاقی بەردەکەوێ... لەم شەوانەشدا – جگە لە باوکی کاوە و چەند قومارچییەکی تر – کەس نییە لە ماڵەکەی خۆیدا نەگیرسێتەوە... ئەمشەو وەک شەوانی دیکە... کاوە تەنیایە... پاسەوانێکی ترسنۆکی ماڵێکی پڕ منداڵ و برسێتی چەندەها ساڵە...!

کاوە خامۆشە و گوێی بۆ ڕەشەبا شێتەکە شل کردووە... لە تەلی دارتەلەکانەوە نوزەیەک هەڵدەستێ و بارێک خەمی قورس دەڕێژێ... دەکەوێتە وزە وز... ووو... ززز... ژووژژژژ...

وززززز... کـۆتایی نایە... کـاوە خـەمگینتـر دەکـا... چ چەشنە مـۆسـیـقـایەکی بێ دادی و کرووزانەوە و ترسناک بوو... هەوێنی ترسی ئەو شەوە تەڕ و بێ ئامانە بوو... هیچ کەمان و تەلێکی دیکەی مۆسیقا ئەو خەمە بەبالای ئەمشەودا نابڕێ... گڤەی ڕەشەبا و ڕێژنەی باران و نالەی گەواڵە و شریخەی بروسک و شوڕەی باراناوی سەر بەرەو خواری گوێی پلوسک و سووکە سەمای پەردە و لەرینەوەی زەردە گڕی چراکەی بەردەمی کاوە کە بۆ چەند دڵۆپە نەوتی تر وەنەوزی دەدا... سەیر و جوان هەمووی تێکەڵ بەیەکتری دەبوون و دەڕژانە ڕووباری مەزنی یەک ئاواز... ئاوازێک کە زۆری ماوە کاوەی مێردمنداڵ تێر تێیبگا...!

سەیرە کە تەنیا چوار دیوار لە مەترسیی سروشت ڕزگاری دەکا... ئەو ڕۆژە مامۆستا سەر ڕووتاوەکە گوتی:

«ڕۆژێک دادێ مرۆڤ باران و لافاویش بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە...!»

گەر ترس و شەرم نەبووایە پێی دەگوت:

«ئەی ترس و برسێتی؟»

مەترسی دەرەوە... ژوورەوەی لەبیر بردبۆوە... چاوێکی پیاخشاندەوە... بۆ وەگیرکەوتنی دیمەنێک ئەم ترسە ڕەشە بڕەوێنێتەوە... دار و دیوارێکی ڕووت... چەند ڕایەخێکی کۆنە و دڕاوی تۆز لێ نیشتوو... چەند شووشە و پەرداخ و فەخفوری یەک... لەگەڵ چەند بوخچەیەکی زەرد و سوور کە پڕ بوون لە پەڕۆ و پاتاڵ و غەرگەی کۆنینە... ئەوانیش خرابوونە ناو دەلاقە و سنووقێکی «بوراق»ەوە کە بەحاڵ بەپێوە وەستابوو... هەندێ سەرین و دۆشەگ و لێفە شڕەی بەسەرەوە کەڵەک ببوون... لەسەر لا دیوارێکەوە باوکی بەجلی پۆلیسییەوە لەناو چوارچێوەی وێنەیەکدا زەق زەق سەیری دەکرد... سدارەکەی سەرنجی ڕادەکێشا... تیپی دیدەوانیش سدارە لەسەر دەکەن... کاوە گەلێ حەزی پێ دەکا... بەڵام قەت ساڵێک نەبووە هەڵیبژێرن... نیوەی دەموچاوی سمێڵە... سمێڵێکی ڕەش و پڕ... باوکی بەقەد باخ و بێستانێک کەیفی بەم سمێڵە دێ... کاتێ سەیری وێنەکەی خۆی دەکا... ئەو ڕۆژەی بیر دەکەوێتەوە کە دایکی تیا گواستەوە... هەر ئەو کاتەش ئافرەتێکی ناو دۆڵی باڵەکییان حەزی لێ کردووە و ویستوویەتی ڕەدووی بکەوێ... پێی گوتووە:

«ژنم هەن.»

ژنەکەش وا وەڵامی داوەتەوە:

«چما ژن ژنی خواردینە!»



لە تەنیشت ئەمیشەوە ئیمامی عەلی هەڵواسراوە... ڕیشێکی پڕ... نورانی... کورتەبنەی قەڵەو... سەر بەدەمامکێکی سەوز پێچراو... شیرێکی دوو دەم بەدەستەوە... لەبەردەمیدا نەڕە شێرێک مت ڕاکشاوە... بەخۆ و دوو چاوی ئادەمیانەوە سەیرت دەکا... باوکی دڵی بەم وێنەیە خۆش نییە... دایکی هەڵیواسیوە... دایکی خواپەرست و گرینۆکە... دار و شەقلە و کاریتەکانی بنمیچەکە چاک سنگیان داگرتووە... هەندێک لەو دارانە ئەو ڕۆژەی دێنێتەوە یاد کە باوکی لە «مەتخەر»ی پۆلیسخانەکە دزینی و هەمووی بەودا ناردنەوە ماڵێ... ئاوی باران و قوڕاوی سەربانەکە چەند نەخشەیەکیان بەسەر دیوارەکەوە چاپ کردووە... وەک نەخشەی ئەو وڵاتانە دەهاتنە بەرچاوی کە لە جوگرافیا دەیانخوێنی... بانەکە کەوتە دڵۆپەکردن... تکەی دڵۆپەکان درشت بوون... جار جارە هێواش و جار جارەش خێرا دادەباری... چەند قاپێکی کردە دەخیلی دڵۆپەکان... ئەم نەغمەیەیان لەگەڵ گڤەی ڕەشەبا و ڕێژنەی باران و چەخماخەی بروسک جیا بوو...!

ژوورەکە شتێکی وای تیا نییە سەرنجی ڕابکێشێ... ساڵانێکە وەک خۆیەتی «سەنگەری ترس و پەژارە» سەیرێکی برا و خوشکەکانی کرد... لە سەرمانا تێک خزاون... دەست و قاچی هیچانی لەوی تر جوێ نەدەکردەوە... بەسەر یەکدیدا کەوتبوون... گردێکیان لە گۆشتی کەم و ئێسقانی زۆر پێکهێناوە... قۆڵ و باسک و قاچ و مل و سەر و دەستیان شێوەی نیشانەکانی پرسیار «؟» و سەرسوڕمان «!» و فاریزە «،» و نوختە «.»یان وەرگرتبوو... دایکە شەکەت و خەمخۆر و نوستووەکەی دەستێکی هەر بەسەر دەسترازەکەوە بوو... مەمکێکی نیمچە وشکەوەبوو لە یەخەی کراسەکەیەوە هاتبووە دەرێ... بۆ ئەو چەرمەچەقاڵتەیەی ناو بێشکەکە ئامادە بوو... دوو خوشکە عازەبەکەی مات و کز خەوتبوون... لە خەویشدا هەر کز دیارن... گەورەکەیان لۆچ نێوچەوانی بێزاری و ماندوێتی پێ گرژ کردووە... قڵیشی پاژنەی هەردووکیان کە لەژێر لێفەکەوە بەدەرەوە بوون... خوشکەکەی فەرهادی هاوڕێی وەبیر هێنایەوە... ئەو ڕۆژەی بەکراسێکی تەنکی سوورەوە لەناو چیمەنەکەی خۆیان یاری دەکرد... پاژنەی وەک هێلکە دەبریسکایەوە... حەزی دەکرد بەدەست بیگرێ... کاوە گەلێ لە دڵی خۆشە کە خوشکەکەی فەرهاد دەیدوێنێ... ئێستا فەرهاد لە ژوورە بچووک و ڕازاوەکەی... لەسەر سیسەمە پێ نزم و گەرم و نەرمەکەی ڕاکشاوە و دەشێ خەونی خۆش ببینێ...

بەئاستەم ترپەی پێیەک هاتە بەرگوێی... دیمەنی شتەکانی ژوورەوە لەبەر چاوی ون بوون... خەیاڵی نزیک و دووری تەکییەوە... دەریای ترسێکی مەزن و شڵەقاو کەوتە سەر

شێتی... بەئەسپایی... هێدی هێدی پێی دادەنا... بەپێپلیکەکان دەهاتە خوارێ... هەنگاوەکانی لە ژمارەی پێپلیکەکان پتر بوون... هەر هەنگاوێک ترسێکی دیکەی دەخستە دڵییەوە... چاوەکانی لە مۆلەق بوون... هیچی نەدەبینی... نەیوێرا پەردەی سەر پەنجەرەکە لابدا... لە دایکی بیستوویەتی جنۆکە لەوان بەئاگاترن... هەر با نەزانێ... هەترەشی چووبوو... دڵی خێراتر کەوتە لێدان... ترس ژێر هەردوو پەڕەی گوێی گەرمتر کرد... هەناسەی تەنگتر... بینایی لێڵتر... پەردەکەش لابدا... لە ڕەشی و تاریکی زیاتر چی دەبینێ؟ مەگەر ڕووناکی تەمەن کورتی بروسکێک دنیا ڕۆشن کاتەوە... ئەگینا هیچ نابینێ... بۆ ماوەیەک تەپەی پێیەکەی نەهاتە بەر گوێ... خامۆشییەکی وەڕسکەر باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشا... گڤەی ڕەشەبا و ڕێژنەی بارانی ساتێک لەمەوبەر بۆ وا کپ بوو؟ کپیش نەبوون... بەڵام ئەو گوێی بەڕووی هەموو دەنگێکی ئەم دنیایەدا داخرابوو... قولاغی ترپەی ئەو پێیە نەعلەتییە بوون... دەشێ قالدرمەکانی بڕی بێت و گەیشتبێتە ناو حەوشەکە. دیارە سەربان و سەربان هاتووە. چەند سەربانی بڕیوە...؟! زانیویەتی باوکی لە قومارخانەیە... دز ئاگای لە زۆر شتە... مەرج نییە... دز بێ نازانێ لە برسێتی واوەتر هیچیان نییە... کە سەیری هەردوو خوشکە عازەبەکەی کردەوە... ترسێکی کوشندەتر قوڕگی پڕکرد لە گریان... دزین جۆری زۆرە... دەشێ ئەم دزە...؟! بۆچ نا... لێرە خەڵکی بۆ زۆر شت برسین... خۆ هەر نان نییە...! کابرا ناجوولێ... هەنگاوێک بۆ پێشەوە نانێ... کۆکەیەک نایگرێ... شەوی وا تووش... شەوی دز و چەتە و ڕێگرەکانە... دەشێ لەبەر باران خۆی خستبێتە ژێر شاتووە چڕەکە... ئەگەر سەرما و ترسی تاقیکردنەوە و دەرچوونی باوکی نەبووایە... ئێستا دەمێک بوو خەوتبوو... سەرباریش ئەم ترسە ڕۆحی دەرنەدەکێشا... سەیری قۆڵە باریکەکانی خۆی کرد... قۆڵی ئەو پیاوەی تەپەی پێڵاوەکەی دێ... دەبێ زۆر ئەستوورتر بێ... ئەگینا وا بێ ترس نەدەگەیشتە ناو حەوشەکە... خەنجەرێک... دەبانچەیەکی لەبەر پشتێن ناوە... مردن بەدەبانچە خۆشترە... یەکسەرییە... دەشێ باوکی بەقومارچییەکی گیرفان پڕ زانیبێ... نازانێ دوێنێ درەنگ هاتەوە... دوای نیوەشەو بوو... هەردەم کلیلێک لای خۆیەتی... کردییەوە... بەشەقێک دەرگاکەی خستە سەر پشت... لەگەڵ هات و هاواری وەئاگاهاتن... ترس و چاوەڕوانی و خەونی ناخۆش هەراسانی پێ هێنابوون... بەچاوی بەخەونەوە دایکی لەژێر لێفەکەوە هاتە دەر... باوکی مۆن و بێ دەنگ هەردوو دەستی درێژکرد... گوارەکانی لە گوێ داکەند... ئەویش زەلیلانە گریا... کاوەش گریا... پیشی خواردەوە... دوا شت ئەو گوارانە بوون و بردنی... دەیویست پەردەکە لابدا و



بۆ ئەم دزەی بگێڕێتەوە... کە گوارەی دووەمی لە گوێی چەپی کردەوە... دایکی پتر گریا و نوزایەوە و گوتی:

«گوناهە وامان لێ دەکەی؟!»

باوکی سوورتر هەڵگەڕا و شەپازللەیەکی سراوەندە پەنا گوێی... گوارەکە گیر بوو... بەدەستییەوە نەهات... پەلەی قومار و سەرشێتی گوێچکەی پێ هەڵتلیشاند... باریکە داوێکی خوێن بەلاجانگیا هاتە خوارێ... گەر بۆی بگێڕێتەوە... چەند دڕندانە تێی هەڵدا و گوارەکەی خستە گیرفانی... کە منداڵەکان پێکەوە لە پڕمەی گریانیاندا و وەک جووجەڵە لە دەوری دایکیان کۆبوونەوە... کاوە شەق و تفێکی بەرکەوت... دواییش دەرگاکەی داخست... بۆ قومارخانەکە گەڕایەوە... گەر بۆی بگێڕێتەوە... ئاخۆ بەزەیی پیا نایەتەوە؟!!!

هەستی کرد هیچی بۆ ناکرێ... دەنگی نووسابوو... سڕ و لەگۆ کەوتوو... گەر بزریکێنێ دەنگی هەڵنایە... ترس و خەم قورگی توند گرتووە... لە شتێک... ڕێگایەک دەگەڕا خۆی پێ بپارێزێ... بیری لە چاوی شەڕانی کابرا دەکردەوە... بازووی توند و تۆڵی... ئەو چەکەی پێیەتی... ئەو نیازەی بۆی هاتووە... گەر باوکی لێرە بووایە... ئەو ترسەی لێ نەدەنیشت... قۆڵی ئەویش ئەستوورە و بەجووتە شاڵاویان بۆ دەبرد... لە شەوێکی وا تووش و سامناکدا شیاوە زۆر شت ڕووبدا... کەوتە پەلەی زانین... ویستی بەحاڵ هەندی کەلەمووستێک پەردەکە لابدا... سەیرێکی ئەم عفریتەی دەرەوە بکا... نەیوێرا... خەریک بوو زراوی بڕژێ... خوێن لە دەمارەکانیا بوەستێ... دیسانەوە قاچەکانی کەوتنە جووڵە... لەناو قوڕی حەوشەکەدا زرچەی پێڵاوەکەی دەهات... زیاتر هاتەپێشەوە... بەهێواشی کتێبەکەی دانا و خزایە ژێر لێفەکە و متقی نەکرد... هەناسەی لە خۆی بڕی... بۆ ئەو دەنگە گوێی هەڵخست... کێ ناڵێ ئەم گومانە ترسی خەیاڵی خۆی نییە؟ ترس هەزار و یەک تارمایی گومان دەخولقێنێ... زیاتریش هاتە پێشەوە... بەرەو لای پەنجەرەکە هەنگاوی دەنا... سەری خستە ژێر لێفەکەوە... هەرچی بکا... هەرچی ببێ... دەرگاکە ناکاتەوە... گەر شکاندی... لە زریکەیان یەکێک هەر بەهاواریانەوە دێ... خۆ لەم گەڕەکەدا پیاو قاتی نەبووە... زیاتر لێفەکەی بەسەر خۆیدا کێشا. بەرچاوی تاریکتر بوو... تەمێکی ڕەش و پڕ کارەسات و بێ کۆتایی ناو هەستی بوو... چۆن شێت نەبوو... دانەچووقەی پێ کەوتبوو... یەکەم جاری بوو کە تێبگا «کات» هەر ئەوەیە کە هەستی خۆی دروستی دەکا... لە خیزە خیزی هەناسەی خۆی قەڵس ببوو... بۆی بکرایە دەنگی کوتە کوتی دڵی خۆی ڕادەگرت... لە ژوورەکەدا

مەزنترین و بەرزترین دەنگ بوو... لە دەرەوەش تەپەی پێی کابرایەکە... ترسناکترین دەنگ کە بەپڕاوپڕی دەرژایە گوێیەوە... وەک بڵێی پێ بەسەر پەڕەی گوێیدا بنێ... بیتەقێنێ... هەر چوار پەلی دەلەرزین... لەودیو پەنجەرەکەوە تاوێ دەوەستا و تاوێ نزیک دەکەوتەوە... چی دەوێ؟ بۆ قسە ناکا؟ دەرگا ناشکێنێ... هاوار ناکا... جوێن نادا...؟؟ بۆ وا بەکپی دێت و دەچێ...؟ مەبەستی نییە... ئاگای لە چییە... وا دەزانێ کەس نەماوە نەخەوێ... پیلان دادەنێ... لە شەوێکی وا سارد و تۆفدا کێ هەیە بێدار بێ...؟ یاساوڵەکانیش لە کون و قوژبنەکانا کرۆشکەیان کردووە... هێزی ئەوەیان نەماوە ئاگرەکانیان خۆش بکەنەوە... دایکی کەوتە پرخە پرخ... لێفەکەی لەسەر جووڵاند و لە پرخە کەوت... هەموو ئەندامی جەستەی ببووە گوێ... گەرم داهات... دوای چەند ساتێکی ترس و گومان و چاوەڕوانی کابرا کۆکەیەکی هاتێ و گوتی:

– ئەرێ ماڵەکە بەئاگان؟

کاوە دەنگەکەی نەناسییەوە... لەناو گەردەلوولی ترسێک کە لوولی دەدا گران بوو بەر پێی خۆی ببینێ... لەژێر دەریای قوولی ئەو گومانەدا... کەرێک بوو گوێی لە هیچ نەدەبوو... دووبارە پرسییەوە:

– ئێوە زندوون؟!

ئەمجارەیان دەنگەکە ئاشناتر کەوتە بەر گوێی... دەنگەکە شەڕ و تووڕەیی لێ نەدەباری... کەمێک لەو ترسەی ڕەواندەوە... خوێنی پیاوەتی و فەرامۆشی جووڵا و ئەوەندەی کەڵەمووستێک پەردەکەی لادا... لەژێر تاریکیدا هەموو شتێک ڕەش دەچووەوە... سیما و ڕووخساری دەرنەکەوت... بارانێکی بەخوڕیش کەوتبووە نێوانیانەوە... زیاتر هاتە پێشەوە... کەوتە ژێر هەیوانەکە... نێوچەوانی بەشووشەی پەنجەرەکەوە نووساند... دیسانەوە دەنگی لێ بەرزکردەوە:

– چرایەکە داگیرسێنن و بگەنە فریام...!

ئەمجارەیان بەدەنگی شپرزەیی و ماندوێتی و بێزاری دەنواند...

– عەیشێ وا دەمرێ و ئێوەش نوستوون؟!

ناوی «عەیشێ» هێوری کردەوە هاتەوە سەرخۆ... سامناکی پەڕەی دڵ و دەروونی کەمێک بەردا... ژاوە ژاوی ناو مێشکی کەمتر بووەوە... کەچی هەر لەژێر باری گومانەکەدا بوو... پرسی:



– مام عەولا...؟

– ئەوە چیتە... بیکەرەوە...

– چی بووە...؟

– عەیشێ کەوتۆتە سەر ژانی خۆی... کەسیشی لە کن نییە...

لەم غەڵبە غەڵبەدا بوون... دایکی وەئاگاهات... بۆ دڵنیایی پەردەکەی تەواو لادا... دەموچاوی هێشتا بەسەر جامەکەوە بوو... کتوپڕ بروسکێک دنیای ڕۆشن کردەوە... بۆ ساتێکی کورت ڕووخساری مام عەولای بینی... لووتی بەسەر جامەکەوە پان ببۆوە... سەیر هاتە بەرچاوی... لووتی قوولە ڕەشەکەی فلیمێکی وەبیرهێناوە... کاوە گەلێ حەز بەسینەما دەکا... فلیمی کوڕەئازا و تەڕەزان و هەرقەل و ماشستی و... هیندیش... لەگەڵ مچەی هاوڕێییێ بەدزییەوە دەچن... فەرهاد لەگەڵ باوک و دایکیا دەچێ... لۆجیش دەگرن... زۆریش ناچن... مچە لە کاوەش زیاتر دەچێ... لە باوکیشی ناترسێ... جگەرەش دەکێشێ... زۆرجار بینیویەتی کە جوێن بەباوکی دەدا و بەردی تێ دەگرێ... بەزۆریش پارەی لێدەسێنێ... کاوە پێکەنی... نەیزانی بۆ پێدەکەنێ؟ خۆشی ئەم ئەنجامە چاوەڕوان نەکراوە بوو... یان لووتی مام عەولا خستیبیە پێکەنین... هەر کامیان بێ؟! خۆ ئەو ترسی ڕەشەبا و تاقیکردنەوەی بەیانی بیرچووەوە... گەر دزێک بووایە چی دەکرد؟ تەواو زەندەقی دەچوو... دەمرد... بەیانی بۆ فەرهاد و بۆ مچەشی دەگێڕێتەوە... گێڕانەوەیەک: بترسن... لە بێ ئاگایی خۆی دایکی لێی پرسی:

– باوکتە...؟!

– نا دایکە... مام عەولایە... پورە عەیشێ منداڵی دەبێ!

دایکی لێفەکەی لەسەر خۆی لابرد... لەژێر باری بێ هێزی و خەوێکی قورس هەستایەوە... بەرەو دەرگای ژوورەوە ملی نا... کردییەوە... بەخشە خشی سۆلێکەوە هەنگاوی ورد و خێرای دەنا. ڕووەو ئەو پەیژەیەی دەمەو ئێوارە کاوە خستبووی... بێ هۆ خستبووی... دایکی بەپەلەپروزێ بەدیوارەکەی هەڵسپاردەوە... ئەو دیوارە نزمەی لە یەکدی جیادەکردنەوە... ئاوڕێکی خێرای لە هەردوکیان دایەوە... خێراتر بەپەیژەکەدا هەڵگەڕا... لەسەر دیوارەکەوە بۆ پەیژەکەی ئەودیو... لەوێوە بۆ حەوشەکە... بەرەو لای عەیشێی سک پڕ و تەنیا... مام عەولا سەیرێکی کاوەی کرد و بەنەرمە تووڕەبوونێکەوە گوتی:

– ئێوارەیەکی دیکە پەیژەکە نەخەی... شەکەتت کردم... ئەوەندەی نەمابوو ملم بشکێ...

ویستی وەڵامێکی بۆ سازبکا... نەیکرد... شەرم دایگرت... زانی مام عەوڵای چاوکز بۆ هەنگاوەکانی لە هی دزێک دەچوون... مۆسیقا مەزنەکەی سروشت دەیخرۆشاند... کاوە و مام عەوڵاش لەژێر ساردی و تاریکی هەیوانەکەدا مت وەستابوون... چاوەڕوانی زریکەی ساوایەک بوون تێکەڵ بەرێژنەی باران و گڤەی ڕەشەبا و چەخماخەی بروسک و خۆشی دوای ترس بێ... چاوەڕوانی هەردووکیانی مات و سەرسام و سڕ کرد...

مام عەوڵا ڕووەو ئاسمان نیگای هەڵبڕی... بەسەر و سیما و سمێڵی تەڕەوە بەسەر باڵای کورتی کاوەدا نوشتایەوە... دەستێکی سارد و لەرزۆکی پڕ لە میهرەبانی و خۆشەویستی و باوکایەتی بەسەردا هێنا و گوتی:

– جارێکی دیکە نەترسی...

– ئاخر...

دوای کەمێک بێ دەنگ بوونەوە... دەستێکی بۆ گیرفانی برد... پاکەت و شقارتەکەی دەرهێنا... جگەرەیەکی ئاگردا و لە کاوەی پرسی:

– گەر کوڕ بێ حەز دەکەی ناوی چی بێ؟!

کاوەش... تا چاو بڕ دەکا سەیری ئاسمانی بێ کۆتایی کرد... تا ئەم دەمەش هەر لێڵ و ڕەش دەچووەوە... بارانیش بەخوڕ دەباری و ئاسمان و زەوی بەدەم یەکەوە دەدووری یەوە... گوتی:

– گەر کوڕ بێ با ناوی «باران» بێ...!

هەردووکیان گوێ قوڵاغی زریکەیەک بوون... چاوەڕوانی «باران» بوون لەدایک ببێ...!!

هەولێر – سەرەتای «١٩٧٦»

* لە ژمارە «٣٢٧»ی «هاوکاری» بڵاکراوەتەوە.



## لەودیو دەرگا ئاسنینەکەوە

«سەرەتای مێژووی هەموو مرۆڤایەتی بە
برسێتی و خۆشەویستی دەستپێکردووە.»
*وتەیەکی "بوزا"یە*

هەندێ ئێواران... هەست بەخۆشییەکی بێ سنوور دەکەی... وەک خۆشی زەوی وشکی بەر باران... خۆشی یەکەم باڵەفڕەی چۆلەکەیەک... پەپوولە ئاسا شنەبایەک فڕینت خۆشتر دەکا... سووکتر دەڕۆی... دەترسی وەک توێژاڵێکی تەنک بەیەکجاری لە توێکڵی زەوی ببیتەوە... یا ببی بەباڵندەیەک بەئاسماندا بەرز بفڕی... بۆ هەتاهەتایە ببیت بەهێمای ئەو خۆشییە کتوپڕ و ناوەختە... بۆیە هەوێنی خەمێک دەگریتەوە... یان دەتگرێتەوە... کارەساتە مەزنەکان دەخەیتەوە یادت... هەندێ یادگاری تفت و تاڵی منداڵی... ڕووی گرژی باوکە توند و تووشەکەت... هەندێ لەو پرسانەی دڵیان کوڵیوی... ئەو شەڕ و برسێتی و لافاوانەی لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو خوێندوتنەتەوە... گەلێ بەخۆشیش ئاشنا نیت... خۆشی وا کورت و کەم خایەنیش دەتترسێنێ... لەم ساتەدا دەتوانی ببی بەفریشتە یا ئەهریمەن... تۆ وای... هێزێکی جادووگەرانە داتدەگرێ...!

ئێمڕۆ ئێوارە... لەگەڵ هەموو هێمنی سەر ڕووخسارت... دەریایەکی تۆڵە لە ناختا شڵپ و هوڕیەتی... بۆیە بەناخی خۆتا شۆڕدەبێتەوە... دەتەوێ ماسییە وردەکانی شادیت بخزێنە قووڵایی دەریایەکەوە... نەبا لەگەڵ شەپۆڵە شێتەکانیا بکەونە سەر لمی کەنار... خۆش نابێ لەم ساتەدا شتەکان تێکەڵ و پێکەڵ بن.

ئێستاش وا خۆر ماڵئاوایی لە خەڵک و شەقام و خانووەکان دەکا... هەموو شتێ کەوتۆتە ژێر تارایەکی تەنک و ئاڵ... لای تۆش دەموچاوە جوان و ناشیرینەکان... ئەو ڕووانەی زەردەخەنە یا خەم دەبارێنن... مەزن و فریشتانە خۆیان دەنوێنن... دنیا وەکو کچێکی خەوتووی بەر مانگەشەوی لێ دێ... کە بەئاسانی ماچ بکرێ...!

ئێمڕۆ ئێوارە هەمان شادی دایگرتووی... هۆی ئەم شادییە کتوپڕەش نازانی... دەشێ

خۆشی ئەوە بێ کە ئێمڕۆ ئێوارە وا بەڕێوەیت... دەچیتە دیدەنی ژنێک؟! زەمانی زوو خۆشت دەویست... گوایە ئەویش خۆشی دەویستی... بەڵام ئاخ کە جار جارە بەمنداڵی دەزانی... کەچی تۆ خۆت بەپیاو دادەنا... گومانت لەوە نەدەکرد... سمێڵێکی لاکێش و قنجت بەردابۆوە... دەنگت... تا دەهات کەرخ و نێرانەتر دەبوو... قوڕقوڕاگەشت وەک تۆپێکی بچووک... لە کاتی شت قوتدان و ئاو خواردنەوەدا بەرز و نزم دەبووەوە... خوێنێکی گەرمتر لە دەمارەکانتا کەفی دەکرد... شەوانیش خەونەکانت پڕ دەبوون لە ئافرەتە قەرەجەکان... چیرۆکێکی زۆری دەردی دڵداریت دەزانی... وات دەزانی... دەتوانی دڵی کچێکی کاڵی پێ ڕابگری... بەڵام ئەم ژنەی ئێمڕۆ ئێوارە دەچیتە دیدەنی... توانی بتخاتە ژێر شاخی خەمێکی مەزن... گاڵتەی بەهەست و نەست و خەون و خەیاڵاتت کرد... ڕابردوو و داهاتووت... بوونت... بەس ڕۆژگار دێ و دەڕوا... ئێمڕۆ ئێوارەش... لەوە دەچێ چی ڕووبدا لە بەرژەوەندی تۆدا بێ...!

ئێوارەیە و گەیشتیتە بەر دەرگای کۆشکی ئەو کۆنە خۆشەویستەت... مێشکت ببووە جێ مەیدانی شەڕەکەی تەڕوادە... گوتت... بەگوێرەی ئەم ناوونیشانە خۆیەتی... بێ ناوونیشانیش بۆنی ئێرەت دەکرد... گەلێ یاد و حەز و ئاوات لەبیر دەکرێن... ئەوەیان نا... لەبیر ناکرێ... لەگەڵ ئەو هەموو ترسەش... ئەو ترسەی لێت دەنیشێ... کاتێ لەپشت هەر دەرگایەکی ئاسنینی گەورەی سێپەردەیی دەوەستی... بەڵام خۆشییە هەرە خۆشەکە بەری نەدابووی... بەڵام نەخێر... ئێوە... گەنجی ماڵە هەژارەکان... کاتێ لەپشت دەرگا گەورەکانەوە دەوەستن... گەلێ دەترسن... لە ژوورە پان و پۆڕەکان... ژووری پڕ بۆن و بۆیە و ڕەنگ... پەردەی گوڵی گوڵی... باخچە و چیمەنێکی تەڕ و تێر... کورسی... گوڵدان... مووبەقی چەور... تابلۆی قەشەنگ... سیسەمی نەرمی دووکەسی... بانیۆ... تارمەی فێنکی بەر زەردەپەڕی ئێوارە... زۆر شت... شتی زۆر... هەر شتێ لە ماڵەکانیان چیرۆکی فیز و هەوا و ئەتەکێتیان دەگێڕێتەوە... تاق و پەنجەرە و کون و کەلەبەر نامێنن پڕ نەبنەوە... پشیلە و سەگەکانیشیان ناو ناسنامە هەڵدەگرن... وەک هەر لاوێکی گەڕەکە تاریک و کۆنەکان... «تۆ» یەک پەروەردەی ماڵێک بیت... شوورەی کوێرەوەری بوو بێ... هەڵگری ساڵانێکی پڕ دەردی منداڵی... وێنەی تەڵخی چەند کچێک... بەرلەوەی بگەنە هەورازێکی سەخت... لە سەرەتای ڕێگاوە جێیان هێشتی... گرنگ نییە... ئێستا پەنجەی شایەتمانەت نایە سەر زەنگەکە... داتنەگرت... لە سیحری ئەو خۆشییە بەهێزتر بووی... باڵاتر بووی... مت وەستا بووی... کەوتیتە خەیاڵ:



«ئەم دیدەنییەم... گەر خەمناک بێ... چاوەڕوان نەکراو... یا پڕ کارەسات و فەرتەنە بێ... دوورە لەوەی ئاسایی بێ... کتوپڕ و سەیر لای ئەو دەکەوێتەوە... کۆڵان نەبووایە... سووڕم دەخوارد... دوای ئەوەندە ساڵە... زۆر شتم لێ گۆڕاوە... دەشێ من هەست بەخۆم نەکەم... ئەو ئاگادارتر دەبێ... کاتی خۆی پێم دەگوتی:

– تۆ ئاوێنەمی...

پێدەکەنی و دەتریقایەوە... بەدەم تریقەیەکی ناسکەوە... سەر و قژەکەی بەدواوەدا دەکەوت... ژێر گەردنی زەردی وەدەردەکەوت... زیاتر دەیشێواندم کە پێی دەگوتم:

– بترسە... نەبا ڕۆژێک ژەنگ بمگرێ...!

ئیتر هەر بگەمە ژوورەکەی دەست دەکا بەپرسین و تێبینییە وردەکانی خۆی... ئەو تێبینیانەی ساڵانی هەرزەکاریم دەیان کوشتم... ئێستا ئەوسا نییە... جیاوازە... پاش ئەوەندە ساڵە ڕەشەبایەکی زۆرتر و شێتتر... لوولیان داوم... بارانی بەخوڕی زستانێکی زۆر بەسەرما باریوە... ئەویش وەک جاران نەماوە... زیرەکتر بووە... دەتوانێ باشتر بمخوێنێتەوە... چەک و کەرەستەیەکی زۆرترم وەدەست هێناوە... چەند شەڕێکی کوشندەترم دیوە... لە چاوی قەیرە کچ و ژن و بێوەژن و کیژۆڵەی گێل و گەمژەڵی ئەم چەرخە... من کەسێکی دیکەم... کوڕی ئەوسا نیم... ئەوسای ماڵئاوایی... ماڵوێرانی... هەر هیچ نەبێ بەسەر پێپیلکەیەکی ئەم ژیانەدا سەرکەوتووم... لای ژنانیش گرنگ سەرکەوتنە... هەتا گەر سەرکەوتنی بەرەو خوارەوەش بێ... کەس لە خوارەوەی خۆیان نابینن... ئای کە گێل و هیچ نەزانە...! کەواتە ئەم شەڕەمان خوێناوی دەبێ... خۆ حەزیش ناکەم بیر لە تۆڵە بکەمەوە... بەڵام ناتوانم... لەم حاڵەتەی منا کەس ناتوانێ... ژنێک خۆی بەزیرەک دادەنا... دەیویست وەک حەوای دایکی... ئادەم ئاسا بمخاتە ناو دۆزەخی ئەم زەوییەوە... بیرم دێتەوە کە چۆن شووی بەم گەلحۆیە کرد... لە چیدا لە سەرووی منەوە بوو...؟ زەویوزار... باخ و بێستان... مووچەی... شەقام... خانوو... ڕیزە دوکان و سینەما... ئوتمبێل...؟ نازانم... بەڵام هەیبوو... ئەی من؟ هیچ... ئێستا دنیای مێشک و خۆبەختکردن و لێبوردن جێدێڵم... ئەو کە جێی هێشتم... تێکی شکاندم... دووقەدی کردمەوە و فڕێیدام... نەیدەزانی چەندەها شەو خەونم پێوە دیوە... چەندیش لەژێر لێفە شڕەکەما بۆی دەگریام و کەس نەیدەزانی... ئێمەی ڕۆژهەڵاتی... پیاوانی گریان و ئاخ و ئۆف و شەونخونی پشت دیوارە ئەستوورەکان... پیاوانی تێکشکان و ڕووخان و سووتان... ئەمجارەیان بەخوێن و گۆشت و دەماری کینە و

تۆڵە بیردەکەمەوە... ئای کە چیرۆکێکی درێژە... ورد و درشتیم بۆ ناگێڕدرێتەوە... جا بۆ...؟ کێ بەڕێگایەکی ناخۆشدا دەگەڕێتەوە... یەکەم سەفەر شەکەتی کردبێ... تەنیا یادی ئەم شتانە ماندووم دەکەن... وێنەی سەدەها ئافرەتی لە چوارچێوەی دڵما شێواند... لە ئاوێنەکەما وەک جڕ و جانەوەر دەردەکەوتن... لە تونێلێکی تاریکەوە بۆ مەرگم هات... ناکرێ لەبیری بکەم... ئەو ساتە لەبیر بکەم... کە بۆ دواجار بوو بینیم... بەرانبەرم دانیشتبوو... تەنیا مەترێک لێمەوە دوور بوو... لە دوو کورسی ڕووبەڕووی یەکتریدا... لەژێر ئاسمانی ئێوارەیەکی درەنگ... لە ماڵە بێ نازەکەی خۆیان... چاکم ئاگالێ بوو... یاری بەئەڵقەی زێڕینی پەنجە نەرمەکەی دەکرد... ئەو پەنجەی حەزم دەکرد وەک قەند بیکرۆژم... تیشکی گڵۆپێکی نەعلەتی لە ئەڵقەکەی دەدا... باریکە تروسکە و شەوقی دەپرژایە چاومەوە... منیش لەبەر ئازاری ئەو تروسکە و ژان و دەردی دڵی خۆم... چاوەکانم دەنووقاند... وەک پشیلەیەکی کز و برسی... مات ببووم... چاوەکانم هەڵنەدەهاتن... بەزۆرداری وێنە شیرینەکەی ئەویان دەگرتە خۆیان... بەبزەوە سەیری دەکردم... کافرانە لێم وردەبۆوە... گەلێ بێباک بوو... ئای کە زوڵم بوو... زۆربەی ئێوارەکان ئەو ئێوارە دوورەم بیردەخەنەوە... لەوە ناخۆشتر چی هەیە...؟ ئێوارەیەکی درەنگ... هەواڵی کۆست و کارەساتی خۆشەویستی خۆتت بۆ بهێنن... ڕمانی دوا پەرستگای ئەوین... خۆشترین ئەوین... نەیهێشت... هەر بەئەنقەست نەیهێشت... بۆ خەم نەیهێشت... لێی بپرسم... ئەو کۆدەتایە... کتوپڕە بۆ...؟ ئەم شۆڕشە سوورە بۆ...؟ چ ئافرەتێک ئەم هەموو قینە پڕ لە گاڵتەیە لە دڵیا دەشارێتەوە...؟ وا خۆم دەنوێنم گوایە بێباکم... باسی ئەو کچانەی بۆ دەکەم کە لەدوای ئەو خۆشیان ویستووم... تێی دەگەیەنم کە من ئەو کوڕەی جاران نیم... وا باسی خۆمی بۆ دەکەم... وەک باسی پایتەختێکی قەشەنگ و گەورە و قەرەباڵغ بکەم... هاوینەهەواری جوانی قەد پاڵی چیایەک... یا دەریایەکی قووڵ و پان و پۆڕ... شتێک کە سنووری نەبێ... هەزار ڕەنگ و هەزار دەنگ بێ... هەموو هێزێکی ئاشکرا و نادیار... دەخەمە کار... فریشتەیی بێ یا ئەهریمەنیانە... دەبێ زاڵ بم... وەک چۆن چەند ساڵێک لەمەوبەر خۆی زاڵ کرد و... پێدەکەنی... گاڵتە بەو شتانە دەکەم ئێستا هەیەتی... دەیبن... یا هەیبوون... هەرچی فەلسەفە و زانیاری مرۆڤ هەیە... لە گفتما بەکاری دێنم... دەبێ هەست بەشەرم و پەشیمانی بکا... لە چارەکە سەعاتی یەکەمدا وڕ و کاسی دەکەم... دەیخەمە گریان و قوڕ پێوان... هەرەسی پێ دەهێنم: وەک شاخێکی مەزنی بن کۆڵ.»

بەلای ڕۆژئاوادا ڕوانیت... هەزاران هەزار میل لێتەوە دوور بوو... بەڵام هەستت دەکرد



گەلێ ئاشناتە... ئاشنایی قووڵ و کۆنی تۆ و ئەم زەوییە... دوو ڕمی مابوو ئاوابێ... چەند پەڵە هەورێکی زەرد و ئاڵ بەدەوریا مەیی بوون... دیمەن و شێوەی سەیریان وەردەگرت... وەک چەند باڵندە و گیانلەبەرێکی کێوی و ماڵی دەهاتنە بەر چاوت... شتە زندوو و مردووەکان سیحراوی بوون... سیحرێک دەخەنە سەر ئەو هێزە شاراوەی تۆڵە سەندنەوە... بۆ ئەو شادییە سەوزەت... دنیا چوارچێوەیەکی زێڕین بوو... بەلای ڕاستتدا ڕوانیت... چەپ ڕوانیت... گەڕەکەکە لە دەریای هێمندا نقوم ببوو... گەڕەکەکە پیس و پلۆخ و پڕ ئاژاوەکەی خۆتان بیرکەوتەوە... منداڵە ڕووت و مل باریکەکانی ناو قوڕاوی کۆڵان... لە گەڕەکێکی وادا... هەست دەکەی دەوڵەمەندەکان بێ منداڵ بن... یا هەر بەگەورەیی لەدایک بووبن... شەقام و شۆستەی پاکی بەرماڵەکان چۆڵ بوون... کپی و بێ دەنگی دەوروبەر ماتی کردی... کەواتە تازە بزانی... ساڵەهای ساڵە... لە گۆڕستانێکا ژیاوی... مردووەکانی هەردەم بەئاگان و لە شەڕدان... دەبێ تۆ شتێکیان بۆ بکەی... کەچی تۆش تەرمی ئەوینێکی قورس لەسەر شانتە و... ساڵانێکە نەتناشتووە... سکت بەخۆت و گەنجی ماڵە هەژارەکان سووتا... لەم ساتەدا دەتویست کەسێ دەرکەوێ... هەر کەسێ بێ... لێی بپرسی:

– ئێمە بۆ ناژین... کێ بەرپرسیارە؟ خوا... شەیتان... دڕندە... چەتە... پۆلیس... دەوڵەمەندەکان... سەگە بەڕەڵلاکان... کێ بەرپرسیارە؟

کەس دەرنەکەوت... کەس نەبوو بەڕوویا پێبکەنی... بگری... بەشەڕ بێی... نەفرەتی لێ بکەی...! خۆت گێل مەکە... چاک دەزانی کێ بەرپرسیارە!

لە ترسی کوژانەوەی ئاگری شادیت... پەلەی ئەوەت بوو دەست بەزەنگەکەوە بنێی... گەر ئەم بورکانی ناخە دامرکایەوە... چی بکەی...؟ گەر خەمە کوشندە و هەمیشەییەکانت سەری لێدایتەوە... چی بکەی...؟ ئەی ئەگەر هێز و توانای تۆڵەت نەما...؟ نا دەبێ هاملێتێکی سەرکەوتوو بی... تۆڵەی پاڵەوانانی شانۆگەری و ڕۆمانەکان هاتنەوە یادت... ئیمڕۆ ئێوارەش... تۆ و ئەم ژنە بێ دین و دڵە شانۆگەرییەکی دوو قۆڵی بەڕێوە دەبەن... پاک و خاوێن... کەمێک بۆن... بەوپەڕی ڕۆمانسییەتەوە... قژیشت لە ناوەڕاستەوە کەرت کردووە... هەر بۆ زیاتر دڵگیری... کاکۆڵێک لەو قژە تەنکەت خستووەتە سەر برۆی چەپت... نارێکیش نیت... لە دەمی زۆر کچ دەبیستی... دەڵێن: قۆزی... زەردەیەکت هاتێ... بەڵام هەر جلە کۆنەکانت لەبەردا بوون... تا وا نەزانێ گرنگیت بەم دیدەنییە داوە... دەشێ لەوەیاندا بەهەڵەدا چووبی... تۆ وات حەز کرد... مەزنی لە بێباکی دایە... خوڵقی

بێبـاکـیش ژن دەکـوژێ... ئەوەش یەکـێکە لەو فـەلسـەفـە پووچانەت... تۆ ڕێز لە هەمـوو فەلسەفەکانی خۆت دەگریت... هەر جارێک... کە ئارەقی خۆشەویستی هاوڕێکانت دەخاتە سەر سەما... پێیان دەڵێی:

«– ئێوە سارد بن... ئەوان گەرمن... گەر وشک بن... ئەوان سەوزن، کە جێیان هێشتن... پێبکەنن... بزەی سەرکەوتنیـان دەکـوژێتەوە... دەتـوێنەوە... مەگـرین... ڕۆڵەکـانم نەگـرین... دەریایەک فـرمـێـسک هەڵـڕێژن... ئەوان سـواری بەلەمی حـەزێکی تازە دەبن... هەر لەم دەریایەوە بەعاشقە تازەکانیان دەگەن.»

هێشتـا ئەم کورتە موحازەرەیە تەواو نـاکەی... هەر یەکەی جڕتێکی پڕ بەدەمی خۆیت بۆ دەکـێـشێ... شـارەزای ناخ و ناوەڕۆکی توخمی مـێینەی... مـۆخـیـان دەناسی... بەڵام نا... نەکـەی... خـەریکە مـوچڕکـێکی مـرۆڤـانە... ختـوورەی مـەردی و پیـاوەتی داتبگرێتـەوە... دیسانەوە... وا خەریکە جیوەی هێزت شەیتانیت دابەزێتەوە... بۆ تەنیا جارێک... وەک ئەو خەڵکە بیر نەکەیتەوە...؟ یاسای کۆنی «حەمورابی» زیندوو نەبێتەوە؟ ددان بەددان... چاو بەچاو...

پەنجەی شایەتمانت هەر بەسەر زەنگەکەوە بوو... بەرلەوەی دایبگری... بەهەمـوو هەست و توانـاتەوە... هەر بەو خـەیاڵە توند و تەڕەت... دەتویست بچـیـتـە ژوورەکـان... کـەوتیـتـە هەڵپەی ئەوەی بزانی... لەناو ئەم قەڵایە چی ڕوودەدا...

«ئاخۆ تەنیـایە... یا مێردەکەی لە مـاڵەوەیە...؟ نابێ لەوێ بێ... پیـاوی پڕۆژە زل و هەرە گەورەکـان... ئەو پڕۆژانەی دەفتـەری پان وەک بەرەیان دەوێ... ژمـارەی زل و زۆر... قورس و درێژ... ژمـارە... ژمـارە... لەسـەر ژمـارە... ژمـارە لەتەک ژمـارە... کـۆکـردنەوە... دابەشکردن... دەرهێنان... ژمـارە... ژمـارە... ژمـارە... ئای کە قـوتابی سـەرەتـایی بووم... لە ژمـارە و پێـوان چەند بەستەزمان بووم... دەیەها جار لە ترسی مامۆستاکەم... میزم بەخۆما دەکرد و بەقاچ و قولما دەهاتە خـوارێ... کە بۆ سـەر کورسییـەکەی خۆم دەگەڕامەوە... پێڵاوەکەم... یا پۆتینە لاستیکەکەم فلقەی دەهات... منداڵە چەتوونەکانی هاوڕێم پێدەکەنین... منیش چی بکەم... لە شـەرمانا بەدڵ و بەچاو دەگریام... لە زستـاندا بۆ سـاتەوەختێ گەرم و خـۆش بوو... دوایی هەستم بەساردی دەکرد... پێی قەڵس دەبووم... لە هاوینیشدا فـێنک بوو... پاشان پێستەی ڕانی دەسـووتـاندم... ئـاخـر چۆن ببم بەبازرگـانێکی گـەورە... قـۆنتـەراتچی... پیـاوی ئەو پڕۆژانەی ژمارەی زلیـان دەوێ... هەر لە منداڵیـمەوە لەگەڵ ژمـارە و خزمـەکانی دۆستـایەتیم نەبوو... دایکە کـلـۆڵەکـەم... تا ئێـسـتـاش بەچل دەڵێ «دوو جـار بیـسـت»... چۆن لەڕی و



لاوازیم لە دایک و باوکەوە بۆ ماوەتەوە... دیارە نەبوونی و نەهاتیشم لەگەڵ ژمارەدا... هەر لەوانەوەیە... نا... ئەم شتانە نامرۆخێنن... ئێستا تەنیایە... مێردەکەی بەدوای پڕۆژەکانیەوە ڕادەکـا... گەر تەنیـاش بێ... شـەڕەکـەمـان خۆشـتر دەبێ... دەبێ پاش ئەم چوار سـاڵە هیچ منداڵێکی نەبووبێ... دەبێ چۆن بێ...؟»

سـەرت بەرزکـردەوە... درێژی و پانـی و بەرزی کـۆشکـەکـە سـەرنجی ڕاکـێـشـای... سڕ و سەرسامی کردی... چۆنە لایەنە لێـپرسراوەکـان نـایکەن بەخەستـەخانە... خانووی هەتیـوە زۆرەکانی ئەم شارە... چێشتـخانە... شێـتخانە... خانەیەک لە خانەکـان...؟؟ ئەم کۆشکە زلە تەنیا بۆ دوو کەسە...؟ شەوانە کە درەنگ دەگەڕێتەوە... لەم جۆرە کۆشکانە دەبینێ... تەنیا ژوورێک یان دووانی داگیرساون... کەچی ئێوە... منالانی ماڵە هەژارەکـان... ماڵی تەنیا یەک ژوری... ڕاهاتـوون... هات و هاوارتان... هەناسـەتان... تف و جنێـوتان... ئارەقـەتان... چڕەدووکـەڵی باوک... لایەلایەی پڕ خـەمی دایک... گـڕەی پەرمێـز... هاژەی گـۆرانییـەکی بریندار... کـە لە ئاشی ڕادیـۆکـانەوە دێ... تێکەڵ بەیەکـتـری دەبن... بۆیە کـە لەبەردەم ئەم جۆرە کۆشکانە دەوەستن... گەلێ هەقـتانە بترسن... ئاخۆ دیدەنی پاش چوار ساڵ لە ئازار و خـەم و برین چۆن بێ...؟ بەڵام... لە هەمـووی خـۆشـتـر... ئەوەی ئەوپەڕی لەززەتـە... تەزوو دەخاتە دەمارەکـانتەوە... باڵی پێ گرتووی... خۆی ویسـتوویەتی... بۆ ئەم دیدەنییە هەوڵی داوە... بەدرێژایی سـاڵی ڕابردوو... ئەوەت زانیـوە دەیەوێ بتـبینێ... هەمـوو ئەو کەسـانەی بەنهـێنی چیـرۆک و تراژیدیای ئەو خۆشەویسـتییـە دەزانن... پـێیـان ڕاگەیاندووی... گەلێ عـەودالە... چی دەوێ...؟ دوا جـار پەردەی لەسـەر ڕووی خـۆی هەڵـمـاڵـیـوە... خـۆزگـەی ئەم ڕۆژەت بوو... دیارە سەرەمەرگە... ئافرەت تەنیا لە سەرەمەرگدا بانگت دەکا... پێیان وتی... لە هەمـوو شـوێنێ ناوت شەکـرە شـیـرینەی سـەر زاریەتی... لێت دەپرسێ... وەک عـاشـقی گـۆرانیـبێژێکی غـەمبار... کە بۆ دوا هەواڵی بگەڕێ... دوا گـۆرانی... دوا دەستگیران... دوا چیـرۆک... کـەمـێک زیاتر لە پێـویست هەڵچـووی... قـەڵەباڵغ دیاریت... سێ چوار دڵۆپە ئارەقە... بەسـەر لوتتەوە دەتروسکێنەوە... بیانسڕەوە... خۆ خڕکەرەوە... لەسەرخۆ... هێمنانە بیربکەرەوە... با ڕیس نەبێتەوە بەخوری... دوای ئەوەی دەست بەزەنگەکەوە دەنێی... دوای چەند سـاتێکی چاوەڕوانی خـۆی دێ... ئای کە خۆی دێ... بەدەنگە ناسکەکـەی جارانی... دەڵێ: «کێیـە؟» تۆش دەتەوێ وەڵامی نەدەیتەوە... تا دیدەنییـەکە کتوپڕ بێ... کە دەزانێ تۆی... بەنازەوە دەرگـاکـەت لێ دەکـاتەوە... لەش و لارە نەرم و شلەکـەی شـەپۆڵ دەدا... گۆشتی پڕی سەر کەفەڵ و سنگ و لا ڕانی دەکەونە سەر سووکە لەرز و سەمایەک... جاران

وا بوو... دێ و وەک تاووس خۆی دەلەنگێنێ... لەژێرکراسێکی تەنک و سوور... زەرد... سەوز... نازانی... بەڵام کاتی خۆی ڕەنگی سەوزی بەلاوە پەسەند بوو... ئێوارەیەکی فێنکی بەهارە و... سەوزیش ڕەنگێکی بەردڵە... دەشێ بۆنی سابوون و گەرماوی چەند ساتێکی لەمەوبەری لێ بێ... ئەو بۆنەی حەزی لێ دەکەی... چەند جوانە دیدەنی نێوان کوڕە قەرەجێک و شاژنی کۆشکێکی وا قەشەنگ... وەک خەون و ئەفسانە وایە... بەخۆت نەبوو... کەوتیتە هەزاران وردە پرسیار:

«بۆ لە بیری نەکردم... بۆ لەو بەهەشتە پڕ لە نازەی خۆیا لەبیری نەکردم...؟ لەو بەهەشتەی هەموو کچێک خەونی پێوە دەبینێ... ڕووتەڵەیەک... قەرەجێکی وەک منی لەبیر نەکرد...؟ چۆن لەبیری بکا...؟ منێک کەوا...»

نا... ئەم نهێنییە با لای خۆم بێ... منیش شێتێکی گەورەم... لە هەر قوژبنێکی ئەم دنیایەدا... کێ ئێمڕۆ ماوە... بەیادی ئەوینێک بژێ کە تەواو مردو و بەسەرچوو...؟ چەند هەزارەها شەو تێپەڕیوە و لەناو دۆزەخی گەرمی ماچەکانیا لەیادی کردووم... ئای ژن... تەنیا لەگەڵ پیاوێکا ڕابکشێی... هەموو شتێکی دیکەت لەبیر دەچێتەوە... چۆن توانیت بەسەر تەرمی منا باز بدەی...؟ باسکت خستە ژێر سەری یەکێکی تر...؟ کە من بەهێواشی دەمردم... تۆ ئارەقەی سەمات دەسڕییەوە... پێی ناوێ... هەمووی ڕۆیشت... بەس پێویستە ئێمڕۆ ئێوارە... ئەکتەرێکی بلیمەت بم... پاڵەوانێکی شێتی تۆڵە... ئەگەر پێستە سپییەکەت بکەی بەڕەشماڵ... ڕەشەبامی تێ بەردەدەم... گەر بووی بەزەوییەکی وشک... من نابارم... چاوەکانت ببن بەزەنگی کەلیساش... هەزارساڵیش زرنگەی بێ... گەر عیسا بم ڕووی تێ ناکەم... بەرانبەری پەیکەری باڵاکەت... قەت نانوشتێمەوە... قێز و بێز لەو لەش و لارەت دەکەمەوە... ئەو لەش و لارەی دەیپەرستی... چەوری دەکەی... لووسی دەکەی... گەندەترین مووی لێ لابدەی... بەلەززەتێک و سەرسوڕمانەوە... لە ئاوێنە بازنەییەکانەوە سەرنجی لێ دەدەی... نەخێر نامجولێنی... وردترین دەماری پیاوەتی چییە... دەیسووتێنم... هەرگیز گەشتێک بەناو کۆڵان و شەقام و کون و قوژبنی لەشتدا ناکەم... دەبێ وات لێ بکەم... وەک مۆمی بەجێماوی ئێوارەیەکی زۆر درەنگی سەر گۆڕی پیاوچاکێک بتوێیتەوە... بتوێیتەوە... دەشێ وا هەست بکەی بەتاڵە موویەکی زوڵفت بمبەستیتەوە... نا... نەخێر... با زوو کەم... کەواتە با دەست دابگرم و زەنگەکە ژوورەکان بلەرێنێتەوە... ئەگەر بزانێ منم... شاگەشکە دەبێ... بزانێ منم... زەنگەکە لە دڵیا لێ دەدا و دەنگ دەداتەوە...»



بە هێمنییەوە... یەک... دوو... سێ چوار جار دەستت بەزەنگەوە نا... شێت و شەیدا و چاوەڕوان بووی... چاوەڕوانی ئەو ساتە پڕ خۆشی و ترسە... هەر ئێستا پەردەی شانۆ دەکرێتەوە... دەست پێ دەکەی... ماوەیەکی درێژ وەستای... هیچ دەنگ نەبوو... بۆنی گۆڕستانێکت کرد... لەگەڵ خشپەیەک ئاوڕێکی دواوەت دایەوە... زەلامێکی خڕ بەجادەی کۆڵانەکەدا غل دەبۆوە... خێسەی لێ کردی... چاوەڕوان بووی... دوورکەوتیتەوە... ئەمجارەیان... بۆ ماوەیەکی درێژتر... یەک داگرتن پەنجەت داگرت و هەڵتنەگرت... ژوورەکە زۆر لەوە دوورتر بوو... گوێت لە زرنگەی زەنگەکە بێ... دوای چەند چرکەیەک چاوەڕوانی... خشە خشی سۆڵێک هاتە بەر گوێت... کەسێک بەزۆرداری سۆڵەکەی بەدوای خۆیەوە ڕادەکێشا... تا گەیشتە ئەودیو دەرگاکەوە... لەوە دەچوو چەند میلیێکتان لە نێوان بووبێ... چاوت نەتروکاند... دەرگا زلە ئاسنینەکە کەلێنێکی تێکەوت... هەر لە کەلێنەکەوە دەموچاوێکت بینی... ئەو ڕووە نەبوو کە ساڵەهای ساڵ بوو... پێی ئاشنا بووی... ڕوویەکی چرچ و پڕ لۆچ و ناشیرین بوو... ڕووی پیرەژنێک... پیرەژنە جادووگەرەکانی شانۆگەرییەکانی شکسپیریان بیرهێنایەوە... گەلێ سامناک و دژوار بوو... خوێن لە ڕووتا پەڕی... مردووانە بەقێزەوە... بەبێدەنگی لەژێر چاوە کوژاوەکانییەوە تێی ڕوانی... لە ترسانا پرسیارەکەت ئاڕاستە کرد:

– داپیرە گیان... ئێرە ماڵی خاتوو «نەسرین»...؟ بەپێکەنینێکی گەلۆرانەوە وتت:

– ناوەی مێردەکەشی نازانم

دەشتزانی... بەڵام خۆت گێل کرد... بەتووڕەبوونێکەوە وەڵامی دایەوە:

– نەخێر

– چۆن... وا بزانم ئێرە خۆیەتی...

پێم وتی: هەو نییە (بێ ئەوەی سەیرت بکا.)

– ئاخر وتیان...

پیرەژن ڕستەکەی پێ بڕیت و لە جاران تووڕەتر گوتی:

– ها... هووو... نێرە بدۆشەیە... کوڕم تۆ نازانی خاتوو «نەسرین» وەک دەرپێ و ژێرکراس کۆشک دەگۆڕێ...

توند دەرگاکەی بەڕووتدا داخست... تەقەی دەرگاکە کاسی کردی... لەودیوەوە هەر بۆڵەی بوو... دوا ڕستەیت بەلاوە سەیر بوو... ڕستەیەکی وا ڕووت و لە دەمێکی وا بێ ددان

بێتەدەر... بەهەناسەساردی گەڕایتەوە... گران هەنگاوت دەنا... وەک ئەوەی تەرمێک بەسەر شانتەوە بێ... زەردی بەری ئاسمانی بەردەدا و لێڵـتر دەبوو... هەموو گۆڕا... وەک گۆڕانی سروشتێک... دوای هەر ڕەشەبایەکی شێت... کۆڵانە کپەکەت بڕی و کەوتیتە سەر شەقامە سەرەکییەکە... دوا شت کە بیرت لێ دەکردەوە:

«چ ڕۆژێکە و دەبێ بێ... کە هەموو کەلاوەکان ببن بەکۆشک... ئەگینا هەموو کۆشکەکان دەبنە کەلاوە...!»

سلێمانی – کۆتایی «١٩٧٩»

* لە ژمارە «٤»ی «نووسەری کورد» خوولی دووەم – ئابی «١٩٨٠».



## بێوەژن

بەم سـەر لە بەیانییـە زووەی هاوین... بەیانی پڕ لە خەون و لەززەت و توانەوەی کـورتی شـەو... لەژێر لێـفـە تەنکەکەی هاتە دەر... لێـفـەیەکی ناوئاخن لۆکە کەم... هەسـتـایەوە... لچک و لێـوی کراس و کەواکەی بەردایەوە... دۆخێنەکەی خزا بوو... دەستی گەیاندێ و هەڵکێـشـایەوە... لەشی وشک و تینووی بیـابانێکە... بەدرێژایی پەنجا سـاڵی تێـپـەڕ و بەسـەرچوو... تەنیـا یەک سـاڵ بارانی دیوە... شەو و ڕۆژی ساڵانێکی زۆر دێن و دەڕۆن... ئەو هەر ئەو بیـابانە تینووەیە... گەلێ لە بیـابانیش بەفـیـزترە... هیچ بیـابانێکی مـەزن و گەورە تینوێتی خۆی ناشارێتەوە... بیابان دەتەقێ... دەقڵـیشێ... ڕێبوارە ماندووەکان ون دەکـا و دەیانکوژێ... گەر تووڕەش بێ... ڕەشەبای شـێـتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەنێـرێ... گوند و شار و وڵاتە دوور و نزیکەکان پڕ دەکا لە خۆڵ و تۆز... بەڵام ئەم بێوەژنە بیابانێکی وشک و هێمنە... سی ساڵی پڕ باران تێپەڕیوە... ئەم تینوێتی خۆی شاردۆتەوە... تینوو بۆ بارانی سەدەها زستان... دەیشارێتەوە... چونکە گوند و پیاوە ماقووڵەکانی نەیانهێشت... شەرم و ئابڕوو... ئەو دەڵەمەیەی لە سکیا بوو... مـامەکانی دەڵەمە... خاڵـوانی دەڵەمە... ژنانی مام... ژنانی خاڵ... خوشکانی خاڵ و مام... خاڵۆزا و پورزا و ئامۆزا... کۆبوونەوە: نابێ شـووبکاتەوە... شـوورەییـە...!! کێ دەیگوت وا زوو دەمـرێ... خۆشی ویست... شـووی پێکرد... ساڵێک نەسوڕایەوە مرد... بێوەژنێـک و تەنیایی و ساوایەک... بەس ڕۆژگار دێ و دەڕوا... ئەوەتا ئاوڕێکی لای چەپی دایەوە... سەیرێکی چیغەکەی کرد... کێ لەو باوەڕەدا بوو... ئەو بێـچووەی لە گوند و شـار... لەسەر سنگ و پشت بەخێوی کـرد... ئێـسـتـا یەکەم مانگی زاوایەتی بێ...؟؟ ئافرەتێکی ڕووسووریشی لەلاوە خەوتبێ...؟؟

ڕووەو ڕۆژهەڵات ڕووی وەرگـێـــڕا... تەم و تـاریکی شــەو گــرد و چیــا دوورەکـــانی داپۆشیبوو... هێشتا شەفەقە... ماڵەکەشیان لەسەر گردێکا گیرساوەتەوە... دەتوانێ دەیەها سەربان و ناو حەوشی نزیک ببینێ... سەدەهای نە دوور و نە نزیک... هەزارەها سەربانی دوورتر... کەڵەگەتییەکەی زیاتر وای کرد شتە نزیکەکان نزیکتر ببینێ... یەکەم بەیانییە حەز بەوە بکا چاو بەسـەربان و ناو حـەوشـەکانا بگێڕێ. لۆچی کراس و کـەواکەی سـاف

کردەوە... دەستێکی گەیاندەوە لاستیکی نیفۆکەی... زیاتر هەڵیکێشایەوە... دەمەو نوێژی بەیانە... دەبووایە وەک ڕۆژانی دیکە... هەزارەها ڕۆژانی تر... بەسەر پێپلیکەکاندا بێتە خوارێ... بەئاوی بەرمیلەکە دەستنوێژ هەڵبگرێ... بەڵام خەونە پڕ شەرمەکەی ئەمشەو لە نوێژی چوواند... بەیانیان خوارەوە... ناو حەوشەکە... ژوورەکان سارد و خامۆش و پڕ ترسن... بەیانیان بەرماڵەکەی بەرانبەر دوو وێنەکە ڕادەخا... وێنەی باوک و کوڕ... هەردوو وێنەکە هی تەمەنی گەنجێتین... ڕووخسار و ئاکاری یەکدی هەڵدەگرن... وێنەی باوکەکە زەرد هەڵگەڕاوە... سیمای مردنی پێوە دیارە... لە چەند لایەکەوە تەقیوە... جامەکەشی ناگۆڕن... نەبا وەکو ئێسقانی خاوەنە مردووەکەی ببێ بەئارد... زۆربەی بەیانیان هەر بەسەر بەرماڵەکەوە... سەیری وێنە زەردەکە دەکا و دەگری و دەکرووزێتەوە:

«زوو جێت هێشتم...!»

هەندێ بەیانیان دایدەگرێ... تێر سەیری دەکا... ماچی دەکا... بۆی دەگری و چاوەکانی دەسڕێتەوە... کە تێر گریا بەبزمارێکەوە هەڵیدەواسێتەوە.

ئێمرۆ بەیانی... لەژێر کراس و کەوا خمدارەکەی... لە نێوان تاریکی و تەمی ئەم بەیانییە زووەدا... لە دوورەوە لە تابلۆیەکی ڕەش دەچێ... بێوەژن زۆریان ڕەش پۆشن... ئەمیش هەروا... سیی ساڵە ڕەشی پۆشیوە... هەتا لە زەماوەندی کوڕە تاقانەکەیدا... کەسێ لای لێ نەکردەوە... داوای لێ بکا... ئەو جلە ڕەشانە بگۆڕێ... دراوسێیەک... خزمێک... پیرەمێردێک... پیرەژنێک... کوڕێک... کچێک... هەتا کوڕەکەی خۆی... ئەو کوڕەی لە پێناویدا گۆشتی ئەو لەشە ناسک و جوانەی بۆ تواندەوە... گوند و شاری بڕی... ئەو ماڵ و ئەو ماڵ... کارەکەری... جلشۆری... نان پێوەدەری... پێنج ساڵان بوو کە بەکۆڵی دادا و لە زوڵمی خاڵوان و مامان گوندی جێهێشت. لە شاری پڕ لە مەند و شێت خۆی ون کرد... بەڕووی ئەو پیاوانە دەوەستا کە خوێنی گامێشێک لە دەمارەکانیانا دەسوڕێ... ئەم کون و ئەو کون خۆی دەشاردەوە... شوێن پێیان هەڵگرتبوو... ڕژانی خوێنی خۆی لەبەرچاو بوو... بەڵام ئەو ڕۆژە پڕ ترسانە ڕۆیشتن... ئێستا ئەم کوڕەی ناو چیغەکە... دێوی هەموو ترسێک ڕاودەنێ...

بە هەموو لایەکدا ملی وەرچەرخاند... دیسانەوە سەربانێکی زۆری بینی... کۆشک... خانووی هاکەزایی... خانووی قوڕ... چەندانێکی تر نە کۆشک و نە قوڕ... ڕیزێکی زۆر لە جلی هەڵخراوی شەو... ئاریەلی زۆری تەلەفزیۆن... چوارپایە و قەرەوێڵە... پەردە و کوللەی زۆر... ڕەنگاوڕەنگ... سوور... سپی... زەرد... هێشتا زووە و لە شیرین خەودان... لە



هەرچوارلاوە کوللەکان دادراونەتەوە... خەوی بەجووتەش وەئاگاهاتنی وا زووی ناوێ... جەستەی منداڵە وردیلەکان بەسەربانەوە نووساون... چەند سەربانێکی چۆڵ... چەندانێکی دیکەی قەڵەباڵغ... سەربانی شوورەدار... سەربانی بێ شوورە... شوورەی نزم... شوورەی بڵند... لەم گەڕەکەدا ژمارەی چیغەکان لە کوللە زیاترن... لە هاوینا هەموو شتێ نیمچە ڕووتە... حەز دەکا تەڕ ببێتەوە... لە وشکایی ناو ناخی خۆی قەڵس و بێزارە... مرۆڤ... باڵندە... درەخت... تەنیا ئەو خەمی پیرە درەختێکی هەیە و ئاو نایگاتێ... درەختێک بۆ دڵۆپێک ئاوی بزر ڕەگی بەناو ناخی زەوییەکی وشک و سووتاودا ڕۆبچێ... درەختی پیر و بێ ئاو چرۆ ناکات... هەموو شتێ دەگۆڕێ... لەباتی داری ڕادیۆ کۆنەکانی زەمانی زوو... ئاریەلی تەلەفزیۆن بەسەر زۆربەی سەربانەکانەوە دیارن... خواردن... نوستن... جل و بەرگ... دەموچاو... قژداهێنان...سەربان... شەقام... ئافرەت... پیاو... ناو... هەمووی گۆڕان و دەگۆڕێن... ڕەنگ وەردەگرن و ڕەنگ بەردەدەن... تەواو... ئەم بەسەرچوو... تەنیا خەمی خۆی هەڵدەگرێ... وەک منداڵێک دوای کۆلارە ونبووەکەی ڕابکێشێتەوە... لەسەرخۆ نیگای دوور هەڵفڕیوی گەڕاندەوە... لە چیا دوورەکانەوە بۆ گردە دوور و نزیکەکان... سەربانە دوورەکان... سەربانە دوور و نزیکەکان... نزیک... نزیکتر... داویی لە سەربانەکەی خۆیانا گیرسایەوە... ئەو سەربانەی لە سەری و لە ژێریدا ساڵانێکە هەر بەتەنیا دەخەوێ... شتێک لە سەربانەکە سەرنجی ڕانەکێشا... گەر ئەم چیغە نەبێ سەربانێکی ڕووت و چۆڵە... کە بۆ دووبارە سەیرێکی چیغەکەی کردەوە... لە ناخەوە داچڵەکی... دیمەنەکە ئاسایی نەبوو... موچڕکی ساردی پیا دەهات... سەرتاپای گیانی کەوتە مێرووڵە کردن... بەبرینێکی نادیار و شاراوە کولایەوە... کڵاوەی چۆکی شل بوو... کەمێک دەلەرزی... هەستێکی تێکەڵ لە ترس و شەرم دایگرت... جۆگەلەی سەر بڕبڕەی پشتی ئارەقەی کرد... چاوەکانی داخست... دووبارە هەڵیهێنایەوە... بەکزی سەرنجی دیمەنەکەی دا... چیغەکە لە یەک لاوە کرابووەوە... بەپەردەیەک دادرابووەوە... لەژێر پەردەکە دوو پێی لووس و بچکۆلانە و دوو پێی گەورە و بۆری بینی... لە ژێرەوە... لە تخووبی پەردەکەوە ترازا بوون... دوو بەلەکی تووکن و دوو بەلەک و پووزی لووس لە یەکتری ئاڵابوون... وەک دوو ماری ئەستووری ئاشقەوماشقە بەیەکەوە نووسابوون... خاو و ماندوو ڕاکشابوون... پزووی دەرپێی ئافرەتەکە تا چۆکانی هەڵکشابوو... ئارەزووی کرد وەئاگایان بێنێ... ئارەزووشی نەکرد... نەشیاوە... مانگی یەکەمی بووکێنی وەئاگاهێنان گوناهە... ویستی وەک خەونی خۆشی کوێرێک بەیادی بێنێتەوە... بیری چۆتەوە... دوو بەلەکە لووسەکە لە بەلەکە

تووکنەکان خڕ و پڕترن... لەوە دەچێ خوێن و هێزیان لە بەلەکە تووکنەکانەوە وەرگرتبێ... لە دڵی خۆیەوە گوتی:

«یەکەم ساڵ ئێمەش هەر وا بووین... هەر ئەو ساڵە و هیچی تر...!»

دیمەنەکە زیاتر ماتی کرد... دیسانەوە لە دیمەنەکەوە نیگای ڕووەو ڕۆژئاوا هەڵبڕی... چاوێکی بەسەربان و کوللە و چیغ و ئاریەل و حەوش و کۆڵانەکانا خشاندەوە... بیری لە ساڵانی کۆن و زوو کردەوە... پەنجا ساڵی تەمەن... چی کرد؟ چی بکا...؟ هەموو ژیانی وەک مۆمێک بۆ کوڕەکەی داگیرساند... خەم و ترسێک دنیای ژێر ئەم شەفەقەی لێ تاریک کرد... ترس و خەمی ئەو ئافرەتەی مانگێکە کوڕەکەی لێ زەوت کردووە... ئیتر ئەم چاوەڕوانی چی دەکا؟ لەم دواییەدا پیرەمێردێکی زۆر هاتن و داوایان کرد... ئاخۆ شیاوە دوای ئەم تەمەنە درێژە جلە ڕەش و خەمدارییەکەی دابکەنێ...؟ ناشێ... بیری کەوتەوە... شەوێکیان کوڕەکەی چی پێ کرد... زانی بووی مامە عەبەی توتنچی داوای کردووە... ئەو شەوە هەزار جار تلایەوە... هەر ئابڕووی برد... دراوسێیەکان گوێیان لە هەرا و قاڕ و قیڕەکە بوو... کوڕەکەی هەر دەینەڕاند:

«شەرم ناکا... بەپیری خۆی تەڕ دەکاتەوە...؟!» خەڵکی دەوروبەری سەربانەکە مات و سەرسام بوون... ئەوانەی بەپێوە بوون... دانیشتنەوە... ئەوانەشی کە دانیشتبوون لە حەژمەتانا هەڵسانەوە سەرپێ... گوێیان لێیان بوو کە دەیانگوت:

«توو خوا گوناهە... زوڵمە... گەلێ زوڵمە وای پێ بکرێ.»

ئەو شەوە بەکوڵ بۆ بەختی خۆی گریا... پرسەیەکی بیرکەوتەوە... مێردی «زێرین»یش مرد... بێوەژن زۆر بووینە... ئیمڕۆ بەکامی دڵی خۆی دەگرێ... ئیتر بۆ نەگری... هەر ئەو تنۆکە فرمێسکانە خەمەکەی دەشۆنەوە...

کتوپڕ گوێی لە تەقەی دەرگاکە بوو... وەئاگا هاتەوە... دەبێ کێ بێ؟» لەسەرخۆ هەنگاوی نا... گەیشتە ئاستی گویسوانەکە... سەری خوارکردەوە... تەنیا جامانەکەی بینی:

– فەرموو کوڕم... کێی؟

– داپیرە... جوامێر وەئاگایە؟

وشەی «داپیرە» لە ناخەوە هەڵیکەند... کە دەموچاوی کابرای بینی... ناسییەوە... هاوڕێی قوڕکاری جوامێر بوو... ئێستا زۆر شیاوە وەئاگای بێنێ... لەودیو چیغەکەوە بەدەنگێکی پڕ لە خەم و گریان و بێزارییەوە بانگی بکات:



– جوامێر... کوڕم جوامێر...

جوامێر لەگەڵ دەنگەکە داچڵەکی... وەئاگا هات... هەستایەوە... خۆی لێک ڕاکێشایەوە... چاوەکانی هەڵگلۆفت... هەر بەجلی ئیشەوە نووستبوو... جلی ژێر باری گەچ و خۆڵ و قوڕ... خۆ گۆڕینی نەدەویست... لەژێر چیغ و پەردەکە هاتە دەرێ... دایکی سەیری دەکرد... هەناسەی حەوانەوەی دەدا... بەلەکەکان لە یەکدی بوونەوە... یەکتریان ئازاد کرد... ناخۆشترین ئازادی...! گرێی نهێنییەک لە ناخی بێوەژنەکەش کرایەوە... جوامێر بەرەو قاڵدرمەکان ملی نا... دوو دوو پێپلیکەکانی دەبڕی... بەحەوشەکەدا دەگەڕا... بۆ کڵاشەکانی دەگەڕا... دۆزییەوە... لەپێی هەڵکێشا... لە خوارەوە دەنگی هاتە بەرگوێ:

– ئەی «چا»کە دایکە...؟

دایکە وەڵامی نەبوو... بەشەرمەوە سەری داخست... یەکەم بەیانییە چای بۆ لێ نەناوە... ئەم خەون و خەیاڵە چی بوو؟ کەی وابوو؟ تەم و تاریکی ڕەوییەوە... تەقەی دەرگاکە هات... کوڕەکەی کردییەوە... دایخستەوە... کز و مات هەر بەپێوە وەستا بوو... بووک هەڵنەستا... بێدەنگی و تەنیایی خەمێکی قورسی بۆ هێنا... ژانی گەردەلوولێکی بەتین ناخی پڕ تۆز و خۆڵی خەم کرد... سەرکەوت... تا قورگی گرت... ئێستا لەژێر کارەساتی ڕۆژانی ئێستا و ڕابردوویدا دەیناڵاند... بێدەنگ دەیناڵاند... تازەبووک هەر هەڵنەستا لە خەو... تا تۆزی ئەم بێدەنگییە بماڵێ... زەردەی خۆر دەرکەوت... هێدی هێدی تاریکی سەربان و حەوشە و کۆڵانەکانی ڕاونا...!

سلێمانی – کانوونی دووەمی «١٩٨٠»

* لە ژمارە «٥١٦»ی هاوکاری بڵاوبۆتەوە.

# گرێ

هێمنانه... بەڵام بەترسەوە چاوەڕوانیت دەکرد... دەنگێک هاتە بەر گوێت:

– شەوە درەنگە بۆ ناخەوی...؟

بۆ بخەوی... ئەمشەو منداڵێک... خاوەن دوو چاوی زەق و زیندوو لەدایک دەبێ... ئای لە بینایی...! لە ترسی ئەم چاوەڕوانی و زانە بێ دەنگە سنگی خۆت قانگ دا... جگەرەت بەجگەرە دادەگیرساند... یەک دوو جاری تریش پورە مەنیجی مامان قیژاندی... داوای لێ کردیتەوە بخەوی... چ پیلانێکی بەدەستەوەیە... مەنیج و ژنەکەت زۆر نهێنیان لە دڵە و نایدرکێنن... نە مەنیجی مامان... هەرچی فریشتەی خێر و شەڕ هەیە لە ئاسمانەوە هاوار بکەن... تۆ ناخەوی... چەند حەز دەکەی گوێت لە یەکەم زریکەی بێ... زریکەیەک ماڵەکە وەک پەڕەی کاغەز بلەرێنێتەوە... زیاتر خۆت گرمۆڵە کرد... چمکی کەواکەت ڕاکێشایەوە ژێر خۆت... دەستت دەکوتا... بەدەوری خۆتا دەتکوتا... بەدوای گۆچانەکەدا دەگەڕای... دۆزیتەوە... چەقاندت و هەر بەدانیشتنەوە خۆت بەکامەکەی شۆڕکردەوە... وا هەست دەکەی... ئەمشەو هەموو شتێکت لێ زەوت دەکەن... دەشێ ئەو دەڵەمەیەی ناو منداڵدانی دایکیشی ببەن... ئەمشەو دار و بەرد... وێنەی سەر دیوار... مەنیجی مامان... ژنەکەت... پشیلە ڕەشە... ببنە شەوارە و منداڵەکە بڕفێنن... دەیبەن... دوور دوور دەیبەن... بۆ دورگەیەکی پڕ لە نهێنی ئەم جیهانە... وەک زانەکەی «موسا» کە چۆن خرایە سنووقێکەوە دواییش بەئاوی دا دەدەن... بەختیشت ئەوە هەڵناگرێ فیرعەونێک بەخێوی بکا... دەترسی بەسنووقەوە نەهەنگێک قووتی بدا...

شەو درەنگە... چاوەڕوانیت... لەوە دەترسیت خەو خۆشیی ئەم چاوەڕوانییەت لێ بستێنێتەوە... لە دەرەوەش هەورێکی ڕەش و چڵکن بەری ئاسمانی گرتووە و ئەویش نازێ... بەڵام چەخماخەی بروسک پەیامی خۆی دەگەیەنێ...ناڵە و گرمەی گەواڵە دنیا دەهەژێنێ... ترسێکی مەزنتر بەسەر دڵ و دەروونتا دەبارێنێ... نەک مەزنتریش لە خەم و نەهامەتی چاوەڕوان نەکراوی ئەم زانە خامۆشەی ئەمشەو... نا خوا نەکا... وا بێ تۆ دەمریت... وەک ماسی لە ئاو دەربهێنن هەناسەت لەبەر دەبڕێ...



ژوورەکە زۆر بێدەنگە... تەنیا دەنگ: مژی قووڵی جگەرەیە و خشەی سۆلی مەنیجە و زریکەی ناوەخت و کتوپڕی ژنەکەتە کە ڕاتدەچڵەکێنێ... لەگەڵ هەر زریکەیەک زەرفێک جنێوت بۆ دەنێرێ... کەچی تۆ بەم زریکانە شاگەشکە دەبی... ختووکە و موچڕکی شادی دەمارەکانت خاو دەکەنەوە...

سەرت خستبووە سەر هەردوو ئەژنۆ بەیەکەوە نوساوەکەت... بیرت لە کوێرایی دەکردەوە... زۆر کوێر هەن چاوساغیان بووە... دەشێ بەختی تۆ ڕەشی بهێنێ... چ کۆست و کارەساتێکە... نوشوستییە گەر وەک خۆت کوێر بێ... نا... ئەم خەیاڵە ناخۆشە چییە؟ ئەمە نە یاسای خوایە و نە هی سروشت... بۆ ئەم نەهامەتییە دووبارە ببێتەوە؟ هەردوو دەستەکانت بەرزکردەوە... بەهەڵکڕوزانێکەوە پاڕایتەوە... هاوارت کرد... ژوورەکە دەنگی دایەوە:

– خوایە... خوایە...؟؟!!

ژنەکەت بەدەم ناڵە و زریکەوە وەڵامی دایتەوە:

– لە بن هەنگڵت دا...

گۆچانەکەت بەلاوە نا... خۆزگەت خواست کوڕ بێ... سوورەت و پیاوچاک نەما پەنای بۆ نەبەی... دەستە و دوعا وەستا بووی... ئەمشەو... دەشێ زۆر ئافرەت ئاوس بن... زۆریش بزێن... زۆریش لەباریان بچێ... زۆریش بەسەر منداڵەوە بمرن... نا... وەختی مردن نییە... گرنگ نییە... ژنەکە دەمرێ... با بمرێ... بەس منداڵەکە؟ نەخێر... ئەوەیان زانێکی سادە نییە... زانی دوو چاوە... زوو گەورە دەبێ... هەر بەم دوو چاوە لەباتی تۆ... دار و بەردی زەوی و ئاسمان و ڕووناکی و تاریکی دەبینێ... مەزن و منداڵی شار... پیاوە شەڕفرۆشەکان... سەگە بەڕەڵاکان... ژنە چەقاوەسووەکان... کۆڵانە تەنگەبەرەکان... ئەوانە و هەزارەها هەزار شتی تر دەبینێ... دەتوانێ ببێ بەخەفیە و بەدوای ئەم ژنە سووک و چرووکەتەوە بکەوێ... لە ئێستاکەوە بیر دەکەیتەوە... چۆن ببێ بەسیخوری ئەم ژنە بێشەرمە و سڕ و نهێنییەکانت لەلا بدرکێنێ... هەموو ڕۆژێک دەستت دەگرێ و بەشەقامەکانا دەتگێڕێ... دەبێ بەگۆچانی دەستی ڕاستت... منداڵە نەگریسەکانی شارت لێ پاس دەکا... جارێکی دیکەش هاوارت کرد و کڕوزایتەوە:

– خوایە کوڕ بێ...

ژنەکە بەدەم ئاهی ژانێکەوە وەڵامی دایتەوە:

– وەک تۆ کوێر بێ...

ئەمە ژنە یا ئیبلیسە...؟ چ ئافرەتێک لە پارچەیەک جەرگی خۆی بێزارە... حەز بەنەبوونی بکا...؟ کەواتە خەڵکی ڕاست دەکەن... بۆیە پێت دەڵێن مەلا دەیپوس...! ئەم قسەیە هی دڵیەتی یان قینی بەرە ژانێکە... ناوێکی خۆشی لێ دەنێی... لە زۆر کەسیش دەپرسی:

– کوڕێکمان بووە... چ ناوێک خۆشە...؟

خەڵکیش پێت دەڵێن: ناوی خۆش زۆرە... ئەو ڕۆژە ناوێکی خۆشت بیست... بیرت چۆتەوە... زەینت وەک چاوەکانت کوێر بووە... زوو زوو شت لەبیر دەکەی... بەڵام هەرگیز بیرت ناچێ... سەهۆڵی ئەم زستانە سڕەی دەماری غیرەت و پیاوەتی سووتاندی... قەت بیرت ناچێ... دوو بەتلی شەو ڕاشکاوە... هیچ دیار نییە... ناشوێری بپرسی... کەس وەڵامت ناداتەوە... مەنیج مڕ و بێدەنگە... خامۆشانە چاوەڕوانیت... چاوەڕوانی پارچە گۆشتێکی نیمچە زیندوو... هەر ئەو پارچە گۆشتەیە و دەبێ بەمرۆڤێکی بینا ڕوون... چاوەڕوانی دەکەی تا دەست دەکا بەگغە و بقە و گاگۆڵکێ و... دوایی پێ دەگرێ... دەدوێ... ڕەش لە سپی جوێ دەکاتەوە... بەری لافاوی ئەو گومانەت بۆ دەگرێ... کەپری ئارامیت بۆ بنیات دەنێ... ئای لەو غوربەت و چاوەڕوانی و گومان و بێدەنگییە...! ئەوەشیان چەندساڵێکی پڕ لە دەرد و مەینەتی دەوێ... مەگەر ئەو بێچوە بەئاگردانی ماڵەوەی ببەستێتەوە... بەس منداڵکارە و لەوە دوورە ببێ بەدایک... بووی بەدوورگەیەکی سووتاو... پشکۆی ئاگریش زیاتر دەبارێ... ڕووناکی... زەوی و حەوت ئاسمان دەشواتەوە... بەس تۆ نەبێ... تاریکایی لە چاوانتا هێلانەی ئەبەدی خۆش کردووە... چەند ساڵێک لەمەوبەر... دنیا دنیایەکی دیکە بوو... تۆ هەر خۆت بووی... تاک و تەنیا... دوایی ترسای... لە پایزی تەمەن ترسای... ناشتوانی دەستبەرداری ئەو ئافرەتە بی... کێ دەڵێ... ڕۆژانی داهاتوو ترس و مەینەتی بۆ هەڵنەگرتووی...؟ ئەگەریش چی گۆمی خەمت لێخنتر بووە... بەڵام «تۆ»یەکی بێ چاو چیت بۆ دەکرێ...؟ هەموو کەس ئاژاوە بنێتەوە... کوێر بۆی نییە... بێدەستەڵات و پەککەوتەیە... ساوایەکە بەتەمەن...! دەبا هەر هاوینی گەرمی گومان ئارەقە لە خوێنی هەڵچووتا دەرکا... هیچ نەبێ ئەم جۆگەلە پڕ لەزززەتە بەبیابانی لەشی سووتاوتا تێدەپەڕێ... هەن بەچاو کوێرن... زۆریش بەدڵ... تۆ تا دوێنێش بەدڵ و بەچاو کوێر بووی... ئێستا خوێنێکی گەرمتر بەشادەمارە سیسەکانی دڵتا دەسووڕێتەوە... تاکەی چاوەڕوان بی...؟! تاکەی بێ هیوا و هۆ... شەقامەکانی شار بتقۆزنەوە... لەوێوە بۆ وێ... لە



منداڵیتەوە تا ئێستا... ئەو مزگەوتانەی جمەیان دێ لە برسی و شێت... گۆڕستانەکان... ماڵی پرسەدار... بازاڕی پڕ لە چاک و خەراپ... شێت و مەند... سەر شۆستەکان. جێ نەماوە بەدەنگە ناسازەکەت... خەڵک بێزار نەکەی... دەڵێن کوێرە مەلای دیکەی شارەکە... هەموویان دەنگیان خۆش و زوڵاڵە... زەنگۆڵە... تەنیا تۆ نەبێ... بۆق ئاسا دەقیرێنی... منالانی بەرەڵلای شاریش بەدواتەوەن... سۆڵ و مێزەر و گۆچانەکەت لێ دەڕفێنن... چاوێلکەکەت پێ دەگۆڕن... ئەو چاوێلکەیەی کیم و لیکی چاوەکانت دەشارێتەوە... جار جاریش بەردباران دەکرێی... تۆ کۆلکە مەلایەکی کوێری یا شێت...؟ نازانی... دەبێ ئەو خەڵکە شتێکی هەبێ گاڵتە و ڕابواردنی خۆیانی پێ مەیسەر بکەن... ئەوە هەمووی قەی ناکا... خۆ هیچ نەبێ... سەر لە ئێواران... دوای قاڕ و قیڕ... هات و هاوار... جوێن و نەفرەتی لێ کردن... فڕکان فڕکان... بەپەلە دەگەڕێیتەوە... بۆ ناو گەرمی و نەرمی ئەو پێخەفە... گۆشت و خوێن... سەر سنگێکی پڕ لە مێخەک و سمڵ... ژەمێکی چەوری ژێر هەڵم... ئەوسا کون و کەلەبەری ژوورەکە دەبێ بەجیهانێکی پڕ لە نهێنی و تەلیسم... هەر بەسەری پەنجەکانت بەدوای مانای شتەکاندا دەگەڕێی... هەرچیت بکەوێتە بەردەم... دەستی لێ دەکوتی... دەیپشکنی... هیچ شتێک لەنێو چنگتا ئارام ناگرێ... توڕی هەڵدەدەی... هەر لە سەرەتاوە زۆر نوێژی بەیانیانت دەچوون... دەبوون بەقەرز... هەوەڵ جار چێشتەنگاو دەتگێڕانەوە... پاشان وازت لەم خووەش هێنا... گوتت: «هەقمە»... تامەزرۆی بووی... گەلێ گەلێ نەوسنیش بووی...!!

ئەو ڕۆژە لە شەقامێکی وەک دڵت چۆڵ وەبیریان هێنایتەوە... ئەو منداڵە نەگریس و سوڕگمانە... فڕکەی بەردێک و هات و... چاوێلکەکەتی ورد و خاش کرد... کەوتە کۆشتەوە...!

«– کە لەگەڵما ڕادەکشێی با چاویلکەکەت هەر لە چاو بێ... کیم و لیکی دەمڕشێنێتەوە...!

– وا بۆم ناکرێ...

– بۆت ناکرێ... ملت دەشکا...

– ئەوە چیتە...؟

– دەڵێی گامێشی مشەت دێ... کەمتر خۆت بەسەرما داگرە...

– چاوەکەم بۆ خۆتم لێ تاڵ دەکەی...؟

– بەقوربانم بی... کوێری پیس... من ئەو چاوە کوێرانەی تۆ بم...؟ زووکە...

– ئاخر...

– بیخە چاوتەوە... گوتم بیکەرە چاوتەوە...

– ئەوەیان چۆن...؟ کەس بەچاوێلکەوە ئەم بەزمەی بۆ کراوە...؟

– کەواتە بوەستە... با فوو لە چرا کەم...»

نەیدەویست بتبینێ... پێی قەڵس دەبووی... پێت دەڵێت: چاوەکانت لە دوو چاڵی پڕ پشیلەی تۆپیو دەچن... ئەم قسەیە دەمارەکانی زەوقت سست دەکەنەوە... ئاگری هەوەست دادەمرکێتەوە... تەواوی ناکەی... وەک لێفەی شڕی هەتیوێک فڕێت دەدا... چیت لە دەست دێ...؟ ڕوو وەردەگێڕی و بەدڵ دەگری... تا خەوێکی قووڵ دەتگرێتە باوەشی... تۆ هەر دەگری...

زریکەیەک وریای کردیتەوە... ژوورەکە وەک پێویست گەرم نییە... لە ئێوارەشەوە... مەنیج ڕایگەیاند: نەوت کەم ماوە... بەشی ئەم شەوە درێژە ناکا... خەمی ئەوە دەخۆی... منداڵەکە لەنێوان ساردی و بێ بەزەیی ئەم دوو ژنە لەدایک ببێ... بەڵام نە تۆ نە ژنەکەشت... هەست بەسەرما ناکەن... تۆ چاوەڕوانی زانێکی گەلێ گەورە و بەخت بەخشش دەکەی... ئەوەش گەرمی داهێناوی... ژنەکەشت لە تاوی لنگەفرتێ و خۆ خواردنەوەی بەرە ژان و باڵ هاوێشتن و لێو گەستن... کەوتۆتە سەر ئاو و ئارەق... مەنیجیش کەیفی خۆیەتی... بەڵام ئەی منداڵەکە...؟ سەرت بەتەنیشتا لارکردەوە... کەمێک بۆ سەرەوە هەڵتبڕی... برۆکانت وەک دوو باریکە داوی شاخی زیندەوەرێک... زیندەوەرێکی زەبەللاح بەترسەوە دەتجووڵاند... گۆشەی دەمت لە بارێکی خوار دابوو... چیرۆکی خەم و ترس و چاوەڕوانی دەنواند... بیردەکەیتەوە:

«دوای بوونی... خۆشی بێ و ترشی بێ... دەیبەمەوە لای پیرە دایک... پێی دەڵێم: ئەم ژنە سووک و چرووکە و ئاگات لێی بێ... با هاتوچۆی بەکەیفی خۆی نەبێ... پێی دەڵێم: لێی دوودڵم... خۆ گوێم لێیە... خەڵکیش لە بازاڕ و کووچە و کۆڵان... مەزن و منداڵ پلارم تێدەگرن... دەڵێن: ئەها مەلا دەیووس... ئەها مەلا گەواد... چ... چیم بەخۆم کرد...؟ خۆزگە چاو ساغ دەبووم... ئەوسا دەمزانی ئەم ژنەم لە چ قوڕێک دروست بووە... هەمووی لەژێر سەری مەنیجی مامانە... لە بەختی من... لەم دواییەدا چاک دەستی داوەتێ... تا خۆی گەنج بوو... بازاڕ هەر بازاڕی خۆی بوو... هەر لە زوویێکەوە گومانم لێی کرد... پیرە دایک



وەک گوڵ خزمەتی دەکردین... ئەوسا مەنیجی لێ دوور دەبێ... دەشێ پێمەوە داسکەنێ... زانیم بۆ ئەو بەزمە دوورکەوتۆتەوە... هەر بۆیە بوومەتە مەزاق و گاڵتەجاڕی شار... ناوێرم لە شوێنێ دانیشم و چوار ئایەت بخوێنم... بەجرت و بەرد دەورم دەدەن... کێ بەخەمی کێ دەزانێ...؟ ئەم خەڵکە زۆر لەوە بێ ئابڕووترە کە من تێیدەگەم... منم و... منێکی سەقەتیش چیم بۆ دەکرێ...؟ چ دۆزەخێکە تێی کەوتووم... ماڵی تەنیا و کابرایەکی کوێریان نەوتووە... ساوێلکەیە و مەنیجی شەیتان هەڵیخەڵەتاند... گەر بەوە ڕازی نەبێ...؟ منداڵەکە هەڵدەگرم و دەڕۆم... ئەو خواحافیز... وا باشترە بەڕەڵلا بکرێ... خۆیشم بەدوای ئافرەتێکی کوێرا دەگەڕێم... سەرسووکتر دەبم... پێم قایل دەبێ و سەری غەریبیمان بەیەکەوە دەنێین... پیرە دایکیش پاکتر منداڵەکە بەخێو دەکا... ئا بەخێوی دەکا... نەوەی خۆیەتی... ئەوسا ناوێکی خۆشی بۆ دەدۆزمەوە... سەرەتا بینایی لێڵە... دوایی بەرە بەرە تاریکی و ڕووناکی لە چاوانیا ڕەنگ دەداتەوە... دەشێ دوو چاوی جوانیشی بن... نەبووەتە یاسا کوێر هەر کوێری بووبێ!»

قیژەیەکی تر وەئاگای هێنایەوە... ئەوەتا... ئافرەتی نەگریس... هەم خەم و هەم خۆشی... بەڵام ئاخ... بەلای تۆوە ژین بەیەکاچوونی لەشکری کوێر و ئەو چاو ساغانەیە... کە تەنیا بووی... پرسیارەکانت لە مووی سەر پەنجەکانت زیاتر نەبوون... ئەمێستاکە کە ڕۆحێکت بەند کردووە... باوەشێکی تر... هەناسەیەکی تر... خەمێکی تر... پرسیارەکانت لە ژمارە نایەن و... وەڵامیش: هیچ...! ئەم دۆزەخە تەنیا بۆ باوەشی ژنێکە... هەقی خۆتە... گەر چاوەکانت نابینا بوون... خۆ خوێنت گەرمە و کەف دەکا... بەدەمارەکانتا دەجووڵێ... دەماری پڕ خوێنیش دەئاوسێ... ئەوەی خوێنیش داوای دەکا... عەقڵ پێی فەرامۆش ناکرێ... خوێن لە عەقڵیش بەجۆشترە... بەند و ملکەچی خوێنیش لە هی عەقڵ گەلێ پترن... گەر چاوەکانت دوو چاڵی پڕ تاریکین... خۆ گوێت هەیە... نابینایش گوێ گەلێ سووکتر دەکا... کە ڕەنگ نەما... دنیا دەنگە... دڵت بۆ خشپەی پێی ئافرەتێک سەما دەکا... زرەی بازن... ورشەی کراس... قریوەی ناسک... بەئاسانی چنگت نەکەوت... بزنە مردارێکی قەسابخانە نەبوو... بەهەرزان کڕا بێ... «نازێ»ی خوشکت وەک هێشووە ترێی تازە گەییو... بۆ ئەو پیرەگایەی باوکی لێ کرایەوە... مەرجەکانی پشتی شکاندی... ئای گەر ئەوەیان یەکەم هەل و ڕێکەوت نەبووایە... کە سەری چەند ساڵە بەتاسەوە خۆزگەت بۆ دەخواست...؟

ساڵانێک وەک کەڵەشێرێکی دانکەگرتوو بووی... ئێستا قوڕگت چەورترە و... خۆشتر

بۆی هاوار دەکەی... لە بەیانییەوە تا ئێوارە... لە پەنا دیوار و شەقامەکانا خول دەخۆیتەوە... قورئان دەخوێنی و دەست پان دەکەیتەوە... تا ژنەکەت چنگی پڕتر بێ... سکی تێرتر و جوانتر لەبەرکا... تا ژوورەکەتان بەقریوەی شادی دەنگ بداتەوە... تا شاگەشکەتر بێ... ڕۆن دەستی چەورتر کا... ئەوە خوایە... بەڵکو باشتر پێتەوە بقرسێ... بەبالاّتەوە بنووسێ... سنگی باخ و بێستانت بێ... کەچی کچی ئیبلیس ماوەیەکە تا بۆی بکرێ خۆیت لێ دەشارێتەوە... بانگی دەکەی... وەڵام نییە... شەو خۆی دەکا بەمردووی سەد ساڵە... سەد سیخورمەی تێوەژەنی... متق ناکا... شەوانەش ئاگری شەهوەت دەتگرێ... بۆنی سنگ و بەرۆکی دەیدا لە کەللەت... هەر بەبۆنیش ئافرەت دەناسی... هاواری لێ دەکەی تا ئاوێکی سارد بڕژێنێتە سەر ئەو پشکۆ سوورەی لە جگەرتا داگیرساوە و ناخت دەچزێنێ... چ بێ دین و بێ مروەتە... لێت دەچێتە سەر سنووقی «بوراق»ە شەق و پەقەکە... وەک گا تۆ دەبۆڕێنی... مڕە و نەڕەت ژوورەکە دەخاتە سەر سووکە لەرزەیەک... بەژوورەکەدا دەخولێیتەوە... دەکەویتە هەڵبەز و دابەز... هەوەسە گەرمەکەت دەتخاتە سەر ڕمبازێیەکی زۆر شێتانە... بەدیوارەکانا هەڵدەشاخێی... دەتقۆزنەوە... جوێن فیشەکە شێت ئاسا لە دەمتەوە دەردەپەڕێ... نەفرەت لە دار و بەرد و ئاو و ئاگر و خۆڵ و حەوا و تاریکی دەکەی... ئەویش هەر تاوێ لە قوژبنێ خۆی حەشار دەدا... بەترسەوە سەیرت دەکا... لێ ی دەبی بەدەعبایەکی ترسناک... ئەوەندەی بەسەر قاپ و مەنجەڵ وتەشت و زۆپاکەدا بکەوی... شل و شەکەت دەبی... نیمچە بوورانەوەیەک... دەبوورێیتەوە... ئای لەو زوڵمە گەورەی... لە بەرەڵلایی... دەپاڕێیتەوە... وەک منداڵێ بۆ بووکەشووشە بگری... بۆی دەگری... لە ناوکیش بەژێرەوە ڕووتیت... لە دە جاریش جارێک خۆ بەدەستەوە دەدا... ئەویش نایدا...!

شریخەی بروسکێک ڕایچڵەکاندی... سەرت لێ کۆت کرد و کڵاوەکەت فڕێدا... بایەکی ساردی بەرکەوت... ئەویش خەریکە دەڕووتێتەوە... گوێت بۆ نکەنکی ژنەکە شل کرد... چ زانێکی خامۆشە؟ کۆتایی نایە... بەختی خۆتە... دەنگە ناسازەکەی مەنیج لە بروسکەکە پتر ڕایچڵەکاندی... ترسێکی گەورەی خستە دڵتەوە:

– مەلا ناخەویت...؟

وەڵامت نەدایەوە... نا... ناخەوی... مەنیج نیازی چی هەیە؟ دەیەوێ لەم چاوەڕوانییە بێ بەشت بکا... پێویستە چاوەڕوان بیت... نە مەنیج جێ متمانەیە و نە ژنەکەت... هەرچی



بکەن تۆ وریا و ئاگاداریت... بەڵام کە نوستی... لەژێر تاریکایی زۆر شت دەکرێ و کەسیش نییە پێ بزانێ...

فستە فستی خەڵکیش بەتاڵ نییە... لە خۆڕایی هیچ ناگوترێ... تەواو دڵنیا نەمای... وەک ڕۆژانی زوو بەقای پێ ناکەی... شنەی «با»ش چپەی گومانت بۆ دێنێ... وەک گوڵی کێوی بەحەوشەکەدا دەڕوێ... لە کون و کەلەبەری زۆری دیوارەکانەوە دێتە ژوورێ... وەک جاران ئێوارە ناگەڕێتەوە... سەعاتی چوون و هاتنت گۆڕیوە... لە وەخت و ناوەختا... کتوپڕ هەنگاوی ترس و گومان دەنێی... جار جارە چێشتەنگاو... جار جارەش نیوەڕۆ... یا پاش نیوەڕۆ دەگەڕێیتەوە... دەرگای حەوشەکە تەنەکەیە... تۆ بێ تەقە و ڕەقە دەیخەیتە سەر پشت... چۆن...؟ خۆت دەیزانی. بەئەسپایی و ئاگای دزێک خۆت دەکەی بەماڵەکەدا... لە دەیەها جار وا ڕێ ناکەوێ جارێ لە ماڵ بێ... قسەی ئەو خەڵکە درۆ نییە... خشپەی کەوتنی گەڵاش گومانە... فڕەی باڵی چۆلەکەش... خشەخشی مشکی ناو نانەوشکە... بێ چاوی داخێکی گرانە... هەقی خۆتە... جگە لە خوا... هەموو شتێ بەبۆن و دەنگ دەناسیتەوە... حەز دەکەی لەوێ بێ... بانگی بکەی... دەنگی بێ... هەستی پێ بکەی... بۆنی بۆ سەر و کەللەت بێ... کە شەویش ڕاشکا... زوو... هەر لە ئێوارەوە خۆت دەخزێنیتە ژێر باڵ و سەر سنگ و بەرمل و... قۆڵ و باسکتی تێوە دەئاڵێنی... سمێڵ و ڕیشی زۆر زبرت دەموچاوی ناسکی دەوروشێنێ... خۆیت لێ دووردەخاتەوە... تۆش دەست لە سنگ و بەرۆکی دەکوتی... لە دەموچاوی... پەنا گوێی... ناو قژی... ئەو پەنجانەت دەلەرزن و لە شوێنێکا ناگیرسێنەوە... دەستەکانت تا نیوەی شەو لە گەشت و گوزار ناکەون... بەردەوام دەخزێن و دەخشێن... بەر خەزێم و گوارە و حەمایل و گەردانە و تەوقە و دەرزیلە دەکەون... نابینایی دەستەکانتی فێرە گەشت و ناڕەحەتی کرد... هەرچەند پتر خۆی تێ دەسوویی... دەستی تێ وەردەدەی... زیاتر بۆنی بێگانەی لێ دەکەی... برسیت و ئەویش قاپێکی بەتاڵە... کەوچکی تامەزرۆیەک و قاپێکی تەواو بەتاڵە...! ناوێری هیچ بدرکێنی... ئەوەیان بڤەیە... مل کەچ دەکەی... وا باشترە... ئەوەندەی نەماوە... کۆتایی پێ دێ... وەکو دەڵێن: جوانیشە... قوڕەکە گەلێ خەستترە... شەوانە لەژێر تاریکی ئەستووردا... تاریکایی قووڵ و پڕی ئەبەدی... دەستەکانت بەسەر ئاکاری دەموچاویدا دەخشێنی... لووتی قنجی... چەناگەی وردی... لێوی ناسک و تەڕ و تەنکی... ڕاست دەکەن... جوانە... تەواو هەستی پێدەکەی... پتر ئەو خەڵکە بێ ئابڕووە وات لێ دەکەن لێی بترسی و... بەس ماوەیەکە... هەموو شەوێک... بەتەواوی لە بازووی توندی لەززەت دەرباز دەبێ... شاخێکی مەزنی

سەهۆڵ دەخاتە بەردەمتەوە... دەست دەنێ بەسنگتەوە... دەبێ تێر بێ... لە چی تێرە... ئەی تۆ...؟ تۆ بۆ کێی دەکەی...؟ کەچی هەر خۆی دوو سێ مانگی سەرەتاش سنگی تووکنی تۆی ڕادەخست... ئێستاش بیانووی بۆنی دەمتە و لیکی چاو... ئەوساش سمێڵتی دەکرۆشت... مەنیج فریوی دا... کێ ئەم شەیتانەی بۆ ئێوە نارد...؟ تەواو ژنەکە دۆڕا و ناگیرسێتەوە...

زانەکە خامۆشە... تا دێ خامۆش و خامۆشتر دەبێ... ترسناکتر... مردووتر... تاریک و... وەک بینایییت تاریکتر... ساردە و... تا دێ ساردتر... خەم و ترس و چاوەڕوانی دڵت دەکوڵن... لە کوودەتا دەچێ... شل و شەکەت بووی... خەوە تۆتکە سەری لێدای... بەرگریت کرد... تا ماوەیەک... پاشان لە پڕ هات و... بۆ بێدەنگی و بێ ئاگایی تۆی پێچایەوە...

نوستنەکەت جگە لە شڵەژان و خەونی تەماوی... هیچی تر نەبوو.

***

بەیانییە... درەنگە یا زووە؟ نازانی... ئێستا لە شەو گەلێ کپ و خامۆشترە... دەشێ خامۆشی دوای ژان و ژوور و زان بێ... کەی چوویتە خەوەوە... چۆن...؟ دەتویست بزانی... شەو لەژێر تاریکاییدا... چی ڕوویدا...؟ مەنیجی مامان چی کرد...؟ چۆن پێشەوازی بێچوەکەیان کردی...؟ گەر منداڵەکەت زریکەی زانی لێ هەڵسابێ... چۆن هەردوو گڵۆپی چاوەکانت دانەگیرساون...؟ خۆ گریانی ئەو... بیناییە... شادی و دنیایەک ڕۆشناییە... هەقی نییە بەگریانەوەش بووبێ... گەر ئەمشەو هەموو منالآنی دنیا بەگریانەوە لەدایک بن... ئەوەی تۆ دەبێ بەپێکەنینەوە بێ... گەر وەک عیسا هەر لە پێشکەکەیدا بدوێ... موعجیزە بێ... نەفرەتت لەو ماوەیە کرد کە تیا خەوتبووی... وات نیاز بوو بەدرێژایی تەمەن چاوەڕوان بی... بەژیانت زریکەی منداڵەکەت دەکڕی... زریکەی مان و ژیان... ئەو زریکەیەی کە ئیمڕۆ بێ توانایە و لە داهاتوودا نەڕەی گاڵتەجاڕ و سەرسەرییەکان دەترسێنێ... خۆشترین دەنگ و ئاواز و گۆرانییە... چۆن لەکیست چوو... هەر لەو ساتەوە دەبوویت بەباوک... باوک زۆر شت دەگەیەنێ... کەچی ژوور گەلێ خامۆش و سامناکە... خامۆشی دوای زانە... دیارە شەو لێفە شڕەکەیان بەسەرتا کێشا بوو... کەی بووە...؟ نازانی... دەتویست بپرسی... ترسێک دڵ و دەروونی پڕ کردی... دەنگێ نایە... هەناسەیەک... ئاخێک... دەبا گریانی منداڵەکە تریقەی شادی باوکایەتیت پێ بتەقێنێ... ئەوە چییە...؟ هێشتا نەتپرسیبوو... مەنیج بەدەنگێکی لەرزۆک و لەرەی پڕ ترسەوە وتی:

– مەلا...!!



هەر دەنگێکت بیست... نەتزانی لە کام لاوە هات...! بێ خشپە و جووڵە بوو... دەنگی تری لێوە نەهات... دەترسی... شتێک بووە... زۆریش دەترسی... ئەم دەنگە بۆنی کارەساتی لێ دێ... شادەماری سەرت کەوتە بزوتن و لێدان... ژاوە ژاوێک کەوتە ناو مێشکتەوە... چ چاوەڕوانییەکی قورس و تەلیسماوییە... چ ئەنجامێکە... تۆ هەر بێدەنگ بووی... دوای خامۆشی و چاوەڕوانییەکی قورس... دەنگی هاتەوە بەرگوێت:

مەلا... منداڵەکە شتێکی سەیر بوو... لێی بێدەنگ بە... دەموچاوی هەر هی مەیمون بوو...

وەڵامت نەبوو... سڕ و لە گۆ کەوتبووی... دیسانەوە وتی:

– ئیفلیجیش بوو... هەناسەی نەدا و مرد...

کەواتە بێ زریکە بووە... وەک شێت بۆ پێشەوە تاوت دا مەنیج لە یەکێ لە قوژبنەکانی ژوورەکە بوو... دەنگەکە لە هەموو لایەکەوە دەهات... سەرت بەر دیوارەکە کەوت... بەدواوەدا لەترت دا و... کەوتی... هەستایتەوە... بەژوورەکەدا خولت دەخواردەوە... تۆ مەیمونی یا ژنەکەت فاڵی لە مەیمون خواردووە... کامەیە...؟ ئەوەیە موعجیزەکەی عیسا... نهێنی سنووقی مووسا...؟ کوانێ کراسی یوسف بۆ یەعقوب...؟ کەواتە تەواو... کۆتایی هات... مرد... تا ماوی لە تاریکاییدا دەژی... بینا ڕوونێک دەستت ناگرێ... چۆن مرد...؟ بۆ مرد...؟ کێ دەڵێ تۆ لەسەر زەوی وەستاوی... ئەو تەمە شینەی سەریشت ئاسمانە...؟؟ نا... نەخێر... هەموو دەنگێک... هەموو بۆنێک... هەموو شتێک گومانە... وەکو شێت کەوتیتە پرتە و بۆڵە... ڕووت وەرچەرخاند... ڕوو بەڕووی مەنیج بوویتەوە... نایبینی... ئەو بینیتی... لە سیما و دیمەنت ترسا... بەتاو غاری دا... قووچاندی... لە دەرگای حەوشەکەوە دەرپەڕی... ژنەکەت دەنگی نەبوو... لە کوێ خۆی شاردۆتەوە...؟ بەخوێنەوە... بەدامێنی تەڕەوە بۆ کوێ چووە...؟ دڵنیای کە بەجووتە کوشتیان... بەڵگەت نییە بیسەلمێنی... کوێر بێ بەڵگەن... ژوورەکە بچووکە... چەپ و ڕاستیت پشکنی... بنەبان و هەر چوار قوژبن... دیار نەبوو... بۆنی نەبوو... پیلانە...! ئەگینا کەی لە تۆ ترساون...؟ نا... خەیاڵ و ڕاڕایی و دڵپیسی و گومانی خۆتە و بەس... تەنیا ئەوەیە مرد... نەخێر کوشتیان...! بەس ڕۆژی سەدەها منداڵ دەمرن... لەدایک دەبن... نەخۆش دەکەون... سەدەهاش لەبار دەچن... زۆر دایکیش هەر بەسەر منداڵەوە دەمرن... نەء... کوشتیان... بۆی بەخێو نەدەکرا... ئەم بەزمە و دایکیان نەوتووە... سەربەست و بەرەڵلا نەبێ... چۆن سەردەگرێ...؟ دەستەکانت شێوەی

دوو چنگالیان وەرگرت... ئارەزووی کوشتن لەسەری دای... کامەیانت چنگ بکەوێ... دەیگریت و دەیخەیتە ژێر پێتەوە... دەست دەخەیتە بینەقاقای... تا نەخنکێ... واز ناهێنێ... لیک و کێم و فرمێسک چاوەکانتی شووشتنەوە... کەوتیتە سەر ئاو و ئارەقە... هەردوو ئەژنۆت شل بوون... کەوتنە لەرزین و کەوتی... بێ ئاگا بووی...!

........................

........................

........................

هەر هەمان ڕۆژ... پێش نیوەڕۆ... بەشەقامەکانا غارت دەدا... هەر غارت دەدا... گێژ و کاس و حۆل ببووی... بارانی شەویش... شەقام و کۆڵانەکانی کردبووە قوڕە زێلاقە... وەک هار و شێت هەر ڕاتدەکرد... هاوار هاوار و داد و بێ دادت بوو... هەڵدەخلیسکای... بەردەبوویتەوە... هەڵدەستایتەوە... غارت دەدا... هەڵدەخلیسکای... ڕووبەڕووی دار و بەرد و دیوار و شۆستە و ژن و پیاو و منداڵ دەبوویتەوە... دوو سێ بەتالیۆن منداڵ بەدواتەوە بوون... جنێوت دەدا... کەست نەپاراست... نەفرەتت لە ئاسمان و زەوی و دەکرد... لە ئادەم... لە حەوا... شێخ و پیاوچاکانیش... خەڵک و بازاڕ و شەقامەکانت خستە زەق زەقە... دەنوشتایتەوە... قوڕ و بەرد بەدەستتەوە دەهات... لەگەڵ فڕکەی هەر بەردێکا کە دەتهاوێشت... پەنجەرەی کۆگایەک... یا جامی ئوتمبیلێک شریخەی دەهات و... ورد و خاش دەشکا... بووی بەگردێک لە خوێن... لە ترسی هێرش و شالاوی شێتانەت... هەر قەرەباڵغی خەڵکی بوو... دڕیانت پێ دەدا... ڕێیان خۆش کرد... بێ مروەتانەش زۆریان تێ هەڵدای، بەشەق، بەزللە بەتف... بەجوێن... بەدار... بەبەرد... بەجڕت... دەوریان دای... مناڵان... ئەو پیاوانەی لە منداڵ نەفامترن... حەشریان پێ کردی... دۆزەخیان نیشاندای... تۆ هەر خۆت بوی... ڕووت و ڕەجاڵ... کۆسە ئاسا بووی... بەمەزاق و گاڵتەی ورد و درشتی شار... لە هەموو کون و قوژبن و ئاسمانێکەوە دەنگ دەهات... هاواریان دەکرد:

– هات... بیگرن... مەلا دەییوس... مەلا دەییوس...

شار تێکڕای بەوشەی «دەییوس» دەنگی دەدایەوە... وەک ئەوەی لەم دنیایەدا تۆ تەنیا دەییوسێک بی... جێگەت بەخۆت نەدەگرت... هیچ کووچە و کۆڵان و شەقام و پەنایەک نەیان گرتیتەوە خۆیان... هەر ڕاتدەکرد... پاشماوەکانت لە شەقام و کۆڵانەکانا کەوتن و بەجێ مابوون... چاوێلکەکەت... گۆچانەکەت... قورئانەکەت... جزدانەکەت... مێزەرەکەت...



پشتێنی سپی... قوتووی جگەرە... هەریەکەی بەدەست منداڵێکەوە بوو... ئەوەندەی خۆت بەدار و بەرد و خەڵکدا کێشا... کەوتی... دەموچاوت گرژ بوو... لیک لە دەموچاوتەوە دەهاتە خوارێ... کەفی زۆرت چڕی... کەوتیتە لرخە لرخ و لنگەفڕتێ... بڕۆکانت کەوتنە هەڵتەک و داتەک... چنگت لە خۆڵ و قوڕ و لیتەکە گیرکرد... خاو بوویتەوە... دوایی خاوتر... بێئاگایی وەک خەوێکی قورس لەم دنیا پڕ ئاژاوەیەی دابڕی... بورایتەوە...

........................

........................

........................

کە بێدار بوویتەوە... نەتزانی لە کوێ کەوتووی... لەشت قورس و جومگەکانت ژانیان دەکرد... هیچت بەیاد نەکەوتەوە... دەستت گیڕا... لە خۆڵ و قوڕ واوەتر... هیچت بەدەستەوە نەهات... پشتت دیوار بوو... پەنادیواری دوورە شار و کەلاوە زۆرن... شێت و برسی و لانەواز بگرنە خۆیان... پشتت بەدیوارەکەدا... ئێوارە بۆ کوێ دەگەڕێیتەوە...؟ ماڵ... نەخێر ماڵ وێرانەیە و تەواو... درەنگی ئێوارە ڕوو لە مزگەوتێک دەکەی... شەو دادێ... بێ ئاگر ئێشک دەگری... خۆت گرمۆڵە دەکەی... بیر لە زانە خامۆشەکەی شەوی ڕابردوو دەکەیتەوە... وەک مۆتەکە سواری سەرت دەبێ... گەرچی خەیاڵیشت تەواو مردووە... ئیمڕۆ هەموو نوێژەکانت چوون... جا دەییوس کەی نوێژی دروستە... ئیمڕۆ تێکڕای شار هاواری دەکرد:

– مەلا دەییوس... مەلا دەییوس...

کەواتە نوێژت لەسەر نییە... بڕیارتدا چیتر نەیکەی لەو بڕیارە ترسایت...

هەر زوو پاشگەز بوویتەوە...!

هاوینی «١٩٧٨» هەولێر

* لە پاشکۆی «عێراق» ژمارە «٣٣» کانوونی دووەمی «١٩٨٠»دا بڵاوبۆتەوە.

* دەیبووس: وشەیەکی عەرەبییە و کوردیش بەکاردێنێت... ئەو مانایە دەبەخشێ کە پیاوێک بزانێ ژنەکەی خەراپە دەکا... بەڵام لێی بێدەنگ بێ.

* ئەم بۆشاییانەی بەنوختە پڕکراونەتەوە نیشانەی مەودایەکی زەمەنی بێئاگاییە.

# تەنیایی شەوێکی باران

گەیشتە بەردەمی ئوتێلەکە... بەسەر پێپیلکەکانا سەرکەوت... هەمان قاسە و کورسی و مێزە... بەڵام ناونووسەکەی جاران نییە... پێناسەکەی دەرهێنا... کابرایەکە لێی وەرگرت و... بەگومانەوە سەیری کرد... ژمارەی ژوورەکەی زانی... جانتاکەی لێ فڕێدا... ژوورێکی زۆر بێ ناز و پیسی ئوتێلێکی هەرزان... دوو قەرەوێڵە و بەس... باوەڕ ناکا جگە لەو کەسێکی دیکە ڕوو لەم ئوتێلە بکا... ساڵانێک بەر لە ئێستا هەر بەم ئوتێلە ئاشنابوو... ئێستاش وەک یادێک لێی دەخەوێ... بەڵام یادێکی تاڵ... جێگاکەی هەڵگێڕایەوە... سەیرێکی لێفە و دۆشەگ و سەرینەکەی کرد... دۆشەگەکە پەڵە و لەکەیەکی زۆری پێوە بوو... سەرێکی بەرزکردەوە... وێنەی ئافرەتێکی نیمچە ڕووت بەدیوارەکەوە هەڵواسرا بوو... ئافرەتەکە «مارلین مۆنرۆ» بوو... لە چەند فیلیمێکا بینیویەتی... تەنیا مایۆ و مەمکدانی بەبەرەوە بوو... ئەویش خۆی کوشت... بۆ خۆی کوشت؟ خۆ جوانترین ئافرەتیش بوو... ئەوەندە شیرین بوو... پیاو... هەزارەها پیاو... وەک مێش و مەگەز لێی نەدەگەڕان... خۆی کوشت... لە وەڕسی و بێزاری ئەم ژینە خۆی کوشت... ئەم وێنە چاکە... پیاو لێرە هەر بۆ وێنە و لەسەر وێنە دەژین... ئەمەیان چاکتر... دەهۆڵ و زوڕنا و ئاڵتوون و خەڵک و و خانووی ناوێ... سۆلێکی دڕاو کەوتبوو... ئەمشەو ژوورەکەی لەگەڵ کێ دابەش دەکا...؟ هەر کێ بێ... هەموویان یەک ڕەنگ و یەک دەنگن... ئەو خەڵکە تەنیا بەلووت و ڕەنگی چاو و ناو لە یەکدی جوێ دەکرێنەوە... جانتاکەی کردەوە... پاکەت و شقارتەیەکی دەرهێنا... دوایی دەفتەری یادگارەکانی... خستییە بەر باخەڵی... دایخستەوە... جانتاکە جگە لە تاخمی تەراش و خاولییەک و بیجامەیەک و چەند کتێبێک... هیچی دیکەی تیا نییە... ترسی دزینی نییە... هاتە دەرەوە... بەپێپیلکەکانا چووە خوارێ... کەوتە سەر شەقامی ڕەشید... وەک شقارتەیەک... پاکەتێکی بەتاڵ کەوتە سەر شەقام... قەڵەباڵغترین شەقامی پایتەختیش پڕە لە مەند و شێت و منداڵ و ژن و پیاو و شەقام و کۆشک و کەلاوە و ئۆتۆمبێل و پەیکەر و باڕ و مزگەوت و تیاترۆ و... شتی تر...

دەستێکی دیکەی لەبەر باخەڵی خۆیدا... لەوێیە... دەفتەری یادگارە تاڵ و شیرینەکان...



ئەمشەو بەتەمای نووسینە... بەتەمای تۆمارکردنی یادە کۆن و مردووەکان... ژان و خەم و گریان و کۆستی چوار ساڵ لەمەوبەر... ئەمشەو سێبەرێکی تر... پەڵەیەکی تر دەخاتە سەر پۆرترێتەکەی خۆی... ئەمشەو فلچەیەکی تریش دەوەشێنێ و ڕەنگێکی تر دەبەخشێ بەم تابلۆیەی دەیەها ساڵە تەواو نابێ... ئەم شارە چوار ساڵ لەمەوبەر خەریک بوو وەک ئافرەتێکی زاڵم بیکوژێ... ئەوسا تەنیا قوتابییەکی زانکۆ بوو... ئێستا ژیان باری قورستری خستۆتە سەر شان... ژانی ئەوسا - لەچاو ئێستا - گەلێ سووکتر بوو... تەمەنی چەندە...؟ نازانێ... تا ئێستاش کێشەی نێوان دایک و باوکیەتی... دایکی دەڵێ: «کە دوا خێزانی جوولەکەکان لەم هەرێمە باری کرد... ئەم کوڕەمان بووە...» کەچی باوکی دەڵێ: «نەخێر... کە یەکەم خێزانی جوولەکەکان باری کرد... ئەم بوو.» بەڵام دەشزانێ لە سی ساڵێک کەمتر نییە... تەمەن هیچ نییە... خۆی چ بەدڵ و چ بەمێشک هەست دەکا پیر بووە... لە ئەسپی عارەبانەی عارەبانچییەکی دڵڕەق دەچێ... گەلێ ماندوو دیارە... چەند چرچ و لۆچێک کەوتوونەتە سەر نێوچەوان و هەردوو لاگوپی... پشتی سەری کەمێک تووکی پێوە ماوە... بەڵام پێشەوەی تەواو ڕووتاوەتەوە... بەم دیمەنەش پیرتر لەبەرچاوان دەردەکەوێ... پایتەخت گیرفانی قورسی دەوێ... هی ئەمیش قورس نییە... ئەوەشیان گرنگ نییە... بۆ ئەو دوو سێ ڕۆژە گیرفانی پڕە... مەعاشێکی تەواوی هێناوە و نایباتەوە... فەرمانبەرە... دیسانەوە گرنگ نییە لە کوێ...؟ چونکە ئاو... ئاوە... مێش... مێشە... فەرمانبەریش... فەرمانبەرە... ژنی نەهێناوە... حەزیش دەکا بیهێنێ... بەڵام خێزانێکی گەورەی لەملە... کرێ گرتەن... چەند سەر خێزانن...؟ دەبێ بیربکاتەوە... تا بیانژمێرێ... باوک و دایکیشی لەکار نەکەوتوون... تەمەن و چەند شەوێکی زۆریان ماوە... گەر پێیان دەڵێ: «با بەس بێ...!» پێی دەڵێن: «هەر سەرێک خوا ڕزقی خۆی لەگەڵ دەنێرێ...!» باوەڕ بەم قسانە ناکا... کافریشە و لەماڵەوە پێی نازانن... زۆریش حەز لە کتێب کڕین دەکا... هەمووشیان ناخوێنێتەوە... خەون بەنووسینێکی گەورەوە دەبینێ... حەز لە شیعر دەکا... هەوڵ دەدا... بۆی نانوسرێ... بەڵام هەموو ڕۆژێک یادگارەکانی خۆی دەنووسێتەوە... چی کرد...؟ بۆ کوێ چوو...؟ کێ جنێوی پێدا...؟ لە کوێ خواردییەوە... چ فلیمێکی بینی...؟ هەتا هەندێ لە هەواڵی ڕۆژنامەکان... چی بینی...؟ کێی بینی...؟ کێ مرد... کێ لەدایک بوو... کێ مارەکرا... کێ ژنی هێنا... کێ تەڵاق درا...؟ زۆر شتی قۆڕتریش... ماڵەکەیانی پڕ کردووە لە کتێب و پارچە کاغەز... تاقی پەنجەرەکان... ژێر پێپلیکەکان... ناو دەلاقە... سەر ڕەفەکان... ژێر ڕایەخ... ناو کانتۆر و جانتا و سنووق...

هەمووی کتێبە... دایکی دەڵێ: «ئەگەر کتێب خواردن بووایە... ئێمە قەڵەوترین کەس دەبووین...» هەر بەشەقامەکەدا هەنگاوی سست دەنێ... ڕێگا سەغڵەتە... بەم دەمەو ئێوارەیە... حەشامات و عەزازیلێکی بێ شوومار ڕژاونەتە سەر جادەکان... سەیریان دەکا... دیقەتی هەموو شتێ دەدا... ماوەیەکی زۆرە نەهاتووە... زۆر شت گۆڕاوە... شەقامی «ڕەشید» نەبێ... ئۆتمبێل و خەڵکێکی زۆر و هیچی تر... ڕووخسار و دیمەنی ئادەمزادە و شتەکانی دەوروبەر تێکەڵ دەبوون... دوای ئەو ماوە درێژە کە هاتۆتەوە... نەهاتووە سەر بەکاباری و تیاترۆخانەکانا دابگرێ... نە کەسیش دەکوژێ و نە کەسیش ماچ دەکا... پۆل پۆل کچی جوان بەشەقامەکانا تێدەپەڕن... پیاو لە شارێکی وا گەورەدا نەبێ... نازانێ کچی وا جوان لەم دونیایەدا هەن:

«ئاخۆ دەبێ «هودا»ی ئەسمەر و چاوڕەش لە کوێ بێ...؟ کێ دەڵێ ئێستا مێردی نەکردووە...؟ ڕێکەوتێکی گەلێ سەیرە تووشی بم... دەشێ بکەوێتە چاک و چۆنی... کێ دەڵێ دەمناسێتەوە؟ خەیاڵێکی پووچە... ئەم خەون و خەیاڵە لە زووێیکەوە بەسەرچووە.»

کابرایەک قورس شانی بەر شانی کەوت... هیچ پرۆژەیەکی بەدەستەوە نییە... هاتووە جانتاکەی پڕکا لە کتێب و بگەڕێتەوە... ژنانی ئیمڕۆ چەند حەز بەماکیاج دەکەن... پیاو بەخواردنەوە... کەر حەز بەجۆ. ئەو ئەوەندە حەز بەکڕینی کتێب دەکا... پاس و تاکسییەکی زۆر هەر خەڵک دێنن و خەڵک دەبەن... هۆڕنی ئۆتمبێلەکان خەڵکی ئەمبەر و ئەوبەری سەر شۆستەکان وڕ و کاس دەکەن... لەژێر ئەستونگە مەزنەکانی شەقامەکەدا زۆر بەدڵتەنگی و بێزارییەوە... بەنێو سەر و قاچ و دەستی ئەو خەڵکەدا ڕێگەی دەبڕی... بەڵام سووکە خۆشییەکی سادە لە چاوانیا دەردەکەوێ... خۆشی تەنیایی و سەرسووکی ئەو ساتە وەختەیە و بەس...! خۆشییەک پتر لە مەستی دوای پێکێکی خەست دەچێ... ناو دوکان و کۆگاکان ڕووناکن... کتوپڕ سووکە خۆشییەکە دڵی بەردەدا و... مات و ماتتر دەبوو... هەر جارێ کە ئێوارە دادێ... گڵۆپەکان دادەگیرسێن... ئاسمان تاریک و لێڵ دەبێ... لە دوورەوەش گۆرانییەکی خەم دەبیستێ... خەڵکێکی زۆر شاد و خەمناکیش تێک دەئاڵێن... یەکتری بەجێدێڵن... تەنیا دەڕۆن... جووت جووت دەڕۆن... لەم ساتانەدا هەست دەکا هەلقەیەکی ئاسن بەدەوری دڵیا دێ و تا دێ زیاتر دەیگوشێ... تا خوێنی تیا بەند دەبێ... لەم ساتانەی وەک ئێستای - نەک بەچاو - بەڵام بەدڵ تێر دەگری... ڕۆحە تەنک و پڕ ئازارەکەی دەکەوێتە سەر لەرەی خەم... دنیاش وەک ئێستا چەند تاریک و تاریکتر دابێ... ئەو ئەوەندە زڕەی زەنگی خەمێک و کارەساتێک لە گوێیدا دەزرنگێتەوە... کە دنیای



غەریبی و تەنیایی دەیگرێتە باوەش -زەنگی فیکاری-ی «گۆران»ی بیردەکەوێتەوە:

ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری
دڵم هەڵسا زڕەی زەنگی فیگاری
بە ئەسپایی... بەبێ هێزی... بەئاستەم
هەوای ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم...!

لەژێر زەردی گڵۆپەکاندا... سیمای خەڵکەکە مات و زیز دەردەکەون... کە بیری لێدەکاتەوە... باوەڕ ناکا... چۆن چوار ساڵ ئەم شارە بێ ڕەنگە - کە هەزار ڕەنگە - توانیویەتی بژی... ئەم شارە سەیاب و حوسێن مەردان و حوسێری کوشت... کۆڵێ هیواش و شاعیرانە هەنگاوی دەنا... ویستی خەفەتەکەی بەشەقامی ڕەشیدا بڕێژێ... مام ڕەشیدی بیرلێدەری هاتەوە یاد... پاڵەوانێکی نەناسراوی ئەم ژینە تاڵە... پاڵەوانی ڕۆمانەکەی... ئەو ڕۆمانەی دە ساڵە خەریکە و دە لاپەڕەی بۆ نەنوسراوەتەوە... لای زۆر کەسیش دەڵێ: «ڕۆمانێکم نووسیوە...» جار جار بێ ئەوەی هەست بکا... نیازی بێ... درۆ دەکا... خەیاڵ درۆی پێدەکا... دەڕوا و نیازی وەستانێکی سەر دیجلەی هەیە... خەمگینە و هەست بەهەوری مردن دەکا... شەقامەکانیش ڕەشەمارن و لە گەردنی دەئاڵێن... کە شەو دادێ... ساردتر دەبێ... شەوی زستان وەک دڵی ئافرەتێکی سۆزانی قەت جێی باوەڕ نییە... بەو پاڵتۆ ڕەشەوە بەرگەی ساردی دەگرێ... پەست و بێزار... لەودیو چاوێلکە سپییەکەوە دنیا تاریکتر دەبینی... باوکیشی چاوی کزە... خەڵکی پارە و دارایی و زیرەکی و جوانی و هێزی لە باوکەوە بۆ دێ... کەچی ئەم چاوکزی و کەچەڵی بۆ ماوەتەوە... چاوێلکەکەش لەسەر لووتێکی گەورە وەستاوە... لووتەکەش هی دایکیەتی... وشەیەک نییە... پڕ بەپێستی خەمی ئێستای... هیچیشە و هەموو شتێکە...! مەگەر شیعرەکەی گۆران... شیعرەکانی دیکەی دنیا... چیرۆکە مەزنەکان... فەلسەفەکان... بزانن ئەو چییە و چی دەوێ...؟ واش نییە... خۆی شتەکان بەم شێوەیە دەبینێ... دێوی خەمێکە و بۆی دێ... خەمێک کە پێشوازی ناوێ... بێ تەپڵ و دەف دێ... لە بەری بگری و ماچی بکە... هەر دێ... مێوانێکی بێ شەرم و ئابڕووە... نە شەو دەزانێ و نە ڕۆژ... نە هاوین و نە زستان... نە پرسە و نە شایی... نە ئاسمان و نە زەوی... لە هەر شوێنێ بێ... دێ... کە هاتیش لافاوێکی بێ ئامانە... شەوانە کە ئەو خەمە دەیگرێ... لەژێر ڕۆشنایی کزی چرای ئەو خەمە یادگارەکان دەنووسێتەوە... خەم... یادەکان دێنێتە گۆ... تاڵ و شیرینیانی خۆش دەوێ... چەند بەئەسپایی بناڵێنێ... مردووترین یاد وەئاگا دێنێ:

به ئەسپایی... بەلەرزۆکێ... هەژاری
ئەنالێنێ لە شوێنی نادیاری
زبانی دێتە گۆ هەرچەندە زڕەی دێ
کە تێر نابم لە گوێگرتن بەدوو گوێ...!

حەز دەکا زوو بگاتە سەر دیجلە... لەسەر پردەکەوە... یان لە کەنارەوە سەیری ئاوەڕۆی هێمنی بکا... ئاوی زێ مرۆڤی پەست و پڕ دەخاتەوە ناو دنیای ئارام و هێمنی... بەس نا... ئەمشەویش... وەک ملیۆنەها شەوانی دیکە... سەر دیجلە پڕە لەو خەڵکانەی جووتن... لەسەر ڕۆخانەی دیجلەی خەمبار تێک دەئاڵێن... ساڵانێک لاف و گەزافی تەنیایی لێدەدا... کەچی ئێستا شەرمی لێ دێ... کاس و مەست بوو... ئەو هەموو خەڵکە چییە...؟ لە کوێوە دێن... بۆ کوێ دەچن... بۆ بەپەلەن... چۆن هەندێکیان هەر بەپێوە نامرن...؟ ئای لەو هەموو ئۆتمبێلە زۆرە... تایەکی ئەوی تیا نییە... ئەو هەموو ئافرەتە زۆرە... هەر لە منداڵکار و قەیرە و بێوەژن و پیرەژن... باوەشێکی ئەوی تیا نییە... لەو هەموو زەویوزارە زۆرەی خوا... مەترێکی چوارگۆشەیی هی ئەو نییە... تەنیا مووچەکەیە و... ئەویش لە دەستەوە بۆ دەم دەڕوا... وریا دەبێتەوە... دەترسێ نەبا ئەم کەم پارەیەی لێ بدزن... دەڵێن: گیرفانبڕ زۆرن... ئەم دنیایە بۆ وا تێکچووە...؟ پڕ بووە لە دز و حیز و لۆتی بەدمەست و جەردە و چەتە و تەڵەکەباز و قومارچی و قۆڵبڕ و پیاوکوژ و ئافرەتی سەرسەری و کچی بێ بار...! گەر وا بڕوا چی چاوەڕوان دەکرێ...؟ سەیری چێشتخانەکانی هەردوو بەری جادەکەی کرد... بەرناکەون... ترسا ئەگەر ڕۆژێک... ساڵێک... سەدەیەک هات و خواردن نەما... بێ شک مرۆڤ مرۆڤ دەخوا... یەکەم کەسیش لەڕێکی وەک ئەو دەخورێ...! بیر لە باڕێکی شاهانەی سەر دیجلە دەکاتەوە... ئەمشەو پێویستە بخواتەوە...؟ ئا... تا خەیاڵی تەڕتر بێ و بەخوڕتر بنووسێ... باڕێک لەو باڕانەی پڕە لە ڕووناکی کز و خەم و خەیاڵ بەخشش... دەشێ ئاسمانیش دایکاتە باران... لەودیو دیواری شووشەبەندی مەیخانەکەوە سەیری خەڵک و باران دەکا... لە نێوان چپە و هەناسەی ساردی سەرمەستەکان... قومی خواردنەوە و مژی جگەرە... دەفتەرەکە دەخاتە سەر مێزە پاک و خاوێنەکە... هەرچی بۆ هات... دەنووسێ... هەر هیچ نەنووسێ... خەیاڵ و وڕینەی سەرخۆشەکان دەنووسێ... چۆن جگەرە دەکێشن... چۆن پێک هەڵدەدەن... بەیەکەم قوم ناخیان گەرم دەکەن... ئەم کپی و ڕووناکییە خەمێکی ڕوون دەخولقێنێ... ڕوونتر لە کانیاوی ساف... لە شووشەی بێگەرد... لەودیوەوە ورد و درشتی شتەکان دەردەکەوێ... خەم و تەنیایی و خواردنەوە کۆنترین یاد



وەئاگا دێنێ... یادی چوار ساڵی نەگبەتی و مەینەتی... مەستیش سەهۆڵی زۆر خەم دەتوێنێتەوە... خەمیش بڕوا... یادی شیرین و تاڵ دێ... دەشێ تا درەنگ دابنیشێ و بنووسێ... لەنێوان مۆسیقا و تابلۆی جوان و دیکۆری قەشەنگ و پەرداخی ناسک و جۆرەهای خواردنەوە و کورسی نەرم و شاهانە و گەرمی زۆپای کارەبا و... دەنگی پڕ لە ئاه و حەسرەت و تلانەوەی کەلسوم... خەیاڵ خۆشتر دەکەن... یادەکان بەتەڕ و بڕی یەکەم ڕۆژ دێنەوە بەرچاو... ئەمشەو دوورە لەو کەسانەی وەک خەفیە بەدوای دەکەون... لە مێزێکی نزیک جامخانەی باڕەکە دادەنیشێ... دیقەتی خەڵک دەدا... نازانن سەیریان دەکا... لەودیو تاریکی و لێڵی شووشەکەوە نایبینن... دێن و دەڕۆن... هەر یەکەی بەرەو مەبەستێک هەنگاو دەنێ... لە دنیادا مەبەست زۆرن... ئەو هەنگاوانەی بۆیان دەچن... گەلێ گەلێ زۆرتریشن... خواردنەوە خەڵکانی خەیاڵ مەزن سادە و ساکارتر دەکا... پاشا و گەدا... پێکەوە دەکەونە سەما... کەم کەمیش دەخواتەوە... هەر جارێکیش بخواتەوە... یەکەم شەق و... یەکەم ئافرەت و جگەرە و شەڕ و کەوتن و دیاری و دڵداری دەکەونەوە یاد... دەبێ خواردنەوەیەکی شاهانە بێ... خواردن هیچ نییە... چەند تێرتر بخۆی... تەپتر دەبی... خەیاڵ هەموو شتێکە... پیاوی بێ خەیاڵ پولێک ناهێنێ...؟

گەیشتە نزیک دیجلە... بەس خۆی تەنیایە... خەڵکی بەجووتە... هەر نێر و مێن دێن و دەڕۆن... پیرەژن و پیرەمێرد... تازە بووک و زاواکان... دڵدارەکان... لە ترسی سەرما... یا لە ترسی هەزارەها وردە مەترسی تر خزاونەتە ژێر باڵی یەکەوە... چوونەتە ناو یەک... هەن لەو جووتانەش هەر جودان... خۆی تەنیایە... هەر باڵندەیەکی تەنیایە... درەختی تەنیا... ئەستێرەی تەنیا... ئازاری دەدەن... هەموو شتەکانیش جووت بن... دێوی خەمی ئەو نامرێ... خەمەکە باڵندەیەکی ئەوەندە کێوییە... قەت ماڵی نابێ...!

هەموو شتەکان لە لایەک... کارەسات و بێ ئومێدی... مردن... کوشتن... شێرپەنجە... برسێتی... تەنیایی ئەم ئێوارەیەی ئەو لە لایەک... خۆشی لەو خەمە تێ ناگا و... بۆیشی دەگری هەر تێ ناگا...

زبانێک... بەستەیەک... دەنگێ... نەوایە
سکاڵایە... هەناسە و ئاخ و ئایە
کە تێ ناگەم کە نازانم ئەڵێ چی
بەڵام خوڕ خوڕ لەگەڵیا ڕۆحم ئەگری

سەیر دەکا... دیجلە هەر وەک خۆیەتی... باران کەمێک پتر ئاوی تێ کردووە... بەڵام لە کەناری خۆی بێزار نەبووە... جێی نەهێشتووە... مرۆڤەکان گۆڕاون و هەر دەگۆڕێن... دەموچاوەکانی بیر نەماون... قەت نەیبینیون... سەرنج ڕاناکێشن... یا بینیویەتی و لەیادی نەماون... جارێکی تر نە ئەو... ئەوان دەبینێتەوە... نە ئەوانیش... ئەو دەبیننەوە... کەواتە ئەو خەڵکە هەمووی لە حیسابی یەکدیدا دەمرن... یان هەر مردوون و بەزیندوو حیساب دەکرێن... ئای کە ئاشێکی گەورەیە... هەر کەسەی خەریکی ڕۆحی خۆیەتی... وازیان لە یەکدی هێناوە... وەکو قرژاڵ بەپشتدا دەڕۆن... گەر ئەو هەورە قورسەی ئاسمان بیبارێنێ... هەموویان وەکو ڕەوە باڵندەیەک... خۆیان لە ترسی باران دەشارنەوە... شەقام چۆڵتر دەبێ... پیاسە خۆشتر... با بباریێ... هەست دەکا ئەو خەڵکە دەماغی ئەویان کردۆتە شۆستە و بەسەریا گوزەر دەکەن... بایەکی سارد هەڵیکرد... نم نم دەباری... خۆشتری کرد... تەواو دایکرد... هەتا خۆی کرد بەبارێکدا تەواو تەڕ بوو... بارێکی شاهانەش نەبوو... بەڵام دەرگاکەی و پێشەوەی جامخانەیەکی دڵگیر بوو... وەک نیازی بوو... دانیشت... خرمەی ڕێژنەکە دەهاتە بەرگوێی... بارانیش خەمێکی خەستتر دەبارێنێ... لەم جیهانەدا چی لە باران و شەقامێکی تەڕ و دڵێکی تەنیا خەمناکترە... زۆر لە مێژە ئاشنای تەنیایی خۆیەتی... بەخیلی بەدڵۆپە بارانەکان دەبا... تەنیان... تەنیان... بەڵام کە دەڕژێنە سەر جادەکە بەیەکەوە دەڕژێن... جۆگەلە ئاوێکی زۆر دروست دەکەن... هەموو شتێکی تەنیاش ڕادەماڵن... گەڵای تەنیا... کاغەز... پووش و پەڵاش... ئاغزەجگەرە... پاکەت... دەنکەشقارتە... کارتۆن... شووشە و هەزارەها وردە و پارچەی فڕێدراو... هەموویان تێکەڵ دەکا... دەڕۆن... هەر دەڕۆن و دەڕۆن... دەشێ ترسی لافاویش بخەنە شار... ئەوە سیحر و هێزی یەکگرتن و تێکەڵبوونە... باران هەموو شتێ لە تەنیایی ڕزگار دەکا... کەچی ئەو تەنیاتر دەکا... گریانیش داد نادا... گریان چی لە سەری کاسی... مێشکی پڕ ئاژاوەی بکا...؟

مەیگێڕەکە هات... داوای دوو بیرەی کرد... کابرا وەرسوڕایەوە... ئەمیش دووبارە لە جامەکەوە سەیری ئەو خەڵکەی دەکرد کە خۆیان دەشاردەوە... خۆیان لە باران دەشاردەوە... سەریان نابووە قلیفەوە... تا زیاتر سەیریان بکا... وەڕس و بێزارتر دەبێ... خۆیشی نازانێ بۆ گەمژەڵ و دەبەنگ دێنە بەرچاوی... پتر هەست بەتەنیایی دەکا... بیرەکان دەخرێتە سەر مێزەکە... بەپەلە پەرداخەکەی پڕ دەکا و خێراتر هەڵیدەدا... دەفتەرەکە دەردێنێ و دەنووسێ:

«من کێم...؟ تەنیام... وەک ئەو دڵۆپە بارانەی بەسەر ڕووبارەکەدا دەڕژێ و... هیچ



شوێنێک تەڕ ناکا... من ڕژانی ئاوم بەسەر ئاودا... ئاویش تەڕە و... بەئاو تەڕ نابێ... بیست و پێنج ساڵە هەست بەخۆم دەکەم تەنیام... بیست و پێنج ساڵ = نۆ هەزار و بیست و پێنج ڕۆژ = سەد و نۆ هەزار و پێنج سەعات... دەشێ... زیاتریش... ئەم ژمارە زلە هەر بەتەنیا بەسەرم بردووە... بەهەموو کەس بەستراومەتەوە... بەڵام هەست ناکەم... کەس بەمن بەسترابێتەوە... دیسانەوە خەمە پڕ نهێنییەکە سەری لێدام... خەریکە لە ڕۆحی خۆم ون دەبم و تێی ناگەم... گۆران لە مێشکما زیندووە... شیعرەکەی:

چییە ئەی ڕۆحی بێ لێوار و بێ پەی
لە تۆ ناشارەزایی من هەتا کەی...؟

وشەیەک نییە بۆن کڕوزی ئەم دڵ و دەروونە سووتاوەم بدا... ئەمشەو پشیلەش هاودەم و خەم ڕەوێنە... گەر هەبێ...؟ خۆ دەوڵەمەندەکان شێت نین سەگ و پشیلە بەخێو دەکەن...؟ ئاخۆ ئەوانیش هەست بەتەنیایی دەکەن...؟ بارەکانیش پڕن... پڕتر دەبن... ئەگەر هەزارەها بێ سەر و نامۆ و دەربەدەر و بەڕەڵلا و قوڕبەسەر و تەنیای وەکو ئێمە نەبووایە کێ مەیخانە و بارەکانی جیهانی پڕدەکردەوە؟ ژیانم بازدانێکی بەردەوامە لەم شۆستەوە بۆ شۆستەیەکی تر... شەممەم وەکو یەکشەممەیە... یەکشەمم وەکو دووشەممەیە... ڕۆژەکان وەک دەنکەکانی تەزبیحێک لە یەک دەچن... کەژەکانیش بەدوای یەکتریدا دێن و دەڕۆن... تەنیا ئاووهەوا دەگۆڕێ و بەس... چاوەڕوانی شتێکی گەورەم... ئەویش نایە...! شتەکانم تاکە و تەنیان... هەر لە سەرین و پیاڵە و پیاسە و وێنە و فلّچەی ددان و... شتی تر...»

پێکێکی تر هەڵدەدا... جگەرەیەک دادەگیرسێنێ... سەیرێکی دەرەوە دەکا... هەر بارانە و بەخوڕتریش دەبارێ... دەچێتەوە سەر دەفتەرەکەی:

«ئەمشەو دەچمەوە ئوتێلە ساردەکە... ئاگری زۆپایەک نابێ... بەدیار ئاگرە زەردەکەیەوە خەمێکی زەردتر بخۆم... مەگەر ئاگری جگەرە گەرمم بکاتەوە... من لەززەتی ئافرەتێک لە جگەرەیەک دەکەم... یادی ساڵانی کۆن نەبووایە... ئەم ئوتێلە پەڕپووتە جێی من نییە... ژوورەکەش گەرم بێ... دڵم هەر ساردە... لەوەتەی خۆم ناسیوە... دڵم ئاگردانێکە هەر دادەگیرسێ و دەکوژێتەوە... هەر دادەگیرسێ و دەکوژێتەوە... ئێستا ئاگردانێکی پڕ خۆڵەمێشە... دنیای خەیاڵ و دەروونم ئەوەندە سارد و سایەقەیە... ئەگەر لە ئاسمانی هیچ وڵاتێک بەفر نەبارێ... بێ شک بەسەر وێرانەی دڵی منا کلو کلو دەبارێ... تا بەیانیش دەمبەستێ... چەند جێگەی خەفەت و داخە... لە ئوتێلێکی وا هەرزان و سارد و ڕووتا

بمرم... بێ ئەوەی کەس هەبێ دەم بخاتە ناو دەممەوە... چەند جێی داخە...؟ ڕاوچیم... بەڵام دەست بەتاڵ... ئەسپەکەم پێش تانجییەکە دەکەوێ... سەیرە... حەز دەکەم بزانم... ئێستا چەند کەس لەدایک دەبن... چەندیش دەمرن... چەندیش لەم دنیایەدا دەکوژرێن... چەندیش ماچ دەکرێن...؟ چەندیش وەک من تەنیایی دڵیان دەکێڵێ:

چییە ئەم دەنگە... ئەم ئاوازە دوورە...
کە پێهەڵهێنەری چاوی شعورە...؟!
کە دێ پەستم، کە نایە ئارەزووی دڵ
بەدوویا وێڵ ئەبێ مەنزڵ بەمەنزڵ...!

هێدی هێدی شەو دەڕوا... تا دێ خەڵکی کەمتردەبنەوە... دوایی تاک تاکە سەرخۆشەکان بەجادەکانا شۆڕدەبنەوە... خۆیان بەپاشای سەرشەقامەکان دەژمێرن... لە پەنا دیوارەکانا دەڕشێنەوە... میز بەهەموو شتێکا دەکەن... تف لە هەموو شتێ دەکەن... ئازار چی بەمرۆڤ ناکا؟ ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان کەمتر دەبنەوە... بارەکانیش چۆڵتر... دوا شت کاباری و تیاترۆخانەکان دادەخرێن... وەک مێرووله و مێش و مەگەز و باڵندە و ئاژەڵی خوا... هەر کەسەو بۆ کون و هێلانەی خۆی دەگەڕێتەوە... چەند پۆلیس و یاساولێک بۆ پاراستنی شەرەف و ناموسی شار دەرژێنە سەر شەقام و شۆستە و کۆڵانە تاریکەکان... شاریش ئەوەندە کپ و خامۆش دەبێ... وەک نقومی ژێر باری پرسەیەکی گەورە بووبێ... یا لەناو لەززەتێکی بێ کۆتاییدا توابێتەوە...؟

دوا کەسیش خۆمم... بەنێو تاریکی و بێدەنگیدا مل دەنێم... وەک ولاتێکی ژێر تەم کەوتوو... دەکەومە ناو خەمێکی بێ سەر و شوێن... ئەو خەمەی کە تەنیا خۆشەویستی ڕاوی دەنێ و بەس... ئەویش نیمە...!»

دەفتەرەکەی دانا پێکێکی دیکەی هەڵدا... سەیری دەرەوەی کردەوە... ژن و پیاوێک... دەستیان لەنێو قەدی یەکدی ئاڵاندبوو... لە ژێر چەترێکدا بوون... تیژ تێپەڕین... ئەویش لەگەڵ هەر پێکێک گۆمی خەمی لێخنتر دەبوو... سەرسامیش بوو بەو دنیایەی کە لەژێر باراندا دەشۆرا...!

هەولێر – شوباتی «١٩٧٩»

* لە ژمارە «٦٧»ی «بەیان»دا... لە کانوونی یەکەم/ «١٩٨٠»دا بلاوبۆتەوە.



## شاعیر

پشت لە شار و ڕوو لە دەشت هەنگاوی هەڵگرتبوو... بێ ئاوڕدانەوە ڕێگەی گرتبووەبەر... بەرەو دیدەنی و شەیدایی ئاسمان و دار و بەرد و خۆڵ و گرد و نشێو... زۆر لە مێژە خەون بەگەشتێکی تەنیاییەوە دەبینێ... کۆترە شیعرێکی عیشق لەسەر زارێتی و لە ئاسمانی شاردا بەرەڵلای ناکا... شاگەشکە بووە... ئەگەرچی خەمێک دڵی تەنیوە... وەک خەمی ساتەوەختی ماڵئاوایی دڵداران: ڕووەو ئەو دەشتە ملدەنێ... بەڵکو فرمێسکی جودایی و تاسەی ڕامووسان و موچڕکی ماچ ببێ بەسروشی شیعرێکی عاشق و گۆنا تەڕ... وەک ژنێکی سکپڕ... دەزانێ کەی بەرە ژانی گەورەیە... ژانی لەدایک بوون... ئەوسا قوڵپی گریانی خەمێک و قریوەی شێتانەی سەرێکی پڕ لە ڕاز و نهێنی تێکەڵ بەیەکتری دەبن... سۆفی ئاسا عەشقێکە گەورە... لەناو هەموو گەرد و بەردێکی سەر ئەم زەمینە دەتوێتەوە... هەموو ڕەنگەکان لە چاوە ڕەشەکانیدا شەپۆڵ دەدەن... ئەوساکە دەبێ بەتاکە خەمخۆر و دێوانەی سەر ئەم زەمینە... کە ئیلهامەکە بەسەریا باری... زەوی دەبێ بەتۆپێک و بەهەوەسی دڵ یاری پێدەکا... کاتێ دڵی پڕ دەبێ... نامۆیی و دڵتەنگی و تەنکە خۆشییەک تێکەڵ بەیەکتری دەبن... ئەوسا نازانێ لە چ سەرچاوەیەکەوە کانی فرمێسک دەتەقێ و زەوی خەمێکی وشک و سووتاو ئاودەدا... ئاوڕیشمی ئەو سۆزی عەشقەی ئەوەندە تەنک و ناسکە... بەتیشکی خۆر پەڕە پەڕە دەکرێ... زیاتریش هۆگری مرۆڤ و یادە مردووەکانە... لوورەی سەگێکی برسی دنیایەک خەمی بۆ دەڕێژێ... لوورەی پڕ لە ئاه و ترسی سەگەکەی ئەو شەوە بۆ نەبوو بەشیعرێک...؟ لەبری شیعرەکە تێر گریا... شەوێک بوو سارد... یادی ماڵئاوایی «چیمەن» هێشتا لە دڵیا سەوز بوو... چیمەن بۆ جێی هێشت...؟ نایزانێ... لوورە و هاوار و ناڵەی سەگەکە چیرۆکێکی پڕ لە داخی تەنیایی ئەو شەوەی بوو... کارەساتی مردنی ئەو حەزە لە شیعر گەورەتر بوو... هەر بۆیە دەگریا... ئەو شەوە بۆ سەگەکەش گەڕا... شەوێک بوو سارد... پڕ لە باران و خەم و مەینەتی... نەیدۆزییەوە... ئەگینا لە پێخەفەکەیا دەیخەواند... بەو هەموو دڵ ناسکییەوە چیمەن فرۆشتی... ئەو شەوە باران تەڕی کرد... نەخۆشیش کەوت... لەو شەوەوە... شەوی

ماڵئاوایی... خەم و نەخۆشی و سەرشێتی ڕوویان تێکرد... ئێستا ئەوسا نییە... ئەوسا کە بەیەکەوە دەبوون... دەریای ڕۆحی دەکەوتە سەر شەپۆڵی ڕەنگاوڕەنگ... بیری دەچووەوە کە هەر ئێسک و گۆشت بێ... ئەوسا شیعرەکانی تامی ماچ و بۆنی قژ و ڕەنگی چاوی «چیمەن»یان دەبەخشی... دۆستی هەموو مرۆڤێکی پاک بوو... ئێستاش شەیدای تەنیایی و شیعر و بیرە و جگەرەیە... کەمتر لە جاران پێدەکەنێ... زۆر کەمتریش دەدوێ.

دوای نیوەڕۆیەکی بەهارە... سووکتر هەنگاوی دەنا... بێ وەستان... بەپەلە... دەیویست بۆ چەند ساتێکیش بێ... لە ئاژاوە و ژاوەژاوی شار دووربکەوێتەوە... لەو ڕۆژەوە چیمەن دەستی لێ بەرداوە... شیعرێکی ئەو کارەساتەی بۆ نەهاتووە... دەستێکی بۆ قەرەوێتەکەی برد... شلتری کردەوە... هەموو ئەو پردانەی ڕووخاند کە ئەمیان بۆ شاری پڕ لە یادی ترش و تاڵ دەبردەوە... هەزار نەفرەتی لەو حەزەش کرد... ڕایهێنا کە شەو و نیوەشەو و سەر بەبارەکانندا بکا... لەو ڕۆژەوە نەفەسی کورت بووە... ڕۆمانێکی تەواو بۆ نەخوێندراوەتەوە... مانگێکە کۆتایی بە«بەرزاییەکانی وێزەرینگ» نەهێناوە... کەی وا تەمبەڵ بووە...؟ ئەوسا بەشەو و ڕۆژێک ڕۆمانێکی تەواو دەکرد... هەموو چیرۆکی ئەوینێک... چیرۆکی خۆی بیردەخاتەوە... ئەو پاپۆڕەشی نغرۆ کرد کە بۆ بەندەری داهاتووی نادیار هەڵیدەگرێ... ئێستا نە داهاتوو دەمێنێ و نە ڕابردوو... «زۆربا» ئاسا بۆ ئەو ساتە دەژیا کە هەناسەی تیا دەدا... ئەوسا کە چیمەن هەبوو... خەمیش ڕەنگێکی دیکەی هەبوو... لەو خەمە پەمەییانەی لە چاوانیا ڕەنگیدەدایەوە...!

ماڵئاوایی لێ کرد... ئیتر باخچەکان گوڵ ناگرن... ئەستێرەکانی شەوی ئاسمان ناجریوێنن... ئەوسا لە دڵیا چۆپی بوو... وەک دیمەنی هەڵپەڕکێی کچانی کۆک و ڕووت لە ژوورێکی ئاوێنەبەندا... چ دیمەنێکی جوان و قەشەنگە... لەگەڵ هەر هەنگاوێکا دەبۆوە خاوەنی دەرد و دڵی خۆی... لە خەمی ڕابردووی... یادگارە ناشیرینەکان... لە ترسی شەوانی داهاتووی پڕ لە مەینەتی دەربازی بوو... چ هێزێکی مەزنە... بگرە لە مردنیش دەترسا... بام بشمرێ... هیچ نەبێ شاعیرانە دەمرێ... لەنێو ئەم دەشتە بێ گوناهەدا... گەر لێرە بمرێ... گوڵە کێوییەکان دەمیان دەخەنە دەمییەوە... باڵندەکان دێن و پرسەی بۆ دەگرن... سێبەری بۆ هەڵدەڕێژن... چەند خۆشە فڕەی باڵیان... چەند جوانە... شاعیرێک لەناو کۆشی سروشتا مردوو... نوستوو نەک مردوو... لەناو بازنەیەکی پڕ لە گوڵاڵەسوورەدا ڕاکشا... لە ڕاکشاندا سەرتۆپی کۆشک و خانووە بەرز و بڵندەکان... گومەزی منارە بەرزەکان دیارنەمان... دەموچاوی لە خاک و خۆڵ و گیا و گوڵاڵەکانا دەسوو... هەر لەسەر پشت و سک خولی



دەخواردەوە و تلی دەدا... گوڵ و سەوزەگیای ئەو ناوەی دەشێلا... مەستییەک لە کەللەی دا... تەشەنەی دەکرد و گیانی دەخستە سەر لەرز و سەما... دەیخرۆشاند... هەستایەوە... هەنگاوی نا... خێرا... خێراتر... گوڵەکان زیاتر لەژێر پێیدا دەپلیشانەوە... لە زاق و زیقی شار بەدوورکەوتەوە... لەم دەشتە چۆڵەدا زیاتر شتە زیندو و مردووەکان داوای مانا و بوون دەکەن... هەر یەکەی مانای خۆی... بەرد و باڵندە و ئاسمان... ژانەسەرە... زۆری وەک ئەو بەو دەردەوە مردن... نەگەیشتن... حەزی لە فڕین کرد... لە خۆی پرسی... بۆچی مرۆڤ باڵی لێ نەڕواوە...؟ نابێ... ئەوسا سەری بەهەموو کون و کەلەبەرێکی شارا دادەگرت... هەر ڕۆژە و چەندەها مرۆڤی باڵندە لە ئاسماندا بەڕووی یەکدیدا دەکەوتن... لەسەر تاق و پەنجەرە و بانی حەمامی ژنان باڵیان دەشکا... ئای مرۆڤ...؟ موچڕکێک سەرتاپای جەستەی گرتەوە... دوورتر کەوتەوە لە شار... شار یا زەڵکاوی لیک و خوێن...؟ شار گەورەترین درۆی شارستانیەت... لە زووێیکەوە وازی لەو کەسانە هێناوە کە بەدووی تامی تووتن کەوتوون و خۆیان لەنێو گەڵی ئافرەتە دۆخین شلەکانا دەدۆزنەوە... ئەو شارستانییەتە سفلسە و چارەسەری قورسە... ئەوەندە دوورکەوتەوە... بەپێوەش سەرتۆپی خانووە هەرە بەرزەکان و گومەزی زۆری منارەکان لە چاو ون بوون... جگەرەیەکی ئاگردا... مژێکی قووڵی لێدا... سەری بەرزکردەوە... دووکەڵە چڕەکە شینایی ئاسمانی بێگەردی لەبەرچاو لێڵ کرد... هەر زوو دووکەڵە چڕەکە پەرت و بڵاو بووەوە... ئاسمان وەک خۆی دەرکەوتەوە... چەند پەڵە هەورێکی لۆکەیی... بێ سەر و شوێن کۆچیان دەکرد... لە کۆمەڵە فیلێکی زەبەللاحی هەڵاتوو دەچوون... جار جارەش دەبوون بەڕەوە ئەسپێک... بەڵام هەوری نەزۆک... لەسەر پەنجەی هەردوو پێی خۆی بەرز کردەوە... هەوای ئەو دەشتە پاکەی هەڵمژی... وەک سەماکەرێکی «بالێ» چەند جارێک بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە... کەمێک سەری گێژ بوو... بەرلەوەی بکەوێ... بەچۆکدا کەوت... لە گوڵاڵەسوورەکان وردەبووەوە... لەو خاڵە ڕەشەی دەروونی گوڵەکان...!

هەر نەورۆزی پار بوو... لەسەر مەستی بەیەکەوە بووندا بوون... نەورۆزێک نەسووڕایەوە لەیەک دابڕان... نەورۆزەکەی پار هەر لەم دەشتی دوورەشارەدا سازکرا... هەر لەم دەوروبەرەدا دەخوولانەوە... وەک دوو ئاسکی کێوی قەڵەمبازیان دەدا... خاڵی ڕەشی گوڵاڵەکان بیری هێنایەوە:

– چیمەن... ئەو خاڵە لەو خاڵەی سەر ڕوومەتت دەچێ...

– دیسانەوە شیعرە...؟

– نا چیمەن... خاڵی تۆ نەمر تریشە... ئەم گوڵانە هەر ساڵەی بەهارێکیان هەیە و بەس...!

– بوەستە... بۆ کوێ دەستم دەگری؟

– ناو ئەو گوڵەگەنمانە...

– ئاخر...

دەستت خستە سەر دەم و لێوە تەنکەکانی... بەیەکەوە ڕاکشان... هەردوو دەستی خستبوونە ناو دەستەکانتەوە... لێک نزیک کەوتبوونەوە... سەیری لێوی تەڕ و تەنک و پڕ ئارەزووکانیت دەکرد... لێوی ژێرەوەی بەترس و خۆشییەوە دەلەرزی... لێوێک لە چاوەڕوانیدا بلەرزێ... ئەوەندە بەجوانی و نەوسنانە بۆ دەرەوە تەقی بوو... هەوەسی مردوویەکی وەئاگا دەهێنا... دەنگ و هات و هاوار و زاق و زیقی ژن و منداڵ و پیاو دوور دەهاتە بەرگوێت... کتوپڕ لە بێدەنگی و ماچێکی گەرمدا توانەوە... گوتی:

– یەکەم جارمە...

– هەستت بەچی کرد؟

– ڕمانی یەکەم دیواری ترس و شەرم.

– چیتر...؟

– گوناه...

– چەند جارم پێ وتی یاسای ئەوین گوناهی تیا نییە.

– دە چی بکەم...

فڕەی باڵندەیەک وەئاگای هێناوە... هەر لەسەر چۆک بۆ ئەو شوێنە ڕۆی کە باڵندەکەی لێ فڕی... ناو گوڵ و گیا و دڕک و داڵەکەی پشکنی... ڕوو بەڕووی هێلانەیەک و دوو هێلکە بۆوە... بەپەرۆشەوە... زۆر بەنەرمی... وەک کەسێ دڵی کەوتووی خۆی بگرێتەوە... دانە هێلکەیەکی خستە ناو لەپی... نەیزانی هێلکەی چ باڵندەیەکە... بەخۆیا هەڵشاخا... نەرمتر خستییەوە ناو هێلانەکە... هەستایەوە... بەلای کۆمەڵە سەگێکدا ڕابورد... بەدڵ لێیان دەترسا... سەگەکانیش بڵاوەیان لێ کرد... ئەوانیش لەو دەترسان... چەند سەرنجێکی پڕ لە خۆشەویستی و خزمایەتییان گۆڕییەوە... هەموویان هەر زوو کەوتنە سەر



لەپ... جگەرەکە هەر لە خۆیەوە – بێ ئەوەی مژێکی تری لێ دابێ – ببوو بەسووتوو... نیگای هەڵبڕی... بەدەم شنەبای تاو نا تاوێکەوە گژ و گیا و گوڵەکێوییەکان کەروێشکەیان دەکرد... هێڵی تەلەفۆن گرژ و مۆنی کرد... باڵندەکانی ئاسمان جووکە و جریوەیان دەڕژایە سەر ئەو دەشتە سەوزە... دەتگوت بۆ ئەو نەغمەیە گوڵەکان دەکەونە سەما... ئەم دەشتەش جۆگەلە ئاوێک... ڕووبارێک... ئاوەدان و خۆشتری دەکرد... وەک ئاسکێکی بەڕەڵلاکراوی دوای ڕاو تێی تەقاند... غاری دەدا... دوور و نزیک ئەسپێکی بەڕەڵلاش کەوتە لۆقە... چییە...؟ سەگ و ئەسپ و باڵندەکان دەترسن... غەریبێک هاتووە و ئارام و سەربەستییان لێ بشێوێنێ... ماندوو بوو... هەستی بەلەززەتێک کرد... بەرچاوی ڕوونتر بوو... زەوقێکی بێ هۆ گرتی... هەستی دەکرد منداڵێکی هەتیوخانەیە و بۆ ڕۆژی هەینی گەڕاوەتەوە کۆشی دایکی... کێڵگەی خەیاڵی لە هەموو دڕکەخەوێک بژار کرد... ئەم دەشتە لە باوەشی پڕ لە میهری دایکی دەچێ... ترس و بێ ئۆقرەیی ناهێڵێ... چەند بەردێکی گرتە تازە قووچەکی تازە کێڵگەکان... بەریان نەکەوت... گوڵێک کەوتە سەر بەردێک و لەژێر پێیدا پلیشایەوە... بەردەکە ڕەنگی گوڵەکەی خواستەوە... ویستی بۆ ئەم جوانییە کپ و بێ دەنگە بگری... ئەو جوانییەی ناتوانێ لە شەڕ و پۆزی مرۆڤ دەرباز بێ... بۆ ماوەیەکی کورت وەستا... کزەبایەک بۆنێکی گەنیوی بۆ هێنا... سەیرە... ئەم دەشتە پاکە و ئەم بۆگەنە...؟ دوور و نزیک نیگا و ڕوانینەکانی هەڵبڕی... بەسەر پانتایی دەشتی پڕ لە سەوزە گیا و دەریای سەوزی گوڵەگەنم و ئێرە و ئەوێی گوڵاڵەسوورەکان... هەردو شیو... دوورتر تا ئەو هێڵە سیحراوییەی ئاسمان بەزەوییەوە دەبەستێتەوە... هیچ دیار نییە... دەبێ ئاژەڵێک تۆپی بێ...؟ بەم بەهارە هیچ گەڕ و بەڕەڵلاش نییە بتۆپێ... زستان بووایە... ئێ... بەڵام هەموو شتێک شیاوە... گۆمی ئەو جوانییە شلەقا... ڕوانینی لێڵ کرد... هەناسەی تەنگتر بوو... نەیویست پڕ بەسییەکانی هەواکە هەڵمژی... ڕەنگی هەڵبزڕکا... ئەو ڕەوە ئەسپی شیعرەی خەریک بوو زین بکرێ... ڕەوییەوە و کەوتە غار... نەگیرا... پۆل پۆلی ئەو کۆترەکێوییانەی ماڵی دەبوون... بەرەو ئاسمانێکی تر فڕین... ئەو ڕووباری شیعرەی نیاز بوو ئەم دەشتە تەڕتر کا... لە سەرچاوەکەیەوە وشکی کرد... ئەم بۆنە نەعلەتییە چی بو...؟ کە سەما و کەروێشکەی گیا و گوڵەگەنمەکانی ڕاگرت... وەک خۆی بۆ نواندنێکی دیکە ئامادە کردبێ... لە شانۆگەرییەکی دوو پەردەییدا... هەنگاوی ورد و خێرای دەنا... ڕووەو گردێک... گەیی... بەسەر گردەکەشدا هەڵزنا... ماندوو بوو... لەسەر گردەکە هەناسەی حەوانەوەیدا... خۆی دایە دەست نشێوی و تلۆر بۆوە... لەم ئان و ساتەدا

چاوی لەوە نەبوو چەند گوڵاڵەسوورەی تری پلیشاندەوە... چەندەها شارە مێرووڵەی تری وێران کرد... هەنگاوی ورد و خێرای دەنا... بۆ ئەو شوێنەی ئەفسانەی جوانی لە بیر بردەوە، لە شانی گردەکە دابەزی... قووڵتر ڕوانی... لەوبەری دامێنی گردێک... زبڵخانەیەک پەپکەی کردبوو... یەکێک لە زبڵخانەکانی دەرەوەی سنووری شار... ویستی لە جیاتی شیعرەکە لە دەفتەرەکەی بەرباخەڵی بنووسێ.

«زبڵخانەی ئەنجامە و... ڕشانەوەی (هۆ)یێکە.»

نزیک کەوتەوە... نزیکتر... لە لایەکی زبڵخانەکەوە لەسەر چیچکان بۆی نووشتایەوە... سەمای حەز و ئارەزوو نەما... کەف و کوڵی شیعر دامرکایەوە... خۆری عیشق ئاوابوو... سۆز... یاد... ماچ... ختوورە و تەزوو... باڵندە... گوڵی کێوی... ئاسمان... گەرد و بەرد... کوان...؟ ڕەنگ و تامی تر ئەدەنەوە... زبڵخانە شار و ئاژاوەی بیر هێنایەوە... چاوێکی بەشتەکانا خشاند... ئەو شتانەی لە کات و شوێنی خۆیانا – بەر لە ئێستا – نموونەی جوانی و ڕێز و پەیوەندی و زەوقی مرۆڤ بوون... لە دڵ و ئیمان و هەست و هۆش و چاوی ئادەمزادا نرخیان هەبووە... لەسەر زمانیان خۆشترین ئاواز... خۆشترین گۆرانی... سەمای شادییان بۆ کراوە... ئێستاش بێ ناز ئاوا کەوتوون... بۆگەن و بۆگەنتر دەبن... نەک هەر مرۆڤ... بگرە ئەم شتە بێ کەڵک و مردووانەش... چیرۆکی خۆیان هەیە... سەرەتا و کۆتایی... تراژیدیا و کۆمیدیا... دنیایەکی ترە و بەزمانێکی تر بانگی عەقڵ دەکا:

– ئەم بوتڵی بیرە شکاوە... ئێستا پڕە لە قوڕاوی باران... دەبێ مێزی چەندەها عاشقی ڕازاندبێتەوە...؟ چەند ئاهونزا و خواست و سکاڵا و ژانی بەسەردا باری بێ...؟ خەونی سەوز و گۆرانی سوور...؟ زۆر جاریش هەمووی درۆ و دەلەسە...

– ئەم قوتووی جگەرەیە... هاودەم و خەمڕەوێنی کام یاساوڵی نیوەشەو بوو؟

– ئەمەش ئەسپی کام ئاغا بووە؟ کێ دەڵێ ئەسپی عەڕەبانە نەبووە؟

– ئەم جووتە پێڵاوە...

– ئەم ئەنگوستیلەیە...

– ئەم...

– ئەم...

– داستانە و کۆتایی نایە... شێتییە... قیامەتێکە بۆ خۆی... بیر لە چی دەکەیتەوە...؟

تێکەڵی خەیاڵ و ڕاستی... شتە زیندو و مردووەکان... ئێستا و داهاتوو و ڕابردوو... بێ



ئەنجامی پرسیارەکان... تێکڕا سڕیان کرد... هەستی کرد گەلێ نەفامە... نەیویست لەمە زیاتر خەیاڵ بەڕەڵلابێ... شەرم دایگرت کە ئەوەندە بەساوێلکەیی بیردەکاتەوە... ماویەتی لە عەشقی تر تێبگا... لە مانای ئەم گەردوونە... پرسیاری گران و سووک لە یەکدی جێکاتەوە... زیاتریش سووکە شەڕێکی ئەم بەیانییە وا دڵتەنگی کردووە... گوناهی کابرا بوو «شانی بەر شان کەوت... کابرا زۆر سەرسەرییانە گەڕایەوە و تفێکی لێ کردی... هەموو خەڵکی ئەمبەر و ئەوبەرەی شەقامەکە ئاوڕیان دایەوە... وتت: ببورە...! ئەو شەپازللەیەکی دیکەی سرەواندە بناگوێت... شەڕ و شاعیریان نەوتووە... ملت کەچ کرد... کە کەوتیتە سەر شەقامێکی چۆڵ... بێدەنگ گریای...» ئیمڕۆش هات گوڵ بچنێ... گوێ بۆ جریوەی باڵندەکان هەڵخا... بۆ چاوەکانی چیمەن شیعرێک بڵێ... شیعرێکی ماڵئاوایی... کەچی لە هەموو ساتێک پتر بەتاڵ و بێ شیعرترە... ئەوە بۆ...؟ نازانێ... هات لە هاش و هوشی ماشینەکان بەدوور بێ... کەوتەوە سەر خەیاڵی ئەوەی بەپەلە بگەڕێتەوە... بۆ ژووری تەنیایی... بچێتەوە سەر خوێندنەوەی ڕۆمانە ناسکەکەی «بەرزاییەکانی وێزەرینگ»... دوا بەشەکەی دیکەشی تەواو بکا... بزانێ ئاخۆ «هیسکیفلی» عاشق و شێت... دوای مردنی «کاترین»ی دڵخواز و دڵبەر چی بەسەر دێ... ئای لەو عەشقە توند و تیژە... ڕەشەبایە نەک عیشق...

چەند جوانە... چەند دڵگیرە کاتێ گوڵەپاییزییەکانی بۆ دەکا بەچەپک...

ئەو ڕۆژەش کاترین لە ماڵە مێردەکەی نەخۆش دەکەوێ... سەرەمەرگیەتی... دنیا گەلێ سارد و سڕە... کەچی پەنجەرەکان دەکاتەوە... بێ ئەوەی گوێ بەو هەوا سارد و تەزیوە بدا... ئەو هەوایەی وەک چەقۆی تیژ شانەکانی دەبڕی... دەیانخاتە سەر پشت... چونکە حەز بەبۆن و بینینی گوڵەکێوییەکان دەکا... ئەو گوڵانەی «هیسلکیف» بۆی دەکردن بەچەپک... کە پەنجەرەکان دەکاتەوە... ڕەشەبای شێت وەک سیحرێک پەردەکان دەخاتە سەر سەما... خزمەتکارەکە دەپاڕێتەوە... کاترین دەزریکێنێ... «بیکەرەوە... دوا جارمە.» ئەسپی گریانێک هەڵیدەگرێ... هەر بەددان پەردەکان جیڕ بەجیڕ دەکا... عیشق شێتییە... خۆی بەدار و دیواردا دەدا... سەرە مەرگە... دوا شت هەر «هیسکلیفی» لەیادە... ئاخۆ عیشقی وا لەسەر ئەم زەمینە هەبووە؟... عەشقی وا... نەخێر...

کاتێ پێی دەڵێ: «قەت بەتەنیا نامرم... دەشێ لە قووڵایی دوانزە پێدا بمنێژن... بەڵام هەرگیز بەتەنیا نامرم... قەت بەتەنیاش ناسرەوم... هەرگیز... هەرگیز...»

«ئامانجی ژیانم هیسکلیفه... لەم دنیایەدا هەرچی هەیە کۆتایی پێ بێ و نەمێنێ... بەتەنیا ئەو زیندوو بێ... بوون و ژیانی من بەردەوام دەبێ... خۆشەویستیم بۆ ئەو وەک ئەو بەردە نەمرانەی ژێر زەوی وان... هەر ئەوە نییە خۆشم دەوێ... بەڵکو من خۆم هیسکلیفم... هەردەم لە مێشکایە...»

چەند گەورەیە تێکەڵبوونی ئەو دوو زاتە... ئای لە بوون بەیەک... ئای بۆ توانەوە...!!

نەخێر... ئەمەیان هەر ئەدەبە و بەس... چیرۆکە... لە دڵەوە خۆزگەی دەخواست هیسکلیف بێ... ئاخۆ عەشقێکی گەورە ئەم چیرۆکەی خولْقاندووە... یان چیرۆکەکە ئەم عیشقەی وا بەمەزنی و پیرۆزی خستووەتە بەر دڵ و دەروون...؟ کامەیانە...؟

گەیشتە ئەم ڕایەی کە زۆری ماوە شیعرێکی نەمر و مەزن بنووسێ... زۆرتریشی ماوە تووشی عەشقێکی پیرۆزتر بێ... وەک هی ناو چیرۆکەکە... دەفتەرە بچووکەکەی دەرهێنا و نووسی:

«ئەم عیشقەی من چەشتم... شایستەی شیعرێکی گەورە نەبوو... ئەگینا شیعرەکە منی دەنووسی...!»

هەولێر - کۆتایی ساڵی «١٩٧٧»

* ئەم چیرۆکە لە ژمارە «٤٩»ی مایسی «١٩٧٨»دا و لە «بەیان»دا بەناوی «گەشت» بڵاوبۆتەوە.

# گوڵی ڕەش

# گوڵی ڕەش

+ هێرۆ هەبوویت...

÷ بۆ دابەش بوویت...؟!

– هێرۆ ون بوویت.

* تەواو... نەمایت و... نیت...

دە دەی ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە... گوڵە مۆرەکانی ناو هەردوو ئینجانەکە ئاو بدە، خەمی منیش، ترسی جودایی بڕەوێنەوە، لەسەر ئەم بانە نیمچە تەپیوەدا وشک بووم، چاوەڕوانی و تاسەی ڕووە جوانەکەت پەکیان خستووم، دە وەرە نێو بالکۆنەکە و سەرێ خوارکەوە... وەک خۆری هاوینی ئیمڕۆ ئێوارە دەرکەوە و ئیتر ون بەو مەیەرەوە، تامەزرۆتم هێرۆ خان... هێرۆ گیان... لەیادچوونەوەی تۆ قورسە... قورسە وەک مەرگ، بۆشاییەکە بەقەد بۆشایی نێوان ئەستێرەکان... خەمێکە بەقەد هەندرێن و هەڵگورد و پیرەمەگروون...

چیم لێدەکەی...؟ چیم پێدەکەی... بۆ کێ جێم دێڵی...؟ تۆ فڕێم بدەی... کەسێ نابێ منی چڵکن و خۆشی نەدیدە هەڵبگرێتەوە... تەنیا خۆت منی تاڵ و ترشت تام دەکرد، هێندەی باڵای تۆ خۆر ماوییەتی ئاوابێ... خۆم بۆ نەگیرا و هاتمە سەربانەکە، حەزت سەرشێتی کردووم و خەریکە منی برسی و ترسنۆک دیواری شەرم بڕمێنم...

پەنجەرەکە بکەرەوە... سەرێ خوارکەوە و بڕوانە سەربانە بێنازەکەی ئێمە... لە هەموو لایەکەوە گیای زەرد و سیس و وشکەوەبوو... پووش و پەلێشە و (با) دەیبا و دەیهێنێ... هاتووم و چاوەکانم بەسەر ئەو تاق و پەنجەرە و داروبەرد و... هەردوو ئینجانەکەی سەر بالکۆنەکەوە ڕواون... دە تۆش کەرەم کە و پەنجەرەکە بکەرەوە... هەفتەیەکە ئەم پەنجەرە گەورەیەت داخستووە، هەفتەیەکە پەردەکانیشی دادراونەتەوە، تۆراویت و نایەیتە نێو بالکۆنەکە، وەک جاری جاران کورسییەکە دانانێییت و بەرامبەری هەردوو ئینجانەکە دابنیشیت... ئای کە ئەوسا بەختەوەر بووم، هەموو ڕۆژێک دوو سێ جار بەو ڕووخسارە شیرینەت مەست دەبووم... کە تۆ گوڵە مۆرەکانی نێو هەردوو ئینجانەکەت ئاو دەدا... وام هەست دەکرد دڵی من یەکێکە لەو گوڵە مۆرانە و تۆ تێر ئاوی دەکەی... خۆزیا چیرۆکنووس



دەبووم... ئەوسا دەتدی چ چیرۆکێکی جوان و غەمگینی ئەم ئەوینەم دەنووسییەوە... چیرۆکی ئەو گوڵە سیس و ژاکاوانە، تۆران و دووریت، تاسە و سووتان و شەونخوونی هەفتەیەکم، خەم و ژان و حەژمەتی تەنیایی، برینی جودایی، ماتەمینی، بێزاری و مەستییەکی تاڵ... گریان و شتی تر... حەزیشم دەکرد چیرۆکەکەم هەر بەناوی ئەو گوڵە مۆرە بووایە... وەلێ ئەوەتانێ ناوی ئەو گوڵە مۆرەش نازانم.... مادۆنیا، پاتۆنیا، دالیا، مینا، مانۆلیا... خۆ ئەمن هیچیان لەیەکدی جوێ ناکەمەوە، هەر دووربەدووری دەیانبینم و... بۆنیان دەکەم... هەر دەڵێی حەژمەت و حەسرەتی حەزی تۆن، وەک ماچەکانی نێو دونیای ڕەشی خەیاڵم شیرینن و گەلێ زۆرن... بەقەد ئافرەتی شەنگ و شۆخ بەم دونیایەدا بڵاوبوونەتەوە، کەچی من ناوی زۆر کەمیان دەزانم... بمبورە هێرۆ... گوناهی منی تێدا نییە... من تەنیا ئاشنای گوڵە تەمەن کورتەکانی ژاڵەی سەر شۆستەکانم... وردە گوڵی مورتکەکان و هیچی تر... منیش وەک خەڵکی دیکە حەزم دەکرد ناوی هەموو گوڵ و مەل و گیا و درەختێکی ئەم وڵاتە بزانم... بەڵام کەی لەتاو ئازار و خەم و دەردی خۆم و خەڵکی دەپڕژێمە سەر ناوی گوڵ و مەل، هۆ گەلێ زۆرن... باخچەکانیش وێران کران و بوون بەشۆستە و شەقام، کران بەدەزگا و باڵەخانە، ئوتێلی دە نهۆم و بیست نهۆم، تێک دران و وێران کران... وەک ئەو دڵە کەلاوەی من بوون بەخاک و خۆڵی ژێر پێی ڕێبواران، شارستانییەتەکە هات و هەموو شتێکی کرد بەخشت و بەرد و کۆنکرێت... دڵێکی بەردین کەی بۆ گۆرانی عیشق و ئەوین تلاوەتەوە...؟ کەی بەچیرۆکی برسیەتی و نەهامەتی داخورپاوە...؟ حەوشەکەشمان ئەوەندە بچکۆلەیە جێی دوو گوڵەباخی لێنابێتەوە، تەنیا یەک بنەمێوی تێدایە و ئەویشیان زڕە... پاییزان گەلێ زەردەکانی وەک فرمێسکی تەنیایی و غوربەتیم دادەبارێن... ڕەشەباش دەیانبا و دەیانهێنێ، هەموو درەختێک... هەموو گوڵەباخێک لە حەوشەی لات و هەژاران زڕە و هیچ ناگرێ، دوو کولانەیە و بەس، ژمارەیەکی زۆر لە منداڵی سەرکە و بنکە، هیچ نەزان و نەخۆش و برسی و دەم بەهاوار، تف و جوێن باران، زستانان حەوشەکە دەبێ بەقوڕ و لیتە، هاوینانیش خۆڵەپۆکە و هیچی تر، چۆن کەوتووینەتە نێو ئەم گەڕەکە خاوێنەی خواپێداوەکان...؟ نێو ئەم هەموو کۆشکە ڕەنگاوڕەنگانە...؟ برادەرە دەوڵەمەندەکانی گەڕەک زوو زوو پێم دەڵێن:

(کەی ئەم تەویلەیە تێک دەدەن...؟)

مڕ دەبم و قسەکەی ئەوان لە دڵم کار دەکا، دەمکوژێ، چارم نییە، وەڵامی پرسیارەکەی ئەوان گۆڕانێکی گەورەی گەرەکە، بەتەقاویتییەکەی پیرەباوک هیچمان بۆ ناکرێ، کەس

تێمان ناگا، ئاخر نیمانە... هەقتانە تێی نەگەن، لە منداڵییەوە (نییە)تان نەبیستووە... هێرۆ گیان... من هەر ئەوەندەی چڵە گیایەک بووم کە گوێم بە(نییە) زرنگایەوە... قەتیش بیرم ناچێتەوە... بیرمە دەموت: عانە...؟ دەیانوت: نییە... پێڵاو...؟ نییە... کراس...؟ نییە... بووکەشووشە...؟ نییە... پاسکیل...؟ نییە... ئاگردان...؟ نییە... گوڵ...؟ نییە... گریان...؟ هەیە... خەم و دەرد و ژان...؟ هەن... نەک هەر ئەوسا... گەر ئێستاش هاوینان نەچمە مەیدانی قوڕکاری... دەبێ زستان خەون بەئاگردانێکەوە ببینین... قەڵەم و کاغەزێکم بەدەستەوەیە و هیچم بۆ نانووسرێ، دووریت ئیفلیجی کردووم، هەتا لە نەخۆشی ئەم حەزەت ساغ دەبمەوە عومرێکی دەوێ، هونەرمەندێکی کارامە و دەستڕەنگینیش نیم تا بتوانم ڕەسمی گوڵە مۆرە مردووەکانی نێو هەردوو ئینجانەکە بکەم، ئالۆزم و مێشکم گەلێ جەنجاڵە... بەڵام چاک دەزانم دەوڵەمەندەکانی شار، ئاغا و کوێخا دەرکراوەکان، قۆنتەراتچی و بازرگانە هەرەقەبەکان، ئەوانەی دینارێک دەکەن بەدە و... دەش بەسەد... ئەوانە ناهێڵن و نەیانهێشت و لەمەودواش ناهێڵن من ناوی ئەو گوڵە مۆرە بزانم، هەموویان دزی... لە باخچە و بەچواردەوری چیمەنەکانیان چاندوویانە... شاردوویانەتەوە، ئەوان گوڵی مۆر و سوور و زەرد و سپی... گوڵی بۆنخۆش و بێ بۆنیش دەشارنەوە، تەنیا لە باخی شاردا دەتوانم گوڵێکی زۆر ببینم و بێ ئەوەی بوێرم لە ناویان بپرسم... ئاخر ئێمە بۆ خەستەخانە و چێشتخانە و خانووی چۆڵ و ماڵی سۆزانییەک و ئاودەستی مزگەوتێک... بگرە بۆ ماکیاج و دەرپێ و پێڵاویش لە یەکدی دەپرسین... بەڵام هەرگیز لە ناوی گوڵێک ناپرسین، ماوەیەکە لەوێش گوڵیان نەهێشت، چما منداڵە چەتوونەکان دەهێڵن خونچەیەک ببێ بەگوڵ...؟ چما دەهێڵن هێلکەیەک بتروکێ؟ ماوەیەکە دەروازەی باخی شاریش قفڵێکی گەورەی پێوەیە... تەنیا گوڵێک لە نزیکەوە دیبێتم، گوڵی ئاوا جوان، ئەو گوڵە مۆر و ناسکانەی بەر پەنجەرەکەتە... وا شیرین و جوان بەسەر شوورەی بالکۆنەکەدا شۆڕبوونەتەوە، هەموو ڕۆژێک لە سەربانەکەی خۆمانەوە نوێژم بۆ تۆ و ئەو دوو ئینجانەیە دەکرد و ئینجا دەچوومە خوارێ، حەزم دەکرد هەموو دونیا ئەو گوڵە مۆر و خۆشەویستەی تۆ بڕوێنێ، نازانم ئاخۆ گوڵەکانت ئەوەندە خۆشدەویست یان بۆ دیدەنی من عەوداڵ بوویت و چەندەها جار بەسەریانت دەکردەوە...؟ هەر کامیان بێ...؟ من دڵم بەتۆ و بەو گوڵە مۆرانە دەکرایەوە، کە شنەبایەک هەڵیدەکرد و دەیدا لە ڕووم... بۆنێکی خۆشی ئەو گوڵانەی بۆ دەهێنام... دەیدا لە کەللەم و دەیتاساندم و مەستی ئەو حەزەی دەکردم، وام هەست دەکرد بۆنی قژ و سەر و ملی تۆیە... بۆنی سینە و بەرۆکی ساوات... ئای کە



سەرمەستی ئەو ڕۆژانەم...!

دە دەی ئەو پەنجەریە بکەرەوە... ئەمن مردم... گوڵەکان ئاو دە، سیس بوون و هەڵوەرین... مەیانکوژە... ئای کە دڵتەنگم و هیچم بۆ ناکرێ، تۆرانی تۆ پەکی خستووم، ئەم پەنجەریە بکەرەوە، پەردەکەش لادە، لەم گەڕەکە ئاڵ و واڵایە و لە نێو ئەم هەموو خانەدان و پیاوماقوڵانە چەندە غەریب و پەڕپووت دیارین، هەمووتان بەمۆنی سەیری من و پیرەباوک و دایکم دەکەن، لە برا و خوشکە وردیلەکانم دەخوڕنەوە، تەنیا تۆ بوویت بەڕووی ئێمە پێدەکەنیت و بەنەهامەتیمان دڵتەنگ بوویت، ورەت پێدەبەخشیم، ئاگردانی پڕ خۆڵەمێشی هەناومت بەخەندەیەک گەرم دەکردەوە، کە لێشم نزیک دەبوویتەوە خوێنێکی گەرمتر لە دەمارەکانما کەفی دەکرد، شەوانیش... شەوانی هاوین کە لە سەربانە تەپیوەکەی خۆمان ڕادەکشام و تۆم لەوبەرەوە دەدی... وەک فریشتەیەکی چکۆلانە ناو بالکۆنەکەت جێ نەدەهێشت و لەوێوەڕا خشەی کراسەکەتم دەبیست و ختووکە و لەرزێکی خۆش و بەتام هەموو گیانمی دەتەنی و خەنی دەبووم، وامدەزانی چی ئەستێرەی ئاسمان هەن ڕژاونەتە سەربانەکەی ئێمە و... منیش یەکە یەکە هەڵیان دەدەم و تۆش لەوبەر دەیانگریتەوە، هەر بەخەیاڵ دەستی تۆم دەگرت و بەنێو کۆڵانەکانی ئاسماندا و دەست لە ملانێ گوزەرمان دەکرد، کە تۆ ون دەبوویت من دەکەوتمەوە سەربانە وشکەکەی خۆمان و چاوانم پڕ دەبوون لە گریان، کە ڕۆژ دەبۆوە تا ئێوارە خۆری هاوین دەیبرژاندم و من هەر بێباک بووم... ئاخر تۆ منت خۆشدەویست، ئەو گەرمەسێرەم لێ دەبوو بەکوێستان... چۆن نا...؟ ئەو کوڕە خاوێن و ناسکانەی دەر و دراوسێ ئیرەییان پێدەبردم، کەوتبوونە فسکەفسک و پلارهاویشتن، بیرتە ڕۆژێکیان ئاگری چ شەڕێکم لەگەڵ (ئاراس) هەڵگیرساند، ئەو هەتیوە مێبازەی بڕۆی خۆی هەڵدەگرت، دەمزانی دەور و خولی تۆ دەدا و شەڕی پێدەفرۆشتیت، وامدەزانی ئەوەندە ساویلکە نیت، حەز بەشیعر و گوڵ و ئاسمان دەکەی، حەز لە منی بێ سێبەر و... بێ پەڕوباڵ دەکەی، نازانم بۆ منی ناشیرین و جل شڕ هەم زەوی و هەم ئاسمانت بووم، کە زانیت بەشەڕ هاتووم... لێم زویر بوویت و وتت:

(– حەمە... لە من مەترسە، سەگە و بەمانگ دەوەڕێ...!) بەم قسەیە دڵی منت سارد کردەوە... منیش وتم:

(– هێرۆ گیان... ئەم هەتیوە دەڵێ: خانووەکەتان لەنێو ئەم گەڕەکە هەر دەڵێی دوومەڵە و...).

قسەکەمت پێ بڕی و وتت: (سەری دای لە بەرد...!).

هەڵبەتە لای ئەوان ئێمەمانان دوومەڵین... بەڵام بۆ...؟ گەر هەر هەژاریٚ دوومەڵێک بێ... ئەوسا دونیا دەبێ بەیەک پارچە دوومەڵ، ئەوساش خواپێداوەکان فریا ناکەون ئەو هەزارەها... ملیۆنەها دوومەڵە بتەقێنن، گەر بشیتەقێنن خوێن و کێم و زوون بەسەر ڕووی جیهاندا دێتە خوارێ، ئەوساش هەموو شتە خاوێن و جوانەکانیان لەژێر لافاوی خوێن و کێمدا نقوم دەبێ، ئای لە عەقڵیان...! چما نازانن خۆیان دوومەڵن، پیس و پڕ کێمن، هەریەکەیان دوومەڵێکە بەقەد کێوێکی ڕەش، هێرۆ گیان... ئەوسا چیترمان وت... خۆ من زۆر شتم بیرچۆتەوە... ئای خۆپەرستەکان چیتان لێکردم...؟ هێرۆ تۆ هەر بەڕواڵەت لەگەڵ ئەوان بوویت... پەری ڕۆح و بێگەرد و هەژاردۆست بوویت، لەنێو ئەو هەموو کوڕە خاوێن و ناسکانە منت ویست، ئەو کوڕە شوشەییانەی وشەی (نییە)یان نەبیستووە، بەهەنگوین گۆش کراون، ئەوانەی لە هەتاوی هاوین خۆیان دەشارنەوە، ئەو گەنجانەی کراس و پانتۆڵ و پێلاوە کۆنەکانیان بەمن دەبەخشی، زۆرجاریش ڕەتم دەکردنەوە نەبا تۆ لێم زویر بیت... ئەگەرچی لات و بێدەرامەتیش بووین... تۆ تا ئێستاش نازانی منی قەرەج خاوەن چ دڵ و دەروونێکم... ئای... لەنێو ئەوانەی تویست و دیسکۆ و فلیمی ڕووت شێتی کردوون تۆ منی قوڕاوی و ناشارستانیت خۆش ویست، جاران... ئەی ئێستا کوانێ؟ بۆ پەنجەرەکەت داخستووە؟ بۆ نایکەیتەوە؟ وا هەست دەکەم هەموو پەنجەرەکانی دونیا لە ڕووما داخراون، خۆزیا دەبوومەوە منداڵەکەی جاران... ئەوسا دەتدی ئەم پەنجەرەیەم بەردباران دەکرد، دەمشکاند... هەر بۆ ئەوەی بەخاووخێزانەوە بێنە ناو باڵکۆنەکە و تۆ ببینم... ئای کە تۆ دەبینم چیم بەسەر دێ... دەشێ لەسەر شکانی پەنجەرەیەک بمدەنە دەست پۆلیس... بۆتان دەکرێ بەگرتنم بدەن... دادگایەکی گەورە و عاشقێکی بێدەستەلێت، هەر خۆشە بۆ چەند ڕۆژێک دێیت و سەیری منی تاوانبار دەکەی، منی تاوانباریش نە دادگا و نە دادوەریش بەپولێک ناکڕم... تەنیا سەیری چاوانت دەکەم، ئەو چاوانەی حەز دەکەم بۆ من بگرین... بەڵام ناگرین... ئێستا گەورەم و وەک جاران چەتوونیم بۆ ناکرێ، نابمەوە منداڵەکەی جاران تا بەدارلاستیکێک نیشانە لەو پەنجەرەیە بگرم و هەمووتان سەغڵەت بکەم...

دە ئەو پەنجەریە بکەرەوە، گەر بیکەیتەوە هەزاران گرێکوێرەی ئەم دەروونە داخراوەم دەکرێنەوە، هەوری ڕەشی پڕ لە گریانی ئاسمانی چاوانم دەڕەوێتەوە، وەک جاران پێدەکەنم و دەخوێنمەوە، چی باری گرانی دونیا هەیە بەوپەڕی شادییەوە هەڵیدەگرم... تۆ بڵێی سەفەرتان کردبێ؟ خۆ ئێوە هەرگیز لە ئاهەنگ و بەزم و سەفەر و سەرەخۆشی ناکەون، نەک هەر بەشەو... بەڕۆژیش گڵۆپەکان داگیرساون... هێرۆ گیان... چی وای لێکردی خۆت



بەند بکەی...؟ تۆش وەک زۆربەی کچانی ئەم وڵاتە نەخۆشیت... حەز دەکەی ئازارم بدەی، حەز دەکەی بگریم و قوڕ بپێوم، دەتەوێ گوێت لە ناڵەناڵی شەیداییم بێ، دەتەوێ وەک دێوانە شێتی ئەم هەرد و شاخ و کێوانە بم، ئای کە دێوانەی کپ و بێ شیعر و ناڵەی تەنیایی زۆرن... نا... هێرۆ... من بشگریم... بێدەنگ دەگریم، فێرکراوین بێدەنگ بگرین و بمرین، بێدەنگیش گۆرانی بڵێین، بەدزییەوە حەز لە یەکدی بکەین، شەو تا بەیانی چەندەها نامەی دڵداری بنووسین و بەیانیش لەگەڵ گزنگی خۆر هەموویان بدڕێنین نەبا تیشکی خۆر بیانخوێننەوە، ئێمە نەوەیەکین شەمشەمەکوێر ئاسا حەز بەتاریکی دەکەین، لە نهێنییەکانی خۆمان دەترسین، من دەمرم و بێ ئەوەی کەس بزانێ تۆم خۆش دەوێ، من هەر بەخەیاڵ دەتگرمە ئامێز و... ماچت دە.... نا ببوورە... تا ئێرە و بەس... من کەی دەوێرم سەر هەڵبڕم... هەر لە منداڵیمەوە لێتان دەترسام... دەترسم:

(– دایکە... حەوشەکەیماڵی چەلەبی گوڵی جوانی تێدایە...

– لە کوێ دیوتە... حەرامزادە چی تۆی گەیاندە حەوشەکەی ماڵی چەلەبی...؟

– بە دزییەوە لەسەر دیوارەکەوە سەیریم کرد...

– ڕۆڵە عاقڵ بە... خۆ تۆ پشیلە نیت بەسەر دیواردا هەڵبگەڕێی... بتگرن هەردوو قاچت دەبڕنەوە... ها.... )

هەر لەوساوە دەترسێم، لە ئێوە و... لە هەمووتان دەترسام... گەر گوڵێکتان بدزم و ئێوەش بمگرن و هەردوو قاچەکانم ببڕنەوە، ئێستاش وا هەست دەکەم تۆ گوڵێکی دانسقە و قەشەنگی، ناوێرم لە کن کەس ئەو حەز و ئارەزووە دەرببڕم... لە هەمووتان دەترسام... لەوانەی چوار سەد و پێنج سەد مەتریان خانووە، ئاخر خوا هەڵناگرێ، ئێمەش... ئەو هەموو ڕەشەخەڵکە لە پانتایی پەنجا مەتردا بژین... تۆ بڵێی ئێوە دەیەها قات لە ئێمە گەورەتر و باڵاتر بن...؟ پێم بڵێ چی ترن... خۆ ناکرێ بڵێی پاکترین... ئەوەیان نا... تۆ نایزانی... هەر لەوساوە دەترسام قاچەکانم ببڕنەوە، هەر لەوساوە حەزم لە گوڵە سوور و زەردەکانی نێو باخچەکەتان دەکرد، شێتی بۆن و ڕەنگی گوڵ و دەرختی باڵابەرز و هێلانەی نێوباوەشیان بووم، ئەوەتا گریان قورگی گرتووم، ئەوساش دەگریام... ئەمێستاکەش هەر ئەو گوڵانە دەناسم کە شێت و منداڵەکانیش پێیان دەوێرن... نێرگز و گوڵاڵەسوورەی دەشتودەری خوا، بۆتان بکرایە تۆوی ئەو گوڵانەشتان دەبڕاندەوە... تا بەتەنیا لەنێو حەوشەکانی ئێوەدا بڕوێن و بەس، ئەوساش کە منداڵ بووم دەگریام... دەگریام چونکە

کۆترێک، کوکوختییەک، بولبولێک، هەر مەلێکی هەڵەتە و کێوی نەدەگەیشتە ئاسمانی حەوشەکەمان، درەختێکمان نەبوو باڵندەیەک هێلانەی لەسەر خۆش بکا... بەیانییان لەگەڵ جوکە و چریکەی خۆش و شیرینی لە خەوی پڕ ترس وەئاگا بێین... ئەم بنەمێوەش زڕە و هیچ ناگرێ... خاکی نەبوونی چی لێ دەڕوێ...؟!

ئەم پەنجەرەیە بکەرەوە... سەرێ خوارکەوە... وەک فریشتە، فریشتەیەکی بێ دڵ سەیرمان بکە، پێم بڵێ تا کەی ئەو گوڵە مۆرانە ئاو نادەی؟ کێ دڵی دێ گوڵ بکوژێ...؟ ئای لەو دڵە ئاسنینەت... ئەوساش کە منداڵ بووم بەیانییان زۆر زوو تەنەکە و بەرمیلی زبڵەکانم دەپشکنی، لەگەڵ هەزارەها شتی پیس و بۆگەن گوڵی زەرد و سوورم دەدی... ئای لە بێ زەوقی ئێوە...! هەموو شتێکتان هەر بەجوانی و گەشی و گەرمی دەوێ... کە پیر بوو... کە سیس بوو فڕێی دەدەن، عومری هەموو حەز و جوانییەک لاتان کورتە، کورت بەقەد چەخماخەی بروسک، وەک شەونمی بەیانییانی هاوین زوو دەڕەوێتەوە، ئەوساش کە شۆڕ دەبوومەوە نێو بەرمیلی مەزنی زبڵەکانتان خەم دایدەگرتم... ئای کە ڕەزیل و قرچۆک بوون و هیچ شتێکی جوانتان بۆ من جێ نەدەهێشت... بەرلەوەی لە خەوی لەعنەتیتان وەئاگا بێن من هەموو تەنەکە و بەرمیلەکانم پشکنی بوو، گێل و نەفام بووم... شێتی زبڵ و گوڵ و گەند و گووتان بووم، زۆرجاریش وەک بێچوە پشیلە لەناو یەکێ لەو بەرمیلە زلانە گیر دەبووم و بەزەحمەت ڕزگارم دەبوو، تەنیا من شەیدای ئەو بەرمیلە پیسانە بووم، گەلێ نهێنی ئێوەی تیا بوو کە تێیان نەدەگەیشتم... هاوین پەلکە شووتی و گندۆرەکانم بۆ مانگا چڵێس و لەڕەکەی خۆمان دەبردەوە، کەوچک و چەتاڵەکانیش بۆ دایکم... گوڵە زەرد و سوورەکانیش بۆ خۆم....

دە ئەو پەنجەرەیە بکەوە... پێم بڵێ ئەو گوڵە مۆرە ناوی چییە، دەگەڕێم تا تۆوەکەی دەدۆزمەوە... دوو ئینجانەی لێ پڕ دەکەم... بەیادی ئەو حەزەی تۆ بەبێدەنگی مراندت... ئەرێ تا کەی گوڵی زۆرتان هەبێ...؟ من بەخیلی بەسامان و دارایی هیچتان نابەم... بەڵام چی بکەم کە شێتی باخچە و گوڵی زۆر و درەختەکان بم...؟ گوڵی سەدەها ڕەنگ و جۆر... زەرد و سپی و سوور و مۆر، جۆرەها بۆن... کێ دەزانێ... کێ ئاگای لێیە...؟ لەوانەیە گوڵی سەوزیشتان هەبێ... دەڵێن... من بیستوومە: ئێوەمانان گوڵی ڕەشیش پەیدا دەکەن، هەر بۆ شانازی لە هەندەرانەوە دەیکڕن... گەرچی حەز لە ڕەنگی ڕەشیش ناکەن، لای ئێوە ڕەنگێکی تاڵ و ناشیرین و دزێوە، ئێوەی هەمیشە دەم بەپێکەنین، شێتی قاقا و تریقە، سەما و سووڕدان، دزی و پێکهەڵدان، پرسە و نسکۆ نەدیو، چاوچنۆک و سک تێر و



ناوگەڵ برسی... ئێوە کەی حەز لە گوڵی ڕەش دەکەن... نا قەت حەزی لێ ناکەن، ئەگەر هەتانە... بەر لەوەی بۆ یەکجاری بتۆرێی... بەجێم بێڵی... بەیادی ئەم جودابییە و ملیۆنەها خەم و مەینەتی و حەسرەت و حەژمەت و ماڵئاوایی... قەڵەمی گوڵەباخێکی ڕەشی قەترانیم بۆ پەیدا بکە... من شێتی گوڵی ڕەشم، هەروەک چۆن شێتی کراس و کەوای خمداری بێوەژنە کۆست کەوتووەکانم، ئەوسا لەنێو حەوشە چکۆلانەکە و لە سەربان و بگرە ناو ماڵیشەوە دەیچێنم... نەک قەڵەمی گوڵەباخێکی ڕەش... چەندەها قەڵەمم بۆ بخوازە، بەفرمێسک و خوێنی خۆم ئاویان دەدەم، بۆم بکرێ لەسەر دڵیشم دەیڕوێنم... تا وای لێدێ سەرتاپای ماڵەکەمان دەکەوێتە ژێر تەباری زۆری گوڵی ڕەش، وەک گیاکەڵەش لق و پۆپ و گەڵێ و گوڵ ڕەگ و ڕیشەی بەهەموو لایەکدا بڵاودەبێتەوە، لە هەموو لایەکەوە هەر گوڵی ڕەشە و دەپشکوێ، ئەوساش هەموو گەڕەک وەئاگا دێ دەکەونە خۆیان و دەترسن، دەبێ بەهەرا و قیامەت و ژاوەژاو، هەموو شتێ دەئاڵۆزکێ، دەشڵەژێن کە دەبینن هەموو ماڵەکەمان، سەرتاپای خانووەکەمان کەوتۆتە ژێر تەباری قورسی گوڵی ڕەش، پیاوە دەوڵەمەندەکانی گەڕەک خەفەت دەخۆن... خەم دڵیان دەکوڵێ، دەست بەیەکدا دەدەن، بەهەناسەسواری سەر لە بن گوێی یەکدی دەنێن، دەکەونە پیلان و هەموو تێکڕا کۆ دەبنەوە، بەمەزن و منداڵەوە، ژن و پیاوتان هێرش دێننە سەرمان، کرێکاری برسی وەک من و پیرەباوکم بەکرێ دەگرن، لەشکرێ پێکەوە دەنێن، هەمووتان بەخاکەناس و بێڵ و پێمەڕەوە دێنە سەرمان تا ئەو گوڵەباخە ڕەش و شوومە لە بنەوە... لە ڕەگەوە هەڵتەکێنن: تەباری گەورەی گوڵی ڕەش... کە ڕەنگی نەگبەتی و دەرد و نسکۆ بۆ گەڕەکەکەتان دەهێنێ، کەس نامان ناسێتەوە... دەترسن... لەوە دەترسن هەموو گەڕەک بکەوێتە ژێر تەباری گوڵی ڕەش... ئەوسا هەمووتان دەکەونە گیانمان... بەخاکەناس و پێمەڕەکانتان دەمار و گۆشتمان دەڕننەوە بەبێڵ و پاچی دەستتان کەللەسەرمان وەک بەردێکی نەرم دەبێ بەدوو لەتەوە، دەمان هەنجنن، مەگەر تەنیا تۆ بماننناسیتەوە... تەنیا تۆ... مەگەر تەنیا تۆ بگری و بزریکێنیت، هاوار بکەیت و بپاڕێیتەوە... لەو پیاوماقولێنە، لە دایک و باوکت، لە دەرودراوسێ، لە قۆنتەراتچی و بازرگانە قەبە و دڵڕەقەکان بپاڕێیتەوە... مەگەر تۆ بەدەم گریانەوە پێیان بڵێیت:

(– ئەوە ماڵی مام سمایلە... گوڵەباخێکی ڕەش و شووم نییە).

کەس گوێت لێناگرێ... دەکەویتە شین و ڕۆڕۆ...

پێیان دەڵێی:

(– بێڵ و خاکەناس فڕێ دەن... ئاخر لەژێر تەباری گوڵە ڕەشەکان "حەمە"ی خۆشەویستم نوستووە...).

کەس گوێت لێناگرێ... دەستیان دەگری و لێیان دەپاڕێیتەوە:

(– هەڵی مەکەنن... بەشێنەیی ڕەگی گوڵەباخەکان هەڵتەکێنن نەبا حەمەی من وەک گوڵەکان هەڵبوەرێ...).

کەس گوێت لێناگرێ.

مەگەر تۆ نەهێڵیت... ئەگینا دوای هەڵتەکاندن بەدڕک و گەڵێ و گوڵ و ڕەگەوە دەمانسووتێنن، ئەوساش دەبین بەخۆڵەمێش، بۆ یەک دوو ڕۆژیش خۆڵی ئێسک و گۆشتمان بەسەر کۆشکە پاک و خاوێنەکانتان دەبارێ، هێدی هێدی دەبارێ، بەسەر سەر و پرچ و برژانگ و برۆ و دەست و سەربان و پەنجەرە و بالکۆنەکاندا دەبارێین، نەرم نەرم دەبارێین، ئێوەش ناچار بەگەسک و سۆندەی ئاو ڕاماندەماڵن، دەمانشۆن، لەگەڵ ئاوەڕۆی حەوشەکانتان دەڕژێینە نێو زێرابەکان، ئێوە خوێن و خۆڵەمێشی گۆشت و مۆخ و ئێسقانی ئێمەمانان دەخەنە نێو زێرابەکانتان، یەک دوو ڕۆژیش سەرشانەکانتان لەو تۆزە پیسە دەتەکێنن، تۆزی لەشمان، لەشی سووتاومان، ئیتر چیتر ئەو دوومەڵە پیسە لەو ڕووە جوان و خاوێنە نامێنێ... ئیتر ئێمەی دوومەڵ دەتەقین و بەدەستێ ئاو و سابوون خۆتان لە ئێمە پاک دەکەنەوە، هەمیشە دەبێ وابێ، لای ئێوەمانان یان دوومەڵین یان گوڵەباخی ڕەشی نەگبەتی... دەبێ بۆ وابێ...؟ دە بیخوازە... قەڵەمی گوڵەباخێکی ڕەشم بۆ بدۆزەرەوە، ئاخر من شێتی گوڵی ڕەشم... چاوە ڕەشەکانت فێریان کردم هەموو شتێکی ڕەشم خۆش بوێ... بگرە چارەنووسی ڕەشیشم...

دە پەنجەرەکە بکەرەوە... با وەک سەردەمی منداڵی نەیەمە سەر دیوارە نزمەکەتان، بیرتە ئەوساش هەر لەسەر دیوارەکەوە سەیری گوڵی زۆری نێو باخچەکەم دەکرد، حەزم دەکرد لەسەر فەرشی چیمەنە سەوزەکە گەوز بدەم و وەک کاریلە قاچ و قولم... سەر و ملم بەشەونمی باریوی سەر گیای پڕی بشۆمەوە، ئەوساش باوک و دایکت لە منیان دەخوڕییەوە... دەریاندەکردم، نیوەڕۆیانیش: بۆنی چێشت و گۆشتی برژاوی نێو مووبەقەکانی ئێوە و ماڵەکانی دیکە ئێمەی کاس و وڕ دەکرد، من و خوشک و براکانم... هەموو بەیەکەوە لیکمان دەکرد، بەمۆنی لە دەوری قاپی پیرخەنیلە و یان لەگەنی نیسکێنە



کۆ دەبووینەوە... زۆرجار بەیەکەوە بۆ گۆشتی برژاوی ئێوە دەگریاین... تامەزرۆ بووین و دەگریاین، مانگە و مانگ بۆنی گۆشتمان دەکرد... دەماندی، ئێستا ئەوسا نییە، ئەمێستا شەرم دامدەگرێ کە بۆ چێشت و بۆنی گۆشتی ئێوەمانان گریاوم، سەر کز ناکەم، ئامادەم گۆشتی نێو هەناوی خۆم بخۆم... ئای کە گێلیت... نازانی برسیەتی چ مامۆستایەکی مەزن و دلڕەقە... فێری زۆر شتی کردم... بمبوورە... ئەوسا منداڵ بووم، نەمدەزانی گریان بۆ گۆشت و باخچەی پڕ گوڵی خواپێداوەکان شتێکی نەنگە، شەرمێکی گرانە... جارجارەش بەدزییەوە کوتە گۆشتێکت دەخستە ناو لەپم، لەپی چڵکنم، منیش بەشەرمەوە لێم وەردەگرتی، پاشان وەک توولەسەگێکی زۆر برسی لەژێر ددانەکانما دەمجویی... دەمجویی و دەمجویی... ئای لەو تامە خۆش و پڕ شەرم و شکان و دێرین و لەیادنەچووەی جاری جاران... ئێستاکە ئەوسا نییە، تەنیا خۆزگەیەکم کرانەوەی پەنجەرەی ژوورەکەتە... هەڵبڕینی ئەو پەردە تەنک و گوڵدارەیە... دە ئەو پەردەیە لادە... ساماڵی ئاسمانێکی شین و بێگەردی لێگرتووم، ئەمن سامالی خۆم لە ژوورەکەی تۆدا بەدی دەکەم... ئەمن چی لە سامالی خوا بکەم...؟! تۆ ڕۆژی دە جار هەوای ژوورەکەت دەگۆڕی... لە میکرۆب و بەکتریا دەترسایت... چۆن توانیت بۆ هەفتەیەک دایبخەی...؟ چیم کردووە...؟ چی بووە؟ بۆ وا بەبێدەنگی تۆراوی...؟ یان هەڵیان وەشاندووی...؟ ئای لەو کافربابانە چۆن دەهێڵن جۆگەلەی قوڕاوی تێکەڵ بەڕووباری ئەوان بێ؟ دەشێ چەند چینێکی تر بخەنە سەر دیوارە نزمەکەتان نەبا نیگاکانم وەک پۆلە چۆلەکەیەکی شەڕکەر بپەڕنەوە سەربان و نێو حەوشەی پڕ گوڵی ڕەنگاوڕەنگتان، مەترسن... ئەوسا نییە... منداڵە هار و چەتوونەکەی جاران نیم... ئەمێستا ناتوانم لەناکاو خۆم بکەم بەنێو حەوشە و ژوورە ڕازاوەکانتان، ئەوسا نییە زەمبیل و سەبەتەی خانمەکانم پێهەڵبگرن تا بتوانم گوڵێک بدزم و دەست لە کراسە گوڵگوڵییەکەی تۆ بدەم، هەنووکە بەم سمێڵ و ڕدێنەوە ناتوانم بێمە سەر دیوارەکان و سەیری گوڵ و چیمەن و هێلانەی نێو درەختەکان بکەم... چیتر وەک سەردەمی منداڵی ناوێرم بەحەسرەتەوە دەست لە کراسە تەنکەکەت بدەم، ئێستاش کە دەچمە پێشانگا و کۆگاکان و دەست لە کراسێکی تەنکی کچانە دەدەم... هەر هەمان ختووکە و موچڕکی منداڵی بەنێو دەمارەکانما مێرووله دەکا، ناکرێ وەک جاران کە تاو نا تاوێ لە قوژبن و پەنای نێوان خانووەکان و سەرسووچی کۆڵان دەمگرتی و ماچی کورت و بەپەلەم لەو کولمە خڕانەت دەدزی، تۆش وەک ماسی خۆت لەژێر دەستم دەخزاند، خۆزگە خولی سەعات و... کات و زەمانە دەگەڕایەوە دوا... بۆ گەورە بووین...؟ گەورە بووین تا بترسین،

تا پڕ شەرم و شکان بین، خۆزگە قەت گەورە نەدەبووم... تا وەک سەردەمی منداڵی قەڵس و بێزارتان کەم، بیرتە چەند بێ هاوڕێ و تەنیا بووم، لە حەژمەتانا دەچوومە قەسابخانەکەی دەرەوەی شار، لەشکرێکی گەورەی سەگ و پشیلەم دەخستە دوای خۆم، دەمهێنانەوە نێو گەڕەک، سەگ و پشیلەکان شێتی گەڕەکێکی وا چەور بوون، بەئامان و زەمان نەدەڕۆیشتن، هەستم دەکرد ئەوان هاوڕێی دڵسۆزی منن، کلکیان بادەدا و سوپاسیان دەکردم، ئێوەش هەموو سەغڵەت دەبوون، جارێکیان ژن و پیاوی خڕ و قەڵەو هاتنە لای دایکم، من لە ترسانا چوومە سەربانەکە و لە نێو کۆلیتی مریشکەکان خۆم شاردەوە... گوێم لێبوو دایکی پڕسۆز و میهرم پێی وتن:

(– تووخوا وازی لێبێنن... حەمۆکەی من شێتی سەگ و پشیلەیە...).

ئەوانیش وتیان:

(– پیرەژن ئێرە قەسابخانە نییە... کوڕەکەت شێتی کردین...).

دایکم وەڵامی هیچیانی نەدایەوە.

هەموویان بەدەم پرتە و بۆڵەوە چوونە دەرێ، ئەو پیاوماقووڵانە... بەنەزاکەتانە... گەلێ جنێوی ناشیرینیان دا... هەرگیز دوا ڕستەی باوکتم بیر ناچێتەوە:

(– بەلەدییە نایەت ئەم قەرەجانە بخاتە ناو لۆری زبڵەکە و فڕێیان دا...!!).

وازم نەهێنا... پتر شەیدای سەگ و پشیلە و جاشولە گەڕ و زامارەکان بووم، وەک دوو دۆستی گیانی بەگیانی دەستم لە ملی هەموویان دەکرد، ئێوەش شێتگیرتر دەبوون، پەست و زویر... هەموو بەیەکەوە لەسەر زبڵخانە مەزنەکانتان دەلەوەڕاین... چارم نەبوو... لە حەژمەت تەنیایی خۆم سەگی قەسابخانە و بن پردەکانی شارم خۆشدەویست...

چی دیم بۆ دەکرا...؟!

دە دەرکەوە... پەنجەرەکە بکەرەوە، زەردەپەڕێکی شیرینە و هەتاوی زێڕین هەموو شاری گرتۆتە باوەش... دەمەو ئێوارەیە و هەموو شتێ سۆز و خەمی لێدەتکێ، لەوە دەچێ خەڵکێکی زۆر ئاسوودە بن... زۆریش غەمگین، وەرە ناو بالکۆنەکە و بۆ دواجار ناوی ئەو گوڵە مۆرەم پێ بڵێ و ئەوسا بۆ یەکجاری پەنجەرەکەت لە ڕووما داخە، هەفتەیەکە ئاویان نادەی... ئەوەتا وەک دڵەکەی من تێنوویانە، وەک لێوانم شاپەلکیان وشکە... کێ گوڵ دەکوژێ... کێ لە دەستی دێ گوڵ بەمەرگێکی ناوەخت و کتوپڕ بسپێرێ...؟ هێرۆ گیان قەت وا نەبوویت... خۆزیا مێژووی تاڵی سەردەمی منداڵی خۆمم بیر دەچۆوە... ئەوسا تۆش



دەبووی بەیادێکی مردووی ئەو سەردەمە و هیچی تر... بیرتە ئەو جارەی کە لێم پرسیت:

(– لەوە ناچێ ئەم گوڵانە سیس بن... هەروا دەمێننەوە...؟

– حەمە کەی تۆ لە دڵما مردیت... ئەوسا ئەم گوڵانەش وەک خۆت دەمرن...) کەواتە من ئێستا مردووم، ئەوەتا گوڵەکانیش هێدی هێدی... گەلێ گەلێ... ڕیشاڵ ڕیشاڵ وا دەمرن... ئای لەو ڕەمزە تاڵەی تۆ خولقاندت...

ئاشت مەبەوە... مەیەرەوە... سەیرم مەکە... مەمدوێنە... بەڵام تووخواکەی با ئەو گوڵانە نەمرن و نەژاکێن، هەفتەیەکە ناو بالکۆنەکە خامۆشە، وەک گۆڕستانی شارێکی وێران و چۆڵکراو سامناکە، بەدرێژایی شەو و ڕۆژەکان چاوم بڕیوەتە پەنجەرەکەت، ئەوە خوایە دەرگای بەهەشتی داخراوم لێبکەیتەوە، تا بەرەبەیان کەلەکە دەگۆڕم خەوم نایە... تۆ لە کام ژوور خۆت حەشار داوە؟ بۆ لە من بوویت بەگەوهەری نێو چیرۆکە ئەفسانییەکان...؟ پشیلە و توولەسەگە تیسکنەکەت لێمەوە دیارن، دێنە بەر دەرگای حەوشەکە و دەڕەونەوە... ئەوانیش...؟! بیرتە نامەی یەکەم و دووەمم لە بن سکی سەگەکە بەست و تۆش هەر زوو وەڵامت دامەوە... ئەوسا هەردووکمان هەرزە بووین، کێ دەیزانی توولەکەت پۆستەچی منە، نامەکانم دەکردن بەنووشتە و دەمخستنە نێو تووکی پڕی توولە تیسکنەکەت، ئەمێستا ئەوانیش بەمۆنی سەیرم دەکەن، لێم دەترسن، توخنی دەرگای حەوشەکەشمان ناکەون... ئای لە ڕەنگ و دەنگ و بۆنی توولەکەی تۆ و سەگە بەڕەڵڵاکانی من... ئای لەو جیاوازییە...! ئاشت بەرەوە تا گوڵەکان ڕەنگ و بۆنیان بۆ بێتەوە... تا سەگ و پشیلەکانت بێنەوە نێو باوەشم... تا لە پەنجەرەکەوە وەکو هەتاو بڕژێمە چاوەکانتەوە و وەئاگا بێیت...!

هێرۆ چەند بەهێمنی نازی ئەم هەتیوە هەژارەت هەڵدەگرت، تەنیا تۆ لات نەنگی نەبوو منت خۆش بوێ، هەواڵی ورد و درشتیماڵەکەمانت دەپرسی... کەچی تۆش وەک پاپۆڕێکی گەوهەرباری گران نقومی دەریا بوویت و لە من ون بوویت...!

چیتر ئازارم مەدە... یا ئەو دوو ئینجانەیە وەک کەللەسەری من بشکێنە... یان ئەوەتا گوڵە مۆرەکان ئاوەدە... لە ڕەنگ و جوانییان بێبەریم مەکە، ئەگەر نا... بڕۆ و تۆوی گوڵە ڕەشەکان بخوازە و هەردوو ئینجانەکەی لێ پڕ کە... ئەوسا گوڵی ڕەش غەریبانە بەسەر شوورەی نزمی بالکۆنەکەدا شۆڕ دەبنەوە... من و تۆ کۆلێنێکمان لە بەینە یان دەریا و کێوی هەموو دونیا... دەنگم ناتگاتێ تا پێت بڵێم:

(– تۆشیان کڕی... تۆش وەک ئەم گوڵانە بەدەستیانەوە سیس دەبیت... هەڵدەوەرێی...!).

ئەمساڵ زستانێ... لە نێو بەغدای غوربەت و قەڵەباڵغی، لەسەر شۆستە و بەر دوکان و ناو چێشتخانە و زانکۆی پڕ بەندەی نامۆ و نەناسیاو... ژووری هەمیشە تەنیام... بێ تۆ و بێ نامەکانت چۆن بژیم...؟ دەنگ و ڕەنگی تۆم پێ ناگا چی بکەم...؟ تا بەسەر خۆمدا زاڵ دەبم زەمەنی دەوێ، ئەو کچانەی زانکۆ بەمن چی... هیچیان مێژووی پڕ شەرم و ترس و برسیەتی من ناخوێننەوە، ئەوان کۆمەڵێ دەموچاوی بۆیاغکراون، ژمارەیەکی زۆر لە قۆڵ و باسکۆ پووزی ڕووتن، چەندەها خەندە و تریقەی درۆن... تەنیا تۆ منت خۆش ویست... چ هەڵەیەکی گەورەت کرد... دەشێ تا دونیا ماوە لە خۆت نەبووریت... لە خۆت خۆش نەبیت کە کوڕە قەرەجێکی بێ ناو و نیشانت خۆش ویست، چ پەڵەیەکی ڕەش و ناشیرینت خستە سەر ئەو مێژووە پاکەی ژیانت...؟

هێرۆ... بۆ کوێ... بۆچی جێم دێڵی...؟ ئای کە پرسیارێکی سادە و گرانە...!

پێم بڵێ... هەر لەوێوە... لە دوورەوە... لەودیو شوورەی نزمی بالکۆنەکەوە سەرێ خوار کەوە، لەو بەرزاییەوە بڕوانە... یەک وشەیە و بەس... بیڵێ... ناوی گوڵە مۆرەکە و بەس... ئەم سەربانە جێ ناهێڵم، تا نەیەیت و فرمێسکی چاوەکانم نەسڕیتەوە، تا ئارەقەی ڕۆژێکی گران و سەختی قوڕکاری و خشتکێشانم نەخۆیتەوە، تا نەگەڕێیتەوە و لەم تەمموزە برژاوەدا بۆم نەبیت بەسێبەر لەم سەربانە ناچمە خوارێ، دەنگم خۆش بووایە گەڕەکەکەم پڕ دەکرد لە گۆرانی و بالۆرەی شین و شەپۆڕ، نەمدەهێشت کەستان بنوێ، تا کۆرپەی دڵەکەمیان دەخستە باوەشی تۆ... ئەوسا ژێر دەبووەمەوە... گەر (دەروێش عەبدوڵڵا) یەک بوومایە هەزارەها شمشاڵی ئاخ و خەفەتی دەروونی گڕتێبەربووی منتان بشکاندایە... وازم نەدەهێنا، هەرجارەی لە قامیشی چۆمی ئەم وڵاتە سەدان شمشاڵی دیکەم دروست دەکرد و شەو و ڕۆژ هەراسانم دەکردن... ئێوە دەزانن دەروێش عەبدوڵڵا کێیە؟ ئێوە تەنیا فریای نان و گان دەکەون... دەروێش کێیە...؟

ئای هێرۆ خان... خانمی ماڵە دەوڵەمەندەکان... مەزەی مێزی گیرفان پڕەکان... نەکۆشکەکەی ئێوە نزم دەبێتەوە و نە کەلاوەکەی ئێمەش باڵی دەگرێ، بیست ساڵ پترە... هەر لە منداڵیمەوە تا ئێستا لەناو حەوشەکەوە سەر هەڵدەبڕم و بەرەو بەرزایی دەڕوانم، ملم شل بوو ئەوەندەی ڕووەو بالکۆنەکە... پەنجەرەکەتان بڕوانم، ئاوی چاوم داهات، پاژنەکانم سڕ بوون، ئەگەر ئەوەندە سەرم بۆ خودای ئاسمانیش هەڵبڕیبایە تا ئێستا وەک کۆتری ماڵی دەهاتە ژێر هەیوانەکەمان، وەک ئەستێرە دەڕژایە سەربانەکەمان، بەڵام تۆ نە



کۆتریت و نە ئەستێرە، تۆ کچێکی خانەدانی، من هەڵخەڵەتام... خوا دایکە کلۆڵەکەم بگرێ... ئای کە بەمنداڵی چیرۆکی عیشق و ئەوینی خۆشی دەگێڕایەوە، شەوانە بەرلەوەی خەو بمباتەوە ئەسپێ و ڕشکی لە سەرم دەگرت و دەگریا و حەکایەتی بۆم دەگێڕایەوە، حەکایەتی ئەو کچە شازادەی حەزی لە کوڕێکی کەچەڵ کردووە، کوڕی ماسیگرێکی هەژار و تۆڕدڕاو، خوا دایکم بگرێ... من ئێستاش بەخیلی بەو کوڕە کەچەڵەی ناو چیرۆکەکە دەبەم... وامدەزانی و خەونم دەدی من ئەو کوڕە کەچەڵە و تۆش شازادەیت... بەڵام نەخێر... لەوە دەچێ لای ئێوە ئەوین گۆرانییەکی زۆر کۆن و بێتام بێ...

هۆ شازادەکە تۆزێ دابەزە... بۆم وەرە خوارێ... لەم دوورەوە کێ برینی کێی دیوە...؟ کێ فرمێسکی کێی دیوە...؟ پەنجەرەکەت بکەرەوە، پەردە لەعنەتییەکە لادە، گوڵە مۆرەکان مردن، منیش ڕەنگم وەک ڕەنگیان پەڕیوە، بۆنی مەرگم لێ دێ، تۆ گوڵەکان ناکوژی... تۆ من دەکوژی... دەنگت نایە... وەڵامم نادەیتەوە... خۆ نەمردوویت...؟ ڕەنگە پرسەی ئێوە وەک پرسەی ئێمەمانان نەبێت، وەک چۆن شایی و خۆشیتان لە ئێمە ناچێ... چما کەستان بۆ کەس ناگری...؟ چۆن...؟ ها...؟ دەشێ نەمزانیبێ و بێدەنگ مردبیت، کپ و بێدەنگ پرسەیان بۆ گێڕابێت، چما ئێوە وەک ئێمە نازریکێنن، ناناڵێنن، قوڕ ناپێون، وەک ئافرەتە برسی و کۆستکەوتووەکانمان قژ ناڕننەوە...؟ بیست ساڵە ئاشنا و دراوسێتانین کەچی نامۆم بەدونیاتان... ناتانناسم... ژوورتان زۆرە و کەس بەنهێنی ئێوە نازانێ، باڵەخانەی بەرزتان کەس نایگاتێ، ئێوە... تۆ... ئەوان... هەمووتان شت لە ئێمە دەشارنەوە، ئێمە وەک گیاکەڵە کەوتووینەتە نێو چیمەنە پان و پۆڕەکانی نێو حەوشەکانتان، وەک ڕووەکێکی بیژۆک لەنێو باخچەکانتان سەرمان دەرکرد... لە کوێ هاتووین و چۆن سەوز بووین...؟! هێرۆ خان سەدەها جار بەباوکە گوێ گرانەکەم دەڵێم و هاوار دەکەم... بەو دایکە پیر و کەنەفتەم دەڵێم:

(– با بیفرۆشین... بچینەوە نێو خانووە قوڕەکان... لەوێ کەلاوەیەکی هاکەزایی دەکڕین...).

پێم دەڵێ:

(– بەخوا کەری... لێرە ژیاوم و لێرەش دەمرم... دەبم بەبەردی سەر دڵیان...!).

بەجێی ناهێڵێ... چی لێبکەم... ناهێڵێ ئەو دوومەڵە بتەقێ... دەزانم بووین بەزیبکە و قونێری سەر ڕووتان... ئای کە بەدەست ئێمەوە ناڕەحەتن.

پێی دەڵێم:

(- باوکە بەدوومەڵمان دەزانن...).

پێم دەڵێ پێیان بڵێ:

(- هەتا باوکم ئەم دەشتەی دەکرد بەکاڵەک و تەرۆزی ئێوە لەدایک نەببوون...).

بەجێی ناهێڵێ... ڕەنگە لای باوکم هەمووتان کاڵەک و تەرۆزی بن، کۆشکەکانیشتنان چەند قوچەکێک و چەند تاشەبەردێکی کەڵەکەکراو... دەشێ وابێ... زۆرجار بۆ ئەو زەمانە دوور و دێرینە گریانی دێ و دەڵێ:

(- ئەوان وایان لە من کرد ببمە پۆلیس...).

دوای سی ساڵ تەقاویتییەکەی سی دینارە... بەچی بێن... کەڵکی کێ دەگرین...؟ مەمرە و مەژی وا دەیخۆین... پێی شەرم و سۆبەت بوو جانتا و زەمبیل و هەگبە و شتومەکی خانمانی شار هەڵبگرێ، کرمانجێکی وەک ئەو پێی گران بوو ببێ بەحەماڵی ژن و پیاوی نەدیتی و نەناسی...بە کەیفی خۆیان باری بکەن و تێی بخوڕن و بیڕەتێنن... وەک کەری ژێر بار گوێی ڕابکێشن...!

وەرە خوارێ... با بۆ جارێکی تر و دوا جار بتبینم... بۆ کاسێتی ئەو مۆسیقا دڵگیرە ناخەیتە سەر... ئەو مۆسیقا ناسکەی هەزارەها ڕەنگ و بۆنی خۆشم بۆ دێنێ، دەبا لەوێوە بەسەرما بڕژێ. وەک نمەباران بەسەر من و سەربان و حەوشەکەماندا بباری... وەک پڕوشەی تاڤگەی قەدپاڵەکان گیانم بخاتە سەر تەزووی شیرین و موچڕکەی ئۆخەی... بە(بتهۆڤن) و (مۆزارت)م ئاشنا کردی... بەشمشاڵی (قالەمەڕە)... نا ئەم شتانە کۆن و مردوون... ڕەنگە ئێستا شێتی مۆسیقای - ڕۆک ئاند ڕۆڵ - و - دیسکۆ - بیت... ئەی نەفرەت لە هەردووکیان... دەبا مۆسیقا شیرینەکەی جاری جاران بڕژێتە نێو حەوشە وشک و ماتەکەمان... نا تۆ ئەو منداڵە ساویلکەی جاران نیت... تۆ ئەو کچە هەرزەکارەی سالێن نیت، گەورەتر بوویت، شۆختر... کۆشک و ئۆتمبێل و ئاڵتوون و ئاهەنگ و بەزمی گەرمتر و زۆرتر دەورەیان داوی، چەند کوڕێکی لە من قۆزتر... گیرفان پڕتر... بۆ دواجار بەرلەوەی بڕۆیت... تەنیا تکام ئەوەیە... دوا پرسیار:

(- ئەم گوڵە مۆرە چی پێدەڵێن...؟).

خەریکە چیرۆکی نێوانمان کۆتایی دێ، هەر نەمزانی... ناوی ئەم گوڵە مۆرەم نەزانی... وەک هەزارەها شتی نێو دونیای قەڵەبالغی ئێوە ناوی ئەم گوڵە مۆرەش بوو بەنهێنییەکی



گەورە... تەلیسمێک کە قەت نەکرێتەوە، پەنجەرەکەت نەکردەوە و نایکەیتەوە، پەردەکەشت لا نەدا و لای نادەی، گوڵەکانیش سیس و ژاکاون... با دەیانبا... وەریون و لاچکە باریکەکانیش شکاون، دەشێ پشیلەیەک... پشیلەیەکی هار و برسی هەڵەتەی گەڕەکی هەژارەکان خۆی لەم ئینجانانە بدا و بیانشکێنێ، ئەوسا نە گوڵ و نە ئینجانەکانیش دەمێنن، نە تۆش چیتر ئاویان دەدەی، منیش لێرەوە هەر بەتەنیا وەکو گوڵەکانت سیس دەبم و سیسیش نابم... هەڵیانگرە... ئەم دوو ئینجانەیە لابەرە... دوێنێ شەو لێم بوون بەدوو کێلی گۆڕێکی تەنیا و خۆیشم ببووم بەمردووی ڕاکشاوی نێو گۆڕەکە، دەنگم ناتگاتێ، نازانی ئەم گولانەم چەند خۆش دەوێن، ئاخر خۆزگە و عەزرەتی سەردەمی منداڵیم بیر دەخەنەوە، ئەو سەردەمەی بۆ دزینی گوڵێک سەد سەربانم دەبڕی بەسەر سەدان دیواریشدا هەڵدەگەڕام... شەوانەش دایکم بەسەرە دەرزییەکی کول دڕکی لە دەست و پەنجەکانم دەردەهێنا و پێی دەوتم:

- ڕۆڵە... خۆ تۆ شێت نەبووی... بۆ گوڵێک سەد دڕک دەخەیتە دەست و پەنجەکانت... واز بێنە با ڕۆژێک بەر نەبیتەوە و ملت بشکێ...!

منیش پێم دەوتەوە:

(+ دایکە... بۆ لە حەوشەکەی خۆمان گوڵ ناچێنیت...؟

- کوڕم ئێمە بەحاڵ جێگەی سەر و قاچمان بۆتەوە... گوڵی چی و تەڕەماشی چی...؟!

+ ئەی بۆ ماڵی هێرۆ گوڵیان زۆرە...؟

- حەوشەکەیان گەورەترە...

+ بۆ گەورەترە...؟

- کوڕی خۆم... ئەوان خواپێداون...

+ ئاخر بۆچی...؟

- وای دابەش کردووە...

+ چییە... ئێمە خەراپین...؟

- نەخێر بابەکەم... کێ وتوویەتی خەراپین...!

+ ئەی کەواتە بۆ... خۆ ئەوان باشتر نین...؟!

- نازانم کوڕەکەم... تۆ بۆ ئەوەندە دەپرسیت...؟

+ ده باشه چیتر ناپرسم... هەر ئەمجارە... دایکە... خوا کێیە؟!

– خوا... خوا من و تۆ و هەموو دونیاشی دروست کردووه...

+ چۆن...؟

– نازانم...

+ لە کوێیە؟

– لە ئاسمانە...

+ لەو ئاسمانە چ دەکا...؟

– دانیشتووه و سەیری هەموو دونیا دەکا... ئاگای لە چاکە و خراپەی هەموومانە...

+ لەسەر چی دانیشتووه...؟

– نازانم ڕۆڵە... با ببڕێتەوه و هیلاکت کردم... ئەوەندە لە شت مەپرسە و تێکەڵ کاری خواش مەبە... با کوێرت نەکا...) وازم نەدەهێنا و تێهەڵدەچوومەوە:

(+ بۆ حەوشەی وا گەورەی داوە بەوان...؟

– خۆ هەر ئەوان نین... خەڵکێکی زۆرن...

+ ئاخر منیش حەزم دەکرد...

– بیبڕەوە...

+ نا... بۆ وای دابەش کردووه...؟

– کەرە حیکمەتی خۆیەتی...

+ حیکمەت چییە؟

– گۆڕی باوکتە...

+ نا... بۆ وای دابەش کردووه...؟ هەر دەبێ بزانم...).

کە دووبارە ئەم پرسیارەم ئاراستە دەکرد تاکە کڵاشێکی کۆن و دڕاوی باوکمی تێدەگرتم و منیش سووک دەردەپەڕیم، ئەوسا کە تۆم لە بەردەرگاکە دەدی هەموو شتێکم بیر دەچۆوه... خوا و ئاسمان و حەوشە و گوڵ و کڵاشی باوکم... هەموویانم بیر دەچۆوە... تەنیا خۆزگەیەکم ئەوە بوو لێت نزیک ببمەوە، بەترسەوە دەست لە کراسە جوان و گوڵگوڵییەکەت بدەم، بەدزییەوە ماچێک لە کوڵمت بدزم، لەو ساتانەدا حەوشەکەتان هەزار ئەوەندەی حەوشەکەی ئێمە پان و بەرین بووایە باکم نەبوو... کەچی ئەوەشیان لێ



قەدەغە کردم، ئەو ڕۆژەت نایەتەوە یاد کە دایکم بینی ماچت دەکەم... ئەو ڕۆژەی لەباتی ماچ بەعەزرەتەوە گازێکم لە کوڵمت گرت و تۆش گریایت... دایکم بەتوڕەییەوە بانگی کردم، پەلی گرتم و منی بردە ژوورەوە... بەتوندی گوێی ڕاستەمی ڕاکێشا و شەپازللەیەکی لێدام و وتی:

(– سەگباب... شەرم ناکەی کچی خەڵکی ماچ دەکەی...؟ جارێکی دیکە بتبینم هەردوو چاوت دەردێنم...

+ بۆ ماچی نەکەم... خۆ ئەمن خۆشم دەوێ... دایکە...!

– ڕۆڵە عەیبە... ئێمە دراوسێین... پێبزانن حەیامان دەبەن... ئەتۆ گەورە بووی... وا مەکە لەم گەڕەکە دەرمان بکەن...).

هێرۆ گیان... نەمزانی عەیبە چییە و چی دەگەیەنێ... بەڵام چیتر ماچم نەکردی، ترسام لە ماچ... ترسام لە تۆ... بەرەبەرە پتر دەیانترساندم، تا گەورەتر دەبووین زیاتر و قووڵتر دەیانترساندین... هەر بەو ترسەوە... هەر بەو شەرمەوە گەورە بووم... ئەمێستاکەش هەم لێت دەترسێم و هەم شەرمیشت لێدەکەم... خوا بیانگرێ... دیوارێکی وا ئەستووری ترس و شەرمیان لە نێوانمان هەڵچنی... کە خەتی سمێڵم دانا... دایکە وتی:

(– ئەوەندە بەرامبەری ئەو کچە مەوەستە... ئاگام لێیە کە دەیبینیت ئەبڵەق دەبیت... ئەوەندەش مەچۆرە سەربان و بەردەرگا... شەرم و شکۆت لا نەماوە...).

پتر شەرم دایگرتم، پتر ترسام، چیتر نەمویرا بەئاشکرا و بەکامی دڵ سەیرت بکەم، لەوساوە دزە نیگا و دزە نامەم بۆ دەناردی، ئێستاکەش گەر بەیەکەوە بکەوینە بیابانێک... لەوانەیە نەوێرم بتگرمە ئامێزم و بەعەزرەتەوە ماچت کەم... نەوێرم دەستە نەرم و نۆڵەکانت بخەمە نێو دەستە زبرەکانم، منیان تۆقاند، لەمێژە گوێم لە دەنگە خۆشەکەت نەبووە... بەڵام لەرە و نەغمە ناسکەکەیم بیر نەچۆتەوە... کێ هاژەی ڕووبار، خوڕەی تاڤگە، خرمەی باران، قاسپەی کەوی بیر دەچێتەوە...؟!!

کە گەورەتر بووم پێیان وتم:

(– کۆشک و کەلاوەیان نەوتووە...!).

زیاتر ترسام... بەنێو دڵ و کەلاوە و کۆڵانی هەژارەکاندا گەڕام... سەدەها لاپەڕەی زەرد و ڕزیوم هەڵدایەوە... نهێنی مەرگی گوڵە مۆرەکانم دۆزییەوە... بۆیە لەگەڵ ئەو هەموو ترس و خەم و گریان و شەرم و کۆتایی و دەست لێکبەردانەش ناتوانیت بمڕوخێنیت... دەشزانم بۆ

گوڵ لە حەوشەی ئێمەدا ناڕوێ... دەشزانم بۆچی ناوی ئەو گوڵە مۆرە نازانم... بۆ ناتوانم وەک عاشقێکی دڵتەڕ گوڵێکی مۆر لە یاخەی چاکەتەکەم بدەم...؟! دەزانم بۆ... بۆ... سەدەها بۆ... هەزاران بۆ...؟!!

دە دەرکەوە... پەنجەرەکە بکەرەوە... پەردەکە لادە... گوڵەکان ئاودە، ئەو نهێنییە بدرکێنە... ئاخ... ئەوەتا دیسانەوە پیرەدایکمە و هاوار دەکا... وا هەست دەکەم منداڵەکەی جارانم و ئەویش تێم دەخوڕێ... گوێم لێیەتی و بانگم دەکا:

(– کوڕم عەیبە... هێشتا شەو دانەهاتووە و خۆریش ئاوا نەبووە... لەو سەربانە خەریکی چیت...؟ خۆ لەقلەق نیت... دە وەرە خوارێ...).

ئەوەشیان هەر عەیبە، ئەوەشیان هەر شەرمە... هێرۆ هەموو شتێکیان کرد بەترس و شەرم و گوناه... ئیتر تەواو... شەرمە بۆ تاوێ سەیری گوڵە مۆرە مردووەکان بکەم... سەیری پەنجەرە داخراوەکەت... هەنووکە دەچمەوە خوارێ: ژوورە تەنیا و تاریکەکەم... ژوورە ڕووت و چۆڵەکەم... ناوی ئەو گوڵە مۆرەم هەر نەزانی... لە چ سەردەم و زەمانێک... لە چ شوێنێک ناوی گوڵێک بۆتە نهێنی...؟!

پەنجەرەکەت نەکردەوە... نایکەیتەوە... گوڵە مۆرەکانیش ئاو نادەی... ها...؟ ئیتر تەواو...؟ ماڵئاوا... ماڵئاوا...؟ ماڵئاوا ئەی گوڵە دڵگیر و تینووەکە... ماڵئاوا ئەی گوڵە مۆرە مردووەکە... ماڵئاوا... ما... ڵئا... وا... وا... ا... ا...!!!

سلێمانی

خەرمانان (١٩٨٣)



# گوناهی سپی

دەبووایە ئەو چیرۆکە بنووسم، ئەو چیرۆکەی هەشت ساڵە دڵی هەڵکۆڵیوم، چیرۆکی ئەو چیرۆکەی ئەم چیرۆکەی پێنووسیم، ئەمەیان مەتەڵ نییە، زۆر ئاساییە و لواوە و دەلوێ چیرۆکێک چیرۆکێکی دیکەت پێبنووسێت، من مەبەستم نییە لە هونەری چیرۆک و فەلسەفەی نووسەرێک بدوێم... بەڵام تێم بگە... چاو بکەرەوە... لەوانەیە ئەم چیرۆکەش کە خۆی لە منداڵدانی چیرۆکێکی کۆنی خۆمدا خولْقاوە: چیرۆکێکی دیکەم پێبنووسێت، ئەوساش دەبێ چیرۆکی چیرۆکێک بنووسم کە لە منداڵدانی چیرۆکێکی دیکەمدا خولْقاوە، مەسەلەکە ئاسانە... هەموو کچێکی ساوا کە تازە لە دایک دەبێ... نۆ مانگ لە منداڵدانی دایکیدا ژیاوە، وەلێ ئەم کچە ساوایەش منداڵدانی هەیە، دوای شووکردن ئەویش کچی دەبێ... کچەکەش کچی دەبێ... هتد. چاکە... دەبوو بینووسم... هەموو ژنێکی ئاوس دوای نۆ مانگ منداڵی دەبێ... هەیانە بەهەشت مانگ فڕێی دەدا، هەیانە بەحەوت... هەندێکیان نەزۆکن... هەیانە منداڵەکەی بەئیفلیجی دەبێ... هەیانە ساغ و توندوتۆڵ، ئافرەت هەیە سەعاتێک بەژانەوە دەبێ، هەندێکیان سێ چوار سەعات، هەیانە ڕۆژێک، هەندێکیان سێ ڕۆژ وردە ژان و بەرەژانی گەورە بەری نادات... بەڵام کام ئافرەت... کام ئافرەت هەر لە حەواوە تا دایکی تۆ بەبێ ژان منداڵی بووە؟ وا بزانم... وا بزانمی چی؟ دڵنیام نییە... ئەی من؟ منی قوڕبەسەر هەشت ساڵە... بەڵێ هەشت ساڵ دەبێ ئەم کۆرپە چیرۆکەم لە نێو منداڵدانی، نەخێر دڵی، نەخێر مێشکی... نا... لە گلێنەی چاومدا هەڵم گرتووە، بەڵام ئەمشەو تەقییەوە، ئەمشەو نا... سەر لە ئێوارەی ئیمڕۆ ڕیشۆڵەیەکی مردوو لەسەر شۆستەی بەر مەیخانەکەی– فەرمانبەران – هەموو شتێکی بیر خستمەوە، تووشی بەرەژانێکی گەورە بووم، زانیم ئەمشەو... لەوانەیە بەرەژانەکە بمگرێ و چیرۆکێکی چاوڕەش لە دایک بێ، ئافرەت کە کوڕێکی دەبێ چەندە شاگەشکە دەبێ... من بەقەد هەموو ژنانی ئەم سەر زەمینە بەلە دایکبوونی چیرۆکێکی دەم بەگریان شاگەشکە دەبم، خۆ منداڵ و چیرۆک، هەردووکیان، بەدەم گریانەوە لە دایک دەبن، چ ئافرەتێک دەتوانێ بەرەژانی زانێک ڕابگرێ؟ کام نووسەر... کام هونەرمەند ئەو پیاوەیە ڕێ لە

بەرەژانی شاکارێکی بگرێ؟ زۆرن ئەو ئافرەتانەی بەسەر منداڵەوە دەمرن، جاری وا هەیە دایکە دەمرێ و کۆرپە دەژی، یان کۆرپە دەمرێ و دایکە دەژی، کۆرپەکە هەست بەمەرگی دایکی ناکا، بەڵام دایک بەدامێنی خوێناوییەوە هەڵدەستێتەوە و کۆرپە مردووەکەی لە باوەش دەگرێ... ڕایدەژەنێ... خۆزگە وا بووایە... خۆزگە کە چیرۆکنووسێک چیرۆکێکی مردووی دەنووسی: خۆی بمردبایە، ئەوسا چیرۆکی دانسقە و جوان دەمایەوە... جوان و بەس... باشە ئەی ئەگەر هات و چیرۆکەکەم بەمردوویی... هەر بەکوێری و سەقەتی لە دایک بوو... ئەوسا چی بکەم؟ مەگەر بمرم... خۆش بەحاڵم ئەگەر بمرم، بەڵام ئەی ئەگەر نەمردم و بەچاوی خۆم دیم... دیم کۆرپە چیرۆکم هەردوو چاوەکانی نەپشکوتوون، هەر دە پەنجەی بەیەکەوە نووساون، نە نێرە و نە مێ، ئەی ئەگەر وەک هەموو کۆرپەیەک بەزریکە و گریانەوە لە دایک نەبوو، ئەوسا چی بکەم؟ مەگەر تف و نەفرەت لە خۆم بکەم، مەگەر تا ماوم بیخەمە سەر دەست و بەئیفلیجی بیگێڕم، بیبەمە لای پزیشک و حەکیمان، بیخەمە بەردەستی پیرەژنان تا داو و دەرمانی سیحراوی بۆ بگرنەوە، بیبەنە سەر پیر و چاک و ئەسحابان، ڕیشۆڵە مل قرتاوەکەی سەر شۆستە - کەوتووی بەر پێی ڕێبواران ئەم چیرۆکە کۆنەی بیر خستمەوە، ئەو چیرۆکەی هەشت ساڵە لە خۆمم شاردۆتەوە، لە یادی خۆم بردۆتەوە... ئەمێستا بۆ بەدبەختی... ئیمڕۆ ئێوارە... ئەم ڕیشۆڵە نەفرەتییە بەبیری هێنامەوە، نەمدەویست بیرم بێتەوە... بەپێچەوانەوە ئەو شتانەی کە حەز ناکەی بێنەوە یادت... زوو زوو سەرت لێدەدەن، ئەو شتانەی لێیان دەترسیت... زوو زوو دێنەوە بەرچاوت، ناخۆشترین کارەسات لای من ئەوەیە دڵی مرۆڤێکم لێ بڕەنجێ، یان کەسێکم لێ بتۆرێ... بەڵام ئەوەتانێ مەرگی ئەم ڕیشۆڵەیە دڵشکانی دەروێش بایزی بیرهێنامەوە... دەروێش بایز... پاڵەوانی چیرۆکی (ریشۆڵە)م... ئای کە ناخۆشە... تۆ بڵێی ئەم ڕیشۆڵەیە دوێنێ شەو لە سەرمانا مردبێ و ئیمڕۆ وا بێناز کەوتۆتە ناو قوڕ و لیتاوی سەر شۆستە، شەوانە سەرخۆشەکان بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن پێی لێدەنێن، تا دوێنێ فڕندەیەک بووە و لە ئاسماندا باڵی لێکداوە، ئەمێستا سەری قرتاوە و سست و بێ گیان کەوتووە، بەدیارییەوە ڕاوەستام... هەروەک سەربازێک بەدیار مەرگی پێشەواکەیەوە دابمێنێ، نووشتامەوە و بەڕێز و شەرم و ترسەوە لەناو قوڕاوەکە هەڵمگرتەوە... بەدەستەسرێک پاکم کردەوە... هەروەک بڵێی دەستم بەر لەشی مردووی باوکم کەوتبێ... یا جەستەی ڕووتی دایکم، موچڕکەیەک بەهەموو دەمارەکانما مێروولەی کرد، بۆ دواجار لەم ئێوارەیەدا هەموو یادگارێکی ئەو چیرۆکە تاڵەی لە مێشک و دڵما تەقاندەوە، هەشت ساڵە بۆتە ژانێک،



بۆتە گرێیەک و لەسەر دڵمایە و ناکرێتەوە... کەواتە ئەمشەو چیرۆکێکم دەبێ... هەر خۆشم دەبمە مامانی خۆم، من وەک مریەم کە عیسای بوو... هەر خۆی تەنیا و... هەر بەتەنیاش مامانی خۆی بوو، مریەم ئاسا بەرەژانی چیرۆکێک دەمگرێ... دەبێ بچمە پەنایەک، ژێر درەختێک، ژێر زەمینێک... هەر خۆم دایک و هەم مامانیش بم، جا یان ئەوەتا دەمرم... یان چیرۆکێکی چاو ڕەشم دەبێ و گەورە دەبێ... گەورە دەبێ و هەمووتان دەخاتە گریان و پێکەنین، ناتوانن دەرگای لێ نەکەنەوە، هەتا ئەوانەش کە لەگەڵما بەشەڕ هاتوون ناتوانن تف لەو کۆرپە کاکۆڵ زێڕینەم بکەن... تۆ بڵێی ڕیشۆڵەکە هەر لە برسانا... یان لە سەرمانا مردبێ؟ نابێ وابێ... ئەی بۆ سەری قرتاوە؟ لەوانەیە منداڵێکی دڵڕەق و بێبەزەیی بەدارلاستیکەکەی نیشانەی لێگرتبێ، لەوانەیە بەردەکە بەر دڵی کەوتبێ... ئەویش بەگوێزانێکی کول سەری قرتاند بێ... بەخوا کەرم... ڕۆژی هەزاران کەس لەسەر ئەم زەوییە لەعنەتییە دەمرێ و دەکوژرێ... کەچی من بەدیار مەرگی سادەی ڕیشۆڵەیەکەوە خەریکە داستانێک بنووسم، کەریشم نیم... ئەوەی بۆ شتە ورد و بچووکەکان دڵی نەلەرزێ... هەڵبەتە بۆ کارەساتە هەرە گەورە و جەرگبڕەکانیش دڵی نالەرزێ... دەروێش بایز... ببورە... دیسانەوە هاتیتەوە یادم، گوناهی من نییە و حەزیشم نەدەکرد، دەشزانم هێشتا نەمردوویت، هەر زیندوویت و وازیشت لە ڕاوە ڕیشۆڵە نەهێناوە... وازیشی لێناهێنیت، ئەمەیان نهێنییەکی گەورەیە و هەر خۆم دەیزانم، ببورە... ئەمجارەیان... ڕەنگە دواجار بێت بتکەم بەپاڵەوانی چیرۆکێکی تر، لەوانەشە دواجار نەبێت و دەیان چیرۆکی دیکەم پێ بنووسێت... وەلێ گوناهی خۆتە... ئەم چیرۆکەش هەر گوناهی خۆتە، ئەگەر ئەو ئێوارەیە ناو دەرگاکەت لە من نەگرتایە و لەگەڵما بەشەڕ نەهاتبایت... ئەم چیرۆکەش لە دایک نەدەبوو... ئێستا دوورم... سەدەها کیلۆمەتر لێتەوە دروورم... ئەگەر بەم چیرۆکەت زانی بێدەنگ بە... وەک هەشت ساڵ لەمەوبەر نەبیت بەگڕکان و بتەقیتەوە، لەوانەیە من و تۆ یەکدی نەبینینەوە، ئەگەر لەسەر ئەم چیرۆکەم تاوانبارم بکەیت، ئەگەر بێت و کۆلکە خوێندەوارێک بۆی خوێندیتەوە... نە پێبکەنە و نە بگری... نە ستایشم بکە و نە جنێویشم پێبدە، نە من دەنگ و نە تۆ دەنگ، گەر ئەمجارەیان وەک جارەکەی تر بمدۆزیتەوە و ناو دەرگام پێ بگریت... لەوانەیە ڕۆمانێکت لەسەر بنووسم... تووڕەم مەکە، تۆ پاڵەوانی چیرۆکێکی مەزنیت و منیش قەڵەم بەدەستێکی گۆج و ئیفلیج و سەقەتم... چی تێدایە؟ دەمەوێ خۆم بەتۆ تاقی بکەمەوە، ئاخر تاکە کەسێک کە لە نزیکەوە بیناسم تۆیت... لە منداڵی و هەرزەییما هەر تۆ دراوسێ و مام و خاڵ بوویت... بگرە باوکیش بوویت،

ئەوەندەی هۆگری تۆ بووم... هۆگری کەس نەبووم، باوەڕت بێ خۆشم دەویستیت... ئەمێستاش خۆشەویستی، دەزانم لای تۆ من ڕیشۆڵەیەکی باڵ شکاو بووم، قەت لەو باوەڕەدا نەبوویت منێکی چڵمن و شەرمن و لەرزەلێو شەڕ بەجیهانی بەرفراوانی تۆ بفرۆشم، ئەوەتانێ گەورە بووم و دەستم قەڵەم دەگرێ و شەڕت پێدەفرۆشم... سەغڵەتت دەکەم، دەڵێن: کە مرۆڤ مرد ناوی مەهێنە... هەرچەند جارێ ناوی بێنیت: لەنێو گۆڕەکەیدا ڕادەچەنێت... خۆ تۆ نەمردوویت تا ناوت نەهێنم، گەر بشمریت هەر ناوت دێنم... وازت لێناهێنم... ئیمڕۆ ئەم ڕیشۆڵە مردووە تۆی بیر خستمەوە... منداڵی و هەرزەیی خۆم، گەڕەکە بۆرەکەی خۆمان، چڵکاوەکەی بەرماڵێن... تۆ و ڕاوە ڕیشۆڵە و هەمین – ی ژنت، هەمین – ی حەز و گریان و ئارەزوو... ئەو ئێوارەیەم بیرکەوتەوە، هەشت ساڵ لەمەوبەر، ئەو ئێوارە خۆش و لەیادنەچووەی زاوایەتیم... تازە لە (مانگی هەنگوینی) هاتبووینەوە... خۆم و بووکی تازە، حەزی تازە، ئەو ئێوارەیە شتێک و هەموو کەسێک لە بەرچاومدا سەمای دەکرد... زۆر شتی ناخۆش و ناڕێکم بیر چووبۆوە: مەرگ و سووتان و ڕووخان و هەرەس و کارەساتەکان... برسیەتی و نەبوونی، سەرما و گەرما، تۆش بیت هەر وەک من بیرت دەچێتەوە... کافر نکوڵی لێ مەکە... بیرمە شەوانی هەینی حەز و هەوەس و شەهوەت وەک ئەسپێکی ماندوو چاوەکانی خوێناوی دەکردیت، حەزی هەمین و باوەشی گەرمی سەرگێژی دەکردیت، دەبووایە کانی خۆشی و حەزی ئەو ئێوارەیەم شێلوو نەکەیت، هەمووی سەعاتێک بوو لە – هاوینەهەوارەکان – هاتبوومەوە، سەرمەست و دڵمەست، دایک و باوک و خوشک و برا و پور و خاڵ و مام... پورزا و خاڵۆزا و ئامۆزا و زارۆڵەکانیان ڕژابوونە ناو حەوشە چکۆلانەکەمان، کچ و کوڕە گەنجەکانیان نەیاندەهێشت ڕیکۆردەرەکە بسرەوێ... تاوێ مەزهەر، تاوێ ماملێ، خەمزەیی، حەسەن زیرەک، لەپڕ کوردی دەبوو بەعەرەبی، عەرەبی لا دەبرا و کاسێتێکی ڕۆژئاواییان دەخستە سەر، هەر یەکە و لە ئاستی خۆیەوە شان و مل و سمتی با دەدا، چاوبڕکێ و هەناسە و ئاخی سارد، کۆتایی هاوین و شنەبایەکی خۆش... لەو حەوشە چکۆلانەدا بەحاڵ جێی سەر و قاچ دەبۆوە، منی زاواش، دڵ پڕ ئاهەنگ... بسکەی سمێڵم دەهات، جار جارەش تیلی چاوێکم دەبڕییە بووک، ئەو بووکەی دوای سێ ساڵی پڕ حەز و سووتان و گریان و تۆران... ئەمێستا سەرمەستی ئەم زەماوەندەیە و هێشتا ئارەقەی شەوانی حەز و خەون و تاسە و تلانەوە بەری نەداوە، بەچاو پێم دەڵێ: (فەرهاد... باوەڕ ناکەم... باوەڕ ناکەم!) بەدڵ پێم دەڵێ: (فەرهاد گیان... ئەوە تۆیت... ڕۆحەکەم...!) ئەو سووتاوی منە و منیش کوژراوی ئەوم،



هێشتا بای فێنکی هاوینەهەوارەکان لە سینەماندا ماوەتەوە، پروشەی تاڤگەی قەدپاڵەکان بەقژمانەوەیە... هێشتا... هێشتا تامی ماچی سەر سەفین و ژێر ئەسپیندارەکانی شەقڵاوە بەلێومانەوەیە، کەچی (دەروێش بایز)... پاڵەوانی چیرۆکەکەم هات و هەموو شتێکی تێک ترشاند... سامالّی چاوانمی پڕ کرد لە تەمی خەم و هەوری گریان، بەزم و ئاهەنگی ئەو ئێوارەیەی وەستاند، هەمیشە (دەروێش) پەپوولە بووە، بولبولی خۆش خوانی ناو قەفەزی دڵم بووە، کەچی ئەو ئێوارەیە بوو بەقەلەڕەشێکی شووم و بۆی قڕاندم، بەزۆری شاییان دابەست، پیاوەکانیش... ئەو پیاوانەی وەک ئەسپی عارەبانە، لە بەیانییەوە تا ئێوارە، لە بازاڕن و سرەوتنیان بۆ نییە... ئا ئەو پیاوە دڵڕەقانە ئەمێستا ناسک بوونەتەوە و چاو دەبڕنە ژنەکانیان و... یادی یەکەم شەو و یەکەم مانگ و یەکەم ماچ و یەکەم منداڵ دەکەنەوە، جار جارەش پلاریان لە من دەگرت، منیش خۆم گێل دەکرد، هێشتا شەرمی زاوایەکی تازەم لێدەتکا... بووک لە من شەرمنتر... سەری دادەگرت... لە ئێوارەیەکی وا دەگمەن و خۆشدا چاوەڕوانی قیامەتێکی وا نەبووم... ئای لە خۆم نەگبەت و ماڵوێران...!

سەد تفم لەو ڕۆژە کرد کە ئەو چیرۆکەم تێدا نووسی، نەفرەتم لەو قەڵەم و کاغەزەش کرد ئەو چیرۆکەیان داگیرساند، بەڵام چ ئافرەتێک دەتوانێ پێشبینی ئەوە بکا کوڕەکەی چی لێدەردەچێ؟ پاڵەوان یان چەتە؟ من نەمزانی چیرۆکی (ریشۆڵە) سەرم دەخوا، ئێوارەیەکی وا شیرینم لێ تاڵ دەکا، ئەگەر بمزانیایە: نەمدەنووسی... نە ء... هەر دەمنووسی، نەمدەتوانی لەوە پتر ئەو چیرۆکە لە منداڵدانی خۆمدا هەڵبگرم، دەبووایە ببێ... بەرەژانی گەورە گرتبوومی... گەر نەمبووایە: دەیکوشتم.

هەموویان هەڵدەپەڕین، من و بووک نەبێ، دانیشتبووین، لەپڕ لە بەردەرگای حەوشەکەمان قوت بوویتەوە، قەت ئەوەندە تووڕە و ناشیرین نەبوویت، وامزانی بۆ پیرۆزبایی هاتوویت، هاتیتە پێش و ناو دەرگاکەت لێگرتین، بەهەردوو دەست لاشیپەکانی دەرگاکەت گرت... وەک پۆلیسێک بەری هەڵاتنی دزێک بگری، هاتیتە پێشتر... هەمین – ی ژنت وەدەرکەوت و ئەم بەتەواوی ناو دەرگاکەی پڕ کردەوە، دڵم داخورپا و بۆنی کارەساتێکم کرد، خۆم تێک نەدا و هاوارم کرد:

(باوکە... دەروێش بایزە... بلێ بفەرموێ).

لێت ورد بوومەوە، وەک هەموو جارێک... سەر و سیمات لە شێتێکی تازەهەڵێنتووی

ناو شێتخانەیەک دەچوو، تا ئەو حەڵەش نیوەی گەڕەک دەیانووت: (شێتە...) نیوەکەی تر دەیووت: (وەلییە...!) تەنیا من دەمزانی تۆ چیت و کێیت... تەنیا من دەمزانی تۆ "زۆربا"یەکی کوردیت و کەس نییە بتکا بەپاڵەوانی چیرۆکێک، بگرە باوکیشم جارێ بەشێت و جارێ بە"وەلی خوا"ی دەزانیت... شەوەهای شەو، من و تۆ، دوای خەوتنی هەموو خەڵکی گەڕەک باسی بەهەشت و دۆزەخ و خوا و شەیتان و کوفر و برسیەتی و چەلەبی و ڕیشۆڵە و حەز و هەمین و دزی و ...... بڵێم چی؟ بۆچی من و تۆ باسی چیمان نەدەکرد؟ دوای حەڤدە ساڵ دراوسێیەتی و خۆشەویستی بوویت بەپاڵەوانی چیرۆکێکم... کەچی لەسەر ئەوە هاتیت و بەردت تێگرتم... خوات بێ دەروێش... ئاخر من خۆشم ویستیت... جارێکیان لێم زویر بوویت و وتت:

– خۆزگە وازت لە نوێژەکانت نەدەهێنا...!

منیش وتم: (دەروێش... هەر کەسە و دەچێتە گۆڕی خۆی).

شەوێکی نەبرد و ئاشت بووینەوە... تۆ سەری من و... من دەستی تۆم ماچ کرد...!

ئای کە ئەو ئێوارەیە ترسناک بوویت، عەبایەکی بۆری مەلایانەت خستبووە سەرشان، کۆن و پەڕپووت، سەرکۆت، جووتێ پێڵاوی لاستیکی دڕاو، سینەواڵا، مووی ماش و برنجی سەر سینەت پیرییەتی دەسەلماند، هەردوو دەستەکانت دەلەرزین، لێوەکانت وشک ببوون، نیگاکانت تیر بوون و دەتگرتنە من، چاوەکانت تا دەهات سوورتر هەڵدەگەڕان، کەفت هەڵداوێشت، کەفەکە بەلالێوتەوە وشک ببۆوە، قەت بەم شێوەیە نەمدیبوویت، باوەڕم بەچاوی خۆم نەدەکرد، لە خۆم کەوتمە گومان، هەمووی مانگێک بوو ئەو چیرۆکەم بڵاوکردبۆوە، چیرۆکی (ریشۆڵە)... پاڵەوانەکەشم تۆ بوویت، هەر لەو ڕۆژەوە دەست لەسەر دڵ، دەترسام، لێکم دەدایەوە، چەند جارێکیش لەنێو چنارەکانی سەفین و باخ و ڕەزەکانی شەقڵاوە بیرم کەوتەوە، هەندێ جار تامی دەست لەملانێی لەبیر دەبردمەوە، پاشان بەخۆمم دەوت: (کێی هەیە چیرۆکی بۆ بخوێنێتەوە؟) یان دەمووت: (دەیەڵڵا... کێ لەسەر چیرۆکێک دارکاری کراوە؟) شەوێکیان بەدوورودرێژی گرێی دڵی خۆم لای تازەبووک کردەوە... لە کۆتاییدا وتی: (مەترسە... ئەوە ناهێنێ...) بەڵام هەر دەترسام... دەترسام ئاشکرا بێ، پاشان دەمووت: دە باشە خۆ من کوفرم نەکردووە، من چیرۆکم نووسیوە، با پاڵەوانەکەشم کەسێکی نزیک و زیندوو بێ، با خزم و دراوسێ بێ... ئەی خۆ ناکرێ چیرۆک لەسەر تارمایی بنووسم... چی تێدایە؟ با پاڵەوان باوک بێ، دایک، برا، خوشک،



خزم، هاوڕێ... هەرکێ بێ... مەسەلە چیرۆکە و... چیرۆکیش هیچ جۆرە باجێکی لەسەر نییە، نا وا نییە... قورسە... ئەی ئەگەر پاڵەوانێکت وا ڕووت کردەوە... وا کە تا سەر ئێسقان و ناو مۆخ خۆی ببینێ، کێ ناڵێ ئەوسا ناتکوژێ؟ ئێ خۆ ناشکرێ لەجیاتی قەڵەم دەمانچە هەڵبگرم... بۆ ئەوەی گەر پاڵەوانە تووڕەکەم تەقەی لێکردم... منیش تەقەی لێبکەم، ئەوسا دەبمە شەهیدی چیرۆک یان کەرییەتی؟! ئەوەتا دەروێش بایز، پاڵەوانی چیرۆکەکەم، ناو دەرگای لێگرتووم، خۆی و ژنەکەی، کوڕ و کچەکەی: عەبە و خەجە، باشە کامەیان خوێندەوارن؟ خۆ ئەوان لەتاو برسیەتی و نەگبەتی و نەهامەتی فریای هیچ ناکەون، خۆ لەم گەڕەکە قوڕاوییەی خۆمان کەسێک شک نابەم حەز لە چیرۆک بکا، کەسیش ناخوێنێتەوە... کوا با بزانم...؟ وەلێ هیچ نەبێ چەند مامۆستا و فەرمانبەرێک هەن کە هەرزانیی کرێی خانوو بەرەو ئێرە ڕاپێچی کردوون... لەگەڵ چەند قوتابییەکی سەرمەست و تەمبەڵ... بەڵام وا بزانم کەسیان حەز بەچیرۆک ناکەن، باوەڕ ناکەم ساڵی کتێبێک بخوێننەوە، هەندێکیان لە منداڵییەوە دەناسم... چایخانە و مەیخانە و.... بەس... ئارەق و تاوڵە و دۆمینە و دووکەڵی جگەرە... گەر ئەم سێ چوار شتە بنبڕ بن... ڕەنگە نیوەیان خۆیان هەڵواسن... شەوانیش ڕادیۆ و دەنگوباسی جیهان... گۆرانی قوڕ... قسەی زۆر و بەتاڵ... دوو ملیۆن خەونی ڕەنگاوڕەنگ و درۆ... پۆلیس و ئاسنگەر و چایەچی و کرێکار و قەساب و قاچاغچی و کۆنە جووتیار و سەپان و شوان و گاوان... سەدەها ڕەش و ڕووتی دەستبەتاڵ... ئەوانە هەموو لەتاو نان فریای چی دەکەون؟ چیرۆکی چی و تەڕەماشی چی؟ ئەی گەنجانی گەڕەک؟ ئەوانیش هیچ... پوزی ئافرەتێک، نیوە جگەرەیەک، پێکێک بەدوو سەد چیرۆک ناگۆڕنەوە، تەنیا کەسێک ترسم لێی بێ (سیامەند)ە... ئەمیش چیرۆکنووسێکی بێ بەهرە و سەقەتە، جگە لەوەش... خوێندەوارێکی کلۆڵە، لاپەڕەیەک بخوێنێتەوە: دوو چیرۆکی بەسەردا قلّب دەکاتەوە، ترسم لێیەتی، لێرە و لەوێ تیر و توانجم تێدەگرێ، بیستوومە لە چایخانەکەی – حەمە ڕەق – جنێوی پێداوم... نازانم بۆ؟ گرنگ نییە، ئەویش دەبێ بەپاڵەوانی چیرۆکێکم، بەڵام دوای هەشت ساڵی تر... یان کە مرد، چونکە ئەمیان چەتوونە و هەمیشە چەقۆیەکی –ئەبو ئەڵقەی– لە باخەڵدایە، تا ئێستاش شاعیرێک و چیرۆکنووسێک و دوو ڕەخنەگری بریندار کردووە، شاعیرەکە لە مردن گەڕایەوە، من خۆم ترسنۆکم، تەنیا لە چیرۆکەکانما ئازام، من لەو دەترسێم، کە دەیبینم مامەحەمەیی بۆ دەکەم، پێی ناوێرم، تووڕە بێ: دەمکوژێ... چیرۆکنووسێکی زۆر تووش و بەربادە، لە من بەهێزتر و کەڵەگەترە، من و ئەو

له پشیله و پڵنگ دەچین، تۆ بڵێی داوی وام بۆ بنێتەوە و چیرۆکەکەم بۆ دەروێش بخوێنێتەوە، تۆ بڵێی ئەوەندە ناپاک و بەدنیها بێ؟ خۆ من زۆرجار لە ژێرەوە چیرۆکەکانی دەستکاری دەکەم، پێی دەڵێم: گەر تۆزێ زیاتر خۆت ماندوو بکەی... عەجایبی... درۆ دەکەم، ئەی چی بکەم؟ تۆ بڵێی ئەوە بکا؟ گریمان دەروێش زانیویەتی من چیرۆکێکم لەسەر نووسیوە، خۆکتومت ئەو نییە، خەیاڵێکی زۆر و فراوان و ڕەنگاوڕەنگی خۆمی تیایە، کەرییەتی من لەوەدایە ناوەکەیم نەگۆڕیوە، دەقاودەق ناوی خۆیم نووسیوەتەوە – دەروێش بایز – ئێ دەبا دەروێش نادر، کەریم، ئۆمەر، سمایل بووایە... یان ئەوەتا سۆفی، فەقێ، حاجی، سەید بایز بووایە، ئەویش و هەموو خەڵکی هەقی خۆیانە گومانم لێبکەن، هەر کەسێک من و ئەو بناسێ... دەزانێ دراوسێی حەڤدە ساڵەین، هەموو نهێنی و ڕازێکی یەکدی دەزانین، ئەوەشیان نەبێ، ئەوەتا پیشەی دەروێش و پاڵەوانەکەشم (ڕاوە ڕیشۆڵە)یە، ئەوەشیان هەر جێی گومانە، بەدبەختی لەوەدایە ناوی ژنەکەشم نەگۆڕیوە، جا تووخوا من باری (هەمین) دەبەم؟ نەک من... کێ لەم گەڕەکەدا، ژن بێ یان پیاو، دەتوانێ بەرامبەر بەهەمین بوەستێ؟ شاخی دەشکێنێ، چەندەها شەڕی دلێرانە و کوشندە و خوێناوی ئەم ئافرەتەم دیوە، کە دەستی دایە خاکەناز... دەماری غیرەت و پیاوەتیت دەپچڕێ، چەندەها جار کەزی و بسکی ژنانی لە بن و بێخەوە دەرهێناوە، ڕۆژ و شەوێک کردوویەتی بەبازنەی دەستی و لێی نەکردۆتەوە، ئای خوای گەورە... چ قوڕێکم بۆ خۆم گرتەوە، نە خۆم کاو نە چیرۆک، ئەی چی بکەم؟ بەڵام مانگێکە لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا پێم دەڵێن:

(سێ جارم خوێندەوە... لێی تێر نەبووم).

(پاڵەوانێکی زۆر کوردانەت خوڵقاندووە... دەستخۆش).

(بۆنی خاک و خۆڵی خۆمانی لێدەهات).

(بەردەوام بە... داهاتوویەکی چاک چاوەڕێتە).

(ئاوا... زیاتر بڕۆ نێو ڕەش و ڕووتەکان... باشتر تێیان دەگەیت).

(پاڵەوانەکەت پرۆلیتارە).

ئەم قسانە سەریان لە قوڕ ڕاکردم، لەوەش ناخۆشتر و ترسناکتر: ناوی کوڕ و کچەکەی دەروێشم نەگۆڕیوە، عەبە و خەجە، ئەوانیش دوو بێچووە پڵنگن و کەسیش نەیتوانیوە نینۆکیان بکا، لێمەوە دیارن، لە پشتی هەمین – ی دایکیانەوە مل هەڵدەکێشن،



تەڕدەست و ئامادەن، دەک ماڵی وێرانم، سەیرە من چیرۆکنووسێکی زۆر بێهەست و .... هەم کەریشم، ئەگینا چۆن ئەم شتە ساکارانەم لەیاد چوون، هیچ نەبووایە... بۆ دەستخەڕۆکردن ئەو چوار ناوە لەعنەتییەم دەگۆڕی و لەو ترسە ئازاد دەبووم، ئەوانی دیکەشم بەفڕوفێڵ پینە دەکرد... ئەوسا دەمتوانی بڵێم:

(هەر تۆ بەتەنیا خەریکی ڕاوە ڕیشۆڵە نیت، دەیانی وەک تۆ نانی ماڵ و منداڵیان لەسەر ڕاوە ڕیشۆڵەیە... ئەوە سەلیم قاقا، ئەوە حەمە تەماتە، ئەوەی ئەحمەدە کەچەڵ... خۆ هەر تۆ نیت).

باشە، ئەوەیان هیچ... بەڵام بۆ بڵاوم کردەوە؟ نەء... ئەی خۆ بەتەنیا بۆ خۆمی ناخوێنمەوە؟ خۆ دەبێ بکەوێتە بەرچاوی خەڵکی، ئەگەر دەمزانی وای لێدێ: پارەم لە خەڵکی قەرز دەکرد و هەموو ژمارەکانی ئەو گۆڤارەم دەکڕی و سەرجەمیانم دەسووتاند، کەواتە دەروێش بۆ تۆڵە هاتووە و بەدەستبەتاڵی ناگەڕێتەوە، سەیرم دەکا و سەیری دەکەم، کەس لە چیرۆک پەشیمانم نەکاتەوە... هەمین – ی ژنی پەشیمانم دەکاتەوە، عەبە و خەجە پەشیمانم دەکەنەوە، بەڵام کەی تێیدەگەن؟ عەبە تا شەشی سەرەتایی خوێندووە و خەجەش دەرچووی خانووە قوڕەکانە، هەموو خوێندەوار و ئەدیبە زیرەک و پاکەکان وتیان:

(دەستخۆش...!).

تەنیا (سیامەند) نەبێ... وتی:

(فەرهاد... چیرۆکەکەتم خوێندەوە، بەڵام جوان نییە دراوسێیەکی خۆتان بکەی بەپاڵەوان و ئا بەم شێوەیەش ئابڕووی ببەی...!).

بە ترسەوە پێم وت:

(کاکە ڕاست دەکەی... بەڵام ئەوەیان چیرۆکە و تۆش وەک نووسەرێکی بەتوانا شارەزای دونیای چیرۆکیت... شتی وا زۆر شیاوە).

کەچی خۆی سوور کردەوە و وتی:

(کەرە... نەشیاوە... لە کوێ شتی وا بووە؟).

(لە ئەدەبی زۆربەی میللەتان).

(بەڵام ئێمە کوردین، خاوەن دابونەریت و ئەخلاقی خۆمانین).

(سیامەند گیان... بەقوربان... چیرۆک چیرۆکە و زیانی بۆ کەس نییە، پاشان خۆ خۆی نایخوێنێتەوە).

بە گاڵتەوە شانی هەڵتەکاند و پێکەنی و ددانە زەردەکانی وەدەرکەوتن، وەک گورگێکی کەڵبە تیژ هاتە بەرچاوم... پاشان وتی:

(ترحێو... سەرا لە عەقڵت، ئیمڕۆش پێی نەزانێ سبەی پێی دەزانێ).

هەر لەو ڕۆژەوە من ترسام، زانیم سیامەند گۆبەندێکم بۆ دەنێتەوە، من ئەو چیرۆکەم خۆش دەویست، بەڵام لەوە پتر لێی دەترسام، ئەمێستاش نەک هەر ترس... بگرە قینم لێیەتی و بۆتە مایەی شەرمەزاریم، هەر لە یەکەم وشەوە، لە یەکەم ڕستەوە بەگومانەوە نووسیم، بەگومان و ترسەوە، ناوونیشانەکە، کۆتاییەکەی، کە ناردیشم بۆ ئەو گۆڤارە لەعنەتییەش... بەرلەوەی فرێی دەمە سندووقی پۆستەکە پەشیمان بوومەوە، دەستم لەرزی، بەڵام هەر ناردم، نازانم چ زوو بڵاو بۆوە، سەرسام بووم، قەت وا زوو شتم بڵاو نەبۆتەوە، دیارە خاکی گۆڕستان نەرمە و زوو لێدەدرێ.

کە بەم شێوە ترسناکە هاتە ژوورەوە: زانیم قەوماوە، گەورە و بچووکی ناو حەوشەکە سڕ و سست بوون، چاوەڕێ بوون، تێکڕا سەیری دەروێشیان دەکرد، هەمین بەخۆ و بەکەوا و تەشک و دامێنی تۆزاوی و کراسی باخەڵ شۆڕەوە خۆی کوتایە ناو حەوشەکە، دڕی بەو خەڵکەدا، عەبە و خەجەش وەک هار و شێت ناو دەرگای حەوشەکەیان لێگرتم، چاوەڕێی ئیشارەتێکی سەرلەشکر بوون، منیش وەک گوناهبارێکی ناو قەفەز سەیری هەر چواریانم دەکرد، هەر زوو سەرم داخست، چاوم لێناتروکێنن، بەڕقەوە سەیرم دەکەن، خەڵکەکەش بەم بەزم و کارەساتەی نەدەزانی، دەروێش دەستی لە کەلەکەی نابوو... دەتووت کوڕە ئازایە و دەبڵ دەبانچەی هەڵگرتووە، هەمین دەستێکی بۆ لچکی کەواکەی برد و لوولی دا و خستییە گیرفانی لاتەنیشتی کەواکەی... من وشک بووم و ناوکم کەوت، سەرەتای هەموو شەڕێکی کوشندە هەمین دەست بۆ لچکی کەواکەی دەبا، خۆی بۆ نەگیرا و پتر هاتە پێش... قریشەکەی گەیشتە ئەوپەڕی گەڕەک:

(زارێ... هۆ... هۆ... هۆ زارە دۆم... ئەوەیە خزمایەتی، ئەگەر دراوسێ نەبووینایە: کوڕەکەت چی پێدەکردین... ها؟ کچێ شەرمە... شوورەییە، تا ئێستا کەس نەیتوانیوە ناومان بزڕێنێ... بەخوا بابە جوانە....).

کەس نقەی نەدەکرد، بگرە زارۆڵەکانیش سام گرتنی، دەروێش قسەکەی پێبڕی و هاواری لێکرد:

– بکشێوە... ئەوە ئیشی ژنان نییە.



– کوو ئیشی ژنان نییە... خۆ ئەو کوڕە بێشەرەفەی توو ئابڕووی منی بردییە... تۆڵەی لێنەکەمەوە... لەو حەوشەیە ناچمە دەرێ...

– هەمین... بکشێوە... پیاو قسان دەکا...

– پیاوی چی؟ جا ئەوانە پیاویان تێدایە؟ ئەگەر پیاو بوونایە باسی شەرەف و نامووسی خەڵکیان نەدەکرد و... بەدونیادا بڵاویان نەدەکردەوە...

سەرم هەڵبڕی و سەیری هەر چواریانم کرد، تۆ بڵێی بێ چەک هاتبنە کۆڕی جەنگەوە، پتر دیقەتم دا... دەروێش هیچی پێ نەبوو... هەروا

هەمین – یش... دڵم ئاوی خواردەوە، هەناسەی حەوانەوەم دا، لە عەبە و خەجەش ورد بوومەوە... عەبە حەیزەرانێکی بەدەستەوە بوو، خەجەش گاشەبەردێک... بەڵام چۆن گاشەبەردێک؟ بەر نێرەکەریش بکەوێ: چیتر نازەڕێ، نە خۆم کاو نە چیرۆک، چەند جارێک بێ ئەوەی، دەروێش، ئاگای لە خۆی بێ، پشتێنە چڵکنەکەی شل کردەوە و بەستییەوە، لەشە باریک و لاوازەکەی لەنێو کەوا و سەڵتەکەدا ئەوەندەی تر باریک دەهاتە بەرچاو، لەچاو دەروێش: هەمین لەندەهۆڕێک بوو، ئەسپەژنی وا لەو گەڕەکەی ئێمەدا کەم بوون، هەندەی کە شۆخ و ڕەند بوو... ئەوەندەش هار و بەشاتەشات بوو، سەیرە... لەنێو ئەو دۆزەخەی تێی کەوتبووم بیرم لەوە دەکردەوە: (تۆ بڵێی دەروێش، شەوانە، بتوانێ ئەم شینەشاهۆیە ڕابێنێ و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی؟) زەحمەتە... زەحمەتیش نییە، ئەم شەهوەتە کافرە خەرتەل دەکا بەچۆلەکە، لەو باوەڕەدام گەر باسکی تێوە بئاڵێنێ و بیگوشێ بەخۆیەوە... دوور نییە پەراسووەکانی تێک بشکێنێ، گەر ئەو کارەساتە نەبووایە... دەکرا وەک نوکتەیەک بەچرپەوە بەدەروێشم بگوتبایە... ئەوسا بەیەکەوە دەکەوتینە تریقە و پێکەنین، دوای خامۆشییەکی کەم و بێزەوەر دوو هەنگاوی تر هاتە پێش و ئارەقەی نێوچەوانی سڕییەوە و وتی:

– سۆفی برایم: دەزانی کوڕەکەت چی پێکردووین؟

باوکیشم، پیر و کەنەفت... سەرسام و دڵخۆشی شایی کوڕەکەی... بێ ئەوەی بزانێ دەروێش بۆ ئاگری گرتووە پێکەنی و وتی:

(یاخوا بەخێر بێت... دە توو دانیشە و با بزانین چ بووە؟

– لە کوڕەکەت بپرسە...

– لێی دەپرسم... بەس دەزانی سەلامی خوات نەکرد...؟

– نایەوێ...

– مەیترشێنە... هەمووی دوو سەعاتە (فەرهاد) لە –شەهرول حەسەل– هاتیتەوە...

– بەخێر نەیەتەوە... ئەنگۆش چاوتان لە ئاغا و بەگزادان کرد... هەی کلاش خوارینە...

– دەروێش بایز... هەر کەسە و بەگزادەی ماری خۆیەتی...!

– تەڕ بەگزادە نییە...

– ئەوە چ خێرتە دەروێش...؟ هەر ئەمڕۆمان شادی بووە... کەچی جەنابت حەزی لە شەڕە... هیچ نەبێ با ڕێزی میوانەکان بگرین...

– پێلاوی میوانەکان سەر هەردوو چاو... بەس با ئەوان بەشایەت بن... ئەگەر بەو ئیشەی فەرهادی کوڕت ڕازی بوون... ئەوە ئەمن کلکم دەخەمەوە ناوگەڵم و وەردەکەوم... بەسی جزمەی قورعان قەستەم نقەی ناکەم...

– ئاخر چ بووە...؟ با بزانین... پاشانیش هەنووکە وەختی گلەییە دەروێش؟

– ئەدی وەختی چییە؟ وەختی ئەوەیە کوڕەکەت لەسەر پارچە کاغەز و کتێبان ناو و ناتۆرە لە دراوسێی خۆی بنێ... وەختی ئەوەیە شەرەف و ئابڕووی من و ماڵ و منداڵم بکا بەبنیشتە خۆشەی سەر زاری هەرچی و پەرچییان...

– دەروێش... ئەتوو پیاوی تەریقەتی... سەڵەواتەکی لێدە...

– دوو هەزار سەرەوات لە دیداری فەخری عالەم...).

گوێم لە ژاوەژاوی خزم و ناسیاو و میوانەکان بوو... دەتووت کتوپڕ شارە زەردەواڵەت ورووژاندووە، تێکڕای خزم و دراوسێ کەوتبوونە مقۆمقۆ:

(بەڕاست چ بووە؟

– دەبێ فەرهاد چی کردبێ؟

– شتی ناشیرینی لێناوەشێتەوە...

–خۆیشی سڕ بووە...).

باوکم دەستێکی بۆ جامانەکەی برد، کە سەغڵەت دەبێ... هەمیشە دەست بۆ جامانەکەی دەبا... پاشان بەنەرمە تووڕەیی پیرمێردێکەوە وتی:

(ئێستا چ بووە؟ تێمان بگەیەنە...

– کوڕە نازدارەکەت دەزانێ... ناوی موسڵمانان دەزڕێنێ و ئەوجا دەچێتە



– شەهرول تەڕەماش – کوڕە عاقڵەکەت... ئاخر هەر هیچ نەبێ سەد جار نان و نمەکی یەکدیمان کردییە... باوەڕتان هەبێ خەڵکینە: لە تەنیشت خەجێی کچم بنووستبایە درم لێی پیس نەدەکرد).

باوکم بەسەرسامییەوە ڕووی تێکردم:

(کوڕم فەرهاد ئەتوو لۆ قسەکی ناکەی؟ دەروێش باسی چ دەکا...؟ تێی ناگەم...).

دەروێش هەڵێدایە و نەڕاندی:

(هەقتە تێم نەگەی بلە کوڕ... بەڵانەکینێ فەرهاد، تاقانەکەی باوکی، چاک دەزانێ لۆ هار بوویمە...).

ئا لەم ساتەوەختەدا سەرم هەڵبڕی، بووکی قوڕبەسەر گەزێک دەمی داپچڕیبوو، دەتووت پۆرترێتە و بەدەستی هونەرمەندێکی سەرخۆش کراوە، ئەبڵەق و سەرسام، هەردوو چاوی بڕیبووە من، زەق و پڕ ترس، بێدەنگ دەیپرسی، هەر ئەو نا، هەموو خەڵکی... حەشاماتی ناو حەوشەکە تێکڕا ئەبڵەق ببوون، بەچاوێکی پڕ لە گومان و پرسیارەوە سەیریان دەکرد... وەک ئەوەی تاوانێکی گەورەم کردبێ، هەندێ بەزەییان لە ڕوو دەباری، هەندێکی دیکەیان ترس و... شەرم و شکان... ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ، حەزیان دەکرد... بەتاسووقەوە بوون بزانن چ تاوانێکم کردووە، مەلی خەیاڵیان ڕووە و ئاسمانێکی پڕ لە تەم و دووکەڵ هەڵدەفڕی، گومان دڵی هەموویانی کرمێ کردبوو، دەیانویست بگەنە ئاکامێک و ئارام بن، بووک هەر دەمی داپچڕی بوو... تۆ بڵێی لە ترسانا ئەو چیرۆکەی بیرچووبێتەوە کە لە ژێر ئەسپیندارەکانی –شەقڵاوە– بۆم گێڕایەوە... خۆ خۆشم شەرم و ترس پەکیان خستبووم... لە بێدەستەڵێتیی خۆم ڕووم کردە باوکم:

(بابە... هیچی لێنازانم... گەر خۆی قسە نەکا ئەمن چوزانم... باوەڕت هەبێ هیچ لە خۆمدا شک نابەم...).

دەروێش بەتووڕەییەوە نەڕاندی، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، دەتووت دوو چاوی هەڵۆیەکی برسین... هەڵۆیەک ڕەدووی چۆلەکەیەک کەوتبێ... منی چۆلەکە، کە سەیری هەردوو کونە لووتیم کرد... ئەسپێکی سەرشێت و ماندووم هاتە بەرچاو، پتر هاتە پێشەوە... هەروەک بڵێی هێرشێکی شێتانەم بۆ بێنێ:

(کوڕی بابم... ئەتکمان پێدەکەیت و خۆت ناکەی بەخاوەنیشی... ها...؟).

هەمین بەدەست ڕاوەشاندن و هات و هاوارەوە زریکاندی:

(بەخوا جوانە... کوڕی زارە دۆم باسی من بکا و بەدونیادا پەخشی کاتەوە...).

ئەو زریکەیە دەر و دراوسێی دیکەی لێکۆکردینەوە، هەموویان لە چاوتروکانێکدا ڕژانە بەردەرگای حەوشە، پاڵیان بە- عەبە و خەجە - وە نا... حەوشەکە و ئەو حەشاماتە: برکی دەکرد، گەرما و هەناسەسواری، هاڵاو و بۆنی خۆش و ناخۆش، قاو و قریشک، نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمانی سەر ڕووی خزم و دۆستان، زاق و زریقی زارۆڵەکان، زار داپچڕینی بووک، بگرە و بەردەی ژن و پیاوان، جڕت و چەقەنە و هەللا و هوریای مێردمنداڵە چەتوونەکان، زەرد و سوور و ئالێ و والێ، ترس و شەرم و سەرسامی خۆم... ئەمانە هەمووی لە پەلوپۆیان خستم، لاڵ بووم... بێ گومان بووم کە هەر ئێستا لە هەموو لایەکەوە خەڵکی گەڕەک، لە ئێوارەیەکی وادا کە هەمووی بێ ئیش و کارە، باوێشک دەدا و مێش لە خۆی پاس دەکا، گەمە بەگونی دەکا و تەزبیح بادەدا... هەر ئێستا مەزن و منداڵ، ژن و پیاو بەدەم بای غارەوە ڕووە و ماڵی ئێمە دێن... ژنان پێیان لە تەشک و دامێنی کەوا و کراسەکانیان گیر دەبێ، منالێن خۆیان لە چلێپاوی ناوەڕاستی کۆڵانەکان ناپارێزن... ڕۆژی چەندەها شەڕ و فەرتەنە... شانۆگەری لەو بابەتەم دیبوو، هەردوو بابەت: هەم تراژیدی و هەم کۆمیدی، لەو ساتەدا، لەو ساتە پڕ شەرم و گومان و ترس و چاوەڕوانییەدا گەلێ شەڕی کوشندەی ئەو گەڕەکەی خۆمانم بیر کەوتەوە: سەری شکاو، دەموچاوی خوێناوی، پیاوی دەست بەخاکەناز و مەترەق، چەقۆ و خەنجەر، تێلێ، بێڵ و چەکوش، بگرە دەبانچەش... پیاوی سەرکۆت و جامانەبەسەر، جامانەلەمل، پێ خواس، دەست و قۆڵی شکاو، تیغی سەرپشت، برینی قەبە و دەم کراوە، مەرگ و خەستەخانە و بەندیخانە، ژن تەلێقدان، شەڕە جوێن و شەڕە تف و شەڕە قۆندەرە، ژنانی تەڕدەست و چەقاوەسوو... منداڵێک دەستی گرتووە، یەکێکی تریان سکی پێ خستوتە بەردەم، سێیەمیان بەباوەشییەوە، دەست لە کەزی و تیتک نان، شاتەشات، زریکە و ناڵەناڵ، قورپێوان، بابەڕۆ، بەردبارانی منالێن، پەنجەرە و دەرگا شکاندن، براڕۆ... دوا تەکنیکی جوێن دارِشتن:

(هەی منارەی چۆلیت تێ...

– قەڵاتەکە بەقوزی دایکت...

– نا وەللا هەزار فەردە کیر بەدایک و داپیرت...

– بێم لاق بخەمە ناو گەڵت لێکت هەڵدەزڕێنم...



– هەی کیری ئۆمەتی موحەمەدی بەدایک و خوشکت...

– بڕۆ کچێ بڕۆ... هەی بێ دەرپێ...

– قادر کردی... کوو نەمردی...

– ڕێم کەن... ڕێم کەن تا یەک فەردە خوێ بخەمە دەرپێیەکەی...

– هەر لە دوڕ دەوی جسناتت ڕیم...).

زۆرجاریش دوای ئەو شەڕە کوشندانەی دراوسێیەکان زەرەرێکی زۆر لە هەردوو بەرەی دوژمن دەکەوت، لە کوشتار و بریندار، هەندێ جاریش بەدوژمنداری درێژخایەن و تۆڵەسەندنەوەش نەدەبڕایەوە... بەندیخانە، خەستەخانە... بگرە شێتخانەشی تێدەکەوت، زۆرجاریش بەردێک، دارێک، چەقۆیەک، خاکەنازێک بەر کەللەی زەلامێک دەکەوت و مێشکی لەق و لۆق دەکرد، تا دەهات ژمارەی شێتەکانی گەڕەک پتر دەبوون... شێتەکانی شار... کە دواجار گەڕەک لێیان بێزار دەبوون لە شێتخانەیەکی پایتەختدا خۆیان دەدۆزییەوە، خزم و خۆیش... بگرە ئەوسا نەک هەر خزم و دۆست... دوژمنەکانیشی دەچوونە دیدەنی و بۆیان دەگریان، سەیرێکی دەروێش بایزم کرد... وا هاتە بەر دیدەی خەیاڵم کە من بریندار بووم، خەڵتانی خوێنم، چواردەستە بەرزم دەکەنەوە، سەرم شکاوە و دەموچاویشم یەک پارچە خوێنە، دایکم... دایکە پیر و کەڕ و لاڵ و کلۆڵەکەم کەوتۆتە بەرپێی هەمین، ئەویش دەیشێلێ... هەروەک فیلێک پێ لە مشکێک بنێ، هەردوو کەزییە سپییەکەی بوونەتە دوو بازنەی ناشیرینی مەچەکی هەمین، خزمەکانیشم فریای پێڵاو و عەبا و جامانە ناکەون، فریای تاکسی و ئۆتمبێلی خۆیان، فریای منداڵ لە باوەش کردن، چوار چوار لە دەرگای حەوشەکەوە بەتەنگەتاوی دەردەپەڕن... فڕکان فڕکان... لە ساتەوەختێکدا سەدان دیمەنی ترسناک و ناشیرین هاتنە بەردیدەی خەیاڵم، دەرحاڵ هەروەک بڵێی لە خەونێکی تۆقێنەر ڕاپەڕم بووک وەئاگای هێنامەوە... بەدەنگێکی کز و پڕ ترسەوە لێی پرسیم:

(فەرهاد... ئەوە چیتە... لۆ قسەکی ناکەی...؟

– نازانم شیرین... نازانم مەسەلە چییە؟).

لە هەمان کاتیشدا دەمزانی ئەم وەڵامە درۆیە، وەلێ لەوە دڵنیا بووم کە بووک چیرۆکەکەی ژێر ئەسپیندارەکانی شەقلاوەی بیر چۆتەوە، خۆم دەمزانی، زۆر چاک، دەروێش بۆ وا شێت بووە، هەمین بۆ وەک مریشکە کورک، خۆی گیڤ دەکاتەوە، دەمزانی

عـەبە و خـەجـەش بۆچی ناو دەرگـایان لێگرتووم، بەڵام بۆ نەدەكـرا ئەو چیـرۆكـە ناخـۆش و ترسناكـە بگێـڕمـەوە... ئەو خـزمـانـە بۆ سـەر شـایی هاتبـوون... نەک شین و شـەپۆڕ، گەنجەكانیش، بەكوڕ و كچەوە لە سەر و شان بادان كەوتن، خزمان شڵەژان... پیاڵەی چاو پەرداخی شەربەت قلێپ دەبوونەوە، زمانم گوێی نەدەكرد... چی بگێڕمەوە؟ بڵێم چی؟ چۆن دەست پێـبكەم؟ چۆن بەرگـری لە خـۆم بكەم و ئەو تاوانە ڕەشـە بسـڕمـەوە؟ خـۆم دەزانم گوناهەكەم گوناهێكی سپییە... وەلـێ چۆن دەروێش، ژنەكەی، منداڵەكـانی تێبگەیەنم... ئەو خـزمـانـە، دایک و باوک، دەر و دراوسـێ... چۆن تێـیـان بگەیەنم كـە من چیـرۆكم نووسـیـوە، ئێ باشە... بەڵام هەندێكیـان نـازانن چیرۆک چیـیـە و چۆن و بۆچی دەنووسرێ، هەندێكیـان وا دەزانن حـەكـایەتی بەرئاگردانە، هەندێكی دیكەشیـان بەكـەر و بێ عـەقـڵم دەزانێ، زۆربەشیان هەر نازانن من خەریكی شتێكم ناوی چیرۆكە، بگرە كوڕانی گەنج و كچە جحێڵەكانیش هەر نایزانن... نەک هەر ئەوان... بگرە ئەندازیار و پزیشـک و فەرمانبەر و مـامۆسـتـاكـانیش... ئەوانەی كە خزمی خۆمن نازانن، جا كـامـەیان دەخوێنێتەوە تا بزانێ من چیرۆک دەنووسم...؟ چیرۆكیش ژیانی پڕ لە نەهامەتی و شادی و قین و خۆشەویستی و برسیـەتی ئەوانە، هی ئەوانە و مـن دەیدزم، دەیدزم و دەیخـەمـە سەر پارچە كـاغـەزەكـان تا خەڵكی ئاگای لە حاڵم بێ، ئاگایان لە ژین و گـوزەرانی خـەڵكانی گەڕەكەكەی ئێـمە بێ، گەڕەكە بۆر و پیس و پڕ ئاژاوەكەمان، گەڕەكی برسی و تینوو، پڕ برین و خوێن و جوێن، پڕ لە مزگەوت و چایخانە، مارەبڕین و ژن تەلێقدان، شەرم و شكان... چۆن تێیان بگەیەنم كە مـن... ئا مـن ژیانـی نالەباری دەروێش – م دزیوە... دزینێـک كـە پڕە لە جـوان مـەردی... دزینێكی پاک و بێگەرد، دزینێک كە خزمەتی گەل، مێژوو، ئەوان دەكا، خزمەتی خۆی، گـەڕەک، دەشێ خـەڵكی بۆی بگرین، بۆ بەداخـەوە بن... بیـری لێبكەنەوە، پتـری لەسـەر بنووسن... بەدوای هۆكارەكاندا بگەڕێن، تێم ناگەن... هەتا گەر پێیان بڵێم... من دەروێش بایزم خـۆشـدەوێ، هەمین، عـەبە، خـەجـە، هەمـوو خـەڵكی گـەڕەک... بەگـەواد و حـیـز و سۆزانییەوە... هەموویان گلێنەمن، پێیان بڵێم: من بەبرسیەتی ئەم خێزانە و خێزانەكانی تر برسیم، شەوانە تا بەیانی لەنێو كۆڵانە تاریكەكانی خەونما دێن و دەچن، من كە هیـچم بۆ ناكرێ، لەم ئان و ساتەی ئێـسـتامدا كە هیـچم پێناكرێ... دەمەوێ بەچیرۆكێک خوێنیـان، ڕەنگیان، دەنگیان، دڵیان، فرمێسكیان، حەز و حەژمەت و حەسرەتیان، ناوماڵ و حەوشە و بن ساپیتەی ڕەش داگەڕاویان، شەڕ و جنێویان، ئارەقی قـەهر و دووكەڵی خەمیان، كوفر و خواپەرستنیـان، ڕق و میـهریان، سۆز و بەزەییان، هەناسە و هەنسكی قووڵیـان... تف و



لیک و شەهوەتیان پیشانی ئەو خەڵكە بدەم، لەسەر پارچە كاغەزێک... چەندەها پارچە كاغـەز... ئەو كاغەزانەی جاروبار ژمارەی پارە و پوولی قۆنتەراتچییەک دەگرنە خۆیان، یا نامـەی دڵداری هەرزەكـارێک، یان دەرز و دەوری قـوتابییـەكی بێـئاگـا، بەڵام من... هەر لەسەر ئەو لاپەڕانەی كە ڕەنگە بەسەدەها بابەتی قۆڕ پڕ بكرێنەوە... من دێم و ژیانی پڕ لە ئەشكەنجە و ناسـۆری دەروێش بایزی لەسـەر دەنووسـمـەوە، گـریان و پێكەنین، خـەون و خـەیاڵ، هیـوا و نائومـێدی، تاسە و ئارەزوو... چۆن تێی بگەیەنم و... پێی بڵـێم... تۆ لام گـەورەیت و خـۆشم دەوێی... هەر خـۆشـەویسـتی وای لێكردووم لەسـەرت بنووسم، بۆت بنووسم، تۆ ئەوەندە كارت تێكردووم... بگرە لەو هەفتەیەی كە لەگەڵ خۆشەویستەكەمدا دەتوامـەوە، لە گـۆمی چاوە زەردەكـانیدا باسكە مەلەم دەكرد، دەنێـو تاریكی قـژە ڕەش و قـەرەجییەكەی خۆم دەشاردەوە، بەتەنیا ماچێكی دەتوامەوە... ئا لەو ساتەشدا... دەروێش بایز... شەوانی پڕ لەزەتی زاوایەتی... تۆ و هەمین و ڕەش و ڕووتی گەڕەک، عـەلە و جەلە، لە من نەگەڕاون، لە گلێنەما ژیاون، لە مێشكما، هیچ خۆشییەک ئێوەم لەبیر ناباتەوە، چی بەهەمین – ی هێلكەفرۆش بڵێم... چی بەعەبەی سەرشێت بڵێم، چی بەخەجە بڵێم... خەجەیەک كە لە منداڵییەوە كارەكەری ماڵە ئاغا و بەگ و پیاوە دەوڵەمەندەكانی شار بووە، چی بەكـۆنە سـەپانێكی كـرمـانج بڵێم كە جگە لە خوا و شـەیتـان و هەمین و تۆڕ و ڕیشـۆڵە و برسیـەتی و شەهوەتی شەوانی هەینی كـەسی دیكە... هیـچی تر ناناسێ، ئەو پیاوەی بۆ پارووە نانێک سواری كۆڵی شێر دەبێ، بۆی دەچێتە ئاسمان، بنی دەریا... نێو دۆزەخ... چۆن بەرگـری لە خـۆم بكەم، تۆ بڵـێی بەوە قـایل بێ... گەر پێی بڵێم تۆ ئەوەندە گـەورە بوویت... بوویت بەهەوێنی چیـرۆكـێكم... گـەرچی چیـرۆكـەكـانیـشم لە ژمـارەی پەنجـەكـانم پتـر نین، دەروێش بایز... بۆ تۆ شـانازی و شكۆمـەندییـە من باست بكەم... چیـرۆكت لەسەر بنووسم، بۆ من چیم؟ هەرچی بم... هیچ نەبێ مرۆڤم، خۆ توانیـومـە چوار دڵۆپە فرمێسكی پڕ لە قەهر و ژانی دەروێش بخۆمەوە... بنووسمەوە... ئەرێ هۆ عیسا... دەڵێن تۆ بۆ ڕزگاری و سەرفرازی مرۆڤ لە سێدارە دراویت، خوێنی خۆت لە میللەتەكەت حەلێڵ كردووە، بەخوێنی خۆت بەخشندەییت پێبەخشیـون، ئەی هەمـوو ئەوانەی مرۆڤی سەر ئەم زەمینەتان خۆش ویستووە... كامەتان نەتلاونەتەوە... كامەتان بەردباران نەكراون؟ هۆ عـیـسا، مـووسا، برایم، داود، نوح، یوسف... سـوقـرات... هۆ... هۆ... هۆ... هەمـووتان... فـریام كـەون... ئەوەتا لەپای خـۆشـەویسـتی خـۆم... لە مـایەی سـووتانم بۆ دەروێش تفم لێـدەكـرێ، جوێنم پێـدەدرێ، ئەوەتا چوار كـەس دەرگـای حـەوشـەیان لێگرتووم، ئاهەنگی

یەکەم هەفتەی زاوایەتیم لێدەشێوێن... تێکیدەدەن، قەستیانە بمکوژن، خوێنم بخۆنەوە، ناتوانم تێیان بگەیەنم... پێیان بسەلمێنم کە من......... هیچ... ئای کە ساویلکە و بەستەزمانن... گوناهی خۆیان نییە... دوژمنی خۆیان خۆش دەوێ و لە دۆست تەرەن، دەستی چەوسێنەر ماچ دەکەن و تف لەو کەسە دەکەن لە قوڕ و چلێپاو دەریاندێنێ و دەیانخاتە سەر کاغەزە سپییەکان، ئارەقەیان دەسڕێتەوە، خوێنی تەوێڵیان دەلێسێتەوە، برینیان تیمار دەکا، باسک و لاقی شکاویان بۆ دەگرێتەوە، سەما بۆ دوژمن دەکەن و تیر دەگرنە خۆشەویستان... پێغەمبەران... ئێوە فریام کەون... ئەی ئەو مەزنانەی بۆ سەرمای زستانی هەژاران بوونەتە پشکۆ و ئاگر، بۆ سکی مناڵە نەخۆش و ڕووت و برسییەکانیان بوونەتە پاروو، بوونەتە سەربان، ئاسمان، بوونەتە دۆشەگ و سەرین و لێفە و ئاگردان، بۆ زەوییەکانیان بوونەتە باران، فریام کەون ئەی ئەوانەی خۆتان مراند تا ئەوان بژین... هۆ دۆستۆیڤسکی، تۆلستۆی، چیخۆڤ، بەلزاک، هێمنگوای، دیکنز، ئیتماتۆڤ، گۆرکی، لۆرانس... هۆ جاک لەندەن... هۆ مونیف، کەنەفانی... مەحفووز، فلان... فیسار، عەلە... جەلە... ئێوە کە چیرۆکتان نووسی... پێم بڵێن... هیچ پاڵەوانێک ئاوا ناوەدرگای لێگرتن، تەمی ترس و مەرگی بۆ هێنان، قەستی کوشتنی کردن، ئێوە زاناترن، داناترن... پێم بڵێن چۆن تێیان بگەیەنم... بەچ زمانێک...... قەت دیوتانە پاڵەوانێک لێتان ڕاست بێتەوە؟ بیەوێ لەسەر چیرۆکێک حەشرتان پێ بکا، بریندارتان کا، بتانکوژێ... ها؟ گەر ئێوە واتان بەسەر نەهاتووە... بۆ دەبێ من بەسەرم بێ؟ منێکی نەگبەت کە لە هەموو ژیانما لەسەر کاغەز ژیاوم... بەوە چاکە هەموو پاڵەوانەکان لێم وەئاگا نەهاتوون... مەلا کوێرەکە، قەیرە کچەکە، باوکم... ئا... زۆرجار باوکم دەبێ بەپاڵەوانی چیرۆکێک و ڕسوای دەکەم... تۆڵەی خۆم و دایکمی لێدەکەمەوە... تۆڵەی شەق و تفی مناڵی... ئەو دەمەی لە چڵەگیایەک ناسکتر بووم... ئەی کوڕە ئیفلیجەکەی چەلەبی، بێوەژنەکەی دراوسێمان، کابرای گەواد، ژنە سۆزانییەکە، خۆم، ئا... خۆم... چۆن خۆم لە خۆم وەئاگا نایەم؟ ئەگەر خۆم و ئەوانە هەموو کۆ ببنەوە... بەیەکەوە، شێتانە، پەلامارم دەن... گەر بکەومە ژێر شەق و تف و مەترەق و چەقۆ و خاکەناز و پێڵاو و نینۆکیان... ئەوسا چی فریام دەکەوێ؟ کێ ڕزگارم دەکا؟ خۆ زۆر شەویش دێنە خەونم، ئازارم دەدەن، هەڵمدەواسن... وەلێ کە لە خەو ڕادەچەنم... ئۆخەی دەکەم و ئارەقەی ترس دەسڕمەوە... خوا بتگرێ سیامەند... چۆن توانیت ئەم کابرایەم لێ هار بکەی؟

لەگەڵ نەڕەی باوکم وەئاگا هاتم...



(ئەوە کەڕیت... ئاگات لەو هات و هاوارە نییە؟ قسە بکە...).

لەوە دەچوو من نوقمی خەیاڵی خۆم بووبم، دیسانەوە ئاوڕێکم لە بووک دایەوە، کلی خەم و ترسێک چاوەکانی ڕشتبوو، قەت چاوەڕێی نەدەکرد لە هەفتەی یەکەمی بووکێنیدا وای بەسەر بێ، تا ئەو ساتەش کەس نەیدەزانی دەروێش بۆچی کەف دەچەڕێنێ و تووڕەییەکەی ئاگر دەکاتەوە، تەنیا خۆم نهێنی ئەو کارەساتەم دەزانی، تەنیا من و دەروێش، هەمین و عەبە و خەجەش، حەزم دەکرد هەموویان بڕۆن و ئەو ناوە چۆڵ بکەن، تەنیا خۆم و مام بایز لەو دادگا ڕەشە بمێنینەوە، من و ئەو و... بەس، خۆزگەم دەخواست یەکێک دەستی بووک بگرێ و دووری خاتەوە... تا ئەو مەرگەساتە نەبینێ، پتریش لەوە دەترسام لە بەرچاوی بووک بمشکێنن، چی لەوە ناخۆشترە لە هەفتەی یەکەمی زاوایەتیدا... لەنێو گەرمەی ئەو ئاهەنگەدا و لە بەرچاوی بووک زاوا بشکێنیت، ئابڕووی ببەیت، زاماری بکەیت، تەنیا جوێنێک، پلارێک، قسەیەکی ڕەق... بەسە وام لێبکا خۆزگە بخوازم بمرم... ببمە دڵۆپە ئاوێک و زەوی هەڵممژێ، خۆ هێشتا هیچ نەقەومابوو... کەچی خەریک بوو دڵم شەق بەرێ، هەر ئەوەتا نەدەمردم، هەناسەم تەنگ و سوار، بینابیم لێڵ، قوڕگم وشک، دڵێکی پڕ خەم و ترس، پەرێشان و داماو... دەلەرزیم... زوو زووش ئاوڕم لەو حەشاماتە دەدایەوە، لەگەڵ یەکدی کەوتبوونە مقۆمقۆ، بڵمەبڵم، سکاڵا و گلەیی، دەست بەیەکادادان، ئارەقەسڕینەوە، مۆڕبوونەوە... لە کەسیان تێنەدەگەیشتم، هەقیانە، هیچیان لێنەدەزانی... لە چی بدوێن؟ هەر ئەوەندەیان زانیوە من ئابڕووی دەروێشم بردووە... بەڵام چۆن؟ ئەم پرسیارە دەیەها وەڵامی گەرەکە... دەیەها بۆچوون و لێکدانەوە، کەسیان باوەڕ ناکەن من شتی قۆڕم لێ بوەشێتەوە، کەواتە دەبێ چ گوناهێکم کردبێ؟

لەپڕ هەمین هاواری کرد و من ڕاچەنیم... دەرحاڵ هەموو لەشم کەوتە سەر ئاو و ئارەقە... تەقییەوە:

(شاخی دەشکێنم... بەخەراپە ناوم دەبا؟).

ویستم هەمین ئارام بێتەوە... لەسەرخۆ وتم:

(پلکە هەمین... ئەتوو وەکی دایکمی... حەددم چییە بەخەراپە ناوت بێنم... لە کن کێ......؟).

هەمین قسەکەی پێبڕیم و شیڕاندی:

(خۆت دەزانی جەناب، ئەفەندی... کوڕە بەئەدەب و ڕەوشتەکەی گەڕەکێ...).

(هیچ لە خۆم شک نابەم... خۆت پێم بڵێ... با ئەو خەڵکەش پێبزانێ...).

– جوانە... بەخوا بابە جوانە... ئەوانیش بزانن کوو شەرەف و نامووسی منت بردییە... ها...؟.

لەپڕ دەروێش هەڵیدایە و نەڕاندی:

(ئەدی بابم... ئەدی کوو... شایی ئابڕووبردنی مەیە... شەرمیش ناکا... ئەوە ئەتوو داناڕزێی... تەرەس؟).

تا ئەو ساتە بیرم لەوە نەکردبۆوە ئاخۆ دایکە کەڕ و لاڵەکەم ئەم هەرایە چۆن دەبینێ... بەچی تێدەگا، دەبووایە ئاوڕێکیش لەو بدەمەوە... دیم سەرسام و ئەبلەق بووە، دەمی داپچڕیوە، بەدەست و پەنجەکانی دەدوێ، دەیویست لەو بەزمە بەشدار بێ، چاوە کز و پڕ ترس و غەمگینەکانی بەس بوون بۆ ئەوەی من بخەنە دڵەڕاوکێ و بێ ئۆقرەیی... چۆن تێی بگەیەنم... بەچ زمانێک؟ گەر هەمووشیان حاڵی بن، ئەوە دوا کەس کە لەم قیامەتە تێ نەگا... دایکە کلۆڵەکەمە، ئەو ئافرەتە لاڵە هەرگیز بەوە نازانێ کوڕە نەگبەت و سەربەگۆبەندەکەی بەنووسینی چیرۆکێک ئەو ئاژاوەیەی ناوەتەوە، مانگی هەنگوینی لە خۆی و بووک کرد بەمانگی پیاز، دڵم قوڵپی دەدا، گرێک لە هەناوم بەربوو... چاوەکانم پڕ ببوون لە ئەسرین، حەزم دەکرد بیدەمە پڕمەی گریان، وەک پیرەژنە جگەرسووتاوەکان خۆڵی دونیا بەسەری خۆمدا بکەم، پاشگەز بوومەوە، شەرم نەیهێشت بگریم... گەر بگریم ئەو خەڵکە چیم پێدەڵێن؟ چۆنم باس دەکەن؟ ئەو بووکە ساوایە چۆن سەیرم دەکا؟ لەو ساتەدا هەستم کرد هونەر لە بەردەم نەزانینی ئەو خەڵکەدا، لە بەردەم بێئاگایی و بێهۆشیدا چەندە ڕەزیل و هیچە، لە بەردەم ئەو خەڵکە خوێندەوار و نەخوێندەوارەی ڕاکەڕاکەی نێو بازاڕ پەکی خستوون، هەر ئەو دەمە سکم بەشیعر و چیرۆک و شانۆ و تابلۆ و مۆسیقا و هەموو شاکارە بێنازەکان سووتا... ئەوانەی بەخوێن و فرمێسک دەنووسرێن، خەڵکیش... خەڵکێکی زۆر پاقلەی لەسەر دەخۆن، میزی بەسەردا دەکەن، تۆزی غەریبی چەندەها ساڵیان لەسەر دەنیشێ، ئەو پارچە کاغەزانەی ژان و ئازاری مرۆڤن، بۆنی خوێنیان لێدێ، دەبن بەخۆڵەمێش و سووتووی ئاگر، دەکەونە بەر هێرشی ڕەشەبا و بەدیوارەکانەوە دەنووسێن، وشە نازدارەکان لەگەڵ ئاوەڕۆی چڵکاوی نێو زێرابەکان دەتوێنەوە، دەسڕێنەوە، چەندەها جاریش دیومە... منداڵی ڕیخن و سکچووی پێ پاک دەکەنەوە، بۆ ئەو کتێبانە دەگریام لەسەر شۆستەکان تۆز و خۆڵی پێی ڕێبوارانیان لەسەر دەنیشێ، یان ئەو کتێبە زەردانەی لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکان کەوتوون... هەر دەڵێی



مریشکی نەخۆش و دانکەگرتووی سەر کەپری خۆشناوانن و... هەڵنیشتوون.

ئای مرۆڤ ئازارت چەندە گرانە...!

دیسانەوە دەنگی عەبە هوشیاری کردمەوە:

(سەری نەکەمە دوو لەت لەم حەوشەیە ناچمە دەرێ).

خەجە – ش بۆی سەندەوە:

(لەدوڕ دەوی خۆی و بابی دەڕیم).

خەڵکەکە سڕ و سەرسام سەیری عەبە و خەجەیان کرد، کەمێ غیرەتم پەیدا کرد، نەمتوانی چیتر چاوەڕێ بم... لەوە زیاتر جنێوماڵ بکرێم... ڕووم کردە دەروێش و لێم پرسی:

(دەروێش... هەنووکە تێم بگەیەنە... چی بووە؟ با لەیەکدی حاڵی بین...).

ئارەقەی نێوچەوانی سڕییەوە و هەڵیدایە:

(جەنابت... حەکایەتت نووسیوە یان نا؟

– با... نووسیومە...

– باسی من و هەمین – ت نەکردییە؟

– نە ء... وانییە... لێم گەڕێ با تێت بگەیەنم...

– حاشای لێمەکە و نامەوێ لە هیچیش بگەم...

– خاڵە دەروێش... بەقوربانی چاوت بم... حەکایەت شتێکی خەیاڵییە...

– کوڕم... ئەوە ئەتوو کێ هەڵدەخەڵەتێنیت؟

خەیاڵی چی و تەڕەماشی چی؟ کوڕی خۆم چما ئەتوو هیچت تێدا هێشتیتەوە... هیچ ماوە باسی نەکەی... ڕەدووکەوتن... سەپانی، باپیر ئاغا، ڕاوە ڕەشۆڵە... بابەکەم... ئەتوو ئەمسەر و ئەوسەری دونیات تێگەیاندووین، نامووس و شەرەفی ئێمەت خستۆتە سەر پارچە کاغەزان و بەدونیادا بڵاوت کردیتەوە... خوا هەڵیدەگرێ... کوڕە... پێغەمبەر قبوڵی دەکا...؟).

هەمین دوو هەنگاوی تر هاتە پێشەوە و زریکاندی... وا بزانم لەگەڵ ئەو زریکەیە پیاڵە و پەرداخ و تەپڵەک و قاپەچەرەزی سەر مێزەکان لەرزین... بگرە بانە تەپیوەکەشمان... بەدەم زریکەوە وتی:

(باشە کوڕی فیترێ ئەمن کەنگی بەدووکەوتیمە؟ هەر لەسەر دوو قسەی وایە خەڵکی دەبنە دوژمنی یەکدی...).

رووی کردە میوانەکان و هەموویانی کرد بەشایەت:

(خەڵکینە... وایە یان نا؟ کامەتان شتی وا بێ ڕێ و جێ قبوڵ دەکا؟).

منیش پێ بەپێی ئەو ڕووم کردە خزم و ناسیاوەکانی خۆم... بۆ بەرگری وتم:

(خزمینە... لە ڕاهی خوا... ئەمەیان خەیاڵی خۆمە... شتێکی ڕاست نییە و ئەمن بۆ خۆم ڕەدووکەوتنەکەم لێ زیاد کردووە).

عەبەی تووڕە و تڕۆ لە شوێنی خۆیەوە هەڵیدایە:

(جا قەحپەباب... ناوی خەڵکی پێڵاوە لە پێی بکەی؟) هەمین بۆی تەواو کرد:

(دەتەوێ هەر بەدرۆ ناومان بزڕێنیت و لێت بێدەنگ بین... ها... کوڕی دۆمە دڕاوێ......).

وشەی – دۆم – من و باوکمی وەئاگا هێنا و ئەمجارەیان هەردووکمان ئارەقەی تووڕەییمان دەردا، وشەی دۆم دەتووت سوژنە و لە گلێنەمان دەچەقێ، نەک هەر من و باوکم... میوانەکانیش سڕ بوون... پاشان باوکم بەدەنگێکی کەرخ و کزەوە وتی:

(با بەس بێ و عەیبە... ئەوە دە جارە بڵێین زارە دۆم... بلە کۆر... هەر هیچ نەبێ نان و نمەکی یەکدیمان کردییە).

دەروێش بەتەوسەوە وەڵامی دایەوە:

(بەخوا بابە جوانە... هەتا خاوەن ماڵ چوو دز بگرێ... دز خاوەن ماڵی گرت... خۆتان عەیبە بزانن... گەر حیسابێکتان بۆ نان و نمەک بکردایە ئاوا ئابڕووی منتان نەدەبرد...!).

لەم ساتەدا کەس ئاگای لێنەبوو کە دایکم بێخشپە هەستایەوە، لە هەمین چووە پێش، چاوەکانی دەپاڕانەوە، دەکرۆزایەوە، ئازای جەستەی دەلەرزی، کوور ببۆوە، لێوە بێخوێنەکانی خەم و ترسیان دەباراند، بەدارەدار گەیشتە کن هەمین، کتوپڕ بەسەر دەستیدا نووشتایەوە و ویستی ماچی بکا، هەمین بێشەرمانە دەستی ڕاتەکاند و نەیهێشت، سووکە پاڵێکی پێوەنا، پاشەوپاش کشایەوە، لە دواوە کچێکی ئامۆزام گرتییەوە... ئەگینا بەپشتدا وەردەگەڕا، ئەم دیمەنە هەموویانی سڕ کرد، لە هەمووشیان پتر منی تاساند، دونیانی لە بەرچاوم تاریک کرد، خۆم بۆ نەگیرا و بەتووڕەییەوە هاوارم کرد:

(پاڵ بەو پیرەژنەوە مەنێ... بەدایکت دەشێ... تەواو بێتامتان کرد......).



هەمین هەروەک بڵێی دوو سەد ساڵە پیاو بووبێ... دەستی بۆ ناوگەڵی برد و زۆر بەساردییەوە وتی:

(ئادەی کوڕی دۆمەڕەش وەرە گونم بگرە... هێشتا ئەتوو خۆتمان لێ سۆر دەکەیتەوە... کوڕی فلقێ...؟!).

تەواو... ئاهەنگی زەماوەند بوو بەشین، هەموو شتێکیان هەڵگێڕایەوە، تێکیانترشاند، لە بەرچاوی بووک سووک و ڕەزیلیان کردم... هیچم بۆ نەمایەوە... لە بێدەسەڵێتیان وتم:

(ئێستا هەرچییەکی کردوومە... تەواو... بڕایەوە... فەرموون... ئەوەتا پۆلیسخانەکە نزیکە....!).

دەمزانی ئەم قسەیەم منالانەیە، بەڵام هیچی ترم بۆ نەهات بیڵێم، هیچم بۆ شی نەدەکرایەوە... هەموو دونیاش کۆبێتەوە ناتوانم لە فەلسەفەی چیرۆک و شیعر و ڕۆمان و... هیچ هونەرێک بدوێم... ناتوانم ئەم چەند بەستەزمانە تێبگەیەنم کە چیرۆک ئابڕووبردن نییە، بەڵکە چیرۆک گریان و پێکەنینی خۆیانە، زانیم لە هەڵوێستێکی وادا هیچ زانا و دانا و مەزنێک هیچی بۆ ناکرێ... لە وەڵامی مندا هەمین خۆی بادا و دەستێکی بەتەوێڵی داهێنا بەپەنجەی شایەتمانە ئارەقەی سڕییەوە و... پاشان وتی:

(پۆلیسی چی...؟ پۆلیس ئابڕووی تکاو هەڵدەگرێتەوە؟).

(ئەی بەتەمای چین؟ خۆ قاتی هەڵمناواسن؟).

خەجە شڕشێت هەڵیدایە:

(تا هەقی خۆمان نەستێنین... ناچینەوە!). خۆم لە هەڕەشەی خەجە گێل کرد و ڕووم کردە دەروێش بایز و وتم:

(خاڵە بایز... بەقوربان... باوەڕت بێ ئەم چیرۆکە پەیوەندی بەتۆوە نییە... بەشێکی زۆری خەیاڵ و درۆیە... مەگەر تەنیا ناوەکان....).

قسەکەی پێبڕیم و وتی:

(کوڕە بیبڕەوە... هەر ناو، هەر ڕیشۆڵە... هەر قیامەت... دەزانی ئەتوو چ گوناهێکی گەورەت کردییە... چ بێ عەقڵییەک؟).

(وایە... بەڵام خۆ هەر ئەتوو خەریکی ڕاوە ڕیشۆڵە نیت؟).

(دەمزانی وا دەڵێی... ئەوە منداڵ هەڵدەخەڵەتێنیت؟ کامەیان ژنی هێلکە و شیر دەفرۆشێ...؟).

یاسین –ی ئامۆزام کە تا ئەو حەڵە نقەی نەکردبوو... ڕووی تێکردم و بەتووڕەییەوە وتی:

(تۆ و چیرۆکیان وتووە؟ هەنووکە جەنابت مامۆستای هەقی ئەم ژانەسەرەت چییە؟ لۆ چیرۆک لەسەر خەڵکی دەنووسیت...؟) منیش لەو تووڕەتر قیژاندم:

(کاکی من... ئەوەیان قۆنتەراتەکانی جەنابت نییە).

(ئەوە چییە... هاتووینەتە سەر شایی و جنێویشمان پێدەدەی... وەڵڵا بابە جوانە...).

لە چاوتروکانێکدا دڕی بەخەڵکەکە دا و گەیشتە تەک ژنەکەی پەلی گرت و ڕایکێشا، ژنەکەی دەستی ڕاپسکاند و گەڕایەوە... پێی وت: (لەسەرخۆ عەباکەم...).

بە پەلە چووە ژووریێ و... هاتە دەرێ... دڕی بەخەڵکەکە دا لەگەڵ مێردەکەی، بەجووتە، لە دەرگای حەوشەکە ئاودیو بوون، لەودیو دەرگاکەوە گوێم لە گرمە و تەقینەوەیەک بوو... باوکم هاواری کرد:

(کوڕە یاسین... یاسین...).

هاوارەکەی لەنێو گڕەی ئوتمبێلەکەدا خنکا... نەگەڕایەوە... باوکم بەچاوێکی پڕ لە گلەییەوە سەیری کردم، دە کەس بەیەکەوە دەمی هاواریان لێکردمەوە، سەرزەنشتیان کردم، ئامۆژگاری، وا دەبێ و وا نابێ، فڵتەفڵت، قسەی هیچ... کردیان بەقیامەت و ژاوەژاو، لەو حەڵەدا وام هەست کرد من تاوانبارم و ئەوانیش هەموو سوێندخۆر و دادوەر و پارێزەر و شایەتی ناهەقن... ڕووم لە هەموویان کرد و... وتم:

(کاکە... براینە... خوشکینە... خۆ من کوفرم نەکردووە کە چیرۆکم نووسیوە...).

هەموویان بەیەک دەنگ کەوتنە قسە، ئەمجارەیان دەنگی (بەکر)ی خاڵۆزام لە هەموویان ناسازتر هاتە بەرگوێم: (کوفرت کردوە. لۆ باسی شەرەفی خەرکی دەکەی؟).

(کاک بەکر ئەتوو وا دەزانی چیرۆک کوتاڵ فرۆشتنە... کاکە چیرۆک... یانێ باسی خەڵک و عەوام...).

توندتر وەڵامی دامەوە:

(دە بیخۆ... هەقەمستی... دەبینی چ بەزمێکت ناوەتەوە؟ ئیتر لەمەودوا خاوەنی ژن و منداڵیت... واز لە پارچە کاغەزان بێنە و چوار عانە پەیداکە... هەتا ئەم ژنەت هێنا قەرزی دونیا و قیامەتت کرد...).



بەربینایییم تاریک داهات، خوێن پەڕییە کەللەم... ویستم پەلاماری بدەم و بەشەق دەریکەم، خۆم خواردەوە... کتوپڕ بەسەریا تەقیمەوە:

(قەرزاری چ گەوادێکم... ها؟ قەرزم لە تۆ کردووە؟).

(لەگەڵ من بەشەڕ دێی؟ حسێبی خۆت لەگەڵ مام دەروێش ساغ بکەوە... ئەمن خواحافیز...).

ئەمیان لە یاسین–یش کەرتر بوو، لەسەر ژنەکەشی نەوەستا تا عەباکەی بدۆزێتەوە... تێی تەقاند...

کە باوکم بینی دوو میوانی ئازیزی ڕەویان کرد... ئارامی لێهەڵگیرا... تووڕەیی و سکاڵێ لە دەنگیا تێکەڵ بوون:

(ڕۆڵە... ئەوە شێت بوویت؟ ئەوانە لۆ سەر شایی توو هاتبوون...).

خۆم لە قسەکەی باوکم گێل کرد و ڕووم وەرسوڕاند و تکام لە دەروێش و ژنەکەی کرد:

(مام دەروێش... پلکە هەمین... ئەمن خەجاڵەتم... با ئەم بەزمە ببڕێتەوە، کە میوانەکان ڕۆیشتن خۆم دێمە بەردەستتان... ئەوسا خوای دەکرد منتان دەکوشت!) هەروەک بڵێی گوێی لێم نەبووبێ:

(خەڵکینە... ئێوە بەشایەت بن... ئەمن ئەو پارچە کاغەزانەتان لۆ دینم کە سیامەندی حاجی سەعید بۆمی خوێندەوە... ئەنگۆ خۆتان لە خوا مەکەن و بزانن کەس ئاوا ئابڕووی دراوسێی خۆی دەبا...؟).

(کەواتە سیامەندە فەندی بۆی خوێندیتەوە؟).

(کوڕی پیاوە... ئەو نەبووایە نەمدەزانی ئەتوو شەرەفی ماڵ و منداڵی منت کردووە بەقەزاتە و بووینەتە بنیشتە خۆشەی سەر زاری خەڵکی...).

کە ناوی سیامەندی هێنا خەیاڵ بردمییەوە، زانیم ناپاکی دەگاتە ئەم ئاستە و کابرایەکی وا سادە و ساویلکەم لێ هار دەکا، گەر ئەم چیرۆکەی بۆ نەخوێندبایەتەوە شەقی دەبرد، ئای لە مرۆڤی بێ بەهرە و چەپەڵ و دڵکرمێ... زانی بەچ تیغێکی کول بریندارم کا... بەچ خەنجەرێکی ژەنگدار...

لەگەڵ دەنگی باوکم ڕاچەنیم:

(فەرهاد... توو شەرەفت ئەوە بەزمە... ئەوە حاڵە... ئاخر ڕۆڵە کەس شتی وای کردییە؟).

(باوکە خۆ ئەمن گووم نەخوارد... چیرۆک چیرۆکە و لەنێو هیچ هۆز و میللەتێک باج و گومرکی لەسەر نییە... کەس خۆی پێوە سەغڵەت ناکا...).

(کوڕی خۆم میللەتی ئێمە مێشێک دەکا بەگامێش... چما نازانی؟).

ئەحمەد-ی پوورزام بۆی سەندەوە:

(ئێمە لە کوێ و ئەوان لە کوێ...!!).

دەنگێک لەنێو حەشاماتەکە بۆی تەواو کردن... دەنگێکی ناساز... لەبەر سەر و ملی تێکچڕژاوی خەڵکی دەموچاویم نەدی:

(هەر میللەتە و خاوەن دابونەریتی خۆیەتی).

رووم کردەوە خەڵکەکە و بەکڕوزانەوەیەکەوە وتم:

(خەڵکینە... من گوناهێکی وام نەکردووە کە خوا لێم خۆش نەبێ... لە وڵاتێکی دیکەدا چیرۆکێکی چاک بنووسیت خەڵات دەکرێی...).

خەجە قیژاندی: (دە ئەمن لەباتی خەرات... لە دەوی گچکە و گەورەت دەڕیم).

بۆ دووەمین جار خەجە پێی وتم: (لە دەوت دەڕیم!) باوکم بەوپەڕی هیلاکی و بێدەسەلێتییەوە دەستی بەیەک دادا و وتی: (دە باشە... ئەتوو وەرە دەروێش بایزم لۆ ڕازیکە کە هیچ گوناهێکت نەکردییە... دەتوانیت؟).

(ناتوانم...).

(کەواتە لۆ خۆت لە قەرەی کاری وا دەدەی؟) ئەحمەدی پوورزام کە لە هەموویان خوێندەوار و هوشیارتر بوو... هەڵیدایە:

(باشە... ئەتوو ناتوانی چیرۆک نەنووسیت؟).

(خۆ چیرۆک گەمەی منداڵان نییە... ئەحمەد... وازهێنان لە چیرۆک وەک ئەوە وایە لەم شاییە پەشیمان ببمەوە). شیرین کە تا ئەو حەڵە سڕ ببوو دایە پڕمەی گریان... نەمزانی بۆ گریا... تۆ بڵێی لە قەهری ئەم کارەساتە بگری یان لەتاوی ئەم قسەیەی دواییم.

سەیرێکی حەشامەتەکەم کردەوە، هەموویان سەرسام و ئەبڵەق بوون، دەروێش و هەمین و عەبە و خەجە تازە گەرم دەبوون و هەڕەشەیان لێدەکردم... هەڕەشە بەدەست، بەچاو، بەدەم... دیسانەوە لاڵ بووم، هەستم کرد لە دایکم کەڕ و لاڵترم، بەترسەوە ڕوانیمە سەر و سیمای تەم و ترس لێنیشتووی ئەو خەڵکە، شیرین لە قوژبنێکدا خۆی گرمۆڵە کردبوو، بەگومان و



ترسەوە چاوم دەگێڕا، کەس نەبوو فریام بکەوێ، شیرین دەگریا، هەنسکی دەدا، لەمێژ بوو خۆی دەخواردەوە، بەدوا ڕستەی من تەقییەوە، هیچی پێنەدەکرا، ئەویش لە من لاڵ و بەستەزمانتر... دەیزانی دەنووسم... بەڵام قەت لەو باوەڕەدا نەبوو لە سۆنگەی سەری چیرۆکێکەوە، مێردەکەی، دووچاری ئەو حەشر و قیامەتە بێ، بەزمێکی وا خوێناوی.

لە دڵی خۆمدا وتم: (فریام کەون... هۆ مەزن و دانا و زاناکان، پێغەمبەران، هۆ شاعیرەکان... چیرۆکنووسان... فریام کەون. ئەی ئەوانەی لەپێناو خۆشەویستی مرۆڤدا دەریای پڕ گێژەنەی ڕق و قینی ئەو خەڵکە نقومی کردوون، ئەی ئەوانەی کێوی خەم و ئازاری مرۆڤتان لە کۆڵ کرد... فریام کەون... منێکی چکۆلە، زۆر ورد و چکۆلە، لە گەڕەکێکی پڕ لە ڕەش و ڕووت، برسی و تینوو... بەستەزمان و هیچ نەزان، ئەوەتانێ لە دادگام، تاوانبارم، تاوانی ئەوەی دە لاپەڕەم لە برسیەتی و نەگبەتی و نەهامەتی و قوڕبەسەری دەروێش بایز پڕ کردۆتەوە، ئەوەش هەمین... لە زوڵمی ئەو ئاغا و دەوڵەمەندانە دەدوێم کە هێلکە و شیریان پێدەفرۆشێ... بەیانییان زوو... بەرلەوەی ئەوان لە خەو هەڵبستن... کەچی ئەوەتا... لە پاداشتی ئەو خەمخواردنە بەردم تێدەگرێ، ئەوەتانێ خەجە... کارەکەری ماڵی سمایل بەگ، عەبە... عەبەی شان بەقوڕی چەوساوە و ڕەتێنراوی دەستی قۆنتەراتچییەکان... کەچی وەستاون و جنێوم پێدەدەن، دەروێش بایز - ی هەڵاتووی نێو زیندانی ئاغا کۆنەکان و مردووی نانێکی خواپێداوانی شار... ئەوەتان هەر چواریان... تفم لێدەکەن، جنێوم پێدەدەن، دەیانەوێ بمکوژن، ئەوەتان بەردەرگایان لێگرتووم، داوای هەقی خۆیانم لێدەکەن، داوای ناو و دەنگ و ڕەنگی خۆیان... فریام کەون... من ناتوانم لە نەگبەتی ئەم چوار پاڵەوانە نەدوێم.... فریام کەون ئەی ئەوانەی....).

لەگەڵ دەنگی هەمین ڕاچەنیم:

(باشە هەی بێ شەرەف... بێ غیرەت... نمەک بەحەرام... لە کێ بیستیتە ئاغاکان حەزیان لە من کردبی؟ ئەوەیانم لۆ ساغ نەکەیتەوە شاخت دەشکێنم... دەتکەمە سینەمای هەموو گەڕەکێ...

- پلکە هەمین... چاوەکەم... باسی توومە نەکردییە... ئەو هەمینەی ناو حەکایەتەکە کتومت ئەتوو نیت...

- کتی چی و متی چی؟ قەت نەمزانی ئەوەندە سپڵە و لە ژێرەوەی... وەڵڵاهی ڕاستە کە دەڵێن لە ئاوی مەنگ بترسە...

– مام بایز... پلکە هەمین... تۆزێکی باسی ئێوەیە... ئەوی دیکە هەمووی قسەی خۆمە...).

نەمزانی بەو خۆپەڕاندنەوەیە زیاتر دەکەومە داوەوە... هەمین وا شیڕاندی سپییەتی لە ڕوودا نەما:

(جا جەنابت بەچ هەقێک درۆ بۆ خەڵکی هەڵدەبەستی... بەچ هەقێک ناومان سووک دەکەی؟ چما ئابڕوو قوم و بەردی نێو بەستانە بەکەیفی خۆت خڕی کەیتەوە؟) دەروێش بایز بۆی سەندەوە:

(ڕۆڵە... ئەمە کرمانجین، تا ئێستا کەس نەیتوانیوە ناومان سووک کا... لەسەر قسەیەکی هاکەزایی خەریک بوو سەرکاری ئەم باپیر ئاغایە بکوژم... پەلەوەریش نیازی پیس بێ لە سەربانی من نانیشێ... تێگەیشتی؟.

– دەزانم دەروێش گیان... چاکتان دەناسم...

– دوای ئەوەش خەڵکینە... ئەنگۆ ڕازی دەبن باسی ژن و خوشک و کچتان بکرێ؟ کاکە خۆ لە خۆمەوە هار نەبوویمە... هەر لەو حەکایەتە گۆتیتت: دەروێش لەوە دەترسێ هەمینی ژنی حەز لە یەکێ لەو ئاغایانە بکا کە هەنووکە لە شارن... نازانم چیتر و چیتریش... سەد ناو و ناتۆرەی وا ناشیرینی تێدایە بیخەیتە بەردەمی سەگ بۆنی پێوە ناکا).

هەمین گەرمتر داهات و شێتانە زریکاندی:

(گوو دەکەمە دەمی تۆ و ئاغاکانیش... هەی ئاڵچاغ... جگە لە بایز هەرچی پیاوە پاژنەی قۆندەرەکەمە...) خەجێ بۆی سەندەوە:

(هەی گەواد....).

بووک کە تا ئەو حەڵە ژێر ببۆوە بەوشەی (گەواد) ڕاچەنی... لەپڕ تەقییەوە و دایە پڕمەی گریان، ئەمجارەیان لەوە نەدەچوو ژێر بێتەوە... فرمێسک و لیکی تێکەڵ بوون... سووراو و سپیاو و کلی چاو... کە سەیرم کرد کتومت لە تابلۆیەکی سریالی دەچوو... یان یەکێ لە تابلۆکانی (کاندنسکی).

هەمین هەر بەهەمان هەناسە و هاوارەوە ڕووی کردە عەبەی کوڕی و شیڕاندی:

(بێ غیرەت... خۆ ژن نیت ئاوا دەستت بەخۆتدا شۆڕ کردیتەوە... ها...؟ کەس لە نامووسی خوشک و دایکی خۆش بووە... ئەگەر وەکی ئەو توالێت لووسانە خەساویت... با بزانم...؟).



عەبە بۆی سەندەوە:

(دەبا قسە بکا... ئەگەر غیرەتی هەیە با بێتە پێش... بزانە جامی سەری دەشکێنم یان نا... وای لێدەکەم نانی پێ لەت نەکرێ... وەرە دەرێ حیز... خۆت لەناو ژنان مەشارەوە...).

ئەوەندەی بلێیی یەک و دوو عەبە هێرشی هێنا، بەتاو و گوڕێکەوە، خەڵکی پەلاماریان دا و یەک دوو پیاو بەرزەفتیان کرد، من هەر لە یەکەم ساتەوە لە حەیزەرانەکەی دەستی دەترسام... دەمزانی بێ زەرەر ناگەڕێتەوە، چەند شەڕێکی ئەو مردوومراوەشم هاتەوە بەرچاو، سەرلەشکری چەتوونەکانی گەڕەک بوو... چەندەها جار بەم دوو چاوانە دیبووم بەقۆچەقانی هەموو گەڕەکەکانی دیکەی شاری لە زەواق دەنا... دەتووت بزن مشکە و بەسەر قەلێتدا هەڵدەگەڕێ... کە عەبەیان، بەرزەفت کرد... فەرامۆش بوومەوە و هەناسەیەکی حەوانەوەم دا، پەنجەکانی پێم ژانیان دەکرد... ئەوەندە پێیان لە پێم نابوو خەریک بوو چەرمی پێڵاوەکانم لێبێتەوە... دەروێش هاواری کرد:

(بەری دەن... گەلەکۆمەکیمان لێدەکەن... ئەگەر شەڕە عەشیرەتە با بزانین... وام لێ مەکەن بەفیکەیەک هەرچی عەشیرەتی – سیان و مامەسێنی – هەن لەم حەوشەیەدا کۆ کەمەوە... وەڵڵا بابە باش... لە ماری بلە کۆری خڕ بووینەوەتا...) هەر خۆی ئاخێکی هەڵکێشا و دەستی بەیەک دادا و سەری بادا... پاشان تێهەڵچۆوە:

(ئەگەر ئەتوو پیاو بوویتایە ناوی دەروێشێکی هەژار و نەگبەتی وەک منت نەدەخستە سەر پارچە کاغەزان... بەلێن ئەوەیە... هەموو کەس بەئێمەمانان دەوێرێ!.

– بەخەراپە باسم نەکردووی... ئەمن ویستیتم خەڵکی بزانن کە ئەتوو برسیت...

– جا گەر جەنابت وای گوت یەکسەر دێن و دەڵێن: هانێ دەروێش ئەوە لیرە و ئاڵتوون لەسەری بنوو... هانێ کۆشک برۆ ناوی... کوڕم ئەتوو تێکچووی... هەتا زووە بڕۆ کن شێخێک... حەکیمێک... سەر مەزاری پیاوچاکێک...

– ئەتوو خۆت بەخەراپی تێدەگەی... دەنا ئەمن وام باس کردووی کە....) عەبە هەر هەوڵی دەدا بەرەڵلای بکەن... خۆی ڕادەپسکاند... دەروێش قسەکەی پێبڕیم:

(ئەگەر مەردی باسی ئاغا و خانەدان و پیاو ماقوڵەکانی شار بکە... هەتا بەشەق کوێرت کەن، نەک بەشەق، هەر بەتف... ئەگەر نایانناسی با بیانژمێرم... ئەوە چەلەبی، برایم قەدۆ، باویل ئاغا، سمایل بەگ، عەلی پاشا... خۆ ئەو شارەی مە سەدانی وای تێدایە... ئاخر لۆ باسی کلاش خوارێکی وەک من دەکەی... ناوی ژن و کچم دەخەیتە سەر زاری سەگ و گورگان؟

– باسی ئەوانیشم کردووە و باسیشیان دەکەم... بەڵام وەک هی توو نا... هی توو بەچاکە و هی ئەوانیش بەخەراپە...

– تەڕچاکە... خوا چاکەی وا ببڕێ... سیامەندی حاجی سەعید دەیگوت: ئەم حەکایەتە بەشار و گوندی دونیادا بڵاو دەبێتەوە... بەرچاوی هەموو کەس دەکەوێ... ئەوە ڕاستە...؟

– نەوەڵڵا... کەم کەس حەز بەحەکایەت دەکا...

– وەڵڵا لەناو دەمت دا... خۆ ئەمن خزمم لە سلێمانی و هەڵەبجەش هەیە... بگرە تا سەر سنووری ئیران – یش... هەموو هەولێریش دەمناسێ... کون و قوژبن نەماوە قوڕبەسەری تێدا نەکەم... قسەیەک ببیستمەوە... دونیات لێ پڕ دەکەم... ها... ئەوکات نەڵێی دەروێش زەلامێکی کەرپیاوە...

– حاشا...).

کتوپڕ خەیاڵێکم بۆ هات، چۆن پێشتر بیرم لێنەکردبۆوە... نازانم... درۆیەکی حازربەدەست هاتە سەر لێوانم و نەمگێڕایەوە:

(مام دەروێش... تەنیا سیامەند بۆی خوێندیتەوە؟

– ئا... سێ شەو لەمەوبەر... چاوەڕێم کرد تا لە (شەهرول تەڕەماش) بێیتەوە... ئەو شەوە کە هات قاقا پێدەکەنی، پێم وت: ئەوە بەچی پێدەکەنی؟ گوتی دەروێش: شتێکی عەنتیکەیان لەسەرت نووسییە... لە نووکەوە حەکایەتەکەی خوێندەوە...

– ئا... دە ئەوەیە مەسەلەکە...

– مەسەلەی چی؟

– ڕاستی... یەک دوو مانگ لەمەوبەر لەگەڵ سیامەند بەشەڕ هاتین... دیارە درۆ و دەلەسەی پێوە ناوە تا ئەتوو ناڕەحەت بی و یەخەم بگری...

– خۆ ئەگەر وابێ... چیم بەتوو کرد... خەراپتریش بەو دەکەم... چما ئەمن گاڵتەجاڕی ئەو گەڕەکەیمە...؟!).

کە عەبە گوێی لەم قسەیە بوو سوور هەڵگەڕا و خۆی ڕاتەکاند، هەردوو شادەماری ملی بەقەد دوو پەنجە ئەستوور بوون... لە ڕقانا ئازای جەستەی وەک بینی ئاو دەلەرزی... هاواری کرد:

(بەرم دەن... با ئەو درۆزنە بکوژم... ئەو سەگبابە درۆ دەکا... بابە... باوەڕی پێنەکەی ئەمنیش حەکایەتەکەم خیندەوە...) لە دڵی خۆمدا نەفرەتم لەو کەسەش کرد عەبەی فێری



ئەوە کردووە ئەو چوار وشەیە بخوێنێتەوە... بۆ نەگبەتی من ئەویش حەکایەت خوێنە...

هەر بەدەم هاوارەوە تێهەڵچۆوە:

(باسی منیشی کردییە، نووسیتی بێوەژنێکیان لە ملی عەبە بەست، باسی – ژن بەژن – ییەکە و... زیزبوونی خەجە و شەڕەکەی خۆمان... باسی هەمووی کردییە...).

کە ناوی خەجەی برد... دەستی بەرز کردەوە، ویستی بەردەکە ڕابوەشێنێ، ئەو گاشەبەردەی بەر نێرەکەرێک بکەوتبایە، چیتر نەدەزەڕی، نازەنین – ی پوورزام لە پشتەوەڕا دەستی گرت، خەجەش وەرسوڕایەوە و دەستی لە سەر و تیتکی نا، ئەویش هەردوو بسکی لووس و باریکی خەجەی گرت و ڕایکێشا، بوو بەزریک و هوڕ، بەسەر و قژ ڕنینەوەیەک نەبێتەوە، لە چاوتروکانێکا خەڵکەکەم دی سەر و مل و دەست و قاچ ڕادەوەشێنێ، تاق... تریق... ڕمب... ڕمب... دەروێش و ژنەکەی هێرشیان بۆ هێنام، خەڵکی کەوتنە نێوانمان... دەر و دراوسێ و پیاو و ژن و کوڕ و کچانی گەڕەک پەیتا پەیتا کۆ دەبوونەوە، هەریەکە و لە کونێکەوە دەردەپەڕی... وەک مێرووڵەی پاش بارانی بەهاران دابارین، بەردەرگا و ناو حەوشە و سەر دیوارەکان و سەربانەکانیان لێگرتین... هەندێ لە منداڵە چەتوونەکان خۆیان بەدارتەلەکەوە هەڵواسیبوو، بۆنی ئارەقە و چڵکی لەشی ئادەمی خۆنەشۆر لەگەڵ هەناسەمدا تێکەڵ دەبوو، ژوورەکانیش پڕ بوون، سەر پێپلیکەکان، مناڵانی بستەباڵا دەکەوتنە نێو گەڵمان، ئاهەنگیان کرد بەپرسە، لەنێو ئەو حەوشەیەدا بوو بەقاو و قیژ و فڕکان فڕکانێک سەگ خاوەنی خۆی نەدەناسییەوە، زاق و زریقی زارۆڵەکان، زریکەی ناسازی شیرخۆرەکان، بووک دیار نەما... چاوم دەگێڕا... نەمدۆزییەوە... خوای لێخۆش... تازە تەواو، گریان و هات و هاواری بێئامان، فیکە و جڕت لێدانی مێردمنداڵە چەتوونەکان... هۆی ها... هۆی ها... دایک و باوکە پەرۆش و شڕ و شێواوەکان، لەپڕ زریکەیەکی ترسناکی بووکم هاتە بەرگوێ... ویستم بیگەمێ... نەمتوانی... دیوارێکی ئەستووری گۆشت نەیهێشت بیگەمێ، یان دەچوومە باوەشی خەڵکی، یان خەڵکی دەهاتنە نێو باوەشم، لەپڕ هەستم دەکرد یەکێک سوارم بووە... یان کتوپڕ من سواری یەکێک دەبووم، هەمین–م بینی، باڵابەرزەکەی، نێرانە دەستی دەوەشاند... هەر ژن بوو دەیزریکاند و دەکەوتە ژێر دەست و پێی هێسترانەی هەمین، چەپۆکی کوێرانەی بەڕاست و چەپدا دەهاوێشت، کەسی نەپاراست... خەجە بەدوای گاشەبەردەکەدا دەگەڕا، عەبە حەیزەرانەکەی بادەدا، کتوپڕ خۆی ڕاپسکاند و لە دواوە بۆم هات، لەبەر پاڵەپەستۆی حەشاماتەکە نەیتوانی حەیزەرانەکە ڕابوەشێنی، گەر ڕاشی

وەشاندایە بەر سەری زەلامێکی دیکە دەکەوت، کە چاری نەما سێ کۆڵەمستی خێواندە پشتی سەرم... دونیای لە بەرچاوم تاریک کرد، دایکە کەڕ و لاڵەکەم کەوتبووە بن دەست و پێی خەڵکەکە، بووک لە هەموویان بێدەستەڵاتتر هەر فرمێسک و چڵم و لیکی دەباراند... منیش ئەوەندە لە بووک بەغیرەتتر نەبووم... بەڵام پیاو بووم و نەگریام، کورسی و مێزەکان لە باریەکدی هاتنە دەرێ... ئەو کورسییانەش کە بەقەرز پەیدامان کردبوون، قاپە فستق و چەرەز بەگۆڕێ وەربوون، چەندەها پیاڵە و پەرداخ و فەخفوری شکان، چیمەنەکە و تاکە گوڵە باخی ئەو حەوشەیان شێلا، لە هەموو لایەکەوە تف و جوێن دەباری، باوکیشم وەک مەڕی گێژ بەنێو ئەو خەڵکەدا دەسووڕایەوە، نەدەسووڕایەوە... سووڕیان پێدەدا، تکای دەکرد و دەپاڕایەوە ئەو شەڕە بوەستێ، تاو نا تاویش شەق و مست و زللە و تفی دەروێش و هەمین و عەبە و خەجە بەر هەموو لایەک دەکەوت، کەس لەو بەرەکەتە بێبەش نەمایەوە، من بەتەنیا بەرگریم لە خۆم دەکرد... ئەگینا نە بەشەق، نە بەتف، نە بەجوێن هیچ جوولانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەم نەنواند... جار جارەش پەنام لە دایکم دەکرد و هاوارم لە بووکێ دەکرد دوور بکەوێتەوە، چوار کەسی شەڕکەر و دوژمنێکی زۆر و ئاشتیخواز و دەیەها ناوبژیکەر و سەدەها سەیرکەری دەم بەئاخ و ئۆف و پێکەنین، جڕت و چەقەنە و هۆی ها... فیکەلێدان، کتوپڕ پاژنەی پێڵاوێکی قورس لا ڕوومەتمی ئاگر دا، دەمی پڕ کرد لە خوێن، تفم ڕۆکرد... بڕێکی بەر پشتی ملی خزمێکی خۆم کەوت... تۆزێکیشی ڕژایە سەر یەخەی چاکەتی سپی پاتی زاوایەتی... خوێنێکی ئاڵ و ڕوون....

دەنگی خەجە و زرمەی پاژنەی پێڵاوەکە وەئاگایان هێنامەوە:

(ئا... وات لێدەکەم... هەی قۆندەرە...!) زرمەیەکی دیکە و هاواری کرد:

(دە بڕۆ حەکایەتمان لەسەر بنووسە...!) دەستەوەستان بووم، نامەرد و لەرزەلێو، هێز و توانای بەرگریم نەما، قوڕگم پڕ بوو لە گریان، دەنگ و هەرا و ژاوەژاوێک دەگەیشتە بەرگوێم... لەسەر دیوار و سەربانەکانەوە دەیانووت:

(بەخوا هەتیمێکی گێژە... خۆ دایک و باوکەیان کوشت و کەچی دەست ناکاتەوە...

– خزمەکانی لە خۆی حیزترن...

– دەک داڕزێی... ئیمامی عەلی...

– کەس تێناگا لەسەر چییە...

– سۆفی برایم شەڕکەر نییە...



– کوڕە باوکم... دەروێش بایزیش پیاوێکی هەژار و لە خواترسە...

– شتێک بووە... ئەم شەڕە بەلاش نییە...).

ریکۆردەکەش لەسەر مێزەکە بەربۆوە، ئەویش وەک هەموو شتەکانی دیکە کەوتە ژێر دەست و پێی هەردوو بەرەی دوژمن، حەوشەکەش تا دەهات پڕتر دەبوو، کۆڵان تەنگتر، هەناسە سوارتر، شەڕ کوشندەتر، ناڵە و هاوار و زریکە تیژتر، هەموو گیانم دەیچریکاند... یەک لەسەر یەک سۆل و قاپقاپ و کڵاش و قۆندەرەی سێ کیلۆیی دەباری، تف دەباری، جنێو... چما چی نەدەباری؟! تاڵە قژ لە هەموو لایەکەوە وەک هەودا بەنێو ئاسمانی ئەو حەوشەیەدا هەڵدەفڕین، دەتووت لۆکەی پەڕەکراوە و لە خم نراوە، میوانەکان... خزم و ناسیاو... ئەوانیش لە زەرەر بەدوور نەبوون... هەر یەکە و بایی خۆی، دیوارێکی زۆر ئەستوور، دیوارێکی گەرم داهاتووی خوێن و گۆشت و ئێسقانی خزم و خوێ کەوتبووە نێوان من و دوژمنەکانم، نێوان من و هەر چوار پاڵەوانی چیرۆکەکەم، ئەو چیرۆکەی ئەم درامایەی هەڵگیرساند، لە دوورەوە هەر چواریان هەڕەشەیان لێدەکردم، ناوبژیکەران نەبوونایە هەر دەیانخواردم... نیوەمردوویان دەکردم. ئەوەندەی پێ نەچوو خزم و برادەر لە حەوشەکە دەریانپەڕاندم... لەوە ترسان بخنکێم، خزمان دەیانزانی لە منداڵییەوە ئەو هەناسەسوارییەم لەگەڵە، ئاوڕم دایەوە و هاوارێکم کرد... هاواری خنکاوێک... خنکاوی نێو دەریایەکی سەرشێت:

(ئەی بووک...؟).

وتیان: (بڕۆ وا دێ...).

دەڕۆیشتم و ساتمەم لە دەست و قاچ و سەر و مل و جامانە و پێڵاو و چارۆگە و ڕەفتە و کراس و کەوا و قاپ و منداڵی جیقن دەکرد، تاکێ پێڵاوم جێما... قیت دەڕۆیشتم... نەمتوانی خۆم نەوی کەم و هەڵیگرمەوە، دەستێکم، توند، بەقایشی پانتۆڵەکەوە گرت... لەوە ترسام بەقودرەتی قادر لە بەرما نەمێنێ، دوای سەفەرێکی سەخت گەیشتمە نێو کۆڵێن... هەناسەیەکی حەوانەوەم دا.

لەناکاو منالانی سەربانەکان هاواریان کرد:

(هات... بابەشێخ هات... هات... هات...)

کتوپڕ، لە دوورەوە، مێزەری سەوزی بابەشێخ بەدەرکەوت، خەریکبوو لە خۆشیانا بفڕم، من ڕۆبنسن کرۆسۆ-ی دورگەیەکی تەنیا بووم و ئەویش پاپۆڕی خەلاس، باوەڕ ناکەم –

کۆلۆمبس – ئەوەندە شادومان بووبێ کە ئەمریکای دۆزیبیەوە، لەو ساتەدا مێزەری سەوزی بابەشێخم بەدوو سەد ئەمریکا نەدەگۆڕییەوە... دەهات... جوان دەهات... کە ئەو دەهات خەڵکەکە دەکشانەوە و دەخزانە بن دیوارەکان... هەر دەتووت بەو ڕیشە پان و پڕە کۆڵانەکە گەسک دەدا، لە چاوتروکانێکا بەردەمی بابەشێخ بوو بەجادەیەکی تەخت... بەردەرگای حەوشەکەمان جمەی دەهات... تەنیا لێرە بابەشێخ بەشان و ئانیشک و قۆڵ و باسک یەک دوو سەوڵی لێدا و گەیشتە ئاستی من و باوکم و چوار پاڵەوانەکەم، دونیا کپ و خامۆش... تۆ بڵێی تۆزێ لەمەوبەر شەڕ بووبێ؟ کەس دەنگی لێوەنەدەهات... بگرە منداڵە چەتوونەکانیش سڕ و سەرسام بوون... هەموو دەستیان بەخۆیاندا شۆڕ کردەوە... بابەشێخ بەدەنگێکی نەرم و پڕ لە ویقارەوە وتی:

(ئەوە شەرم ناکەن بەربوونەتە یەکدی... ها... چیتانە؟ حەیاتان بێ... خەڵکی یەک گەرەکن!).

دەرویش دەست لەسەر سینە وەستاو خاو بۆوە... هەمینیش... هەردوو شل و سست بوون، هەریەکە و لە جێی خۆی مت وەستا، خشەی کەوتنی گەڵاش دەهاتە بەرگوێ، خەجە و عەبە دیار نەمان، ژاوەژاوێک وەک هاژ و هوژەی دەریا لە گوێما مابۆوە... زۆر لەناکاو دەرویش دەنگی هەڵبڕی و کڕوزایەوە:

(بابەشێخ... ڕۆحم بەقوربانت بێ... ئەوەی ئەو سورگمەی بلە پێی کردین... عارەب بەحوشتری ناکا).

باوکم خۆی گەیاندە بابەشێخ هەردوو دەستی ماچ کرد، ماچ لەسەر ماچ، فرمێسک و لیک و چڵمی تێکەڵ بوون... بەدەنگێکی کز و نووساوەوە وتی:

(بابەشێخ فریامان کەوە... دەرویش بایز... پیاوی تەریقەت و تەکیەی موبارەکتان شایی لێکردین بەشێن... خوا هەڵناگرێ... دەڵێ: کوڕتان حەکایەتی لەسەرم نووسییە...

– حەکایەتی چی؟ ئەم قسە بێ سەر و بەرانە چییە؟

دەرویش... ئەوە تەریق نابیتەوە؟

– قوربان... فەرهاد نامووس و شەرەفمانی بردییە... هەر باس ناکرێ، بابەشێخ جام بشکێ و نەزرنگێ... هەر وازم لێبێنن... دەبێ لێرە بار بکەم...

– چییە کە ناگوترێ...؟ با بزانم...

– دوورودرێژە... لە ترسی خوا نەبێ ئاگریان تێبەردەدەم...



– دەرویش... ئەتوو پیاوی تەریقەتی کوو قسەی وا بێ جێ دەکەی...؟

– بابەشێخ... خاکی بەرپێت بم... ئەورۆ بلە کۆر پێی بەتاڵ کردم... کردمی بەپەڕۆی بێ نوێژ... تەواو دین و ئیمانی لێسەندم...!

– عەیبە حەیات بێ... بڵێ سۆفی برایم... شەرم لە منیش ناکەی... بەم حاڵەوە داوام لێدەکەی بتکەم بەخەلیفە...؟!).

خەڵکەکە گوێی بۆ مشتومڕی شێخ و دەرویشەکەی قولاغ کردبوو... بابەشێخی پەست و تووڕە و نورانی و سپی پێستی بەر سێبەری تەکیە دەم و لێوی لە نێوان سمێڵی پڕ و ڕیشی بەبەرەکەتی لێکترازاو ڕووی کردە خەڵکەکە و وتی:

(خەڵکینە بڵاوەی لێبکەن... هەر کەسە و ماڵی خۆی... دەی زووو...).

هێدی هێدی گەورە و بچووک، ژن و پیاو، مەزن و منداڵ ملیان شۆڕ کرد و تۆزێ دوور کەوتنەوە، سەربان و سەر دیوارەکان چۆڵتر بوون، نیوە بەنیوەش بەڕووقایمی خۆیان مانەوە... دەرویش ڕووی کردە هەمین و منداڵەکانی و دەنگی دان:

(هەمین... عەبە و خەجە هێور کەوە... لەبەر خاتری بابەشێخ بڕۆنەوە... لەگەڵ ئەو هیچم پێناکری...).

ئەوان ڕەویان کرد، بابەشێخ، ڕۆحم بەقوربانی بێ... ڕووی کردەوە تەکیە و پشتی لە ئێمە کرد، هەنگاوی سست و شێخانەی نا، ئاوڕێکی دایەوە و بەدەنگێکی گران و پڕ ویقارەوە وتی:

(خوا بتانگرێ... لە زیکر و تەهلیلەتان کردم... دەرویش... سۆفی برایم ئەتووش... هەر هەنووکە هەردووکتان وەرنە تەکیە و با حاڵی بم... بەمنداڵەکانیشتنان بڵێن: دەست پێبکەنەوە خوا هاوار...).

دەرویش وەڵامی دایەوە:

(وەک دەفەرمووی بابەشێخ...).

باوکیشم لە خۆشیانا گەش بۆوە و وتی:

(خاکی بەرپێتم بابەشێخ...!).

کتوپڕ یەکێک هاواری کرد: (حەبیبی عالەم موحەممەد سەڵەوات...) گوێم لە غەڵبەغەڵبێ بوو... پیرەکان دەیانووت: (صلی اللە علیە وسلم).

لە چاوتروکانێکا ئاگری شەڕ کوژایەوە، ئەو شتانەی ڕژابوون... کۆ کرانەوە، هەریەکە و خۆی ڕادەوەشاند، خۆی دادەتەکاند، ئارەقەیان دەسڕییەوە، هەناسەی قوولّیان هەڵدەکێشا، نەفرەتیان لە دەروێش کرد... لە منیش، سڕ و لە گۆ کەوتبووم، بەپەلە خۆیان کۆ کردەوە، جامانە، عەبا، پێڵاو، وەرە، بڕۆ، لێرەیە، ون بووە، لەبەری کە، دیتمەوە، هی منە، هی تۆیە، هی من شینە... مردین... ئەوە کەی حاڵە... لە پێی کە... دەی زوو، درەنگە... گوێم لە دەنگی پوورێکم بوو:

(شایی چی؟ بەلێ....م دا لە گەڕەکی وا سەر بەئاژاوە...

– پەحا... کە هەرچی و پەرچین...!).

دەنگێکی تر: (سەد جارم پێگوتن لەناو ئەو دۆم و قەرەجانە وەرنە دەرێ...).

تێکڕا بڕیاریان دا... داوایان لە من و بووک کرد خۆمان کۆ بکەینەوە... لەوە ترسان شەو بەسەرماندا دەنەوە و من و بووک بخنکێنن، ئەوسا دەبووین بەشەهید... شەهیدی چیرۆک، چرۆچاوی بووکیان شۆری، کەوتنە ئارایشتی... جلیان پێگۆڕی، خۆم دەمزانی چەند ناسکە... دڵی پڕبۆوە و تەقییەوە... دیسانەوە فرمێسک سێ ڕیز دەباری... ماکیاجەکەی شۆرایەوە... داوودەرمانی سەر ڕووی تێکەڵ بۆوە... سپی و ڕەش و سوور... دیسانەوە تابلۆکەی کاندنسکی – یە، بوو بەشەڕ لەسەر ئەوەی بچینە ماڵی کێ... من ئامادەبووم لە مزگەوتیش بنووم... هەر ئامۆزا و خاڵۆزا و پوورزا بوو دەمیان تێکنابوو... دواجار لەسەر ئەحمەدی پوورزام گیرسایەوە و وتی:

(هەر سێ تەڵاقم کەوتبێ بووک و زاوا لە کن خۆمن... چ زۆرە ژوور زۆرە... ناشهێڵم چیتر لێرە دانیشن...).

کە بابەشێخ ڕۆیشت... خەڵکەکە بەپڕتاو ڕژانەوە نێو حەوشە و سەربان... منداڵەکانیش سواری دیوارەکان بوونەوە تا کۆتایی و پاشماوەی ئەو جەنگە ڕەش و بێمانایە ببینن... بەچواردەوری من و بووک ئەڵقەیان بەست... خزم و خوێ پەلیان گرتین... سواری ئوتمبێلێکی ڕەشیان کردین، من و بووک لە دواوە، لاو و نیو سەیرێکم کرد... ڕووی لێوەرگێڕام... هەقیەتی... چاوانی دەیانووت: بڕوخێ چیرۆک... با بڕوخێ، بەدڵشکاوی و هەناسەی ساردەوە گەڕەکمان جێهێشت، نەمانوێرا لە ژوورە بێنازەکەی خۆمان، ژووری نیمچە ڕازاوەی بووک و زاوا، بخەوین... ئای لەو مەرگەساتە... ڕانم بەر ڕانی بووک کەوت... ڕاچەنی و کشایەوە... بەدڵێکی پڕ لە خەم و برین و ترسەوە بیرم لەو چیرۆکە نەگریسە



دەکردەوە... ئەو چیرۆکەی خوا و شەیتان و عزرائیل و دۆزەخی پیشان دام...

دوای مانگێک ئەحمەدی پوورزام بەجێهێشت، سی شەو پێی وتم: (واز لە چیرۆک بێنە...) سی شەو وتم: (ناتوانم...!) بەجێمهێشت و دوو ژوور و هەیوانێکی سەربەخۆم بەکرێ گرت، جاروبار، بەدزییەوە، دەچوومەوە گەڕەکە کۆنەکەی خۆمان، ئەمێستا بەیەکجاری لەو شارەی خۆم دوور کەوتوومەتەوە... مەپرسە بۆ...؟! دایکم مرد... هەمین نەیکوشت... بەدەردی خوا مرد، باوکم و منداڵەکان سەرم لێنابڕن... وتم جاروبار دەچمەوە ئەو گەڕەکەی خۆمان... مەڵبەندی منداڵی و هەرزەیی، تا ئێستاش لە کنە من خۆشترین گەڕەکی سەر ڕووی زەمینە، کۆڵانە قوڕاوییەکانی بەشەقامی (شانزلزێ) ناگۆڕمەوە، مینارەیەکی خواری تێدایە بەبورجی – ئیڤل – ی نادەم، دەڵێن: دەروێش لە ترسی بابەشێخ لێمان خۆش بووە... وەلێ تەواوێ دڵی لە من ڕەنجاوە... واتەواتێکی واش هەیە کە لە منیش خۆش بووە... باوەڕ ناکەم، دواجار وتیان هیچی لە دڵ نەماوە... دوا خەڵوەتی ئەم زستانە وەک منداڵی بەرمەمکان پاکی کردۆتەوە... لەوانەشە وابێ... کۆنە سەپانێکی دڵپاک... وەلێ ئەمن خۆم دەترسم... نەء و... ناترسم... تەنیا ئەوەیە شەرمی لێدەکەم، حەز ناکەم چاوم بەچاوی بکەوێتەوە... شەرم لە خۆی، لە هەمین – ی ژنی، لە منداڵەکانی... تۆ بڵێی ئەم چیرۆکەشی بۆ بخوێننەوە... ئەمەیان دەبێ بەنوکتەیەکی بێزەوەر... فریام کەون... گەر بۆی بخوێننەوە، دەبێ چیرۆکێکی تازە بنووسم بۆ ئەم چیرۆکەی ئێستام... ئەو چیرۆکەی کە چیرۆکی چیرۆکە کۆنەکەمی داگیرساند... ئەوسا دەبێ بەچیرۆکی چیرۆکی چیرۆکێک... ئەوسا خواش لێم خۆش بێ... دەروێش و هەمین و عەبە و خەجە لێم خۆش نابن... بگرە منداڵە وردیلەکانی عەبە و خەجەش بەدوامدا دەگەڕێن، هەڵبەتە سۆراغم دەپرسن و سیامەندیش ماوە و نەمردووە، گەر بەسواری کەرە گوێ بڕاوەکەی دەروێشیش بێ دەگەنە ئێرە، سیامەند ماوە و دوا هەواڵی منیش دەزانێ... تۆ بڵێی دیسانەوە ئەم چیرۆکە بۆ دەروێش بخوێنێتەوە؟ بۆ نا...؟ جارەکەی تر بابەشێخ ئازادی کردم... ئەمجارەیان کێ؟ نە و... دواجار بیستم سیامەند دەستی لەگەڵ برا قۆنتەراتچییەکەی تێکەڵ کردووە... گوایە وازی لە چیرۆک هێناوە... خۆزیا... هەندێکی تر دەڵێن: وازی نەهێناوە و سەرلەنوێ تێهەڵچۆتەوە... گوایە دەڵێن... گوایە... عەبەش ئێستا (شتە)... خوا دەست بەباڵتانەوە بگرێ... جاڕ دەن... کەس... با کەس ئەم چیرۆکە بۆ دەروێش نەخوێنێتەوە... بۆ عەبە... تۆش سیامەند... دەخیلتم... دەستم دامێنت... گەر بەڕێکەوت ئەم چیرۆکەت خوێندەوە... وەک ئەو جارە دەروێشم لێ هار مەکە... چونکە من وازم نەهێناوە...

وازیش ناهێنم ئەمجارەیان تووڕەم کەن... سەری خۆم دانابێ ڕۆمانێکی بێ سەرەتا و کۆتایی لەسەر دەنووسم... نەکەن بۆ دەروێشی بخوێننەوە... تکایە... وا بزانن ئەم چیرۆکە و چیرۆکە کۆنەکەشم دوو گوناهی سپی بوون... دوو گوناهی سپی و بەس.

١٩٨٣/٨/٢١ - سلێمانی - خەرمانان



## من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ

کابرای سەرخۆش نەبووایە من (نامەی ماجستێرەکەم) وەردەگرت و ... ئەوساش هەموو لایەک بەڕێز و سەرسامییەوە سەیریان دەکردم... هەر لە دەرگاوانی کۆلیژەکە تا دەگاتە هەموو قوتابیانی (بەشی دەروونزانی) و بگرە قوتابیانی هەموو بەشەکانی تریش... پرۆفیسۆری سەپەرشتیار... دکتۆرەکان... بگرە بێوەژنەکەی دایکیشم شاگەشکە دەبوو، سێ خوشکی جحێڵم... بێ ئەوەی بزانن ماجستێر و دەروونزانی چین... بێ ئەوەی بزانن (پاڤلۆڤ و فرۆید) کێن ماچیان دەکردم، گەر ئەو سەرخۆشە لەعنەتییە پێڵاوی پێی چەپی دابکەندبایە من دەمێک بوو نامەی ماجستێرەکەم خوێندبۆوە... دوام نەدەخست و لێی پەژیوان نەدەبوومەوە... دووچاری گومان و دڵەڕاوکێ نەدەبووم، ئەو نەبووایە هەموو شتێک یەکلا دەبۆوە، پێڵاوی چەپی ئەو سەرخۆشە هەموو شتێکی هەڵگێڕایەوە، ئەگەر ئەو لەعنەتییە پێڵاوی چەپی دابکەندبایە، وەک هەموو شەوێک، وەک سەدان شەوی ڕابردوو... وەک هەموو جارێک بەوپەڕی پەستی و تووڕەیی و بێزاری و مەستییەوە هەردوو پێڵاوەکەی دابکەندبایە، یەکەمجار پێڵاوی پێی ڕاستەی... پاشان چەپ... دووجار بیکوتایە بەزەوی ژوورەکەدا... تەپەی یەکەم... تەپەی دووەم... تەپەی چی؟ ئا لەو نیوەشەوەدا لە زرمەی ڕووخانی کێوێک دەچوو، زەمین لەرزینی بوومەلەرزەیەک... ئەگەر... ئەگەر وای بکردایە ئەوە (فرۆید) لەنێو گۆڕەکەی ڕاست دەبۆوە و سەمای دەکرد، ئەوسا منیش دەبووم بەمامۆستایەکی وریا و قنجی ژێر دەواری... سێبەری قوتابخانەکەی فرۆید، ئەوسا پاڤلۆڤ لەژێر گڵ و خۆڵەوە سەری دەردەهێنا و گلەیی لێدەکردم... لەوانەیە بەتابووتەوە بهاتبایە نێو هۆڵەکە و بیووتبایە:

(ئەوە منت فرۆشت؟ سەد حەیف و موخابن کوڕی عەبەی توونچی...!).

وەلێ گوناهی منی تێدا نییە... گوناه... گوناهی ئەو سەرخۆشە بوو... ڕیسی لێکردم بەخوری، ئای کە گێل و هیچ نەزان بووم... نا گێل نیم... من نەگبەتم... وەرە مەمرە... نزیکەی دوو ساڵ خەریک بووم، سەدەها سەرچاوە، بەعەرەبی و بەئینگلیزی، دوو ساڵ بەهەموو ڕۆژەکانییەوە... شەوانیش... تا درەنگانێ دەمامەوە... سەدەها شەو پاسەوان و

پشیله و یاساوڵ و عاشقەکانیش نووستوون... کەچی من تا بەرەبەیان وەئاگا بوویمەوە لە سەدەها کتێبی کۆن و نوێ نەخۆشییە کوشندەکانی دەروونم دۆزیوەتەوە... خوێندوومنەتەوە، درۆ نییە گەر بڵێم هەزاران لاپەڕەی سپیم ڕەش کردۆتەوە، بەهاران... پاش باران هەزاران مێرووله خاکێکی ڕووتەنی داگیر دەکەن... وشەش ئاوا مێشک و کاغەزەکانی بەردەمی داگیر دەکرد... دەمنووسی و دەمدڕاند... دەمنووسی و دەمـ... نووسین و دڕاندن ببوونە بەشێک لە ژیانم... وام لێهاتبوو لەسەر پاکەت و شقارتە و لەپی دەست و قۆڵی کراس و دینارەکانیش سەرنج و تێبینییەکانم بنووسم، هەژاری نەبووایە بێئاگایی وای لێدەکردم دینارەکانیش وەک پارچە کاغەزەکان بدڕێنم، ئەم هەموو هەوڵ و ماندووبوونە بەفیڕۆ چوو... بۆ بەدبەختیم لە دوا شەوی خۆئامادەکردنی یەکجارەکیمدا پێڵاوی چەپی سەرخۆشێکی تەنیا و نامۆی ناو ئوتێلێکی نمرە حەوتی، هەشتی... بێ نمرەی شارێکی جەنجاڵی وەک بەغدا وای لێکردم لەو نامەیە پاشگەز ببمەوە... لە زانیاری دوای گەڕان و سۆراغی دوو ساڵ، بەلاتانەوە سەیرە... بۆ...؟ کەوتنەخوارەوەی سێوێک، تەنیا سێوێک یاسای - کێشکردنی - بە(نیوتن) دا... دەبا منیش زانایەکی چکۆلە بم... ناکرێ...؟ ببێ و نەبێ... تازە داد نادا... دەبا من کەری (نیوتن) بم... ئەوەشیان هەر ناشێ...؟ کەیفی خۆتانە، بەڵام منیش ئەو شەوە... ئەو شەوەی سەرخۆشەکە پێڵاوی چەپی دانەکەند هاوارم کرد (دۆزیمەوە...!) دۆزینەوەی چی...؟ من خۆم و ڕەنج و فرۆیدم دۆڕاند... ئای کە مایەپووچ دەرچووم... ئەگینا چۆن لە دوا شەوی تەمەنی خوێندکاریم... ئەو شەوەی بۆ بەیانی لە بەرچاوی سەدان کەس نامەی ماجستێرەکەم دەخوێندەوە... بۆ نەگبەتی کابرای سەرخۆش پێڵاوی چەپی داناکەنێ و هەموو باسەکەم، هەوڵم هەڵدەوەشێ.... ئەو شەوە تا بەیانی خەوم لێنەکەوت... تا بەیانی کینگڵم دا... چێشتەنگاوێکی درەنگ چوومە لای دکتۆری سەرپەرشتیار و بەکڕوزانەوە و هیلاکییەوە پێم وت:

(مامۆستا... هاتووم داوای لێبوردن بکەم... ناتوانم ئیمڕۆ بەرگری لە نامەکەم بکەم...).

کە ئەمەم وت سپی هەڵگەڕا و چاوەکانی زەق بوونەوە و بەوپەڕی سەرسامییەوە پرسی:

(چۆن...؟)

ویستم خۆم بگرم و بەهێمنی باس لەو نەهامەتییە بکەم:

(ئەمشەو تا بەیانی نەخەوتووم...

- لەپای چی...؟



- سەرخۆشە لەعنەتییەکەی...

نەیهێشت قسەکەم تەواو کەم و وتی:

- کام سەرخۆش...؟

- ببوورە مامۆستا... من زۆر ماندووم... وام لێهاتووە پەشیمان ببمەوە...

- لە چی...؟

- لە نامەکەم...

- تێکچووی...؟ ئەم قسە حەلەق و مەلەقانە چییە...؟

- نا... بەڕاستیمە...

- ڕۆڵە ئارام بەو بەهێمنی تێم بگەیەنە...

- چاکە... بەڵام من بەهیچ جۆرێک ناتوانم لە بەردەمی لیژنەکە ئامادە بم...

- بەڵام دوو هەفتەیە هەموو لایەک چاوەڕێن ئیمڕۆ بەرگری لە نامەکەت بکەیت...!

- ڕایگەیەنن با دوا بخرێ...

- ئاخر شتی وا نەبووە کوڕم... پاشان جوان نییە بۆ من... نابێ...

- بۆ نابێ... وا بزانە کتوپڕ نەخۆش کەوتووم...

- بەڵام تۆ ساغیت...

- تەنیا بەڕووکەش...

- دیسان تێکچوویتەوە...؟ واز بێنە و خۆتم لێ شێت مەکە... ئەوەی لاتە بۆ وەختی دکتۆراکە هەڵیگرە...

- تووڕە مەبە گەر بڵێم لەو نامەیە پەشیمانم و وام لێهاتووە سەرلەنوێ تێهەڵبچمەوە و بەلای پاڤلۆڤدا بیشکێنمەوە...!

- ئەم ئاوازە تازەیە...

- تازە بێ یا کۆن... تا نەیەمەوە سەرخۆم هیچم بۆ ناکرێ...

- باشە سبەی...؟!

- ناتوانم...

- ئەی کەی دەتوانیت...؟

– نازانم...

– وا بروا تۆ من شەرمەزار دەکەی...

– من بەداخەوەم... بەڵام چاریشم نییە... ئەو کابری سەرخۆشە...

قسەکەی پێبڕیم و بەتووڕەیی پرسی:

– کام کابرا...؟

– ئەو کابرایەی ژوورەکەی بەسەر ژوورەکەی منەوەیە...

– جا ئەو چ پەیوەندی بەنامەکەی تۆوە هەیە...؟ بەسەر فرۆید و پاڤلۆڤ – ەوە...؟ ئەم چی کرد تا تۆ وا سەرت لێبشێوێ...؟

– وەک هەموو شەوێک پێڵاوەکانی دانەکەند...!!

– تۆ خەریکە منیش بەدەردی خۆت بەری... پاشان تۆ بیر لە گوزەرانی خۆت ناکەیتەوە؟

– زۆریش... بەڵام ئەی گومان و دوودڵی...؟

– بەخوا جوانە... دوای دوو ساڵ...؟!

– بەڵێ...

– لەپای چی...؟

– لەپای ڕاستی... لەپای شەرەفی زانستی...

– گەر وابێ لەگەڵتام... بەڵام من لە هیچ حاڵی نەبووم... سەرخۆش و پێڵاو و فرۆید و... تێناگەم...

– ئەو سەرخۆشە وای لێکردم بڵێم من زوڵمم لە پاڤلۆڤ کردووە...

– چۆن...؟

– دوور و قووڵە... گەر تۆ بەرگریم لە نامەکەم دوا بخەیت بەیانی دێمەوە و لەسەرخۆ چیرۆکی ئەو سەرخۆشەت بۆ دەگێڕمەوە...).

تۆزێ هێمن بۆوە و بەسۆزێکی باوکانەوە سەیری کردم و بزەیەک گرتی و پاشان وتی:

(تازە چار نییە... برۆ... بەڵام بەیانیت بیر نەچێ... بێیتەوە...).

وا کۆتایی هات... یان بڵێم وا کۆتاییم هات، پێڵاوی مۆبارەکی کابرای سەرخۆش شیرازەی هەموو شتێکی شێواند، وێنەی ڕاستییەکی لە بەرچاوم تەڵخ کرد، ڕاستییەک کە دوای دوو ساڵ پێی شاد ببووم، خۆم و خەڵک... خۆم و نەخۆشییەکانی خۆم، ترس و شەرم



و دەیان گرێ و دەردی دەروونی سەردەمی منداڵی خۆمم لە فرۆید – دا دۆزیبۆوە، ئەو شەوە دوا شەو بوو... چەند بەختەوەر بووم، دە جار ناونیشانی نامەکەم خوێندەوە، لاپەڕەکانیم هەڵدایەوە، لە وشەکان ورد دەبوومەوە، بگرە نوختە و فاریزەکانیش... لێرە و لەوێ دەمخوێندەوە، بەتایبەتی بەشی سێیەم (بەرگریکردن لە فرۆید)... بەخۆشی و ترسێکەوە بیرم لە پرسیاری دکتۆرەکان و وەڵامەکانی خۆم دەکردەوە، بیرم لە پیرەدایک دەکردەوە... لە کچە چاوڕەشەکەی بەشی ئینگلیزی... بەڵام چی لە ڕێکەوتی شووم دەکەی...؟ کابرای سەرخۆش خەوی لێزڕاندم... تا بەیانی کینگڵم دا... ئەگەرچی بیرم نایە، هەرگیز، لە هەموو شەوەکانی ژیانما ئارام نووستووم، هەرچەندە خەویشم سووکە... بەڵام هەر کاتێ سەر بخەمە سەر سەرین سووکێ خەوم لێدەکەوێ، وەک ئێوەش نیم... هەزار و یەک گرفت و دەردم هەبووبێ خەوی خۆم کردووە، ڕەنگە هەندێکتان بەخەیاڵی کچۆڵەیەک تا بەیانی چاو لێک نەنێ... جێهێشتن، تۆران، سووکەشەڕ، بێ پوولی، مەرگ... ئا مەرگ... ئەو ڕۆژەی باوکم مرد... بۆ شەوەکەی زۆر ئاسایی خەوم لێکەوت... خەونێکی سەیریشم دی... بیرمە لەو خەونەدا کچێکم ماچ کرد... گوناهی منی تێدا نییە... خەونە و دیومە، ئەمن کەر و گاش نیم... ئەوەندە ساویلکە و بێ خەمیش نیم... بەعەقڵم پێمەکەنن... خەم بۆ چۆلەکەی مردووی سەر شۆستەیەک دەخۆم، چۆلەکەیەک شەوی ساردی زستانێک کوشتبیەتی، ئەمن پێم لە مێروولەش پاراستووە، کەچی هەزار و یەک خەمم هەبووبێ هەر نووستووم، هەر کاتێ سەرم خستبێتە سەر سەرین خەوم لێکەوتووە، هەندێ بێ ڤالیۆم خەویان لێناکەوێ، هەندێکتان قاپێک ئارەق نەخواتەوە تا بەیانی کینگڵ دەدا... قسەی هیچ... ئەمن حەوت ساڵ کچە خاڵێکی خۆم خۆش ویست... بەرلەوەی لە ماجستێرەکە وەربگیرێم... ڕۆژێکیان کتوپڕ وتیان: (شووی کرد...!) شووی بەبازرگانێکی گەورەی شار کرد... ئەو شەوەی هەواڵەکەیان پێڕاگەیاندم وەکو ئێوە نەچوومە بارێک بەقەڕابە بخۆمەوە، نەچووم کابرای بازرگان بکوژم، یان هەڕەشە لە کچە خاڵەکەم بکەم، یان باوکی... یان... یان... بەڵام سەر لە ئێوارەی ڕۆژی دواتر چوومە دارستانەکەی نزیک گەڕەک و بۆ کەرییەتی و بێبەختی خۆم گریام... شەو کە چوومەوە سێ وێنە و چل و چوار نامەی دڵداریم سووتاند، ئەو ڕۆژە وام هەست کرد کوکوختییەکانی سەر درەختەکانیش بۆ خەمی من دەگمێنن، وامدەزانی درەختەکانیش بەچرپەوە پێم دەڵێن:

(بۆ ئەو بێبەڵێنە خەم مەخۆ... پارە فریوی دا...) ئاوی جۆگەلە دەستکردەکانیش دەیانچرپاند:

(ئەو کچەتیوە ساویلکەیە شایەستەی یەک دڵۆپە فرمێسکی تۆ نییە...).

من نیازم نییە چیرۆکی ئەو حەزەتان بۆ بگێڕمەوە، ئەوەیان چیرۆکێکی سەربەخۆیە و سەدان لاپەڕەی نقومی گریانی دەوێ، من دەمەوێ بڵێم: ئا لەو شەوەدا... شەوی داڕووخانی کۆشکی سپی ئەوین و پچڕانی گۆرانی حەزی حەوت ساڵەم، ئا لەو شەوە شوومەدا سەرم خستە سەر سەرین و خەوم لێکەوت، ڕەنگە بڵێن: دە کەواتە خۆشت نەویستووە... ئەگینا چۆن حەزی حەوت ساڵەت دۆڕاو وا کافرانە خەوت لێکەوت، ئاخر وا نییە... باوەڕتان بێ بەدەم گریانەوە خەوم لێکەوت، لەگەڵ تکەی فرمێسکەکانم بەرگی سەرینەکە ڕەنگی دایەوە، خەوێکی خۆش و هەم ناخۆشیشم دی... لەو خەونەدا بازرگانەکەم کوشت و کچە خاڵەکەی خۆم فڕاند... هەڵمگرت و بردمە گوندێکی نێو ئەو شاخانە، هەر لەو خەونەدا کوڕە خاڵەکانم گەیشتنە ئەو گوندە و منیان کوشت... خوشکەکەی خۆیان، دولبەرەکەی منیان بردەوە... گاڵتە بەعەقڵم مەکەن... خەون هەر وایە، بەتایبەتی گەر خەونی عاشقێکی وەک منی کۆستکەوتە بێ، سەیر لەوەدایە من کوژرابووم و ئاگام لەوەش بوو کوڕانی خاڵ هەرەشەیان لە خوشکەکەیان دەکرد بەوەی کە زیندەبەچاڵی دەکەن... کەچی من ئەو شەوە پیاوێکی مەست نەیهێشت بخەوم... ڕەنگە بڵێن بۆ...؟ هاتە ژوورەکەت و بەسەرخۆشی خەوی لێزڕاندیت...؟ هەر بەمەستی چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ تۆ گێڕایەوە...؟ یان ئەوەتا بەزۆری ڕایکێشایت تا لە بارێکی لاپەناوە بەیەکەوە بخۆنەوە...؟ نەخێر... ئەی چی...؟ ئەی هیچ... ئەمن ناتوانم وا بەئاسانی چیرۆکی ئەو سەرخۆشە بگێڕمەوە... گەلێ ماندووم، من نەخۆشم، من نەخەوتووم، چەندەها شەوە بیر لەو لەعنەتییە دەکەمەوە، لە نامەی ماجستێرەکەم، لەو گێژەنەی تێی کەوتووم، گوێ بگرە تا کۆتایی... لەوانەیە سەرسام بیت، یان وەک وتم بەعەقڵم پێکەنیت، یان ئەوەندە پەست بیت بەجرتێک... مەترسە و شەرم نەتگرێ و لەوەشیاندا هەر سەربەست بە، هەڵبەتە تۆ حەز لە چیرۆکێکی سەیر و سەمەرە و پڕ کارەسات دەکەی، جەرگبڕ، کۆتایی بەمەرگ و خوێنڕشتن بێ...؟ ڕەنگە برادەرەکەت حەز بکا چیرۆک بەدۆڵ و زوڕنا و هەڵهەلە و ماچ و مووچ کۆتایی بێ...؟ لەوانەشە حەز بەچیرۆکی دڵداری بکا، یان پۆلیسی، تاوان و سزا، یان سەرکێشی و ململانێی دۆست و دوژمن... یان کێشەی نێوان مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی، یا لەگەڵ کۆمەڵ، یان لەگەڵ هەموو دونیا... بەڵام ئەم چیرۆکە پەیوەندی بەم شتانەوە نییە... پەیوەندی بەدانەکەندنی پێڵاوی چەپی سەرخۆشێکەوە هەیە، پێڵاو و سەرخۆشەکەش پەیوەندییان بەپاڤلۆڤ – ەوە هەیە... ئەمەیان نوکتە نییە... ڕاستییەکە... دوای سەدەها



شەو و چەندەها مانگ خوێندنەوە و نووسین... دوای ئەوەی سەرم بەدەیەها کتێبخانەدا گرت، چەندەها لاپەڕەم ڕەش کردەوە... چەندەها لاپەڕەی تازە و کۆنیشم هەڵدایەوە، کتێبی قەبەی دەروونزانی، شەونخوونی، ڕۆژانی دووروودرێژی سەر مێزی کتێبخانەکان، ڕامان... ڕامان، گوێم لە دەیەها پرۆفیسۆر و دکتۆری هۆشمەند و کەچەڵ گرت، زانیاری و ئەزموونی ڕەنگاوڕەنگی خۆیان هەڵدەڕشتە بەردەمم، دەچوومە هەموو ئەو پۆلانەی تیایدا دەروونی مرۆڤ وەک شووتییەکی زۆر گەییو شەق دەکرا، وام لێهاتبوو لە دوای شووکردنی کچە خاڵەکەم ماوەی ئەوەم نەبێ حەز لە هیچ کچێکی دیکە بکەم، دڵداری کات و حەوسەڵە و چاوەڕوانی و ژوان و سەریەشەی زۆری بەدواوەیە، ئاخر لە نامە پیرۆزەکەم دوای دەخستم، نەک لەبەر ئەوەی کەسێک نییە خۆشم بوێ و... یان منی خۆش بوێ... نەخێر... وا تێنەگەن... بەڕاست کێ هەیە...؟! وەلێ هەزار ئەفسووس حەزی کچە خاڵەکەم برینێکە قەت تیمار ناکرێ... ئەمێستاش خوێنی ئەو برینە کۆنەم لێدەتکێ، من زۆر نەگریس و سەگبابم... لە ژیانما هەموو شتێک، هەموو کارێک بەقورسی دەگرم، نەخێر ئەو – م بیر نەچۆتەوە... گەرچی تەمەنیشم لە سی و پێنج ساڵ تێپەڕیوە، ژنیشم نەهێناوە... حەزیشم لێیەتی، لەبەر ماجستێر و ئەو کەڵکەڵەیەی کەوتۆتە سەرم، لەبەر ئەو باسە ئاڵۆزەی هەڵمبژاردووە ناپرژێمە سەر هیچ، بەتایبەتی گەر باسەکەش پەیوەندی بەدەروونەوە بێ، یەکێکی وەک منیش کە دەیەها نەخۆشی دەروونیم لە خۆمدا بینیوە... هەر لە هیستریاوە تا دەگاتە ترس و ڕاڕایی و ماتەمینی... ڕەنگە بڵێن تۆ ماجستێرت بۆچییە؟ کە تەمەنت لە چل تێپەڕی و کەوتیتە کۆکەکۆک، چاوەکانت کز بوون، دەست و پەنجەکانت کەوتنە لەرزین، یەکەیەکە ددانەکانت کەوتن، سەرت تووکی پێوە نەما و کەچەڵ بوویت... ئەوسا نەک هەر قەیرە کچ... لەوانەیە بێوەژنیش پێت ڕازی نەبێ... با وا بێ... بەڵام گوناهە... وای بۆ مەچن کە من لەپێناو پارە و پلە و پایە خەریکی ماجستێرم و سوورم لەسەر ئەوەی کە هەر دەبێ بیگەمێ، گەر وای بۆ بچن گوناهتان دەگاتێ... تا گوێتان لە چیرۆکی ڕەشی من نەبێ... لە خۆتانەوە هەڵمەدەنێ... تفەنگ بەتاریکییەوە مەنێن، من وەک زۆربەی زۆرتان گوناهم... بەستەزمان... بەڵکو لە هەمووشتان گوناهترم، ناشمەوێ بۆم بگرین، نەخێر، دەشتوانم واتان لێبکەم بگرین... ئا... من چەندەها جار بەچیرۆک و سەرگوزشتەی پڕ کوێرەوەری خۆم خەڵکم گریاندووە... وا بەکوڵ گریاون منیشیان خستۆتە سەر شین و شەپۆڕ، هەندێ جاریش ئاگام لە خۆم دەبڕێ و دوو سێ درۆی قورسیش دەخەمە سەر چیرۆکی نەگبەتی و نەهامەتیم، لە ژیانما هەمیشە ڕاستی و

درۆ تێکەڵ دەبێ، من بابایەکی شێتم... ئەگینا بۆ وا تێکەڵ و پێکەڵم... ها... ئەوەیە... ماندووم... ماوەیەکە نەخەوتووم... مەترسن... هەر ئێستا هەموو سەرە داوە ئاڵۆزکاوەکان لەیەکدی جوێ دەکەمەوە... ئەوسا سەرسام دەبن و ڕەنگە لە هەموو لایەکەوە چەپڵە و ماچ و نامەی ستایشم بۆ بێ، دەشێ نامەی پڕ جنێویشم بۆ بێ، هیچ کامیانم بەلاوە مەبەست نییە، گرنگ چیرۆکی سەرخۆشەکەیە... پێڵاوی چەپی... ئا من وتم قوتابی ماجستێرم و دەبووایە تا ئێستا نامەکەم پەسند بکرایە... گەر ئەو سەرخۆشە نەبووایە لەوانەیە باسەکەم ببووایە بەتەقینەوەیەک و دەنگی بدایەوە، هەموو دکتۆرەکان سەرسام دەبوون، ڕەنگە دوای هەفتەیەک... نا... تۆ بڵێ هەر ئەو ڕۆژەی کە بەرگرییەکەم تەواو دەکرد... لێی کۆ دەبوونەوە و بڕیاریان لەسەر دەدا تا وەربگێڕدرێتە سەر هەموو زمانە زیندووەکانی دونیا... لەوانەیە نامەی داوەتم بۆ بهاتبا تا بچم لە دانیشگاکان لە باسە بەپێزەکەم بدوێم، خۆ لەوانەشە هەر دوای ئەوەی باسەکەم تەواو دەکرد لیژنەکە تووڕە بوونایە و من و پیرەدایک شاگەشکە بین، بەوەش شوکرانەبژێر دەبووم گەر پارەی نان و نووستنەکەم لێنەستێننەوە، ڕەنگە ئەو کچە چاو ڕەشەی بەشی ئینگلیزیش لێم بتۆرایە و منی نەویستایە، ئەوسا نەمدەتوانی بگەڕێمەوە لای پیرەدایک و سێ خوشکی جحێڵ... ئەوسا دایکە بێوەژنەکەم پێم دەڵێ:

(بڕۆ بێ غیرەت... نە مانشستەرت گەیاندە سەر و نە ژنەکەشت هێنا...).

دوو ساڵە دەمەوێ فرۆید و پاڤلۆڤ لەیەکدی نزیک بخەمەوە... ڕەنگە بپرسن بۆ لەنێو ئەو هەموو زانیارییە جۆربەجۆرانە دەروونزانیت هەڵبژارد...؟ زۆر خزم و برادەر و ناسیاو ئەمەیان لەلا درکاندووم، کەسانی نزیک دەزانن من هەر لە منداڵییەوە و بەزکماک زیرەک بووم، وەلێ زیرەکێکی نەخۆش، نەخۆشی جەستە و دەروون، برادەر و خزم و ئاشنا و ڕۆشنا حەزیان دەکرد ببم بەپزیشک یا ئەوەتا ئەندازیارێک... نەبووم... نەمویست، ئاواتی هەموویانم خستە ژێر گڵ... بەلاتانەوە سەیرە...؟ ئێوە وان... دەتانناسم... پارە، پلە و پایە، قوربانی ئەو ڕێکەوتە بم منی فڕێدایە باوەشی فرۆید و پاڤلۆڤ، فرۆید – م زووتر ناسی... ڕۆژێکیان هەر بەڕێکەوت لە ماڵی برادەرێکما کتێبێکی فرۆیدم دەست کەوت، بەپەلە خوێندمەوە... بەدوای هی تردا گەڕام، بووم بەدەرویشی فرۆید، هەر لەو ڕۆژەوە ئەو خولیایە گرتمی و بڕیارم دا شەشی وێژەیی تەواو بکەم و بچمە بەشی – دەروون شووناسی – هەر واشی لێهات، ئەوەتا دەمبینن... چوار ساڵ وەک شێخی تەریقەتی نێو خەڵوەت کەوتمە نێو دونیای دەروون، دەروون ببووە جەنگەڵێک تیایدا ون بووم، جەنگەڵێکی هەزاربەهەزار... ببووە شاخ و کێو و دەربەندێک، دەریایەک و منیش بێچوە نەهەنگێکی چکۆلە، هێدی



هێدی گەورە دەبووم، سەرەتا لە نزیک کەنارەکانەوە مەلەم دەکرد... کە گەورەتر بووم تا ناوەڕاست و قولێیی ڕۆیشتم، دەروون ببووە ئەشکەوتێکی ترسناک و هەزاران نهێنی و کاسەسەرم تیا دۆزییەوە، هەر ڕۆژە و کاسەسەرێکی تازە، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ پتر هەستم دەکرد ئەمن نەخۆشم، شەو و ڕۆژ دەمخوێندەوە... دەڵێن کرمی ئاوریشم بکەوێتە نێو دارستانێک لە درەختی توو... گەڵێی پێوە نامێنێ... منیش ئاوا کتێبم دەخوارد... بیابان چۆن دڵۆپە بارانەکان هەڵدەمژێ... مێشکی من ئاوا وشەکانی هەڵدەمژی... ڕۆمان و شانۆگەری و شیعر و فەلسەفە و مێژوو... بگرە پارچە ڕۆژنامە کۆن و فڕێدراوەکانیشم دەخوێندەوە... دەمخوێندەوە تا شارەزای پەنا و پێچی... کون و کەلەبەری دەروونی مرۆڤ بم، گوێم لە مۆسیقا دەگرت تا لەو ئاوازەوە برین و خەمی مۆسیقاژەنەکە ببینم، سەیری تابلۆی هونەرمەندەکانم دەکرد تا لەنێو هێڵ و ڕەنگی ڕژاوی سەر پارچە تەختە و قوماشەکان ژان و تلانەوە و چیرۆکی ژیانیان بخوێنمەوە، هەر لەوەوە شارەزای نەخۆشییەکەی (ڤان کوخ) بووم، ترسی نێو تابلۆکانی (مونش)، ناشیرینی و ناڕێکی (باکۆن)، گرێ کوێرەکانی دۆستۆیڤسکی، لۆرانس، داڤنیشی و زەردەخەنەی مۆنالیزا، کافکا و ڕەشبینی، هیچکۆک و ترس، کیتس و خەم، ڕایش و سێکس، بۆم ساغ بۆوە فرۆید خۆی گەورەترین نەخۆشە و لە نەخۆشی دەدوێ... زۆرانی تر... بەخیلیم بەوانە دەبرد... دەمویست وەک ئەوان، ئازایانە، لە نەخۆشی خۆم بدوێم، گەر توانیم بدوێم ئەوە پاک دەبمەوە، دیسانەوە لە باسەکەم لام دا... پێڵاوی سەرخۆشەکە... بەهەرحاڵ... من باسەکەم تەواو کردووە و کەچی ئەو سەرخۆشە سەرەداوی گلۆڵەکەی لێ بزر کردم، نامەکەم بوو بەکۆلارەی دەم ڕەشەبا... وای لێکردم دوای دوو ساڵ تازەبەتازە بڵێم: پاڤلۆڤ تۆ بردتەوە... فرۆید تۆ دۆڕاندت... یان هەردووکیان دۆڕاندیان و... نا... هەردووکیان بردیانەوە و من دۆڕاندم... ئا من خۆم دۆڕاند، ئای کە هیچنەزان دەرچووم... وەلێ تا ئێستاش کە ئەم چیرۆکە دەگێڕمەوە ئەمن فرۆیدم خۆش دەوێ و... ڕێزی دەگرم، من ناتوانم بیسڕمەوە، تەنیا پاڤلۆڤ توانی جێگەی پێ لەق بکا، نەک پاڤلۆڤ... لای من ئەو سەرخۆشە، نەک سەرخۆشەکە... بەڵکو پێلاوی پێی چەپی سەرخۆشەکە، نەک پێڵاوەکەش خۆی... بەڵکو تەپەی پێڵاوەکە... نامەکەم پیرۆزە و بەر لە من کەس خۆی نەخستۆتە دەریای وا قووڵ و پڕ ترس، باسەکەم... ها... بوێرم بیڵێم باسەکەم خوڵقاندنی گونجانێکە لە نێوان فرۆید و پاڤلۆڤدا... ڕەنگە بڵێی: کەس گووی وای نەخواردووە... من دەیخۆم... کوڕی عەبەی توونچی دەیخوا... یا ئەوەتا سەردەکەوم یا ئەوەتا پرۆفیسۆر و مامۆستا و دەرگاوان و

قوتابییانی گوێگر بەشەق لەو هۆڵە دەرم دەکەن... ئەی کێ نالێ ئەو باسەی من دەنگ ناداتەوە و لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆش باس ناکرێ...؟ ئای کە پیرۆزە... ئەوسا کچە چاو ڕەشەکەش چەپڵەم بۆ لێدەدا، پیرەدایک دەڵێ: (دەستخۆش ڕۆڵە... ڕەنجی منت لێ حەلێڵ بێ... خۆزگە باوکت زیندوو بووایە... قەت لەو باوەڕەدا نەبوو ئەتوو ببی بەپیاو... ئای کە بەسووکی سەیری دەکردیت...!).

دەزانم بەژنە دراوسێیەکان دەڵێ: (ژنینە ئەوە فەرهاد مانشستەرەکەی تەواو... مەولودێکی پێغەمبەرم لەسەرە و لە مزگەوتەکەی مەلا حەسەن دەیکەم...!).

مەولودی چی...؟ چما ئەو سەرخۆشە تامی تێداهێشت...؟ بەهەرحاڵ... من واز ناهێنم، مەبەستیشم نییە بەڵگەنامەی ماجستێر وەربگرم و لە ژوور سەرم بەدیوارێکەوە هەڵیواسم، پیاوی وەک من نەخۆش شانازی وا بەخۆیەوە ڕەوا نابینێ، من نەخۆشم و لە ناوەوە دارِزاوم... با زیت و زیرەک بم... داد نادا... بلیمەتان زۆریان نەخۆشن... بگرە شێتیشن، پێم مەڵێ شوورەیییە... شەرمە چۆن وا باسی خۆت دەکەی؟ بۆ تۆ شەرمە... تۆ دەترسیت گوێ لە من بگریت... حەز دەکەی وەک ئافرەتێکی سۆزانی دەموچاوم بۆیاغ بکەم و بێم سەمات بۆ بکەم... من سۆزانی نیم تا بەعاقڵی لەسەر کۆشت دابنیشم... من کابرایەکی بریندارم... تۆ ناتەوێت باسی خۆت بکەی... بۆیە ڕقت لەو کەسانەیە لە وێرانەخاکی مێشک و دڵیان بدوێن، گەر لە منداڵیتەوە شەق و تف و جوێن و خوێن و دەردێکی زۆرت نەبینیوە گوێم لێ مەگرە... ئای کە عەبەی توونچی فەلاقەی کردووم، مناڵانی لە خۆم گەورەتر و بچووکتر تێیان هەڵداوم، ئای کە مامۆستاکان بەڕاستە و حەیزەران پشتەدەستیان داغ کردووم، ئای کە تفی ئەم و ئەوم لە ڕووی خۆمدا سڕیوەتەوە، ئەمن دوو نەخۆشیی زۆر کوشندە وەک شێرپەنجە ناخیان خواردووم، هەر لە منداڵیمەوە سەرم دەخۆن، دوو نەخۆشی هەروەک دوو ماری ڕەشی سەر هەردوو شانی - زوحاک - لە ناخما ڕواون، مارەکانی سەرشانی زوحاک بەمێشکی گەنجان تێریان دەخوارد و دەسرەوتن... وەلێ من...؟ ئەم دوو نەخۆشییە مێشکی خۆم دەخۆن... ئەم دوو نەخۆشییەش... ئەو دوو گرێیەش ترس و شەرمە... هەر لەبەر پیرۆزی و گەورەیی و ترسی ئەو دوو گرێیە چوومە بەشی - دەروونزانی -و ڕەنگە هەندێکتان بڵێن جا چی تێدایە... ئێمەش، هەمووومان، کەم تا زۆر هەم دەترسین و هەم شەرمیش دەکەین...؟ وایە... بەڵام کەستان وەک من قوڕی بۆ نەگیراوەتەوە... لەوانەیە بڵێن: درۆ دەکەی... گەر ئەوەندە ترسنۆک و شەرمن بوویت چۆن حەوت ساڵ حەزت لە کچە خاڵەکەت کرد...؟ وا نییە...



بەهەڵەدا ڕۆیشتوون... ئەمن بەدزییەوە... لە ژێرەوە خۆشم دەویست، ئەو نەیدەزانی، هەر خۆم بەتەنیا بۆی دەسووتام... چاوەڕێ بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان منی کەڕ و لاڵ، منی گێژوویژ ئەو نهێنییە بدرکێنم... پیاو بووم... نەمدرکاند... کاکە نەمتوانی... نەموێرا... ئیتر بۆ خۆی شووی بەبازرگانەکە کرد... ئەمێستا سێ منداڵی هەن، دوو کوڕ و کچێک، منداڵەکان بەفەرزەندی خۆم دەزانم... باوکی ناوی لێناون: هیوا، بڕوا، خەندە... منیش بەدزییەوە ناوم لێناون: هاوار، غەمبار، فرمێسک... ئا بیرم کەوتەوە، ڕۆژێکیان کە هێشتا قوتابی بووم... دولبەرەکەم لەسەر دەفتەرێکما ئەم دێڕەی خوێندەوە: (لەلام ئاسانترە کێوێک بەنینۆک بڕمێنم لەوەی بەئافرەتێک بڵێم خۆشم دەوێی...!) کە ئەمەی خوێندەوە سەری هەڵبڕی و زۆر بێباکانە و بەگاڵتەپێکردنێکەوە وتی:

(چ کەرێک ئەوەی وتووە؟).

بە لێوەلەرزەوە وتم: (شاعیرێک...!).

وتی: (جوان نییە شتی وا لە دەفتەرەکانتا بنووسیت...).

کە وای وت لاڵ بووم و وتم: (ڕاست دەکەی...).

بە تووڕەییەوە وتی: (من هەرچی بڵێم، تۆ دەڵێی ڕاست دەکەی...).

بە ترس و شەرمەوە وتم: (ئاخر ڕاست دەکەی...!).

هەر ئەوسا ویستم پێی بڵێم ئەم ڕستەیەم بۆ حاڵ و دەردی دڵی خۆم نووسیوە... کەچی نەموێرا... کە لەگەڵما دەدوا تک تک ئارەقەم دەکرد، سوور هەڵدەگەڕام، زۆرجار لە خەم و حەژمەتی ئەو لاڵبوونەم دەگریام... لەوانەیە بڵێن ئەی ئەو سێ وێنە و چل و چوار نامەیەی کچە خاڵەکەت...؟ دەستخەڕ و مەبن... چل و چوار نامەکە هەر خۆم نووسی بووم و هەر خۆیشم وەڵامی خۆمم دابۆوە... وەک کەسێک گۆرانی بۆ دەردی دڵی خۆی بچڕێ، وەک زوڕناگێوێک خۆی زوڕنا لێبدا و خۆیشی هەڵپەڕێ... گەر کەسی واتان نەدیوە؟ ئەوە منم...! سێ وێنەکەش خۆی نەیدابوومێ... بەدرێژایی ئەو ساڵانە کە دەچوومەماڵیان توانیم غیرەت بدەمە بەرخۆم و هەرسێکیان بدزم، ئەو شەوەی کە زانیم شووی کرد هەموویانم سووتاند... نەک لە ڕقی شووکردنەکە... نەخێر... لە ترسانا سووتاندم... لە شەرمانا... چونکە تا ئەو شەوەش زەندەقم لەوە چووبوو بیدۆزنەوە، هەموویانم لەنێو جانتایەکی چکۆلەی تەنەکەدا کلیل دابوو، هەموو ڕۆژێکیش شوێنەکەیم دەگۆڕی... ئەوەندە شەرمن و بەستەزمان بووم نەدەچوومە ناو پاسیش نەبا خەڵکی سەیرم بکەن، وام هەست دەکرد

هەمووویان لە من ورد دەبنەوە و لە ژێرەوە سکیان پێم دەسووتێ... یان ئەوەتا گاڵتەم پێدەکەن... تۆ بڵێی بزانن من ئەوەندە بێ غیرەت و بەستەزمانم، مەودای نێوان گەڕەک و قوتابخانە سەعاتە ڕێیەک دوور بوو... کەچی من بەپێ دەمکوتا، لە هاویندا گەرما پشتی ملمی دەبرژاند و قورگم وەک پەلێس وشک دەبوو، زستانانیش باران و بەفر و تەرزە دایدەشۆریم، چەندەها جار سەرما کاری تێدەکردم و نەخۆش دەکەوتم... ئەوەم پێخۆشتر بوو لەوەی بچمە ناو پاسێک و خەڵکی سەیری دەموچاوم، بەژن و باڵێم، جلوبەرگە شڕەکەم بکەن، شانەم لە سەرم نەدەدا نەبا بڵێن: (ئەها فەرهادیش خەریکی مۆزەمۆزە...!) ئای کە لە وشەی مۆزەمۆز پەست دەبووم، کە دوو کەس سەریان لە بنگوێی یەکدی دەنا و پێدەکەنین... کە بەرێکەوت چاویان هەڵدەبڕی: وامدەزانی بەمن پێدەکەنن، بەوردی سەیری خۆم دەکرد و تەمی گومانێک بەرچاوی دەگرتم، هەمیشە لە خەڵکی دوور دەکەوتمەوە، کە میوان دەهات خۆم دەشاردەوە... دەمزانی ئارەقەیەکی زۆر دەکەم و سوور هەڵدەگەڕێم، لە شەرمانا نانم بۆ نەدەخورا، وەک پیرەمێردە مەیخۆرەکان دەست و پەنجەکانم دەلەرزین، چەندەها جار پیاڵەی چا - م لە دەست بەردەبۆوە و دەشکا... دایکیشم تاکە سۆڵێکی تێدەگرتم، هەر کە دەجوولامەوە بەزەرەر دەشکایەوە، چەندەها جار بەتەنیا دەگریام... دوای حەوت ساڵیش کە شەیتانی بووم و خەتی سمێڵم دانا و دەنگم گڕ بوو، ئەو سێوە خڕەی بەربینم دەرپەڕی... ئای کە ڕقم لەو سێوە حیزە بوو... لەو دەنگە گڕەم، خۆ نەمدەوێرا قسە بکەم، سەربانە تەپیوەکەی لەگەڵ دەلەرزی، دەتووت قیڕەی بۆقی نێو چەمی بەهارانە، حەوت ساڵ تێپەڕی و نەموێرا بەکەس بڵێم شەیتانی بوویمە، زوو زوو ژنانی دراوسێ سەیریان دەکردم و بەدایکمیان دەوت:

(بەسێ... فەرهادی کوڕت بالق بووە... ئاگات لێیەتی...؟) خۆم لێ گێل دەکردن و دەڕۆیشتم، هەمیشە دەرپێیەکانی خۆم لە دایکم دەشاردەوە، دەترسام ئەو پەڵە زەرد و لەعنەتییانە ببینێ، بەخەون و خەیاڵ دەستم لە ملی دەیەها ئافرەت دەکرد و دەیەها ئافرەتیشم... ئۆە... با نەیڵێم... وامدەزانی هەموو خەڵکی ئاگایان لەو خەیاڵ و خەونانەم هەیە... پتر تەریق دەبوومەوە... ژیانم بریتی بوو لە زنجیرەیەکی نەپچڕاوی تەریقبوونەوە و ترس و شەرم و شکانەوە و دڵساردی، نەدەچوومە هۆڵی سینەماش تا فلیم دەستی پێنەکردایە... وامدەزانی تا دادەنیشم هەموویان سەیری من دەکەن... ئای کە حەزم بەفلیمی دڵداری و عیشقبازی دەکرد... هەردەم وامدەزانی پاڵەوانی فلیمەکەم، هەمیشە بەخیلیم بەغیرەت و ئازایەتی پاڵەوانەکە دەبرد... ئای لەو ساتانەی کچەکەی ماچ دەکرد... دڵم لە



جێی خۆی هەڵدەقەنا و دەهاتە ناو دەمم، لە خەڵکی دەسڵەمیمەوە و وامدەزانی هەموویان ئاگایان لەوەیە من ترسنۆک و شەرمن و بێ دەموپلم، هەموویان دەزانن دایکم کارەکەری ماڵی - باویل ئاغایە - و عەبەی توونچی تووڕەیە و کە دەشخواتەوە دارکاریم دەکا و منیش لە ترسانا میز بەخۆمدا دەکەم... لەوانەشە بزانن من حەوت ساڵ حەزم لە... هیچ... ئەمن نەگبەتم... ئەگینا بۆ جارێکیان، کە هێشتا لە پۆلی سێی سەرەتایی بووم خۆم پیس کرد... نازانم بۆ شەوەکەی چیم خواردبوو... بەیانی کە چوومە قوتابخانە سکم پێچی پیا دەهات و وامزانی باووبژە... بیرمە مامۆستا عەلی باسی شەڕی -ئوحد-ی دەکرد... لە شەرم و ترسی خۆم نەموێرا دەست هەڵبڕم و بچمە دەرێ... خۆم خواردەوە... دەمزانی تووشە و بەحەیزەرانەکەی حەسیرمەیدانێکم بۆ ساز دەدا... توند خۆم گرت... بێسوود بوو... تا دەهات پێچەکە تاوی بۆ دەهێنام و زیادی دەکرد... تا دەهات شەڕی ئوحد - یش کوشندە و خوێناویتر بوو... ئارەقەم دەردا... وامزانی هەر باووبژە... کتوپڕ مامۆستا عەلی نەڕاندی:

(فەرهاد...؟

- بەڵێ مامۆستا...

- لەم شەڕەدا کێ بوو ددانێکی شکا...؟).

بە پەلە هەستامەوە... ئەوەندەی نەمابوو تڕێکم لێ بەربێ... بەزۆری و زۆردارەکی گەڕاندمەوە... مامۆستا و قوتابییە ورد و زیتەڵەکانی هاوڕێم چاوەڕێ بوون... چاوێکم بەملا و بەولادا گێڕا... کەس پێی نەوتم... لەتاو ژان و ژووری نێو هەناوم بەپەلە وتم:

(ئیمام عەلی...!

- نەخێر...

- عومەر...

- عومەر کێیە سەگباب... بڵێ ئیمامی عومەر...!

- ئیمامی عومەر...

- نە ء... ماکەر...).

ویستم بگریم و بڵێم من چوزانم... خۆ لەو شەڕە نەبووم... لێم هاتە پێش و شەپازللەیەکی سراوەندە بناگوێم... کاسی کردم... پۆلەکە دەخولایەوە... هەموو دەمارەکانی لەشم گرژ بوون و خاو بوونەوە... کتوپڕ شیڕاندی و قوتابخانەکە کەوتە سەر بوومەلەرزە و شەپازللەیەکی دیکەی خێواندە پشتی ملم:

(پێغەمبەر... سەگباب... ددانی پیرۆزی پێغەمبەر شکا...).

لەگەڵ دوا شەپازللە تەواو ئاگام لەخۆ بڕا و وامزانی باووبژە و ویستم بەدزییەوە لە سکما دەری کەم... تەقییەوە... هەزار لەعنەت لە میکرۆبی سکچوون... تەقییەوە... ئای کە لە شەرمانا مردم... ئای کە تەریق بوومەوە... منداڵە زیت و زۆڵەکان بەیەکەوە کەوتنە قاقا و پێکەنین، هەر پچڕا بوون، قەت نەمدەزانی ئەوەندە لەگەڵما ناپاکن، مامۆستا عەلی چاوەکانی زەق بوونەوە، هەردوو لا لێوی کەفیان دەردا، دەستی گەیاندە حەیزەرانەکە لای تەختە ڕەشەکە وەستا... دیسانەوە مڕاندی:

(وەرە دەرێ حەیوان... منداڵی ساوایت؟).

دامە پڕمەی گریان...

(وەرە دەرێ کەرباب... ئێرە ئاودەستخانەیە؟).

نەجووڵام... هەر بەقژ ڕایکێشام و بەر بووە جەستەم... جەستەی ورد و لاواز و بێخوێنی من، گوێی لە زرنگەی زەنگەکە بوو دەستی لێبەردام، زەنگەکە فریام کەوت ئەگینا دەیکوشتم... لەو ڕۆژەوە منداڵان ناویان لێنام (فەرەی دەرپێ پیس...) من فرۆید – م خۆش ویست چونکە گرێی ترس و شەرم و هەموو نەخۆشییەکانی دیکە دەباتەوە سەردەمێکی زووی منداڵی، ئەو سەردەمەی تۆ لاپەڕەیەکی سپیت... هەر کەسە و دێ جنێوێکی لەسەر دەنووسێ، ئەو خۆپیسکردنە منی کوشت... نەک هەر ئەوە... سەدەها جار باوک و دایکم لە بەرچاوی ناسیاو و بێگانە جنێوبارانیان کردووم... شکاندوویانم، لە قوتابخانەش مامۆستاکان بەدار دەدوان... نەخێر... ئەم هەموو ستەمە بەسە... من لەسەر ئەو هەموو کارە ناڕەوایانە... لەسەر زۆرداری و کەللەڕەقی باوکان، تووڕەیی مامۆستا قەرزارەکان، لە باسەکەمدا شۆڕشێکی سوورم هەڵگیرساندووە، کەس نەماوە تاوانباری نەکەم... منیان ترساند... ترس... (هیچکۆک)یش گەر بەمنداڵی نەترسایە لە دوای خۆی پەنجا فلیمی ترسناکی جێنەدەهێشت... ئەی (کافکا)ی نەگبەت...؟ ئەو شەوە ساردەی کە تۆف و باران خەریک بوو دونیا کاول بکا باوکی دەریکرد... کافکا شەوێک لەنێو تاریکی و باران مایەوە و ترسا... گریا... نووسینەکانی پڕ بوون لە ترس و تاوان... ئەی من...؟ سەدەها شەو عەبەی توونچی دەریدەکردم... نیوەشەو... کە دەمزانی خەوتووە بەدزییەوە وەک پشیلە بەدیواری حەوشەکەدا هەڵدەگەڕام و خۆم دەخزاندە ژێر لێفە شڕەکەم... ئای لەو خەونە ترسناکانەی دیمن... نەک هەر من... سەدەها زانا و دانا وەک من نەخۆشن و نەخۆش



بوون... ئەمن گومان لە کەسێک دەکەم نەخۆش نەبێ... گومان لەو کەسە دەکەم کە نەگری... کێی تر... کێی تر...؟ ئۆ و... ئەمن هەمیشە لە باسەکەم لا دەدەم... هەقمە... پێڵاوی کابرای سەرخۆش و ئەو شەوە شوومە زۆر یادی جەرگبڕی بیر هێنامەوە... وتم هەموو شەوێک ئارام نووستووم... تەنیا ئەو شەوە نەبێ کە کابرای سەرخۆش پێڵاوی چەپی دانەکەند... تا بەیانی نەخەوتم و دەمەتەقێی نامەکەم دوا خست، لەوانەیە دوای چەند ڕۆژێکی دیکە بیخوێنمەوە... ئەی ئەگەر پەژیوان ببمەوە...؟ کەرییەتییە...؟ کەیفی خۆتە... تۆ گاڵتەم پێم مەکە... من... من توانیومە ڕێزی هەردوو قوتابخانەکە بگرم، توانیومە وەک دوو تای تەرازوویەک فرۆید و پاڤلۆڤ لاسەنگ نەکەم... گەرچی... گەرچی... نەخۆشییە دەروونییەکانی خۆم وایان لێکردم تۆزێک بەلای (فرۆید)دا بیشکێنمەوە... ئای کە عومری منداڵیم پڕ لە حەسرەت بوو... ئەو مێژووە ڕەشەم بیر ناچێتەوە... ئێستاش هەست بەلینجاوی ئەو تف و بەڵغەمانە دەکەم کە باوکم نێوچەوانی منی پێ سواغ دەدا... بەڵام... بەڵام پێڵاوی پێی چەپی کابرای سەرخۆش تایەکی تەرازووەکەی بەلای پاڤلۆڤدا خست، تاکێ پێڵاوی ئەو سەرخۆشە هەموو کێشەکەی لەلام گۆڕی... ڕەنگە بپرسن پێڵاوی پێی سەرخۆشێک... مەستێکی بێئاگای ئوتێلێکی بێ نمرەی شاری بەغدا چ پەیوەندی بەماجستێرەکەی تۆوە هەیە؟ پەیوەندی بەپاڤلۆڤ و فرۆیدەوە هەیە...؟ بەکچە خاڵەکەت؟ هیچکۆک و کافکا...؟ بەو هەموو قیامەتەوە. چ پەیوەندی بەترس و شەرمی ناو پاس و سینەماوە هەیە...؟ ئا... بەڕاست... بیرم هاتەوە... جارێکیان لە سینەما سیروان نەچوومە ژوورێ تا گڵۆپ کوژایەوە... فلیمێکی سێکسی بوو، زرمەی دەهات لە هەرزە و دەستەپیاو، فلیمی (دورگەی کچان) لەپڕ ساتمەم کرد و دەماودەم کەوتمە سەر زەوی... بوو بەتەقە تەق و هەڵلا و هورایەک نەبێتەوە... گوێم لە تریقە و قاقای ئەو خەڵکە بوو... نەمزانی و لێم تێکچوو ئاخۆ بەمن یان بەدیمەنێکی کۆمیدی پێکەنین، لەنێو ئەو تاریکییە تک تک ئارەقەم دەردا، وام هەست کرد هەموویان منیان دیوە چۆن بەربوومەتەوە، جارێکی دیکەش لەوە خەراپترم بەسەر هات... لە پاسێکدا کورسییەکی بەتاڵ نەبوو لەسەری دابنیشم، بەپێوە وەستام، من هەمیشە لە خەیاڵدا دەژیام... خەیاڵ بەشێک بوو لە ژیانی ساردم، داڵغەیەک گرتبوومی... لەناکاو کابرا ئیستۆپێکی گرت و قوناوقون کەوتمە سەر کۆشی کچێکی خرپن... نقەی لێوە هات، جنێوبارانی کردم: (سەرسەری... بێ شەرەف... خوێڕی... خوشک و دایکت نییە... عەیب ناکەی...؟) زۆری لێپاڕامەوە... دادی نەدا... خەڵکەکەش هەندێکیان پێدەکەنین... هەندێکیان لێم مۆڕ دەبوونەوە... دیارە لە

هەڵوێستی ئاوادا یان ئەوەتا پێدەکەنن یان مۆڕەت لێدەکەن... لە شەرمانا ئازای جەستەم وەک بینی ئاو دەلەرزی... من هەمیشە دەلەرزم، لەشم کەوتبووە سەر ئاو و ئارەقە... من هەمیشە ئارەقە دەردەدەم، خۆیشم نازانم لە کوێ دابەزیم... ئەوەندە دەزانم کە پاسەکە وەستا بەپەلەپروزێ دابەزیم، بەدەم ڕێگاوە نەفرەتم لە خۆم و پاس و کچە دەکرد، ڕووم کردە مزگەتێک و چوومە ئاودەستێکەوە... لەو ئاودەستەدا تێر گریام... من هەمیشە دەگریم، وام هەست دەکرد هەموو شارەکە تێم گەیشتووە کە من بەدەستی ئەنقەست خۆم بەرداوەتەوە سەر کۆشی کچێک... ئای لەو کچە سەربەگۆیەند و دەمشڕە... دەبێ ئێستا شووی بەچ قوڕبەسەرێک کردبێ...؟ لێم مەگرن... دیسانەوە لەو باسە لام دا... ئێوەش بن هەر واتان بەسەر دێ... وەکو من وڕێنە دەکەن... وەلێ چی بکەم... چیم لە دەست دێ؟ گەر ئەو شەوە کابرای سەرخۆش پێلاوی چەپی دابکەندبایە ئارام دەنووستم و خەوم لێنەدەزڕا... بۆ بەیانییەکەی وەک ئەفلاتونێکی بچکۆلە دەچوومە ناو هۆڵی (فارابی) و لەسەر کورسییەکەی دەستە ڕاست دادەنیشتم... دکتۆرەکانیش لە بنەبانی هۆڵەکە و لەسەر سەکۆیەکی تۆزێ بڵند چاویان تێدەبڕیم... پرسیاریان لێدەکردم، ئەوسا منیش چاوێلکەکەم لە چاو دەکرد و بەرگریم لە باسە بەپێزەکەی خۆم دەکرد... ژمارەیەکی زۆریش لە قوتابیان بەوپەڕی ڕێزەوە گوێیان دەگرت، کچە چاو ڕەشەکەش لە پێشەوە دادەنیشت و شاگەشکە دەبوو... سەرسامی ئەو هەموو زیرەکی و زانیارییە... شەرمی نەکردایە ماچی دەکردم... بەڵام ئاخ کابرای بەدمەست... هەی ئارەق خۆری نامۆی نزیک بەرۆحم... دوو ساڵە خۆت بۆ ئەو شەوە هەڵگرتبوو... هەموو خەڵکی یان مریدی فرۆیدن یان هی پاڤلۆڤ... دوو ساڵە دەمەوێ زیندوو ببنەوە و دەست بخەنە نێو دەستی یەک... وا بکەم بۆ یەکەمجار یەکدی ماچ بکەن... لە بەرچاوی هەمووان بەیەکدی بڵێن:

(ئا ئەو کوڕە هەژارە توانی من و تۆ ئاشت بکاتەوە...!).

ئەوسا فرۆید بەنەشئەوە دەیووت:

(لە نامەکەیدا من زاڵترم...!).

پاڤلۆڤیش بەحەسرەتەوە دەیووت:

(زۆر نا...).

(دەزانی بۆ...؟).

(هەڵبەتە... فەرهاد پابەندی تیۆرەکانی جەنابتە...).



(ئاخر ئەوەت بیر نەچێ خۆی نەخۆشە...).

(بەڵام گەر زانستییانە بیر بکاتەوە دەزانێ ئەم دەردانە لە کوێوە هاتوون و لە کوێ جێگیر بوون...).

فرۆیدیش هەروەک بڵێی قۆشمەی پێبکا لێی دەپرسێ:

(چۆن...؟).

(زۆر چاک... تۆ مێشکی بنیادەم بەلاوە دەنێی... تا ئەوپەڕی پشت بەخەون و ئەفسانە دەبەستیت...!).

(ئاخر ئەفسانە یەکەم گەنجینەی زانیاری و هوشیاری مرۆڤ بووە...).

(بەڵام من هەر شتێ بەتاقیکردنەوەی بەردەست نەیگەمێ باوەڕی پێناکەم...).

(ئەی باشە من لە عیادەکەما چیم دەکرد؟).

(گوێت لە وڕێنەی چەند نەخۆشێک دەگرت و بەهەمان چاو سەیری ساغەکانیشت دەکرد...).

(تۆش کۆمەڵێ سەگت ڕاگرتبوو... بێ ئەوەی......).

(بێ ئەوەی سکم پێیان بسووتێ وا نییە؟ ئەو کەسانەی وا دەڵێن با پێ لە پشتی مرۆڤ نەنێن...).

(بەهەرحاڵ... فەرهاد یەکێکە لەو هەزارەها نموونەی ئەوە دەسەلمێنێ کە لە شیکردنەوەی دەرووندا چ ئەنجامێکی گەورەم خستۆتە بەردەست...).

(وەک نەخۆشێک...؟).

(بەڵێ...!).

(نەخێر... خۆی نا... ئەم بەتەنیا نا... تۆ دەوروبەرەکەی فەرامۆش دەکەی... کەس لە سکی دایکییەوە نەخۆش نەبووە...).

(تێت ناگەم...).

(لە هەر شوێنێ زەلکاو هەبێ مێشوولەش زۆرە...).

(ئێمە باسی دەروونمان دەکرد...!).

(دەروون بۆ...؟ ئەی بۆ باسی مێشک نەکەین کە مەڵبەندی هەموو ئەو گرێیانەیە تۆ باسیان دەکەی...).

(پێویستم بەوە نییە... بێ هیچ بەڵگەیەک تیۆرەکانی من بەهەموو دونیادا بڵاو بوونەتەوە...).

(بە تایبەتی لە کۆمەڵگا بۆرژوا و سەرمایەدارییەکان...).

(بۆ تۆ لەو باوەڕەدا نیت من ڕەخنەم لەو کۆمەڵگایە گرتبێ...؟).

(ئەمەیان قسەی خۆت نییە و خەڵکی ئەو بەرگرییە لە تۆ دەکەن...).

(بەڵام ئەوەتا فەرهاد سەلماندوویەتی جیاوازی هەرە گەورەی نێوان من و تۆ لە زاراوە سایکۆلۆژییەکاندایە...).

(باوەڕ ناکەم...).

(کەیفی خۆتە...).

(بەهەرحاڵ... من باوەڕم بەتاقیکردنەوەی بەردەوام هەیە...).

(منیش باوەڕم بەنەخۆشی سەر قەرەوێلە هەیە...).

(من لەو بڕوایەدام گەر کۆمەڵگا خاوێن بێ مرۆڤ تووشی ئەو هەموو گرێیە نابێ کە تۆ خۆتت پێوە سەغڵەت کردووە...).

(کەی خاوێن دەبێتەوە...؟).

(ڕۆژێک دێ... ئەوساش ئەو نەخۆشییانەی تۆ لێیان دەدوێی دەچنە مۆزەخانەوە...).

ڕەنگە فرۆید و مامۆستا و قوتابیانی گوێگرم، لەوانەیە ئێوەش بڵێن بوونی کۆمەڵگایەکی وا خاوێن خەونێکی پیرۆزە و با بۆ داهاتوو هەڵیبگرین... کتوپڕ فرۆید چاویلکەکەی لە چاو دەکاتەوە و هەر وەک بڵێی لە پاڤلۆڤ ڕابکا... بەپێکەنینەوە دەڵێ:

(ئێستاش فەرهاد ئەو خۆپیسکردنەی منداڵی بیر نەچۆتەوە...).

ئەوسا هەموو پێدەکەنن و منیش وەک سەردەمی منداڵی تەریق دەبمەوە و سەری لووتم ئارەقە دەکا... دیسانەوە لام دا... نەء... هەموو شتەکان تێکەڵن... من دەتوانم پەیوەندی لە نێوان مەل و ماسیدا بدۆزمەوە، لە نێوان ئاو و ئاگر، خۆڵ و خوا، دار و بەرد و ئەستێرە و خۆر و ئاسمان و شەیتان و خۆم و عەبە و پاڤلۆڤ و تۆو... ئەووو... من وتم شتەکان لام تێکەڵ و پێکەڵن... من هیلاکم... پاڤلۆڤ و فرۆیدیش نەگبەتن... گەر نەگبەت نەبن چۆن بەدەست منێکی نەگبەتەوە دەناڵێنن... من کێم تا بوێرم خۆم لە قەرەیان بدەم...؟ من کێم تا بتوانم خۆم بخەمە گەرداوێکی وا ترسناکەوە...؟ ئەوە دونیایە و من بەربوومەتە گیانیان،



لە قەسابێکی دڵڕەق دەچم بمەوێ کەل و پاچیان کەم... بێ گوناهم... گوناهی کابرای سەرخۆشە و با فرۆید ملی ئەو بگرێ، هەقە پاڤلۆڤ زیندوو بێتەوە و یەک مانگ لەسەر حسێبی خۆی هەموو شەوێک ڤۆدگایەکی ڕووسی بۆ بکڕێ و لە بارێکی شاهانە دەعوەتی بکا، هەقە پێڵاوی چەپیشی بخرێتە مۆزەخانە، هەروەک چۆن پاڤلۆڤ مەدالیای بلیمەتی خۆی کردە ملی سەگەکەی... ئەو سەگەی بووە هۆی دۆزینەوەی تیۆرە مەزنەکەی، ئەی بۆ مەدالیایەکی زێڕین نەخرێتە ناو پێڵاوی چەپی کابرای سەرخۆش؟ نیوچەوانی ماچ بکا و ناویشی بچێتە نێو مێژووی دەروونزانییەوە، دەزانم ئەنجامی ئەم باسە سەغڵەتی کردووی، خۆ من شێت نیم، هەر ئەو شەوەی کە سەرخۆشەکە پێڵاوی چەپی دانەکەند و من خەوم لێ زڕا... یەکسەر... هەروەکو بروسک تیۆرەکەی پاڤلۆڤ لە مێشکما شریخەی هات و تەقییەوە... ڕاهێنان... ڕاهێنان... مرۆڤ ڕادێ... جا چ لەسەر چاکە و چ لەسەر خراپە... تا ئەو حەڵە دەمووت هەموو گرێ دەروونییەکان لە عەقڵی ناوەوە کورک دەبن و دەمێننەوە... بەڵام ئەوەتا پێڵاوی سەرخۆشەکە سەگەکەی پاڤلۆڤی بیر هێنامەوە:

(پاڤلۆڤ دەرگای تاقیگاکەی دەکاتەوە، گڵۆپەکە دادەگیرسێنێ، پارچە گۆشتێک دەخاتە بەردەمی سەگەکەی، دووبارە و سێبارە و سەدبارە دەبێتەوە، گڵۆپ و گۆشت، گڵۆپ و گۆشت... تا وای لێدێ بەداگیرساندنی گڵۆپەکە سەگەکە دەمی لیک بکا و وا بزانێ گۆشت هات...).

دیارە مرۆڤ ڕادێ... لەسەر هەموو کارێکی جوان... بۆ نا...؟ بژی سەگەکەی پاڤلۆڤ... بەڵام هەزار جار بژی پێڵاوی چەپی کابرای سەرخۆش کە وای کرد بەخۆمدا بچمەوە، بەچاوێکی دیکە سەیری پاڤلۆڤ بکەم، پەشیمانم لە جنێوەکانم، ئاخ... دە تێم بگەن... ڕەنجی دوو ساڵ... بمبورە فرۆید... پێڵاوەکانت سەر سەرم... تۆش گەورەی، چاوم لێ سوور مەکەوە، خۆشم دەزانم نەخۆشم... من چیم...؟ دەزانم حەوت ساڵ حەزم لە کچە خاڵەکەم کرد و نەموێرا بیدرکێنم، شەرمم دەکرد سواری پاس بم، عەبەی توونچی تفی لێدەکردم، وەلێ گوناهـ... گوناهی کابرای سەرخۆشە، گوێ بگرە و تووڕە مەبە، هەر گەورە و خۆشەویستی، ڕاستە... پاڤلۆڤ-م درەنگتر ناسی، تۆ چاوی منت کردەوە، دە تۆ گوێ بگرە... خۆ تۆ گوێت لە سەدەها نەخۆش و قوتابی وەک من گرتووە، ها... تۆش نەخۆشیت، حەز ناکەی پاڤلۆڤ گرەوەکە بباتەوە، گوناهـ... گوناهی (قالە)یە... تۆ ملی ئەو بگرە... دوو ساڵە تەنیا بەشەو دەیبینم، درەنگی شەو... نازانم کێیە، کوڕی کێیە، چ کارەیە، بۆ لە بەغدایە، ژنی هێناوە یان تەڵاقی داوە، هەر نەیهێناوە، منداڵی هەیە... نییەتی...؟ چەندها پرسیاری بێ

وەڵام، بگرە خاوەن ئوتێلەکەش نازانێ ئەم باڵندەیە لە کوێوە هاتووە، نازانم چی لە بەغدا دۆزیوەتەوە... یان چی بزر کردووە...؟ پاڵەوانی چیرۆکێکی درێژە و منی بێ بەهرە پێی ناوێرم، زۆرجار دەمویست وەک حاڵەتێکی سایکۆلۆژی کەڵکی لێ وەربگرم... نەیدەهێشت...! بەدرێژایی ئەو دوو ساڵە نەمدی کەس بدوێنێ، تەنیا دەکۆکی... کۆکین و بەس، بەرۆژ خۆی ون دەکرد و شەوانە... هەموو شەوێ لە دەوروبەری سەعات دوانزە دەهاتەوە... چۆن هاتنەوەیەک...؟ لەتری دەدا، خۆی بەهەموو شتێکدا دەدا، زۆرجاریش تا نیوەشەوێکی درەنگ دەمایەوە و هەر بەپیاسە لە مەیخانەکانەوە دەهاتەوە، هەموو شەوێک بەهەمان شێوە، هەمان جووڵە، هەمان نووزە و کۆکین... بەسەر پێپلیکەی ئوتێلە سێ نهۆمییەکەدا هەنگاوی نەرم و سەرخۆشانەی دەنا، هێدی هێدی... لەسەرخۆ... هەروەک بڵێی پێ بەسەر دڵی خۆیدا بنێ، زۆرجاریش لەسەر یەکێ لە پێپلیکەکان بۆ ماوەی دە دەقیقە ڕادەوەستا و خەیاڵ دەیبردەوە، خۆی با دەدا... خۆی ڕادەژەند... وەکو کەسێ ژان بیگرێ... یان سەما بۆ مەرگی کەسێکی ئازیزی بکا، وەکو کەسێ خۆی بکا بەجۆلانە و دونیاش... هەموو دونیا بکا بەکۆرپە و ڕایبژەنێت، کتوپڕ خۆی بیر دەهاتەوە، دیسانەوە هەنگاوی سست و مردووانەی دەنایەوە... بەتاو دەرگای ژووره نابووتەکەی دەکردەوە، بەسونگییە ژەنگدارەکە دەرگای لەسەر خەم و دڵی ژەنگرتووی خۆی دادەخست، هەر لە سەرەتاوە کە چوومە ئەو ئوتێلە هەرزانە (قالە) هەر لەوێ بوو... هەروەک بڵێی لەوێش لە دایک بووبێ، سەرەتا بۆ چەند ڕۆژێک وازم لە ماجستێر و خوێندنەوەی کتێبە قەبەکان هێنا... کەوتمە دوای قالە، ها لێرە و ها لەوێ، جادە و کۆڵان و بازاڕ و باڕ و سینەما و مزگەوت و تیاترۆخانە... بەپەلە هەنگاوی دەنا، خۆی دەکرد بەکون و کەلەبەری وا دەتووت مشکە و لێم ون دەبێ، یان جنۆکەیە و بەقاچاغ بۆتە مرۆڤ، سەیرە... بەدرێژایی ئەو دوو ساڵە سەلامی لێنەکردم... گەرچی ژوورەکەی بەسەر ژوورەکەی منەوە بوو، دەبووایە بەبەردەمی ژوورەکەمدا تێپەڕێ و لە پەنجەرەکەوە دەمدی بەسەر پێپلیکەکاندا هەنگاوی سەرخۆشانەی دەنا، لێی ورد دەبوومەوە تا سەر دەکەوت: هەمان چاکەتی بۆر و چڵکن، هەمان پانتۆڵی قەدیفەی ڕەش، پاشەڵ تەڕ و قوڕاوی، قژبژ و تۆزاوی، جووتێک پێڵاوی ڕەنگ مردوو... ئەوەندە کۆن ببوون، ئەوەندەش شتی بەسەردا ڕژابوو کە ڕەنگی یەکەمی کوێرببۆوە، ئەو پێڵاوەی وای کرد بەخۆم و فرۆید و پاڤلۆڤدا بچمەوە، گەر پاڤلۆڤ پێبزانێ و زیندوو بێتەوە دەیانباتە مۆزەخانە، وەک سەگەکەی پاڤلۆڤ کە پەیکەری بۆ کرا... ئەمیش ئاوا شانازییان پێوە دەکا... دەخرێنە قەفەزێکی شووشەبەند و لێی دەنووسرێ:



(ئەم پێڵاوانەی قالە بەقەد سەگەکەی پاڤلۆڤ مایەی شانازین و بوونە بەشێک لە مێژووی دەروونزانی...).

بەڵێ... بەدرێژایی دوو ساڵ من شێتی سەلامی قالە بووم، جنێوێکی قالە... کەچی ئەو منی بەپیاویش نەدەزانی، دوێنێ شەو سەلماندی ڕەنجی دوو ساڵەم پووش برنج بووە، من لە پاڤلۆڤ تێنەگەیشتبووم، سەدەها کتێب دادیان نەدام، بێچارە بووم، پتر فرۆیدم خۆش دەویست، وەلێ خۆشەویستی چی بکا...؟ خوا قالە بگرێ... ڕەنگە یەکێ بپرسێ چۆن ناویت زانی...؟ هەموو شەوێک خاوەن ئوتێلەکە پێی دەووت:

(قالە... بەس درەنگ وەرەوە... شەوێکی تر دەرگات لێناکەمەوە...).

قالە وەڵامی نەدەدایەوە، ئەمیشی بەپیاو نەدەزانی، سەرەتا وامزانی کەڕ و لاڵە... تا شەوێکیان بەقەهرەوە گۆرانییەکی چڕی... مەقامێک... کردی بەبەستە، کتوپڕ بڕی و بەهەورامی دەنگی لێهەڵبڕی، کردییەوە بەتورکی، پچڕاندی و گۆرانییەکی کۆنی (زهورە حوسێن)ی وت و... دواجار بەلاوک و حەیرانێکی دەشتی هەولێر کۆتایی پێهێنا و پاشان گوێم لە گریانێکی قووڵ و پڕ حەسرەت و خنکاو بوو... پڕ ژان و ئێش و دەرد... ئەو شەوە زۆر گریا... گریا، دوایی وەک هەموو شەوێکی دیکە بەژوورەکەدا دەهات و دەچوو، دەخولایەوە، وەک کەسێک شتێکی لێ ون بووبێ و لەژێر ڕووناکییەکی زۆر کز بەدوایدا بگەڕێ، شەوانەش دەوروبەری سەعات یەک و دوو خەوی لێدەکەوت... تا ئەویش نەخەوتبایە من خەوم لێنەدەکەوت، چاوەڕێم دەکرد تا دەهاتەوە، وتم گرفتی من لەوەدایە کە خەوم سووکە و ئاگام لە ترپەی پێی پشیلەش هەیە... قالەش کە دەهاتەوە مەست و مەدهۆش، کاس و وڕ، برسی و ماندوو، لەو کەسانەش بوو کە دوای خواردنەوە وەک مانگا نەوسن و چڵێس دەبن، بەترپەی پێی ئاشنا بووم... ببووم بەسەعاتێکی قورمیشکراو، بێ خەوتنی ئەو خەوم لێنەدەکەوت... ڕاهاتن... ڕاهێنان... ڕاهاتن... ڕاهێنان... بۆ بەدبەختی بانەکەی نێوان هەردوو ژوورەکە لەبەر پەڕپووتی و کۆنی خۆی وەک تەنەکە دەنگی دەدایەوە، گوێم لە هەموو تەقە و ڕەقەیەک بوو، هەموو خشپە و چرپەیەک... لە پەنجەرەکەشەوە هەموو نووزە و ناڵەیەکم دەبیست، خۆ دەمتوانی ژوورەکەم بگۆڕم... کەچی حەزم نەدەکرد و بەڵکو لە دڵەوە سوپاسی قالەم دەکرد کە ناچارم دەکا تا درەنگی شەو بخوێنمەوە و بنووسم، دەمخواست ماجستێرەکە بەدوو ساڵ کەمتریش تەواو بکەم و بگەڕێمەوە کن پیرەدایک و خوشکەکانم، کەچی نەمزانی لە دوا شەودا قالە ڕیسم

لێدەکاتەوە بەخوری، گەر ئەو شەوە پێڵاوەکەی دابکەندبایە... منیش... وازبێنە و با برینەکانم نەکولێنەوە، لە ژوورەکە مامەوە و ڕاهاتم، لەگەڵ ئەو بارە گونجام، دەشمتوانی بچمە (خانەی قوتابیان)... وەلێ سێ سەد... چوار سەد قوتابی بۆ من دەبوو بەژانەسەر، هەر یەکە و لە ئاشێک تێ بکا، پێشتر دیبووم... بۆ سێ هەفتە بووم بەسەرپەرشتیاری یەکێ لە خانەکان، هەر شەوەی دەیەها قوتابی سەرخۆش و عاشقم بۆ دەهاتەوە... ببووم بەدکتۆری نەفسی... هەر قوتابی بوو تا نیوەشەو هەگبەی دڵی پڕ دەردی خۆی بۆ من هەڵدەڕشت، هەر زوو ڕەوم کرد، دراوسێیەتی قاله گەلێ خۆشتر بوو لەوەی ببم بەپاسەوانی کۆمەڵێ قوتابی برسی نان و گان و... ئافرەت، من لە خوارێ و قالەش لە سەرێ، گوێم بۆ هەموو دەنگێ هەڵدەخست، سەیری بنمیچەکەم دەکرد وەک کەسێک سەر بۆ ڕەحمەتی خوا هەڵبرێ، پەنجەرەی ژوورەکەی من و ژوورەکەی قاله بەسەر کەلاوەیەکدا دەیڕوانی، بەهاوین و زستان داینەدەخست، زۆرجاریش دەمدی لە پەنجەرەکەوە بوتڵی بەتاڵی ئارەق و قوتووی شکاوی فاسۆلیا و لۆبیا و باینجان و مورەبای فڕێ دەدا، هەر شتێک کە قاله بەزیادی بزانیایە، کەلاوە کۆنەکە ببوو بەزبڵخانەیەکی گەورە، زبڵخانەیەک کە شایەستەی پایتەختێکی وا مەزن بێ، هەموو شارێکی گەورە زبڵخانەیەکی گەورەی گەرەکە، منیش لاسایی قاله و ئەوانی دیکەم دەکردەوە... وەلێ من چی فڕێ بدەم...؟ پارچە کاغەزی پیس و نووسراو... قاله بوتڵی ئارەق و من کاغەز... ئەو بۆ دەردی دڵ و دەروون... منیش هەر وا... ئەو بەڕەنگی خۆی... من ڕەنگی تر... منی نامۆ بەخۆم و بەغدا و هەموو دونیا... ئەو لە من نامۆتر... من برسی نان و ماچ و دایکم و سەدان شتی تر... ئەو لە من برسیتر، لەو پەنجەرەیەشەوە... لەو بانەی نێوانمانەوە زۆر دەنگم دەبیست خۆم ڕەنگم دەکرد، بەدیدەی خەیاڵ هەستم بەجیهانی ئەو دەکرد، دونیایەکی پڕ نهێنی و تەلیسماوی بوو، ئەشکەوتێکی نەدۆزراوە، لەو کەسانە بوو کە هونەرمەندەکان لەسەر تەختەی چاپخانەکان پۆرترێتی بۆ بکەن، نووسەرێکی گەورە بیکا بەپاڵەوانی چیرۆکێک... وەلێ منی بێ دەستەڵات و بێ بەهرە و نەخۆش چیم بۆ دەکرا...؟ من خۆم بەدوای هونەرمەندێکدا دەگەڕام لە سیمای پڕ خەم و دەردما ڕەنگێک دارێژێ، شاعیرێک لە شیعرێکدا ئاهم بکا بەئیقاع و فرمێسکەکانی نیوەشەوم بکا بەزەنگیانە و ڕشتەی هۆنراوەکانی، چیرۆکنووسێک بمکا بەپاڵەوانێکی سەر بڵند و بەزیو، ئازا و ترسنۆک، بگرە قالەش سکی بەمن نەسووتا، ئەوەتا پێلاوی چەپی دانەکەند و ئەو شەوە خەوم لێنەکەوت... نامەی ماجستێرەکەشم: فت... دوور نییە تێکچم... ئاخر بۆ قاله...؟! هیچ



نەبێ شەوەهای شەو چاوەڕێم کردووی، وەک دوو دۆست... دوو برادەر هەموو شەوێ... تۆ هەستت پێنەکردووە، جا سەرخۆشێکی وەک تۆ کەی هەست بەمن دەکا...؟ قاله... من ئێستاش ڕێزی پێڵاوەکانت دەگرم، دەزانم دەردێکی گەورە... کارەساتێکی کتوپڕ... هەرەسێکی جەرگبڕ تۆی فڕێ داوەتە ئێرە، ئاخۆ کاتی خۆی لە کوێ جووتیار بووی؟ لە کام گوند شوان و گاوان بووی...؟ ئاخۆ حەزت لە چەندەها کچی کەپوو بەخەزێم و گوارەشۆڕ کردووە، چەندەها جار شەوانە چوویتە ژوانی نێو ڕانەمەڕ و کادینەوە...؟ من نایزانم قاله... من بێزار و پەستم، تۆ لێم ناگەڕێی بتناسم... تۆ بۆ دەست هەڵنابڕی... سەر هەڵنابڕی... سەلام ناکەی...؟ چیتە... وەک من نەخۆشیت؟ من گەر تۆ بناسم لەوانەیە واز لە پاڤلۆڤ و فرۆید بێنم و بەرەو شارە خامۆشەکەی خۆمان بگەڕێمەوە، چیرۆکی غوربەتیت بۆ هەمووان بگێڕمەوە... بەڵام تۆ گەورەی... تۆ دەتەوێ وەک دێو بمریت، وەک بەفر بتوێیتەوە، وەک گڕکان کتوپڕ بتەقێیتەوە، شەوێ توورە بم دێمە سەرەوە و دەرگای ژوورەکەت دەشکێنم و دوو سەد هەزار ماچت دەکەم، من حەزم لەو لاوکەیە ئەو شەوە بەدەنگێکی کز و پڕ ئێشەوە وتت، ئارەزوومە بەزمانی خۆمان جنێوێکی مزرم پێبدەی، تۆ دەردێکی کوشندەی، ئەو شەوەی کە گریایت هەستم کرد فرمێسکەکانت بنمیچەکە کون دەکەن و دەڕژێنە سەر بالێم، وەک باران پێخەفەکەم تەڕ دەکا، ویستم وەک بێچووە چۆلەکەی لا دەنووک زەرد دەمم بۆ فرمێسکەکانت بکەمەوە و هەڵیانمژم، لەوە ترسام ئەوەندە بگریت بانەکەی نێوانمان بتەقێ و ژوورەکەم پڕ بێ لە ئەسرین، ئەوەندە بگریت ئوتێلەکە سەرئاو بکەوێ... بگرە پایتەختیش... ببێ بەلافاوی نوح و هەموو دونیا داشۆرێ... هەقتە بگریت... بەڵام کوا... هەر زوو خۆت گرت و پیشت خواردەوە، تۆ منت خۆش ناوێ... نامناسیت... شەوێکیان دابەزە و وەرە ژوورەکەم... ژوورە پەرپووتەکەم و میوانم بە، گەورەم کە... ئاخر منیش مرۆڤم، تۆ ئاسایی دەگریم... تەنیا ئەو شەوە... ئەو شەوەی گریایت و لاوکەکەت چڕی زانیم تۆ کەڕ و لاڵ نیت، هەموو شەوێ چاوەڕێم دەکردیت تا دەهاتیتەوە، هەستم بەهەموو جووڵەیەکت دەکرد، چرپە و خشپە و کۆکینت، تۆ ببوویت بەبەشێک لە کتێب و کاغەزەکانم، قەڵەمەکەم، چاویلکەکەم... بێ تۆ هیچم بۆ نەدەکرا، خەوم لێدەزڕا، بەتۆ بەسترابوومەوە، پەیوەندییەکی سەیر و نادیار، کە دەهاتیتەوە یەکسەر نەدەخەوتی، هێلکەیەک یا هەر شتێکی دیکە بووایە دەتخستە سەر هیتەرەکە، کزەی سووتانی ڕۆنەکە دەگەیشتە بەرگوێم، پەنجەرەکەت دەکردەوە، داتدەخستەوە... دەتکردەوە و داتدەخستەوە، نانەکەت دەخوارد، بۆنی چا، بەنێو ژوورەکەدا دەگەڕایت، تەپەی پێڵاوەکانت، وەک

ئەسپێکی لە ڕەو ونبوو نەدەسرەوتیت، سەرخۆشێکی دڵڕەق بوویت و نەدەخەوتیت، وەک ژنی ئاوس کە لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆی بێ ژان دەیگرتی، سەرم هەڵدەبڕی و سەیری بنمیچەکەم دەکرد، دوو ساڵ... دوو ساڵی ڕەبەق ئاشنای تەپەی پێڵاوەکانت بووم، بەهەمان جووڵە و ئیقاع، دواجاریش لەسەر ڕۆخی قەرەوێلە هەناو قوپاوەکە دادەنیشتیت، زوو زووش جێگاکەیت دەگۆڕی، هەر خۆت بوویت و تەنیا... ژوورێکی چکۆلانە، پادشای شەوانی مەستی، بەرلەوەی بۆ یەکجاری ڕابکشێیت پێڵاوی ڕاستەت دادەکەند... هەموو شەوێک دووبارە و سێبارە و سەدبارە دەبۆوە، بەدرێژایی دوو ساڵ... بەجوانی هەستم پێدەکرد، پێڵاوی ڕاستەت دادەکەند و توند دەتکوتا بەزەوی ژوورەکەتا... بەتووڕەیی... بەوپەڕی پەستی و مەستی و بێزارییەوە، گوێم لە تەپەی یەکەم دەبوو... دەمووت تەواو... ئیتر درەنگە و قالە دەخەوێ... ئیتر منیش ماندووم و دەخەوم، بەپەلە قەڵەم و کتێب و پارچە کاغەزەکانم کۆ دەکردەوە، پاشان پێی چەپت بەرز دەکردەوە و پێڵاوەکەت دادەکەند، ئەویشیان هەروەک پێڵاوی ڕاستە... بەوپەڕی پەستی و مەستی و بێزارییەوە دەتکوتا بەزەوییەکە و دەنگی دەدایەوە، دەتووت لە هەموو دونیا پەست و تووڕە و بێزاریت، تەپەی دووەم و ڕادەکشایت... تەپەی یەکەم، دووەم، یەکەم، دووەم... سەدەها شەو... پاشان قەرەوێلەکەت دەکەوتە سەر زیکەزیک، یەک دوو چرکەش ئەو زیکە زیکە نەدەبڕایەوە، خشتە خش... زیکەزیک، پاشان کپی و بێدەنگییەک، خامۆشی قووڵی نیوەشەو... ئیتر دەمزانی تۆ خەوتیت... تا بەیانی... دەبووی بەمردووی سەد ساڵە، منیش... دەرحاڵ بەدوای تۆدا دەخەوتم، سەدەها شەو ئاوا ڕاهاتم... ڕاهاتن... ڕاهاتن... قالە... بێ ئەوەی هەست بەخۆم بکەم ببووم بەسەگەکەی پاڤلۆڤ... تا نەخەوتبایت نەدەخەوتم... بەدرێژایی چەندەها شەو... بەهەمان شێوە و بار، هەمان ڕەنگ و دەنگ، هەمان جووڵە و هەناسە و ئیقاع، کردنەوەی دەرگا، داخستن، کزەی ڕۆنی سووتاو، بۆنی چا، پەنجەرەکردنەوە، پیێوەدان، تەپەی پێڵاوی ڕاستان، پاشان هی چەپ، ڕاست... چەپ، ڕاست... چەپ... دوو تەپە... بوم... بوم... یەکەم... دووەم... زیکەی قەرەوێلە، خاوبوونەوەیەک، خامۆشی... خەوتن... منیش بەدواتەوە... هەروەک سەربازێکی بەوەفا کە پێشەواکەی خۆش بوێ و لە شەڕی گەورە و بچووکدا هەر بەدوایەوە بێ و قەت نەپرسێ.

کەچی... بۆ بەدبەختی من ئەو شەوە لە هەموو شەوان درەنگتر هاتیتەوە، لە پەنجەرەکەوە تۆم بینی، بەلارەلار بەسەر پێپلیکەکاندا هەنگاوی سست و مەست و ماندووانەت دەنا، چوویتەوە ژووری ژێر بۆنکەوتووی ئارەق و ئارەقە، ژووری سەد ڕەنگ و بێدەنگ، ژووری



پڕ نهێنی و گریانی نیوەشەو، لاوکی بریندار، خەمی بێ سەرەتا و کۆتایی، خەمی هەرەسێکی مەزن، ژووری خەوتن و خەیاڵ و خەون و غوربەت و تەنیایی، دووبارە بۆ سەدەمین جار گوێم هەڵخست، چاوەڕێ بووم بخەویت... ئاخر بۆ بەیانی بەرگریم لە نامەی ماجستێرەکەم دەکرد، دەگەڕامەوە کن پیرەدایک، ماڵئاواییم لە بەغدای جەنجاڵ و ژانەسەر دەکرد، دەچوومەوە دارستانە هێمنەکەی شار و گوێم لە کوکوختییەکان دەگرت، فرۆید لە خۆشیانا دەستی بەسمێڵیدا دێنا... پاڤلۆڤ گلەیی لێدەکردم، چاوم بڕیبووە بنمیچەکە... هاتوچۆ، تەپەتەپ، کزەی ڕۆن، بۆنی چا، گۆرانییەکی کپ و خنکاو، پەنجەرە کردنەوە... زیکەزیکی قەرەوێلە، پێڵاوی ڕاستەت داکەند و... چاوەڕێ بووم... چاوەڕێ بووم... چاوەڕێ... ئەوەتا تەواو... پێڵاوی ڕاستەی داکەند... ئێستاش پێڵاوی چەپی دادەکەنێ و یەکسەر دەخەوێ... منیش دەخەوم و بەیانی هۆپ ماجستێر... دەخەوێ و دەخەوم، چاوەڕێ بووم... چاوەڕێ... کوانێ...؟ دەنگ نییە، دونیا کپ و خامۆشە، قالە نەکەی ماڵم وێران کەی... ئەوە چییە...؟ خەوتیت... ئای قالە بۆ نەگبەتی من، ئەو شەوە، پێڵاوی چەپت دانەکەند، تەنیا ئەو شەوە، ڕێکەوتی شووم، بەخەیاڵی سەرخۆشییەوە لەسەر قەرەوێلە ڕاکشایت و دەرحاڵ خەوتیت، دیارە لە هەموو شەوێک مەست و ماندووتر بووی، بەپێڵاوی چەپەوە نووستیت، سەیرە... منیش وەک تۆ ڕاکشابووم و کەچی خەوم نەدەهات... قالە... شەوەهای شەو لەو پرۆگرامە لات نەدا... کەچی ئەو شەوە، بۆ دواجار، بۆ دواشەو پێڵاوی چەپت دانەکەند و منیش خەوم لێزڕا... هەرچەندی کردم و کۆشام... نەخێر... خۆم خستە سەر سک، کەوتمە سەر تەنیشت، چەپ، ڕاست، سەرپشت، بەتانییەکەم بەسەر چاومدا دا، لە یەکەوە تا سەدم ژمارد، لە سەدەوە تا یەک، ژمارەی تەلەفۆنەکانم هێنایەوە یادی خۆم، ناوی زانا و داناکان، خەڵکانی گەڕەک، ژمارەی پاسەکانی بەغدا... نەخێر خەوم لێنەکەوت، خەو بوو بەتەم و ڕەوییەوە، مێشکم تەقی، ئەوەندەی نەمابوو هاوار بکەم... جنێوبارانت بکەم... خەوم لێزڕا... بۆ پێڵاوی چەپت داناکەنیت...؟ هەستامەوە و بەناو ژوورەکەدا هاتم و چووم، لە پەنجەرەکەوە سەیری گڵۆپەکانی دەرەوەم کرد، خۆشیم لەو دیمەنە دڵگیرە نەبینی، بێزار بووم... تا دەهات دەنگ و ڕەنگ نەدەمان و شەو خامۆشتر دەبوو، شێت بووم، هەروەک بڵێی قالە دوژمنداری من بێ و لەو شەوەدا پێمبڕێژێ، بۆ سەدەها شەو هەردوو پێڵاوەکەت دادەکەند و... کەچی... کەچی... بەتووڕەیی پەنجەرەکەم کردەوە، دامخستەوە، ویستم وای بنوێنم ئارامم... لەبەرخۆمەوە گۆرانییەکم چڕی، ڕاکشامەوە و سەیری بنمیچەکەم کرد... نەخێر تازە تەواو... قالە سواری بەلەمی خەو

بوو... خۆی خستە باوەشی گەرداوێکەوە، لەو ئوتێلە تەنیا من نەخەوتبووم، سەیرێکی سەعاتەکەم کرد... درەنگە، گێژ و کاس بووم، سەرم دەسوورا... دواجار بڕیارم دا... بەپەلە دەرگاکەم کردەوە و بەپێپلیکەکاندا هەڵگەڕام، وەک پشیلەیەکی تۆقیو، ڕووەو ژوورەکەی تۆ، خۆم گرت و دەرگاکەم نەشکاند، وەک پیاوێکی شارستانی لە دەرگام دا... دەرگای داخراو لەسەر مەستێکی غەمگین و نامۆ... جارێک، دوو، دە، چل... پەنجا جار لە دەرگاکەم دا، خەریک بوو هەموو ئوتێلەکە وەئاگا بێ، تۆ زۆر مەست بوویت، دواجار بەخاوەخاو دەرگاکەت کردەوە، کەلێنێکت تێخست، خەو لە چاوانتا شکابوو، سەرت هەڵبڕی و لاو و نیو سەیرێکی منت کرد، لەنێو ئەو تاریکییەدا دەموچاوت نوختەیەکی ڕەش و گەورە بوو، بالێت لە درەختێکی ساوای بەر ڕەشەبا دەچوو، دەستەکانت دەلەرزین... هەموو ئازای جەستەت دەلەرزی، بەنەرمە تووڕەبوونێکەوە وتت:

(فەرموو کاک فەرهاد...!).

ئای لەو خۆشییەی دایگرتم، خەنی بووم، کەواتە تۆ ناوی من دەزانیت، ئەوەندەی نەمابوو لە خۆشیانا بچمە سەربانەکە و خۆم فڕێ بدەمە سەر جادەکە... چۆن ناوی منت زانی...؟ بۆ...؟ دوای تۆزێ بەهێمنییەوە... بەترس و لەرز و شەرمەوە... وەک ترس و شەرمی ئەو ڕۆژەی لە پۆلەکە خۆم پیس کرد... وتم:

(قالە گیان... وا بزانم پێڵاوی چەپت دانەکەندووە... من لە خوارەوە خەوم لێزڕاوە...!).

دەمم تەتەڵەی کرد و خەریک بوو لاڵ بم... پاشان وتم:

(تکام وایە پێڵاوی چەپیشت دابکەنیت... بەڵام بوەستە تا دەچمەوە ژوورەکەم...).

ویستت دەرگاکە دابخەیت... نەمهێشت:

(دایمەخە و تێم بگە... بەیانی نامەی ماجسـ..... نەء... تۆ دەبێ هەردوو پێڵاوەکانت.... هیچ... نازانم بڵێم چ...؟ هەقە تۆ.....).

بە گومانەوە و مەستانە وتت:

(ئەوە تۆ دەڵێی چی...؟).

(دەڵێم پێڵاوی چەپت دانەکەندووە و خەوتوویت...).

(جا تۆ هەقی ئەوەت چییە...؟).

(ئاخر من خەوم لێزڕاوە و ڕاهاتووم کە تۆ....).



(کە من چی...؟ کەس بەم نیوەشەوە بەخەڵکی ڕابواردووە...؟).

(حەیفت نەکرد... ئەمن چۆن...).

(فەرهاد...).

(بەڵێ...).

(عەیبە بۆ تۆ... بڕۆ بنوو...).

ویستم تێت بگەیەنم کە چۆن بەو دوو تەپەیە ڕاهاتووم... دەمم داپچڕی و وتم:

(هەڵبەتە جەنابت ئاگات لەوە نییە کە من بەیانی......) نەتهێشت قسەکەم تەواو بکەم و بوویت بەهێزی ڕەشەبا و دەرگاکەت لە ڕووما داخست، سونگییە ژەنگدارەکەت ڕاکێشا و وەک تەڕک خۆت بەردایەوە سەر قەرەوێڵەکە، لە دەرگام دایەوە، نەتکردەوە... زۆر وەستام... پاڕامەوە... لەودیو دەرگاکەوە تکام لێکردیت:

(لێم ببوورە...!).

سوێندم خوارد کە نیازم خەراپ نەبووە.

(ﺑﻤبوورە لە خەوم کردیت...!)

کەچی تۆ بێباکانە پرخەت دەهات، هەقتە... ماندوویت، بەڵام منیش ماندووم... زاڵم... کافر... قالە... تۆ من ناناسیت... دوو ساڵە و بانێکمان بەینە... کەچی نامۆم بەدونیات، نامۆی بەدونیام، چۆن توانیت دڵم بشکێنیت...؟ خەڵکی داوای شتی زۆر گەورە لە یەکدی دەکەن، من چیم داوا لێکردووی... دوو ساڵە دراوسێین... هاوزمان و هاوخەمین و کەچی داوای جگەرەیەکم لێنەکردووی... یەکەمجارە لێت دەپاڕێمەوە:

(پێڵاوی چەپت داکەنە...!)

ئاخر ئەمەیان پەیوەندی بەمەسەلەیەکی گەورەوە هەیە... مەسەلەیەکی سایکۆلۆژی... هەردوو پێڵاوەکانت دانەکەنیت... گوێم لە دوو تەپە نەبێ: خەوم لێدەزڕێ، خۆت فێرت کردووم، وا ڕاهاتووم... ئیتر بۆ لێم زویر دەبیت؟ دەرگا دادەخەیت...؟

دەی قەیدی ناکا... لێت دەبوورم، زۆر مەست بوویت، دەزانم دڵت چەندە پاکە... بەیانی... دوو بەیانی... مانگێکی دیکەش بیرت بێتەوە بۆ ئەم دڵشکاندنەی من دەگریت، تۆ هەر سەپان و شوان و گاوانەکەی جارانیت... خوا بتگرێ... ئەو شەوە تا بەیانی گینگڵم دا... ئەو شەوە تا بەیانی لەگەڵ سەگەکەی پاڤلۆڤدا ژیام، هەر ئەو شەوەش لە نامەی

ماجستێرەکەم کەوتمە گومان، زوڵمم لە پاڤلۆڤ کردبوو، هەر ئەو شەوە بیرم لە نەخۆشییەکانی خۆم کردەوە، کچە خاڵەکەم، پیرەدایک و خوشکەکانم، عەبەی توونچی، ئەشکەوتەکانی دەروون، جەنگەڵی چڕ و تاریکی هەزاربەهەزاری هەست و هۆشی ناوەوە، ڕاهاتن، بێئاگایی... هەر ئەو شەوە کە گەڕامەوە ژوورەکەم ئەمەم نووسی:

{قالە = پاڤلۆڤ

من = سەگەکەی پاڤلۆڤ

پێڵاوی چەپی قالە = داگیرساندنی گڵۆپی ژوورەکەی پاڤلۆڤ

تەپەی پێڵاو = پارچە گۆشتەکەی پاڤلۆڤ

خەوتنی قالە = لیکی دەمی سەگەکە

خەوتنی من = تێربوونی سەگە برسییەکە...}.

ئای قالە... تۆ... میوانێکی نامۆی ئوتێلێکی هەرزانی بەغدا وام لێدەکەی تووشی دڵەڕاوکێ بم، سوپاست بکەم یان ئەوەتا نەفرەتت لێبکەم، ماچ یان جنێوبارانت کەم، گەر تۆ پێڵاوی چەپت دابکەندبایە من دەخەوتم و بۆ بەیانییەکەی بەرگریم لە ماجستێرەکەم دەکرد... ئەوساش هۆڵەکە سەدەها کۆتری چەپڵەی لێهەڵدەفڕی، بەڵام ئەوەتا تۆ پێڵاوەکەت دانەکەند و منیش خەوم لێزڕا، هیلاک و ماندوو... خوێندنەوەی نامەکەم دواخست... ئێستا چی بکەم... هەر نامەکە خۆی بخوێنمەوە یان پەشیمان ببمەوە...؟ ئای کە فرۆید شاگەشکە دەبوو... تۆ هەموو شتێکت هەڵگێڕایەوە، تۆ... سەرخۆشێکی لانەواز... کەوتووی ژێر بار و دەردێکی گەورە... هاتیت و پاڤلۆڤ - ت سەرخستەوە... چی بکەم... تۆ بڵێی بەشێتم نەزانن گەر پاشگەز ببمەوە...؟ دەترسم هەر لە هۆڵەکە چوارپەلم ببەستن و سواری ئوتمبێلێکی ڕەشم بکەن... بەرەو شێتخانە... یان خەستەخانە... قالە... کوردانە فریام کەوە... چی بکەم...؟ بەرگری لە نامەکەم بکەم یان ئەوەتا دانەکەندنی پێڵاوەکەت و خەوزڕانم بەتیۆرەکەی پاڤلۆڤەوە گرێ بدەم و مۆڵەتێکی تر لە لیژنەکە وەربگرم... مێشکم تەقی... بۆ لەگەڵما نایەیت...؟ وەرە کن دکتۆرەکان و باسی ئەو شەوەیان بۆ بکە... تا باوەڕم پێبکەن و نەڵێن تێکچووە... قالە... من گرتوومی... لە هۆڵەکە باسی تۆ دەکەم... ئەو ڕۆژە... لە کۆتایی باسەکەمدا ڕوو لە هەموویان دەکەم و دەڵێم:

(بەڕێزان... من لەم نامەیەی خۆم دوودڵم...!).

پاشان بەدووورودرێژی ئەم چیرۆکەیان بۆ دەگێڕمەوە، ئەوساش... ئا ئەوسا... یان بەچەپڵە



هۆڵەکە بەسەرما دەڕمێنن یان ئەوەتا... دەرم دەکەن... ئەی کێ نالێ لەسەر شەرەفی حەقیقەتی زانست و پاکیم بەئیمتیازەوە بڵگەنامەکەم نادەنێ...؟ وەلێ دووریش نییە وا تێبگەن تێکچوومە... دیارە ئەوساش بەگومانەوە سەر لە بنگوێی یەکدی دەنێن تا چارەسەرییەک بۆ نەخۆشێکی ترسناک و بەستەزمانی وەک من بدۆزنەوە... تۆ بڵێی وابێ...؟ تۆ بڵێی... ها...؟!!

(١٩٨٥)

سلێمانی - ڕەشەمێ

پەراوێز:

(١) ئەم چیرۆکە کەم تا زۆر پەیوەندی بەڕوانین و تیۆرەکانی پاڤلۆڤ و فرۆیدەوە هەیە.

(٢) تەکنیکی چیرۆکەکە پەیوەستە بە(قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروون)ییەوە... بەتایبەتی لە بواری تەقاندنەوەی شتە شاراوەکان کە تەوژمی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هۆشی گرتۆتە خۆی، هوشیاری و بێئاگایی... لەپاڵ ئەوەشدا دان پیانان و داڵغە و وڕێنەی تێهەڵکێش کراوە.

(٣) لەم چیرۆکەدا هەست بەدووبارەکردنەوەی هەندێ حاڵەت دەکەی... ئەمەشیان هەر بەدەستی ئەنقەستە چونکە خزمەتی لایەنی هونەری و فیکری چیرۆکەکەم دەکا... پەیوەندی بەڕاهاتن و (پەرچەکرداری مەرجی - المنعکسات الشرطیة)ی پاڤلۆڤەوە هەیە و بۆ سەقامگیربوونی حاڵەتێک گرنگی بەدووپاتکردنەوە دەدا.

(٤) بەڕادەی یەکەم ویستوومە چیرۆکی حاڵەتێکی سایکۆلۆژی لێدەربچێ نەک تواندنەوەی تیۆرە سایکۆلۆژییەکان.

ش.ح.

# ڕەنگاڵە

(حەسەن) وەک هەموو ئێوارەیەک لەژێر بۆن و باری ئارەقە و چڵک و هەتاوی خۆشی خۆرنشین و نەشئەبەخشی دەمەوئێواران دەگەڕێتەوە، ئێوارەیە و تەنیایە... ماندوو... تازە لە بۆیەکردنی کۆشکێکی تازە بۆتەوە، حەسەن دڵدار بوو... ئەمێستاش هەر دڵدارە، پار دڵداری مریەم و شانۆ بووە... ئەمساڵ... ئیمڕۆ ئێوارە... دوای هاوین و پاییز و زستان و بەهارێک بەتەنیا شانۆی بۆ ماوەتەوە... بەتەنیا عاشقی شانۆیە... شانۆ و بەس... ئاخر مریەم ڕۆیشت... ماڵئاوا... بەزیندوویێتی کۆچی کرد... پیرەباوکیش لێکەوتووە، دەبێ بەپاسەوانی ئەو کۆشکانەی حەسەن هاوینان بۆیەیان دەکا... بۆیەی سوور و زەرد و شین و سەوز و سپی و قاوەیی... هەموو ڕەنگێ... بەقەد خەم و خۆشی و هیوا و ئاوات و خەوبینینی مرۆڤەکانی سەر ئەم زەمینە، حەسەن-یش بەخۆ و بەکراسی سپی و پانتۆڵی خمدارەوە... لەگەڵ ئەو هەموو لەکە و پەڵە و پنتکە ڕەنگاوڕەنگانەی سەر کراس و پانتۆڵ و دەم و چاوو دەست و سەر و پرچە ئاڵۆزەکاوەکەی هەر لە ڕیشۆڵە دەچێ... زۆر جاریش هاوەڵەکانی پێی دەڵێن:

(– ئێواران کە لە بۆیەکردن دێیتەوە هەر دەڵێی ڕیشۆڵەی...!).

ئەویش وا وەڵامیان دەداتەوە:

(– خۆشم دەزانم...).

لە دڵەوەش بیری لە قسە ناسکەکانی مریەم دەکردەوە:

(– حەسەن... تۆ بەم هەموو ڕەنگ و بۆیەوە هەر لە ڕەنگاڵە دەچیت...

– واش نا...

– بۆ نا...؟ زیاتریش... دیوتە...؟

– هەڵبەت... لە دوورەوە...

– ئای کە مەلێکی جوانە...

– ئەوە لە بەرچاوی تۆ من ڕەنگاڵەم... ئەگینا لای خەڵکی دیکە من ڕیشۆڵەم...

– ناماقووڵیان کرد...).



حەسەن... ئیمڕۆ ئێوارە پەست و نیگەرانە، ژانێکی تاڵ و بێزەوەر دڵی ئازار دەدا، بەم ئێوارەیە یادی هاوینی پار دەکاتەوە، پار لە ڕۆژێکی وەک ئیمڕۆ هەواڵی مریەمی لێ بڕا... مریەمی خەون و خۆشی، هیوا و ئاوات، هەقیەتی کە دڵتەنگە... ئەم ئێوارە شیرینەی ژێر هەتاوی ڕەنگین و ئەرخەوانی خۆرنشینی لە بەرچاو لێڵ و تاریکە...!

ئا ئێستا گەیشتۆتە گۆڕەپانە چۆڵەکەی نێوان خانووە تازەکان و گەڕەکە کۆن و دوورەکانی شار، لە پێشەوەڕا گەڕەکە بۆرەکەی خۆیان وەک کۆمەڵە کولانە و کەلاوە و کۆلیتێک دیارن و لەژێر زەردەپەڕی ئەو ئێوارەیەدا هەر دەڵێی سووتاون و تازە گڕەکەیان دامرکاوەتەوە... لێرەوەڕا زۆر نزم و تێکەڵ و پەڕپووت دێنە بەرچاو... گەڕەکی پڕ لە مەزن و منداڵ و ژن و پیاو و برسیەتی و خەونی ناخۆش و ئاژاوە و مەرگ و لەدایکبوون و بەزین و سەرکەوتن، جارجارەش بەحەسرەتەوە ئاوڕی لە خانووە تازەکان دەدایەوە... خانووە خامۆش و کپەکان، هەندێ لەو کۆشکانەی هێشتا بۆنی گڵ و گەچ و چیمەنتۆ و بۆیەیان لێ دێ، ئەو کۆشکانەی هێشتا دوورن لە ئاهەنگ و بەزم و دزی و حیزی و درۆ و پیلانی ڕەش و سووکی هەمیشەیی خواپێداوەکان، خۆرنشینە و خەمێکی کوشندە دڵی حەسەنی گرتووە و تێکەڵ بەزەردەی خۆرئاوا دەبێ، پتر وای لێدەکا بەو دەنگە زوڵاڵ و کەرخ و غەمگینەی گۆرانی ماتەمەنیی بچڕێ... هێدی هێدی... ئەو گۆرانییانەی وەک خوێن لە دەمی دڵەوە دەڕژێن و وەک فرمێسکی تاڵ و گەرم لە چاوی عاشقێکی دوور وڵات و خۆشی نەدیدە دەبارێن. ئای گەر بگریایە... چەندە خۆش دەبوو... ئەوەندە بگریایە تا ئەو هەموو ڕەنگ و بۆیە و پەڵانەی سەر دەموچاو و مل و کراس و پانتۆڵەکەی دەخووسانەوە، دەسڕانەوە.... دەشۆران... بەڵام وەی لە دڵساردی و مەینەتی...! با ئەم ڕەنگانەش بشۆرێن... چی دەتوانێ پەڵە و ڕەنگە بۆر و ڕەشەکانی ئەو خەمە قورسانەی نێو ناخ و دەروونی بسڕێتەوە، ئەم گۆڕەپانە چەند چۆڵە... خامۆش... تەنیا دەنگێ لە ئاسمانەوە دێ... نەغمەی باڵندە ئاسوودەکانی دەمەو ئێواران، بەجووکە و چریکەی ناسک و خۆش ئاواز پێشوازی ئێوارەیەکی وا کپ و مەنگ دەکەن... دەم دەمیش دەبێ بەو گۆرانییە بێدەنگەی قوڵپەقوڵپ لە دڵی حەسەنەوە هەڵدەقوڵێ و بەشادەمار و دەمارە دەزوولەییەکانیدا وەک خوێنی ڕەش دەڕوا و کەف دەکا... دەڕوا تا لە بینیدا دەبێ بەئاخێکی گەرم و سەر هەڵدەدا، بەخەمەوە ڕووەو شینایی ئاسمان سەر هەڵدەبڕێ، باڵندە سەرخۆشەکانیش ڕووەو قولێیی ئاسمان بەرز دەفڕن... وەک بڵێی لەو ئاخە گەرمە بترسن... ئاخی پڕ گڕی خەفەت...!

حەسەن بەدەم خەیاڵەوە و بەسەرەسم لە بەردەکان هەڵدەدا... ئەو بەردانەی خوا دەزانێ چەندین ساڵە لە جێی خۆیان جێگیر بووینە و ئاوا کەوتوون، کەسێک نییە حەسەن ئاوا لە جێگەی خۆی بلەقێنێ، لای ببات، ئەمدیو و ئەودیوی پێبکا، بەردیش بەر نووکی پێڵاوی ڕێبوارێکی وێڵ دەکەوێ و لە شوێنی خۆی دەلەقێ، جێ دەگۆڕێ، کە بەر یەکدی دەکەون زرمەیان دێ و دەنگ دەدەنەوە، چەند توندتر بەر یەکدی بکەون ئەوەندە پتر گەرم دادێن، پڕیشکی ئاگر دەپژێنن، سەرەتاش ئاگر وا دۆزرایەوە، بەردێک بەر بەردێکی دیکە کەوت، ئاگر پژا... پووش و پەڵاش و دڕک و داڵی ئەو ناوەی سوتاند، ئەوسا ئاگر سەراسیمە و شێتی کردن، لێی ترسان، دوور کەوتنەوە، لەوساوە فێری خۆگەرمکردنەوە و گۆشت برژاندن بوون... پاشان ئاگریشیان پەرست:

(ئاگر... ئاو... هەوا... خۆڵ)

حەسەن بیر لە (زەرادەشت) دەکاتەوە، لە (ئاڤێستا)... بیر لە یەکدانی دوو بەرد و گەرمی، مریەم و خۆشەویستی، مریەم و خۆی، بەڵام کەسێ نییە شەقێکی ئاوا خواهانە و پڕ بەزەیی لە حەسەن هەڵدا، لێرەوە بۆ شوێنێکی دیکە بیلەقێنێ، دەنگی بێ، گەرم دابێ، هەر مریەم ئەو ڕێبوارە بوو، ئەمیش زوو ماڵئاوایی کرد، کێ دەڵێ مریەم دەبێتەوە...؟ نەشبێتەوە... هەفتەیەکی دیکە پەردەی شانۆ بۆ حەسەن و خەمە گەورەکانی دەکرێتەوە... چی لە هاوار و خەڵک و شانۆ گەورەترە...؟ بەڵام مریەمیش خەمێکی قورسە، کەواتە تا هێز لە پێیەکانیدا هەیە با شەق لە بەردەکان هەڵدا، بەخۆشییەوە هەڵدەبەزنەوە، دەڵێی ساوایەکن و لە خۆشی ختووکەیەکی دایکانە دەتریقێنەوە، هەموو شتەکان حەز دەکەن بجووڵێن، ڕابکەن، بفڕن، ئەوەتا باڵندەکان سرەوتنیان بۆ نییە، گەڵێی درەختە دوور و نزیکەکان، شنەی با، خۆری ماندوو، تەنیا مردووەکانی سەر گردەکە نەبێ، چەندەها ساڵە چۆنن هەر وان، لەژێر تیشک و پرشنگی هەتاوی بەیانییان چاو هەڵناهێنن، لەگەڵ چاو لەیەکنانی خۆری ماندووی ئێواران ناخەون، خەریکە پیرە دایکیش ببێ بەمیوانێکی هەمیشەیی ئەو گۆڕستانە، نەخۆشی شەکرە و ڕۆماتیزم و چاوکزی پەکیان خستووە، حەسەن شەوەهای شەو سەری پڕ لە ئاژاوە و خەونی دەخاتە نێو باوەشی پڕ لە میهری دایکی و... ئەویش وەک سەردەمی منداڵی دەیلاوێنێتەوە، بەیەکەوە دەگرین... دایکی بەخەم و برینی حەسەن نازانێ...

ئاوڕێکی دیکەی لە کۆشک و خانووە تازەکان دایەوە، ئەمشەویش پیرەباوک وەک زۆربەی شەوانی دیکە هەر لەوێندەرێ دەنوێ، لەوێ و بەتەنیا، لە نێو تاریکی و دووکەڵی



جگەرە و هەناسەسواری و خەوی سووک و بۆنی بۆیە و گڵ و گەچ، هێشتا ئەو باشترە لە پیرەدایک...

( – حەسەن من دایکت نیم تا دوا هەناسە وەک سمۆرەی زیت زەق زەق سەیری دونیا دەکەم...) باشتر... هێشتا بەرپێی خۆی دەبینێ، چاوەکانیشی کز نین، دڵتەڕی وا لە مرۆڤ دەکا چاوەکانی هەر بەدونیاوە بن، جوانە تا دواساتی ژین بنیادەم جوانی هەر بەچاوی خۆی ببینێ... وەک چرا کوژانەوەی بەرەبەیانییەکی تاریک و ڕوون، کە لە دایک دەبین چاوەکانمان وەک هی پشیلە نەپشکووتوون، نابێ هەرواش بمرین... لە تاریکییەوە بۆ نێو تاریکی... ئای لەو سەفەرە سەیر و سەختە...!

پیاسەی تەنیایی دەمەو ئێوارانیش خۆشە گەر دڵ خۆش بێ، لەشیش لەژێر باری کار و ئەرکی گرانی ڕۆژێکی دووروودرێژ دانەڕزابێ، کۆستێکی گەورەش برینێکی قەبەی نەخستبێتە دڵ، خەیاڵی مریەم تین و تاوی لێ سەند، چەند پۆلە مەلێکی ڕەنگاوڕەنگ برینی یادەکەیان وەک ئیمڕۆ و دوێنێ تازە کردەوە، خوێنی لێ دەتکا، کێ دەتوانێ خوێنی برینێکی بزر و شاراوە ڕابگرێ:

( – حەسەن ڕەنگاڵەکان وەک تۆ ئێسک سووک و چریکەشیان خۆشە...

– ڕاستە... بەڵام تۆ دەزانی من ڕیشۆڵەکانم خۆشتر دەوێن....

– تۆ هونەرمەندی... چۆن حەز بەجوانی ناکەی؟

– ئاخر جوانی لای من شتێکی ترە...

– جوانی هەر یەک شتە...

– نەخێر وانییە... من کە ڕیشۆڵەکانم خۆشتر دەوێن لەبەر ئەوەیە کە گوناهترن...

– کێ دەڵێ گوناهترن...؟

– من... زستانان بەکۆمەڵ ڕاو دەکرێن و دەخورێن...

– قەت ئەوەندە ساویلکە نەبوویت!

– بۆچی...؟

– ئێ خۆ ڕەنگاڵەش دەخرێتە قەفەزەوە...

– بەڵام جیاوازە... ڕۆژێک دێ ڕەنگاڵە بەڕەللێ بێ و بفڕێ... بەڵام ڕیشۆڵەکە دەخورێ و تەواو... جارێکی دیکە نافڕێتەوە...

– ئاخر چار نییه... ڕیشۆڵە بەو هەموو ڕەش و برشییەوە گەر نەخورێت کەڵکی چی هەیە...؟

– ئاخر هەر لەبەر ئەوەیە پترم خۆش دەوێ...

– لەبەر ئەوەی کە ناشیرینە...

– هەڵبەت... نە چریکەی خۆشە و نە وەک ڕەنگاڵەش جوانە...

– تۆ مەسەلەکەم لێ ئاڵۆز دەکەیت... دوور و قووڵی دەکەیتەوە...

– خۆی وایە مریەم.... ).

خۆی وایە و بەدەست من نییە... مەسەلەکە لەوە دوور و قووڵتریشە... ئەگینا چی منی ڕەنگاڵەی بەردڵتی کرد بەڕیشۆڵە، ڕیشۆڵەیەکی ڕەش و ناشیرین، چی ڕێگەی جودایی و ماڵئاوایی خستیتە بەردەم، ئەوسا کە لەگەڵ تۆ بووم بۆیە ڕەنگاوڕەنگەکان چەند جوان و دڵگیر دەهاتنە بەرچاوم، چەندەها جار ڕەنگە سارد و ناشیرینەکانم بەقۆنتەراتچی و خاوەن کۆشکەکان دەگۆڕی... دەموت: ئێوە لە ڕەنگ نازانن، ڕەنگی کراوە زۆرن، ڕەنگی... دڵتەزێن... وەک ئەو ڕەنگانەی لە پەلکەزێڕینەدا هەن، ڕەنگی زەردەپەڕی دەمە و ئێواران، یا سپێدەی بەیانییەکی زیوینی بەهار... یا شینایی ئاسمانێکی بێگەردی دوای باران و هەور ڕەوینەوە... بەقەد ئافرەتی شۆخ ڕەنگی جوان هەن...!

مریەم... لە ڕۆژێکا کۆشکێکم ڕەنگڕێژ دەکرد، بەهەوەسەوە... چوست و چالاکانە دەهاتم و دەچووم و... بەدەم بۆیەکردنەوە کۆشکەکان بەگۆرانی سەرمەستی و شێتانەی دڵە دێوانەکەی من دەنگیان دەدایەوە... لە دەنگدانەوەی هەزارەها زەنگی خۆشی پڕ لە زایەڵە و زرنگە دەچوون کە لە گوێمدا بزرنگێنەوە... زۆرجاریش پڕبەدڵ دەترسام، لەوە دەترسام و زیرەم دەکرد کوڕێکی قۆزی، سپی پێست، باڵابەرزی، قژ تەنکی، هەتاو نەدیوی، چاو گەشی ژنانەی یەکێ لەو کۆشکانەی بۆیەیان دەکەم لە منت زەوت بکا، بۆیان دەکرێ... وەک بۆیان کرا مریەم... وەک چۆن دەتوانن ئارەقەی ڕەش و شینم پێببڕێژن، ئۆخەی ناکەن تا ئارەقەی سوێر و تێزاب ئاسا چاوەکانم نەسووتێنێ، بۆیە و ڕەنگ و پەڵەکانی سەر ڕووخسارم هەر بەو تێزابی ئارەقەیە دەشۆمەوە، هەر خوا دەزانێ چ: ڕۆژێکی ڕەش و پڕ نەگبەتی چاوەڕێم دەکا... چ ڕۆژێکە و لە چ هاوینێکی سووتاودایە لەسەر یەکێ لەو کۆشکە بەرزانەوە خۆم و پەیژەکە دەکەوینە خوارێ... هەردوو لای پەیژەکەش وەک هەردوو باسکی من لە یەک دەترازێن و دەشکێن، سەریشم وەک شووتییەکی گەییو – زۆر گەییو



– لەسەر تاشەبەردێکی نێو بەردە کەڵەکەکراوەکانی نزیک کۆشکەکە دەپژێ و ئەو ناوە ڕەنگڕێژ دەکا... مێشکی سپی و ڕیشەی دەماری پڕ لە خوێنی خەمی کاسەی سەریشم لەگەڵ سەتڵی بۆیەی دەستم تێکەڵ دەبن... دەبێ بەتابلۆی دەستکردی یەکێ لەو هونەرمەندە شێتانەی کە لە مێشک پژانی کاسەسەری مرۆڤی برسی تێناگەن... چ تابلۆیەکی غەریب و ڕەنگین دەبێ گەر بێن و لە ڕەنگی خەم و خوێنی من بەفلچەکانیان ڕەنگێک داڕێژن...!

مریەم زەوتیان کردی، بۆیان کرا... بۆیان دەکرێ... یەکێ لەو کوڕە ناسکانەی هەر لە ئافرەت دەچن... ئەوانەی برۆی خۆیان هەڵدەگرن... یەکێ لەوانە تۆی لە من زەوت کرد، خاوەن ئەو دەست و پەنجانەی بەئەنگوستیلەی عەیار بیست و دوو ڕازاونەتەوە. ئەوانەی لەگەڵمان لە بەشی شانۆ، ئەو کوڕە خانمانەی لەگەڵ سەرما و گەرما هاواری دایکیان دەکەن، ئەوانەی ناتوانن یەک ڕستە لە (هاملێت، تۆتیللۆ، ماکبێث) بەدەم و پلێکی ڕێکەوە بڵێن، ئەوانەی تەنیا کراسێکی کورتیان لەبەرکە و دەبن بەکچ، هەر یەکێ لەوانە هەڵیفریواندی، دەستخەڕۆی کردی، هەفتەیەکی دیکە بۆ چەند ڕۆژێ لەژێر ئەم ڕەنگ و بۆیانە دێمە دەرێ... ئەم کراس و پانتۆڵە دادەکەنم، لەسەر تەختەی شانۆ دەبم بە(ڤاسیلی ڤاسیلیڤیچ)... پیرە تەنیا و بەجێماوەکەی نێو شانۆگەری – دوا گۆرانی – ی چیخۆڤ... بێ ژن و ماڵ و منداڵ... بێ کەس و خاوەن خەمی کۆشێک ساڵ، بێ جێگە و ڕێگە، سەرخۆش و هەناسەسارد، پیرێکی ماندوو... دەگەڵ یادی حەزێکی کۆن و مردوو، خۆم دەزانم چۆن لەوێ... لەسەر تەختەی شانۆکە هەر کتومت دەبم بەو پیرە، شانۆ گەورەیە... پیرۆزە مریەم... تۆ ئەوە دەزانی...؟ نەشیزانی هەر گەورە و پیرۆزە... هەر لەوێ... لە بەرچاوی خەڵکەکە یادی تۆ دەمگرێنێ، حەزی تۆ، ڕەنگی چاوت، ئەو هیوا و ئاواتانەی باسم دەکردن... باست دەکردن... ئەو ڕۆژەی کە منت جێهێشت... خەڵکی وا دەزانن ئەمەی دەیکەم نواندنە... نواندن و بەس... نازانن کۆست و کەسەر و نسکۆ و نەبوونی و دڵساردی فێریان کردووم چۆن ئاگر لەسەر تەختەی شانۆکان بکەمەوە... تا خەڵکی گەرم ببنەوە، دەبێ دوا گۆرانی مەینەتی و سەرگەردانی کۆستی ئەو حەزەم بچڕم... تا دوا هاوار و نرکە و ناڵە و نووزە بچریکێنم، لەگەڵ زریکەم پانکەکانی بنمیچ بەگوڕتر بخولێنەوە... تا ئارەقەی هەڵچوونی ئەو خەڵکە سارد کاتەوە، ئەو خەڵکەی وا دەزانن من ئەکتەرم و بەس، نا مریەم گیان... تۆ نابووایە بمخەیتە نێو بەلەمێک و بمدەیتە دەم شەپۆڵە شێتەکانی زەریایەکی هار و بێ ئەوەی سەوڵێکم بدەیتێ، سووپاست دەکەم... دەشێ ئەمجارەیان لە

هەموو جارانی تر شانۆگەرییەکە گەرمتر بێ، پڕ لە ئاخ و هەناسەساردی و گریان و نەهامەتی بێ، بێشک خەڵکێکی زۆریش چەپڵەم بۆ لێدەدا... بەڵام من چی لە چەپڵەی ئەوان بکەم...؟ وەک پیرەکە... پیرەکەی نێو شانۆگەرییەکە حەز بەچەپڵە ناکەم، من بریندارم... کێ ئەو برینە قووڵ و بزرەی من دەبینێ... لەبیرتە مریەم... پێت دەووتم:

(– تۆ نەک هەر ئەکتەریت... دەنگیشت وەک چریکەی ڕەنگاڵەکان خۆشە...

– ئەی ئەگەر ئەو چریکەیە بوو بەقاژەقاژی ڕیشۆڵە...؟

– دڵم مەگرە حەسەن... قەت وا نابێ...

– بەڵام دڵی من وا ناڵێ...

– بیبڕەوە... دیارە بەگومانی لێم... ها...؟

– نەء... بەڵام حەز ناکەم جگە لە خۆم کەسێکی دیکە ببینی...

– مەترسە و... نایبینم...).

ئەی چۆن بینیت...؟ تۆش نەیانبینی... ئەوان دەتبینن، ئەوان ڕاوچی زۆڵ و دونیادیدەن، دەزانن چۆن بەدەستی بەتاڵ نەگەڕێنەوە، ئەو کۆشکانەی من بۆیەیان دەکەم بەهی وەک تۆ شۆخ و شەنگ پڕ دەکرێنەوە، وەک شتومەکە هەرە عەنتیکەکانیان سەیرتان دەکەن... دەتانخەنە نێو جامخانە و ژووری شووشەبەند... تەنکە تۆز و گەردی سەر باڵاتان بەپەڕەمووچی تاووس دادەتەکێنن... تۆ وەک من نایانناسیت، من هەر لەوانە دەترسام، ئەوانە بەردی ئەو شاخانەیان بڕاندەوە ئەوەندەی کۆشک و تەلاری لێدروست بکەن... مریەم دونیا وا بڕوا چیا بەسەر زەوییەوە نامێنێ... ئەوسا چی بکەین...؟ لانەواز و دەربەدەر و پیاوانی دڵپڕ لە داخ ڕوو لە کوێ کەن...؟ ڕۆژێک دێ تۆش وەک خشتێکی مەڕمەڕ، یان کاشییەکی ڕەنگین و نایاب بخەنە قەد دیوارێکی ئەستوورەوە... تۆ نایانناسی... من دەزانم چۆن فێڵم لێدەکەن، چەندەها جار ئێواران بەدڵساردی گەڕاومەتەوە و هەقیان خواردووم، هەقی ئارەقە و برژانی بەر خۆری گڕگرتووی هاوینی درێژ، وایان لێکردووم نەفرەت لەو کەسە بکەم... لەو هێزەی یاسای چەوتی ئەم گەردوونە بەڕێوە دەبا، یاساکەش... یاسای ئەو گیرفان پڕانەیە کە لەسەر شانۆ هەر جارێ بەتەرزێ ڕسوایان دەکەم، گەر تۆ وەک من شارەزای شانۆ بوویتایە، لە نەبوونی و برسیەتی، تۆ گەر باوکێکی کەنەفت و دایکێکی ئیفلیجت هەبووایە، گەر وەک من بەیانییان لەنێو کۆکە و بەڵغەمی زەرد و چڵم و نووزەی غەریبی دوو پیر لە خەو وەئاگا هاتبایت... ئەوسا دەتزانی من چی دەڵێم... هەنووکە



ئەمنیش کۆشکەکانیان لەژێر ڕەنگی ڕەش و بۆر و سارد و مردوودا دەخنکێنم، وەک جاران حەز لە ڕەنگی کاڵی چاوانت ناکەم... ڕەنگی ئاڵی سەر هەردوو گۆنات، ڕەنگی زەرکەفتی قژە کێوییەکەت، ئەمێستا چاوانی تۆم لێ دوورن، ئێستا شەیدای ڕەنگی ئەو کراسانەم لە پرسەکانا پیرەژنە جەرگسووتاوەکان لەبەری دەکەن... ڕەنگی کراس و پشتێنی ئەو گەنجانەی بیر لە برا جوانەمەرگەکانیان دەکەنەوە، ئەوانەی گەردەلوولێکی کتوپڕ لوولی دان و بەرەو دەریای مەرگ ڕاپێچی کردن، کە منت دەویست دەمزانی چۆن ڕەنگەکان تێکەڵ یەکدی بکەم... ئەمێستا تێکەڵی ڕەنگەکانیش وەک دەروونە شێواوەکەمە و تێیاناگەم، تۆ منی شووشەت شکاند... چ پارێزەرێک بگرم تا هەقی من لەو پەنجە قامیش شەکرانەی تۆ وەربگرێتەوە... ئەو پەنجانەی لە بینما گیربوون و خنکاندمیان... کەچی تیر تیر مژین... تیر تیریش ماچم کردن، قورسترین و جوانترین مەرگ ئەو پەنجانەت پێیان بەخشیم، لێت دەبوورم... بەڵام چۆن لەوان ببوورم...؟! چۆن...؟ ئەوانە منیان لە نێو تۆز و خۆڵ و ئارەقە و بۆیە و خەم و پەژارەدا خنکاند... سەرباریش تۆیان لێ زەوت کردم... ئای مریەم... من ناتوانم لێیان ببوورم... ئەوان سواری ئەسپی زین زێڕینن، منیش پیادەیەکی پێخواس بووم، تۆ زوو ماندوو بووی، تۆ... کچی نێو کەژاوە و گالیسکە و ئۆتمبێلە زۆر درێژەکان... ماندوو بوویت و هەڵیانگرتی... ئا لە بەرچاومە... تۆی ناسک دەخەنە ناو کەژاوەیەکی سپی، دەتکەن بەپێشەنگی کاروانی بەزم و خۆشی خۆیان... شەوانی تاریک دەبیت بەچراخان و کۆشکەکانیان ڕۆشن دەکەیتەوە... لە تۆش ببوورم... ناتوانم لەوان خۆش بم... هەرگیز...

ئۆف مریەم... ئەی عیشقە ڕەنگین و... هەم نابووتەکەم... ئەی ڕیشۆڵە تەریوەکانی هاوینی ئاسمانی دڵە گەرمەکەم، مریەم گەر بمزانیایە بۆ کام کۆشک لەو کۆشکانەی بۆیەیان دەکەم: دەتگوێزنەوە...؟ گەر بمزانیایە پێم لە دڵی خۆم دەنا و ئەو ڕەنگانەم بەسەردا دەباراندن کە تۆ دڵت پێیان دەکرێتەوە... ئەو گۆرانییە خۆشانەم تیایدا دەووت کە تۆ جاران جوان جوان... شل شل سەرت بۆی بادەدا... وەک شەنگەبی بەر بارانێکی بەخوڕی بەهار لەگەڵیا دەکەوتیتە سەما، بەو بارانی سۆزە شیرینەم تەڕ دەبوویت و دەلەنگیتەوە، لە هەموو ژوورەکاندا دەمچریکاند تا شەوەهای شەو هەر ئەو هەوا و هەناسەیەم لە نێو ژوورەکانیا بمێنێتەوە و ببێ بەدوا نووزەی غەریب و مردووی گۆرانییەکەم، ئەگەریش چی ئەوەیان دوورە... نەک هەر دوورە... بەڵکو ئەفسانەی مێشکە گێژەکەی خۆمە، ئەو مێشکەی خوێنی خەم و خەون و خەیاڵی تاڵی تیا دەگەڕێ، مریەم لێت خۆش دەبم چونکە تۆ وەک من لە یاسای چەوت و نارێکی ئەوان تێناگەی... ئەگینا بەکەلاوەکەی من ڕازی

دەبووی، ئەو کەلاوەیەی زستانێکی سەخت و پڕ تەڕوتووشی بێتەوە لەوانەیە لەژێر باووبۆران و نرکەی گەواڵە و شریخەی بروسکێک ببێ بەخۆڵ و داروپەردوو، هەر ئەوەندەی خۆڵی کەڵەکەوەبووی سەر گۆڕی پیاوچاکێکی پێوە دەمێنێ... ئەوەیە هەموو کۆشک و تەلاری من، بەڵام خۆم دەبووم بەپەنا و دیوار و سەربان... سێبەر و ئاسمان... هەر ئەو دڵە بچووکەی من ئەوەندە گەرمە بەگەورەترین ئاگردانی ماڵە میرێکی خۆشناوەتیی ناگۆڕمەوە... تۆ دەزانی چیت کرد مریەم... هەر خۆت بوویت دەتووت:

( – حەسەن... هەژاری شەرمەزاری نییە... تۆ بۆ وا بیر دەکەیتەوە...؟

– دەزانم مریەم...).

دەزانم... بەڵام خاکی ئێمە گوڵی زەرد و سووری ئەوینی کەم لێدەڕوێ... دەزانم... بەڵام ئاسمانی نەبوونیش کەمتر باڵندەی حەزی لێدەفڕێ، جۆگەلەی باریک و کەم ئاویش نەگا بەڕووبار، نەگا بەدەریا هەر لە ناوەڕاستی سەفەرەوە وشک دەبێ، تۆ نایزانی... زۆر جار خۆزگە دەخوازم لەگەڵ پەقرەجی پڕ بۆیە و فڵچەی دەستم و پەیژەکەی ژێر پێم بکەومە خوارێ... بکەوم و سەرانگرێ بم... پەراسووەکانم وەک پلە کورتەکانی پەیژەکە لە یەکدی بترازێن و بڕژێنە سەر تاشەبەرد و خشتە ڕژاوەکان... هەر تەنیا بۆ ئەوەی هەواڵی لە ناوەختی مەرگم خۆشی بووکێنیت لێ تێک بدا... نەء... تێکی نەدا... نا خوا نەکا... تەنیا شێلووی بکا و بەس... بەڵکو ئەوە خوایە مەرگم چەند دڵۆپە فرمێسکێک لە چاوانت قەرز بکا، ئەو چاوانەی وایان لێدەکردم جارجارە بەبێدەنگی و ماتی، جارجارەش بەڕقێکی پیرۆز و دڵێکی پڕ شۆڕشەوە بڕوانمە دەمی کراوەی پڕ ویسکی و جوێن و دڕندایەتی خاوەن کۆشکەکان... لەبەر تۆ خۆم لە شەڕیان دەپاراست، چاوم لە هەقی خۆم دەپۆشی، تۆ نایان ناسی... هەر ئەوان تۆیان دزی...!

مریەم... ئەگەر لە شەو و ڕۆژێکا پیرەباوک و دایک بمرن... من و کەلاوەیەک و برینێکی قووڵ دەمێنینەوە، ئیستەش گۆرانییەکانم بۆنی خەم و تامی ئازاریان لێدێ، ئەو گۆرانییە خۆشەی جارانم بیر چۆتەوە، ئەمێستا کە ساڵێک سووڕاوەتەوە و تۆم لێ دووری، هاوین و پاییز و زستان و بەهار... چوار وەرزی پڕ لە گەرمی و ڕەشەبا و باران و سەوزی... بەدەم خۆشە... زۆر شتیشم بیر چۆتەوە... وەک ئەو ڕۆژەی قژی تەڕت لە بەرباران ئاونگی لێدەتکا، هەردوو بێ چەتر بووین، دەنگم ئاوا خەم و نزای لێدەتکێ، ئاخۆ ئیستەش – وەک ئەوسا – حەز بەپیاسەی ژێر باران دەکەی... حەز لە بێ چەتری دەکەی... یان هەنووکە



خاتوون و کەیبانووی ماڵە گەورەکانی و بێ چەتر و پاڵتۆ ناچیتە دەرێ...؟ مریەم ئەوان بەشنەبایەک تووشی هەڵامەت دەبن، ئەوان هەرگیز منی ژێر گڕی هەتاوی هاوین و شەستەبارانی زستان نین، ئەوان شتێکی دیکەن، دایکم دەڵێ: خوا بەوانی داوە و ڕەتکردنەوەی نییە ڕۆڵە...! وەک ئەو چارەنووسە ڕەشەی تۆی لێسەندم، بۆ ئەوان باران هاوینانیش دەبارێ، جۆ بەدیواردا هەڵدەگەڕێ، بیابان دەبێ بەمێرگی سەوز و باخی هەزار بەر، مریەم ئەو ڕۆژەت لە یادە کە باوکت بۆ دووەم جار کۆشکەکەتانی پێ بۆیە کردمەوە... تۆش وتت:

(– تەحا لەو ڕەنگ ڕشتنە جوانە... ئاخۆ هی خۆتان چۆن بۆیە کردووە...؟

– هی خۆمان گڵە خانم... بۆیەی ناوێ...).

کە ئەمەم وت پێکەنیم... لەسەر پەیژەکەوە تێر تێر پێکەنیم... لە خۆشی ئەوەی منی ماندووت دەدواند... من لە سەرەوە و تۆ لە خوارەوە، دەزانی سیما و ڕووخسارت چەند گۆڕا... ڕەنگت پەڕی، سەرت دانەواند و مات بووی... پاشان وتم:

( – بۆ ڕەنگی گڵ چییەتی...؟).

بێدەنگ بوویت و سەرت هەڵنەبڕی... ویستم تۆزی ئەو خەیاڵەت لێبتەکێنم:

(– خانم کەمێ لاچۆ... با کراسە سپییەکەت پیس نەبێ...) سەرت هەڵبڕی و وتت: ((لە تۆ زیاتر نیم...)).

بیرتە مریەم لە دوو ڕەنگی تەواو جیا ڕەنگێکی دیکەم دروست دەکرد... وەک ئەوەی لەسەر شانۆ بگریم و پێبکەنم، یان هاوار بکەم و لەپڕ هەر ئەو زریکەیە ببێ بەچرپە، لە هاوار و چرپە چی پەیدا دەبێ...؟ لە گریان و پێکەنینی تێکەڵ، لە دوو ڕەنگی تەواو جیا... لە حەزی دوو دڵداری سەر بەدوو چینی جیا... لە یادکردنەوەی ئەو ڕۆژانەی لە کەلاوە شڕەکەمدا گۆرانیم بۆ دەچڕی و ئێستای پڕ لە زرنگەی زەنگی ماڵئاوایی و غوربەت و تەنیایی...؟

زۆر بەشێنەیی کۆشکەکەی ئێوەم بۆیە کرد... هەستم دەکرد بەئارەقە و فرمێسک و خوێنی خۆم بۆیەی دەکەم... درەنگ لێبوومەوە... حەزم دەکرد بۆ ماوەیەکی درێژتر لەو بەژن و باڵایەت تێر بم... کە ئاوی ساردت دەهێنا لە چاوە کاڵەکانت ورد دەبوومەوە... ئاسمانی سەربەستی و هەم دەردی خۆم لە چاوانتا دەدی... ئەو چاوانەی باریکە دەماری خەمێک سووری نەکردبوون... تۆ خۆت دەبوویت بەو پەرداخی ئاوە ساردە و ناو هەناوی گڕ

تێبەربوومت فێنک دەکردەوە، لەو چاوانەت ورد دەبوومەوە و دوو باخی پاییزی دەهێنایەوە یادم... خۆم لەو باخەدا درەختێکی ڕووت بووم... درەختێک بۆ گەڵا ڕژاوەکانی شیوەن بکا... حەزم دەکرد لە پەیژەکەوە بکەومە خوارێ و لە باوەشتا خۆم بگرمەوە... لە باوەشی پڕ بۆن و بەرامەت... ئاڵاوی واڵا بوویت و دەدرەوشایتەوە... ژێر پەیژەکەت جێنەدەهێشت... منت دەویست... نازانم بۆ...؟

خوا حافیز... ئەی گەڵا و گوڵی وەریوی حەزی وەنەوزی وەرزی پاییز...!

مریەم... تۆ دەزانی ئێستا بوومەتە هاوڕێی غەمبار و عاشقە کۆستکەوتووەکان... جاروبار شەوانە بەزۆری دەمبەنە مەیخانەکان تا ڕەشترین گۆرانییان بۆ بڵێم... پێویستیش ناکا بخۆمەوە... من بەئارەقی یادی حەز و دووری چاوانت سەرخۆش و مەستم، لە هەر ئان و ساتێکیشدا بمەوێ دەگریم و قوڕ دەپێوم... ئەوان دەڵێن ((ئەکتەری چاکی...)) ئەوان نازانن هەموو دەورەکان هی خۆمن... هەموو پاڵەوانەکان... ئەوانەی عاشقی نان و ماچ و وڵاتێکی سەوزن، بەهێز و بەزیوەکانیش... بگرە ئەو پیرەژن و پیرەمێردانەی لەسەر ڕۆخی گۆڕ سەریان دەلەقێ و لانکی مەرگ ڕادەژەنن... ئەوانە هەموویان منم... شەوانە تا درەنگانێ لەنێو دووکەڵی جگەرە و ئارەقی هەرزان و ئاخ و ئۆفی ئەو عاقڵە سەرشێتانە دەمێنمەوە... زۆرجاریش بەیەکەوە پێدەکەنین... پاشان دەگرین... بەڵام کەس لە گریانی کەس ناپرسێ...!

درەنگ لە بۆیەکردنی کۆشکەکەتان بوومەوە... دواجار باوکت پەلەی لێکردم... زانی هەر تەنیا بۆیەچی نیم و قوتابی دوا ساڵی ئەکادیمیام... کە تۆش پتر خولیام بوویت ئەو پتر ترسا، دەم و دووت دەکردم... ئەگەر کەس لەوێ نەبووایە لەگەڵ قسە قۆڕەکانما دەتریقایتەوە، تەواو گومانی لێکردم... ئەو ڕۆژەی کە هەردووکمانی بینی و.... ئۆف... با هەر بیرم نەیەتەوە... ئەو ئیشە کوێر بێتەوە کە منی خستە سەر ڕێگەی تۆ... هەنووکە ئەو ڕەنگاڵەیە نیم تۆ خۆشت دەویست... ئێواران بەزەوقەوە لە سەربانی کۆشکەکەوە سەیری فڕینیانت دەکرد... ئەمێستا ئەو ڕیشۆڵەیەم کە لە قاژەقاژم بێزاری... هەروەک خۆت دەتووت:

( – ریشۆڵە لە توخمی قەلەڕەشە و خۆشم ناوێ...).

گەر دەزانی ئەمساڵ زستانێ چەندەها جار ڕیشۆڵەم لە منداڵە برسی و لاسارەکان کڕیوەتەوە و بەڕەڵلام کردوون... هەستم دەکرد خۆمم و ئازاد و سەربەست ڕووە و هەموو



ئاسمانەکان دەفڕم و باڵ لێکدەدەم... گەر بۆم بلوایە نەمدەهێشت ڕاو بکرێن... گەر پارەم هەبووایە هەموو جارێ بەتۆڕەوە دەمکڕین و بەرەو ئاسمانی بێ کۆتایی هەڵمدەدان...!

گەر هەنووکە دەمبینی، بەتایبەتی ئیمڕۆ ئێوارە بەو هەموو پەڵە و نوختە ڕەش و بۆرانەی سەر کراسە سپییەکەم هەر کتومت لە ڕیشۆڵە دەچم و هیچی تر، ڕیشۆڵەیەکی باڵ شکاوی بەردەستی منداڵێکی دڵڕەق، گەر بەڕەڵڵاشم بکا بۆم ناکرێ وەک جاران بفڕم، لا باڵە سووکەکانم لەیەک بدەم و ڕووەو زستانی ئاسمانە سارد و دوورەکان هەڵفڕم، مریەم گەر منداڵەکەش ئازادم کا... ڕیشۆڵەیەکی باڵ شکاوم و بۆم ناکرێ بفڕم، درەنگی ئێوارە پشیلەیەکی ڕەش و برسی دێت و دەمکا بەپارووەیەکی چەور و هەناوی ساردی خۆیم پێ گەرم دەکاتەوە... دەلوێ پشیلەیەک بێ لە پشیلە بەڕەڵڵاکراوەکانی ماڵە خواپێداوەکان، تۆ نایانناسی... ئەوان خوێنی منی ڕیشۆڵە دەخەنە بەردەمی پشیلە برسییەکانیان، تۆ لەگەڵیان دەژیت و وەک من شارەزایان نیت، ئەوان بەبۆیەی ڕەنگاوڕەنگ هەرا و بۆگەنی و پیسی نێو کۆشکەکانیان لە بەرچاوی خەڵکی دەشارنەوە، کەس بەقەد ئەوان حەز لە ڕەنگی زەرد و سوور ناکا... قەت... قەتیش لەسەر ڕەنگێ ناگیرسێنەوە، ساڵ نییە کۆشکەکانیان بۆیاخ نەکەنەوە، تا سەر لەسەر هیچ شتێ ناگیرسێنەوە، نە ئافرەت، نە خۆراک، نە بەرگ، نە دەنگ، نە ڕەنگ، نە ناو، نە کۆشک، نە ئۆتمبێل، نە گۆرانی.... ئاخۆ لەسەر تۆش دەگیرسێنەوە یان نا... ها مریەم... یان دەبیت بەمێزی مەزە و خواردنەوەی چەند شەوێک و بەس... زۆرم گۆشت بەرداوە و ئیستە لە جارانیش باریک و بنێسترم، بیرتە کە لەتەکتا دەوەستام پێدەکەنیم... کە یەکدیمان ماچ دەکرد دەبووایە بەسەرما بنووشتایتەوە، تۆ نەک بالێت... تۆ لە هەموو شتێکا لە من کەڵەگەتتر بوویت... دەمزانی کەڵەگەتریش دەبیت... من بەتەنیا خاوەن بەهرە و مێژوویەکی ڕەش بووم، خەونم بەتۆوە دەدی... هەر من بەتەنیا مەرگی مەلی عیشقی خۆم نەبینیوە... بەر لە من زۆربەی عاشقەکان دیویانە... هەر من نیم کە شکانی درەختی سەوزی حەزی خۆم لە ناوقەدەوە بینیبێ... هەر من نیم...!

هەفتەیەکی دیکە خۆم دەزانم چۆن لەسەر شانۆ دەگریم و پێدەکەنم، هەموو کەسێ دەخەمە لەرزین و تەزین، خۆم دەزانم چۆن تەختە ڕەق و مردووەکانی ژێر پێم دەخەمە قسە و دەیاندوێنم... تا بزانم کە درەخت بوون چەند فڕندەی مێ هێلانەی لەسەر کردن و لەگەڵ یەکەم باڵندەی نێر و نەناسیاو لە شەققەی باڵیان دا و فڕین... فڕین ڕووە ئاسمانێکی تر... دەمەوێ باسی ئەو ڕووبار و جۆگەلانەم بۆ بکەن کە ئاویان لێخواردۆتەوە... باسی ئەو

شاعیرانەی لەژێر سێبەرەکانیان شیعری دەم بەگریانیان نووسیوە، وا لەو خەڵکە دەکەم شەو خەون بەدەموچاوی ئارەقاوی و ناڵە و پشکۆی وشەکانەوە ببینن، هەفتەیەکی دیکە داخی تۆش هەر لەوێ هەڵدەڕێژم، بۆشت ناکرێ وەک جاران بێیت و لەسەر کورسییەکی پێشەوە دابنیشیت و لەگەڵما بگریت و پێبکەنیت، لە دواییشدا چەپڵەم بۆ لێبدەی... ئەو چەپڵە سووک و ناسکەی دەستە نەرم و نیانەکانت کە لە نێو هەزاران چەپڵەی تردا دەیناسمەوە، ئەوان حەز بەشانۆ ناکەن... شانۆ لای ئەوان مێشک تێکدەر و کات بەفیڕۆدانە، ئەوان لە زمانی بەئاخ و داخی مرۆڤی نێو چیرۆک و شانۆگەرییەکان تێناگەن، ئەوان بنیادەمی موچڕک و ختوورە و ڕاچەنین و گریان نین، لە کن وان شانۆ جێی پێکەنینە و بەس... ئەوان تا بۆیان بکرێ حەز لە خوشک و دایکی یەکدی دەکەن... منداڵەکانیان چاوێلکەی کاغەز لە پێنج بایی و دە بایی دروست دەکەن... پیاوەکانیشیان شەوانە لە تیاترۆخانە و کابارێکاندا هەر بەو کاغەزی دینارە جگەرە بۆ ئارتێست و سۆزانییەکان دادەگیرسێنن... لە پەرداخی کریستال ئاو دەخۆنەوە، جڕتیش بۆ پیرۆزترین شانۆگەری لێدەدەن، مریەم هەر خۆت بوویت و خۆزگەت دەخواست لەتەکما بیت و لەسەر تەختەی شانۆ بوەستیت... چیت لە خۆت کرد... چیت لە من کرد...؟ دەترسێم ڕۆژێک بەسەرما بێ و خۆم لە پەقرەجێک بۆیەی سوور هەڵبێنم و وەک شێت بەشەقامەکانا بگەڕێم... مەزن و منداڵ بەدوامەوە ڕابکەن... تۆش ئەوسا وەک ڕێبوارێکی سادەی سەرشەقام نامناسیتەوە تا ئەو گۆرانییەت بۆ دەڵێم کە جاران وەک چناری باڵابەرز لەگەڵیا دەشنایتەوە و سەمات دەکرد... خۆت بادەدا... ئەوسا دەمناسیتەوە و هەڵمدەگریتەوە... دەمخەیتە نێو جانتا چکۆلانەکەت و دەمبەیتەوە، دەمشۆی، یەکێ لەو بۆنە خۆشانەی خۆتم پیادەپژێنی، جلی جوانم لەبەر دەکەی، ڕیشی خەمم پێدەتاشی، وەک منداڵێکی هاروهاج لەسەر ڕانت دەمنوێنی... منیش خەون بەباخێک و کەپرێک و ڕووی تۆوە دەبینم... بەیانیش لەگەڵ ماچێکی گەرمت ڕادەچەنم و چاوەکانم پڕ دەبن لە ڕەنگی چاوت و هەتاوی خۆری کزهەڵێتووی بەرەبەیان، من لەو زندەخەوانەی خۆم بێزار بووم... کوا چ کۆشکێکە... چ ژوورێکە کە دەگوێزرێیتەوە ناوی... حەز دەکەم بەخوێن و ئارەقە و فرمێسکی خۆم بۆیەی بکەم، تۆ ڕەنگ و بۆنی خوێنی من دەناسیتەوە... تامی ئارەقە و فرمێسکی ڕژاوم، خوێنی ئەو دڵەی تا لە لێدان دەکەوێ خڕۆکەی حەز و عیشقی تۆ هەڵدەگرێ، لەمەودوا هەر کۆشکێک بۆیە بکەم ڕەنگێکی ڕەشی سوورباوە... وەک ئەو جەرگەی دەبێ بەخوێنێکی مەییو و بەنێو هەناودا پلێیت پلێیت وەک دەڵەمەی هێلکەیەک دەڕژێ و ناوسک دەکا



بەخوێناو... بەزووخاو... وەک خوێنی ئەو کەسانەی دەستگیرانەکانیان لە سەرەمەرگدا جێیان دێڵن...!

مریەم دەست لە بۆیەش هەڵدەگرم... بەڵام لەگەڵ برسیەتی و نەبوون چی بکەم...؟ ئەگینا دەستم لێهەڵدەگرت... تۆ نازانی من چەندە دڵتەنگم کە کۆشکەکانیان بەم ڕەنگ و بۆیانە سواغ دەدەم... نەخش و نیگاری سەر تاق و پەنجەرە و شوورە و بالکۆنەکانیان بۆ دەڕازێنمەوە... خوا دەزانێ چەندەها کارئاسکی وەک تۆی تیا سەر دەبڕن، بەهار و زستان و هاوین و پاییز تێپەڕین... تۆ نە دەنگت هەیە و نە ڕەنگ، چی ونی کردی... چی لەنێو ژوورە زۆرەکانیان دەتدۆزێتەوە...؟ منت بیر نایەتەوە... منی شێت و شەیدای شانۆ و بۆیە و خەم و گۆرانی و مریەم و ...... منی تامەزرۆ و عەزرەتی یەک زەردەخەنەی تۆ... چی بەیەکدی ئاشنای کردین... کێ ئەم دیوارە ئەستوورەی نێوانمان دەڕمێنێ... ئەمێستا لە کوێی... لەگەڵ کێی... خەریکی چیت... شادیت یان غەمگین...؟ بۆ هەفتەیەکی تر نایەیت لەسەر تەختەی شانۆ ببینیت و گوێ لە هاوار و ناڵە و شۆڕش و نەگبەتی مرۆڤ بگریت... نرکە و گریانی بێ ئامانی هەڵفڕیوم کە بانی هۆڵەکەی لەگەڵ دەلەرزێ... فرمێسکی بەخوڕی سەرکردووم... بۆ نایەیت...؟ مریەم... لەوانەیە بتگوێزنەوە بۆ یەکێ لەو کۆشکانەی تازە بۆیەیان دەکەم... ئەمەشیان ئەوپەڕی شادومانیمە... بەدرێژایی ڕۆژەکان... شەوەهای شەو لەو ڕەنگانە ڕادەمێنی... کێ بۆیەی کردوون... چ دەست ڕەنگینێک ڕەنگی ڕشتوون...؟ دەنگێ لە غەیبەوە دێتە بەرگوێت - ((حەسەن)... نا لە غەیبەوە نییە و دەنگی دڵی خۆتە... ڕەنگە هەناسەی پڕ ئاخ و ئۆفیشم لەنێو کون و کەلەبەری ژوورەکان مابێتەوە و لەوانەشە هەر بەڕێکەوت ئەو هەناسەیەم هەڵمژیت و ئەوسا تێکەڵ بەخوێنە گەشەکەت دەبێ... مریەم... من دەیانناسم... فریویان دای... ڕۆژێ دێ ببم، ببیت... ببین بەدوو پاڵەوانی سەرەکی و زیندووی شانۆگەرییەک... مریەم... مریەم... مریەم....

حەسەن لە دەنگی بەرزی خۆی وەئاگا هاتەوە... پلاری دوو منداڵی شڕۆڵ پتر تەریقی کردەوە:

(تێکچووە...!)

حەسەن شاعیرانە خۆی لە هەردووکیان گێل کرد، گەیشتە نزیک خانووە داتەپیوەکانی گەڕەکی خۆیان، شل و شەکەت و مەستانە هەنگاوی دەنا... سەرمەستی خەیاڵی مریەم و شانۆ و برسیەتی ماوەی نەدا... چ زوو گەیشتە نێو ئاوایی و خەڵکی سەرەڕۆی

دەمەوئێوارە... بەرلەوەی لە شەقامە سەرەکییەکەی بەری گەڕەک بپەڕێتەوە ئاوڕێکی لە کۆشکە تازەکان دایەوە، تێکەڵ و نزم و دوورتر دیار بوون، منداڵە برسی و لاسارەکانی گەڕەک لە هاروهاجی خۆیان نەکەوتبوون، هەموو دەنگەکان لەوناوە تێکەڵ دەبوون: جووکە و جریکەی باڵندەکان، قیژەی منداڵ، هاواری دایک و گڕوهوڕی ئوتمبێلەکان... دەبوون بەئاهەنگێکی پڕ لە ئاژاوە... ماڵئاواییان لە خۆری ئاوابووی دەم کەل دەکرد، تەمی زەردی خۆرنشین دونیای ئەو ناوەی گرتبووە باوەش، خانووە قوڕەکان مەزن و باڵێتر و بەرچاوتر دەرکەوتن، ئەمشەویش وەک سەدەها شەوی دیکە پیرەباوک لەسەر کۆشکەکە پاسەوانە، پیرەدایک لە کەلاوەکە کەوتووە... هاکا مرد و حەسەنی بەتەنیا جێهێشت، لەوبەری شەقامەکەوە، بەبەری گەڕەکدا، منداڵێکی چڵکن و بۆر و قژبژ و تۆزاوی لەسەر چیچکان هەڵتروشکابوو، حەسەن بەچەند بازێ پەڕییەوە و لە منداڵەکە نزیک کەوتەوە، مەلێکی چکۆلە و ڕەنگین لەنێو چنگیدا دەیجریواند، دەم دەمیش هەردوو قاچی دەگرت و سەربەرەوخوار جۆلانەی پێدەکرد، زیاتر دەیجریواند... وەک ئەوەی هاواری فریادڕەسێ بکا، ئەوەندە بەترسەوە کەوتبووە باڵەفڕە چەند پەڕێک لە باڵەکانی هەڵوەرین و با بردنی، هەولی فڕین و سەربەستی دەدا... وەک ئەوەی مەل و فڕندە ئازادەکانی ئاسمانی سەروو بانگی بکەن... حەسەن لە بەردەم منداڵەکەدا کەوتە سەر چیچکان و لەو ڕەنگە بەهەشتییانەی سەر پەڕ و باڵی ورد دەبۆوە:

( - حەسەن تۆ بەم هەموو ڕەنگ و بۆیەوە هەر لە ڕەنگاڵە دەچیت...) پتر لە منداڵەکە نزیک کەوتەوە... ئەم کشایەوە:

(بچکۆل...) ئەم وەڵامی نەدایەوە...

( - بچکۆل لەگەڵ تۆمە...

- ها... چیت دەوێ...؟

- ئەم ڕەنگاڵەیەم پێدەفرۆشیت...؟

منداڵەکە تریقایەوە... قەت لەوە نەدەچوو منداڵێکی وا چڵکن و غەمگین و لاواز بتوانێ پێبکەنێ... بەگاڵتە و تەوسەوە پێی وت:

- ئەوە کەی ڕەنگاڵەیە...؟

- ئەی ناوی چییە؟

ئەمیش وەک ئەوەی نهێنییەکی زۆر گەورەی لێبشارێتەوە وتی:



- پێت ناڵێم...).

حەسەن تەریق بۆوە و پاشان پێی وت:

(- لە کوێت بوو...؟

- گرتم...).

ئیشارەتێکی بۆ باخچەکە کرد... حەسەن تۆزێ ڕاما و پاشان پێی وت:

(- گوناهە... جۆلانەی پێمەکە...

- هەقت نییە... هی خۆمە...

- نایفرۆشیت...؟

- نەء...

- تۆ لە ماڵەوە قەفەزت هەیە...؟

- نەء...

- ئەی چی لێدەکەی...؟

- بە پەتێکەوە دەیبەستمەوە...

- ئەی خواردن...؟

- وردەنانی دەدەمێ... بۆی تەڕ دەکەم و دەیدەمێ...

- نانی چی...؟ هەتیو دەیکوژیت... هەر ئەمشەو لای تۆ دەمرێ... خواردنی ئەمە جیایە... ڕۆڵە...

- چییە...؟).

حەسەن وەک ئەوەی تۆڵەی خۆی بکاتەوە منالآنە وتی:

(- پێت ناڵێم...

- جا مەیلێ...

- بیفرۆشە من... عاقڵ بە... من لە ماڵەوە قەفەز و خواردنی بولبولم هەیە... با لای تۆ نەمرێ...

- نایفرۆشم...

- دینارێکت دەدەمێ...

منداڵەکە بەسەرسامییەوە دەمی داپچڕی:

– نە ء... نایفرۆشم...

– کەمە...؟

– ئا... ڕۆژی جومعە بیبەمە بازاڕی کۆتربازەکان زیاترم دەدەنێ...

– با دوو دینار بێ...).

منداڵەکە زیاتر دەمی داپچڕی... حەسەنیش بەشێنەیی و زۆڵانە دوو دیناری لە گیرفانی دەرهێنا... نەیتوانی نەیکڕێ... نەیتوانی... خستییە ناو لەپی چڵکن و ئارەقاوی منداڵەکە، ئەمیش سووک دەستی ڕاستەی لە مەلی چکۆلە و ڕەنگین... مەلی تۆقیو بەردا... حەسەن چنگی بۆ کردەوە و وەک بڵێی دڵی خۆی لە نێو چنگدا هەڵگرتبێ، هەستی بەترپەی لێدانی دڵە چکۆلەکەی دەکرد، منداڵەکەش هەر بەغار دوور کەوتەوە... چەند جارێک سەیری پارەکەی ناو دەستی خۆی کرد، لە دوورەوە وەستا و چاوێکی هەر لە حەسەن بوو، ئەمجارەیان هەستی کرد دڵی خۆی و مەلەکە کەوتوونەتە لەرزە... هەردو وپێڵووە تەنکەکانی جوان هەڵدێنا... بەندییەتی ڕەنگی تەنکە ترسێکی لە چاوانیا ڕشتبوو:

(– ئێ خۆ ڕەنگاڵەش دەخرێتە قەفەزەوە...

– بەڵام جیاوازە... ڕۆژێک دێ ڕەنگاڵەکە بەڕەڵڵا بێ و بفڕێ... بەس ڕیشۆڵەکە دەخورێ و... جارێکی دیکە نافڕێتەوە...).

کتوپڕ دەستی نووقاوی کردەوە، چنگی تەواو شل کرد، مەلی ڕەنگین و تۆقیو فڕەی باڵی هات، ئەوەندەی نەمابوو بکەوێتەوە سەر زەوی، دیسانەوە هەستایەوە، نیوە بازنەیەکی شادانەی سەربەستی کێشا و ڕووەو شینایی ئاسمانی بێ کۆتایی هەڵفڕی... حەسەن سەری هەڵبڕی... مەلی چکۆلە و ڕەنگین لە بەرچاوی بوو بەمریەم... لەنێو پۆلە مەلێکی دیکەدا خۆی ون کرد... حەسەن چاوی دەگێڕا و حەزی دەکرد بیناسێتەوە... مەحاڵە... ئای لە خۆشی و سەرشێتی فڕین و سەربەستی دوای بەندییەتی... تیکدەئالێن... زەردەپەڕی ئێوارە بەرگێکی سوور و گڕئاسای پێپۆشیبوون... هەروەک بڵێی سووتابن و ها ئێستا نا ها تۆزێکی تر دەبنە قەرەبرووت و دەکەونە سەر خاکی خەم... منداڵەکەش سەرسامتر لە جاران زاری داپچڕی بوو... سەیری حەسەنی دەکرد... ئەم زەلامە زلە... ئەم کرێکارە ماندووە درۆی لەگەڵ کرد... بۆ...؟ کەواتە نە قەفەزی هەیە و نە خواردنی بولبول... تا پەشیمان نەبۆتەوە با ڕابکا...



حەسەن ملی نا... کەوتەوە نێو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی گەڕەک... خۆریش خۆی خزاندە ئەودیوی خانووە قوڕەکان... گەڕەکی بۆ تاریکی جێهێشت... نیوەکەی تری زەوی ڕووناک دەکردەوە... مۆسیقا و کتێب و پیرەدایک لە کەلاوەکەی چاوەڕوانی حەسەن بوون... هاکا پیرەدایک مرد و حەسەنی تەنیا بەجێهێشت...!

کۆتایی ١٩٨١ – سلێمانی

## میم

چار نەما... دواجار (گوڵناز)م تەڵاق دا... دوای بیست و حەوت ساڵ لێکدی جیا بووینەوە، خۆی و هەر سێ کچەکانم لەسەر ماڵەکە مانەوە... دەبووایە من ماڵەکە جێبێڵم... جێمهێشت... تا ئێستا شتی وات نەبیستووە، هەمیشە پیاو ژن تەڵاق دەدا و خۆی لەسەر ماڵەکە دەمێنێتەوە، لەوانەیە ژنێکی دیکە بێنێ، ژنێکی ناسک و نازدار و منداڵتر، دادگاش بڕە پارەیەک بۆ ژنەکە دەبڕێتەوە... ئەمیش دەچێتەوە ماڵەباوانی... خاڵوانی... بەڵام من نەء... وام نەکرد... منێکی نووسەر... خاوەن بیروباوەڕی سەیر و سەمەرە... هەڵبەتە لای ئێوەمانان سەیر و سەرمەرە، دە ساڵ بەر لە جیابوونەوەمان هەرچیم هەبوو... خانووەکە... تفاقی نێو ماڵ... بگرە دەرزی و شقارتەکانیشم لەسەر ژنەکەم تاپۆ کرد... وەک ئێستا نەبووین... نایشارمەوە... بەحەز لێکردن هێنام... جاران یەکدیمان خۆش دەویست... وا بزانم... ئەوە چوار پێنج ساڵە ئەم نەخۆشییە گرانە بەتەواوی پەکی خستووم... نایشارمەوە... هیلاکی کردووم... لە ناوک بەژێرەوە ئیفلیجی کردووم... نایشارمەوە لە پیاوەتی خستووم، جاران سیسەمێکی گەرم و نەرم کۆی دەکردینەوە... ئێستا سڕوسارد وەک دەمی مردوو، گوڵنازیش هێشتا تەڕ و هەوەس بزوێنە... لە ناوەوە خەم دەیخواردم... بەڵام چی بکەم...؟ پێم وت:

(گوڵناز... هەقت لە من نەبێ... بۆ کوێ دەچیت بڕۆ...) خۆی و کچەکانم زوو زوو دەچوونە دەرێ، هەقیانە، ماڵەکەی لێ ببوو بەدۆزەخ... خۆ هەر ئەوان نین... تەنیا من نەبێ... لە پەلوپۆ کەوتبووم... بەچوار دەورما دەیەها قەڵات و مینارەم لە کتێب دروست دەکرد... دروستم دەکردن و دەڕووخان، من ئێستاش گوڵنازم خۆش دەوێ، جاران و ئێستاش بۆی دەگریم، جاران بۆ خۆشەویستی فرمێسکم هەڵدەڕشت، ئێستا بۆ ناپیاوەتی پڕ لە شەرم و دەماری مردووی خۆم دەگریم، ئای لەو نامە جوانانەی کە بۆم دەنووسی، دوای هەر نامەیەک وڕ و کاس دەبوو... گوڵناز مامۆستایە... منیش فەرمانبەرێکی خانەنشین... چۆن ئەو حەزە گەرمە وا سارد بۆوە، خۆم دەخۆمەوە و بەدزییەوە دەگریم... گریان گریانی ناخ... خۆ دەزانم گوناهی خۆم نییە، لە ژیانما بیرم لەوە نەکردبۆوە... کێ



دەیووت: دووچاری نەخۆشییەکی وا کوشندە دەبم... دەیەها پزیشکم بەسەر کردەوە... بەغدا و بەسرا و موسڵ، خۆماڵی و بیانی... سەرەتا گوڵناز دەیووت: (ئەمین... خەم مەخۆ هەر چاک دەبیتەوە...!) منیش بەقەهرەوە دەمووت:

(گوڵناز... ناخۆشە... تۆش ئافرەتیت... گوناهە لەگەڵ...) دەستە ناسکەکەی دەخستە سەر دەمم و بەدرۆ و حەسرەتێکەوە دەیووت:

(وا نەڵێی... عەیبە... من و تۆ پیر بووین...!).

(من ئا... بەڵام تۆ هێشتا ماوتە...).

(ئەمین... ڕۆحەکەم... ژیانی نێو نوێن هەموو شتێک نییە...).

منیش لە دڵی خۆمدا هەر وام دەووت... جگە لە بەیەکەوە نووستن خۆشەویستی، میهر، سۆز، بەزەیی، یادگاری تاڵ و شیرین، هیوا و ئاوات و خەوبینین هەن، سێ کچی جوان و جحێڵ... بەڵام... دەشمزانی لەش شتێکە فەرامۆش ناکرێ، گاڵتە بەترپەی دڵ و گەرمی خوێن و دەماری پیاو... موچڕکی ئافرەت ناکرێ، تۆ کە یەکێکت خۆش دەوێ... دەستەکانت دەکەونە کار... نامەی بۆ دەنووسیت، دەستی دەگری... دەستی بۆ هەڵدەبڕی، لە باوەشێی دەکەی، پەنجەکانت سەفەری خۆش بەنێو پێچ و لوولی قژیدا دەکەن، دوگمەی سەر سینەی دەترازێنیت، تۆ کە یەکێکت خۆش دەوێ... بەم دەم و لێو و زمانە قسەی بۆ دەکەی... هەر بەو لێوانەش شیعری بۆ دەخوێنیتەوە، گلەیی لێدەکەی، ماچی دەکەی، بەهەردوو چاو سەیری قەد و باڵای، سەرو پرچی، نەرمایی گوێی، لووتی، دەم و لێوی، گەردنی، جلوبەرگی دەکەی، هەر بەو دوو چاوانە بۆی دەگریت و .... خۆشەویستی بەتەنیا ڕۆحیانەت نییە، جوانترین وێنەش لەم دونیایەدا جووتبوونی دوو دڵدارە... لەسەر یەک پێخەف، لەسەر یەک قەرەوێلە، لەسەر یەک زەوی، دەست لەملانێ لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشت دەوێ وەک ئەوە وایە گوێ لە پارچە مۆسیقایەکی ناسک بگریت، یان سەما بکەیت... یان لە هاویندا مەلە لە ڕووبارێکی نێو شاخان بکەی، توانەوەی دوو عاشق لە توانەوەی شەکر و شیر دەچێ، سەهۆڵ لەنێو ئاو، خوێ لە دەریادا، ئای کە سەفەرێکی خۆشە... فڕینێکە ڕووە و ئاسمانی بێ کۆتایی، ئەوە نەما... بووم بەدەمارێکی سست و مردوو... هێدی هێدی گوڵناز گۆڕا... ڕقیش ڕەنگی خۆی هەیە... ئەو ڕەنگەم لە چاوانیا دی، پتر لە جاران دەچووە دەرەوە... پرسە، ئاهەنگ، ژن و ژنخوازی، میوانداری... تا دەهات پتر بەمۆنی سەیری دەکردم، هەستم دەکرد گڕکانێک لە ناخیدا دەکوڵێ، هەر ڕۆژێکە و دەتەقێتەوە و من دەکوژێ و ماڵەکەش کاول دەکا، هەندێ جار سەعاتێک

بەسەر تەلەفونەکەوە دەوەستا... بەچرپەوە دەدوا... چۆن گومان سەرم نەخوا...؟ کەمتر دەهاتە لام، خۆ گەر داوای شتێکم لێبکردبایە... پاکەت، شقارتە، پیاڵە چایەک، پەرداخە ئاوێک، کتێبێک... دەرمانەکانم... نەیدەهێنا... یان درەنگ دەیهێنا، یا لە دوورەوە... وەک ئەوەی پارچە نانێک بۆ سەگێک هەڵدەی... شتەکانی بۆ فڕێ دەدام... سەرەتا بەپێی پێشنیاری پزیشک هەردوو قاچمی دەشێلا... دوای ماوەیەک بێزار بوو... پێی وتم:

(ئەمین... واز لەم قاچ شێلانە بێنە... باپیرم لە گۆڕ زیندوو بێتەوە... تۆ هەڵناسیتەوە سەر پێ...).

سەرەتا دەستی دەکردە ملم، ماچی دەکرم، خۆی تێهەڵدەسوییم، لەگەڵما ڕادەکشا... کە زانی دەمارەکانم سست و مردوون، خوێنێکی ساردیان تیا مەییوە... پێخەفەکەی جیا کردەوە، لە ساڵی یەکەمی نەخۆشییەکەم هەر لە هەمان ژوور بەیەکەوە دەخەوتین، ساڵی دووەم پێخەفەکەی دوور خستەوە، ساڵی سێیەم لە ژووری نووستن باری کرد و چووە ژوورێکی تر، تەنیا مامەوە، تا درەنگی شەو دادەنیشتم، دەیەها کتێب و دەفتەر و پەڕەکاغەز و قەڵەمم دەخستە بەردەمم... کتێبی هەمەڕەنگ و بابەت... سەرەتا حەزم لە فەلسەفە و مێژوو دەکرد، وەلێ نەخۆشی و لەجێکەوتنم وایان لێکردم حەز بەخوێندنەوەی ڕۆمان بکەم... ڕۆمان لەنێو ئەو چوار دیوارەدا دەریدەهێنام، سەفەری خۆشی پێدەکردم، سواری ئەسپی ڕۆمانێک دەبووم و دونیا دەگەڕام، شاخ و کێو و دەربەندەکان، پێدەشت و بیابانەکان، کانی و جۆگەلە و ڕووبار و دەریا و ئۆقیانووسەکان، وڵاتان... میللەتان... کۆشکی بلوورینی سەدەها دڵی ئاوەدان، کەلاوەی ڕووخاوی نێو ناخی هەزارەها ژن و پیاوی بێ ناوونیشان، خەمی خۆم... هی خەڵکی، سەرکەوتن و بەزین، چیرۆک و ڕۆمان ببوونە دوو باڵی ئەو سیمرخەی سواری پشتی دەبووم و دەیبردمە حەوت تەبەقەی ئاسمان، لەتاو تەنیایی خۆم قسەم لەگەڵ نووسەرەکان دەکرد... ئەوانەی سەدەها ساڵە مردوون... دەیەها ساڵ... خۆم دەدواند... دۆستۆیڤسکی-م زۆر دەدواند... کەس وەک ئەو چیرۆکی داڕووخان و نەهامەتی مرۆڤ ناگێڕێتەوە، زوو زوو... تکام لێدەکرد میوانم بێ... دڵی نەدەشکاندم... دەهات، هەفتەی وا هەبوو دە جار لەگەڵ ڕاسکۆلینکۆف و برایانی کارامازۆف بەشەڕ دەهاتم... بەشەڕ دەهاتین و ئاشت دەبووینەوە، (دی. ئێچ. لۆرانس) منی کوشتبوو... ڕۆژێکیان تووڕە بووم و پەرداخێکم تێگرت... بوو بەسەد پارچە... گوڵناز پارچەکانی گەسک دا و تا ئێوارەش نەیبرپییەوە:

( - هیچ گومانی تێدا نییە... تۆ تێکچووی...!)



ئەو کافرە بایەخێکی زۆر بەخوێن و گۆشت دەدا، لای ئەو خوێن لە عەقڵیش بەتین و تاوترە... ئەو مالۆس دایکە وای لێکردم لە ئادەمیەتی خۆم بکەومە گومان، لەش و بیر بەیەکەوە گرێ دەدا، بایەخێکی زۆر بەو سەگە سوورەی نێوگەڵ دەدا... ئەو سەگە سوورەی بۆ هەمیشە دەلوورێنێ... منیش... بۆ نەگبەتی... ئەو سەگە سوورەم نەک هەر نووستووە و وەئاگا نایە... بەڵکو تۆپیوە... بێچارە بووم... قسەم لەگەڵ هەموویان دەکرد... ئەوان تاکە هاوڕێیەکی بێدەنگ و هێمن و هۆشمەندی من بوون، شاگەشکە دەبووم... لە ژوورەکەمدا... دەریایەکی پان و پۆڕم دەهێنایە بەرچاوم... لمی ژێر خۆرەتاوی زیوین، زۆربا - م دەدی سەمای دەکرد، دەگریام و دەمووت: زۆربا دەستم بگرە... خۆت بخە ژێر باڵم و با هەستمەوە و لەگەڵتا بکەومە سەما... سەمایەکی شێتانە، ئەویش دەستی دەگرتم، بەرزی دەکردمەوە... پەنجەکانی لەسەر سەنتوورەکە ئاگریان دەکردەوە... مۆسیقا دەبوو بەخوێن و دەمارەکانمی گەرم دەکردمەوە... لە کەنار دەریای پڕ لە نەهەنگ و ماسی سەرمەستانە سەمامان دەکرد، هەردوو بەیەکەوە، وەک میزراح دەخولاینەوە... خۆمان هەڵدەدا... وا بەدڵ... لەوە دەترسام هەر جارێکە و بەرەو بەرزایی هەڵفڕین و ئیتر ون بین و جارێکی تر گڵ و ئاو نەبینینەوە... کەچی لەناکاو زرنگەی تەلەفون... تەقەی دەرگا... هاوارێکی گوڵناز... قریوەی یەکێ لە کچەکانم وەئاگای دەهێنامەوە، (زۆربا) ڕایدەکرد و وەک مەلێکی ماندوو لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکەم هەڵدەنیشت و جووکەی نەدەکرد، سەیری قاچەکانی خۆم دەکرد کە تا ئەو حەڵە لە لمی سەر کەناری دەریایەکدا نوقم ببوون... دەمدی... دوو پێی زەرد و بێ خوێنم دەدی، لە دڵەوە دەکوڵام و قوڵپی گریانێک وەک مەنجەڵی ساوار لە هەناومدا دەکولا، ڕۆژ تا ئێوارە ژوورەکەمیان ئاوەدان دەکردەوە... شەوانیش بەیەکەوە دەنووستین... هەمووشیان وەک خۆم بێوەمێرد بوون... دۆستۆیڤسکی... تۆلستۆی... تورگینێڤ... کافکا... زۆلا... بەلزاک... مۆپاسان... جۆیس... دیکنز... پرۆست... شتاینبک... لۆرانس... لەگەڵیانا دەگریام و پێدەکەنیم، ڕۆژێکیان پێیان وتم:

(ئەمین... تۆ کە کەوتووی بۆ ڕۆمانێک لەسەر خۆت نانووسیت... لەو باوەڕەداین شاکارێکی جوانی لێدەردەچێ...).

وتم: (بە گوێتان دەکەم...).

لەو ڕۆژەوە کەوتمە نووسینەوەی یاداشتەکانم، بەدزییەوە، بێ ئەوەی گوڵناز پێبزانێ، لەزەتێکی زۆرم لەو بەزمە کرد، گەڕامەوە سەردەمی منداڵی... نەبوونی و برسیەتی...

هەرزەیی پڕ لە ترس و شەرم و گومان... ماوەیەکی نەبرد سەدەها لاپەڕەم ڕەش کردەوە کە ناکرێ کەس بیبینێ... وازم هێنا... ئەمجارەیان چیرۆکی خۆم و گوڵنازم نووسییەوە... چیرۆکی حەز و تێکشکان... وازم هێنا... کەوتمە نووسینەوەی ئەو بارە نالەبارەی ئێستام... ئیفلیجی و .... تلانەوەی هەمیشەیی ڕۆژ و شەوانم، ڕقێکی زۆرم باراندە سەر ئافرەت... گەرچی تا ئەو حەڵەش لای من ئافرەت کانگای میهر و سۆز بوو، خوای خۆشەویستی، بێ گوناه... گەورە و پیرۆز... ئاسمان و زەوی... مێژوو زوڵمێکی گەورەیان لێکردووە، کەوتمە گومان و دڵەڕاوکێ... لە نێوان ئەو ڕاستییەی دەیزانم و لە نێوان پەیوەندی نارێکی خۆم و گوڵناز، زۆرم نووسی و زۆریشم دڕی، ناکرێ لەتاو مەینەتی خۆم جنێو بەهەموو ئافرەتەکانی دونیا بدەم، من تەنیا حاڵەتێکم... حاڵەتێکی کەم و دەگمەن، نابمە یاسا و دەستووری ژیان، ئازارەکانیش تایبەتن بەبوونی خۆم، ناکرێ لەتاو نەبوونی خۆشەویستی و دابڕانم لە خۆشی هەموو دونیا بسڕمەوە... بەڵام ئاخ... ئازاری تاکە کەسێکیش گاڵتەی پێناکرێ... ئەی گەر ئەو کەسەش نووسەرێکی وەک منیش بێ، کە ناو و دەنگێکم هەبێ، خەڵکێکی بێشوماریش بمناسن، زۆربەی هاوڕێکانیشم... ئەوانەی نووسەرن و ئەوانەی نووسەریش نین... دڵنیان لەوەی خۆم دەخۆمەوە، هەندێکیان ئاگاشیان لەوەیە گوڵناز بەتەواوەتی لێم لالووتە، دەشزانن من...... هیچ... سێ چوارێکیان زوو زوو سەرم لێدەدەن، باسی دوا کتێب و چیرۆک و ڕۆمان و ڕەخنە و شەڕ و جنێو و... دوا پێک و دوا... دوا شتی ئەم دونیایەم بۆ دەکەن... زوو زووش تەلەفونم بۆ دەکەن... وا بزانم هەندێکیان چاویان بڕیوەتە گوڵناز و حەزیشی لێدەکەن، وتم: هێشتا تەڕ و هەوەس بزوێنە... خۆ دەشزانن ماینێکی ماندووە و سوارەکەی لە بیابانێک کەوتووە... ماینی تینووش نەک هەر لە کانی و ڕووبار... بگرە لە زەلکاویش دەخواتەوە، لە ڕێگەی من و شیعر و چیرۆک و ڕۆمانەوە زۆر لە برادەرانم دەوروخولی دەدەن... بێدەنگ بووم و خۆم دەخواردەوە... شوکر هوشیار بووم... چارم نەما... دوا جار تەڵاقم دا... بێزاری کردم... وای لێهات خۆی و کچەکانم سەفەری دووریان دەکرد، بەغدا، بەسرا، موسڵ... ناچار بۆ چەند شەوێک دەچوومە ماڵی (ئەنوەر)ی برام... دواجار... ئەو ساڵە... خۆی و هەردوو کچە گەورەکانم چوونە (بولغاریا)... وتم:

(گوڵناز... حەز ناکەم بەتەنیا بچنە هەندەران...).

لێم هەڵگەڕایەوە و وتی:



(مەترسە... خۆ دوێنێ نەهاتووینەتە شار...!).

(ئاخر خەڵکی بەخەراپە ناومان دێنن...).

(گوو بەڕیشی بابی خەڵکی... بەدیار تۆوە شەقمان برد... با تۆزێکیش بای باڵی خۆمان بەین... کوفرە... خۆ کوفر نییە...؟).

بە دەم کڕوزانەوەیەکەوە وتم:

(پەلەتان نەکردایە منیش دەهاتم... هیچ نەبێ لەوێ خۆم بەدکتۆرێک نیشان دەدەم...).

لێم مۆڕ بۆوە و چاوە کاڵەکانی جوانی و میهریان تیا نەما و وتی:

(تۆ چارت نییە بەقوربان... دکتۆرەکانی ئێرە هیوابڕاویان نەکردیت...؟).

(ئاخر ئەوێ جیاوازە...).

کەچی بەسەرمدا نەڕاندی:

(ئەمین... ئێمە بۆ سەیران و خۆشی دەچین... نەک نەخۆشخانە...!).

ئەوان ڕۆیشتن، کچە گچکەکەم مایەوە... ناوناوە بەمیهرەوە و ناوناوەش بەقێز و بێزەوە خزمەتی دەکردم، خەم و پەژارە لە ڕووخساری دەباری، خۆ دەبووایە یەکێکیان خزمەتی منی بکردبایە، ئیفلیجێک و ماڵێکی چۆڵیان نەوتووە... سەرەتا ویستیان بمنێرنە ماڵی ئەنوەری برام...

وتم: (ناچم... ئەوان گوناهیان چییە مانگێک خزمەتی من بکەن...؟) سکیشم بەکچە بچووکەکەم دەسووتا، زۆر بێزار و نیگەران بوو، دەم دەمیش بەنابەدڵییەوە دەیووت: (باوکە... خۆ دەبێ یەکێکمان خزمەتت بکا...).

لە دڵی خۆمدا دەمووت: ئەمین تۆ نووسەریت... باوەڕت بەجیاوازی نێوان نێر و مێ نییە... هەقی خۆیانە سەفەر بکەن و دونیا ببینن... ئەوە نەبوو ئەو ساڵە تۆش چوویتە تورکیا و بولغاریا و ڕۆمانیا... با ئەوانیش چاویان بکرێتەوە... ئیمڕۆش لەوەدا نەماوە... زۆرن ئەو ئافرەتانەی بەتەنیا سەفەری هەندەران دەکەن.

هاتنەوە... گۆچانێک و چەند کتێبێکیان بۆ من کڕیبوو... ئینگلیزییەکەم هی ئەوە نەبوو ئەو کتێبانەی پێبخوێنمەوە، وەلێ سێ چوار جانتای پڕ لە شتومەکی ژنانەی کڕیبوو... کراس، پاڵتۆ، چەکمە، گۆرەوی، مەمکدان، پێڵاو، ژێرکراس، جۆرەها ملوانکە و گوارە و ئەنگوستیلە... تەنیا مرۆڤ نەبێ... هەموو شتێکیان کڕیبوو، پێیان پێکەنیم... لێم تووڕە

بوون... بێدەنگ بووم، بەر لەوەی تەڵاقی بدەم، بەر لەوە بەشەش حەوت مانگ هەمیشە تەلەفونم بۆ دەکرا، پلاکێکم ڕاکێشا و تەلەفونەکەم لە ژوورەکەی خۆم بەست... حەزم دەکرد لەگەڵ هاوڕێکانم بدوێم تا بزانم لە دەرەوە دونیا چ باسە... تا دوا هەواڵی شارم پێبگا... بەردەوام تەلەفونم بۆ دەکرا... پێیان دەووتم:

(مامۆستا ئەمین... ژنەکەت عیادەی کردۆتەوە...!).

دەمزانی مەبەستیان خەراپە، ناویان هەڵدەدا، دەنگێک زۆر بەهێمنی هەموو شتێکی بۆ باس دەکردم... گەر تۆ زەلامێک بەکرێ بگریت وا ورد و جوان خزمەتت ناکا... ئەم دەنگە دەیووت:

(ژنەکەت لەگەڵ بازرگانێک دەستی تێکەڵ کردووە...!).

یان: (ئیسماعیل فەتاح-ی چیرۆکنووسیش پێی خەنی بووە...!).

هەر ئەو دەنگە دوای مانگێک پێی وتم: (گەر باوەڕ ناکەی هەر ئێستا وەرە کۆگاکەی - عەلی پشدەری - و تازە چوونە ژوورەکەی پشتەوە...).

وای لێهات دەنگەکان دەگۆڕان:

(کاکی نووسەر... لەگەڵ گەوادی چۆنیت...؟).

دوو مانگی دیکەی بەسەردا ڕابرد... ڕۆژێکیان نامەیەکم بەدەست گەیشت... سەیرە... مۆری بەغدای بەسەرەوە بوو... تیایدا نووسرابوو:

(مامۆستا ئەمین... دوای ڕێز و سڵاو...

ئەوەی بیستوومە ڕاستە...؟

گوایە شارەکە خەنی بووە... شتی وا هەیە... من لە خۆت دەپرسم...؟

گوایە کچەکانیشت...؟

دڵسۆزت....

هاوڕێیەکی دێرین...

تێبینی: هەتا نەبوویتە مەخسەرە خۆت ئازاد کە...).

تۆ بڵێی لە دڵەوە بێ یان گاڵتەم پێ بکا...؟

بە تەلەفون پێیان وتم:

(مامۆستا ئەمین-ی گەوهەرڕێژ... زووکە هەتا نەمردووی چیرۆکێک لەسەر



چیرۆکنووسێکی دەییووس بنووسە... دواجار... چارم نەما... بڕیارم دا تەڵاقی بدەم، تەڵاقم دا... منماڵەکەم بۆ ئەوان بەجێهێشت، خۆ نەدەکرا من بمێنمەوە و ئەوان بچنە ئوتێل، خەڵکی شار زانیان من گوڵنازم تەڵاق دا، خۆم گران کرد و وتم: دەچمە ئوتێلێک... ئەنوەری برام شێت و هار بوو... بردمییە ماڵێ و خۆی سوور کردەوە:

(ئەمین دەتەوێ خەڵکی دەهۆڵم بۆ لێدەن... پێم ناڵێی لە ئوتێلان کێ خزمەتت دەکا... ئەگەر تێکچووی با بزانم... ها...؟).

بە نەرمی و شەرمنانە وتم: (ئاخر خوا هەڵناگرێ... منداڵەکانی تۆ خزمەتی من بکەن...!).

بە تووڕەییەوە وتی: (ئەمین... پارە هەیە... حەز دەکەی سێ کارەکەرت بۆ ڕادەگرم...).

(ئاخر حەز ناکەم...).

(گوێ بگرە ئەمین... من لەبەر ناوی خۆم ڕێگەت نادەم بچیتە هیچ شوێنێکی تر... با نەڵێن: ئەنوەر بەقەد جوولەکەیەکی هەیە و کەچی براکەی لە پەنا دیواران کەوتووە...).

(کەیفی خۆتە کاکە...).

(هەڵبەتە بەکەیفی منە... ئەی خۆ بەعەقڵی تۆش بەڕێوە ناچم...).

بە خەم و حەسرەتێکەوە وتم: (عەقڵی من چییەتی...؟).

(چۆن چییەتی...؟ کتێب و پارچە کاغەز عەقڵیان لا نەهێشتووی...!).

(بۆ کاکە ئەنوەر بێ عەقڵی چیت لە من دیوە...؟ یانێ گەر زەلام نەبوو بەقۆنتەراتچییەکی دەوڵەمەند دەبێ بێ عەقڵ بێ...؟).

(نە ء... مەسەلە ئەوە نییە...).

(ئەی مەسەلە چییە...؟).

(چ پیاوێکت دیوە خانوو و بەرە لەسەر ژنەکەی تاپۆ بکا...؟).

دواجار کە زانیم هەرچییەکی من دەیزانم... گەر بیخەمە بەردەمی ئەنوەری برام بۆنی پێوە ناکا... بێدەنگ بووم و وتم:

(ڕاست دەکەی... کاکە...!).

بەڵێ... ڕاست دەکا... بەپێی عورفی ئەم... پارەدار... خاوەنی سێ سەد گیرفان... پیاوێکی ڕۆژهەڵێتی دواکەوتوو... نەک هەر خانوو، ئوتمبێل، زەویوزار... باخ و بێستان...

بگرە ژنیش موڵکی پیاوە... منداڵەکان... منیش دەمزانی وانییە.

بە هەزار قەرز و قۆڵە خانوویەکم کرد، بەچوار ساڵ قاتێکم نەدەکرد، بەدوو ساڵ پێڵاوێک، پێیان دەووتم: قاڵتاغە فەندی... چیرۆکنووسی لەنگە، لە دەمی خۆم دەگرتەوە، نە ئارەق و نە جگەرە، دوای کڕینی کتێبێک گوڵناز حەشری پێدەکردم:

(ئەوەی بەم کتێبەی دەدەی برۆ خشتێکی پێبکڕە...).

خانووم تەواو کرد... لە بەرهەتاوی زیوینی بەهاران و لەژێر شەستەبارانی زستانانیدا دەدرەوشایەوە... کە چووینە ناوی... شەوێکیان دوای دەست لەملانێ باسکم خستە ژێر سەری گوڵناز و بەکتوپڕی پێم وت:

(گوڵناز... هەواڵێکی خۆش...!).

(چیرۆکێکی تازەت نووسیوە...؟).

(نە ء...!).

(ئەی چی...؟).

(دەزانی تاپۆی خانووەکە دەخەمە سەر تۆ...؟).

قریشکەیەکی کرد کاس بووم... لەوە ترسام کچەکانم دابارنە ژوورەکەمان... شاگەشکە بوو... بەم نیوەشەوە هەستایەوە، گڵۆپی ژوورەکەی داگیرساند، هاتەوە بەردەمم، مەکربازانە دەستێکی بۆ قژە پڕەکەی برد... بەهەردوو چاو سەیری دەکردم، ئەبڵەق و سەرسام، دوو سەد جار ماچی کردم، خەریک بوو هەردوو لێوم لەنێو دەم و ددانەکانیدا بەجێ بمێنن... ئەو شەوە تا بەیانی خۆی پێوە نووساندم... وەک چۆلەکە هاتە ژێر باڵم... هەر لەخۆیەوە دەیووت:

(بۆنی بن باڵت چەند خۆشە) پاشان زوو زوو دەیپرسی:

(ئەمین... بەڕاستیتە...؟).

باوەڕی نەدەکرد... پێم وت:

(گوڵناز دڵنیابە... پاشام من باوەڕم بەوە نییە موڵک و ماڵ هەر هی پیاو بێ... من دوژمنی موڵکداریم... چەند جار پێم وتیت ژن و پیاو هیچ جیاوازییەکیان نییە... من وا هەست دەکەم گەر بکرێ کچەکانیش لە قوتابخانە بەناوی تۆوە بانگ بکرێن... یانێ لەجیاتی (شیرین ئەمین) بنووسرێ (شیرین گوڵناز).

پێکەنی و ماچی کردم:

(ئەمین تۆ مێشکێکی گەورەی...!).



بە ناز و سەرکەوتنێکەوە وتم:

(ئەو کتێبانەی تۆ ڕقت لێیانە وایان لێکردووم...).

بە سەرسامییەوە پرسی:

(چۆن...؟).

بە دڵنیاییەوە دەستم لە ملی کرد و سەری زمانم لە نەرمایی گوێچکەی خشاند:

(گەر خوێندنەوە نەبووایە ڕۆژێک لە ڕۆژان بیرم لەوە نەدەکردەوە خانووەکە لەسەر تۆ تاپۆ بکەم...!).

(تێت ناگەم...).

(هەقتە... گەر وەکو من خەریک بوویتایە تێم دەگەیشتیت...!).

(جا بۆ تێبگەم...؟ گرنگ ئەوەیە تۆ تێدەگەی...!).

(وا نییە... گەر ژنیش بەقەد پیاوەکەی تێبگا خۆشترە و مەسەلەکانیش ئاسانتر دەبن...).

ئەو شەوە دە جار لێی پرسیم: (ئەمین... پەشیمان نابیتەوە؟) پەشیمانی چی...؟ من خەونم بەوەوە دەدی ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆم هەڵبکەوێ و بیسەلمێنم کە من لەگەڵ خۆمدا ڕاستم... نووسین و بیروباوەڕ و هەڵسوکەوتم لێکدی جیا نابنەوە... ئەوەتا خانووەکەم... ببوورن خانووەکە... لەسەر گوڵناز تاپۆ کرد... ناڵێم خانووەکەم... من ئێستاش ڕقم لە پیتی (میم)-ە... م... م... م... م... ئای کە بێزم لەو میمەیە... میمی پاشگر، گەر بۆم بکرێ لە زمانی کوردیدا نایهێڵم... هەڵیدەگرم... بروخێ میم... ئەو هۆکارانەش کە ئەم پیتەیان خوڵقاند، ئەم میمە... تا بڵێی پیتێکی ئێسک گران و ناشیرینە... بەتایبەتی کە بەدوای ناوەوە دێ، بەڕای من لەنێو هەموو زمانەکاندا هەر ناشیرینە... گوێ لە پیاوێک بگرە کە دەڵێ: خانووەکەم، ئوتمبێلەکەم، ژنەکەم، تفەنگەکەم، کەرەکەم، پێڵاوەکەم... تۆ گوێ لەو هەموو میمە ناشیرینە بگرە ئای کە بێ لەزەتن... هەی دوو هەزار ملیۆن تف لەو میمە، گەر پیاوەکان بەوە بزانن ئەو (میمە) چەند سووکیان دەکا... بێگومانم لەوەی مان دەگرن و دەکەونە خۆپیشاندان، سەر جادە و نێو کۆڵانەکان پڕ دەبن لە پیاوی تووڕە و... کوڕ و کۆبوونەوە دەبەستن تا بتوانن ئەو میمە لەنێو پیتەکاندا نەهێڵن... وەک پیاوێکی وەرەمدار دوور بخرێتەوە... لەوانەیە دە ملیۆن کەس داوا لە (کۆڕی زانیاری) و مەڵبەندی پاکردنەوەی زمان بکەن ئەو میمە لەناو بەرن... وەک پاشایەکی ستەمکار... ئافرەتێکی

داوێن پیس دەرمان خواردی کەن، هەموو بەیەک دەنگ بخوازن ئەم پیتە زمانەکەی تێکداوە و با نەمێنێ... با بڕوخێ، بەهەرحاڵ... کەس بەقەد ئەنوەری برام و هاوڕێکانی باوەڕیان بەپیتی (میم) نییە، کەسیش بەقەد من لێی داخدار نییە، ژوورێکیان بۆ ئامادە کردم، هەموو شتێکم بۆ گوڵناز و کچەکانم بەجێهێشت... تەنیا کتێبەکانم نەبێ... لە ماڵی ئەنوەریش وازیان نەهێنا... تەلەفونیان بۆ دەکردم... دەیانووت:

(چیرۆکنووسەکانی هاوڕێت... شاعیرەکان... ڕەخنەگرەکان لەسەر سینە و مەمکی ژنەکەت چیرۆک و شیعر و ڕەخنە دەنووسن...).

ئارەقەم دەکرد و بەپەلە تەلەفونەکەم دادەخستەوە...

ئەنوەر و ژنەکەی، منداڵەکانی پێیان دەووتم:

(ئەوە چیتە... بۆ وەڵامی تەلەفونەکان نادەیتەوە...؟).

دواجار پێم وتن: (شەرم پێدەفرۆشن...!).

ئەنوەر و ژنەکەی تێم گەیشتن... ئەوانیشم تووشی خەم و پەژارە کرد... منداڵەکانی بەسەرسامییەوە دەیانپرسی:

(شەڕی چی مامە... بۆ تۆ هیچت هەیە لەگەڵ کەس...؟).

درۆم دەکرد و دەمووت: (نەخێر ڕۆڵەکانم...).

پێیان دەووتم:

(ئیسماعیل فەتاح - ی برادەرت وازی لە کورتە چیرۆک هێناوە و ئێستا لە سایەی سەری ژنەکەی تۆوە ڕۆمان دەنووسێ...).

هەر هەمان دەنگی ناساز دەیووت:

(مامۆستا ئەمین... تۆ بێ بەهرە بوویت... ئەگینا ژنەکەت سەرچاوەی ئیلهامی دەیان شیعر و چیرۆکە...).

یان دەیووت:

(تۆ بەکورتە چیرۆک دەستت پێکرد و هەر بەکورتیش کۆتاییت پێهات... تۆ هەموو شتێکت کورت بوو...!).

ئەم ڕستەیە لە دڵی دەدام... خۆم دەخواردەوە... دەمزانی ئەو حەرامزادەیە مەبەستی چییە... لەم شارە هیچە پیاو ناتوانێ نهێنییەکی ناو نوێنیش بشارێتەوە، ویستم بەئەنوەری برام بڵێم سانسۆر بخاتە سەر تەلەفونەکە تا بزانم خاوەنی ئەم دەنگە دۆزەخییە



کێیە، لەنێو تەنیایی و بێدەنگیدا هەزارەها دەنگی جۆربەجۆر لە گوێمدا دەزرنگایەوە... ئەو دەنگەم هەر نەناسییەوە... لە دڵی خۆمدا وتم: هەرکێ بێ... لە بەهرە و داهێنانی من داخدارە... هەرکێ بێ... نەخۆشە و منی کردووە بەدەرمان، سەیرە... دوا هەواڵی گوڵنازیان پێڕادەگەیاندم... بۆ کوێ دەچێ، لەگەڵ کێ برادەرە، دەچێتە کام کۆگا، چی لەبەر دەکا، کەی دێتە دەر، کەی دەچێتەوە، کێ سەری لێدەدا، بگرە کەی خۆی دەشوا... چی دەخوا... بێچارە بووم... لە دوای تەڵاق چی...؟ باوەڕیشم بەوە نەبوو کابرایەک بەکرێ بگرم تا بیکوژێ... هەر ئەوەندەم پێدەکرا بەدڵێکی پڕ لە قەهرەوە بێباک بم، شەوێکیان، درەنگ و ناوەخت، ئەنوەر هاتە ژوورەکەم... بەئاسپایی و بێخشپە دەرگاکەی داخستەوە... زانیم ڕازێکی لە دڵدایە و دەیەوێ بیدرکێنێ، شەوانە ڕاز و نهێنییەکان دەبنە کێچ و ناهێڵن مرۆ بنوێ... من ڕۆمانی (پیرە و زەریا)م دەخوێندەوە، کە هات و بەرامبەرم دانیشت... بەپەلە وەک سۆزانییەک گوێی لە تەقەی دەرگا بێ خۆم کۆ کردەوە... ڕۆمانەکەم شاردەوە... وەک ئەو هەرزەیەی دەرپێیەکی پیسی خۆی بشارێتەوە... من لە قسە و نیگای پڕ لە سەرزەنشتی ئەنوەر دەترسام، دەشمزانی بەکابرایەکی سووک و نەفام و بێ غیرەتم دەزانێ، ئەو خەفەتی بەوە دەخوارد کە من و ئەو لەنێو یەک منداڵدان گەورە بووین... باوەڕی نەدەکرد... بەشەرمی منداڵێکەوە وتم:

(بەخێر بێی...).

بە دوو چاو... دوو چاوی نوقمی مەستی و پەستی تێم ڕاما...

پاشان ئاخێکی هەڵکێشاو وتی:

(ئەمین... منداڵەکان هەموو نووستوون... حەز دەکەم بێ پێچ و پەنا و ترس لەگەڵتا بدوێم...).

چاویلکەکەم لە چاو کردەوە و وتم:

(حەز دەکەم کاکە... هیچ هەیە...؟).

(ئا... ماوەیەکە زۆر شێواوی... گەر شتێک سەغڵەتی کردووی با بزانم...!).

(جا پێویست دەکا شت لە تۆ بشارمەوە...؟).

(وا نییە... خۆت غەشیم مەکە... من لە دەرەوەم و تۆ لە ژوورەوەی... دەزانی خەڵکی شتی زۆر ناشیرینم بۆ دەگێڕنەوە...؟).

ویستم خۆم گێل بکەم و لێم پرسی:

(سەبارەت بەچی...؟).

(سەبارەت بەگۆڕی باوکت... دیسانەوە داتەوە بێ عەقڵی... جگە لە گوڵنازی کۆنە ژنت چیتر هەیە... ئەگەر هەیە با بزانین...؟).

(بۆ ئەم شارە کەسی وەکو گوڵنازی تیا نییە؟).

(خوای دەکرد مزگەوتەکانیش پڕ دەبوون... بەڵام بۆ کلاوی ئێمە بگرێتەوە...؟).

(ئەو خەڵکە کێن ئەم قسانەت بۆ دەکەن...؟).

(هەرکێ بن...؟ دڵنیا بەبە پارە بەکرێم نەگرتوون...!).

(تۆزێ لەسەرخۆ کاکە... دەزانم هەقتە... بەڵام تازە تەواو... من پەیوەندیم بەگوڵنازەوە نەما... کەیفی خۆیەتی...).

(هەتیو... تۆ بۆ ئەوەندە مێشک سارد و بێ غیرەتی... چۆن کەیفی خۆیەتی...؟ تۆ سێ کچی جوان و جحێڵت لای ئەو قەحپەیە بەجێهێشتووە...!)

(من گەر دڵنیا بم وایە... هەر سێ کچەکە ڕادەکێشمە لای خۆم...).

(بۆ بەم نیوەشەوە شێتم ناکەی...؟ تازە دەتەوێ دڵنیا بیت... ئەو خەڵکە هەر بەهەوەس ناووناتۆرە لە ژنەکەت دەنێ...؟).

(لەوانەیە...).

(چۆن لەوانەیە...؟).

(کاکە من حەز ناکەم دوو قسەی ئەم و ئەو بکەی بەسەنگی مەحەک...).

(ئەی چی بکەم بەسەنگی گونم...؟).

(من دەزانم مەسەلەی گوڵناز ئەوەیە تۆزێ سەربەستە... خۆشم فێری ئەم سەربەستییەم کرد...).

(بۆیە حاڵت وا جوانە...).

هەردوو بێدەنگ بووین... پەست و تووڕە هەردوو دەستی دەلەرزین... ئارەقەی نێوچەوانی و کەفی لالێوی سڕی... بۆنی ویسکی و هالاوی ناودەمی کاسیان کردم... پاشان وەک یەکێک بەتەواوی بڕیاری خۆی دابێ تێهەڵچۆوە:

(ئەمین... گوێ بگرە... من حەوسەڵەی قسەی ناو کتێبانم نییە... بڕیارم داوە و ئەم ژنەی تۆ دەبێ بکوژرێ...).



ئەم بڕیارە کتوپڕە تەواو سەغڵەتی کردم... ڕووم تێکرد و بەسەرسامییەوە پرسیم:

(خۆت دەیکوژی...؟)

لەنێو تەمی خەم و پەژارەدا تریقایەوە و وتی:

(بەخوا بێ عەقڵی... هەتیو پێنج سەد دینار دەخەمە دەستی سەرسەرییەک و لە پەناوە – کەس نەزانم – قیرەبڕی دەکا...!).

(وا بەئاسانی...؟).

(ئەی چی... پێنج سەد زۆرە... هی وا هەیە بەپەنجا دینار ئامادەیە و سەماشت بۆ دەکا...!).

(ئەنوەر... من باوەڕم بەوە نییە کەس بکوژێت...).

(بەڵام خەڵکی دەڵێن کۆنە ژنەکەی ئەمین قەحپەیە، دەپرسن: ئەمین لە کوێیە؟ دەڵێن: لای ئەنوەری برایەتی...).

(جا گەر حەز دەکەی دەڕۆم...؟).

(قەت حەز ناکەم... ئەوساش دەڵێن ئەنوەر ملیۆنێرە کەچی برایەکی نەخۆشی نەحەواندەوە...!).

(ئەی دەتەوێ چی بکەم...؟).

(تۆ هەقت نەبێ... ئەم هاوینە من و منداڵەکان سەفەرێکی دەرەوەمان هەیە، پارەیەکی زۆر دەدەمە زەلامێکی لێزان و کەسیش نازانێ...).

(گومان لە من ناکەن...؟).

(کەس لەو باوەڕەدا نییە تۆیەکی ئیفلیج بتوانی شتی وا بکەی...).

(باش ئێوە دەڕۆن... من لێرە بەتەنیا چی بکەم...؟).

(بۆ بەتەنیا...؟ بەپوورە خەجێ دەڵێم و ئاگای لێت دەبێ... حەزیش دەکەی سێ کارەکەری تریشت بۆ ڕادەگرم...).

(نایەوێ کاکە...).

(ها... بۆ مەسەلەی گوڵناز... چیت وت...؟).

(سەفەری خێرتان بێ، بەڵام من باوەڕم بەکوشتن و بڕینی کەس نییە...).

(ئەمین... ڕۆڵە... تۆ هێشتا لە دونیا تێنەگەیشتووی... لەوانەیە بڵێی ئەنوەر

قۆنتەراتچییە و جگە لە دەفتەری حسێبی گەچ و چیمەنتۆ هیچی تر نازانێ...!).

(وام نەوتووە... بەڵام نە تۆ تازەبەتازە وەک منت لێدێ... نە ئەمنیش...).

(راست دەکەی... بەڵام بیری لێبکەرەوە... گوڵناز دایکی کچەکانتە، خەراپەی ژنەکەت ناوزڕانە بۆ کچەکانیشت، منیش دەبمە مامیان... ئەگەر تۆ حیزیت پێ قبوڵ دەکرێ و قسەی ناو کتێبان مێشکی خواردووی... ئەوە من باوەڕم بەم شتە قۆڕانەی تۆ نییە...!).

(یانێ چی...؟).

(یانێ بشفرێ دەیکوژم...!!).

بە تووڕەیی و ڕاستەپێ هەستایەوە و هەموو گیانی دەلەرزی، دەرگاکەی کردەوە و ئاوڕێکی لێدامەوە، بەحەژمەتەوە هەردوو لێوە قورمزییەکانی دەلەرزین، مەستی و پەستی چاوەکانی خێل کرد بوون... دواجار وتی: (قەت نەمزانی ئەوەندە بێدەستەلێتی... خۆزگە تۆ برای من نەبوویتایە...!).

خۆزیا... هیچ قسەم نەکرد، نەگەڕامەوە سەر (پیرە و زەریا)، لەم دواییەدا خەفەت فێری جگەرەی کردووم، جگەرەیەکم داگیرساند، سەیری بنمیچەکەم کرد، لە کتێبەکانی دەوروبەرم ورد بوومەوە... چەند ناوێکی خۆشەویستی سەر بەرگەکانم بەرچاو کەوت... زۆربا، برایانی کارامازۆف، ئانا کارنینا، مەدام بۆڤاری... بۆڤاری... ئەویش زوو دۆستی دەگۆڕی... بۆڤاری چ ناوێکی پڕ خرۆش و جوانی و مۆسیقایە... (دۆستی خاتوو چاتەرلی)... لەگەڵ (میلۆرز) چوومەوە نێو باخ و چەم و دارستان... گوێم گرت... مستەر (کلیفۆرد) بەژنەکەی وت:

(بنوو... لەگەڵ پیاوێک بنوو... با منداڵێکمان ببێ... بەڵام با ئەو پیاوە لە خانەدان و بەگزادەکان بێ... نەکەی دەست لەگەڵ پیاوێکی ڕەشۆکی تێکەڵ بکەی).

پێکەنیم... زۆر پێکەنیم، ژوورەکە دەنگی دایەوە، کتێبەکانی سەر ڕەفەکان بەو قاقایە کەوتنە سەما... ئەو خەڵکە... ئەو گیرفان پڕانە چۆن سەیری شەرەف دەکەن...؟ ڕەوشت چۆن دەبینن...؟ جگەرەکەم کوژابۆوە، ببووە فتیلەیەک لە خۆڵەمێش، کە پێکەنیم کەوتە سەر ڕانم، جا گەر خۆم ژنەکەی خۆمم پێ تێر نەکرا... دەبێ جیاوازی چ بێ گاوانێک یان پاشایەک تێری بکا...؟ ئای کە مەنتیقی بۆرژوا و سەرمایەدارەکان سەیرە... ئای کە هیچە... دەیەوێ پێشەوایەک لەگەڵ ژنەکەیدا بخەوێ... نەک سەربازێک... جیاوازییەکە لە کوێدایە...؟ بیری لێبکەرەوە ئەمین... تۆ حەز دەکەی گوڵناز لەگەڵ کێ بنوێ... شاعیرێک



یان بازرگانێک؟ لەگەڵ کێ...؟ یان حەز دەکەی لەگەڵ کەس نەبێ و لەگەڵ کەس نەنوێ... هیچ کەس...؟! ها...؟ پرسیارێکی ئاسان نییە... هانام بردە بەر زۆربا و لێی پاڕامەوە... زۆربا تۆ زۆڵێت... سەگیت... هەر لە خۆتەوە وەڵامی پرسیاری زۆر گران دەدەیتەوە... تۆ ڕات چییە...؟ ئەو کافرە بەسەمایەک وەڵامی دامەوە... وتم: تێت ناگەم... بەسەر سەنتورەکەی نووشتایەوە و شەپۆلە نووستووەکانی ژێر دەریای وەئاگا هێنا... ئەوانیش کەوتنە سەما... وتم: تێت ناگەم... بۆم گریا... چوومەوە لای (سانتیاگۆ)، ناو هەردوو لەپە خوێناوییەکانیم ماچ کرد و تکام لێکرد... سانتیاگۆ... خەمێکی هیچ شەکەتی کردووم... دەستەکانم هێشتا نەمردوون... بمخەرە نێو بەلەمەکە و جووتێ سەوڵم بەرێ... یان قولاپ و لەتە نانێک... من نەمردووم... هیچ نەبێ لەنێو گێژەنی دەریا توولە ماسییەکت بۆ دەگرم... بەفیزێکەوە سەیری کردم و شەفقەکەی لەسەر نا و وتی:

(ئەمین... عەیبە... مرۆڤ تێکدەشکێ... بەڵام نابەزێ...).

زۆربا و سانتیاگۆ گوڵناز و ئەنوەریان لەبیر بردمەوە... خەمێکی تازە و سەیر و جوان و گران دایگرتم... خەمی ئەوەی هەزارەها کتێبی پوخت و نایاب ماون و من هێشتا فریایان نەکەوتووم، تەمەن دەڕوا و تا دێ چاوەکانم کزتر دەبن، تەمەن دەڕوا و منیش چیتر وەک جاران بۆم نالوێ لەسەر کورسییەک دابنیشم و لەسەر مێزێکی لەق و لۆق چیرۆکی شیرین بنووسم، ئەو چیرۆکانەی هەزارەها کەسیان سەرسام دەکرد، ئەو ڕۆژانەم هاتنەوە یاد... ئەو ڕۆژانەی کە چیرۆکێکی تازەم بڵاو دەبۆوە... سەدەها کەس سەرە ڕێگەی لێدەگرتم... دەست خۆش... پەنجەکانت نەڕزێن... چیرۆک نەبوون... وشەکانی دانە مرواری فرمێسکەکانی چاوم بوون... دوای هەر چیرۆکێکم بوومەلەرزەیەک... گڕکانێک دەتەقییەوە... گڕکانێک ناخی زەویت بۆ هەڵتەکێنێ... من ناخی... مۆخی پاڵەوانەکانم... دەخستە سەر کاغەز، هەر چیرۆکێکم دەتووت دینامیتە... دینامیت لەنێو شاخ و کێوان تونێل و دەربەندت بۆ خۆش دەکا... من بەچیرۆکێکم سەدەها ڕێگە و تونێل و دەربەندم دەنێو زاتی مرۆڤ خۆش دەکرد... ئەوەتا بێ ترس و شەرم چیرۆکی خۆم و گوڵناز دەنووسمەوە... کچەکانم... ئای... تۆ بڵێی ئەوانیش بچنەوە سەر ڕێی دایکیان... تۆ بڵێی ئەوانیش ئاوا شەق لە خۆشەویستی هەڵدەن... بۆ نا...؟ تۆ بڵێی وا بکا منیان لە بەرچاو بکەوێ...؟ ماوەیەکە کەمتر سەرم لێدەدەن... هیچ نییە... سەرقاڵی و جحێڵی...! تۆ بڵێی پیاوێک، لەم ڕۆژهەڵاتەدا، پیاوێک هەبێ و بیانخوازێ...؟ ئا... بۆ نا...؟ دەڵێن: کچی مامۆستا ئەمینی چیرۆکنووسە...!

لەوانەیە زۆرانی تر هەڵدەنێ و بڵێن: (چیرۆک چییە... کاکە... ئەوانە دایکیان قەحپە بوو... مامۆستا ئەمین تەڵاقی دا...!).

حەزم دەکرد گوڵناز شوو بکاتەوە، جارێکیان کە کچە گەورەکەم هاتە لام پێم وت:

(شیرین... قسەیەکت پێدەڵێم حەز دەکەم بەدایکتی بڵێیی...).

(فەرموو باوکە... خێرە...).

(کچی خۆم... ماوەیەکە ئاگام لێتان براوە و نازانم... قسەی زۆر ناشیرین دەبیستمەوە، باوکێکی ئاسایی نەبووم و خۆم پێتانەوە هیلاک کردووە و هەموو ئومێدم ئەوە بوو ئافرەتی نموونەیی بن....!).

بە سەرسامییەوە سەری هەڵبڕی و پرسی:

(بۆ باوکە... خوا نەخواستە هیچ خەراپەیەکمان کردووە...؟) بەخەم و قەهرەوە دەمم داپچڕی:

(نازانم... بەڵام هەواڵی زۆر سەیرم پێدەگا...!).

(دەربارەی ئێمە...؟).

(ئا...).

(چۆن...؟).

(بە تەلەفون... خەڵکی تر...).

(شتی وا نییە... لە خۆیانەوە قسە هەڵدەبەستن... پاشان باوکە ئێمە بیرمان نەچووە کە کچی تۆین...).

(زۆرتر لەگەڵ ئێوە... یان بەتەنیا دەچێتە دەرەوە...؟).

(بێ ئێمە بەهیچ لایەکدا ناچێ...!).

(سەیرە...).

(بۆ سەیرە...؟ باوکە تۆ و گومانیان نەوتووە... پاشان گەر ئێمە هەست بەشتێ بکەین هەر خۆمان دەیخنکێنین... هەر هیچمان پێنەکرێ جێیدێڵین و دێینە ئێرە...!).

(کچە شیرینەکەم... من قەت مەبەستم نییە لێی جیا ببنەوە... ئەو لە من پتر پێویستی بەئێوەیە... من پیاوم و لە هەموو شوێنێک دەحەوێمەوە... ئەو ئیفلیجییە نەبووایە باکم بەچی بوو...؟ کچم من......).



قسەکەی پێبڕیم و وتی:

(باوکە... خەیاڵ نەکەی... تۆ هەر سەروەری ئێمەی...).

(بەهەرحاڵ کچەکەم... ئاگات لە خوشکەکانت بێ... بەڵام من نیازی قسەیەکی ترم هەبوو...).

(بفەرموو باوکە...).

تۆزێ بێدەنگ بووم و بەدەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە جگەرەیەکم داگیرساند و مژێکی قوولم لێدا و پاشان وتم:

(ئێوە بۆ وا لە دایکتان ناکەن شوو بکاتەوە...؟).

(جا بۆ...؟ خۆ ئێمە ڕێمان لێنەگرتووە...!).

(نەء... تێم بگە... وا باشترە ئێوە داوای لێبکەن و سووریش بن لەسەر ئەو قسەیە...).

(قەیناکا... بەڵام بۆ وا دەڵێیی...؟).

(ڕۆڵە ئەو هێشتا گەنجە و بەبەرییەوە ماوە... ئەم قسە و قسەڵۆکەش دەبڕێتەوە...!).

(باوەڕ ناکەم...).

(نەء... گەر شوو بکاتەوە مەسەلەکە دەگۆڕێ...).

(تۆ وای دەبینیت...؟).

(ئا...!).

ئا... حەزم دەکرد شوو بکاتەوە، زۆریش، ساڵێکی بەسەردا تێپەڕی و شووی نەکردەوە، کەوتمە گومان... وتم: دیارە ئەم واتە واتە بەلاش نییە و خەڵکەکە ڕاست دەکەن، هەر لەم دواییەدا چیرۆکنووسێکی لە من داخدار کردمی بەپاڵەوانی چیرۆکێک... لە کن زۆر کەسیش وتبووی:

(پاڵەوانی چیرۆکەکەم ئەمین-ی چیرۆکنووسە...) خۆم لەو هەموو شتانە گێل کرد، جا گەر خۆشم گێل نەکردایە... چیم پێدەکرا... منێکی پیر و کەنەفت و لە پەلوپۆ کەوتوو...؟ دەبووایە هەر خۆم بخۆمەوە و لە سکی خۆم بدەم، کەوتمەوە نووسین... هێدی هێدی... ویستم ئەوە بزانم گوڵناز بۆ بەجێیهێشتم... تۆ بڵێیی لەبەر پیری و... دەمار سستی و... بەڵام نا... بەهەفتەیەک بەر لەوەی تەڵاقی بدەم پێمی وت:

(خەیاڵ نەکەی... من لەبەر ئەوە لێت جیا نابمەوە کە هیچت پێناکرێ... نەخێر... تۆ

ماوەیەکە تەواو دڵت پیس بووە و گومان لەو مێشەش دەکەی کە پێمدا هەڵدەگەڕێ... تەواو لە بەرچاوم ناشیرین بوویت... ئەو ئەمینەی جاران نیت... دڵی منت کرمێ کرد... هیچ باوەڕێکت نە بەمن و نە بەخۆت نەماوە... بۆ کوێ دەچیت...؟ بۆ درەنگ هاتیتەوە...؟ ئەوە کێ بوو تەلەفونی بۆ کردی...؟ ئەوەندە بەدەم خەڵکەوە پێمەکەنە... تۆ سەری منت خواردووە...).

تۆ بڵێی وابێ... تۆ بڵێی ئەوەندە پاک بووبێ... تۆ بڵێی ئەو خەڵکە درۆ بکەن...؟ لەوانەشە... ئەی بۆ نا...؟ خۆ ئەو خەڵکە ئەوەندە دەست بەتاڵە... ئەوەندە نەخۆشە... بێزارە... ئەوەندە لە ڕقەکە لە شتێک دەگەڕێ پێی ڕابوێرێ، لەوە دەگەڕێ ماڵی یەکێک کاول بکا، پردێک بڕووخێنێ، دڵێک بمرێنێ، چاوێک... کانییەک کوێر کاتەوە، مۆمێک... سەد مۆم... هەزار بکوژێنێتەوە، زۆر کەس... هەتا هاوڕێکانم بەخیلییان پێدەبردین، حەزیان نەدەکرد ئەوەندە تەبا و ڕێکبین، ئەم نەخۆشییە بوو بەو مشکەی بەربەستەکەی (مەئرەب) ی ڕووخاند، ئەوانەی تامی خۆشەویستییان نەکردبێ... حەز ناکەن کەس یەکدی خۆش بوێ، خەڵکانی نەگریس و دڵڕەش زۆرن، توانییان کەعبەی ئەوینی من بڕووخێنن، ئێستا تەنیام... پیاوێکی بێوەمێرد، خۆم و ژوورێک و کۆمەڵێ کتێب، سەرینی تەنیا، بۆن و ڕەنگ و تۆزی غەریبیم لێنیشتووە، ڕیش ناتاشم... بەر سمێڵ قوت ناکەم، ماوەیەکی درێژیشە پێڵاو لە پێ ناکەم، پڕبەدڵ بیری چاکەت و پانتۆڵ دەکەم، یان پێڵاو بۆیاغکردن، پیاسە... جاران ئەم شتانە چەند بێبایەخ بوون... ئێستا خەڵکی بەپێی خۆیان لەسەر جادە و شەقامەکان پیاسە دەکەن، بای خۆش و دڵڕفێنی دەرەوە لێیان دەدا، سەیری کچانی جوان و ناشیرین دەکەن، کەڵەگەت و باڵاکوڵ، ڕۆژنامە دەکڕن، لە گازینۆکان دادەنیشن و باسی دەیەها شتی جوان و ناشیرین دەکەن... منیش لێرە تەنیام، خۆم و دووکەڵی جگەرە، خۆم و یادگارەکانی حەز و ئەوینی گوڵناز، خۆم و گومان و خەمی جیابوونەوە، خۆم و خەونەکانم... پرۆژەی چەندەها چیرۆکی چاو بەفرمێسکم... خۆم و ترس لە داهاتووی نادیاری کچەکانم، خۆم و کاسێتی مۆسیقا ناسک و دڵگیرەکان، گۆرانییە بریندار و شیعرە زۆر غەمگینەکان، ڕۆمانە پڕ لە کارەساتەکان، من و نەخۆشی و دەمی کراوەی گۆڕێکی ناشیرین، ئای کە مەرگ شتێکی پیسە... کەسێک کە هێشتا هەزارەها هیوا و خەون و ئامانجی گەورەی مابێ گوناهە بمرێ... مەرگ زۆر کەرە... خۆی لە پیاوی کەر لا دەدا و سواری سەری ئەسپێکی وەک من دەبێ... بەڵێ... لەنێو مێشکما هەزارەها ڕەوە ئەسپی ئومێدی دەم بەحیلە لە غار ناکەون... کوفرە بمرم... لەم گەڕەکەی ئەو خواپێداوانە



پیاو وەک مشک دەمرێ... وەک مێروولە... کەس پێی نازانێ، کەس دەنگی نابیستێ، ئەم گەڕەکە هەر لە گۆڕستان دەچێ، کپ و خامۆش، لێرە کەس گوێی لە گریان و پێکەنینی یەکدی نابێ، بەدزییەوە لە دایک دەبن و بەدزییەوە دەمرن... یان ئەوەتا لێرە... لەم گەڕەکەی ئەنوەری برام نە کەس لە دایک دەبێ و نە کەسیش دەمرێ، نە کەس دەگری و نە کەسیش پێدەکەنێ... تۆ بڵێی... خۆ ئەوان خەڵکی سەر ئەستێرەیەکی دیکە نین، لەوە ناچێ وەکو ئێمەمانان نان بخۆن و بنوون و شوو بکەن و لێک جیا ببنەوە... باشە... خۆ ئەو دەوڵەمەندە قورسانەش کە پیر دەبن لە پیاوەتی دەکەون... هیچ نەبێ نەخۆشی لە پەلوپۆیان دەخا، خۆ ئەوانیش ژن تەڵاق دەدەن، ژنەکانیان لەجیاتی دۆستێک... یەکە و دە دۆست و عاشقیان هەن... ئەی بۆ وەک منیان بەسەر نایە...؟ ئەمین تۆ قەت ئەوەندە نەفام نەبوویت... بیر بکەرەوە... با کتێبەکان فریات کەون... ئا... ئەوان هەیانە... ئەوەی هەیبێ وەک تۆیەکی بێ گیرفان ڕسوا نابێ... نابێ بەگاڵتەجاڕی شارێک، ئەوان بەسەدەها کاغەزی سەوزی بیست و پێنج دیناری هەموو وشە ڕەش و ناشیرینەکانی ناو فەرهەنگی شارێک دەشارنەوە، ئا... ئەوان وەک تۆ نین... باوەڕیان وایە موڵک و ماڵ، سامان و دارایی، پارە و پوول و چەکی نێو باخەڵ و بانقەکان، ڕیزە دوکان و سینەما و عەقار، کچ و کوڕ... هەموو دونیا هەر تاپۆی پیاوە، ئەوان وەک ئەنوەری برات باوەڕیان بەپیتی (میم)ە... ئەو میمەی تۆ قینت لێیەتی، ئەوان حەز دەکەن پڕ بەدەم بڵێن: ژنەکەم، خانووەکەم، قەمەرەکەم، کچەکانم، کوڕەکانم، پارەکانم... گەر تۆیەک دەتەوێ خەڵکی هان بدەی ئەم میمە لەناو بەرن... ئەوانە، بەپێچەوانەی تۆوە، حەز دەکەن لەنێو فەرهەنگەکاندا، لەسەر دار و دیوارەکان، لەسەر تەختە و مێزی قوتابخانە و چایخانە و مەیخانە و تیاترۆخانە و شێتخانەکانیشدا پیتی (میم) بەگەورەیی بنووسرێ، ئەوان دەتوانن چاپخانەی زۆر گەورە بکڕن و بەکاغەزی ڕەنگاوڕەنگ و لە بەرگێکی جوان و قەشەنگدا هەزارەها فەرهەنگ لە چاپ بدەن... ملیۆنەها فەرهەنگ... بەڵام تەنیا ئەو وشانەی تیا بنووسرێن کە بە(میم)... م... م... م... کۆتاییان دێ... یان کە بە(میم) دەست پێدەکا... یان بەلایەنی کەم پیتی میمی تیابێ... کەچی تۆش، تەنیا تۆ، دەڵێی دوو ملیۆن... دوو بلیۆن تف لەو میمە، ئەوان قەت وەک تۆ ناکەن... خانووەکانیان لەسەر ژنەکانیان تاپۆ ناکەن، وەک تۆش دوژمنی گەورەی پیتی میم نین، لەم گەڕەکە کپ و بێدەنگەدا چۆلەکەش بەئەدەبەوە دەجریوێنێ، بگرە پشیلەش بەترسەوە دەمیاوێنێ، سەگەکان بێ ناو و ناسنامە نین، منداڵ بەپێکەنینەوە لە دایک دەبێ... گەر کوڕ بوو باوکە

خانوویەکی لەسەر تاپۆ دەکا، گەر کچیش بوو هیچ... تاپۆ و میرات... موڵک و عەقار هەر بەناوی نێرینەن... نێرینە بڕبڕەی پشتە... هێزی هەناوە... لای ئەوان کچ هەر کەچە، چەند حەزت دەکرد کچت بێ... خەڵکی دیانووت: ئەمین گوناهە... کوڕی نییە... تۆش بەگاڵتەوە دەتووت: بۆچیمە... خۆ شوانکارەیی و ڕەنجبەرییان پێناکەم... دوژمنداریش نیم تا بەتیر و شیرەوە لە پشتم بوەستن... دەتووت: من سێ کچم هەن... یانێ سێ گەنجینە... گاڵتەت بەعەقڵی ئەو خەڵکە دەهات و دەتووت: (گەر لەجیاتی ئەو سێ کچە... سێ کوڕم هەبووایە، یەکێکیان دەبوو بەئارەق خۆر، دووەمیان بەچەقۆوەشێن، سێیەمیشیان قومارچی...!) خەڵکەکە پێیان دەوتیت: بەم قسانە دڵی خۆت خۆش کە... ئەوەتا ئەنوەریش وەک تۆ پیر بووە... کەچی ژنەکەی... منداڵەکانی وەک میزراح بەدەوریدا دەخولێنەوە، بەڵام ئەم وەک تۆ لە پەلوپۆ نەکەوتووە، دەماری پیاوەتی نەمردووە... جا کێ دەڵێ نەمردووە...؟ نە ء... مەسەلەکە ئەوە نییە... ئەو باوەڕی بەمیمە و من باوەڕم بەمیم نییە... من کە هیچم نییە خانووەکەم لەسەر گوڵناز تاپۆ کرد... ئەو کە هەموو شتێکی هەیە و کەچی شقارتەیەک لەسەر ژنەکەی تاپۆ ناکا... ئەم گەڕەکە چەند هێمنە، هێمنییەکی ئێسک گران و بێزەوەر... گەلێش بەئەدەب و ترسەوە... یان بەنازەوە هەڵدەوەرێ، ڕەشەبا لە بەردەم دیوارە کۆنکریتییەکان هیچی پێناکرێ، بارانیش لەسەرخۆ، هێدی هێدی، بەسەر تاق و پەنجەرەی کۆشکەکانیان دادەبارێ، لە گەڕەکی پەڕپووتی هەژارەکاندا باران دونیا دەکا بەقوڕ و لیتاو، لافاو، زۆر لە کەلاوە و کۆلیتەکان داتەپێن، سەربانەکان دڵۆپە دەکەن... کەچی لێرە کۆشکەکان، دیوارە ڕەنگاوڕەنگەکان، تاق و پەنجەرە و دەرگا ئەلەمنیۆمەکان وەک چاوی مار دەبریسکێنەوە، کۆڵان و جادەی بەرماڵەکان دەشواتەوە... ئێرە ئەوێ نییە... لێرە هاوین فێنکە، زستان گەرمە، بەڵام لای من ئەم خامۆشییە لە خامۆشی گۆڕستانەکان دەچێ، تا ئێستا کەس لێی نەپرسیوم... چۆنیت...؟ کەس پێی نەوتووم دوا چیرۆکت ناوی چییە...؟ کاتێ ئەنوەری برام بەمیوانەکانی دەڵێ:

(ئەوەش ئەمین – ی برامە...)

دەپرسن: (چ کارەیە...؟).

(فەرمانبەرێکی تەقاویتە).

(فەرمانبەر و بەس...؟).

(نە ء... دەڵێ: چیرۆکنووسم...).



بە گاڵتە و لاقرتێوە دەڵێن:

(جا خۆ چیرۆک کاسبی نییە... پارەی لێدەست دەکەوێ...؟).

کە ئەنوەر لێم دەپرسێ: (چیرۆک پارەی تێدایە...؟).

بە بێباکییەوە دەمووت: (نەخێر... کاکە...).

میوانە تەنگە ئەستوورەکان قاقا پێدەکەنین... دەتووت ئەو ورگانە بێچووە ورچی سەماکەرەی تێدایە... ئەوسا بەتەوسەوە دەیانووت:

(جا کە شتێ پارەی تیا نەبێ بۆ دەیکەی بەناونیشانی خۆت...؟).

زۆرجار، شەوانە، کە لەگەڵ ئەنوەری برام دەیانخواردەوە، ویسکی و شامپانیا و ڤۆدگا مڕ و مەستی دەکردن... دەهاتنە ژوورەکەم... ژوورە تەنیا و پڕ خەمەکەم... تا درەنگی شەو بەمنیان ڕادەبوارد، کتێبەکانیان هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد، بەخۆیان و بەپێکەوە دەهاتنە ژوورەوە، دەستیان دەلەرزی، پێکی ویسکی و شامپانیا دەڕژایە سەر کتێب و پارچە کاغەزەکانم... ئەو کاغەزانەی خەم و برسیەتی منداڵی و شەرم و شکانی هەرزەیی و گومان و دڵەڕاوکێی ئێستامیان لەخۆ گرتبوو... دەم و لێو و سمێڵی بەویسکی تەڕبووی خۆیان... بەمەزەی ماست و جاجیک و تەپوولە و تف و شەهوەتیان بەو کاغەزانە دەسڕییەوە، منیش وەک ئەو پیاوەی بەسەر ماکەرێکەوە گیرابێ خۆم توند دەکردەوە، پارچە کاغەز و کتێبەکانم کۆ دەکردەوە، دەهاتنە ژوورەکەم و دەستیان بۆ کتێبەکان دەبرد وەک ئەوەی دەست بۆ ناوگەڵی، قوزی سۆزانییەک بەرن، زۆر بەناشیرینی و مەستانە... هەریەکە و قسەیەکی دەکرد:

(بۆ نایەیتە ناو پیاوان... چیت لەم ژوورە دۆزیوەتەوە...؟).

(گەوهەر و ئاڵتوون...!).

(نا گونم...).

(ژن ئاوا لە پیاو دەکا... بەشەرەفم کەیفم لێبێ هەر هەفتەی یەکێک مارە دەکەم و یەکێک تەڵاق دەدەم...).

(گوناهی خۆیەتی... بێ عەقڵە... ئەگینا کەس خانووی لەسەر ژن تاپۆ کردووە).

بێزم نەدەهات وەڵامیان بدەمەوە... جا وەڵامی کێ بدەمەوە...؟ کۆمەڵێ زەلامی گیرفان پڕ، کەللەبەتاڵ، سک تێری ناوگەڵ برسی، کۆمەڵێک لە خۆم ژن حیزتر... کەچی بەزەبری پارە دایانپۆشیوە، پێیان لە کتێبەکانم دەنا... ئەو چەند ئاژەڵە... ئەو چەند بەراز باوکانە،

ئەو گامێشانە پێیان لە دۆستۆیڤسکی و تۆلستۆی دەنا، پێیان لە شۆلۆخۆف و ئیتماتۆف و لۆرانس و بەلزاک و جۆیس و شتاینبک و هێمنگوای دەنا... ئەو چەند ماکەرە شەقیان لە کاسێتەکانی مۆزارت و شۆپان و چایکۆفسکی هەڵدەدا، ئەو چەند بەتاڵە... داهۆڵانە... لە بەتاڵیش بەتاڵتر گاڵتەیان بەوێنەی بیتهۆڤن و چارلی چاپلن دەکرد، تووڕە دەبووم... منی ئیفلیج و پەککەوتە، منی بێهێز و لاواز تووڕە دەبووم، بەڵام بەنەرمییەوە... حەزم نەدەکرد دڵی ئەنوەر بشکێنم و بڵێ جنێو بەمیوانەکانم دەدا، تووڕە دەبووم و ئارەقەم دەکرد، بڕبڕەی پشتم تەزوویەکی ساردی پیا دەهات، وەک مەیموونی نێو قەفەز سەیریان دەکردم و ڕایاندەبوارد، منیش بەقەهرەوە پێدەکەنیم... بەدرۆ پێدەکەنیم... لە دڵی خۆمدا سوێندم دەخوارد کە هەر دەبێ بیانکەم بەپاڵەوانی چیرۆکەکانم... سوێندم دەخوارد کە دەبێ من بەتەنیا، بەرلەوەی بمرم، ئەو بۆگەنانە تا سەر ئێسقان ڕووت کەمەوە... ڕسوایان بکەم... وایان لێبکەم خەڵکی گاڵتە بەعەقڵ و بیر و بۆچوونیان بکەن، شەوێکیان زۆر تووڕە بووم... خۆم بۆ نەگیرا، ئەوەندە مەست بوون قەڵەم و کاغەز و وێنە و کاسێت و کتێبەکانیان شندڕ و وندڕ کرد... کەسم نەدیبوو ئەوەندە ڕقی لە کتێب و کاغەز بێتەوە، هەریەکە و کتێبێکی بەدەستەوە دەگرت، وەکو تۆپ... ئەمیان بۆ ئەویتریان هەڵیدەدا، هەندێ جار کتێبەکانیان دەگرتەوە و هەندێ جاریش دەکەوتنە بەر پێیان... ئەو شەوە زۆر مەست بوون... قاقا پێدەکەنین... لێیان پاڕامەوە:

(تکاتان لێدەکەم... واز لەم کتێبانە بێنن... گەر حەز دەکەن لام دانیشن... ئەگینا فەرموون بڕۆنە دەرەوە و من ئیشم هەیە...).

(ئیشی چی...؟).

(دەخوێنمەوە... دەنووسم... سەد ئیشم بەدەستەوەیە...).

(جا خەڵکی بەڕۆژ ئیش دەکا یان بەشەو...؟).

(کاکە... ئەم ئیشەی من شەو و ڕۆژی بۆ نییە...) لەپڕ یەکێکیان بەلاقرتێوە دەیووت:

(ئەم هەموو کتێبەت خوێندۆتەوە...؟).

(دە ئەوەندەش...).

(ئەی کەواتە بۆ نایانفرۆشیت... خۆ بولبول نین تا ڕایانبگریت...؟ هیچ نەبێ دوو عانەش دەچێتە گیرفانتەوە...!).

(جا عانەم بۆچییە...؟).



(هەتیوینە... وەرن سەیری کەن... دەڵێ پارەم بۆچییە...).

قاقا پێدەکەنین... ئەنوەریش کە دەیخواردەوە تا بڵێی ناشیرین و بەدمەست دەبوو... ئاگای لە خۆی نەدەما... ئەوەی بەشەو دەیکرد بەیانی حاشای لێدەکرد، هەتا نەهاتمە ماڵەکەی نەمزانی کردوویەتی بەمەیخانە، نەک مەیخانە... کردبووی بەتەویلەیەکی ڕاستەقینە... نێرەکەر دەزەڕی، گامێش دەیبۆڕاند، سەگ دەوەڕی، ژن و کچ و کوڕەکانیشی ببوونە مەیگێڕ و بۆی بەردەستی ئەو چەند گەلۆرە... سمایلی بازرگان دەستی بۆ وێنەیەکی چارلی چاپلن درێژ کرد و وتی:

(ئەمە کابرا گاڵتەجاڕەکەیە... بەخوا بابە فلیمی عەنتیکەی هەیە...) بەتووڕەییەوە وتم:

(ئەم بلیمەتە گاڵتەجاڕ نییە... بەفلیمەکانی جنێوی بەبۆرژوا و سەرمایەدارەکان دەدا...).

بە سەرسامییەوە پرسی... سەرسامییەکی تێکەڵ بەگاڵتە:

(نا...؟ سەرمایەدار کێیە...؟).

(گەلۆرێکی پارەدارە... لەسەر حسێبی ئارەقە و فرمێسکی هەزارەها کەس دەلەوەڕێ...!).

(چاکە... چاکە... جا ئەو پارەدارانە لە خەمی جنێوەکانی ئەم گاڵتەجاڕە خەویان لێنەدەکەوت...؟).

(مەڵێ گاڵتەجاڕ... ئەم بلیمەتە ناوی چارلی چاپلن - ە...).

(کەواتە تۆش بۆیە خۆت لەم ژوورە مەڵاس داوە... دیارە دەتەوێ فلیم دەرکەی... جنێو بەپارەدارەکان بدەی...؟!).

(نەء... من فلیم دەرناکەم... کێ فلیمم بۆ دەربکا...؟).

ویستم بڵێم من بەچیرۆک ڕسواتان دەکەم هەی بێشەرەفینە، هەی گەوادینە... کەچی یەکێ لە هاوڕێکانی وتی:

(واز لە ئەمین شاپلن بێنە... وەرە سەیری ئەم مالۆسە بکە... هەتیو خۆ ئەم ژوورە ڕەسمی موسڵمانێکی تیا نییە...).

یەکێکی تریان وتی:

(ئەنوەر... بەشەرەفم ئەو برایەی تۆ شتە...!).

ئەنوەریش... مڕ و مەست... زۆر مەبەستی بوو میوانەکانی دڵخۆش بن... تا ڕادەیک

نەک هەر من... ئامادە بوو خۆی بکا بەنوکتە... نوکتەیەکی زۆر هیچ و بێزەوەر هەر تەنیا بۆ ئەوەی میوانەکانی قاقا پێبکەنن و تا ئەبەد باس و خواسی ئەو شەوە تایبەتییانە بۆ یەکدی بگێڕنەوە... کتوپڕ... قەتیش چاوەڕێم نەدەکرد وا سووکم کا و... وتی:

(شتی چییە هەتیوینە... دیارە ویسکییەکە لەسەری داون... وەڵڵا مەگەر پۆپەکەی بێ...!!).

قاقا پێکەنین... کردمیان بەمەخسەرە... هەموویان... بەخۆیان و بەپێکە ویسکی دەستیانەوە لە وێنەکە نزیکە بوونەوە، لێی ورد بوونەوە، ئەنوەر خۆی ڕانەدەگرت... دەلەنگی... لەسەر کورسییەکەی بەرامبەر دانیشت... لە ئەنوەری برام نەدەچوو، بەڕۆژ چەند گران و سەنگین بوو، بەئەتەکێت دەجوولێ و بەئەتەکێت دەیخوارد و قسەی دەکرد، هەر هەموویان بەڕۆژ گران و سەنگینن، زۆر بەئەدەب و ویقارەوە دەدوێن... ئەدەبێکی دەستکرد، بەڕێز و قیزێکەوە جگەرە دەکێشن، نان دەخۆن، دەکۆکن، بەدزییەوە دەچنە ئاودەسخانە... ئەی ئێستا بۆ وا سووک و بێنرخن... ئای گەلحۆینە تا دەمرن هەر بەڕووکەش و ساختە و بۆیە و ڕووپۆشەوە دەژین، بەلارەلار لێم نزیک بوونەوە... بەیەکەوە لێیان پرسیم:

(ئەمین... ئەم کەچەڵە کێیە... هەتیو زۆر ترسناکە...؟).

منیش ویستم ئاژاوەکە بەبارێکی ئاساییدا بخەم... وەک هاوڕێیەکی شیرین زمان و هاوکووفی ئەوان بم... وتم:

(ئەم کەچەڵەیان دۆستۆیڤسکییە...).

پرسییان:

(دۆستۆ کێ...؟).

(دۆستۆیڤسکی...).

(جا ئەوە ناوی بنیادەمە...؟).

(ئەی خۆ ناوی حوشتریش نییە...).

کردیان بەغەڵبە غەڵب و هەریەکە و پرسیارێکی لێدەکردم:

(ئەم کەچەڵە خەڵکی کوێیە...؟).

(رووسییە...).

(چ کارەیە...؟).



(ڕۆمان دەنووسی...).

(ڕۆمان دەخورێ...؟).

(دەخورێی چی...؟ ڕۆمان حەکایەتێکی زۆر درێژە...).

(جا کەی باوی حەکایەت ماوە...؟).

(نەک حەکایەتی حەکایەت... ئەم بلیمەتە چیرۆکی لەسەر میللەتی خۆی دەنووسی... لەسەر میللەتی ڕووس...).

(ئەوە چییە... ئەمیش هەر بلیمەتە...؟).

(هەڵبەت...).

(باشە ئەم کەچەڵە پارەی دەست دەکەوێت...؟).

(ئەی چۆن...).

(ئێ... کەواتە دەوڵەمەند بووە...).

(نە ء... وەکو ئێوە کۆی نەدەکردەوە، هەرچییەکی دەست بکەوتایە دەیخوارد... دوکان و بازاڕ و سنەمای پێنەدەکرێ...).

(ئەی چی لێدەکرد...؟).

(وتم دەیخوارد... خەرجی دەکرد...).

(هەر باشە... گرنگ ئەوەیە هەیبووە و خواردوویەتی...).

(ئەوەندەش عەودالی پارە نەبووە... لای ئەو گرنگ ئەوە بووە ئازاری ئەو خەڵکە بنووسێتەوە).

(غەدری کردووە...).

(هەمیشە قەرزاریش بووە...).

(نا...؟ کەواتە لێی نەزانیوە...).

(لێی زانیوە... وتم لای ئەو گرنگ ئەوە بووە بنووسێ...).

(ئەی تۆ...؟ دەڵێن تۆش نووسەری... بۆ وەک ئەو کەچەڵە پارەت دەست ناکەوێ...؟).

(من جیام...!).

(چۆن جیایت...؟).

(ئەو لە سەردەم و لەنێو میللەتێکدا ژیاوە جیایە لەگەڵ سەردەم و میللەتی من...).

(یانێ مردووە...؟).

(بەڵێ... مردووە...).

(ئەی کە مردووە تۆ بۆ خۆت پێوەی سەغڵەت کردووە...؟).

(ئاخر ڕۆمانەکانی زیندوون...).

(چۆن زیندوون...؟).

(قورسە... واز بێنە و کەستان لەم مەسەلەیە حاڵی نابێ...).

(هەتیو ئێمە حیسابی ملیۆن و دوو ملیۆن دەکەین... ئەم قسە حیزانە چییە تا تێبینەگەین...).

(وتم تێی ناگەن و بیبڕەوە...).

(بەهەرحاڵ... ئەمین چاپلن... هەرچەندە ئەو کەچەڵەی برادەرت گاورە... بەڵام ڕەحمەت هەر چاکە بۆ مردووان...!).

ئەمجارەیان بازرگانەکە هەڵیدایە و بەدەنگێکی ناسازەوە نەڕاندی:

(هەڵیدەن... پێکەکانتان هەڵدەن لە چاوی کەچەڵی گۆڕبەگۆڕ...) قسەم نەکرد... خۆم لێ گێل کردن...

ئەمجارەیان عەلی بەگی سلێمان ئاغا لێم هاتە پێش و وتی:

(ئەمینە فەندی... چیرۆک خۆشە...؟).

منیش لەسەرخۆ وتم:

(ئەگەر خۆش نەبووایە من چل ساڵ خەریکی نەدەبووم...!).

(بەقەد چی خۆشە...؟).

(وەسف ناکرێ...).

(با من بیهێنمە بەرچاوت... بەقەد خواردن، خواردنەوە، ژن.... ؟).

(وەک هیچیان نییە...).

(تێت ناگەم...).

(تۆ... ئێوەمانان تەنیا ڕووکەشی شتەکان دەبینن... چیرۆک لە ناخ و ناوەرۆکی مرۆڤ و شتەکانی دەوروبەر دەکۆڵێتەوە...).



(ناخ کوێیە ئەمین... خۆ مەبەستت ناو هەناو نییە...؟).

(نە ء... مەبەستم ناو ورگە...!).

(ئەوە چییە ئەمین... ڕادەبوێری...؟).

(وەڵڵا ئێوە مەستن و بەدونیا ڕادەبوێرن...).

سەیرێکم کرد هەموویان گوێ قوڵاغن، چاوانی هەر یەکێکیان وەک چاوانی سەگێک کە بەسەر زانەوە بێ سوور هەڵگەڕابوون... بەزەحمەت پێڵوویان هەڵدێنا... هەڵیان دەبزرکاند... تێهەڵچۆوە و وتی:

(باوەڕ ناکەم هیچ شتێک بەقەد خواردنەوە یان ئافرەت خۆش بێ...).

یەکێکی دیکەیان هەڵیدایە و مڕاندی:

(نە ء... کەرە... پارە تەواوە... پارە نەبێ ژن و خواردنەوە لە کوێ پەیدا دەبن...؟).

هەموو بەیەک دەنگ وتیان:

(دەم خۆش... دەم خۆش...).

بازرگانەکە وتی:

(بە شەرەفم جەماعەت... ئەم کەچەڵەش قسەی وا جوانی نەکردووە... بەدڵمە... پارە... دەم خۆش...!!).

بە تووڕەییەوە وتم:

(ئێوە وا دەزانن ژن تەنیا گەڵ و گووانە...؟).

بەیەک ئاواز... بەوپەڕی گاڵتە و تەوسەوە وتیان:

(ئەی چییە ئەمینە فەندی...؟).

(کاکە ئافرەت سۆزە... میهرە... دایکە... خوشکە... بەڕای من ئافرەت سەرچاوەی زۆر شتی پاک و جوانە...).

بازرگانەکە بەوپەڕی نیهادپیسی و تەوسەوە وتی:

(ئەرێ کۆنە ژنەکەت چۆنە... ئاگات لێیەتی...؟).

نەمزانی دەکەومە تەڵەوە... ئارەقەیەکی ساردم کرد، زۆر شەو ئاوا بریندارم دەکەن... تا شەوێکیان یەکێکیان وتی:

(ئەنوەر کە تۆ برای وا خۆشت هەبوو... بۆ زووتر بەئێمەت نەناساند؟).

یەکێکی دیکەیان وتی:

(بە شەرەفم خەڵکی بزانێ بەزمی وا خۆش لێرە هەیە مەیخانەکان چۆل دەکەن... مەگەر بۆیەکان خۆیان بخۆنەوە...!).

(بەخوا بابە مەخسەرەیە...).

(باشە کاک ئەمین هەموو نووسەرێک وەک تۆ خۆشە...؟).

(لەوانەیە...!).

ئەنوەر وای دەزانی من زەوقم بەو بەزم و ڕابواردنە دێ، وای دەزانی ئەو مەیخۆرانە وا ناکەن من پەست و نیگەران بم، نەیدەزانی من لە ناخەوە دەگریام... دەکولامەوە... دەتلامەوە، هەموو شەوی هەینییەک دادەنیشتن، مێزیان دەڕازاندەوە، جاروباریش نەک هەر قۆنتەراتچی و بازرگان و قاچاغچی گەورە... بەڵکو پزیشک و ئەندازیار و پارێزەریشی تێدەکەوت، شەوێکیان لەگەڵ یەکێ لە ئەندازیارەکان کەوتمە گفتوگۆ و دەمەتەقێ، کەری وا گەورەم نەدی بوو... لەپڕ هەڵیدایە:

(کاک ئەمین لەگەڵ ڕێزما بۆ جەنابت... بەڵام ئەدەب و مەدەب قسەی قۆڕە... کەی باوی ئەو خەیاڵاتە ماوە... چیرۆک و شیعر... منداڵ بازاڕییە... ئیمڕۆ هەموو شتێک بەزەبری زانست بەڕێوە دەڕوا...).

زۆر لەسەرخۆ و بەهێمنی وەڵامم دایەوە:

(من وەک تۆ گاڵتە بەزانست ناکەم... بەڵام تا دونیا ماوە ئەدەبیش هەر دەمێنێ...).

(دەبا بزانم شیعرێک باڵەخانەیەک دروست بکا... چیرۆکێک پردێک بنیات بنێ...).

(بەڵام کاکی ئەندازیار... شیعر و چیرۆک دەتوانن هەزارەها باڵەخانە و پرد لە ناو زاتی مرۆڤدا بنیات بنێن، ئەدەب خزمەتی ناوەوەی مرۆڤ دەکا... ئەدەب تاکە حەقیقەتێکی گەورە و بەجێماوی هەموو مرۆڤایەتییە...).

هەموویان بەیەکەوە، هەر بۆ مەزاق، چەپڵەیان کوتا و فیکەیان کێشا و... یەک دوو جڕتیشم گوێ لێبوو... یەکێک لەوانەی با بەردانی بەلاوە ئاسایی بوو... قونی لە ئێمە کرد و بەترێک کۆتایی بەو هەرایە هێنا... زۆر پەست بووم... لە کۆتاییدا پێموت:

(بەداخەوە کە تۆ کۆلێژت تەواو کردووە... جا جیاوازیت چییە لەگەڵ ئەوانە...؟).

هەموو لێم وەئاگا هاتن و وەک فیشەکە شێتە بەڕووما تەقینەوە:



(بۆ ئێمە چیمانە...؟ عەیبە کاکەمین...!).

بە پەلە وتم:

(هیچتان نییە... بەڵام ئەم بیست ساڵ پتری خوێندووە کەچی گاڵتەی بەئەدەب دێ...!).

کەچی زیاتر پێی داگرت و وتی:

(ئەرێ وەڵلا قەشمەریشم پێ دێ...!).

(تۆ سەربەستی... هەر کەسە و بیر و بۆچوونی خۆی...).

وازی لێنەهێنام و تێهەڵچۆوە:

(دەترسم بەتەما بیت لە ڕێگەی چیرۆکەوە ئەو خەڵکە بگۆڕیت... ئەگەر وایە با بزانین...؟).

(نەک هەر گۆڕین... دەمەوێ پاکیان کەمەوە...).

کەچی عەلی بەگ بەلاقرتێوە وتی:

(دیارە چیرۆکەکانی مامۆستا گەسکی چاکن... ئەگینا چۆن دونیایان پێ پاک دەکاتەوە...؟!).

(دەم خۆش عەلی بەگ... چیرۆک گەسکە و دونیای پێ پاک دەکرێتەوە...!).

ئەو زیاتر لەسەری ڕۆیشت و هەر بەتەوسەوە پێکەکەی هەڵدا و وتی:

(ئێ... جا کە وایە بۆ ناچیت لە بازاڕی حەسیرەکە گەسک... ببورە چیرۆک بفرۆشیت... ها...؟).

ئەو ملۆزمانە هەراسانیان کردم، کە مەست دەبوون بەچیرۆکەوە دەیانگرت... یان باسی گوڵناز و تاپۆ و خانوویان دەکرد، هەموو جار کۆنە برینەکەمیان دەکولاندەوە، چارم نەما... وای لێهات کە دەهاتن... دوای مێز ڕازاندنەوە... هاوارم لە منداڵەکانی ئەنوەر دەکرد بمبەنە ژوورەکە... دووانیان دەهاتنە بن هەردوو باڵم... وەک منداڵی ساوا دەیانخستمە سەر کورسییەک... بەشداری مەزەکانم دەکرد... بەکردن و بەخواردن... شێتی زەڵاتە بووم... سوێندیشم دەخوارد قسە و گفتوگۆ و باس و خواسی سەر مێزەکە لە چیرۆکێکما بتوێنمەوە، سیخوڕانە گوێم شل دەکرد، حەزم دەکرد بزانم باسی چی دەکەن، حەزم نەدەکرد بەجێیان بێڵم، تا درەنگی شەو بەدیاریانەوە دادەنیشتم... لە سێ شت دەدوان: پارە... ئافرەت... خواردنەوە... هەر ئەم سێ شتە و بەس، جاروباریش بەمن و چیرۆکیان ڕادەبوارد،

زۆرجاریش دوای خواردنەوە و مەستبوون دووانیان دەهاتنە بن باڵم و جۆلانەیان پێدەکردم، بەم شێوەیە تا ژوورەکە دەیانبردم، بەمن و بەچیخوف و چارلی چاپلن و هێمنگوایان ڕادەبوارد، شەوێکیان... دیسانەوە بازرگانەکە بەدۆستۆیڤسکییەوە گرتی... دوو سەد تفی لێکرد... هاواری دەکرد:

(ئەمین چاپلن... حەز دەکەم پێکێک لە چاوی ئەم کەچەڵە بخۆیتەوە...!).

لێی پاڕامەوە: (من نەخۆشم، ناتوانم، بخۆمەوە تێکدەچم، ئەنوەر دەزانێ ئەو ژانەدڵەم لەگەڵە... با لێم نەداتەوە... ئەمجارەیان دەمکوژێ... ئاخر دکتۆر لێی قەدەغە کردووم...).

دەیووت: (کێرت بەقەدەغە... تۆ ئەم کەچەڵەت خۆش ناوێ...؟).

(با...!).

(کەواتە دەی... بخۆرەوە... لە چاوی... ئەم کەچەڵە... تا نەیخۆیتەوە من هەر تفی لێدەکەم...).

چرۆچاوی دۆستۆیڤسکی کەوتە ژێر تف و لیک و بەڵغەمی لینج... لە دڵی خۆمدا بۆی گریام و وتم:

(دۆستۆیڤسکی... ببورە... کوفرە حەیوانێکی وا... جرجێکی وا تف لە تۆ دەکا...!).

دواجار کە بێزار بووم... بەیانییەکیان... بەر لەوەی ئەنوەر بڕواتە دەرێ... بانگم کرد و بەقەهر و حەسرەتێکەوە پێموت:

(ئەنوەر... ئێوە بۆ خۆتان دەخۆنەوە یان بۆ گیانی من... شەوێکی تر ئەوانە بێنە ژوورەکەم بەسکەخشکێش بێ لەم ماڵە نامێنم...).

زانی زۆر پەست و تووڕەم... بەنەرمییەوە وتی:

(ئەمین گیان... من وامزانی خۆت حەز بەم بەزمە دەکەی... ئەوان دەڵێن ئەمین گوناهە... با بەتەنیا نەبێ و بچین تۆزی خەمی بڕەوێنینەوە...).

(من بەتەنیا نیم... کە ئێوە دێنە ژوورەکە هەست بەتەنیایی و غەریبی دەکەم...).

(تووڕە مەبە کاکە... شەوێکی تر ناهێڵم زەلامیان توخنت بکەوێ...).

(ئاخر چوزانم... گەیشتۆتە کونی لووتم... خۆ من گاڵتەجاڕی ئەو گەلۆرانە نیم...!).

(کەواتە منیش گەلۆرم...).

(مەبەستم ئەوە نییە... بەڵام ماڵ حورمەتی خۆی هەیە... تۆ کوڕ و کچی گەنجت هەن...



گەر حەزت لە خواردنەوەیە... چ زۆر مەیخانە زۆرە...).

(ئەمین گیان... ماڵ ماڵی خۆمە... حەزم لێ بێ دەیکەم بەتەویلە...).

(بەداخەوە ئەنوەر... پارە تەواو تێکی داوی... جاران تۆ وا نەبوویت...!).

(ئەی تۆ پێم ناڵێی بەو هەموو ئەدەب و عەقڵەوە بۆ وات لێهات...؟).

(ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە... شەرحی دەوێ...).

(ئەمین... وام لێ مەکە بڵێم تۆ بەخیلی بەمن دەبەی...).

(هەقی خۆتە... بەڵام بەگۆڕی دایە و بابە من سکم پێت دەسووتێ...).

(بیبڕەوە ئەمین... با پێشت بڵێم ئەوانەی تۆ بەگەلۆر ناویان دەبەی هەموو شتیان بەدەستە و ڕۆژی سەدەها کار و ئەرکی قورس و نابەجێی من مەیسەر دەکەن... قازانجی من لەوەدایە...).

(بەڵام قازانجیش هەموو شتێک نییە...).

(پێویستم بەفەلسەفەی جەنابتان نییە... پیرۆزی خۆت بێ... پاشانیش با درێژەی نەدەینێ... شەوێکی تر ناهێڵم گوێت لە دەنگیان بێ...).

بە تووڕەیی لێیدا و ڕۆیشت... تۆ بڵێی لەم گەڕەکەدا هەموویان هەر وا بژین... تۆ بڵێی هەموویان هەر وا بەدمەست و مێشک پووچ و هیچ نەزان بن... لەوە دەچێ، هەر کەسە و بۆ خۆی بژی، خەڵکەکە وەک ئەسپی عەرەبانە هەردوو لاچاویان گیراوە... تەنیا پێشەوەی خۆیان دەبینن... بەردەمی خۆیان و بەس، سەیرە... کەس سڵاو لە کەس ناکا، بەفیزەوە سەر دەلەقێنن، بەنازەوە پێ بەزەویدا دەنێن، هیچ نین... قەرەوێتی فەرەنسی و پێڵاوی ئیتاڵین، جانتای دیبلۆماسین، چاویلکە و ئەنگوستیلەی ئاڵتوونن، دەفتەری ژمارەن، شێتی خواردنەوە و کاغەزی قومارن، شەوانی سووری تیاترۆخانەکان، هەر یەکێ لەوانە گوڵنازێکی هەڵخەڵەتاندووە، ئەم گەڕەکە زۆر کپ و مەنگە، مەنگە وەک زۆنکاوە وەستاوەکان، ئەو زۆنکاوانەی نە ئاویان دێت سەر و نە ئاویان لەبەر دەڕوا، دیوارەکان زۆر سپین و دڵەکانیش زۆر ڕەش، ئێرە دۆزەخێکی زۆر ڕەنگینە، ئێرە وەک ئەوێ نییە... لەوێ ئاگامان لە چرپە و خشپە و هەناسەی یەکدیش هەبوو، گریان و پێکەنین، شایی و پرسە، بەشەڕ دەهاتین و زووش ئاشت دەبووینەوە، لە هەموو هەوراز و نشێوێکدا دەستی یەکدیمان دەگرت، جنێومان بەیەکدی دەدا و یەکدیشمان ماچ دەکرد، دوای شەڕی کوشندە و خوێناویش هەر هەتا جەژن دڵمان گەردی دەگرت، جەژنان هەموو گەڕەک، بەر لەوەی

بکەوینە سەر برنج و قەیسی، سەرمان دەخستە سەر شانی یەکدی و دەگریاین، هەموو بەیەکەوە بۆ بووک و زاوا هەڵدەپەڕین، بەیەکەوەش گۆڕمان بۆ مردووەکان لێدەدا، کەچی لێرە کەس من بەپیاو نازانێ، کەس سڵاوم لێناکا، ئێواران کە پەست دەبووم، سواری عارەبانەکەم دەبووم و بەکۆڵان و جادەکانا غل دەبوومەوە، سەیری ئەو خەڵکەم دەکرد، من قاچم نییە و سواری عارەبانەکە دەبم... ئەی ئەو پیاوماقووڵانە... خۆ ئەوان وا نین... کەچی هەر لەناو حەوشەکەوە بەسواری ئۆتمبێلەکانەوە دێنە دەرێ و کە دەگەڕێنەوە ماڵێش دوو هۆڕن و کردنەوەی دەرگای سێ دەری... دیارە ئەوانیش بێ قاچ و قوولن... ساڵێک تێپەڕیوە و کەس پێی نەوتووم: چۆنیت...؟ چ کارەیت...؟ تۆ کێی...؟ کەس دەستی بۆ هەڵنەبڕیوم، تۆ بڵێی لەم گەڕەکە خاوێنەدا هەمووی هەر کەڕولاڵ بن... یان بەئیشارەت بدوێن...؟ سەیرە... کەس سەیرم ناکا، لەوە ناچێ کەس ببینێ، تۆ بڵێی نەمردبم...؟ نا ماوم... ئەوە نییە سواری عارەبانەکە دەبم و پیاسە دەکەم، دەخوێنمەوە، دەنووسم، ئەوە نییە گوڵنازم تەڵاق داوە، تا ئێستاش باوەڕم بەپیتی (میم) نییە و ڕقم لێیەتی، بەڵام ئەم گەڕەکە کپ و خامۆش و لەعنەتییە باوەڕیان بەمیمە، زۆریش... ئەی بۆ کەس من نابینێ... (هەم یان نیم... ئەمەیە گرفتەکە...) من دەڵێم ئەوان نین، ئەوانیش دەڵێن: تۆ نیت، من نەمرترم لەوان... ئەوان کۆشک و تەلار جێدێڵن... منیش چەند چیرۆکێک... کامەیان لای ئەو خەڵکە بەبایەخترە... کۆشک یان چیرۆک...؟

شەوێکیان ئەنوەر بەتەنیا دەیخواردەوە... بانگم کردە ژوورەکەم... ببوورن... ژوورەکە... بێ میم... چونکە من خاوەنی هیچ نیم... ڕووم تێکرد و لێم پرسی:

(ئەنوەر... ئەم گەڕەکەی ئێوە زۆر سەیرە... کەس سەلام لە کەس ناکا...).

پێکەکەی هەڵدا و وتی:

(ئەمین ئەو خەڵکە سەرقاڵن و سەدەها ئیش و ئەرکیان بەسەرەوەیە... ناپرژێنە سەر سەلام و کەلام...).

(جا بۆ سەلام کارێکی ئەوەندە زەحمەتە...؟).

(زەحمەت بێ یان ئاسان... ئەوانە گوێ بەم شتانە نادەن...).

(ئەوانە چ کارەن...؟).

(دکتۆر... بازرگانی گەورە... قۆنتەراتچی وەک خۆم... هەموو بەگزادە و خانەدانن... بۆ دەپرسی...؟).



(سەیرە...!).

(بۆ سەیرە...؟).

(یانێ ئەوەی خانەدان بێ نابێ کەس بناسێ...؟).

(بۆ کەس ناناسن...؟ بەڵام ئەوان لەگەڵ کەسانی وەک خۆیان هەڵدەستن و دادەنیشن... چی لە شاعیر و ماعیر بکەن... ئەوان چ کەڵکێک لە تۆ دەبینن...؟).

(کەڵکی وەک چی...؟).

(قازانجێک... خێرێک...).

(کەواتە ئێوە قازانج کردوونی بەدۆست و هاوڕێ... بۆیە هەموو شەوێک بەیەکەوە دەخۆنەوە...؟!).

(ئێ دە وایە... پیاوێک خێری بۆم نەبێ چی لێبکەم...؟).

(ئەنوەر... قسەیەک دەکەم... بەڵام حەز ناکەم لێم زویر بیت...).

(بڵێ...).

(بە ڕای من پیاو چ لە بیابانێک بژی چ لەم گەڕەکەی ئێوە...!).

(تۆ هەر وایت... حەزت بەژیانی ناو هەرچی و پەرچییانە... ئەو قەرەجانەی ساڵی جارێک خۆیان ناشۆن...!).

(ئەو قەرەجانە زۆر شەریفترن لەو خانەدانانە...).

(زۆربەیان دز و حیزن...).

(دزیش بن بەئاشکرا دەیکەن... نەک لەژێر پەردەوە...).

(بۆ کێت دیوە لێرە دزی بکا...؟).

(هەموویان دزن... هەموو موڵکدارێک دزە... بەڵام دزی ژێر سایەی یاسا و دەستوورێکی چەوت و چەسپاو...).

(بە شەرەفم ئەو ژنە هەقی بووە تۆی ترۆ کرد... ئاخر ئەوە عەقڵەکەتە... بۆیە وات بەسەر هات...!).

(چیم بەسەر هاتووە...؟).

پێکێکی تری ئامادە کرد و لە قەهر و خەفەتانا بەیەک بێن هەڵیدا و چاوەکانی سوور هەڵگەڕان و وتی:

(شارێک بەخەراپە باست دەکا...).

(ئەوانەی باسم دەکەن... هیچیان بەقەد من پاک نین... هەموویان لە من ژن حیزترن).

پتر سوور هەڵگەڕا و ویستی قسە بکا... کەچی خۆی خواردەوە، سەیرێکی من و کتێبەکانی کرد و دەستی برد بۆ قاپە ویسکییەکە و هەڵسایە سەرپێ و وتی:

(ئەمین نامەوێ دیسان بەشەڕ بێینەوە... تۆیەک کە بەژیانی خۆت ڕازیت هەقت بەسەر خەڵکەوە نەبێ... سەلامت لێدەکەن، سەلامت لێناکەن... ئەو خەڵکە سەربەستە... وا بزانم خۆشت باوەڕت بەسەربەستی هەیە...؟).

(ئەمەیان سەربەستییەکی بۆگەنە...!).

(بەهەرحاڵ... تۆ ناتوانیت هەڵسوکەوتی ئەو خەڵکە بگۆڕیت...).

دواجار بەر لەوەی بڕوا و ژوورەکە بەجێ بێڵێ... ئاوڕێکی لێدامەوە و وتی:

(ئەمین... هەفتەیەکی تر دەڕۆین... ڤیزە و پلیتی فڕۆکەشمان بڕیوە... ئاگات لە خۆت بێ باشترە...).

هاوارم لێکرد بێتەوە و دابنیشێ، گەڕایەوە لام و لەسەر کورسییەکە دانیشتەوە، ئەمجارەیان قاپەکەی بەسەر دەمەوە ناو لێم پرسی:

(کاکە لێم زویر مەبە... ئەم گەڕەکە لەعنەتییەی ئێوە پیاو دەکوژێ...).

(خۆشترین گەڕەکە... خەڵکی خواخوایەتی مەترێکی لێرە دەست بکەوێ).

بە ناچاری وتم:

(وایە...) پاشان لێم پرسی:

(کەی دەڕۆن...؟).

(هەفتەیەکی تر...).

(ئەی من...؟).

(ئەی پێم نەوتیت باجی خەجێ دێ و هەموو شتێکت بۆ دابین دەکا...).

(جا ئەو لە من پیر و خەرۆتترە...).

(دیارە دەتەوێ کچێکی چواردە ساڵان خزمەتت بکا... ئەم پیرەژنێکی چاکە و هەموو شتێکیش دەزانێ، پاشان جێی متمانەی خۆمانە... جگە لەوەش چاوێکی لە سەگەکە دەبێ...).



(ئاخر پێی بڵێ فەرامۆشم نەکا...).

(خۆ هەوەنتە نییە... بەپارە دێ... چۆن فەرامۆشت دەکا...؟).

(چەندتان پێدەچێ...؟).

(مانگێک... کەمتر... زۆرتر... نازانم...).

(زۆرە... لەبەر من تۆزێ زوو وەرنەوە... ئەنوەر گیان ماوەیەکە هیلاکم... لەوە دەترسێم کتوپڕ ژانەدڵەکە لێم بدا و بمکوژێ...!).

(نا خوا نەکا... ترست نەبێ... هەمیشە تەلەفونت بۆ دەکەین و زووزووش کارتت بۆ دەنێرین...).

(چاوەڕێ دەبم...).

پاشان هەڵسا و خەندەیەکی برایانە نیشتە سەر لێوانی و بەخۆشەویستی و سۆز و بەزەییەوە سەیری کردم... کتوپڕ پێم وت:

(ئەنوەر گیان... واز لە مەسەلەی گوڵناز بێنە...).

(چۆن واز بێنم... ئاگات لێیە چ واتەواتێک لە ئارادایە...؟).

(واتەواتی چی...؟).

(بیستوومە و دەڵێن بەتەمایە شیرین بدا بەخدری زەڕنگەر... خۆ تۆ خدر دەناسیت و چاک دەزانیت چ ماڵێکە... ڕات چییە...؟).

لە دڵی خۆمدا لێکم دایەوە... دیارە... چەندەها چیرۆکی لەو بابەتەم خوێندبۆوە، پاڵەوانەکە کچە دەخوازێ تا لە خەسووی نزیک بێتەوە، یان دایکە مارە دەکا تا لە کچە نزیک بێتەوە... لە شەرم و ڕقانا ئارەقەم دەردا... لێم پرسی:

(ئەگەر شتی وا ببێ خۆ دەبێ من ئاگام لێبێ...).

(لەوانەیە... دوای ئەوەی کە هەموو شتێک دەبڕێننەوە پرسە گورگانێت پێبکەن...!).

(گەر وابێ... ئەوە دیارە ئەو ئافرەتە تەواو شوولی لێهەڵکێشاوە...).

لەناو دەرگاکە وەستا و بەتووڕەییەوە سەیری کردم و وتی:

(تۆ نەبوویتایە تا ئێستا وەک ئەم پێکە ویسکییە دەمخواردەوە...).

(ئەی کچەکان...؟).

(ئەوسا چاریان نەدەما و دەهاتنەوە لای خۆم...).

(لێبگەڕێ تا دێیتەوە... ئەوسا بزانین ئەم مەسەلەیە دەگا بەچی...؟).

(دەگا بەگەوادی... یانێ دەگا بەچی...؟).

دەرگاکەی لەسەرم داخست و ڕۆیشت... تەنیا مامەوە، زۆر تەنیا، خۆم و ژوورێک و چەند کتێبێک... دوای هەفتەیەک ڕۆیشتن، تەنیاتر بووم... خۆم و کۆشکێکی چۆڵ... بۆنی ئەشکەوتێکی ترسناکی لێدەهات، دە - دوانزە ژوور، جارجارە پوورە خەجێ سواری عارەبانەکەی دەکردم و بەژوورەکاندا دەگەڕام، مووبەق، ژووری میوان، ژووری نووستن... سیسەمی نەرمی دوو کەسی... کە دەچوومە ئەو ژوورە ئاخم هەڵدەکێشا و دوو دڵۆپ فرمێسک لە چاوانم دەتکان، لە ئاوێنە بازنەییەکەوە لە ڕووخساری خۆم ڕادەمام... لەوە دەچوو سەیری کابرایەکی نامۆ و نەناسیاو بکەم... بەسەر ڕوومەوە تۆزی مەرگ و غەریبیم بینی، ژووری میوان و کورسی و قەنەفەی مەخمەرپۆش، لەنێو گەڕەکێکی ئارام و هێمن، بێ خشپە و جووڵە، ئاخ لە دەست پیاوە بەتاڵەکان... گەڕەکی داهۆڵەکان، گەڕەکی ئەو ژنانەی گوڵناز لاسایی دەکردنەوە، دەچوومە لای باخچەکە و لە گوڵەکان ورد دەبوومەوە... گەمەم لەگەڵ سەگەکە دەکرد و حەزم دەکرد ئاشنام بێ... تەنیایی قورسە... پیاوی تەنیا دار، دیوار، بەرد، ئەستێرە، سەگ، پشیلە، خۆی دەدوێنێ، بیست ڕۆژ تێپەڕی و چەند جارێک چوومە سەر جادە و نێو کۆڵانەکان... بەخۆ و بەعارەبانەوە غل دەبوومەوە، سەیریان دەکردم... بەقێز و بێز و... جارجارەش بەبەزەییەوە... وام هەست دەکرد... کەس نەیدەناسیم، کەس سەلامی لێنەدەکردم، لەم ماوەیەدا ئەنوەر سێ جار تەلەفونی کرد... دەنگم هەڵدەبڕی:

(چاکم... چاکم... بەڵام تاوتاوە تەواو پەکم دەکەوێ...).

جارێکیان زۆر بەنەشئەوە باسی پاریس - ی کرد و وتی:

(ئەمین... چوومە شەقامی شانزە... شانز... شانزە...) بۆم تەواو کرد: (شانزلزێ...).

(دەم خۆش ئەمین... شانزلزێ... هەتیو ئەمین بورجی ئیڤل - یشم دی...).

بۆ نا...؟ پارە... پارە... پارەت هەبێ سەفەری مەریخیش دەکەی، ئەنوەر باوەڕی بەمیمی پاشگرە و منیش قینم لە میمی پاشگر و پێشگر و ناوەڕاستگریشە، منی تەنیا و ترۆکراو، ئەویش شانزلزێ و ئیڤل دەبینێ، هەقی خۆیەتی، باجی خەجێ جلەکانی بۆ دەشۆریم... جلی چی...؟ بیجامە و فانیلەکان، چێشتی خۆش و بەتامی لێدەنا، دەستاوەکەی... دەستاوی دایکمی بیر هێنامەوە... دایکە خۆزگە وا زوو نەدەمردی... خۆزگە ئەمینی کوڕت دەدی... هەر تۆ تاکە ئافرەتێک بوویت منت خۆش ویست، بیرت دەکەم...



دایکە، لەو ماوەیەدا چوار جار بۆ دایکم گریام... پوورە خەجێ دڵی دەدامەوە... دەتووت منداڵێکی چوار ساڵانەم و لە ڕۆژێکی قەڵەبالغی جەژندا لەجیاتی دەستی دایکم دەستی پیرەژنێکی ناشیرینم گرتووە... بەکوڵ دەگریام... من بزر بووبمە و دەگریم... بەدوای دایکمدا دەگەڕام، دوو جاریش هاتە خەونم... دەیووت:

(ئەمینۆکە... وەرە کن دایە... دونیا هیلاکی کردی... وەرە...) لەتاو تەنیایی و... بێ ئۆقرەیی خۆمدا بەشەو و ڕۆژێک ڕۆمانێکم دەخوێندەوە... زۆرم نووسی منداڵی، هەرزەیی، ئێستام... غوربەت و تەنیایی نێو گەڕەکی خواپێداوەکان... بەیانییەکیان لە خەو خەستام و تانەیەک... کتوپڕ تانەیەک نیشتبووە سەر چاوانم... دونیایەکی تاریک و لێڵ، ئاخر لەو ماوەیەدا هیچ کەسێک لەو گەڕەکە سەری لێنەدام... ئاخر هەموو سەرقاڵن، برادەرێکی ئەنوەری برام لێی نەپرسیم، بەتەنیا باجی خەجێ - م دەدی... تەنیا هەواڵدەر و پەیامنێر، ئەو پیرەژنە بێ دەم و پلە نەبووایە دەمردم... ڕۆژێکیان زۆر کتوپڕ دەنگی بڕا و نەهاتەوە، ئەو ڕۆژە بەخشەخش و لەسەر لەپ و دەم و دەست و سک خۆم گەیاندە مووبەق... ئەو ڕۆژە تا ئێوارە توانیم کاری خۆم مەیسەر بکەم، بۆ نەگبەتیش ڕەشەبای شێت و شوومیش تەلی تەلەفونەکەی پچڕاندبوو... سێ ڕۆژ بەر لە نەهاتنەوەکەی باجی خەجێ پێم وت: (باجی خەجێ... با زوو فریای تەلەفونەکە بکەوین... نەبا ئەنوەر تەلەفون بکا...!).

وتی: (ڕۆڵە... ئەمین... من ئەو دایەرەیە پێ نازانم...).

وتم: (باجی خەجێ... بپرسە... هەر نزیک سەرایە... تۆزێ سەرووتر...) ڕۆژی دووەمیش نەهاتەوە، تۆ بڵێی باجی خەجێ کتوپڕ مردبێ...؟ بۆ نابێ...؟ ڕۆژی سەدەها کەس کتوپڕ لە گەنج و لە پیر دەمرن... مردن لە گلێنەی چاو نزیکترە... ئەو ڕۆژەش توانیم کاری خۆم ئەنجام... بدەم...

ڕۆژی سێیەم تەواو لە پەلوپۆ کەوتم... ترسی مەرگ ژانەدڵەکەی لێ زیندوو کردمەوە... چاوەڕێ بووم باجی خەجێ بێتەوە... نەهاتەوە... هاوارم کرد... ژوورەکەم کەوتبووە بنەبانی کۆشکەکە... چەند جارێک بەدەنگێکی نووساوەوە هاوارم کرد، قیژاندم... کۆشکەکە دەنگی دەدایەوە:

(خەڵکینە فریام کەون... من لێرە بەتەنیا دەمرم... دەمرم... دەمرم... م... م... م... م... م...) دەنگی دەدایەوە... کۆشکەکە وەک ئەشکەوت بەپیتی (میم) دەنگی دەدایەوە... دەمرم... دەمرم... م... م... م... ئەو پیتەی من بەقەد هەموو دونیا ڕقم لێیەتی... نەمویرا

چیتر هاوار بکەم... جا لەنێو ئەو کۆشکانە... ئەو کۆشکانەی وەک قوتوو داخراون... لە پشت ئەو دیوارە ئەستوورانەوە کێ گوێی لە دەنگی مردوویەک دەبێ...؟! کەس بەدەنگمەوە نەهات... کەس نەهات بەهانامەوە... تا دەهات بەرچاو و بینابیم لێڵتر دەبوو، سەرم کاس و وڕ و تەپتر، دەستەکانم دەلەرزین، هەردوو قاچم دڵۆپێک خوێنیان تیا نەما، دەتووت دوو لاقی پلاستیکن، سارد و سڕ، بەزەحمەتەوە دەستم دەگیڕا... بەر کتێب و کاغەزەکان دەکەوت، چیتر دەستم قەڵەمی نەدەگرت، تا دەهات زەرد و لاوازتر دەبووم، هەناسەم سوارتر، دڵەکوتێ... بروسکەی ژانێک، لەنێو مێشکما زەنگێک زرنگەی دەهات، لە خوێنما، خوێنی کەم و بێ کەفما... تۆ بڵێی زەنگی دەرگا بێ... کێیە لە دەرگا دەدا...؟ لەوانەیە ئەو منداڵە باریکەلە بێ کە هەموو بەیانییان دێ و هاوار دەکا: (وردە نان... یەللا وردە نان...!) یان سواڵکەرێکە... یان... یان... هەفتەیەک لەمەوبەر کچە چکۆلانەکەم هات و وتی: (باوکە یان من یان بەفرین سەرت لێدەدەینەوە...) تۆ بڵێی یەکێ لە کچەکانم بێ...؟ نابێ... نابێ خۆیان بن... ئەوان بن چۆن ئۆقرە دەگرن...؟ دەرگا و پەنجەرەکانیش دەشکێنن... زەنگی چی...؟ بەتەواوی گوێم تەپ ببوو، لەوانەیە زەنگی سەعاتی ژووری میوانەکان بێ، لەوانەیە... ئیمڕۆ حەپەی سەگەکەش نابیستم، کێ هەیە نان و ئاوی بخاتە بەردەم...؟ باجی خەجێ فریامان کەوە... من و سەگەکە دەمرین، برسیەتی بڕستی لێبڕیم، لەم گەڕەکە تێرە و لە برسانا بمرم...؟! سەیرە... زۆرجار لەسەر پارچە کاغەزەکان لە برسیەتی دەدوام، لەنێو کتێبەکاندا برسیەتیم دەخوێندەوە... بەڵام ئێستا خۆم هەستی پێدەکەم... دەمار دەمار... ڕیشاڵ ڕیشاڵ... مووو... مووو... کوا با گوێ بگرم... نە ء... ئەم نووزەیە چییە...؟ خیزەی سنگی خۆمە یان نووزەی سەگەکەیە... ئەو سەگەی ئەنوەر بەقەد منداڵێکی خۆی خۆشی دەویست، ئەنوەر... زووکە وەرەوە... لەبەر خاتری من نا... لەبەر خاتری سەگەکەت، پاسەوانی کۆشک و باڵەخانەت، گرنگ نییە... با بشمرێ... سەگێکی دیکە دەکڕێ، دە لەبەر خاتری من وەرەوە... گرنگ نییە... لە برایەکی گەواد... دەیبوس ڕزگاری دەبێ، ئەم گەڕەکەش لە مرۆڤێکی زیاد ئازاد دەبێ، لە زەلامێک... نووسەرێک کە کەس لێرە ناینناسێ، چاوەڕێ بووم... هیچ نەما بیخۆم... لەسەر سک دەخشیم، بەسەر و سنگ تەکانم دەدا، ڕۆژی پێنجەم... تەواو پەکم کەوت، نەمتوانی لە ژوورەکە بچمە دەرێ، دەستێکم بەڕەفەی کتێبخانەکەوە گرت، ویستم خۆم بخەمە سەر پشت... نەمتوانی... ڕەفەکە بەدەستمەوە هات... کەوتمە ژێر دەیەها کتێب... گەر لەنێو ئەو گەڕەکەدا نەبووایە... چی لە مەرگی نێو کتێبان جوانترە...؟! هەر لەو ژوورە مامەوە، هێدی هێدی دەمردم،



هەستم بەوە دەکرد دەمارەکانم یەکە یەکە وا دەتوێنەوە، کتومت لەوە دەچوو بکەومە نێو باوەشی خەوێکی قووڵ، بەرچاوم تاریکتر داهات، ژوورەکە بوو بەتاریکستان، سەرەتا گوێم هەڵدەخست... هات و هاوارێکی زۆر دوور لە گوێما دەزرنگایەوە، هۆڕنی ئۆتۆمبێلێک، زریکەی منداڵێک، جریوەی چۆلەکەیەک، وەڕینی توولە سەگەکە، تۆ بڵێی سەگەکە مردبێ...؟ من یان ئەو پتر بەرگەی برسیەتی دەگرین...؟ تۆ بڵێی پوورە خەجێ مردبێ... یان هەر تەنیا نەخۆشە و... سەیرە لەپڕ دەرکەوێتەوە... بۆ نەهاتەوە...؟ تۆ بڵێی گوڵنانزیشیان کوشتبێ...؟ کێ دەزانێ...؟ کچەکانیش دەنگیان نییە... گەڕەکەکەش زۆر خامۆشە، مردووە، منیش بێدەنگ و تەنیا دەمرم، تەواو... ئاگام لە هەموو شتێک بڕا، نە ڕەنگ ما و نە دەنگ، گەڕەکە کۆنەکەی خۆمان بووایە تا ئێستا هەزار کەس لە دەرگای دەدا، نە ء... لە دەرگادانی ناوێ... دەرگاکان هەمیشە واڵا و لەسەرپشتن، منداڵە چەتوونەکان بەدوای کۆتر و کۆلارەیەکدا دوو سەد جار بەسەر دیوارەکاندا هەڵدەگەڕان، دەهاتنە سەربان و ناو حەوشەکە، لە پەنجەرەکانەوە سەیری ناو ژوورەکانیان دەکرد، پەنجەرەی چی...؟ دەلاقە و کون و کەلەبەری گەورە و فراوان وەک دەمی ئەشکەوت کراونەتەوە، لەو کون و کەلەبەرانەوە دەهاتنە ژوورێ منی مردوویان دەدی، بەدەم هاواری پاک و پڕ ترسیانەوە ژنان و پیاوان دەڕژانە نێو ژوورەکەم، پیاوان خوێن و ژنان شیری سپی و پاکی مەمکانیان دادەچۆڕاندە نێو دەمم... زیندوو دەبوومەوە... ئەمجارەیان دەمتوانی باس لە مەرگ و ژیان بکەم... دەکەوتمەوە نووسین... ئێرە ئەوێ نییە، لێرە کەس لە دەرگای کەس نادا، کەس لە کەس ناپرسێ، تەواو بۆ حەوتەمین ڕۆژ من مردم، چاوەڕێم کرد وەک مردوویەک بمشۆن... پاک و تەمیز بمشۆن، نە ء... لەم گەڕەکە کەس شک نابەی مردوو بشوا... کێ ئەو دەستە پاک و ناسکانەی خۆی بەمن پیس دەکا... ئەو دەست و پەنجانەی بۆنی پارە و شەهوەت و خیانەتیان لێدێ، حەزم نەدەکرد لەو ژوورەدا و بەتەنیا بمێنمەوە و بۆگەن بکەم، کرمەڕێز بم، مێروولە و مێش و مەگەز بەربێتە گیانم، نەدەکرا دۆستۆیڤسکی و کازانتزاکی و ئیتماتۆف و لۆرانس و هێمنگوای ژێر بۆن بکەون... نە دەکرا... چاوەڕێ بووم، لەو گەڕەکە پاکە، لەنێو کۆشک و باڵەخانەی بەرز و باڵێ... کەس نەیزانی من مردووم... هەستامەوە و کولخانی حەمامەکەم ئاگردا، بۆ دواجار پاک خۆم شۆری، چاوەڕێ بووم یەکێک بێ و سێ چوار مەتر خامی سپیم بۆ بکڕێ... نەبوو... دوو پارچە خامی تۆز لێنیشتووم لەسەر یەکێ لە قەنەفەکان هێنا و وەک هیندییەکان خۆم تێوەپێچا... سەرم دانەپۆشی، چاوەڕێ بووم وەک مردوویەک کە چوار کەس بیناسێ بمخەنە

ناو تەرمێک، لەم گەڕەکە ناسکە کەس تەرم ناخاتە سەر شان، لە ژووری مەرگەوە تا نێو گۆڕەکەی بەئوتمبێل دەیبەن، ڕۆژێکی تریش لەو کۆشکەدا مامەوە، دواجار لە چاوەڕوانی بێزار بووم، کەس دەنگی نەبوو... ڕەنگی نەبوو... خۆم تەرمی خۆمم خستە سەر شان و ڕووەو دەرگای دەرەوە ملم نا، تەرمەکەم گەیشتە نێو کۆڵان و کەس نەیدی، من کە زیندوو بووم کەس سەیری نەدەکردم، کەس نەیدەبینیم... ئێستا کە مردووم کێ دەمبینێ، یەکە یەکە لە دەرگای کۆشکەکانم دا... وتم: براینە... پیاوماقوڵینە... هۆ بەگزادە و خانەدانەکان من مردووم... خێرتان دەگا تا گۆڕستانەکە بمبەن، یەکە یەکە دەرگایان داخست، جنێویان پێدام... تفیان لێکردم... دەیانووت:

(تا ئێستا کەس نەیبیستووە مردوویەک لە دەرگای ماڵان بدا و بڵێ: وەرن بمنێژن... ئاخر زەمانە...) دواجار چارم نەما و خۆم لاشەی خۆمم هەڵگرت و بەدارەدار ڕووەو گۆڕستانەکە ملم نا، ماندوو بووم، ئارەقەی ڕەش و شینم کرد، خامە سپییەکەی بەرم ئاوی لێدەتکا، ئارەقەی ساردی مردوویەک، کەس منی نەبینی، من هەموو کەسم دەدی، جا کێ ڕۆحێکی تەنیا و بریندار دەبینێ... بۆ دواجار لە شەقام و درەخت و ئافرەتەکان و مناڵان و پیاوان ورد بوومەوە... سەرم هەڵبڕی بۆ شینایی ئاسمان و گریام... فڕندەکانی ئەو ئاسمانە... گرانە ئەو هەموو شتانە جێ بێڵێت... گرانە... ماسی ڕەنگاوڕەنگی سەدەها چیرۆک لەنێو دەریای چاوانم... لە حەوزی ڕۆحما نەدەمردن، هەر ئەو ڕۆژە سێ چوار کەسی دیکە مردبوون، کە گەیشتمە سەر گۆڕستانەکە خەڵکێکی زۆر ڕژابوونە ئەو ناوە، لەتەک کێلەکان... لەژێر سێبەری درەختەکاندا دانیشتبوون... مات و مەلوول وەستابوون، ئوتمبێلێکی بێ شوماریش ڕژابوونە دەوروبەری گۆڕستانەکە، خەڵکێکی بێدەنگ و خامۆش... خامۆشی بەر سێبەری ترسی مەرگ، سڕ و سەرسام، هەندێکیان بێ دەنگ دەگریان، هەندێکیان نەک هەر بەهات و هاوارەوە دەگریان... بەڵکو دەیانبۆڕاند، هەموو شتێکی نێو گۆڕستانەکە خەمی لێدەتکا... ترس و سام... دار ئەرخەوانەکان، کێلەکان، خۆڵ و دار و بەرد، قەفەزەکان... چەند گۆڕهەڵکەنێکیش لەگەڵ خاکەکە کەوتبوونە شەڕ... بێڵ و خاکەنازیان دەوەشاند، لەسەر گردەکەوە سەیری ئوتمبێلەکانم کرد... نەء... کابرایەکی گەورە... زۆر قەبە مردووە، چوومە نێو خەڵکەکە... پاڕامەوە... دەستم خستە سەر خاکەناس و بێڵی گۆڕهەڵکەنەکان... پاڕامەوە... بەهەموویانم وت: (من مردووم...) کەس پێی نەزانی، ئێوە گۆڕێکم بۆ هەڵکەنن... قۆرتێکی قووڵم بۆ لێبدەن... قووڵ بەقەد برینەکانم... کەس پێی نەزانی، هەر کەس لە خەمی خۆیدا بوو... لێرە و لەوێش سێ و چوار سەریان لە



بن گوێی یەکدی نابوو... باسی چی دەکەن...؟ لەنێو ئەو هەزارەها گۆڕەدا لە چ خەون و پیلان و پرۆژەیەک دەدوێن...؟ ئافرەت... پارە... یان میراتی زۆری کابرا...؟ جاران نییە... گۆڕهەڵکەنیش پارەی دەوێ... منیش جگە لە خامێکی سپی و عومرێکی ڕەش هیچ شک نابەم... کوڕینە... نەجیبزادەینە گۆڕێک... تەنیا گۆڕێک... کەسیان وەڵامیان نەدامەوە، تا درەنگی ئێوارە چاوەڕێ بووم... کەس لەوێ نەما... بەتەنیا هەر خۆم بەنینۆک، بەچنگ، بەدەست و دەم و ددان گۆڕێکم بۆ خۆم لێدا... هەر لەسەر گۆڕە کۆنەکەی پیرەدایک... گەیشتمە سەر ئێسک و پرۆسکی دایە... باسکم تێوە ئالێند... وەک سەردەمی منداڵی لە ئامێزی گرتم... (هاتی... ڕۆڵە... بەخێر بێی...!).

بە جووتە گریاین... من و دایە و گۆڕێکی قووڵ... بۆ دواجار بەر لەوەی ڕابکشێم و بچمەوە نێو منداڵدانی دایکم... بەنێو گۆڕەکاندا پیاسەم کرد... بێ عەرەبانە... ڕۆحێکی بریندار پێ و پلی بۆچییە...؟! گۆڕی زۆر کۆن و نوێ، لێرە و لەوێ، کێلی ساغ و کێلی شکاو، خەفەتێک دایگرتم، هەتا لێرەش...؟! لەنێو ئەم مردووانەش جیاوازی هەر هەیە، ئەوەتا خواپێداوەکان بەقدە نیوە کۆشکێک گەچ و چیمەنتۆ و مەڕمەڕیان لە گۆڕەکانیان خەرج کردووە... ئەوەتا سەدەها گۆڕی بەچەتر و پەنجەرە و دەرگا قەفەزی جوان، شیشی ئاسنین و ئەلەمنیۆم، دەیەها بەردی نایابی هەندەران، هەتا لێرەش... دوای مەرگیش... هەی بەلەعنەت بن... دیسانەوە خۆیانن... ئەوانەی باوەڕیان بەمیمە، ئیمڕۆ یەکێ لە خانەدانەکان سەدەها زەلام و ئوتمبێلی دوا مۆدیلی بەدواوە بوو، منیش هەر خۆم... بەتەنیا و بێ کەس... منی بێ میم... تەرمی خۆمم خستبووە سەر شان... سەدەها گۆڕیشم دی کە تەنیا تەپۆلکەیەک خۆڵ و بەردی بەسەر یەکدیدا کەڵەکەکراو بوون، دوو بەردی خوار و نارێکیش ببوون بەکێلی گۆڕەکان، دوو بەردی بێڕەنگ و ناشیرین... کە دەکرێ بخرێنە سەر کونی زێرابێک... یان بەردبەستی نێو ئاودەستێک... ئێوەن بەستەزمانەکان... ئەوانەی خاوەنی هیچ نەبوون، دواجار بەر لەوەی ڕابکشێم، لە خەفەتی سەدەها گرفت و گرێ و پرسیار... لە قەهری ئەو جیاوازییە... مناڵانە کەوتمە شکاندنی قەفەز و چەترەکان... کێلە ساغ و نایابەکان... بەردە ڕەنگین و مەڕمەڕییەکان، تا دەهات دونیا تاریکتر دادەهات، بەتەنیا خۆم پاشای نێو گۆڕستانەکە بووم، ئەو شەوە سەدەها چەتر و قەفەز و کێلی جوانم شکاند، وەک شێت، وەک گۆڕهەڵکەنە... وەک عفریتێک کەوتمە هەڵکەندنی گۆڕەکان... تا گەیشتمە سەر ئێسک و پرۆسکی مردووەکان، تا نیوەشەو توانیم جێگۆڕکێ بەمردووەکان بکەم... کێ دەزانێ...؟ مردووانی گۆڕە بێ کێلەکانم خستە نێو گۆڕە لە مەڕمەڕ

هەڵبەستراوەکان، بەخشەخش بردمنە لای گۆڕی ژێر چەتر و قەفەزدارەکان، مردووانی ژێر چەتر و قەفەزەکانیشم گواستەوە نێو گۆڕە پەڕپووت و بێ ناونیشانەکان، زۆر ماندوو بووم، قاقا پێدەکەنیم... گۆڕستانە خامۆشەکە دەنگی دەدایەوە، تۆ بڵێی بەیانی پێی بزانن...؟ دواجار پڕبەدەم جڕتێکم بۆ خۆم کێشا... بەخۆمم وت:

(کەرە... ئەم جێگۆڕکێیە بەمردووەکان مەکە... بڕۆ... گەر پیاویت... ئەم جێگۆڕکێیە بەزیندووەکان بکە...!) لەسەر گۆڕێک دانیشتم و تێر گریام... بەهەردوو چاو... ئێسقانە پواوەکانیشم فرمێسکیان لێدەتکا، دواجار بێزار بووم... ماندوو، بەر لەوەی بچمەوە نێو گۆڕەکەم و ڕابکشێم چەترێکم بەپێوە نەهێشت، وەک دێو شیشەکانم خوار دەکردەوە، مەڕمەڕێکی ساغم تیا نەهێشت، ویستم بچمە نێو گۆڕێکی چەتر بەسەر، هەرچەندی کردم بێزم نەهات، دواجار چوومەوە نێو ئەو گۆڕەی بەنینۆکەکانی خۆم هەڵمکەندبوو، من بەهێزی دێو و عفریتێک دەجوولێم...

(دایکە... هاتمەوە...).

(بەخێر بێیتەوە ڕۆڵە... ئەوە لە کوێ بووی...؟).

(قەفەزەکانم دەشکاند... دایکە...).

(ئا... گەورە نەبووی... هەر منداڵە لاسارەکەی جارانیت...!).

وەک جاری جاران چوومەوە باوەشی... کەوتمە نێو منداڵدانی... تەڕ و گەرم... بۆنی خوێنێکی پیرۆزی لێدەهات... حەزم کرد بسرەوم و ئارام بنووم... چاوم لێک نا... سەیرە... چاوم هەڵێنا... هەموویان زەق زەق سەیریان دەکردم... چاوانی پڕ لە میهر و سۆز و زیرەکی... بەدەم زەردەوە بەچواردەوری گۆڕەکەمدا هەڵقەیان بەست... ساتێ بێدەنگ بوون، دوایی دایانە پرمەی گریان... هەموویان هاتبوون... وتم:

(ئێوە چۆن زانیتان من مردووم...؟!).

وەڵامیان نەدایەوە... بۆم دەگریان... تکەی فرمێسکەکانیان دەڕژایە نێو گۆڕەکەم، لەبری بەرد و خۆڵ دەنێو فرمێسکی ئەواندا مەلەم دەکرد... هەر هەموویان هاتبوون: تۆلستۆی، دۆستۆیڤسکی، تورگینێف، بەلزاک، فلۆبێر، برۆست، کامۆ، لۆرانس، جۆیس، شۆلۆخۆف، هاردی، دیکنز، هێمنگوای، کازانتزاکی، چیخۆف... مۆپاسان... هەر هەموویان... گەلێ لەو زاتە گەورانەی لە سەردەم و زەمانێکی زوودا ژیاون... ئەوانەی منیش نەمدەناسین... گریان... بۆ من گریان، گۆڕەکەیان پڕ کرد لە ئەسرین... ئەسرینی پاک... وتم:



(خەجاڵەتم مەکەن... ئێوە بۆ هاتن... بۆ ئەو هەموو ئەرکەتان کێشا...؟).

وەڵامیان نەدایەوە... دواجار ئەوەندە گریان... کەوتمە نێو گۆمی فرمێسکی ئەو زاتە گەورانە... بوومەوە دەڵەمەیەکی پاک لەنێو منداڵدانی دایکمدا مەلەم دەکرد... لەنێو پەردەیەکی زۆر تەنک و گەرم و تەڕ، زۆر ئارام و ئاسوودە بووم، لەنێو ئەو گۆڕە بێ کێلەدا بۆ دواجار چاوم لێک نا، گۆڕێکی تەنیا و پیرۆزی پڕ لە فرمێسکی پاک... دوا مەنزڵگا... دوا ماڵم... دوا گۆڕم... نەء... دوا ماڵ... دوا گۆڕ... بڕووخێ میم... بڕووخێ... تۆ بڵێی ئەوان هاتبنەوە...؟ لەوانەیە... ڕەنگە وای بۆ بچن من هەڵاتووم... بێزاری... تەنیایی زۆری بۆ هێناوم و ڕامکردووە، کە تەرمەکەی خۆم خستە سەر شان و هاتمە دەرێ سەگەکەم نەدی... لەوانەیە لە برسانا هەڵەتە بووبێ... تۆ بڵێی بەدوامدا بگەڕێن... نازانن من مردم و کەسیش لەو گەڕەکە سەرقاڵە پێی نەزانی... ڕەنگە پۆلیسیش ئاگادار کەن، ئاخر نەبووە پیاوێکی زرت و زەلام لە شارێکدا ون ببێ... لە گەڕەکێکی وا تەقەت، ئەوان با بگەڕێن... تا ئەوان دەگەڕێن من گۆشت و ئێسقانم لەنێو فرمێسکی گۆڕەکەدا دەتوێتەوە... دەتوێتەوە... دەتوێتەوە... زەوی تینووش... تک تک من هەڵدەمژێ... لەگەڵ ئاوی کارێزەکان تێکەڵ دەبم... ئێوەمانان دەمخۆنەوە... بێ ئەوەی بەخۆتان بزانن گۆشت و ئێسقانی تواوەی من دەخۆنەوە... لەگەڵ خوێنی نێو دەمارەکانتان تێکەڵ دەبم... کەواتە من نەمردووم... لەنێو خوێنی ئێوەدا دەژیم... کە ئێوەش دەمرن و دەتوێنەوە... من دیسانەوە تێکەڵ بەئاوی کارێزەکانتان دەبمەوە...!!

گەلاڕێزانی - ١٩٨٦ - سلێمانی

# زەلکاو

ببووین بەدوو بەش... بەشێک مەلەی تیا دەکرد... بەشێکی دیکە کە ئێمە بووین مەلەمان تێدا نەدەکرد... ئەوانەی مەلەیان نەدەکرد گەلێ کەمتر بوون لەوانەی مەلەیان دەکرد، هەر ڕۆژە و زەلامێکی تر، هەرزەیەکی تر، منداڵێکی تر، چ بەدزی و چ بەئاشکرا، دەهات و وەک مراوی سەری دەخستە نێو ئەو زەلکاوە ڕەشە... ناویان نابوو (گۆمی میری)... نەک هەر منداڵ و هەرزە و دەستەپیاوانی گەڕەکی خۆمان و بەس... بگرە منداڵ و هەرزە و پیاوانی هەموو شار وەک ڕەوە قاز و مراوی هەڵپرووکاوی بەر گڕەی هاوین دەڕژانە ڕۆخانەی ئەو زەلکاوە... گەورەترین زەلکاوی شار... خەڵکێکی چڵکن و پڵکن خۆیان لەو چڵکاوە نقوم دەکرد... مامۆستا سەر ڕووتاوەکەی خۆمان پێی دەوتین: لە هەندەران مناڵان دەچنە نێو باخچە و چیمەن و سەوزەگیا و... لەنێو ڕووبار و جۆگەلە و کەنار دەریا شینەکان مەلە دەکەن، بەحەسرەتەوە دەیووت: مناڵان لەسەر درەختە چڕ و باڵابەرزەکان وەک بێچووە چۆلەکە دەجریوێنن، مناڵان هاوینان بارگە و هەگبە و جانتا چکۆلانەکانیان هەڵدەگرن و بەشەمەندەفەری زۆر درێژ بەم دونیایەدا سەفەر دەکەن... دەمانپرسی:

(بەتەنیا...؟)

دەیووت:

(نەخێر... لەگەڵ مامۆستاکانیان...!).

دەیووت:

مناڵان... لەوێندەرێ مناڵان چڵمن نین و قەتیش بەقۆڵی کراسەکانیان لووت ناسڕن... بێ دەستەسڕ ناچنە دەرێ... سەری یەکدی ناشکێنن... بەرد ناگرنە گڵۆپەکانی نێو کۆڵان و سەر شەقامەکان... ئێوە چیتانە ڕۆڵەکانم... بەقەهرەوە دەیووت: ئێوە بۆ بەگوێی من ناکەن... بۆ واز لەو زەلکاوە ناهێنن...؟ بەرخۆلەکانم (بەلهارزیا) نەخۆشییەکی کوشندەیە و با تووشی نەبن... ئێوە هێشتا ناسکن و با گەڕ نەبن...! نەک هەر ئێمەی هەرزە و منداڵ، نەک هەر ئێمەی زەرد و لاواز... بگرە کوڕە جحێڵ و دەستەپیاوەکانیش دەهاتن، نەک هەر لە کەلاوە و خانووە قوڕەکانەوە... نەک هەر لە گەڕەکی شارەوانی و... گەڕەکە هەرە پەڕپووتەکانی



شارەوە... بگرە لە گەڕەکە هەرە خۆشەکانیشەوە خەڵکی داباری، دەهاتن و وەک پۆلە مەلی تینوو بەسەر زەلکاوەکەوە دەنیشتنەوە، وای لێهات دەوروبەری زەلکاوەکە ببێ بەسەیرانگای ڕۆژانی چوار شەممە و هەینی... ژنان بەماڵ و منداڵەوە دەهاتن... بەزەرد و سوورەوە... بەڕایەخ و سەماوەر و پرێمز و مەنجەڵی کفتە و دۆڵمەوە بەهاران دادەڕژانە ئەو ناوە... بەبیانووی زیارەتی مەزاری پیرۆزی (ئەسحابە ڕووتە) لەمبەر و ئەوبەری جۆگەلە باریکەکە سەماوەریان ساز دەدا، پیرەژنەکان دەیانووت: جۆگەلە باریکە ڕۆحی ئەسحابە ڕووتەیە و دەڕژێتەوە ناو زەلکاوەکە... دەیانووت: لە هیچ مەترسن و مەلەی تیا بکەن... دەتووت ئاوی کەوسەرە و ژنان مەسینە و سەماوەر و قۆری و قاپ و جام و دۆلکە و چنگیان لێ پڕ دەکرد... وەلێ شەرمە و ناجیزەیە ژنان پیاوەکان بەڕووتی ببینن... ئەوەندە نەدەهاتنە پێش... لەسەر گۆڕەکەی ئەسحابە ڕووتەوە دەیانڕوانییە ئاپوورەی گوێ زەلکاوەکە... کچانیش چاویان دەڕشت و بۆنی سمڵ و مێخەکی بەرملیان لەگەڵ بۆنی ئەو زۆنگاوە تێکەڵ دەبوو، تاوێ بۆنی مێخەک و ئارەقی خۆشی ژنانە بۆنی زەلکاوەکەی دەشکاند، تاوێ زەلکاوەکە هەموو بۆنێکی خۆش و پیرۆزی ڕادەماڵی، وەلێ ئێمە و ئەوان... هەموومان بەو بۆنە کاس ببووین، دەوروبەری زەلکاوەکە ببووە کەنار و ڕۆخانەی دیجلە و فورات... نیل... دانووب و تایمز، ڕۆژانی هەینی و چوارشەممە ژنان چوار پێنج فەردە گوڵەبەڕۆژە و قەزوانیان دەقرتاند... ئەو ناوە دەبووە زبڵخانە... هەمووشی دەڕژایەوە ناو زەلکاوەکە، ئێمەش منداڵ و هەرزەی شار... گەنج و پیر... قوتابی و قەساب و سەوزەفرۆش و پینەدۆز و ناتری حەمام و فیتەر و بازرگان و چایەچی و چەخماچی و ئاسنگەر و پۆلیس و عارەبانچی و قاچاغچی و نانەوا و شوفێر و فەرمانبەر و بگرە وای لێهات مامۆستا و ئەو چەند ئەندازیار و دکتۆرەی لە شارۆچکەکەماندا هەبوون... ئەوانیش خۆیان بۆ نەگیرا و هاتن، هەندێک لەوانە خەڵکی شارەکەش نەبوون... من خۆم نەمدی... بۆیان گێڕامەوە و وتیان: زۆربەی ئەفەندییەکانی شار خۆیان ڕووت کردۆتەوە و لەو زەلکاوە مەلەیان کردووە، زۆربەشیان بۆ یەکەم جار و هەر دەنێو ئەو زەلکاوە فێری مەلە بوون... برادەرێکم، مچەی عەبەی قۆڵبڕ، وتی: (بە شەرەفی باوکم... بەشەرەفی دایکم هەموو ئەفەندییەکان ئێواران بەدزییەوە دێن و مەلەی تێدا دەکەن).

لێم پرسی: (بۆ...؟).

(ئاخر ئێواران چۆل دەبێ...!).

لێم پرسی: (ئەی مامۆستا کەچەڵەکەمان...؟).

وتی: (ئەمن درۆ ناکەم... ئەوم نەدیوە...!).

ڕاما و سەیرێکی کردم و بەتەوسەوە وتی:

(دیارە وەک تۆ ترسنۆکە و ناوێرێ مەلە بکا).

(نەء... مچە ئەو لە بەلهارزیا دەترسێ... پێی ناخۆشە خەڵکی لەو زەلکاوە مەلە بکەن...!).

بە تووڕەیی وتی:

(کەرە... بەلهارزیا چ حیزێکە...؟).

بە نەرمی و لەسەرخۆ... چونکە دەمزانی تووڕەتر بێ بەشەپازللەیەک بناگوێم ئاگر دەدا... پێم وت:

(بەلهارزیا حیز نییە... نەخۆشییە...).

(ئەوە لە قوتابخانە ئەو شتە قۆڕانە فێر دەبن...؟).

(مچە گەر ئەو مامۆستایەت دی پێم بڵێ...).

(بۆ...؟).

(هەروا...!).

(تۆش لەو ترسنۆکتری... تۆ و هاوڕێکانت جوولەکەن...) لەسەرخۆ و بەشەرم و ترسێکەوە وتم: (وا نییە مچە... مامۆستا سەر ڕووتاوەکە دەڵێ زۆربەی خەڵکی نەخۆش دەکەون... لەوانەشە زۆربەتان گەڕ بن...!).

(قسەی قۆڕ...).

(ئەوە نییە شەوان تا بەیانی خۆتان دەخورێنن...).

(هیچ نییە ڕۆڵە... مێش و مەگەزی هاوینە).

من و هاوڕێکانم لە دووری زەلکاوەکە دادەنیشتین، پاڵمان بەدیوارە داڕووخاوەکان دەدا و... لەو حەشاماتە نیوەڕووتە ورد دەبووینەوە، هەرکێ دەهات... بەپەلە جلەکانی بەری دادەکەند، بەتای دەرپێیەکەوە خۆی هەڵدەدایە نێو زەلکاوەکە، شڵپەی دەهات و بارستایی چوار بەژن ئاوی بەهەمموو لایەکدا فڕێ دەدا، جاری وا ئەوەندە قەڵەبالغ دەبوو زەلکاوەکە یەکێکی تری نەدەگرت، هەندێ جاریش دەبوو بەشەڕ و هەرا و فەرتەنە... ڕۆژی هەینییان



دوای مەستبوون دەبوو بەشەڕە چەقۆ، چەند کەسێک دەست و قاچی دەشکا... دەبووایە چەندانێکیش دەموچاو و... بەر و پشتیان بریندار بێ، ڕووتەکان پتر و زووتر بریندار دەبوون، دەبووایە بەپەلە شەڕکەران بگەیەننە خەستەخانە و تا ئەوێ خوێنیان لەبەر دەڕۆیشت، ناوبژیکەران نووکە چەقۆیان بەردەکەوت، کە دەبوو بەشەڕ ژنان شەرمیان دەشکا و دادەڕژانە سەر زەلکاوەکە تا بزانن ئاخۆ کوڕ و برا و مێرد و برازا و خوشکەزای ئەوانی تیایە، هەندێ جار ژنانیش بایی خۆیان لەو شەڕ و هەرایە بەشدار دەبوون، پیاوان ئاسوودە بوون ژنان بەنیوە ڕووت و بەگەڵ و گوونی پڕ بەدەرپێی زەردەوە دەیانبینن، لە زەلکاوەکەوە دەردەهاتن و لە ژنەکان نزیک دەبوونەوە... ئاوێکی لێڵ و قوڕاوی خەست لە دەرپێ بۆر و زەردەکانیان دەچۆڕایەوە... من دەمدی ژنان سەیری کوێ دەکەن... من دەمدی و تەریق دەبوومەوە، کچانی چاو پان و بێ شەرمیش جۆگەلە و قۆرتی نێوان هەردوو مەمکیان لێ ڕووت دەکرد... بۆنی سمڵ و حێڵ و مێخەک و قەنەفڵ... بۆنی هەناسە و ئارەقی ژنان... قۆرتی نێو مەمان... بەرمل و گەردنی سپی زەردباو... بسک لووس و قەفی کەزیان تا سەر سمت، بزە و خەندەی سەرلێو... چاوانی مەست... قەزوان تەقاندن و بەنازەوە بنێشت جووین، پاژنەی خڕ و لووس... نەختێ شەقار... شەڕ و خوێن و جوێن و جوانی، بگرەو بەردەی ناوبژیکەران... زریکەی زارۆڵەکان... قیژەی ژنان... شڵپ و هوڕی زەلکاو هەندێ گەنجی مڕ و مەست دەکرد... ئەم قیامەتەیان بەهەلێکی ڕەخساو دەزانی و خۆیان هەڵدەدایەوە نێو زەلکاوەکە، زەلکاوێکی لێڵ و پڕ لە بۆق و مارمێلکەی سەرئاوکەوتوو خۆیان نقوم دەکرد... بەتەنیا، لە چەند لایەکەوە، تۆپەڵە قژێکی ڕەش و دوو چاوی زەق و سوور سەرئاو دەکەوتن... دوو چاوی زۆر غەمگین و پڕ هەوەس و خوێنی ڕەشی شەهوەت... لەژێر ئەو قوڕاوە دەکەوتنە پێ مەلە... برسییانە چاویان لە کچە جحێڵ و ئەسپە ژنەکان دەبڕی... دەمیان پڕ دەبوو لە گوو بۆق و چنگیان پڕ لە شەهوەتی هەوەس، پەنجەی شایەتمانەیان لە بەنەخوێنی دەرپێ زەردەکانیان گیر دەکرد، کەس نەیدەدی... دەرپێیەکانیان تا سەر ئەژنۆ دادەکشان، لینجاوی زەلکاوەکەش... چڵک و پیسی خۆیان دەبوو بەسابوونێکی کەم کەفکردووی بەردەست... تەڕدەستانە... بێ شەرمانە... هەموو شتێ لە بەرچاوان لێڵ و تاریک... دوو چاوی زەق... زۆر زەق... هەناسەبڕکێ... هیلاکی... هەناسەبڕکێ... بۆنی مێخەک... جۆگەلەی نێو مەمان... بسکی ئاڵۆز... ئاسمانێکی شین... ئاسمانێکی زەرد... تاریک... زەلکاوێکی پڕ گێژەنە... چرکەیەک و هەناسە لەبەربڕان... چاو لە مۆلەق... ئاوێکی سارد و خوێنێکی گەرم و خاوبوونەوەیەک... بۆ چرکەیەک کەوتنە ژێر

ئاو... دوا هەناسەی قووڵ و هەڵمژینی گوو بۆقەکان... کپی زەلکاو... ترسی خنکان... ئارەقەیەکی گەرم... گەرم لەنێو خوێن... ئارەقە و هەناسە و لیک و لینجاوێکی شیرباو تێکەڵ بەو قوڕاوە دەبوو... کەس هیچی نەدی... دوای تۆزێ وەک نیمچە خنکاوێک یان قازێکی تێر و سەرمەستی نێو ئاو سەری خۆی بەڕاست و چەپدا ڕادەوەشاند... پرووشەی ئاو لە سەر و قژییەوە هەزار دانە مرواری بەر بریسکەی هەتاو بوون و دەتروسکانەوە، لەژێر خۆری هاوینی سووتاو دڵۆپە ئاوەکان وەک چاوی مار دەبریسکانەوە، دەڕژانەوە نێو زەلکاوەکە... دەمدی... چاوانیان سوور هەڵدەگەڕان... سوور وەک چاوی ئەو گامێشانەی بەکەڵ دەکەون... پاشان دەکەوتنە باسکەمەلە و پشتەمەلە و بۆقەمەلە و سەگەمەلە و ...... لەپڕ ژنێک هاواری دەکرد:

(عەیبە ژنینە... شەرم ناکەن ڕژاونەتە نێو پیاوەکان... ئەوە نابینن هەموو ڕووتن...!).

لەگەڵ ئەو هاوارە کچان و ژنان، هێدی هێدی... بەدڵگرانییەوە دەکشانەوە... دەگەڕانەوە سەر مەزارەکەی (ئەسحابە ڕووتە) و چاویشیان هەر لە دواوە بوو... وەک کەسانێک خۆشەویستێکیان بەگۆڕ سپاردبێ و هەر ئاوڕیان لە زەلکاوەکە دەدایەوە... دەهاتنەوە سەر مەزارەکە و لە خوا دەپاڕانەوە... هەریەکە و تلیشێکی لەو ئاڵا سەوزەی ئەسحابە ڕووتە دەکرد بەبازنەی مەچەکی... نیوە خنکاوەکانی نێو زەلکاوەکەش بەحەسرەتەوە چاویان دەبڕییە مەزارەکە و خەونیان بەجووتێک مەمکەوە دەدی... گەورە بەقەد کاڵەک... بەقەد شووتی...

ڕۆژێکیان مامۆستا کەچەڵەکە قورگی پڕ بوو لە گریان و وتی:

(ڕۆڵەکانم... ئێوە هەقتان لە باوک و برا و مام و خاڵ نەبێ... ئەوان خوا هۆشی بردوون و ئەم زەلکاوە بەحەوزی کەوسەر دەزانن... ئەو کرمەش گەرای لەم جۆرە زەلکاوانە دادەنێ... بەلهارزیاش نەخۆشییەکی پیسە و ئەوەی تووشی بێ وا بەئاسانی ڕزگاری نابێ...).

نەخێر... ئەو زەلکاوە بەهەشتی هەمووان بوو... فیتەرەکان هەر لەو زەلکاوە خۆیان لە ڕۆن و چڵک و چەوری پاک دەکردەوە، قەسابەکان لە خوێن، گەنجەکانیش هەر لەوێ دەستپەڕیان دەکرد و هەر لەوێش خۆیان بسمیل دەکرد، شۆفێرەکانیش هەر لەوێ ئوتمبێلە فریشقەکانیان دەشۆری، کاروانچی و کووڕەچییەکان لایان دەدا و کەر و باریان دەخست، گەرمای هاوینیش وەک قاز و مراوی ئەو خەڵکەی ڕادەپێچا... وای لێهات گامێشەوانەکانیش گامێشەکانیان دەنێو ئەو زەلکاوە مۆڵ دەن... تا بوو بەشەڕێکی



گەورە... نە سەرەتای هەبوو نە کۆتایی... دوو گامێشەوان و قەسابێکی تیا کوژران... سێ فیتەر و پۆلیسێک و نەوت فرۆشێک بریندار بوون، پۆلیسەکە لە مردن گەڕایەوە... بیستم خزم و خوێی گامێشەوانەکان خۆیان خۆش کردووە لە تۆڵەی ئەو دوو کەسە هەر لەسەر ئەو زەلکاوە ورگی چەند کەسێک هەڵبدڕن، وای لێهات لەبەر کەمی مەیخانە و لە خۆشی ئەو زەرد و سوورە و بۆنی ژنان ئارەق خۆرەکانیش هەر لەو دەوروبەرە بخۆنەوە... کە مەست دەبوون هێدی هێدی، بەلارەلار لە ژنەکان نزیک دەبوونەوە... سەرمەستی چاوبازی برۆیان هەڵدەتەکاند... پلاریان داوێشت... قژیان شانە دەکرد... گۆرانییان دەچڕی... هەوایی ماچیان هەڵدەدا... گەلێ جاریش مەست و مێبازەکان تێکبەردەبوون... دەبوو بەشەڕ و هەرا و زەنا و قیامەتێک سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسییەوە... ئەمجارەیان مەلەوانەکان بەخۆ و بەدەرپێی قوڕاوی دادەڕژانە نێو سەیرانگای ژنان... بۆنی حێڵ و مێخەک و چاو و دۆڵمە و کفتە و قبولّی و زەردە گیای وشکەوەبووی ئەو دەوروبەرە وای دەکرد ئەو گەنجە برسییانە لیک بکەن... ئەو جارە خۆم لەوێ نەبووم کە نوقڵ فرۆشەکەی تیا کوژرا... مچە وتی: هەمزە بەخەیاڵی کچێکەوە گرتی و خواردییەوە... گوایە قاپێکی فت کردووە... گرتوویەتی و وتوویەتی: تێی کەن... بەخۆشی ئەو چاوە شینانە... نزیک بۆتەوە... نزیکتر... گوایە وتوویەتی: خۆی ئەوەندە جوان بێ... دەبێ براکەی چۆن بێ...؟! گوایە برای کچەکە گوێی لێبووە... لێی هەڵگەڕاوەتەوە و بووە بەشەڕیان... وتوویەتی: تۆ بۆ خۆت دەخۆیتەوە یان بۆ گیانی خەڵکی...؟ کەس نەیزانیوە ئەو بەدمەستە دەبانچەی چواردە خۆری هەڵگرتووە... تووڕە بووە و بەدەستێکی لەرزۆکەوە تەقەی کردووە و دوو ژن و منداڵێکی بریندار کردووە... دوا تەقە سەر دڵی نوقڵ فرۆشێکی گرتووە... هەڵبەتە ژن و کچ و منداڵ کەوتوونەتە هاوار و زریکە و باوکەڕۆ، هەریەکە و بەلایەکدا غاری داوە، ژنان ڕایەخ و حەسیر و سەماوەر و مەنجەڵ و قاپ و چارۆگە و ڕەفتە و سۆل و پێڵاو و قۆری و پیاڵەیان جێهێشتووە، زارۆڵە وردیلەکان لە تەقە ترساون و لەگەڵ زریکەی ژنەکان کەوتوونەتە قاووقیژ و ژێر نەبوونەتەوە، چەند پۆلیسێک بەخۆ و بەدەبانچەی ڕووتەوە خۆیان گەیاندۆتە بەدمەستەکە و قۆڵبەستیان کردووە و هەر بەشەق ڕایانپێچاوە، حەشاماتەکە ترسیان ڕەویوەتەوە و نووکە شەقیان خێواندۆتە بەدمەستەکە... ئەویش تەنیا سپێنەی چاوانی وەدەر دەکەون و هەردوو ڕەشێنەی دەکەونە پشتی چاوانی... تاو نا تاویش ئاوڕی لەو حەشاماتە داوەتەوە و تفبارانی کردوون... تف و لیکەکەش بەسمێڵ و چەناگەیدا هاتۆتە خوار... لیکێکی خەست و لینج... کە ئەم دەڕوا... ژنانیش دێنەوە... پیاوان دەچنەوە

نێو زەلکاوەکە... زارۆڵەکانیش لە گریان ژێر دەبنەوە، شوێنەواری ئارەقە و فرمێسک بەڕوویانەوە، نەک هەر ئەوە... بگرە کەوباز و کۆترباز‌ەکانیش ئەو زەلکاوەیان کرد بەبازاڕی خۆیان... ئەوانەش کە حەز بەبولبول و کەروێشک کڕین و فرۆشتن دەکەن... جارێکیان خۆم دیم پیرەمێردێک مەیمونێک و ڕێوییەکی فرۆشت... ئەوەی مەلەشی نەکردایە هەر دەهات... وای لێهاتبوو شار چۆل بێ... نەتدەزانی ئاخۆ شار زەلکاوە... یان زەلکاو بۆتە شار... ئەوەی مەلەی لەو زەلکاوە پیسە نەکردایە پیس بوو... ببوو بەبارەگای هەتیوبازەکان... دەهاتن و لە لەش و لاری منداڵەکان ورد دەبوونەوە، بەپارە و قسەی لووس چەندەها منداڵیان ڕاو کرد... ڕام کرد... دەیانووت: وەرن فێری پشتەمەلە بن... هەندێکیان بوون بەمامۆستای مەلە و منداڵی قژکاڵ و چاو گەشیان فێری باسکەمەلە و بۆقەمەلە و سەگەمەلە دەکرد... نەوزادی سمەی جگەرە فرۆش خنکا... هەر لەو زەلکاوەدا خنکا... ئەو شەوە هەموو خەڵکی گەڕەک بۆی گەڕاین... بۆ بەیانییەکەی بەخنکاوی لەو زەلکاوە دەرمان هێنا... سک پڕ لە قوڕاو... دەم پڕ لە قوڕباقە... سەر و پرچیش غەرقی قەوزە... چاوە کاڵەکانیشی بێڕەنگ بوون، دوای خنکانەکەی بەسێ ڕۆژ مچە منی بردە دەرەوەی شار... منی برد... وتم: (بۆ کوێم دەبەی...؟) وتی: (وس بەسەگباب... وەرە و قسە مەکە...!) ڕۆیشتین... زۆر ترسام... توند دەستی گرتبووم، لە شار دوور کەوتینەوە... دوور و دوورتر... (ئاخر بۆ کوێ...؟)... وتی:

(ئەوەندە مەپرسە کەرباب...) گەیشتینە پشت دیوارە بەرز و سامناکەکانی قەسابخانەی گەورە... لەو نێوەڕۆیەدا چۆڵ و هۆڵ، سەگەکان وەڕین، نزیک کەوتنەوە، مچەیان ناسییەوە، دوور کەوتنەوە، لە وەڕین نەکەوتن و دوور کەوتنەوە، لەسەر کەللەسەری مانگایەک دانیشت... بەرامبەری دانیشتم... هەموو گیانی دەلەرزی... سەری لووتی ئارەقەی دەردا، چاوەکانی نەدەتروکاند... دەستی برد بۆ لوولاقی مەڕێک... یان ئەوەتا لوولاقی بزن بوو... لە خۆڵەکەی بەردەمی وەردا... بینیم دەستەکانی دەلەرزن... پێم وت:

(چیتە قەشمەر... بۆ وا سڕ بووی...؟).

قسەی نەکرد...

(بۆ منت هێناوەتە ئێرە...؟).

تۆزێ ڕاما و بەترسەوە وتی:

(هەستەوە و بزانە کەس دیار نییە...!)



هەر بەدانیشتنەوە سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆم کرد... جگە لە دیوارە بەرزەکانی قەسابخانە و سەدەها سەگ و دەشتێکی چۆڵ هیچم نەدی، لەپڕ هەستم کرد ماندوێتی ڕێگە و چاوەڕوانی خەریکە شێتم بکەن... بەتووڕەییەوە وتم:

(کەس دیار نییە... قسە بکە...).

ڕاڕایی و ترس و گومان لە دەنگیا تێکەڵ بوون و وتی:

(نەوزاد...!).

(نەوزادی چی...؟).

(خنکا...).

(ئێ دەزانم خنکا...).

(نە ء... خۆی نەخنکا).

(یانێ چی...؟).

چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو... یەخەی کراسەکەمی گرت و ڕایکێشامە بەردەمی... ئەوەندی لێی نزیک بوومەوە دەموچاوی بوو بەپەڵەیەکی گەورە... لێڵ... هەروەک بڵێی کەوتبێتە ژێر ئاو... پاشان بەچرپەوە وتی... چرپەیەکی خنکاو:

(گوێت بێنە... بڵێ بەسەری باوکم لای کەس قسە ناکەم...).

(بە سەری باوکم... بەسەری دایکم قسە ناکەم...).

لێوی ژێرەوەی بەر نەرمایی گوێم کەوت:

(بەم چاوانە دیم ئەحمەدە گن و تاژدین نەوزادیان خنکاند...).

لەو ساتەدا هەستم کرد من نەوزادم و دەخنکێم... تامی ناخۆشی قوڕاوەکە زایە ناو دەمم... بەترسەوە پرسیم:

(تۆ لەوێ بووی...؟).

(نە ء... دونیا تاریک بوو... بەم درەنگە پاییزە کێ مەلە دەکا...؟).

(ئەی لە کوێ بینیت...؟).

(لە پشت گردەکە خۆم شاردبۆوە... گوێم لە مڕەمڕیان بوو... هەڕەشەیان لە نەوزاد دەکرد... وابزانم دەمیان بەستبوو... یەکەمجار لەناو چێورمەکەی ئەسحابە ڕووتە بوون... زۆر مانەوە... پاشان تارمایی هەرسێکیانم بینی بەرەو گۆمەکە دەچوون... هەریەکە و قۆڵێکی

گرتبوو... لەژێر دەم بەستەکەوە جنێوی دەدا و خۆی ڕادەپسکاند... من دەزانم دڵە لەژێر دەم بەستەکەوە وتوویەتی: کۆنە حیزینە دەتانەوێ تۆڵەی خۆتان لە من بکەنەوە... دڵە... بەم دوو چاوانە دیم سەربەرەوخوار خستیانە گۆمەکەوە... هەریەکە و قاچێکی گرتبوو... دەقیقەیەکیش لنگەفرتێی کرد... لەو ئێوارە کپەدا شڵەقانی گۆمەکە تا بڵێی ترسناک بوو... نەموێرا خۆم ئاشکرا بکەم... دڵشاد... ئەو حیز باوکانە نەوزادیان خنکاند...!).

(ئاخر بۆ...؟).

(نەبا ئاشکرا بێ...!).

(چی ئاشکرا بێ...؟).

(تۆ زۆر کەری... ڕۆڵە لەوانەیە شتێکیان لێکردبێ... لە ناو مەزارەکەی ئەسحابە ڕووتە زۆربان پێچوو...).

(ئا... ڕاست دەکەی... تێگەیشتم...).

هەردوو بێدەنگ بووین... سەگەکانیش دەوەڕین... بەخەیاڵ چاوەکانی نەوزادم بینی... چاوە کاڵەکانی... پڕ لە خەم و حەسرەت و مەرگ... مچە دوور دەیڕوانی... پیشی دەخواردەوە... کتوپڕ دایە پرمەی گریان... فرمێسک سێ ڕیز بەسەر ڕوومەتیدا داباری، هەنسکی قووڵی دەدا و دەترسام سەری بەملەوە هەڵکەنێ، دەستم لە ملی کرد... منیش گریام... بەقەهرێکەوە و بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێ وتی:

(وا دەزانم من کوشتوومە... ترسنۆکم... ناوێرم بەکەس بڵێم... ئەو سەگبابانە بزانن دەمکوژن...).

بە قۆڵی کورتەکەی فرمێسکەکانی سڕی و وتی:

(دەزانم تۆ چەند ترسنۆکی بۆیە ئەم قسەیەم لا کردی...).

بە ترس و دوودڵییەوە وتم:

(مچە... هەق بوو خەڵکی بزانێ...).

(ئاخر تاژدین و ئەحمەدە گن منیش دەگێ... منیش دەکوژن...).

(ئەی چی بکەین...؟).

(جارێ نازانم...).

(بۆ خەبەری پۆلیس نەدەین...؟).



(جا تۆ بڵێ چەند ساڵێک گیران... خۆ دوایی هەر بەر دەبن...).

(چوزانن ئێمەین...؟).

(چۆن نازانن...؟ ئەی کێ دەکەن بەشایەت... جگە لە من کەسی دیکە نایزانێ...).

(ڕاست دەکەی... بەڵام تا ئەو زەلکاوە هەبێ زۆرانی دیکەش دەخنکێن... پێتان دەڵێم واز بێنن... پێم دەڵێن تۆ ترسنۆکی...).

(خۆ هەر ئێمە نین دڵە گیان...!).

(دەزانم... بەڵام هیچ نەبێ با من و تۆ و فەرهاد و شاهۆ و برادەرانی خۆمان مەلەی تێدا نەکەین.).

(تازە ناتوانم...!).

(گەر بتەوێ دەتوانیت... ئەوە نییە من نایکەم...).

(ئاخر ئێمە خوومان پێوە گرت...).

(وا نییە...).

(تۆ واز لەوە بێنە... بۆ مەسەلەکەی نەوزاد چی بکەین...؟).

(واز لە چی بێنم... گەر ئەو زەلکاوە نەبووایە... نەوزادیش نەدەخنکا...!).

(بەجۆرێکی تر دەیانکوشت...!).

(وایە... بەڵام ڕۆژ نییە نەبێ بەشەڕ و فەرتەنە... ئەگەر هەموو شتان گەڕ نەبوون چ دەڵێی بڵێ...).

(دڵشاد... بەینی خۆمان بێ... کاوەی برام بەتەواوی گەڕ بووە...).

(بەخوا کەری... سوێندت بۆ دەخۆم نیوەی شارەکە گەڕ بووە...).

(ئەی کەواتە بۆ خەڵکی وازی لێناهێنن...؟).

(گوایە دەڵێن پیسی بەپیسی دەڕوا...).

(جا تۆ مەکتەبلی... ئەو قسەیە ڕاستە...؟).

(نە ء...).

(دڵە...؟).

(ها...).

(نهێنییەکەی نەوزاد بەکەس نەڵێی...).

(مەترسە...).

(بە مامۆستا کەچەڵەکەش نەڵێی...).

(ئەو زۆر عاقڵە... گەر بزانێ چارەیەکمان بۆ دەدۆزێتەوە...).

(تووخوا پێی مەڵێ... کەی خۆم وتم ئەوسا...).

(باشە مچە کە نەوزادیان خنکاند تۆ نەترسایت...؟).

(چۆن نەترسام...؟ هەموو شەوێ دێتەوە خەونم... ئەو ئێوارەیە نانیشم پێ نەخورا... لەرزم لێهات و دایکم دوو لێفەی پێدادام و کەچی دانەچۆقەم پێکەوتبوو... سوێندم خواردووە گەورەتر بم ئەو دوو نامەردە هەر دەکوژم...).

(جا خۆ هەر ئەاون نین... جەماعەتێکی زۆرن...).

(دەزانم... زۆربەشیان دێنە سەر زەلکاوەکە و... باشە دڵە خۆ منیش مەلەی تێدا دەکەم... بۆ وەک کاوەی برام گەڕ نەبوویمە...؟).

(پەلەت چییە... ئیمڕۆ سبەی هەر گەڕ دەبیت...).

(دڵە... ئەو مامۆستایە قسەی زۆر جوانی فێر کردووی... بۆ جارێکیان لەگەڵ خۆتدا نامبەی... بەدزییەوە... ها...؟).

(جا بۆ بەدزییەوە...؟ ئەو حەز دەکا هەموو کەس گوێی لێبگرێ... پێی دەڵێم: مامۆستا ئەم کوڕە برادەرمە...).

(بە ڕاست...؟).

(ئەی چی...؟ دایناوە ڕۆژێک بێتە سەر زەلکاوەکە و بزانێ کێ لە قوتابییان مەلەی تێدا دەکا...).

(دوایی دارکاریان ناکا...؟).

(نەء... باوەڕ ناکەم... ئەم دار بەکار ناهێنێ... لەوانەیە قسەیان بۆ بکا...).

(خۆزگە دەهات... هەموو جارێ دایکم پێم دەڵێ: دەستکورتی نەبووایە وەکو کوڕی خەڵکی دەتخوێند و دەبووی بەمەعاشخۆر...!).

(بەڵام هەموو جارێ مامۆستا کە بەئێمە دەڵێ: ئێوە تەنیا بۆ ئەوە ناخوێنن تا ببنە مەعاشخۆر...).

(ئەی بۆچی...؟).



(دەڵێ: ئێوە دەخوێنن تا تێبگەن...).

(لە چی تێبگەن...؟).

(لە دونیا...!).

(جا دونیا تێگەیشتنی بۆچییە... سەگباب...؟).

(بەخوا کەری ماڵ کاول... ئەوە نییە من پێت دەڵێم ئەو زەلکاوە پیسە و با نەخۆش نەکەویت... کەچی ماکەری وەک تۆ تێم ناگا...).

(تۆ غەشیمی... مەلەت نەکردووە تا بزانی چەند خۆشە...!).

(خۆشە... دەزانم خۆشە... بەڵام لە ناو ئاوێکی پاک... حەوزێک... ڕووبارێک).

(دەزانی عوسە و خدر دایانناوە بەزۆری بتانخەنە ناو زەلکاوەکە...).

(ناتوانن...!).

(چۆن ناتوانن...؟ جەماعەتیان هەیە و هەمووشیان ئازان...).

(ئەی بێ غیرەت تۆ لەسەرمان ناکەیتەوە... ئەی بەچی برادەرمی...؟).

(با... ئەوان دەزانن ئێوە قەت مەلەی تێدا ناکەن... بەڵام دەیانەوێ بکەونە ناوی و تەڕ ببن...).

(چۆنت زانی...؟).

(با ئەو ڕۆژە تەگبیریان دەکرد... عوسە دەیووت: لە پشتەوەڕا پاڵیان پێوە نێن...).

(ناتوانن... جەماعەتی خۆمان بەوەی زانیوە... قەت ئەوەندە نزیک نەبووینەتەوە پروشکێکمان بەر بکەوێ...).

(دڵە... من تۆم خۆش دەوێ و برادەرمی... ئەگینا بەزۆر مەلەم بەتۆ و بەبرادەرەکانیشت دەکرد...).

(ناتوانی...).

(چۆن ناتوانم سەگباب... ها... کێ لەو گەڕەکەی خۆمان بەقەد من ئازایە...؟).

(باشە تۆ بەعوسە و خدە دەوێری... ها...؟).

(عوسە و خدەش ئازان... بەڵام لەگەڵ من نەء... بەمن ناوێرن...!).

(ئاخر جەماعەتی ئەوان زۆرترە...).

(ئەمنیش جەماعەتم زۆرە... قسە بکەن خوشکیان دەگێم... بیبرتە پار لە زۆرانێ چۆن عوسە – م لە عاردی دا... ها...؟).
(ئا... بیرمە...!).
(ئاخر چووزانم... نەڵێی بەتۆ دەوێرن...).
(ئاخر تۆش پشتت بەکاوەی برات ئەستوورە... ئەو لە تۆش ئازاترە...).
(ئێمە هەردووکمان ئازاین...).
تۆزێ بێدەنگ بووین... سەگەکان لە وەڕین نەکەوتبوون... لەو کپی و خامۆشییە ترسام... لێم پرسی:
(نەچینەوە...؟!)
وەڵامی نەدامەوە... ڕاما و کتوپڕ وتی:
(دڵە... بەلهارزیا چۆنە...؟).
بە دوودڵییەوە سەیرم کرد و وتم:
(بەلهارزیا نەخۆشییە... یەکێ لە نیشانەکانی ئەوەیە لەگەڵ میز خوێن دادەنیشیت...).
(وا مەڵێ هەتیو...!).
(بۆ چی بووە...؟).
چاوەکانی زەق بوونەوە... تەمی ترسێک چاوەکانی ڕشت... هەستایەوە سەرپێ، لوولاقەکەی فڕێ دا کە تا ئەو حەڵە لە خۆڵەکەی وەردەدا و بەحەسرەتێکەوە وتی:
(هەفتەیەکە میزەکەم سوورە... هەر دەڵێی خوێنە...!).
(ئەی بۆ قسە ناکەی...؟).
(قسەی چی بکەم...؟).
(دەڵێ قسەی چی بکەم... سەگباب تۆ بەلهارزیاتە...).
(وا مەڵێ...).
(ماکەر یەکێک لە نیشانەکانی بەلهارزیا میزی خوێناوییە...).
(چۆن دەزانی...؟).
(مامۆستا وتی...).



(ئەی چار چییە... دڵە...؟).
(مچە هەتا زووە با فریا کەوین...).
ترسا و ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد... پاشان بەدوودڵییەوە وتی:
(تۆ بڵێی چاک ببمەوە...؟).
(گرنگ ئەوەیە چیتر لەو زەلکاوە مەلە نەکەی...).
(بۆ خەراپە...؟).
(ئا...).
(جا خۆ من تازە تووش بووم... مەلە بکەم یا نەیکەم...).
(وا نییە بەرازباب... با پتر لێت پیس نەکا...).
(دڵە گیان... بەکەس نەڵێی مچە تووشی مەلهارزیا بووە...).
(بەلهارزیا... نەک مەلهارزیا...).
(باشە... ئێستا چی بکەین دڵە...؟).
(هەتا زووە با بچینە خەستەخانە...).
(ئاخر ڕقم لە دەرزییە...).
(کەرباب کێ دەڵێ دەرزیت لێدەدەن...؟ لەوانەیە بەحەب و دەرمان چاک بیتەوە...!).
(چاک دەبمەوە...؟).
(ئا... بەمەرجێ واز لەو زەلکاوە بێنیت...!).
(دڵە باسی نەوزاد و مەلهارزیاکەی من نەکەی... لای کەس... ئەگەر عوسە و خدەش ڕێیان پێگرتیت خوشکیان دەگێم...).
(بۆ بەتەمان ڕێم لێبگرن...؟).
(ئا... حەزم نەکرد بتترسێنم...).
(لەمەودوا بەتەنیا ناگەڕێم...).
(ئاخر ئێوە بەجەماعەتی عوسە ناوێرن...).
(بە مامۆستا دەڵێم... پێی دەڵێم لە ڕقی ئەوەی لە زەلکاوەکە مەلە ناکەین دایانناوە ڕێمان پێبگرن...).

(مامۆستا هیچی پێناکرێ... ئەو ڕۆژە عوسە سەرپان دەیووت بەم قۆچەقانییە سەرە کەچەڵەکەی دەشکێنم...).

(خەبەری پۆلیس دەدەین...).

(ترحێو... بەخوا کەری... باوکی عوسە سەرپان و خدە خۆیان پۆلیسن...!).

(باشە خۆ تۆ و جەماعەتەکەت لەسەرمان دەکەنەوە...؟).

(ئا...).

(قسەی مەردانە...!).

(قسەی مەردانە... بەمەرجێ مەسەلەی نەوزاد بەکەس نەڵێی...).

(مچە... عەیبە... ئێمە برادەرین...!).

(نەچینەوە...؟).

کەمێ دامام و حەزم دەکرد ئەو نهێنییە گەورەیەی نێو دڵم بەیەکێک بڵێم... دەشمزانی لەبەر نهێنییەکەی خنکانی نەوزاد لەوانەیە مچە یارمەتیم بدا... دیسانەوە ڕایتەکاندم و هاواری کرد:

(هێی سەگباب... نەچینەوە...).

سەیری چاوانیم کرد و وەڵامم نەدایەوە... پێی وتم:

(چیتە...؟ هیچ هەیە...؟!).

بە ترس و دوودڵییەوە وتم:

(مچە گەر منیش نهێنییەکی گەورەت لا بدرکێنم بەکەسی ناڵێی...؟).

پەرۆشانە وتی: (لە مەسەلەکەی نەوزاد گەورەترە...؟).

(ئا...).

وەک بڵێی زۆر حەز بکا ئەو نهێنییە بدرکێنم تا پاک لە پاک دەرچین... ئەگەر من هی ئەوم درکاند... ئەویش هی من بدرکێنێ... زۆر بەتاسووقەوە دەستی خستە سەر شانم و وتی:

(بە شەرەفی باوکم کەس لە من نایبستێ... باشە...!).

(قسەی پیاو...؟).

بە نەرمە تووڕەبوونێکەوە ڕووی لێوەرگێڕام و وتی:



(مەیلێ... هەستە با بڕۆینەوە...).

(تووڕە مەبە... دەیلێم... بەڵام گەر بزانرێ هەموومان تیا دەچین...).

(ئاخر دە با بزانم چییە؟).

(بەتەماین شەوێک لەم شەوانە بەدزییەوە بچینە سەر زەلکاوەکە بیتەقێنین...).

(ئێوە کێن...؟).

(من و فەرهاد و شاهۆ و... برادەرانی خۆمان هەموو...).

(بە چی؟).

(چۆن بەچی...! چ زۆرە پێمەڕە و خاکەناس و قولنگ زۆرە...).

(سەگباب شێت بووی... ئەو گۆمە بەچی دەتەقێ...؟).

(تۆ ئاگات لە چییە... چەندەها شەوە خەریکین...).

(خەریکی چین...؟).

(لە بەرایی و بەبەری ڕۆژئاوادا چاکمان هەڵکۆڵیوە...).

(ئێ خۆ بتەقێ گەڕەکێک کاول دەکا...).

(نەء... مەترسە... وتم بەبەری ڕۆژئاوادا هەڵمان دڕیوە... وامان کردووە ئاوەکە بڕژێتەوە ناو بەستەکە و زەرەری نەبێ...).

(بە شەرەفی باوکم بیتەقێنن خۆشتان ڕادەماڵێ...).

(تۆ بۆ ئەوەندە کەری... خۆ یەکسەری نایتەقێنین... دوا شەو کە بڕیارمان دا جۆگەلەیەکی بۆ خۆش دەکەین تا بەیانی بەتەواوی دەنیشێ...).

(ئەوە تۆ ئاگات لە خۆتە...؟ ئەم وڕێنەیە چییە...؟).

(خۆ ئەوە قسەی خۆم نییە...).

(ئەی هی دایکتە...؟).

(ماکەر ناوی دایکم مەهێنە... دەمت خوار دەبێ...!).

(ئەی پێم ناڵێی کێ ئەم قسە حەلەق و مەلەقانەی فێر کردی...؟).

(هەتیو... مامۆستا پیلانەکەی بۆ داناوین... خۆیشی سوورە لەسەر ئەم زەلکاو تەقاندنە...).

(مەگەر هێلکەی گونم بتەقێنن...).

(جا تۆ ئەوەندە کەری هەموو شتێ دەکەی بەفشە...).

(ئاخر ناچێتە عەقڵم...).

(دەیبینی... سوێندشی خواردووە لەبەر هیچ نەیتەقێنێ... لە خەفەتی نەوزاد و خانزاد و ئەو شەڕەسەگە هەر دەیتەقێنێ...).

(ئای خانزاد... توخوا بیرم مەهێنەوە...).

(تۆ دەزانی ئەویش هەر باوک و براکانی خۆی خنکاندیان...؟).

(چۆن... تۆ چوزانی...؟).

(با... ژنێکی دراوسێیان بەدایکمی وتووە...).

(چەند جوان بوو... جارێکیان لەسەر گۆڕەکەی ئەسحابە ڕووتە دەستیم گوشی... گوناه بوو خنکا...).

(تۆ حەرامزادەی... هەر خەریکی کچانی...).

(ئاخر خۆشە... ئەو ژنە نەیووت: بۆ کوشتیان...؟).

(نازانم... گوایە لەسەر مەسەلەی شەرەف...).

(شەرەفی چی...؟).

(گوایە لە ماڵی کەریم خان... لەوێ کارەکەر بوو...).

(ئێ دەزانم کارەکەر بوو...).

(گوایە کوڕەکەی کەریم خان پڕی داوەتێ و خەراپی کردووە...).

(توو شەرەف...؟).

(بە شەرەفم...).

(ئێ باشە برا نامەردەکانی لەجیاتی ئەوەی کوڕەکەی کەریم خان بکوژن... چوون خوشکی خۆیان کوشت...؟!).

(جا لە کوێ بەوان دەوێرن...).

(نامەردن... هەقە بگیرێن...).

(مامۆستا دەڵێ: ئەو زەلکاوە نەتەقێ سەدەها کەسی دیکەش دەخنکێ...!).



(کەی دەیتەقێنن...؟).

(با تۆزێکی دیکەش هەڵیدڕین...).

(ئێستاش هەر خەریکن...؟).

(نە ء... چەند شەوێکە دەستمان لێهەڵگرتووە... مامۆستا دەڵێ: مانگەشەوە... با ئاشکرا نەبین...).

(دڵە... بۆ نەیەم لەگەڵتان...؟).

(حەز دەکەم... بەڵام دەبێ پێشتر لەگەڵ مامۆستا قسە بکەم... بەهەموو کەسێک ڕازی نییە...).

(هەتیو ئاگاتان لە خۆتان بێ... جەماعەتی عوسە بزانن دەتانکوژن...).

(با ئێمە بیتەقێنین... ئەوسا چی دەبێ با ببێ...!).

(درەنگە نەڕۆینەوە...؟).

(با... بەڵام مچە ئەم نهێنییە بەکەس نەڵێی...).

(تۆش ئەوەی نەوزاد...!).

(عەیبە... من و تۆ برادەرین...).

چەند جارێک ویستم نهێنی خنکانی نەوزاد بەمامۆستا بڵێم... نەموێرا... تا دەهات زەرد و لاوازتر دەبووم، هەموو شەوێ نەوزاد دەهاتە خەونم... هەمیشە لەژێر ئاوەوە ڕووی خۆی نیشان دەدام... نەک ئاوی زەلکاو... بەڵکو ئاوی شینی یەکێ لە حەوزە مەڕمەڕییەکان... لەژێر ئاوەوە دەیدواندم... (دڵە... منیان خنکاند... هەقم بستێنە...) منیش دەگریام و دەمووت: (نەوزاد تۆ مردوویت... چۆن قسەم لەگەڵدا دەکەی...؟) پاشان وەئاگا دەهاتم و ئارەقەیەکی گەرمم دەکرد و تا بەیانی خەوم دەزڕا... مامۆستا کەچەڵەکەش سمێڵی خۆی دەکرۆشت و پێی دەوتین:

(ڕۆڵەکانم... نەکەن مەلەی تیا بکەن...).

لێمان پرسی: (کەی دەچیت... کەی قسەیان بۆ دەکەی...؟).

(بەم زووانە...!).

چەندەها جار کاغەزی بۆ گەورەپیاوان نووسی... هاواری کرد... پاڕایەوە:

(وەرن و چارەیەک لەم زەلکاوە بکەن... خەڵکی هەموو گەڕ بوون...!).

کەس بەدەنگییەوە نەهات... تا دەهات پان و بەرین و قوولتر دەبوو... لافاو و باراناوی زستانان دەڕژایەوە ناوی... هەرچی گەندوگووی شار هەبوو تێی دەکردەوە... هەموو جۆگەلە و چڵپاو و قوڕاوی نێو کۆلانەکان... چڵپاوی سەدەها کۆڵان تێکی دەکردەوە... وەک عەزیایەکی ڕەش، بەپێچ و لوول، دەهات... دەهات... تا لە سەرووی جۆگەلە باریکەکەی ئەسحابە ڕووتەوە سەری خۆی دەئاخنییە نێو زەلکاوەکە... سەرێکی بزر و کلکێکی لە بن نەهاتوو، ببووە هێلانەی مار و مێروو... مەنزڵگای مەزنی هەزارەها بۆق... زۆرجاریش دەمدی منالان دەمی خۆیان لەو قوڕاوە پڕ دەکرد... پیاوە هۆشمەندەکان... باوک و براکان... خاڵ و مام... هەردوو گوێیان دەئاوسا... لە دەمیانەوە فوارە و تاڤگەی ئاو بەرز دەبۆوە، تاوتاویش مەلەوانە هەرە چەتوون و چەپەڵەکان لە دواوەڕا پاڵیان بەو کەسانەوە دەنا کە هێشتا بەجلەوە لەسەر ڕۆخانەی زەلکاوەکە وەستا بوون، گوو بۆق و قوڕباقە و قەوزە و گەرا و هێلکەی مار و مێرووی بەچاو نەبینراو بەجلەکانییانەوە دەنووسا، چار نەدەما... دەبووایە خۆ ڕووت بکەنەوە... جلەکانیان لەبەر ئەو خۆرەتاوە هەڵبخەن تا وشک ببنەوە... ناچار خۆیان هەڵدەدایە نێو زەلکاوەکە و دەکەوتنەوە سەرگەرمی سەگەمەلە... قوڕاوێکی لێڵ و پیس سەر و قژی تەڕ دەکردن... هەروەک مامۆستا دەیفەرموو:

(میکرۆبێکی زۆر دەچێتە ژێر پێستیان... کونی لووت و چاو و گوێچکەیان...).

وتیان: شارەوانی بەتەمایە مەلەوانگایەک بکاتەوە... چاوەڕێ بووین... چاوەڕێ...

چەند کەسێکیان نارد نەهێڵن ئەو خەڵکە مەلەی تێدا بکا... کەچی هەر لە دوورەوە... وەک بڵێی سیحریان لێکرابێ... خۆیان ڕووت کردەوە... تەبای خەڵکەکە کەوتنە باسکەمەلە و بۆقەمەلە و سەگەمەلە... چ زەلکاوێکی سیحراوییە... کەس گوێی لە کەس نەدەگرت... ڕەشە خەڵکەکە دەیووت: سیحری ڕەشی چی... ئەم سیحرە سیحری ڕۆحی سپی ئەسحابە ڕووتەیە...!

عوسە سەرپان و خدە هاتنە سەر ڕێم، عوسە بەتەنیا لە بەردەمم قوت بۆوە، چاوی لێ سوور کردمەوە، ئاوڕێکم دایەوە... لە قوتابخانە دوور کەوتبوومەوە، لە دوورەوەش خانووە بۆرەکانی گەڕەک مات و خامۆش دیار بوون... بەلام زرنگە و زایەڵەی زەنگێکی پڕ لە ئاژاوە لە گوێما دەزرنگایەوە، لەو دوورەوە... لە گەڕەکێکی چۆڵکراو دەچوو، تەنیا ئەو ڕۆژە تەنیا بووم... هەر بەرێکەوت... دیارە دەیانزانی... من لە ناخەوە لە شەڕ دەترسام... لە عوسە... لە خدە... لە لەشکرە نەبەزیوەکەی... عوسە زیاتر هاتە پێش... بەدەنگێکی گڕەوە...



وەک کوڕە ئازای نێو فلیمەکان باڵەکانی فش کردەوە... دەمزانی لاسایی (بێرت لانگستەر) دەکاتەوە... بەدەستی ڕاستە یەخەی چڵکنی کراسەکەمی گرت و ڕایتەکاندم... قۆپچەیەکی پچڕاند... ویستم خۆم گێل بکەم و بەدوای قۆپچەکەدا بگەڕێم... وەک ئەوەی تاکە گرفتێکی من لەم دونیایەدا ئەو قۆپچەیە بێ... نەیهێشت خۆ نەوی کەم... ئەمجارەیان ڕایهەژاندم... منێکی باریک و بنێس دەتووت شەقشەقەم بەدەستییەوە... بەدوو چاوی هەڵۆئاسا سەیری ناوچاوانی کردم... زاتی ئەوەم کرد چاو شۆڕ نەکەم... باوکم هەموو جارێ لێی دەدام و دەیووت:

(زلحیز... کە سەیری ناوچاوت دەکەم... سەر شۆڕ مەکە...!).

سەرم شۆڕ نەکرد... زیاتر باڵەکانی فش کردەوە و وتی:

(ڕاستە... تۆ و مامۆستا حیزەکەت دەتانەوێ خەڵکی لە گۆمی میری مەلە نەکا...؟).

بە ترسێکەوە وتم:

(هەر کەس کەیفی خۆیەتی... من قەت بەتۆم گوتووە مەلەی تیا مەکە...؟!).

(جا قۆندەرەی وەک تۆ دەوێرێ گووی وا بخوا...؟).

(قسەی جوان بکە...).

(ئەی ئەگەر نەیکەم...؟).

لە چاوتروکانێکا خدر لێم هاتە پێش... عوسە دەستی کرد بەبەربەست و نەیهێشت لێم نزیک بێتەوە... هەرزە و منداڵەکانی دیکەش بەشێوەی نیوە بازنە دەوریان دابووم... مۆڕەیان لێدەکردم... وەک لەشکرێک چاوەڕێی ئیشارەتێکی پێشەوا بێ... چاوەڕێ بوون... هەناسەسوار و تووڕە... دارلاستیک و قۆچەقانی و حەیزەران و گاشەبەرد... چنگیان دەگوشی و تەیار و ئامادەی شەق و تف و جوێن و کۆڵەمست بوون... زارەترەک بووم...

(کوا برادەرە مەردەکانت...؟).

بە لێوە لەرزەوە وتم:

(چوونەوە...).

(ئەگەر مەرد بوونایە تۆیان بەجێ نەدەهێشت...!).

پاشان ئاوڕێکی لە جەماعەتەکەی خۆی دایەوە و وتی:

(گوێ بگرن... سبەی ئەم دڵشادە دێ و مەلە لە گۆمی میری دەکا... ئێوە بەشایەت بن...

خۆی و هاوڕێ مەردەکانی...) منیش ویستم بینوێنم کە ناترسێم و غیرەت لە خوێنمایە... وتم:

(هەر کەسە و کەیفی خۆی... مەلە بەزۆردارەکی نییە...).

(نە ء... زۆردارەکییە... تۆ کوڕی کێی... بۆ تۆ لەو خەڵکە زیاتریت...؟).

(ئاخر مەلە نازانم...!).

(قسەی قۆڕ... فێرت دەکەین...!).

لەنێو ئەم مەرگەساتەدا نەوزادم بیر کەوتەوە... قوڵپی گریان قورگی گرتم، گرێک لە هەناوم بەربوو... لە لووتما هەستم بەبۆن سۆ کرد... پیشم خواردەوە... مچە و سوێندەکەی خۆمم بیر هاتەوە...

(دەتانەوێ وەکو نەوزاد بخنکێم...؟).

(نەوزاد...؟ گوناهی خۆی بوو بۆ بەتەنیا مەلە دەکا...؟).

نەموێرا بڵێم: (تاژدین و ئەحمەدە گن خنکاندیان...!).

وتم: (ئەو زەلکاوە پیسە و هەمووتان گەڕ دەبن...).

(مەڵێ زەلکاو... بڵێ گۆم...).

(گۆم... زەلکاو... حەوز... خۆ چاوتان دەبینێ چەند پیسە...؟).

(گەر ئێمە گەڕ بووین... با تۆش گەڕ بیت...!).

(ئەمن چیتر نایەمە ئەو ناوە...).

(نایەیت...؟).

(نەخێر...!).

نەخێرەکەم تەواو نەکرد بەو سەرە زلە کەللەیەکی لە ناودەمم دا... خوێنێکی گەرم زایە نێو دەم و ددانم... تامێکی سوێریش، نازانم فرمێسک بوو یان ئاوێکی ڕووت بەربینایی لێڵ کردم... ویستم دەست بوەشێنم... کە سەیری لەشکرەکەم کرد سارد بوومەوە.

(ئاوڕ مەدەوە... ئەوان هەقیان نییە... گەر غیرەتت هەیە دەست بکەوە نامەرد...).

خۆم ڕاپسکاند، لێم نەبۆوە... ئەمجارەیان لەقەیەکی لە بەرگونم هەڵدا... ئەو لەقەیە خوای پیشان دام، بروسکەی ئازارێکی جەرگبڕ لە مێشکما چەخماخەی کرد... هەر مردم... لەوە ترسام هێلکەیەکی گونم تەقی بێ... خۆم بۆ نەگیرا... شتێکی خڕ وەک کەلابەردێک



ناو گەرووی گرت... پشکۆیەک لە هەناوما دەسووتا... مەنجەڵی ساوارێک قوڵپە قوڵپ دەکولا... هەردوو چنگم گرژ کرد و ئاخنیمە نێو گەڵم... خۆم بۆ نەگیرا و کەوتم... بێدەنگ دەگریام... گریانێک لە ناوەوە... لەسەر زەوییەکە تلم دەدا... خۆم لە خۆڵ و دڕک و داڵەکە وەردەدا و خۆڵم دەخوارد... ژانێکی کوشندە بەپێچ و لوول لە هەموو دەمارەکانما وەک مار دەکشا... ئاسمانی شین ڕەنگی قورقوشمی دەنواند... هەناسەم تەنگ و قورگیشم پڕ لە حەسرەت و ئاه... تەنیا و بەستەزمان و ڕیوەڵە... حەزم دەکرد وەک کوڕە ئازاکە کە دەکەوێ و هەڵدەستێتەوە... هەستمەوە... نەمتوانی... غیرەتم نەکرد... سەرم هەڵبڕی و ئاخ لە گەرووما دەبوو بەتێزاب... منداڵەکان ببوون بەدێو و درنج... لە قەوارەی خۆیان گەلێ گەورەتر... سەریان دەیدا لە تاقی ئاسمان... لە بەرچاوم بوون بەهەزاران هەمزە و تاژدین... گوێم لە دەنگی خدە بوو:

(گەر بەیانی مەلە نەکەیت حەمامێکی لەوە خۆشترت بۆ گەرم دەکەین...؟!).

دەنگی گڕی عوسە سەرپان هاتە بەرگوێم:

(کێ پیاوە با بێ و لەسەرت بکاتەوە...).

زۆری خایاند تا هەستامەوە... کەس لەو دەوروبەرە نەمابوو... وەک تەڕک کەوتبوومە سەر زەوی... بۆ کەسم نەگێڕایەوە... نەموێرا... تا سێ ڕۆژان گونم ژانی دەکرد، دایکم زانی لێیان داوم... سوێندی دام... هەر بەدرۆ وتم:

(لە قوتابخانە بەربوومەوە...).

وتی: (درۆ دەکەی کافرباب... لووتت ئاوساوە...!).

هاوڕێکانم زانییان... خۆیان فش کردەوە... دەیانکوژین... زانیم وا نییە... هیچ کامێکمان چەتوون نەبووین، شەڕکەر نەبووین، ئەوەندەی عوسە و خدەش ئازا و بەدەست نەبووین... هەرگیز سواری کەری پشت زامار نەدەبووین، پەتکمان لە ملی سەگ و پشیلەکان نەدەبەست، حەزیشمان لە شەڕە گەڕەک نەدەکرد، بێ دارلاستیک و قۆچەقانی بووین، قەتیش چۆلەکەمان نەدەکوشت، زۆرجاریش ڕۆژانەی خۆمان دەدا بەسواڵکەران، کەسمان جنێوی بەباوکی نەدەدا، تفی لە دایک و خوشکانی نەدەکرد، لەسەر عانە دەرگا تەنەکەکانی خۆمانمان بەردباران نەدەکرد، بەدزییەوە نەدەچووینە سینەما و جگەرەشمان نەدەکێشا، شەوانیش لە بەرئاگردانی جۆشدراودا گوێمان لە داپیرە ددان کەوتووەکانمان دەگرت... ئەوانیش حەکایەتی دێو و درنج و سیمرخ و کوڕە کەچەڵیان بۆ دەکردین...

سەرباری ئەوەش... مەلەمان لە زەلکاوەکە نەدەکرد... سەری فەرهادیشیان شکاند، چوونە سەر ڕێی شاهۆش... هەموو سەرمان سوڕما... ئاخر بەچەقۆ یەکێکی لەوان زامار کرد... شاهۆ و چەقۆ نەدەچووە عەقڵم... لە ڕقی ئەوە بەهەموویان گەمارۆیان دابوو... هەتا هەفتەیەکیش دەتووت قۆڕ بووە و ڕێ دەکا... مچەی هاوڕێشم زانی... خەم دایگرت... تەنیا ئەم لە عوسە و جەماعەتەکەی نەدەترسا... مەلەی دەکرد و مەلەم نەدەکرد و کەچی خۆشیشی دەویستم، وتی:

(لەسەریان ناچێ...!).

لەشکرەکەی پێکەوە نا... ڕەوە سەگێکی هاریش کە لە قەسابخانەکە هێنابوونی، دەیبردن و دەیهێنانەوە، سەگی چی... پتر لە پڵنگ دەچوون... ترسناک، لە وەڕین نەدەکەوتن، عوسەش ڕەوە سەگێکی بەخێو دەکرد... عوسە و مچە دوو سەگبازی گەورە و بێهاوتای شارەکە بوون... هەر بەتەنیا فیکەیەک سەدەها سەگیان لێ کۆ دەبۆوە... زۆڵیش بوون سەگەکانیان برسی دەکرد، گەر سەگێک خوا نەخواستە بەدوایان نەکەوتایە لە کەلاوەیەک دەیانبەستەوە... یەک دوو ڕۆژ نان و ئاویان لێ قەدەغە دەکرد... تا وای لێدەهات... لەبری وەڕین دەنووزایەوە... دەپاڕایەوە... سەگی برسی پێڵاوەکانی عوسە یان مچەی ماچ دەکرد... ئەوسا... تەنیا ئەوسا کە دەیزانی لە سەرەمەرگدایە... پارچە ئێسقانێکی بەگۆشتی دەخستە بەردەمی... لەگەنێک ئاو... سەگی برسی کە تێر دەبوو سمێڵی دەلستەوە... تا دەمرد ڕووخساری نوورانی عوسە و مچەی بیر نەدەچۆوە... هەر سەگە و بەناوی خۆی بانگ دەکرا: سوورە... مڕە... زەردە... شێرە... گەڕە... گەردە... فیلۆ... بەگۆ... هەردوو لا بڕیاریان دا ڕۆژی هەینی و لەسەر زەلکاوەکە ببێ بەشەڕ... هەموو جۆرە چەکێکیش ڕەوایە... دارلاستیک، قۆچەقانی... چەقۆ... خەنجەر، حەیزەران، تێلێ، بەرد، هەموو شتێکیش حەڵە... کەللە، شەق لە گون هەڵدان، بەرپێنە، قژگرتن، لە پشتەوە پەلاماردان... جوێن... تف... تا دەگاتە شەڕە قۆندەرە... بەرمیلی بەردەمی چێشتخانەکانیان بەتاڵ کرد... هەفتەیەک بەر لە شەڕەکە هەردوولا سەگەکانیان تێر گۆشت کرد... ئەو هەفتەیە پشیلە بێکەسەکانی شار خەریک بوو بمرن... لە برسانا خۆیان دەکرد بەبن دەست و پێی ڕێبواران و تایەی ئۆتمبێل و پێچکەی عارەبانەکان... شەوانە زمانی شەقاریان لە دەرگا ئاسنینەکان هەڵدەسوو... گۆشت و ئێسقانی دونیا بۆ سەگەکانی مچە و عوسە بوو... پاشایانە ڕایاندەبوارد... کلکیان بادەدا... بەئیقاعەوە دەوەڕین... هەموو سەگە بەڕەڵڵاکانی شار بەخیلیان بەو سەگە خڕ و پڕانە دەبرد... تا دەهات ژمارەی سەگەکانی هەردوو لا زیادی



دەکرد... مچە نەیدەهێشت گۆلەکان لەگەڵ دێڵەکان تێکەڵ بن... لەوە دەترسا بەبا بێن و گۆلە سەگەکانیش بپەڕن... ئەوسا بێهێز دەبن و شەڕیان پێناکرێ... کەچی عوسەی زۆڵ تێکەڵی کردبوون... وتبووی:

(مچە کەرە... نازانێ... سەگ... پشیلە... بنیادەم... مار... هەتا مێروولەش بپەڕێ باشترە...).

مچە بەم قسەیەی زانی... کەوتە دوودڵی... ویستی تێکەڵیان بکا... پاشان زوو پەشیمان بۆوە... هەفتەیەکی ڕەبەق هەردوولا لەگەڵ گۆشت و ئێسقانەکە نانیشیان دەدا بەسەگەکان... دەیانووت:

(سەگ تا نانی بدەیتێ هارتر دەبێ...!).

عوسە بەجەماعەتەکەی خۆی وت:

(کوڕینە ئەو ڕۆژەی بەشەڕ دێین... نیو سەعات پێشتر هەر برادەرێک و بیبەرێکی تیژی دەدەمێ با بیخاتە دوڕ قوونی سەگەکەی خۆی... دەزانن بۆ...؟).

کەس نەیزانیوە... پێکەنیوە و وتوویەتی:

(ئەوسا دەبینن چۆن زەلام پارچە پارچە دەکا... بەڵام ئاگاتان لە خۆتان بێ لەوانەیە پەلاماری خۆشتان بدا...).

هەردوولا ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی تا ڕۆژی شەڕەکە هەر ڕۆژە و لایەکیان لەگەڵ سەگە خۆشەویستەکانیان لەنێو زەلکاوەکەدا مەلە بکەن... لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا چەند جارێک لێرە و لەوێ هەردوو بەرەی دوژمن تاک و جووت یەکدییان دادەپلۆسی... ئەمەیان پێی دەڵێن: چاوشکاندن... وتیان:

(ئەوەی لەم شەڕە بردییەوە ناوی دەنێین پادشای زەلکاو...!).

مچە هاتە بن گوێم و وتی:

(قسەی قۆڕە... من لە تۆڵەی تۆ ئەو شەڕە دەکەم).

پێم وت:

(کە بوو بەشەڕ من و هاوڕێکانیشم درێغی ناکەین...).

بە تووڕەییەوە وتی:

(دڵە... تۆ لەگەڵ مچە قسان دەکەی... ئەوە ئیشێکی حیزانەیە... ئێوە هەقتان نەبێ...!).

هەینی هات و بوو بەڕۆژی حەشر... حەشامەتێکی زۆر لە گوێ زەلکاوەکە خڕ بوونەوە... هەر منداڵە و پەتکێکی بەدەستەوە و سەگێکی هاری بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا... سەگ دەتووت ئەسپە و هەڵدەستایە سەر پاشوان... هەردوو بەرەی دوژمن لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زەلکاوەکە کردیان بەقەڵەبالغی... خەڵکە نیوە ڕووتەکەش سەرگەرمی مەلە بوون... دواجار مچە بەنهێنی بیبەرەکەی زانی... سەگەکانی عوسە لەتاو بیبەری ناو قوونیان حەجمانیان لەبەر بڕابوو... لە هەموو لایەکەوە سەگ دەوەڕی... کوڕانی گەنج و پیاوە بەسەر و ڕیشەکان خەنی ببوون... هەموو، تێکڕا، حەزیان بەو شەڕەسەگە دەکرد... مچە درەنگ پێی زانی... زوو فریا کەوت و یەکێکی نارده بازاڕ تا لای قالە بێ لووت تۆزێ (زەنجەفیل) بکڕێ... وتی:

(زەنجەفیل لە بیبەریش خەراپترە...!).

تاژدین و ئەحمەد پێیان زانی و وتیان:

(هەموو سەگەکان دەبێ بەهی ئەو کەسەی دەییاتەوە...!).

هەردوو لەشکرەکە لەمبەر و ئەوبەری زەلکاوەکە و بەرامبەری یەکدی وەستان... قۆڵ و باسکیان لێهەڵکرد... پیاوە عاقڵەکان لە مەلە کەوتن... لە ناو زەلکاوەکەوە سەدەها سەر نقومی ژێرئاو دەبوون و سەرئاو دەکەوتنەوە... گەورەکان تێکەڵ نەبوون... بەڵکو سەرمەستی بەزمێکی وا خۆش بوون... لەتاو بیبەری ناو قوونیان هەوای ئاسمان و ئاوی زەلکاوەکەش پڕ بوو لە سەگوەڕ... کەس هیچی نەدەبیست... سێ چوار سەگ خۆیان هەڵدایە ناو زەلکاوەکە... خەریک بوو پەتکەکە لە ملیان گیر بێ و بخنکێن... یەکێ لە سەگەکان توانی بەمل ڕاتەکاندنێک پەتکەکە بپسێنێ و تا ناوەڕاستی زەلکاوەکە وەک مەلەوانێکی لێزان زەلکاوەکەی شەق کرد... قەسابێکی نیوەمەست لێی نزیک کەوتەوە و هەر بۆ مەزاق سەری گرت و خستییە ژێر ئاوەکە... دوای پێنج دەقیقە لاشەیەکی سارد و سڕ سەرئاو کەوت... حەسایەوە و لە وەڕین کەوت... هەردوو پەڕەی گوێی وەک دوو گەڵای پان کەوتنە سەرئاو... پاشان... هێدی هێدی... گران گران دەخزایە ژێر ئاو... خاوەن سەگ خوای نەما... هەر لە دوورەوە و لە دەرەوەی زەلکاوەکەوە هەڕەشەیان لە کابرای سەرخۆش کرد... دوو هەزار تفیان لێکرد... زەلکاوەکە پڕ بوو لە تف... کابراش سەرمەستانە پێدەکەنی... مچە هاواری کرد:

(لەو سەگبابە گەڕێن... ئەو دوایی... ئێوە بۆ شەڕ هاتوون...!).



هەردوو لا چەقۆیان لێکدی دەسوو... حەیزەرانیان ڕادەوەشاند... سەگەکانیان دڕ دەدا... پیاوان پێدەکەنین و دەتریقانەوە... هاواریان دەکرد... (هۆی هەلەلەلە... هۆها... هۆی ها... دەی دایکی یەکدی بگێن... ڕایوەشێنە... سەری بشکێنە...!).

هەندێکیان دەنووشتانەوە و بەردیان دەخستە چنگ منداڵەکان... هەندێکیان فێریان دەکردن چۆن دارەکە بگرن... چۆن قۆچەقانی بابدەن... چۆن چەقۆ لە کەلەکە ڕابکەن... کتوپڕ... لە سەعاتی سفر بوو بەجەنگی مەغلووبە... ژنان لە دوورەوە... لەسەر مەزاری پیرۆزی ئەسحابە ڕووتەوە بەدەستی سپی و زەندەی بەبازن سێبەریان لە چاوانی پڕ کل دەکرد و دەیانڕوانی... ئای لەو هەموو حەشامات و عەزازیلە... لەوە نەدەچوو جگە لە سەگە بەڕەڵلا و لە برسا مردووەکان سەگێکی دیکە لەو شارە مابێ... بوو بەڕۆژی حەشر... لە چاوتروکانێکا کەوتنە ناو یەکدی، بوو بەهەرا... سەگە هار و منداڵە چەتوونەکان تێک بەربوون... فڕکەی بەرد... زرچەی چەقۆ... وژەی حەیزەران... وژەی ڕەشەبا ئاسا... تاق... تریق... ڕمب و هوڕ... بیبەرەکەی عوسە گاڵتەی پێنەدەکرا... پەیامنێرەکەی مچە نەهاتەوە و فریای زەنجەفیل نەکەوتن... هەر سەگ بوو کەڵبەی لە بەلەکی شەڕکەرەکان گیر دەکرد... هەر زوو چەند منداڵێک شەل و کلۆم بوون... خوێن بەلاجانگیان دەهاتە خوارێ... بۆنی خوێن سەگەکانی هارتر کرد... گەرمتر بوون... ئەوەی خوێنی لێهاتبا هارتر دەبوو... دەستی نەدەپاراست... قۆڵ و باسک و ملی یەکدیان بادا... بەدار و تێلێ و حەیزەران و شوولک و چەقۆ و دارلاستیک و قۆچەقانی و بۆکسی ئاسن کەوتنە ناو یەکدی... دەنێو ئەو قیامەتەدا عوسە بەدوای مچەدا دەگەڕا... مچە بەدوای عوسە... لە ترسی گاشەبەرد و سەگە هارەکان هەر بابا بوو وەک سەدەها بۆقی تۆقیوی گوێ چەمێک خۆیان هەڵدەدایەوە نێو زەلکاوەکە... زەلکاوی سیخناخ لە بنیادەم، لە بۆق، لە قەوزە... لە قوتووی بەتاڵ... لە مارمێلکە... تف و بەڵغەم و شەهوەت... منداڵەکانیش بەخۆیان و بەسەگەکانیانەوە... سێ و چوار دەکەوتنە نێو زەلکاوەکە... بەپەلەپروزێ دەیانویست بچنە دەرێ و سەرلەنوێ هەڵدەخلیسکان... دەخزان... سەگەکە جریتێکی بۆ دەکرد و دەردەپەڕی... تووکی زۆری سەگەکان وەک هەودا... وەک لۆکەی پەڕەکراو لەسەر سەری ئەو خەڵکە و زەلکاوەکە دەنیشتەوە... پیاوە عاقڵەکانیش هەر هاواریان دەکرد:

(هۆی هەلەلەلە... هۆی... ها...).

زەلکاوەکە یەکێکی دیکەی نەدەگرت... کورتەباڵاکان چوونە قەڵاندۆشکانی پیاوە هەرە

گەڵەکەتەکان... خۆیان بۆ نەدەگیرا و بەردەبوونەوە... یان لە ترسی فڕکەفڕکی گاشەبەرد سەریان نوقم دەکرد... لە چاوتروکانێکا وات دەزانی زەلکاوەکە کەسی تیا نییە... لەپڕ سەدەها سەر و پرچی تەڕ وەدەر دەکەوتنەوە... لە بەر خۆرەتاوی ئەو پاش نیوەڕۆیە درەنگە دەبریسکانەوە... شەڕ تا دەهات گەرمتر دەبوو... هەر سەگە و دەم و ددان لە شەرواڵی شۆڕ گیر دەکا و لێک هەڵدەزڕێ، هەر شەرواڵە و هەر کورتەک و کراسە و دەیەها پەنجەرەی تێدەکەوێ... عوسە و مچە گەیشتنە یەکدی... دارەکانیان فڕێ دا... هەردوو بۆکسی ئاسنیان لە بەرباخەڵ دەرهێنا... نە ترسانە و وەک دوو کەڵەشێری پۆپنە بریندار خۆیان گیڤ کردەوە... هەریەکە و دەیویست غەفڵەت لەوی تر بێنێ... لەنێو زەلکاوەکەوە نیوەی شار دەیووت:

(مچە... مچە... مچە...).

نیوەکەی تر دەیووت:

(عوسە... عوسە...).

ژنان حەزیان دەکرد نزیک بینەوە... بەڵام ئەوەیان شەڕە و گاڵتە نییە... جگە لەو هەموو سەگە هارەش... دەستیان بەیەکدا دەدا و بەنێو لەپی لە خەنەگیراو لە شلکەی ڕانی خۆیان دەدا... سەریان هەڵدەبڕی و گەردنی زەردی ئارەقاوییان وەدەر دەکەوت و لە خوا دەپاڕانەوە... لە ئەسحابە ڕووتە... ئەو شەڕە ڕابگرێ... ئاوێک بەو ئاگرەدا کا... هەریەکە و بۆ کوڕی خۆی هاواری دەکرد... دەپاڕایەوە... دەگریا...

(تۆ بڵێی ئازاد لەوێ بێ...؟

– ئەی عەلی... عەلی برام...؟

– خۆ عەباسی مێردم شەو و ڕۆژە لەو زەلکاوە کەوتووە...

– بەهرام... مامەند... سمە... حەمە... برایم...).

لە دوورەوە... کێ دەوێرا بێتە پێش... عوسە غەفڵەتی لە مچە هێنا... خۆی خێواندێ... ڕایوەشاند نێوچەوانی بگرێ... بەر دەفەی سنگی کەوت... مچە چاوی تاریک بوو... وەک (جۆلینانۆ جیما) هەردوو پێی جووت کرد و لە چاوتروکانێکا خۆی خستە سەر هەردوو لەپ و جووتەیەکی لە لمۆزی عوسە دا... سەری سووڕا و ڕەتێکی برد و کەوتە نێو زەلکاوەکە... مچەش بەدوایدا خۆی هەڵدا... پیاوە بەسەر و ڕیشەکان بازنەیەکی گەورەیان بۆ مچە و عوسە خاڵی کرد... تاوێ مچە سەری عوسەی دەگرت و گرانایی خۆی بەسەردا



دەخست و ئەوەندەی نەدەما بخنکێ... لە ترسی مەرگ خۆی ڕادەتەکاند... هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەمژی... پڕ بەسییەکانی هەوای هەڵدەمژی... ئەمجارەیان عوسە سەری مچەی دەخستە ژێر ئاوە ڕەش و ساردەکە... هەردوولا تا ورگیان هەڵیدەگرێ گوو بۆقیان خوارد... چەند لاشەیەک لە هەردوو بەرەی دوژمن بەچواردەوری زەلکاوەکە لاڵ و پاڵ کەوتبوون... شەڕکەران و سەگە نەگریسەکان پێیان لە دەست و قاچی ئەو کوڕە ئازایانە دەنا... چەند گاشەبەردێک بەر سەری سەیرکەرانی نێو زەلکاوەکە کەوت... تووڕە بوون... کەفیان دەردا... تف و نەفرەتیان لە سەگ و منداڵەکان کرد... خوێن دەڕژایە نێو لەپیان و هارتر دەبوون... بەو قوڕاوە خۆیان لەو خوێنە پاک دەکردەوە... سەرخۆشەکان هەر پێدەکەنین... ژنان هەردوو کێلی ئەسحابە ڕووتەیان لە ئامێز دەگرت و دەپاڕانەوە... هەرە بەغیرەتەکان تۆزێ نزیک بوونەوە... نزیک دەبوونەوە و دوور دەکەوتنەوە... دوو هەزار جوێنی ترش و تاڵ... وەک پۆلە قەلەڕەشێک بەسەر زەلکاوەکەوە دەنیشتنەوە... مچە عوسەی شەکەت کرد... عوسە بەپەلەپروزێ بەدیواری لووس و خزی زەلکاوەکە هەڵزنا... مچە لە دواوە دەستی لە شەرواڵەکەی گیر کرد... ڕایکێشا... دوو مێردمنداڵ لە جەماعەتی خۆی گەیشتنە سەری و هەر یەکە و دەستێکی گرت... ڕایانکێشا... مچە لە دواوە شەرواڵەکەی بەرنەدا... ئەوان ڕاکێش و ئەم ڕاکێش... عوسەش شەکەت و ماندوو... جنێوی دەدا... وا بەتوندی شەرواڵەکەی ڕاکێشا دۆخینەکەی پچڕا و لە دواوە هەردوو گردی تەڕی قوونی لەبەر ئەو خۆرەتاوەدا دەبریسکانەوە... بەیەک ئیقاع... دوو هەزار فیکەیان کێشا... عوسە، قیت و قۆز، بەخۆ و بەگەڵ و گوونی ڕووتەوە لە گوێ زەلکاوەکە وەستا... بوو بەقاو و قریشک... جڕت کێشان... شەڕ تا دەهات گەرمتر دەبوو... جەماعەت بەدەوری عوسە هەڵقەیان بەست... شاردیانەوە. لە مەیدانی جەنگ دووریان خستەوە... کەس نەما پێنەکەنێ... کەس نەما نەگری... کەس نەما سەری نەشکێ... دەست و پەنجەی لەجێ نەچێ... سەگ قەپ لە بەلەکی نەگرێ... کراس و کورتەک و شەرواڵ لە باریەکدی هاتنە دەرێ... زەلکاوەکەش دەتووت کێڵگەیە و هەزارەها کەللەسەری تیا چێنراوە... جەماعەت بەپەلە شەرواڵێکی دیکەیان بۆ عوسە پەیدا کرد... چۆن...؟ خوا دەیزانێ... دەبێ پێشەوا بێتەوە کۆڕی جەنگ... لاشەی چەند سەگێک کەوتبووە بن دەست و پێی شەڕکەران... لە ڕقی ئەوەی سەرلەشکر قوونی وەدەرکەوت... ئەمەشیان ئەوپەڕی ئابڕوچوونە... گەر تۆڵەی خۆیان نەکەنەوە تا ماون لە مێژووی ئەو شارەدا پێیان دەوترێ جەماعەتەکەی عوسە قوون ڕووت... دە کەس بەچەقۆ و بۆکسی ئاسنەوە خۆی هەڵدایە ناو زەلکاوەکە و گەیشتنە سەر ڕۆحی مچە... مچە

بەباسکە مەلە قووچاندی... نەیانهێشت دەرچێ... بیست کەس لە جەماعەتی مچەش خۆی هەڵدایە نێو زەلکاوەکە... دە کەس بەدوای یەکێکەوە... بیست کەسیش بەدوای دە کەس... کوڕگەلی هەردوو بەرە ترسان... تاک و جووت خۆیان هەڵدا... شەڕی گەورە کەوتە نێو زەلکاوەکە... ئەمجارەیان سەیرکەران لە ترسانا بەپەلەپروزێ بەدیوارە لووس و خزەکانی زەلکاوەکەدا هەڵزنان... شەڕکەران و سەدەها سەگی مەلەوان کەوتنە ناو یەکدی... خوێن و ئاوێکی لێڵ ڕەنگی یەکدیان دەدزی... پیاوە هەرە عاقڵەکان بەدەوری زەلکاوەکەدا هەڵقەیان بەست و هاواریان دەکرد:

(هۆی هەلەلەلە... هۆی ها...)

تاژدین گرەوی لەسەر عوسە کردبوو... ئەحمەدە گنیش گرەوی لەسەر مچە... گرەوەکەش لەسەر قاپێک ئارەق و منداڵێکی چاوشین بوو... مچە نووکە چەقۆیەک و دوو بۆکسی ئاسنی بەرکەوت... خوێنێکی گەش بەلاجانگیدا هاتە خوارێ و هەردوو چاوانی لە خوێندا غەرق بوون... بیست کەس بەپێ مەلە مچەیان قورتار کرد... ژنەکان لە دوورەوە هەر دەیانزریکاند... جۆگەلە باریکەی ئەسحابە ڕووتەش لەسەرخۆ و هێدی هێدی... وەک بڵێی پێبکەنێ... بەو شەڕەسەگە پێبکەنێ... دەڕژایەوە نێو زەلکاوەکە... لەو زەوییە هەڵدەقولێ و وەک جۆگەلەی فرمێسکی پاڵەوانێک... یان زەردەمارێک بەپێچ و لوول دادەکشایە خوار... ژنان لە پیرەژنەکانی سەر مەزارەکە دەپاڕانەوە دوعا بکەن و لە خوا و ئەسحابە ڕووتە بپاڕێنەوە ئەو قیامەتە بوەستێنێ... پیرەژنەکان دەیانووت:

(گوناهی پیاوەکانە... کەس لەسەر مەزاری ئەسحابە ڕووتە ئارەقی خواردۆتەوە...

– ئاخر زەمانە... قەت نەبووە پیاو مەلە بکا و ژن سەیری بکا...؟

– گۆمەکە پاکە... خەڵکەکە پیسە...

– گەورەکان گوناه دەکەن و خوا لە ساواکانی دەردێنێ...

– خوشکم شەرع وتوویەتی هەر گۆمێک چل کوندە ئاوی تێدا بێ پاکە...

– شەوێکیان ئەسحابە ڕووتە خۆی هاتە خەونم و پێی وتم: با ژنان بەسینە و مەمکی ڕووتەوە نەیەنە سەر سەرم... ئەمن دەیانبینم...

– هاتە خەونی منیش... وتی: بەبرا و مێردەکانتان بڵێن بۆنی ئارەق بۆنی خۆشی بەهەشتی لەبیر بردوومەتەوە...

– خوشکم ئەسحابە ڕووتە شەهیدە و دەڵێن لە غەزای کوردە کافرەکاندا کوژراوە...



– ڕۆحم بەقوربانی بێ...).

پوورە مەنیج، تەریقەداری شێخ سمایلی ناو لەپ سەوز هاتە پێشەوە و فەرمووی:

(ببمە خۆڵەکەی سەر گۆڕی... بەمنی گوت: مەنیج ئەو جۆگەلەیە ڕۆحی منە و ئەو زەلکاوەش لێی مەترسن...

– پوور مەنیج... نەک هەر جۆگەلەیەک... تەنیا گەردێک لە ڕۆحی پاکی ئەو زاتە پیرۆزە هەزار گۆم و زەلکاو پاک دەکاتەوە...

– ئامەنتوو... ئەشهەدوو...).

لاشەی چەند سەگێکی دیکەش سەرئاو کەوتن و نقوم بوون... مچەیان دەرهێنا... کوڕگەل سەریان بەستەوە... عوسە لە خۆشیانا پێدەکەنی... هاواری دەکرد:

(دەست مەپارێزن... کوڕینە... بردوومانەتەوە...).

ئەحمەدە گن لە پێ مەلە نەدەکەوت و هاواری کرد:

(هێشتا ماوە...!).

ئێمە بەمامۆستامان وتبوو ڕۆژی هەینی شەڕە... کتوپڕ لە دوورەوە بەپەلە هات... ئەو ڕۆژەی پێمانڕاگەیاند... وتی:

(دێم دوو قسە بۆ ئەو خەڵکە دەکەم و ناشهێڵم ئەو دوو جەماعەتە بەشەڕ بێن...).

هەر لە دوورەوە لە ترسی گاشەبەردەکان سەری خۆی نەوی دەکرد... ژنان مامۆستایان ناسییەوە... ئاسوودە بوون... پتر هاتنە پێشەوە... ڕۆژ نەبوو لەنێو بازاڕ و کۆڵان و سەرجادەکان منداڵێک بەدایکی نەڵێ:

(دایکە... ئەوەتا مامۆستا کەچەڵەکەمان...

– دایکە... ئەم مامۆستایە قسە خۆشە و بەڕاستە لە پشتە دەستمان نادا...

– هۆدا... ئەم مامۆستایەیە باسی بەلهارزیامان بۆ دەکا...

– بەلهارزیا چییە ڕۆڵە...؟

– نەخۆشییە...).

مامۆستا بەگورگە لۆقە گەیشتە سەر زەلکاوەکە و بەپەلە چاویلکەکەی لە چاو کرد... کەڵەگەت... بەسەر سووڕاندنێک هەموو لایەکی دەبینی... تاو تاو بەهەردوو دەست بەردی دەقۆزتەوە... زوو زووش سەری خۆی نەوی دەکرد... هەمان چاکەت و پانتۆڵە کۆنەکەی

لەبەردا بوو... ئەوەندە باران و هەتاوی دیبوو ڕەنگە شینەکەی چووبۆوە... دەنگی هەڵبڕی و هاواری کرد...

(کوڕینە بوەستن... بابە گیان بەسە... خۆ میرات بەش ناکەن...).

کەس گوێی نەگرت...

(کاکە برالە... بەقوربانتان بم بکەونە ناوبژی...).

کەس گوێی نەگرت...

ڕووی لە پیاوەکان کرد و لە خەمانا هەموو گیانی دەلەرزی و نەڕاندی... لەگەڵ ئەو نەڕاندنە زەلکاوەکە شڵەقا و هەموو ئاوڕیان دایەوە:

(عەیب ناکەن... مناڵان بەشەڕ دێن و گەورەکان پێدەکەنن...).

گاشەبەردێک بەر کەلەکەی کەوت و هاواری کرد:

(ئاخ...)

ڕووی کردە گەنجەکان و وتی:

(خۆ ئێوە زۆربەتان خوێندەوارن... نازانن ئەم زەلکاوە پیسە... یان خۆتان گێل دەکەن...؟).

دوو سەد کەس بەیەکەوە جڕتیان بۆ کێشا... جڕت لەسەر جڕت... بەئیقاع... ئەوانەی نێو زەلکاوەکە دەوەستان... ئەوانەی دەرەوە بۆیان دەساندەوە... هەوای ئاسمان و ئاوی زەلکاو کەوتە سەر خوێن و جوێن و جڕت و داری دەستی شکاوی شەڕکەران... شەڕەکە تۆزێ سارد بۆوە و هەموو لایەک پرزەیان لەبەر بڕابوو... شەکەت و ماندوو... نیوە بریندار و نیوە مردوو... لە ڕاست و چەپیش... لە سەروو... لە خواروو... هەر سەگ بوو دەوەڕی... وەلێ تۆزێ خاوتر... چەند سەگێکی چاو زەردیش کوێر بوون و ئاوی چاویان ڕژا... چەندانێکی دیکەش قاچیان شکا... گەر بەوردی بگەڕایتایە چەندەها کەڵبەت دەنێو ئەو خۆڵە پۆکەدا دەدۆزییەوە... چەندانێک کلکیان خستە نێو گەڵ و ڕووەو قەسابخانە بەشەلەشەل قووچاندیان... خاوەنەکانیان بەدارەوە دوایان کەوتن:

(گەردە... شێرە... فیلۆ... زەردە...).

نەخێر... کێ دەگەڕێتەوە...!

مامۆستا دەستی ڕاستەی کرد بەچەپەری چاویلکەکە و نەڕاندی...



(جۆگەلە و چاکی چی... تا کەی عار نانێن...).

لە پاڵ دیوارە ڕووخاوەکانەوە هەر سەیرمان دەکرد... بەدیوارەکاندا هەڵگەڕاین... مامۆستا دەستی ڕادەوەشاند... لەنێو ئەو هەرایەدا دەنگی نەدەگەیشتە ئێمە... دەمانزانی دەڵێ چی:

(ئێوە باوک و برای چاک نین... ئەگینا چۆن دێڵن ئەو مناڵانە سەر و گوێی یەکدی بشکێنن... ئێوە لێبوونەتەوە و قەیدی ناکا... بەڵام ئەم مناڵانە بۆ وا بکەن...؟).

فڕکەی بەردێک و شووشەی چەپی چاویلکەکەی ورد و خاش بوو... هەر دەینەڕاند... ئارەقەی دەردا... هەردوو لالێوی کەفیان دەکرد... ئەم هەر هاواری کرد...

(ئەگەر هەمووتان نەخۆش نەکەوتن من ئەم گوێیەی خۆم دەبڕم...).

یەک لە دوای یەک، بەمۆسیقاوە... بەئیقاعەوە، جڕتیان بۆ دەکێشا...

(ئاخر ئەوە عەقڵەکەتانە...؟!)

چوار زەلامی کەتە لێی نزیک بوونەوە... دووانی بەدەمەست و دووانیش هێشتا نەیگرتبوون... قونتەراتچییەک و سەربازێک و پۆلیسێک و فەرمانبەرێک... مامۆستا هەر هاواری دەکرد... دوو کەس لە هەردوو قاچی نەوی بوون... دوو کەسیش لە دواوەڕا دەستیان گرت... خۆی ڕاتەکاند... نەخێر... بەرزەفتیان کرد، چواردەستە بەرزیان کردەوە... تۆزێ جۆلانەیان پێکرد و پاشان تا هێزیان تیایە بەئاسماندا هەڵیاندا و یەک تەختە و پشتاوپشت کەوتە نێو زەلکاوەکە... مەلەشی نەدەزانی... چاویلکە شکاوەکەی سەرئاو کەوت... قەرەوێتە سەوزەکەی دەتووت لاسکی تەرەپیازە و کەوتۆتە سەر نەرمە شەپۆلەکان... چوار پێنج جار کەوتە ژێر ئاوەکە و بەهەناسەبڕکێوە سەری دەردێنا و پڕ بەسییەکانی هەوای هەڵدەمژی... هاواری کرد...

(فریام کەون...!).

چوار کەسەکەش پێدەکەنین و دەیانووت:

(مەلەی ناکەی... مامۆستا... ها...؟).

ئەویش لە ناو زەلکاوەکە شەپەشەپی بوو... خۆمان بۆ نەگیرا و نزیک بووینەوە... ژنان لە دوورەوە دەستیان بەڕوومەت و ڕانیاندا دەدا و بەحەسرەتەوە دەیانووت:

(ئەوە خۆ مامۆستایان خستە زەلکاوەکەوە... ئای لەو بێ ئابڕووانە...!).

ئەمجارەیان سەری کەوتە بنەوە و هەردوو قاچی بەحەوادا بەرز بوونەوە... وەک بایەوانی ئەو پاپۆڕانەی نقوم دەبن... چوار قوتابی هەرزە ئەمەیان بینی و دەرحاڵ فجووقیان کرد و بەباسکە مەلە گەیشتنە مامۆستای... نیوە خنکاو... بەچواردەستە ڕایانکێشا و جەماعەتی مچە... بەئیشارەتێکی مچە... فریای کەوتن... مامۆستا وەک تەڕک لە گوێ زەلکاوەکە ڕاکشا... یەکێکیان خستییە سەر تەنیشت و یەکێکیش هەردوو قاچی هەڵبڕی... دوو کەسیش لەپێیان دەخستە سەر ورگی و خۆیان دادەگرت... لەشێکی سارد و سڕ... مچە هاواری کرد:

(کوڕینە... مەرد بن و ئەمجارەیان دەست مەپارێزن... لە تۆڵەی مامۆستا خوشک و دایکیان بگێن... تازە تەواو... یان ئێمە یان ئەوان...).

ئەحمەدە گن بەسەرسامییەوە قیڕاندی:

(کوڕە خۆ ئەو سەگبابە جەماعەتی ئەو کەچەڵەیە...).

ئەمجارەیان تێکڕای کەسانی ناوەوە و دەرەوەی زەلکاوەکە هاواریان دەکرد:

(عوسە... عوسە... عوسە...!).

ژنان دەگریان و دەیانووت:

(جەنگی مەغلووبەیە...!).

سەگە هەرە هارەکانیش پرزەیان لەبەر بڕابوو... هەریەکە و بستێک زمانی دەرهێنابوو... وەک مێگەلە مەڕێکی گێژ و نەخۆش بەنێو یەکدیدا دەخوولانەوە... دوو کەس چوونە ژێر باڵی مچە و دووریان خستەوە... چوار کەسیش بەچەقۆ و بۆکسی ئاسنەوە لە دوایەوە دەڕۆیشتن... قۆچەقانی... دارلاستیک... فرکەفرکی بەرد... چەند هەرزەیەکی زۆڵ تیر و کەوانیشیان دروست کردبوو... هەر سەرە تیرێک و دەرزییەکیان تێراکردبوو... ئەوانەی بەساغی مابوون... لە گێمی دووەمدا تێکڕا بریندار بوون... عوسە هەر دەینەڕاند:

(دەست مەپارێزن... وا بکەن ڕوویان نەیەت بێنەوە سەر ئەم گۆمە...).

چەپڵە و هەرا... فیکە و جڕت کێشان... شڵپ و هوڕی زەلکاو... وەڕینی سەگ... دەبێ کۆتایی بێ و بەرەیەک بیباتەوە و بەرەیەک بیدۆڕێنێ... چەند تیرێک لەسەر سنگی چەند مێردمنداڵێک چەقی... یان عوسە یان مچە... مامۆستا گران هەناسەی دەدا... بەچواردەوریدا هەڵقەیەکمان بەست تا کەس پێی لێنەنێ... لە بەر ئەو هەتاوەدا هەڵم لە جلەکانی هەڵدەستا... هەڵمێکی نەبینراو... ئەوەندەی نەمابوو بگرین... شەڕەکە



بەقۆچەقانی شکایەوە... هێدی هێدی لێکدی دوور دەکەوتنەوە و خرکە بەردیان هەڵدەگرتەوە... هیچی لە هێلکەی قازێک بچووکتر نەبوو... ڕایاندەوەشاند... بایان دەدا... بایان دەدا و لەگەڵ گڤەی بەردەکە تێکڕا سەریان نەوی دەکرد... لەگەڵ زەوییەکە تەخت دەبوون... چەندانێکی تر شاخیان شکا... مچە کەوتە ڕۆژئاوای زەلکاوەکە... عوسە ڕۆژهەڵێت... بەرد دەباری... پیاوە ڕووتەکان وەک بۆق دەخزانەوە ژێر زەلکاوەکە... کتوپڕ گاشەبەردێک بەر تەوێڵی یەکێک لە پۆلیسەکان کەوت، لە مەلە وەستا و دەستی بۆ نێوچەوانی برد... ناو لەپی پڕ بوو لە خوێن، پڕ بەزەلکاوەکە نەڕاندی:

(خۆتان بگرن سەگبابینە... سەری من بشکێ... سەری من... سەری عەلی قیرپاچ...؟!).

بە باسکەمەلە ئاوەکەی شەق کرد، ئاوڕێکی دایەوە... نەڕاندی:

(وەرە بەکر... تۆش وەرە دەرێ... با خوشکیان بگێین...).

هەردووکیان کە تا ئەو حەڵە سەرمەستی مەلە بوون، گوێیان بەشەڕەکە نەدەدا، یەکێ چارەکێکیان فت کردبوو، بەو شەڕە سەگە قاقا پێدەکەنین، لە ناوەڕاستی زەلکاوەکەدا لە پێ مەلە نەدەکەوتن... لەو قیامەتە ڕادەمان و دەتریقانەوە، کە بەردەکە بەر کەللە سەری عەلی قیرپاچ کەوت... مەستی بەری دا، هاتەوە سەر خۆی، خوێنەکەی دەڕژایەوە ناو دەمی و تفی دەکردەوە، بەدیواری خز و لووسی زەلکاوەکە هەڵزنا، سێ جار خزی و کەوتەوە نێو زەلکاوەکە، بۆ چوارەم جار بەکری عەیشێ نەیهێشت بخزێ و ناو لەپی کرد بەبەردەباز و ئەمیش فجووقی کرد و دەرپەڕی، بەکر بەدوایدا... قوڕاوێکی خەست لە دەرپێیەکانیان دەچۆڕایەوە، بەپەلە و شێتانە ژێر جلەکانیان دەپشکنی، عەلی قیرپاچ زووتر دەمانچەکەی دۆزییەوە... بێ یەک و دوو دەستی ڕاستەی بەرز کردەوە و دوو زرمە هەڵسا، کەس فریای کەس نەکەوت، هەر پیاو بوو... هەر منداڵ بوو... هەر دارلاستیک و قۆچەقانی و چەقۆ بەدەست بوو غاری دەدا، پیاوەکان ساتمەیان لە منداڵەکان دەکرد، منداڵەکان ساتمەیان لە سەگەکان دەکرد، سەگەکانیش کلکیان خستبووە نێو گەڵیان و دەیانلووراند، بەکری عەیشێ - یش دەمانچەکەی سوار کرد، ئەمیش بەڕاست و بەچەپدا گوللەی دەتەقاند، هەموو پشتیان لە زەلکاوەکە کرد، هەر یەکە و بەلایەکدا ڕایدەکرد، هەندێکیان بەغارەغار گەیشتنە سەر مەزارەکەی ئەسحابە ڕووتە، نیوەڕووت و تەڕ، ژنەکانیش... ئەوانەی هاتبوونە پێش... تێکڕا کشانەوە، سەدەها زەرد و سوور خۆیان خستبووە پشت شوورەی مەزارەکە، دەگریان و بەپیاوەکانیان دەوت:

(ئەم شەڕەسەگە بەسە و هەمووی لە بن سەری ئێوەیە...!).

کەس گوێی لە کەس نەدەگرت، هەندێکیان بەنێو بەستەکەدا قووچاندیان، هەندێ لە منداڵەکانیش چوونە نێو کەلاوە ڕووخاوەکانی بەری ڕۆژئاوا، هیچ سەگێک ساحێبی خۆی نەناسییەوە، سەگەکان زمانیان لە بەرپێ دەخشا و دەیانقووچاند، دەیەها کەس بەسەر یەکدیدا بەربوونەوە، دار و حەیزەران و جل و پارە و ناسنامە و پێڵاو بەچواردەوری زەلکاوەکەدا جێمابوون، لەنێو ئەو قیامەتەدا هەندێ لە ژنەکان کراس و کەوا و ڕەفتە و چارۆگەی خۆی دەدڕاند و سەری شکاوی منداڵەکانیان پێدەبەست، هەر ژنە و خەمی فەرزەندی خۆی دەخوارد، پیاوەکانیش... منداڵە چەتوونەکانیش بەوپەڕی سەرسامییەوە وەستابوون، لە دوورەوە... بەترسێکی زۆرەوە دەیانڕوانییە زەلکاوەکە... تا ئەو حەڵە نەرمە شەپۆلی دەدا و کپ و خامۆش نەببۆوە... دوای قەیرێ... هێدی هێدی شەپۆلە سەرشێتەکان دەمردن، دەنووستن، شنەبای پاش ئەو نیوەڕۆیە درەنگە نەیتوانی لە خەو وەئاگایان بێنێ، لە هەموو لایەکەوەش... قوتووی بەتاڵ، کراسی دڕاو، تاکە پێڵاو، جامانە، گڵاو، سەرئاو کەوتبوون...

تاو نا تاوێ عەلی قیرپاچ و بەکری عەیشێ پەنجەیان لەسەر پەلاپیتکە دادەگرت... قریشکەی دەهات... ئاسمانی کپی سەر زەلکاو دەنگی دەدایەوە، زرم و هووڕ، گڤ گڤ... ئاوی زەلکاوەکەش دەشڵەقا، حەشاماتەکە تێکڕا ڕادەچەنین، سەری خۆیان نەوی دەکرد... هاوارە ئەسحابە ڕووتە... دەچوونە ژێر بەرد و شوورە و دیوار، لە سەربانە دوورەکانیشەوە خەڵکی وەک قەلەڕەش هەڵنیشتبوون، هەندێکیان لە ترسانا چووبوونە بەر سێبەری پنچێکی بێ سێبەریش، هەردوو بەجووتە پێدەکەنین، مرِ و مەست، هەردوو بەدەم و پلێکی خوارەوە دەیانووت:

(ئاوا... ئەگەر مەردن وەرنە پێشێ... خوشک حیزینە...).

بەدمەستانە ڕوویان لە مەزارەکە دەکرد و تفیان لەو حەشاماتە دەکرد... کەس نەیدەوێرا نزیک بێتەوە...

مامۆستاش لە گوێ زەلکاوەکە تەنیا و بێ یاوەر جێمابوو، نیوە مردوو، دوو سەرخۆشی دەمانچە بەدەستیش تەقەیان دەکرد و هەڵدەپەڕین، زەلکاوێکی کپ و خامۆش، هەروەک بڵێی کەس مەلەی تیا نەکردبێ، لە دوورەوەش سەدەها کەس چاوەڕێ بوون... چاوەڕێی هەر شتێک... کۆتاییەکی نادیار...



عەلی دەستی نەوی کرد و گوللەیەک بەسەر ئاسمانی مەزارەکە گڤەی هات و... ژن و پیاو و منداڵ بەسەر یەکدیدا بەربوونەوە، ئەمانیش قاقا پێدەکەنین... عەلی بەبەکری وت:

(بەکر... توو شەرەفت ئەگەر نەچیت مەلە بکەی... خۆشە... هەر بەتەنیا... ئەوەی هاتە پێش دەیدەمە بەر گوللە...).

(نەوەڵلا تۆ مەلە بکە... من ناهێڵم کەس بێتە پێش...).

ژنان دەستیان بەیەکدا دا و... قژی خۆیان دەڕنییەوە:

(ئەوە کەس نەبوو مامۆستا قورتار کا...؟).

(کێ دەوێرێ... کەس ڕۆحی خۆی دۆزیوەتەوە...؟).

(دەبا یەکێکتان بچێ و فریای بکەوێ...).

(ئەی نابینیت ئەو دوو سەرخۆشە بەڕاست و چەپدا تەقە دەکەن...؟).

(ئەی ئەگەر مامۆستایان کوشت...؟).

(لە دەستیان دێ...!).

(دەبا یەکێ بچێ خەبەر بدا...).

(وا بزانم چوون...).

(نە ء... کەس نەچووە...).

(با من دیم... چەند قوتابییەک چوون خەبەر بدەن...).

(هەتا ئەوان دێنەوە... ئەمان مامۆستا سارد دەکەنەوە...).

(خۆ ئەوان لە ڕقی مامۆستا وا ناکەن... عەلی قیرپاچ سەری شکاوە...!).

(سا بەو خوایە دوو سێ کەس نەکوژێ... دڵی ئاو ناخواتەوە...).

هێدی هێدی مامۆستا هاتەوە هۆش خۆی، جلەکانی تەڕن... بۆ...؟ چۆن...؟ لە کوێ...؟ زەلکاو...؟ تۆ بڵێی...؟ وەک تارمایی خەونێک دەیویست بیری بێتەوە... بەزەحمەت... تەقەیەکی دیکە و ئەم ڕاچەنی، بەئازارێکەوە چاوەکانی هەڵێنا... دوو زەلامی ڕووتی بینی... عەلی قیرپاچ سەیرێکی کرد و هاواری کرد:

(بەکر... هەتیو... ئەم کەچەڵە زیندووە...!).

مامۆستا بێ ئەوەی بزانێ مەسەلە چییە چاوەکانی نووقاند... کێ ناڵێ ڕۆژی حەشرە و... ئەم مردووە و... ئەم دووانەش فریشتەکانی خێر و شەڕ نین... هاتوون و پرسیاری لێدەکەن...

وەلێ بۆ ڕووتن...؟ خۆی مراند... بەپەلە چاوەکانی نووقاند، شەکەت و ماندوو... سک پڕ قوڕاو... جووڵەی بۆ نەکرد... بەکر پرسی:

(چۆن... ئەی نەخنکا...؟).

(نە ء... خۆم دیم... زەق زەق سەیری دەکردین...).

(کوا گوێ بەدڵییەوە بنێ...!).

نووشتایەوە و کەوتە سەر ئەژنۆ، گوێی ڕاستەی نا بەکراسە تەڕەکەیەوە:

(ئا... دڵی فیلیش وا لێنادا...).

(هەمووی لەژێر سەری ئەم کەچەڵەیە... ئەم سەر شکانەی منیش هەر خەتای ئەوە...).

(هاتووە دەڵێ مەلە مەکەن...).

(هەردوو قاچی بگرە...).

(چی لێدەکەی...؟).

(جۆلانە...).

هەستێتەوە ڕاکا یان خۆی بکا بەمردوو...؟ عەلی هەردوو قاچی گرت و بەکریش هەردوو دەستی...

حەشاماتەکە لە دوورەوە و بەترسەوە سەیریان دەکرد.

(ئەوە چی لێدەکەن...؟).

(ئەو کافربابانە جۆلانەی پێدەکەن...!).

(لەوانەیە هەڵیدەنە ناو زەلکاوەکە و بخنکێ...).

(تۆ بڵێی...؟).

مامۆستا گەیشتە تینی و یەک دوو جار خۆی ڕاتەکاند... کەڵکی نەبوو...

(تا سێ دەژمێرم و هەڵیدە...).

(ئاخر مەلە نازانێ...).

(کەیفی خۆیەتی... ئەو هەموو قسە قەڵەوانە دەزانێ... بۆ مەلە نازانێ... تۆ هەڵیدە خۆی فێر دەبێ...).

(ئەی ئەگەر خنکا...).

(بە گوێمان...).



(یەک... دوو... سێ...).

مامۆستا یەک تەختە و پشتاوپشت کەوتە نێو زەلکاوەکە، بارستایی سێ بەژن، بەهەموو لایەکدا، ئاو پژا... ئەمان لە خۆشیانا دەتریقانەوە، کەوتە سەر شڵپەشڵپ، ئەمان هەر پێدەکەنین، دەمانچەکانیان لە زەوییەکە هەڵگرتەوە، خەڵکەکە... بەژن و پیاو و منداڵەوە لە ترسی مامۆستا بەتاو هاتنە پێشەوە... ڕووەو زەلکاوەکە... بەجووتە... شێتانە لوولەی دەمانچەکانیان لە خەڵکەکە کرد و کەوتنە تەقە، تێکڕا کشانەوە... دیسانەوە بەسەر یەکدیدا بەربوونەوە، خۆیان لەگەڵ زەوییەکە تەخت کرد، مامۆستاش بەشەپەشەپ خۆی گەیاندە دیواری خزی زەلکاوەکە، هەڵزنا، خزی، هەڵزنا، خزی، بەکر... مەست و مەدهۆش... بەم دەمە و ئێوارەیە حەزی بەگەمە دەکرد... گەمەیەکی قورس... هەر بۆ زەوق گوللەیەکی لەناو ئاوەکە سارد کردەوە، سێ بست لە تەنیشتییەوە بڵقێکی کرد، مامۆستا تەواو شڵەژا، پشتاوپشت کەوتەوە ناو زەلکاوەکە، ئەمان پێکەنین، ئەو دەخنکا و ئەوان پێدەکەنین... عەلی هاواری کرد:

(هەموو گوللەکان مەتەقێنە نەبا بێنەوە...).

(دوو یەدەگی ترم پێیە...).

(خۆشە... تا ئێوارە ڕادەبوێرین...).

تاوێ سەری دەردەهێنا و پڕ بەسییەکانی هەوای هەڵدەمژی و نوقم دەبۆوە... سەری دەردەهێنا و... نوقم دەبۆوە...

(کوا دیار نەما...؟).

(لەوانەیە بخنکێ...).

(نە ء... زۆڵە... مەلە دەزانێ... هەر ئێستا لەلایەکی ترەوە سەر دەردێنێ...).

(بەکر با نەخنکێ...).

(مەترسە... هەر حەز دەکەم نیوە مردووی کەم... تا جارێکی تر شتی وا نەکا و تەمبێ بێ...).

(گەر زانیت هیلاکە دەری بێنە...).

سەری دەرهێنایەوە... بەچواردەوریدا زەلکاوەکەیان دایە بەر گوللە... ژنان دەیانزریکاند... منداڵەکانیش گریان... پیاوەکانیش سڕ و سەرسام بوون.

(پیاوینە فریا کەون ئەو دوو سەرخۆشە مامۆستایان خنکاند...).

(جارێ کەس نەچێتە پێش... تۆزێکی تر گوللەیان پێنامێنێ...).

(جا تا ئەوان گوللەیان پێنامێنێ مامۆستا دەخنکێ...!).

کەس نەیوێرا نزیک بێتەوە، دوو سەرخۆشەکەش چاوەڕێ بوون مامۆستا سەر دەرخات و هەناسەیەک هەڵمژێ، زەلکاوێکی کپ و خامۆش، حەشاماتێکی ترسنۆک و سەرسام، دوو مەست... دوو دەمانچەی ڕووت... زەلکاوێکی کپ... چاوەڕوانی... چاوەڕوانی... مامۆستا... ئەوانیش دەست لەسەر پەلاپیتکە، کەسیش لەو گەمە گران و بێلەزەتە تێنەگەیشت... ژنانیش، لە دوورەوە، دەستیان بەیەکدا دەدا و دەگریان و دەیانپرسی:

(تۆ بلێی نەخنکابێ...؟!).

بەفرانباری - ١٩٨٦ / سلێمانی

# گەڕەکی داهۆڵەکان

# کەڵەکوڕان و ئاسکەکچان

چەندین جار لە هەموو پۆلەکاندا، کچ و کوڕەکانم تێکەڵی یەکدی دەکردەوە، کەچی بێ هوودە بوو... لە دەرسەکانی دیکەدا کچان دەچوونەوە پاڵ یەکدی و کوڕانیش حەسرەت کێشانە بەشەرمەوە لە کچەکان ڕادەمان و نقەیان نەدەکرد، دوو ڕیز کوڕ و دوو ڕیز کچ، تەنیا لە ڕۆژانی تاقیکردنەوە پەرۆشانە لێکدی ڕادەمان و هەردوولا شێتانە قۆپیەیان بۆ یەکدی ڕەت کرد، منیش بێ باکانە بوارم دەدان... ئاخر کێ هەیە لە دونیا قۆپیە نەکا...؟ سەرۆک لە میللەتەکەی، پارتەکان لە یەکدی، ژنان لە مێرد و مێرد لە ژنەکانیان... میللەتانی زلهێز لە میللەتە چکۆلەکان... تا دەگا بەبازرگان و دارتاش و بەقاڵ و سەوزە فرۆشەکانیش... تەنیا لە وەختی ئەو قۆپیە وەرگرتن و دانەدا کچان و کوڕان شەرمیان لە یەکدی دەشکا... ترسی کەوتن لە یەکدی نزیکی دەخستنەوە... نەک ئاسوودەگی، کور بۆ کچ و دەخەنییەوە و کچیش سەرمەستی قۆپیە وەرگرتن گەزێک دەمی دادەپچڕی، چ بەنازو عیشوەوە کوڕانیان فریو دەدا، هەرئەو وەختە حاڵی بووم کە هەرئاواهی دایکە حەوا باوکە ئادەمی فریو دا... سێوەکەی دەرخواردا.

ڕۆژێکیان کەیل ماندوو، ڕاگوزاری، بەکچانی یەکێ لە پۆلەکانم وت: (کچینە وا گوتمان کوڕان وا بێ زەوقن... بەڵام ئێوە بۆ...؟) تێکرا سەریان هەڵبڕی و پرسیان (لە بەر چی مامۆستا...؟)

(چۆن لە بەر چی...؟ نەک هەر ئەم پۆلەی ئێوە... زۆربەی پۆلەکانی تریش لە ئێوە خراپترن، وشک و برینگ... دیوارەکانی ناشرین، لە بەر قۆپیە بستێکی لێ نەماوەتەوە پاک بێ. ئێرە قوتابخانەیە یان شێتخانەیە...؟ لێرە پەرێکی پانکە شکاوە و لەوەی تریان پلاک دەرهاتووە... پۆلێکی دیکە دەسکی دەرگا و کێلونەکەی، تەختەکانی شەق و پەق... چۆن چەرخ و فەلەک دەکەوێت سەر زیکەزیک، لە ترسی بزماری هەڵتۆقیو ناوێریت نە دابنیشیت و نەپیاسە بکەیت، دەزانن تا ئێستا دوو پانتۆڵم هەڵتڵیشاوە، تەختە ڕەشەکەش کاڵ بۆتەوە و بەعەمەلی نوسین نایە... سەیری هەر چوار لای خۆتان بکەن بزانن تابلۆیەک هەڵواسراوە...؟)



ئاوڕێکی دواوەم دایەوە وتم: (هەر باشە... ڕەسمەکەی دکتاتۆر لابراوە...!) یەکێ لە کچە زیتەکان هەستایەوە و پێی وتم: (مامۆستا... حەزدەکەی هەر ئێستا پارە کۆ دەکەینەوە... سبەی دیوارەکانیش بۆیە دەکەینەوە لە بەر خاتری تۆ یەک دوو تابلۆی جوانیش دەکڕین...)

(جا بۆ لەبەر خاتری من...؟حەزم دەکرد خۆتان حەز بەجوانی بکەن... چەند جار وتوومە: پاکی دەرەوە بەپاکی ناوەوەی بنیادەم پەیوەستە... زەوق و جوانی یەکێکە لە ئاتاجەکانی مرۆڤ...)

سیامەند بەقۆشمەوە هەڵیدایە – (مامۆستا... هەق وایە ئەم پۆلانە هەر ساڵە و جارێک بۆیە بکرێنەوە... ئەی پیاو قۆپیە لە سەر چی بنوسێ...؟)

خەنیمەوەو خۆم لە گێلی داو تێ هەڵچومەوە – (چاکە کوڕینە... کێ ئامادەیە پۆلەکە بۆیاغ کاتەوە...؟)

شەش حەوتێک دەستیان هەڵبڕی

(کێ کورسی و مێزەکان بزمار کوت دەکا...؟) هەر هەموو دەستیان هەڵبڕی.

(ئەی تەختە ڕەشەکە...؟)

ئان و سات زەنگ لێی دا و بوو بەغەڵبەغەڵب و دوا جار وتم – (تا هەفتەیەکی تر دەمەوێ بێمەوە پۆلێکی وا کە نەیناسمەوە.)

چەند ڕۆژێکی دواتر چوومەوە هەمان پۆل، پۆلی کوڕ و کچی شەرمن تێکەڵ، چاوم بەدارو دیوارو کورسی و تەختە ڕەش و پانکە و پلاکەکان دا گێڕا... کۆڵێ گەشامەوە... پۆلەکە ڕۆناهی یەکی پتری تێ ڕژابوو... دوا جار چاوم لەسەر تابلۆیەکی هاکەزایی گیرسایەوە کە بەدیوارەکەی پشتەوەدا هەڵواسرابوو... پەڵەی ڕەش و زەردباو سەرکاشیەکانی ڕەنگ ڕێژ کردبوو.

دەمم هەڵهێنایەوە–(دەستتان خۆش... بەڵام ئەم تابلۆیە چییە...؟ سەدەها تابلۆی جوانتر هەن...).

ڕامان و پێکەنین... کوڕ و کچان تێکرا ئاوڕیان دایەوە و لەتابلۆکە ڕامان.

(جارێ با تێبگەم... ئەم تابلۆیە زەوقی کچانە یان هی کوڕان...؟) ژمارەیەک لە کچەکان دەستیان هەڵبڕی و هەڵیاندایە–(بۆ چییەتی مامۆستا...؟چەند کەڵەکێویەکە و لەناو مێرگێکدا دەلەوەڕێن... ئێمەزۆرمان لا جوانە...!)

ڕووم کردە کوڕەکان و پێم وتن -(کوڕینە بزانم زەوقی ئێوە چۆنە...؟ کچان بەزەوقی خۆیان تابلۆی ئەم کەڵەکێوی یانەیان بۆ کڕیوین... پەرەکمە ئێوەش تابلۆیەک بکڕن و لە شوێنی ڕەسمەکەی دکتاتۆر هەڵیواسن...)

ڕۆژێک دواتر کە چوومەوە ئەو پۆلە و لەبەرم هەستان، بەرلەوەی دانیشنەوە ئاوڕێکم دایەوە و بە دوو بست لە سەرووی تەختەڕەشەکەوە تابلۆیەکیان هەڵواسی بوو... لێی ورد بومەوە و دامە قاقای پێکەنین و بەدەست ئیشارەتم بو کردن کە دابنیشن کوڕەکان پرسیان:

(بەچی پێدەکەنی مامۆستا...؟)

(بەتابلۆکەتان...!)

(چییەتی مامۆستا...؟چەند ئاسکێکی جوانن و لە نێو مێرگێکدا دەلەوەڕێن.)

تاوێ ڕامام و لە کوڕو کچەکان ورد بوومەوە، چاوانی زیتیان وەک سمۆرە لە من نەدەتروکاند، تۆ بڵێی هەروا بەرێکەوت و غەشیمانە کوڕەکان تابلۆی ئەم چەند ئاسکەیان بەدیوارەکەوە هەڵواسی بێ...؟ تۆ بڵێی وەڵامێکی نیهاد پیسانە و حەرامزادانەی کەڵەکێوی کچەکان نەبێ...؟ لەیەکە یەکەی کوڕ و کچەکان ڕامام، جگە لە شەهوەت و هەوەسێکی شەرمن هیچم بەدی نەدەکرد، بەوپەڕی پاکی مناڵانە بەڕووی من دا خەنینەوە، دەشیان زانی هەر تاوێکی دیکەیە و واز لە دەرسەکە دێنم و لە کێشەی نێر و مێ دەدوێم، دیوارە ساختە و دەستکردەکانی ئەخلاق کەوای لێ کردوون ڕیزێک کوڕ و ڕیزێک کچ بەتەنیا و دوور لە یەکدی دابنیشن، شەوانیش هەر بەو پەڕی شەرمەوە خەون بەیەکدی یەوە ببینن، هەرجارە و تەڵەیەکیان بۆ دەنامەوە تا واز لە دەرسە وشکەکەم بێنم و لە خەمە کوشندەکانی ئەوان بدوێم...

فەرهاد-یان پرسی (مامۆستا بۆ ڕاماوی... هیچ بووە...؟)

وەک تاوانێکم کردبێ و پاگانە بکەم و لەو خەیاڵە پڕ شەرمە خۆ داتەکێنم... بەپەلە وتم-(نەخێر... هیچ نەبووە... بەس من تێ ناگەم ئێوە بۆ، هەردوو لاتان، بەکەڵەکێوی و ئاسک گیرسانەوە؟ دەیەها تابلۆی جوانتر هەن...)

شەرمن بەنازێکەوە، مەکر بازانە، وەک سەرە ژنێکی عەیار لێی پرسیم-(مامۆستا... تۆ حەزت لە چ جۆرە تابلۆیەکە تا بەتایبەتی بۆتی بکڕین...)

(من نەموتووە کەڵەکێوی یەکانی ئێوە و ئاسکەکانی کوڕان جوان نین... ئەم دوو حەیوانە زۆر ناسک و بێ گوناهن.)



وازی نەهێناو تێ هەڵچۆوە-(نە ء... مامۆستا... ئەم دوو تابلۆیە زەوقی ئێمەیە بوو... تۆش چیت چێ جوانە بۆتی دەکڕین.)

(من... من... حەزم لە دیمەنی گەڵاڕێزانە... یان زەردەپەڕی دەمەو ئێواران کە خۆر بستێکی ماوە ئاوا بێ... یان زۆرم پێ جوانە ئەو تابلۆیەم بۆ بکڕن... تابلۆی منداڵە سواڵکەرەکە کە لەبەر قاپی پۆلێک، ڕووت و ڕەجاڵ، وەستاوە و سەیری قوتابی یەکان دەکا لە وەختێکدا ئەوان لەو بێ ئاگان و دەرس دەخوێنن.)

بەڵێنیان دا کە یەکێک لەو تابلۆیانەم بۆ بکڕن.

کتوپڕ تاسام و بیرۆکەیەک وەک چرا لە نێو ڕۆحما داگیرسا، بروسکەیەک و چەخماخەی دا... بەدیار هەردوو تابلۆکەوە ئەبلەق بووم.

لێ یان پرسیم -(ها مامۆستا چیتە...؟)

(ڕاستی... ئیمڕۆ تۆزێ ناساغم)

هەموویان، لەبری مت بوون و خەم بۆ خواردنم، لە خۆشیان کەوتنە هات و هاوار و مقۆ مقۆ، تکایان لێ کردم کە خۆم ماندوو نەکەم... نازەنین بەر لە کوڕەکان جێی خۆی بۆ چۆل کردم.

(مامۆستا سەرمات نەبووە...؟)

(نازانم... بەڵام هەموو لەشم داهێزراوە... ڕەنگە هی گۆڕانی فەسڵ بێ... خۆ پیاو تێ ناگات... تاوێ زستانە و تاوێ بەهار...)

بێ هەست و خوست لەسەر تەختەکە دانیشتم و داوای یەک دوو لاپەڕەم کرد، هەر هەموویان دەفتەریان دەرهێنا و کەوتنە دڕاندنی لاپەڕەکان و دوو لاپەڕەی خورشیدیم لەیەکێکیان وەرگرت پێم وتن -(پێویستم بەخامۆشی یە... نامەیەکم هەیە، بێ تاقەتی، دەینوسم... ئێوەش بێ دەنگ سەعی بکەن.)

یەکێکیان هەڵیدایە-(مامۆستا دەرسی پێنجەم ئیمتحانێکمان هەیە.)

(دە باشتر... خەریک بن...)

سەرم نەوی کرد و کەوتمە نووسین... ئاگام لە قوتابییەکان بڕا...،

(برای بەڕێزم هۆشەنگ...)

هەر لە خۆمەوە حەزم نەکرد بەروار بنووسم، نەمویست نامەیەکی هاکەزایی بێ... تاوێ ڕامام و... دیسانەوە سەرم هەڵبڕی و تابلۆی کەڵەکێویەکان بەکێشی کردم... سەیرە... پڕ

بەدڵ حەزم کرد کەڵەکێویەک بومایە و لەگەڵ کەڵەکێویەکانی نێو تابلۆکەدا و دەنێو ئەو مێرگە سەوزەدا بلەوەڕیمایە... نەک مامۆستایەک کە ڕۆژانە وەکو توتی هەموو ڕۆژێک هەمان دەرس بڵێمەوە، گێژەنی خەیاڵێک بن گۆمی خستم، گەردەلوولێک دەیهێنام و گەردەلولێک دەیبردم... زۆری نەبرد لەبەر دیدەی خەیاڵما کەڵە کێوی یەکان یەکە یەکە لە تابلۆکە هاتنە دەرێ، بەخشکەیی بەنیو ڕاڕەوی نێو تەختەشەق و شڕەکانی پۆلەکەدا بڵاو بوونەوە... هەر کە ئاسکەکان ئەمەیان بینی چاوبازانە نیگایان بڕییە کەڵەکێویەکان و ئەوانیش یەکە یەکە وازیان لە لەوەڕ هانی و بەقاچ و قولی تەڕی نێو میرگی سەوزەوە داڕژانە نیو پۆلەکە، هەریەکەو خۆی خزاندە پاڵ کەڵەکێوی یەک و بۆنی پێوە دەکرد، سەرم هەڵبڕی و لەژێر لێوەوە بڵماندم- (ئاگاتان لێیە ئاسکەکان چ بێ شەرمانە خۆ لە کەڵەکێوی یەکان هەڵدەسوون...؟)

لەهێکڕا هەموو کچەکان سەریان هەڵبڕی و بەو پەڕی سەرسامی یەوە پرسیان-(چۆن مامۆستا...؟)

کۆڵی تەریق بومەوە و بەپەلە وتم-(هیچ... لەگەڵ ئێوەم نەبوو...!)

تاوێ نێو لەپی ڕاستم لە چەپ خشاند بەو نیازەی نامەکەم دەست پێ بکەمەوە... کتوپڕ ئاسکێکی چاو باز لمووزی لە لاڕانم خشاند، لیکی لینجی تاسەر گۆشت پانتۆڵەکەمی تەڕ کرد، وەک بڵێی کەڵەکێوی بم، بۆنی پێوەکردم... هەنوکە هەردوو تابلۆکە جگە لە دوو مێرگی سەوز هیچی دیکە نەبوون، دوو مێرگی سەوز لە دوورەوەش ئاسمانێکی شین باو، چەند لوتکەیەکی سەر بەتەم. کەڵەکێویەکان، بێ پەروا، لمووزیان بۆ سینەو مەمکی کچەکان درێژ دەکرد، ئەوانیش سەرسام و ئەبڵەق... بەترسێکی زۆری لە دڵدا بارەوە دەپرینگانەوە، دەخەنینەوە، کتێب و دەفتەر و قەڵەم و پەڕە کاغەز بەدەستیانەوە شل دەبوون... دەکەوتنە بەر پێ یان، هەر بەلمۆز ئادەمیانە کراسی کچەکانیان هەڵدەدایەوە، هەندێکیان شاخی زبریان لە بەلەکی ڕووتی کچەکان هەڵدەسوو، لە خۆشیانا ختوکەیان دەهاتێ و دەتریقانەوە، ئاسکەکانیش لچ و لێویان لە سمێڵی کوڕەکان دەخشاند، تا دواجار کەوتنە لستنەوەی لاڕوومەت و چەناگەی نەتاشراویان، بەر و پشتی دەستیان... ئاسکەکان بۆنیان بەتەختەکانەوە دەکرد... بەیادی ئەو وەختەی کە هێشتا درەختی سەوزی دارستانەکان بوون، بەر لەبڕاندنەوەیان... تاوێک و بەهارە و گەواڵەی هانی... بگرە ئاسمانی نێو هەردوو تابلۆکەش تاریک و لێڵ بوون... هەوەڵی نم نم دەباری... هێدی هێدی تاوی سەند... لە کەلێنی پەنجەرەکانەوە... بەدیوارەکە دا دەرژاو بەر پێ و سمی



کەڵەکێوی و کوڕ و کچ و ئاسکەکانی تەڕ دەکرد، تەختە ڕەق و وشکەکانی پۆل لەبەر چاوما چرۆیان دەکرد... سەرەتا چزووی زەرد باو... تا دەهات کەسکتر هەڵدەگەڕا، بۆنی دارستانیان بەپۆلەکە بەخشی یەوە، کچ و کوڕەکان بەتەواوی دەستیان لە قەڵەم و کاغەز... کتێب و دەفتەر بەردا و کەوتنە دەست گەمە، کچەکان چ بەناسکی... چ نەرم و نیان دەست و گەنجەیان لە قۆچی زبری کەڵەکێویەکان هەڵدەسوو، لێوی تەنک و تەڕیان لێوە دەخشاند، بێ شەرمانەش لەمن ڕادەمان، ئەوانیش سەریان نەوی دەکرد و شاخی خۆیان بەو بەلەکە لووسانە دەخوراند وەک بڵێی لەقەدی درەختێکی هەڵدەسوون، لێرەو لەوێ قشپل و تەرسەقولیان بەردەدایەوە سەر کاشی یەکان، بۆنی قەرسەقول کچ و کوڕانی پۆلەکەمی هار و کاس و گێژ و خێل کرد، بۆنێکی زاڵ بەسەر عەتری جۆر بەجۆری کچەکان، تاو ناتاوێ کچێک دەیقیژاند:توومەس قژی پڕ و پەخشی لە قۆچی کەڵەکێوی یەک گیر بووە، تاوێک کوڕێک دەیقیراند:توومەس ئاسکێک توند گازی لە گەنجەی شایەتمانی گرتووە، هەر کەڵەکێوی بوو دەینرکاند و دەبووە قاندڕی کەڵەکێوی یەکی دیکە؛لەسەر ئاسکێکی بێ باک و چاو زەرد شاخی یەکدیان دەشکاند، کوڕەکانیش لەچاوی پڕ لە سیحر و گەورۆنەی ئاسکەکان ورد دەبوونەوە... پڕ بەپۆلەکە هاواریان دەکرد- (ئەها... نازەنین... وەرە ئێرە شیرین... سەیری کە کەژاڵ... ئەها نازدار... چاو چاو گەری... چاوی ئەم ئاسکە سەد سوێند دەخۆی چاوی تۆیە...!)

ئەوانیش شاشۆخانە پێ یان لە زەوی دەکوتا و لە خۆشیانا دەتریقانەوە، شکانی شەرم لەسەر سیمایان شۆختری دەکردن، چەندین ئاسک خۆیان لە چنگی کوڕەکان ڕاپسکاند و چوونەوە تەک کەڵەکێویەکان هەمدیس کەوتنەوە بۆنکردنی پاشەڵی ئاسکەکان، کارئاسکێکیان بازی دا و لەپی پێشەوەی لەسەر کاغەزەکەی بەردەمم دانا، قەڵەمەکەم کەوتە ژێر سمی ڕیخنی، سەرم هەڵبڕی... لەو چاوە سیحراوی یانەی ڕامام... وە لەو عیشوە و نازە... لەو تێڕامانە جەرگبڕە... بەزبانێکی پاپی حەیوانی دەیدواندم... بەو دوو چاوە گەشانەوە کە غەرقی شەوقی شەهوەتێک بوون بۆم پێدەکەنی... لە چاوانی (مەها)دەچوون... ئەو کچە عەرەبەی یانزە ساڵ لەمەوبەر، لە بەشی فەلسەفە، شەیدایی بووم، کەچی زۆر زاڵمانە پێی وتم-(من ئاسکێکی ئەو بیابانەم و لە نێو ئەو شاخ و داخەی ئێوەدا قاچ و قولە ناسکەکانم لەت و پەت دەبن...!)لەو چاوانە ڕامام... سپێنەی زەردباو... گلێنەی خڕوگەورۆنە، بازنەیەک لە ڕەنگی قاوەیی تۆخ و ڕۆح تەزێن، برژانگی ئەو پێڵووە ڕەشانەی کە چ گران شەوقی ئەو چاوانەی لێ دەکوژاندمەوە و هەڵی دەکردەوە،

ویستم دەری کەم... زاتم نەکرد... ئەو چاوانەی سیحریان لێ کردم و سڕ بووم... شەرمم لە کچەکان کرد دەنا دەمم دەخستە نێو دەمی... چش لە حەیاچوون و ئەو لێوە پڕ و تەڕانەم تێر ماچ دەکرد کە تا ئەو حەلەش بۆنی سەوزە گیای لێ دەهات، بێ شەرمانە... بەسۆزەوە... سۆزی مێینەیەک لمۆزی لە لووتم خشاند... موچڕکێک ئازای جەستەمی بەمێروولە خست، چەند جارێک گوێ یەکانی قوت کردەوە... وەک ژنێکی شەهوەت باز کە ئالۆشێک گڕی تێ بەردابێ تێم ڕاما، هەردوو دەستم دەلەرزین و جۆگەلەی پشتم ئارەقەی دەردا، تەوێڵیشم زەنگۆڵ زەنگۆڵ ئاونگی لەسەر قەتیس ما، سووکێ بەزمان بۆمی لستەوە... خودا چی بکەم... شەرمم لە خۆکرد و ویستم خێرا و بەپەلە خۆڵەو خەیاڵە پیسە، ئەو هەوەسە هارە دامالم... شەپازللەیەکی نەرمم بەلمۆزی دا کێشا... ئەبەد... نەسڵەمی یەوە ددانی لە قەڵەمەکەی نێو گەنجەم گیرکرد و تووڕ هەڵی دا... ڕێکەوت دەنێوان هەردوو مەمکی یەکێک لە کچەکان گیرسایەوە، چاوێکم بەپۆلەکەدا گێڕا... نازانم... خەونم دەدی... دەنا ئەوەی کە من بینیم گەر چاوم ڕەشکەوپێشکەی نەکردبێ حەیابەر بوو... لێم تێکچوو. کچەکان و ئاسکەکان بۆ لێکدی جیا نەدەکرایەوە... کوڕەکان و کەڵەکان... کوڕەکان و ئاسکەکان، ئاسکەکان و کەڵەکان... کەڵەکێوی و کچەکان، کەڵە کوڕان... ئاسکە کچان... هەستامە سەر پێ و ویستم لە ئاوقای ئەو ئاسکە عەییار و بێ شەرمە خۆ قوتارکەم، بە هەردوو لێوی ئەستووری پەنجەی شایەتمانەمی گرت و کەوتە دوام، کتو پڕ زرنگەی زەنگ کاس و خەبەرداری کردین... دەیەها کوڕ و کچ پشتیان بەدەرگاکەوە قرساند، دەیەها کوڕ و کچی دیکەش لەودیو دەرگاکەوە هاواریان دەکرد– (مامۆستاوەختی پشووە... مامۆستا زەنگ لێی دا) بەشەرم و ترسێکەوە هاوارم کرد–(دەباشە... باش... تێگەیشتم... تۆزێکم ماوە.)

کچ و کوڕەکان تکایان لێ کردم کە دەرگاکە نەکەمەوە، سێ لە کچەکان کەیفسازانە سواری پشتی سێ کەڵەکێوی ببوون و بەنێو پۆلەکەدا دەخولانەوە، کراسیان تا بەر کەفەلان لێ هەڵکردبوو، بەلەک و ڕانی سفت و سپیان لە پشت و سکی کەڵەکان توند کردبوو، زوو زوو دەخزین و خۆیان بەشاخی شکاوەی کەڵەکان دەگرتەوە، چرۆکانیش تا دەهات پتر باڵایان دەکرد... گوڵیان دەدا... پۆلەکەش لەبەرچاوم پتر دەکشا و گەورەتر دەینواند، تەوژمی بارانیش تین و تاوی دەسەند و لە کەلێنی پەنجەرەکانەوە دەڕژایە سەر تاقەکان و بەدیوارەکەدا چۆڕاوگەی دەبەست و چەندین جۆگەلەی باریکی لەبەر دەمما دەتەقاند... جۆگەلەیەک، دووان، سی یان... ئاسکەکانیش بەلۆقەی ناسک لەم بەرەوە بۆ ئەو بەر



بازیان دەدا، خەون بێ یان خەیاڵ پۆلەکەم لێ بوو بەدارستان، سەدەها چۆلەکە پاساری سەر درەختی ئەو دیوی پەنجەرەکان لە جریوە نەدەکەوتن، مەلی سەیر و ڕەنگین کە من ناویانم نەدەزانی، شێتانە خۆیان بەجامی پەنجەرەکان دا دەدا و هاڕڕەیان دەکرد و دەشکان، بێ شوومار لەتە شوشەی شکاو ڕژانە سەر زەوی پۆلە–دارستانەکەم... نازانم... ئەو هەموو خوێنە چی بوو...؟ گوڵی باراناو لێرە و لەوێ سوور دەبوون یان خوێنی ڕژاوی بێ بن بوونی کچەکان بوو؟سەدەها چۆلەکە و کوکوختی و شالوور و مەلی دیکەی بێ ناو لە گەنجەرە شکاوەکانەوە دابارینە پۆلەکەو بەسەر سەر و پرچی پەخشی کچەکان و شان و ملی کوڕەکان دا سووکێ نیشتنەوە، کچ و کوڕەکان، کە یەکدیان دەدواند، دەبوو لەبەر هاش و هووشی باڵی مەلەکان دەنگ هەڵبڕن، کوڕەکانیش ئەو فڕکە فڕکەیان بەهەل دەزانی و دەمیان دەنا بەکوێی کچەکانەوە، دەمدی سەر زبانیان لە نەرمایی گوێی کچەکان هەڵدەسوو، یەکێ لە کوڕەکان وەک مەیموون خۆی بەپانکەکە شۆڕ کردبۆوە و دەیزیقاند و دەتریقایەوە، لەو پۆلەی کە تەختەکان تازە چرۆیان دەکرد... دەمار و ڕیشاڵی مردووی دارەکان لەو باراناوەی دەخواردەوە:کەڵەکێوی و ئاسکەکان هیچیان شک نەدەبرد بیخۆن، لە برسانا ددانیان لە کراسی کچەکان گیر دەکرد و هەڵیان دەزڕاند، هەندێ لەوانەش شەرمن بوون بەزۆر دامێنی کراسەکانیان دەئاخنییە نێو کەڵبە و ددانی کەڵەکان... پێم وتن– (کچینە ئاسکەکان لە تەبیعەتی بزن دان... گەر برسی بن کاغەزیش دەخۆن...)

لەخۆشیاندا سەدەها کۆتری چەپڵەیان هەڵفراند، یەکە یەکە کتێب و دەفتەرەکانیان دەرهانی و گەڕ بەگەڕ بەبایان کرد، ئاسک و کەڵەکان سەرگەرمی جوینی کاغەزەکان بوون، ئەوەیان شیعری فەقێ تەیران–ی بەدەمەوە بوو، ئەوەی تریان قەرسەقولی بەردەدایەوە سەر تیۆرەکانی (ماکس فێبەر)، قانونی مەندەل، هاوکێشە قورسەکانی کیمیا، کارئاسکێک چەند ئایەتێکی لە سورەتی (بەقەرە)وەک لاسکە گیا قووت دا، شیعرەکانی موتەنەبی و ئیمروئلقەیس خوران، یاسای ئەرخەمیدس... چاوتروکانێک و ئاسک و کەڵەکان پارچەکاغەزیان لە پۆلەکەدا نەهێشت، هەر هەموویان هەڵلووشی، کوڕ و کچەکانیش لە خۆشیانا دەستیان لە ملی یەکدی دەکرد و دەگریان... پێدەکەنین و دەگریان... قەت نەمدەزانی ئەوان ڕقیان لە کتێب و دەفتەرە، بەکەیفەوە کەوتنە لستنەوەی لچ و لێوی کەڵەکێوی و ئاسکەکان، ئەو حەیوانە بزێوانە ئەوەندە مەعریفەت خواردبوو لەوەدا بوو بەقسەبێن، هەستیشم پێ کرد... ئەمجارەیان حەیوانەکان لمووزیان دەنا بەبناگوێی کچ و کوڕەکانەوە چ ڕازێکیان دەدرکاند...؟من چوزانم...؟تاوێک و هەر هەموو کوڕ و کچەکان

هاتن و بازنەیەکیان بەدەورما کێشا و چوار دەستە بەرزیان کردمەوە و بابە خولەیان پێ کردم، ڕووەو بنمیچ هەڵیان دەدام، باوەشی نەرم و نۆڵی کچان... سینەو بەرۆکی ساوایان سەرینی ژێر سەرم بوون، پێ یان دەوتم-(سوپاس مامۆستا... کوڵێ قەرزاری تۆین... بەساقەی سەرت بین... ئیتر تەواو... چیتر کتێب و دەفتەر نابینینەوە؟ئیتر مامۆستا دڵ ڕەق و مڕ و موچەکان نامانخەن...؟ئیتر بەسەر چوو ڕۆژانی سەختی ئیمتیحان...؟ڕۆژانی دڵە لەرزە و قۆپیە و سووکایەتی و شەرم و شکانی بەردەم دایکان و باوکان...؟تەواو هەڵمژینی تۆزی تەباشیر...؟ سوپاس بۆ حیکمەتی تۆ مامۆستا... ئیتر لەمڕۆ بەدواوە تۆ ڕابەرمانی... تۆ مامۆستا و سەروەرمانی...!)

تکام لێ کردن کە من ناساغم: (با بەس بێ بابە خولە و ڕووەو بنمیچ هەڵدانم) وازیان لێ هێنام و زۆر نەرم و نیان... بەمیهرەوە چەند کچێک بلوزیان لەبەر خۆداکەند و لەژێرما ڕایان خست، لەودیو دەرگای پۆلەکەش کە توند دامان خستبوو چ هات و هاوارێک کاسی دەکردین، بە سێ تەختەی لەسەر یەکدی کەڵەکەکراو گشتی دەرگامان گرتبوو، (حەمە)ش کە لە هەموان قەڵەوتر بوو لە سەرووی تەختە کەڵەکە کراوەکان ڕوونیشتبوو... هەردوو قاچی شۆڕ کردبۆوە و جۆلانەی پێ دەکردن، پێڵاو و گۆرەوییەکانیشی لێ فڕێدابوو، هەردوو کەڵە پەنجەی پێی ڕاست و چەپی خستبووە مابێنی لچ و لێوی دوو کارئاسکەوە، ختووکەی دەهاتێ و دەخەنییەوە، لە سۆنگەی ئەو بابەخولە پێ کردنە هێشتا بەری چاوانم لێڵ بوون کە سەرم هەڵبڕی، لەوە دەچوو تازە لە خەوێکی قووڵ ڕابووبم، چاوانم هەڵگلۆفی... سەیری سەعاتەکەم کرد... سەیرم لێهات کە وەستاوە... هەر دوانزە ژمارەکەشی کاڵ ببوونەوە، ویستم بزانم میلەکەی لەسەر چ ژمارەیەک وەستاوە... مەحاڵ بوو... لە چوار گۆشەی مانگ ژمێرەکە وردبوومەوە... سەیرە... من دڵنیام دوێ شەو خستمەوە سەر بەرواری چواردەی (گولان) کەچی هەنووکە لەسەر جۆزەردانە... کە پتر بەری چاوم ڕوون بۆوە... چی ببینم...؟ هەر ئاسکە و کەڵبە لە پانتۆڵی کوڕێک گیر دەکا و ڕایدەتەکێنێ... هەر کەڵەکێوییە و لە برسانا بەقەپ کراسی کچەکان دادڕێنێ، هەر تلێشە و بەدەمیانەوە دەیجوون، هاوارم کرد - (کچینە... کوڕینە... نێو تەختەکان بگەڕێن... بزانن چ کتێب و دەفتەر نەماوە...؟).

تێکڕا دەنگیان هەڵبڕی -(نەماوە... نەماوە...!)

نیهاد گیسانە وتم - (دەکەواتە لە جلەکانتان خۆش بن... کە کاغەز نەمابێ... ناچار پەڕۆ بخۆن...!)



هەندێکیان چ زوو پانتۆڵ و کراس و فانیلە و دەرپێ و گۆرەوییان خوارد... ڕووت و قوت بەنێو پۆلەکەدا کە لەبەر دیدەما پان و پۆڕتر دەینواند دەست لەملانێ دەخولانەوە، چەند لە ئادەم و حەوا دەچوون، ساتە وەختی ئەوەڵ خولقان، بەر لە فریوی سێو و شەیتان، بێ باکانە بەچوار دەورمدا دەهاتن و دەچوون، بەزبانێک قسەیان دەکرد کە من هەرگیز لەمەوبەر نەمبیستبوو... تەنیا ئەو حەلە زانیم کە بەقەد ڕقیان لە کتێب و دەفتەر... لە کراس و دەرپێ بێزارن. کچەکان یەکە یەکە دەستیان بۆ ئەودیوی پەنجەرەکە شکاوەکانەوە درێژ دەکرد و هەریەکە گەڵایەکی دەقرتاند تا عەورەتی خۆی پێ داپۆشێ. لەژێر تەختە تازە چرۆ کردووەکان، لە بنەبانی پۆلەکە، لە هەر چوار قوژبنەکە... بێ شەرمانە سەر و قاچ و لمووز و بەلەک و پێ و شاخ و کلک و ڕان و لاقی تووکن و پووز و سک و لێوی تەنک و لچی ئەستووری کەڵە کوڕ و ئاسکە کچەکانم بۆ لێکدی جیا نەدەکرایەوە، پۆلە-دارستانەکەم وا پڕ و تێکەڵ و سیخناخ بوو نەمدەزانی کامە ئاسکە و کامەیان کچە، کامەیان کوڕە و کامەیان کەڵەکێوی... وا وێکدی دەچوون: نەمدەزانی ئاسکە و کامە ناسکە، کامەیان شەمکوڕە و مامز و ئاهوو... کامەیان شەرمین و مریەم و ئارەزوو، ئەمەیان هۆگرە یان ڕەشمەگر، ئەمەیان ڕەنەیە یان ڕەوەز...؟ کە بانگی یەکێکیانم دەکرد، بەدەم مشەمش و هانکە هانکەوە هەر هەموویان هاواریان دەکرد: (گیان مامۆستا...!)

لەنیو هالاوی گەرمی هەناسەی هەموان دا تاسام و لەسەر تەختەکە بەربوومەوە کەوتمە سەر زەوی یەکی هەم تەڕ و هەم گەرم، بەهەر چوار دەوورمدا دەیەها کەلەکێوی و ئاسکم بینی، دەیەها کچ و کەل، کوڕ و ئاسکی چاوباز... وان لە باوەشی یەکدی... لە حەژمەتانا بورامەوە، لە زرم و کوتی دەرگای پۆلەکە وە ئاگا هاتم، بەسەدەها مستەکۆڵە و پێ لەقە دەیانکوتا، خۆم لە باوەشی کچێکدا بینییەوە و یەکێ لە کوڕەکان ئارەقەی سەر تەوێڵم بەسمی خڕی دەسڕێتەوە، کچە سەرمی خستبووە نێوان هەردوو شەمامەی باخەڵی، پتر لێی ورد بوومەوە، چوار پەلی... چوار لاقی باریکی ئاسکێک بوون کە دەترسام لەژێر سەنگ و قورسایی من دا بشکێن، کوڕەکەش... لەوە دەچوو ناوەکەیم بیر چوو بێتەوە، کە خەنییەوە و بەسەرما نوشتایەوە، بینیم جووتێ شاخی کەڵەکێوی یەک لە تەپلی سەری ڕووان، زیاتر کێلی کردمەوە، چاوێکم بەژوورەکەدا گێڕا... مەخلوقاتی سەیرم بینی؛ نیوە ئاسک و نیوە کچ، نیوە کەڵ و نیوە کوڕ، لە ناوک بەژێرەوە: چوارپەلی هی ئاسک و سەر و سیماش هی کچ، بەسەر و سمێڵ کوڕە و بەشاخیش کەڵەکێوی، دەیەها بێچووش لە ئاسکە کچ و کەڵە کوڕ کە بۆنی شیر و مسک لە دەمیانەوە کاسی دەکردم، چ سۆزێکە وای

لەو هەموو مەمک و گووانە شیریان لێ بتکێ، وەک فرمێسکی گەرم لەو گۆی مەمکانەوە دەڕژا کە دەتوت دانەی ڕەش و سووورباوی شاتوون، حوکمی زەمەن کاملّی دەکردن... نەک پیری... وەلێ چ ئازاد و کەیفساز و خۆش مەشرەفتر بوو، بەدەم گۆرانی و بالۆرەوە سەمایان دەکرد و دەلەنگینەوە، سەمایەک دەمارێکی گرژ لە لەشدا ناهێلّێ، چرچ و لۆچەکانی ڕووخسار لابەرێ، لەرزە لێوو لەرزە دلّ بمرێنێ، بالۆرەیەک کە هەموو خەمێکی کۆنینە بفەوتێنێ، لە هەر چوار لاوەش کۆلّی بەدیواری پۆلەکان قەلّس و بێزار بوون، پاشەلّی ڕووتیان لە من دەکرد و هێزیان دەدا بەر خۆ تا بەدیوی دەرەوەدا دیوارەکان بخزێنن... پێم وتن:

(ئەوە بەتەمای چین...؟)

وتیان -(مامۆستا تۆ خەوتبووی... ئەوە عومرێکە خەریکین، هەر ڕۆژە و قولانجێ لەم دیوارە دەبزوێنین...!)

پێم وتن: (کوڕینە... کچینە ئەو هات و هاوارەی دەرەوە زیادی کرد...!)

(هیچ نییە مامۆستا... شەڕ لەسەر ئەوەیە لە کونی دەرگاکەوە سەیرمان بکەن...)

(ئەی بۆ کوێ دەچن... چی لەدەست (ست نەجیبە)قوتارتان دەکا...؟)

یەک دەنگ وتیان- (با بڕۆخێ بەڕێوەبەری سەر ڕشکن و خۆنەشۆر...!)

بەترسەوە وتم- (ئاخر... تاکەی لێرە دبین... هیچ نەماوە بیخۆین... کتێب، دەفتەر، کراس... ئێوە تاکەی لە زاوو زێ ناکەون...؟با دەرگاکە بکەینەوە دەنا پۆلەکە دەتەقێتەوە...!)

هەر هەموویان بە یەک دەنگ هاواریان کرد- (نەکەی مامۆستا... چش لە تەقینەوە... تۆ دەزانی چ حەیاچونێکە... لێرە لەبرسا بمرین گەلێ چاکترە... تازە نە باوک و نە برا، نە دایک و خوشک، نە خزم و خوێ، نە دەرو دراوسێ... کەس بەم حالّەوە ئێمەی ناوێ، دەستمان دامێنت مامۆستا... تازە ئێمە تیاچووین... ئەو هەموو کچە بێ بن و ئاوسانە بچنەوە لای کێ...؟ئەو هەموو کوڕانەی شاخیان لێ ڕواوە لە عورف و عادەتڕ باو و باپیرانیان شۆران...)

غەلّبەغەلّبی دەرەوە تا دەهات پتر کاسڕ دەکردین، لێکدا لێکدا زەنگیان بۆ لێ دەداین، هەر هەموو بووین بەپشت و پەنای یەکدی و بەربەستی پشت دەرگاکە... زرنگ... زرنگ... زرنگ... لەوە دەچوو چی زەنگی مالّان و قوتابخانەکان لە شاردا هەبووبێ بۆ ئێمە لە



زرنگەدا بووبێ تا تێبگەین ئەو دەرسە دوور و درێژە تەواو... کۆتایی هات... من ڕاما بووم چۆن لەو نەهامەتیە خۆ ڕزگار کەم، لە شۆڕشی کەلّە کوڕان و ئاسکە کچان ن دلّنیا بووم کە دواجار بەتاوانی هاندانی قوتابییە کوڕ و کچەکان بۆ کڕینی ئەو دوو تابلۆیە دەخزێمە قەفەزێکەوە و شارێکم لێ هار دەبێ و لە سۆنگەی ئەو گوناهە کە بیرەیە هەلّدەواسرێم، بەوە خەتابار دەکرێم: بۆ ڕێگەم دا کچەکان تابلۆی کەلّەکێوییەکان بکڕن...؟

ئەوەشیان هەر قەیدی نا... بۆ هێشتم کوڕەکان کۆمەلّێ ئاسک بۆ هەمان پۆل ڕاپێچن. ؟پۆل حەرەمی عیلم و مەعریفەتە یان تابلۆ هەلّواسین...؟چش لەو دوو تاوانە: بۆ هێشتم کەلّەکان لە تابلۆکەوە بێنە دەرێ...؟منێک کە مامۆستا و ڕابەرم بەچ هەقێک هێشتم لاپەڕەکانی کتێبی کیمیا و فیزیا و ماتماتیک و ئایین بکەونە بەر کەلّبەی ئەو حەیوانە لەعنەتییانە... ئەوەشیان هیچ... قەت بووە کراس و دەرپێ ببن بەخۆراکی چەند ئاسک و کەلّێکی برسی، کە بەبەرچاومەوە لێکدی ئالّان بۆچ بەدار پشتی هەموویانم نەشکاندووە...؟بۆ هەر تاوانێکم خەلّکی تووڕە و داخدار هەلّدەستنە سەر پاشووان. هەرچی زووە چاوەڕێی دوا بڕیاری لە قەنارەدانی چەپەلّترین مامۆستا و بەد ڕەوشتی شار دەکەن، تا ببم بەدوا عیبرەت و پەندی زەمانە، هێشتا غەریقی خەیالّات بووم کە لەناکاو پۆلەکەم تەقیەوە هەریەکێکمان وەک پووشی بەربا بەلایەکدا فڕین، مەخلووقاتی ڕووت و قووت ئاسکە کچ و کەلّە کوڕ ڕژاینە بەرپێی مامۆستا و قوتابیانی ئەبلّەق، ست نەجیبەش کە ئەو هەموو گۆشتە ڕووتەی بینی بەهەلّەداوان غاری داو دەرگای حەوشەکەی خڕ کلیل دا. بەنێو حەوشە و ڕاڕەوەکاندا سەدەها مەخلووقاتی سەیر و ناسک... نیوەی کچ و نیوەی ئاسک... لە هەلّبەز و دابەز نەدەکەوتن، دەیان گرماند... کەلّەکور و کەلّەکێویەکان بە دوای ئاسکەکچەکانا کەوتنە لۆقە، زرمەی تەقینەوەکە قوتابخانەکەی هێنایە لەرزە، چەندەها پەنجەرە هاڕەیان کرد... چی مامۆستا و قوتابی لەبەر دەرگا بوون بە بای ئەو تەقینەوەیە وەک گەلّای هەلّفڕین، ژمارەیەک بە سەختی زامار بوون، ست نەجیبە لێکدا لێکدا هەردوو لا ڕوومەتی خۆی دەڕنیەوە... هەلّدگەڕی هاواری دەکرد- (خودایە... ئەم لەعنەتە لە کوێوە بۆ من داباری...؟) مامۆستاکان، چ نێر و چ مێ، بەزەبری دار ویستیان قوتابییەکان لە پۆلەکان پەستن، ڕێک پۆشەکان لە ڕووتەکان جیا بکەنەوە، وەلێ فریا نەکەوتن، هەر کراسی ڕەشی کچانە بوو وا بەدەمی نێرییەکەوە، چاوترووکانێک و تەنیا ئاوەلّ کراسیان لەبەردا مایەوە، چاوترووکانێک و لە هەللّا و بەزم و قاووقیژی نێو قوتابخانە، سەر دیوارەکان پڕ بوون لە مندالّی لاسار و چەتوون، لە خۆشی و سەرسامی ئەو دیمەنە کەوتنە

هەلەکەسەما و چەپڵە و فیکە و جڕت کێشان، هەندێکیان ئیبلیسانە خۆیان هەڵدایە نێو حەوشە و لە بن دەست و پێ و سمی کەڵەکوڕ و ئاسکەکچەکان خۆیان بزر کرد، هەر کوڕە قوتابی بوو بێ شەرمانە پانتۆڵەکەی هەڵدەدا، چاکەت، کراس، دەرپێ، پێڵاو... ئەو جووتانەی دەمێک بوو عەودالّی یەکدی بوون خزانە نێو پۆلەکانەوە، نامەی شاراوەیان لە گیرفان دەردەهانی، نامەی عیشق و ئەڤین، بەدەم هەنسکەوە بۆ یەکدییان دەخوێندەوە... ئەو نامانەی کە قەت بەئومێد نەبوون بگەن، کچان وەک بلێیی سواری ئەسپە دارینە بن بەسەر کەڵەکانەوە خۆیان ڕادەتەکاند، توند دەستیان بەقۆچەکانەوە دەقرساند تا پارسەنگی خۆ ڕاگرن، ڕوومەتیان لەو شاخە زبرانە دەخشاند و دەخەنینەوە، خۆشم سەرسام و گیرۆدە لەو مەملەکەتە ڕادەمام، لەناکاو ئەو کچە شەرمنەی دەمێ بوو عەودالّی حیکمەت و قسە نەستەقەکانم بوو پەلی گرتم، ئاماژەی بۆ ژێر قالّدرمەیەک کرد، لێیی ورد بوومەوە ئاونگی لێ دەتکا، نەمزانی تنۆکی ئارەقە یان تنۆکی باران وا شیرین بەسەر ڕوومەت و چەناگە و سینەی ساوای دا دەبرسکێنەوە... بەچاوانی ئەڤین تکێنی دەیدواندم -(مامۆستا ئەوە یەکەم هەل و دوا هەلی من و تۆیە...)ئان و سات ست نەجیبە بوو بەلەمپەری نێوانمان، ڕەفتەکەی لەسەری کردەوە و کردی بەچاوبەستی کچە و لە پشتەوە گرێیەکی لێ دا، کوێرە گرێیەکی وا توند کە نەکرێتەوە، ئەو چاوە شەرمنانەی لێم بزر بوون، دەمارگیرانە هاواری لە مامۆستاکان کرد هەریەکە و ڕوو لە پۆلێک بکا و بەزۆری جووتە تێک ئالّاوەکان لێکدا بڕن و وەدەریان نێن، فەرمانی دەرکرد لەبن و بۆتەکەوە شابسک و کەزی و قژی کچەکان دەردەکێشن، هەر ماۆستا قەفی لوولکراوی قژی کچێکی بەدەستەوە بوو، وەک تەرک بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشا، نازانم ئەو هەموو دار و حەیزەران و قامچیانەیان لە کوێ شاردبۆوە کە لەشی ڕووتی کەڵەکوڕ و ئاسکەکچەکانیان پێ ئاگر دەدا، ئەوانیش بەسەر ئەو کۆنکریت و کاشیانەدا تلیان دەدا و دەتریقانەوە، ئارەقە و شەهوەت پتر هاری دەکردن، شریخەی قامچی، وژەی حەیزەران، ئاهو نالّە، نرکە و هەنسک، حەژمەت و حەسرەت، هێشتا سەرسامی ئاونگی سەر ڕوومەتی ئەو ئاسکەکچەی بەر دەمم بووم کە لە ناکاو ست نەجیبە بەشەپازللەیەک لا ڕوومەتی ئاگر دا، وەک پەنگر داگیرسا، سووکێ پەنجەکانمی لە کەلێنی پەنجەکانم دەرکێشا، بە زەحمەتێکەوە چاو بەستەکەی وەلادا... وەی لەو چاوانە... چاوانێ غەرقی گریان و گازندە و گلەیی، تێم ڕاما... ست نەجیبە شێتانە چنگی لە مەچەکم پیر کرد و ڕووە و ژووری خۆی بەکێشی کردم، خۆم ڕاپسکاند و نەچووم، چەندین کوڕ و کچ لە ترسانا بەسەر درەختەکانی نێو حەوشەکەدا هەڵگەڕان، دیمن بەگەڵا یەکدی



دادەپۆشن، سەیرە... بەڕووتی چەندی لێکدی دەچن، نەمدەزانی کامەیان کچە دەوڵەمەندە و کامەیان کوڕە هەژار، لە سەد لاوە ماچ و سڵاویان بۆ دەناردم، لەناکاو دایکردە باران... بوو بەکەرنەڤالّ... هەر هەموو لە پۆلەکانەوە... ڕەوە ڕەوە... جووت جووت دارژانە نێو حەوشەکەوە، جگە لەو جووتانەی لەژێر قالّدرمەکەدا دەست لەملانێ نوستبوون هەر هەموو دەستیان بۆ ئاسمان هەڵبڕی بوو، ڕێچکە باران لە کەلێنی پەنجەکانیانەوە دایدەشۆرین تا لەبەر پێیان دەبوو بەحەوزێکی چکۆلە لە جواناوی لەشیان، هەریەکە لە کچ و کوڕەکانی دیکەی پۆلەکانی تر کتێب و دەفتەرەکانی خۆیان هانی و لەژێر تارمەکەدا گردێکیان لێ هەڵبەست، زۆریشیان سەرمەستی سەمای ژێر باران، بێ ئاگا لە خۆیان، لە بەڕێوەبەر و مامۆستاکان، لە حەشامەتی سەر درەخت و دیوارەکان... لە دنیا... تێکچڕژا بوون، تنۆکی ئاونگی سەر ڕوومەت و لێوی یەکدیان دەلستەوە، لێکدی خزابوون، یەکێ لە کەڵەکوڕەکان دەنکە شقارتەیەکی ئاگردا و هەڵیدایە سەر گردی کتێبەکان، چ زوو ئەم لاپەڕە لەو لاپەڕە، ئەم بەرگ لەو بەرگ، ئەم کتێب لەو دەفتەر ئاگری دەدزی... حەشاماتی بەر بارانەکە بەهەڵەداوان و بەیەک دوو لۆقە باز هەڵقەیان بەدەوری ئاگرەکە بەست، ڕووناکی گڕەکە لەسەر جەستەی تەڕ و ڕووتی کوڕ و کچەکان سەد و یەک ڕەنگی دەنواند، چ ئارام و ئاسوودە یەکدیان ماچ دەکرد... پیرۆزباییان لێکدی دەکرد... دەگریان... دەتریقانەوە... چەپڵەی خۆشیان لی دەدا...

(وەشی لە دەست ماتماتیک... خۆ قوتارمان بوو...!)

(وەی لەو کتێبە قورسانەی پڕ بوون لە درۆ و دەلەسە کە هیچترین قاچاغچی دەستی بێ میزیان پێدا دەکا...!)

(ئاخر کە نەوێرم نامەیەک بۆ دلّخوازەکەم بنووسم بۆ بەشەق شیعرەکانی نالی و وەفایی-م پێ ئەزبەر دەکەن...؟)

(ئاخر من چیم داوە لە موتەنەبی و مەعەری...؟)

(چی لە ناسینی ئاسیا و ئەوروپا بکەین کە هێشتا خۆمان نەناسیبێ؟!)

(با مامۆستاکان درۆکانی مێژوو بەیەکدی بلێینەوە... تف لەو سێ ژەمەی پیاو حیز دەکا...!)

(چی لە پەروەردە و ئابووری بکەین کە هەموو شتێک قاچاغ بێ...؟)

(تف لەو هەندەسەیەی نەیتوانیوە دیواری زیندان لە قوتابخانە جیا بکاتەوە...!)

(وەیش لەو ئایەتانەی ئەمڕۆ لەبەریان دەکەم و بەیانی بیرم دەچنەوە)

هەر هەمـوو قـوتابیـانی نێـو حـەوشـە و پۆلەکـان لە دەوری ئاگـرەکـە گـرد بوونەوە و خۆڵەمێشی حەرفە سوتاوەکانیان هەڵدەمژی، بەدەنگ و سەدایەک گۆرانیان دەچڕی کە قەت ناکرێ دوورترین گەڕەکی شار گوێی لەو کۆڕاڵە نەبووبێ، چ عیشق و هەوەسێکە کە ژەنگی زۆری نێـو قـوڕگی هەمـووانی شـۆریوەتەوە، دەست لەمـلانێ سـەمـایان دەکـرد، دەلەنگینەوە... دواجار کەڵەکورێک و ئاسکەکچێک بەجووتە عـەمـبارەکەیان شکاند و هاواریان لەوانی تر کـرد کـە ناکـرێ ئەم ئاگـرە بکوژێتـەوە، ئەوانیش بەپرتاو ڕوویان لە عەمبارەکە کردو بەلەقە دۆلابەکانیان بەزەویدا دەخست، باوەش باوەش کتێبی زیادی نێو عـەمبارەکەیان دەهانی و ئاگریان پێ خۆش دەکرد، دەفتەری ئیمتحانەکانی پار و پێرار... وەی لە عاجباتی، جگە لەمن، هەر هەموو مامۆستاکانی دیکە، بەنێر و مێیانەوە، پۆشتە و پەرداغ، بەنێـو حـەوشـە و هەیوانی بەردەمی پۆلەکـان دا لە غـار نەدەکـەوتن، شێـتانە قـامـچی و داریان ڕادەوەشـاند و هەڕەشـەیان لە جـووتە تێک ئالاوەکـان دەکـرد، نازداریش وەک پێشـەنگی کچـەکان لێکدا لێکدا فـەرمانی دەردەکـرد، سـەمـەد-یش سـەرداری هەر هەموو کەڵەکوڕەکان، هەر هاواری دەکرد... وەک بڵێیی بەجووتە ڕێک کەوتبن:

(ئادەی کچینە... ئادەی کوڕگەل پەلامار دەن... بەقوربانتـان بم... ئەو قامچی و حەیزەران و دارانە بەدەست مامۆستاکانەوە نەهێڵن، دەی فریاکەون یەکە یەکە ڕووتیان کەنەوە...!)

کە ئەم هاوارەم بیست کـۆڵێ کەیفسـاز بووم، ئاخر بۆ هەر من بەتەنیـا ڕووت و قـووت بم...؟لە نێو بازنەی ڕەنگینی ڕەوەیەک لە ئاسکە کچ سەرم دەرکێشا و قیژاندم:

(نەکەن ئازاریان بدەن... تا دوا نەفەس حورمەتی مامۆستاکانتان ڕاگرن...؟)

نازدار دەنگی هەڵبڕی -(مەترسێ مـامۆستـا... ئەوانیش حەزیان لەم بەزمەیە... بەس چی بکەن... حەیا و حورمەت کوشتوونی...!)

مـامـۆسـتـا مـێـینەکـان لەنێـو مـەوجی کـەڵەکـوڕەکـانا بزر بوون، نێـرینەکـانیش دەنێـو ئاسکەکـچـەکـانا... چاریان ناچار... دەسـتـیـان گـرت و بەچواردەوری ئاگـرەکـەدا هەڵقـەیان بەست، بەدەم خـەنیـنی سـاختـەوە... بەوپەڕی تـرس و شـەرمـەوە قـاچیـان تێک دەئالا و سەمایان دەکرد.

چەندین لە ئاسکەکچ و کـەڵەکـوڕەکـان وەک حـەزیان بەسـوعـبـەت بێ بەپرتاو ڕووە و ژوورەکەی ست نەجیبە ڕایان کرد، ئەم دەرگاکەی خڕ کلیل دابوو، کە گوێیـان هەڵخست: ست نەجیبە بوو دەگریا، بەیەک تین و تاو خۆیان بەدەرگاکە داداو گردێک لە گۆشتی ڕووت



کـە ئەم لە خـەونیـشـیـا نەیدی بوو... ڕژانە نێـو ژوورەکـەی، تەلەفـوونی دەکـرد و دەگـریا... کچەکان بەسەرسامییەوە لێیان پرسیە:

(ئەوە تەلەفون بۆ کێ دەکەی...؟)

(بۆ باوک و دایکتـان... پۆلیـسی ئەخـلاق... بۆ وەزیر و بەڕێوەبەری پەروەردە... بۆ گۆڕی ئاژدا و ئاباتان...!!)

بە دەم ئەم قـسـانەوە تفی لێ دەکـردن، قـژی ڕادەکـێـشـان، چەمـۆڵەی لێ دەگـرتن، کـوڕەکـانیش بەکـۆمـەکی کـچـەکـان، وەک نە(با)یان دیبێ و نە باران، ست نەجیـبـە-یان ڕووت کردەوە یەکێ لە کـوڕەکان ددانی لە تەلی تەلەفـوونەکە گیر کرد و قـرتاندی. من تا ئەو حەلە لەناو دەرگـاکـەوە سەیرم دەکـردن، ئاوڕێکیـان لە من دایەوە و ست نەجیـبـە-ی ڕووت و قووتیان خستە سەر شان و مل، لەشی زەردباوی خەمێکی کوشندەی دامێ، ئەو لەشەی نە هەتاوی دیبو... نە سێبەر، هەر چوارپەلی ڕادەوەشاند کە دایبگرن، حەرامزادانە پێدەکەنین و هەڵیان دەدا، تا ناوەڕاستی حەوشەکە ڕۆیشتن و دایانە بەر باران، ئەوە خوایە بۆ یەکـەمـجـار لێـزمـەی باران دەمـارەکـانی جـەسـتـەی تاوێ گـرژ و تاوێ خـاو بـکاتەوە، کەڵەکوڕەکان دەمیـان بۆ جواناوی لەشی کـردبۆوە... یەکێ دەیوت: پەحا کە سوێرە... یەکێ دەیوت:نەء... ترشە... نەء... هەردووکتان درۆ دەکەن... پێع کە تاڵ و تفتە... تۆزێ بوەستن... با ئەو چڵـک و ئارەقـەی لەشی بشـۆرێتـەوە... تۆزێکی تر وەک جـواناوی لەشی ئاسکەکچەکان شیرین دەبێ... دواجار بەوپەڕی حورمەتەوە، وەک بڵێیی تەرمێکی ئازیزیان بەسەر شانەوە بێ، تەرمێک کە ڕەنگە ئێستا نا... تۆزێکی تر زیندوو بێتەوە، بردیان و لە پاڵ ئاگرەکە گالّیـان خست، لەسەر کۆشی چەندین کەڵەکوڕ و ئاسکەکچ، زۆر بەدڵ و کوڵ گـریا و پاڕایەوە کـە هەق نیـیـە وا دڵڕەق بن، هیچ نەبێ دەرپێ و ئاوەڵ کـراسـەکـەی نەسـووتێنن... چش لە زاو و زێی خـۆتان... لە بێ بن بوونی کـچـەکـان... لە جل دامـاڵین و کـتـێب سـووتاندن، بەزۆربەی دەنگ لەسـەر ئەوە ڕێککەوتن کـە دەرپێ (قـەیدی ناکـات...!)... وەلێ ئاوەڵ کـراسـەکـە مـەرجە بسووتێ، ئاسکە کـچـەکـانیش کـە دڵنەرم و میهرەباتر بوون بەزۆرینەی دەنگ مـامـۆسـتـاکـانیان سەربەست کرد، بەنێر و مێیانەوە، کە دەکرێ دەرپێیەکـانیـان بدرێتەوە، بەزۆرینەی دەنگیش وا ڕێ کەوتن کە هەر کوڕ و کچێک خەم بۆ جل و کـتـێبـەکانی بخـوا لەسەر دیوارەکـەوە هەڵی دەدەن... با بچێـتەوە نێـو ماڵە بەحـورمـەتەکـان، ست نـەجیبـەش بەدەم هەنسکەوە پێی چەپێ لە دەرپێ کـە هەڵکێـشـاو بەچاوانی گلەییەوە پرسی:

(سەعات چەندە مامۆستا)

که مەچەکم هەڵبڕی بینیم سەعات ژمێر و دەقیقە ژمێرەکەم لێک ترازاون، سانیە ژمێرەکەشم بەزۆر تەکان دەدا، وەلێ هەر تاو نا تاوێ لە یەکێ لەو دوو میلەگیر دەبێ... وەی لە عاجباتی... چوارگۆشەی مانگ ژمێریش گەلاوێژی پیشان دام، هەر تۆزێ لەمەوبەر بەفرانبار و پاشان ڕێ بەندان و ڕەشەمێ و... هەنووکەش گەلاوێژ.. گەر گەلاوێژە... ئەم ڕەهێڵە و بارانە چییە...؟ لەسەر چیچکان ڕوونیشتم سەعاتەکەم لە مەچەکم داماڵی و هەڵم دایە نێو ئاگرەکە.

بەسەرسامییەوە لێی پرسیم – (ئەوە چیت کرد...؟)

بێ باکانە وتم – (پێویستیم پێ نەما...!)

ئەمجارەیان سەری کاسی هەڵبڕی و لە قوتابییەکانی پرسی:

(سەعات چەندە...؟)

کردیان بەگەڕەلاوژێ–(یەکە... نەء... یەک و نیوە... لای من دوو نیوە... حەوت و نیو... هەشت... هی من لە سەر چوار وەستاوە... لای من دوانزەی ڕێکە.)بەدەم ئەو وەختە بێ سەرو بەرانەوە... ئەوانیش سایلی من یەکە یەکە سەعاتەکانیان داماڵی و هەڵیان دایە نێو ئاگرەکە.

که هەستامەوە خۆم لە بازنەو هەلقەی دەوری ئاگرەکە قورتار کردو چاوێکم بەحەوشەو ڕاڕەوەکان دا گێڕا، دەمبینی هەر کەڵە کوڕەو خۆی بۆتە مامانی ئاسکە کچێک، قاقاو قریوە و هاوار ناڵەو هەنسک و هانکە هانکی هیچیانم بۆ لەوی دی جیا نەدەکرایەوە... چییە لە ڕاهی خودا... بۆ لێکدی تێر نابن...؟وەی لە سارای وشکی جەستە و بارانی زستانێک تێری ناکات... گرژ بوونی دەمارەکان:دوای دەیاها ساڵ... هیچ گڕو گەرمای هەوەسێک خاوی ناکاتەوە، چاوە لێڵ و غەمگین و هەمیشە فرمێسک تێ زاوەکان چی وا زوو ڕوونی دەکاتەوە...؟ وەک پیاوێکی دوژمندار وەختی خەوتنان ژوورەکانی ماڵەکەی بپشکنێ... پۆلەکانم دەپشکنی، چەند بەختەوەر بووم کەدەمدی هەر ئاسکە کچەو دەڵێی سەد ساڵە قسەی نەکردووە و حەپۆلکی کەڵە کوڕ ناداو لێکدا ڕازو نهێنییە کوژراوەکانی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێ، هەر کەڵە کوڕەو شاگە شکەو ماندووی دەست لە ملانێ سەری خستۆتە سەر ڕانی ئاسکە کچێک... ئەویش لە چاوانی خڕو بازنەیی ڕادەمێنی... لەو خاڵە سپیانەی دەوری چاوانی، ئەمەیان گۆرانی دەچڕێ و ئەوەیان بۆی دەسەنێتەوە، پاش سووتانی سەعاتی خۆم و قوتابییەکانم وەرزەکانم لێ تێکچوو، شەو و ڕۆژ کەوتنە ژێر ڕکێفی خۆمان... ئەوەیان چ سیحرو توانستێک بوو:



ڕۆژی ڕووناک بوو کە پۆلی ئەلفم بەسەر کردەوە... تا دەگەیشتمە پۆلی (بێ)شەو دادەهات، لە (جیم) سپێدە بوو، هەر کە دەگەیشتمە پۆلی (دال) زەردەپەڕ دەکەوت... هاوارم دەکرد–(کچینە تۆزێ لەمەوبەر زستان بوو... ئاخر چ زوو بەهار هات و درەختەکان چرۆیان کرد... هەنووکە هاوین بوو... پێم ناڵێن ئەم گەڵا ڕێزانە چییە...؟)

بەدەم خەنینەوە پێیان دەوتم–(مامۆستا گیان... چیت داوە لە دەورانی وەرزەکان... وەرە تاوێ لەبەر ئەم ئاگرە سەما بکە... با ئەو ڕۆماتیزمەی شان و ملت بپەڕێ...!)

وایش لە دەست ست نەجیبە، تی چاوێکی هەر لەمن بوو، دیوار بەندی کەڵە کچەکانی بڕی و ڕووەو لای من هات، هەستم کرد خۆی لە جووتە تێک ئاڵاوەکانی دەوری ئاگرەکە بەدوور بگرێ، ئەو جووتانەی شەرم و شکۆیان شکابوو، هەڵقەی سەماش وەک بلێیی کە مەندکێشی ئەم بێ... بەدوای داهاتن... لە خەم و قەهری هەڵقەی سەما دڵی هاتبووە نێو دەمی، وەک مەیموونێکی (مێ)ی تازە خزای ناو قەفەزێک بەڕاست و چەپدا دەیڕوانی، چەندین جار هاواری مامۆستاکانی کرد، لەوە بێ ئاگا و کاس و ماندووتر بوون بەهانایەوە بچن، کەسیان خۆی لە گوورە نەبرد، مامۆستا عەلی بەشەرمەوە خۆی دابووە دەست چەند ئاسکە کچێ، گێڕو گۆد، فێری سەمایان دەکرد، لەو لاوە تکایان لە مامۆستای ماتماتیک دەکرد:

(واز بێنە مامۆستا... ماچەکان مەژمێرە... توو خوا...!)

دەبوایە مامۆستای شیعرو ئەدەبیات فێر بکەن یەکێ لەو سەدەها شیعرەی ئەزبەرییەتی بیکا بەگۆرانی... ئەویش وەک قەلە باچکە دەیزیقاند، سێ چوارێکیان خزابوونە ژێر قاڵدرمەکان دەلەرزین و دەستیان لە نێو گەڵ نابوو... خودا هاوار ئەوەیان چ حەشرو قیامەتێکە...؟

بەدەم نووزەوە سێ لە مامۆستا پیاوەکان و دووانیش لە ژنەکان لە کەڵە کوڕەکانیان دەپرسی–(هەنووکە ماڵ و منداڵ چاوەڕێمانن... پێمان ناڵێن چەند دەبێ لێرە بەندو گیرۆدەین...؟)

یەکێکی دیکەیان دەپاڕایەوە. (دەرگام لێ وەکەن...!)

دیسانەوە من و ست نەجیبە کەوتینەوە نێو هەڵقەی نەپچڕاوی سەما کەران، بۆ دواجار ئاسکە کچەکان گوارەیان لە گوێ داکەند، کوڕەکانیش ئەنگوستیلە، هەڵیان دەدا بۆ منالانی سەر دیوار و سەربانەکان... چ شیرین... چ زاڵمانە دەلەنگینەوە، من بەو تنۆکە

ئارەقەی سەر ڕوومەتیان شاگە شکە دەبووم، کەچی ست نەجیبە قێزی لێ دەکردنەوە، چ ناسک ئەو باسکانە لە کەمەر ئالآبوون، لە کنە من چ تەقینەوە و شۆڕشێکی ڕەنگین و لای ست نەجیبە چ ئابڕوو چوونێک بوو ؟بازنەی سەما تاوێ بۆ دواوە دەکشاو تاوێ ئەوەن تەسک دەبۆوە تا سینەو مەمکی کچەکان و سمێڵ و ڕیشی گڕی کوڕەکان لە لووت و لێوم دەخشا، چ لەرزین و ڕاتەکانێکی بێ مروەتانە لە دونیاو خرۆشانی هەموو گەڕەکەکانی شار بێ ئاگای دەکردین... لەوە دەچوو باوک و دایکانی قوتابییەکانم، خاڵ و مام، پوورزاو خالۆزاو ئامۆزا... هەر هەموو عەشیرەتەکان، بەسەدەها هەڵقە و بازنەی یەکدی گیر شوورەیان بەدەورمانا هەڵچنی بێ... هەڵقەیەک و دوو... و... دە... سەدەها قوتابی کوڕ و کچی دیکەی شار بەدزییەوە بەسەر دیوارەکانەوە بازیان دەداو خۆیا دەخزانە نێو کەڵە کوڕو ئاسکە کچەکان... چاوتروکانێک و تف لە حیشمەت... پارچە پارچە جلەکانیان هەڵدەدایە نێو ئاگرەکە... ئەو ئاگرەی لەوە نەدەچوو تا ئەبەد بکوژێتەوە... حەوشە، ژێر هەیوان، پۆلەکان، ژێر قاڵدرمەو ئاودەستەکان، ژووری بەڕێوبەر... مامۆستاکان... هەر هەمووی سیخناخ و قەرەپەسە، پەیتا پەیتاش قوتابییانی زانکۆو ئامادەیی وبگرە ناوەندییەکانی شاریش بەم شۆڕشەیان زانی... سێ سێ... چوار چوار پشتیان بۆ یەکدی دەنایەوە و پشیلە ئاساو بەچنگە کرێ بەسەر دیوارەکانا هەڵدەگەڕان، دەست و پێ زامار خۆیان هەڵدەداو دەبوو بەهەڵلا، کەڵە کوڕو ئاسکە کچەکان باوەشیان بۆ دەکردنەوە، ست نەجیبە لە قەهری نرکەو ناڵی جووتە تێک ئالآوەکان هەردوو پەنجەی دۆشاو مژەی ئاخنیبووە گوێچکەکانی، لێم هاتە پێشێ و قیژاندی-(لەوە ناترسیت قوتابخانەکە بتەقێتەوە...؟)

هاوارم کرد. (بەمن چی کە قوتابییەکانت ئێرە بە بەهەشت بزانن وجێی نەهێڵن...)

گەرماو گەرم هەڵیدایە. (قوتابی من نین... هی تۆن...!)

لە ترسی حەشامەتێکی وا تێکچرژاو و شێتگیر... ناچار کەڵە کوڕ ئاسکە کچەکان بێچووەکانیان لەبن دەست و پێیان... سمی ڕەنەوشەمکوڕ و مامزەکان دەردێناو لەسەر شان بەرزیان دەکردنەوە و دەیاندانە بەر هەتاو وباران... تاچی زووترە فەراقە بن تا ئەو حەڵەی لەسەر پێی خۆیان دەوەستن، تا نا تاوێ گوێ بیستی دەیەها بڵند گۆ دەبووین، بێشک دونیا وروژاوە، لەوە دەچوو پارێزگار و بەرێوبەری ئاسایش و سەرۆکی پارتەکان و هەموو ڕێکخراوو سەندیکاو سەرجەم بەرێوەبەری قوتابخانەکان... بەچوار دەوری قوتابخانەدا هەڵقەیان بەستبێ، لە بڵند گۆکانەوە ڕێنمایی دەکراین... ئامۆژگاری... لەگەڵ هەر بانگەوازێکا کەڵە کوڕەکان بەکۆرس جرتیان دەکێشاو هۆی هایان دونیای هەڵدەگرت،



دەنێو ئەو هەڵلآو زەناو زایەڵەدا ئەوەندەی نەمابوو لە هۆش خۆ بچم هەمدیس ئەو کچۆڵە شەرمنەی عەودالی حیکمەتەکانی من بوو لە بەر دەمما قوت بۆوە، تا گەیشتبووە لام ئاودامان خوێنێکی ئاڵ لە هەردوو کوڵمو لێوانی... لە گۆی هەردوو مەمکانی دەتکا... بەگلەییەوە پێی وتم. (نەهاتیت مامۆستا...؟)

دیسانەوە ست نەجیبە بۆوە لەمپەری نێوانمان، وەک ئامۆژگاری منداڵکارێک بکەم پێم وت-(کچی باش... برۆ سەما بکە... تۆزێکی تر دایەو بابە دەرگا دەشکێنن و بەزۆر دەتبەنەوە...)

رووخساری تێک ترشا، ڕەنگێکی هێناو ڕەنگێکی برد، خنکام دەنێو گۆمی ئەو چاوانەی بۆ من پڕ لە فرمێسک و خوێن بوون، هەزار نەفرەتم لەو حەیاو حورمەتە کرد کە ناهێڵێ کچۆڵەیەک ڕایی کەم، بەزۆر پشتی ملمی گرت و ڕووەو لای خۆی بەکێشی کردم، پرشنگی چ حەژمەتێک لە چاوانیا شەوقی دەدایەوە، وەک پەیکەرێک لە جێ چەقیم، لێم پاڕایەوە (تکات لێ دەکەم مامۆستا...!)نەک هەر جەستەی ڕووت و قووتی، جەستەی شەلآلی ئاونگ و ئارەقەو تنۆکی باران، بەڵکو ڕۆحی ئەو کچۆڵەیەم بەڕووتی بینی... ڕۆحێک کە دوا جارە وا ڕووت بێتەوە، یەکەم هەلەو دوا هەل... ئازارێکی کوشندە هەموو گەردیلەیەکی جەستەمی، جەستەی مێ نەدیومی، دەرزی ئاژن دەکرد دەنێو هەراو سەدای بڵند گۆکانی شاردا دەنگم هەڵبڕی و بەقەهرێکەوە هاوارم کرد. (خودا هاوار... بۆ ئەو حەیاو حیشمەتەم لێ ناسەنیتەوە... بۆ ئەو دەمامکانە و ڕۆحی ڕیاکارم دانامالی و نامکەیتەوە بەکەڵە کێوی، کەڵەکێوییەک لە دارستانە غەریبەکانی خۆت، چیم داوە لە شارستانییەت کە نەوێرم دەست لە ملانێی یەکێ لەو هەزارەها کچۆڵە شەرمن و تینووەکانی سەر زەمینی تۆبم، خودا هاوار من بێزارم... شەرمەزارم کە ئینسانم... ئاخر بۆ بەر لەعنەتی گوناهەکانی باوکە ئادەم و دایکە حەوا کەوم... خودایە ئەگەر ئادەم و حەوا دوو ئەفسانەی هیچی تۆ نین:یا بمکەوە بەفریشتەی بەهەشتی خۆت... یەکێ لەو فریشتانەی نەنێرن و نە مێ... یان با بەدەعجانی بم... کەڵەکێوی... بەرانێکی شەل... لەو دەشت و دەرە بێ باک لە حیکمەتی بوون بەنێر... بەئادەمی بلەوەڕێم...)

لەگەڵ ئەو هاوارە چی کەڵە کوڕو ئاسکە کچ هەبوون لێم گردبوونەوە. (چیتە مامۆستاو...؟بۆ دەگریت؟هەموومان بەساقەی سەری تۆ بین...!)

ئەو کچۆڵە شەرمنە بەهەموو کاڵفامی خۆیەوە تێم گەیشت... بریقەی جوانی... گڕی هەوەسێک لە چاوانیا کوژایەوە و نائومێدانە تێی دەڕوانیم، هەردوو دەستە بچکۆلەکانی

لە نێو لەپمدا دەلەرزین، سێ ڕیز فرمێسکی دەباراندو تەمی نهێنییەکی خەست ڕووخساری ئەمی لێ تەماوی کردم، دەمارە زۆر باریک و دەزوولەییەکانی نێو هەردوو چاوی خوێنیان تێ زا، ببوون بەدوو مرواری، دوو لەعلی ڕەشباوی خەم تێ زاو... بەپرسیارێک ساواتر لە خۆی لالّی کردم. (تۆ منت ناوێ...؟)

لە پرتەپرتی سەر پەنجەکانییەوە هەستم بەنارێکی دڵە کوتێی دەکرد، دەستەکانی دوو کۆتری ترسنۆک لە نێو چنگما دەلەرزین، تا دەهات بازنەو هەڵقە ڕەنگینەکانی چوار دەورمان دەکشاو بەرینتر دەبوون، سەرم هەڵبڕی چی ببینم...؟من و ئەو کچۆڵەی بەردەمم بووینەتە دوو پنتی نێو بازنەیەکی گەورە لە کەڵەکوڕو ئاسکە کچەکان، هەردوو سڕو بێ دەنگ چۆن بڵێی سیحرمان لێ کرابێ، هەردوو دەستی بەشێنەیی لە نێو هەردوو لەپما دەرهانی و پشتاوپشت هەنگاوی دەنا، کە سەرم نەوی کرد هەردوو قاچی تووکنی بەسەر دوو سمی ناسکەوە وەستابوون، دڵنەوایی خۆم کرد کە ناکرێ ئەو ئاسکە کچە دڵخوازە ساواکەی من بێ... قەت ناشێ، کتوپڕ کچێکی تر هەڵقەکانی سەمای دەبڕی تا لەبەر دەمما قوت بۆوە، خۆی بوو... حەزی ساوام... شاگە شکە بووم... بەدوو چاوی تووڕە ئاگر بارانی کردم...

(ئەوەیان کچەکەم بوو... ئەویشت نائومێد کرد... مامۆستا...؟)

ویستم پاگانە بکەم... نەیهێشت... دەستی لەسەر دەمم داناو وتی. (وس... ساڵ بەو عەیام لە قەهری تۆ خۆم بێ بن کردو لە کەڵە کوڕێکی نەناس خۆم ئاوس کرد.)

ویستم پاکانە بکەم... نەیهێشت...؟

(مامۆستا تۆ بەو حەیا و حەشیمەتەوە دەمریت...!)

پێم وت... -(کچی چاک... گرنگ ئێوەن... ئەوەتان سەربەست و ئازاد...)

دیسانەوە قسەکەی پێ بڕیم-(قەت وانەبوو... ئێمە نەوەیەک بووین دەعەجانیمان نایەوە، سەیرێکی دەورووبەرت کە... بیانبینە: ئەو سەدەها گیاندارەی نەکوڕن و نەکەڵەکێوی، نەئاسکن و نەکچی پاکیزە... ئێمە تیاچووین مامۆستا... گوێت لێ نییە... ئەوەتا شارێک لەو دیو دیوارەکانەوە گەمارۆیان داوین، خشت لە دوای خشت دایدەڕمێنن، ئاسکە کچ و کەڵە کوڕەکانیشت لە زاوو زێ ناکەون، ها ئێستا ها تۆزێکی تر ناباو دەتەقێتەوە، گوێت لێیە چۆن بەپاچ و بێڵ دیوارەکان دەڕمێنن، چ بەناسکی باسکی لە ئەوکم ئالاند، خۆم شل کرد، لە باوەشما توایەوە، هەنسکی دەداو سەرو قژی شێواوی بەڕاست و چەپدا بەبەرهەنسکەوە ڕادەتەکی، لەوە ترسام ملی ناسک و شووشەیی ئەو کەڵە کەیل و ماندووەی ڕاگیر نەکات و هەڵقەنێت، عەتری لاشەی لە ئارەق شەلاڵی بۆنی کێوییانەی هەردوو بن باڵی کاس وڕی کردم، نەمزانی تاریکی شەو بوو لوولی دام یان هەتاوێکی بەتین بەشەواری خستم وێ دەچوو هەردوو بمانەوێ لە باوەشی یەکدیدا بنوین، هیلاکی شۆڕشی کەڵەکورو ئاسکە کچەکان لە سەروو دڵمان دەرکەین بەدەم گریانەوە پێی وتین:

(من شەیداتم... بەحەسرەتی تۆ دەمرم... دەچمە باوەشی هەموو کەڵە کورەکان وە هیچ تامیان لێ ناکەم...)

دواجار قژی سەرچاوانیم لاداو... دوو چاوی چی؟ بڵێ دوو تنوک فرمیسکی ڕژاو، پڕشنگێکی ڕەنگاورەنک... دەوریان داین...

باوەشیک هەلی دەگرتین وە باوەشیک دایدەناین. بابەخولەیان پێکردین، دایان گرتین، لە نێو ئەو هەلقە هەوەسبازە ج غەمگین بووین، خۆمان دایە بەر بارانیکی شلەتین، بارانێک کە بێ هەور و هێڵ دەباری... هەردوو دەلەنگینەوە، سەما سەرمەستی کردین، هیدی هێدی لەو خودە شەرمنەی خۆم جیا دەبوومەوە، ئەو لەگەڵ من... من لەگەڵ ئەو: لە شوێن و زەمانێکی دی کەدا یەکدیمان دەبینی و دەناسی، لەو حەوشەو حەشاماتە دابڕاین، عەزرەتی بووین دەنێو یەک بۆتەدا بتوێینەوە، یەک ئیقاع و یەک لەنگین و یک هەناسەو یەک پێهەڵبڕین و یەک ڕۆحمان هەبێت، گەرەکمان بوو ڕەگی هەردوو باسکی من و ئەو... هەردوو قاچمان، هەردوو سەری من و ئەو بگەڕێنەوە نێو هەمان خاکو خۆڵ، لەهەمان ئاو بخۆنەوە، هەمان خوێنیان تیا بگەڕێ، دەمبینی بووین بەدوو درەخت و چۆلەکە پاساری دوونیا لە سەر سەرمان نیشتووە، دەمویست ئەو ڕۆحە لەت و کوتەم لەوساتەدا کۆبکەمەوە، لەبەر دیدەما هەموو ڕەنگێک دەگۆڕا... هەموو دەنگێ لە گوێچکەما، ئەو دەنگو ڕەنگانەی سەردەمانێک بزرم کردبوون ڕژانەوە نێو ڕۆحی کەسیرەم، هاو ئاهەنگ دەلەنگینەوە، چ ناسک خۆی لەباوەشما مت کرد، چاوانی دەنوقاند تا بەدیدەی خەیاڵ لەو بەهەشتە ڕامێنێ، بەهەشتی نێو باوەشی من، قەد نەمدەزانی ئەوەن منی خۆش دەوێ... نەدەم و لەبزی شیرینی، نەئاهو هەناسەی، نە نیگا پڕ حەژمەتەکانی، نەلاڵ بوونی کتوپڕی لەبەر دەمما، نە خەندەی غەمزەبازی، نەتنۆکی شەرمنی ئارەقەی سەر گۆناو لووتی قنجی... هیچیان بەقەد ئەوسەمایە نەبوون... سەمایەک کە ڕۆحی پەژمووردەمان سازاندبووی، تێ گەیشتم تەنیا سەما دەتوانێ پێت بڵێ:

ئەوەی لە باوەشتایە سۆزانییە یان پاکیزە، خۆشەویستە یان دوژمنکار، هەڵاوی چ شەهوەتێکی پاگ لە نێو لەپیدا هەڵدەستا، لە مەچەکی لە سینەو بەرکی ساوای... لە ئازای جەستەی، هەر دە پەنجەی پەنجەکانمی دادەگیرساند، چ شەوە زەنگێکی لە دڵما دەڕەواندەوە، یەکەمجار بوو ئاواهی ڕۆحی خۆم ڕۆشن ببینم، بە پەنجەکانی دەیویست گرێیەکانی ئەو لەشە داخراوەم بکاتەوە، هەرساتێک و دەیەها گرێ، شەرم نەبووایە لەبەر پێی دەکەوتم، تا ئەو حەڵە عومری من زستانێکی بێ بڕانەوە بوو، هەمیشە سەرما بردەڵە، گەرمی گەردیلەکانی لەشی دەرژاندە گەردیلە بەستووەکانی جەستەم، چ شاخی سەهۆڵێ لە ڕۆحما دەتوایەوە... دوعام دەکرد(ئەی سروشتی فامیدە تا توانەوەی دوا کلۆ ئەو خۆرە شیرین و ئەو هەتاوە نەشئە بەخشەم لێ نەشارێتەوە...!)درەنگ تێ گەیشتم کە چ دیلی بێ و چ ئازادی، چ ڕمان و چ هەڵسانەوەیان... چ زیندەگانی و چ نغرۆ بوونمان: هەر هەمووی وای لای ئەو ڕۆح لەبەرە ناسکانە... بێ ئاگا لە خۆمان، ئان و سات، خراینەوە سەردەستان، بەسەر سۆزی ئەو هەموو لەپ و دەستەوە لە ئاگرەکە ڕادەماین کە قەد لەوە نەدەچوو گڕوکڵپەی وازوو دامرکێتەوە، هەردوو شاگەشکە قاقا پێکەنین کە دیمان دوا شت فایلی قوتابییەکانە دەیسووتێنن، دۆڵاب نەما... نەشکێ، فایل نەما نەدڕێ... نەسووتێ... هەر کەڵەکوڕ بوو قەڵەمی بەدەستەوە... نمرە خراپەکانی ئاسکە کچێکی دەسکاری دەکرد... دوا جار سەمەدو نازدارم بینی دەرکەوتن... هاواریان کرد. (نمرەی چی دەستکاری دەکەن بێ غیرەتینە... زووکەن گڕەکەی پێ خۆش کەن...!)

ست نەجیبەش لەلاوە وەک بڵێیی فایلەکان جگەرگۆشەی بن لەگەڵ تەوژمی گڕوکڵپە کەوتبووە شەڕ، یەکە یەکە فایلەکانی دەردەهانی و وەلاوەی دەنان، کە چی کەڵە کوڕەکان ئیبلیسانە پێ دەکەنین و هەڵیان دەدایەوە نێو ئاگرەکە، هەردوو دەستی تابن هەنگڵ سووتابوون، سەرپاکی قژو قاڵی هەڵکڕووزا و کۆڵی نەدا، ئاسکە کچەکان تادەهات ملیان بەرزو... بەرزتر کردەوە، کەڵە کوڕەکانیش سەرگەرمی سووتانی فایلەکان شاشۆخی نائومێدو دڵساردی منیان داگرت، سەری هەڵبڕی و نیگای کردم... هەر لەو نیگایەوە تێ گەیشتم ئەو بەهەشتە عومر کورتەی ئێمە ئەوەندەی نەماوە، چ خەمێکە... هەستم کرد دڵم خوێن دەدەڵێنێ و دیم دیوارەکان لە نێو پاڵەپەستۆی هەردوو لا چوون فاییەرێکی تەنک دەخزێ و دەشکێ، ئان و سات لەو ئاپوورەیە دادەمام کە زرمەیەک کاسی کردم و دەرگای حەوشە لە گرێژنەوە هاتە دەرێ، وەک دەروازەی قەڵا دێرینەکان ڕماو شاڵاوێک لە شەپۆڵی بنیادەمی تووڕەو شێتگیر تێکەڵمان بوون... لەسەر لەپی ڕاخراوی سەدەها ئاسکەکچ



پەڕاندمی، دەیەها کەڵە کوڕی دڵسۆز بەمن باوەشیان بۆ گرتمەوە، دیوارەکان ڕمان و بوون بەدار پەردووی ژێر پێیی ئەو خەڵکە کە تا ئەو حەڵە نەیاندەزانی لە نێو ئەو قوتابخانەدا چ قیامەتێک هەستاوە... ترسی تەقینەوە ئەوانەشی جووت کرد کە تائەو حەڵەش تەنیا باڵ بوون، دوای ئەو دارمان و وێرانبوونەش بەوە کەیفساز بووم کە ئەو جووتانە هەمدیس نێرو مێن... هەمدیس کەڵە کوڕو ئاسکە کچانی خۆمن، دارو پەردووی پەڕیو زۆری زامار کرد، ساغەکان تیماریان دەکردن، سەدەها باوک و براو ئامۆزای تووڕە، مەلاو سەیدو شێخ و فەقێ بەدەم ئەعوزو بیلاوە، ئافرەتی سفوورو عەبا بەسەر پیروکەنەفت، جحێڵی ملهوڕ، پۆلیس و سەربازێکی بێ شوومار... دوکاندارو چایەچی و ئاسنگەرو فیتەرو پینەچی و سەوزەفرۆش و دەستگێڕ دارژانە نێو حەوشەکەو یەکە یەکە ئاسکەکچ و کەڵەکوڕەکانیان لێکدی جیا دەکردەوە... ناچار هاوارم کرد:

(کچینە تەواو... کوڕینە فریای خۆتان بکەون... تەواو... تیاچووین...!)

سەرم لە بن گوێیان دەنا. (هەتا زووە خۆتان دەخیلی ماڵەکانی دەور و بەرکەن داوای جلیان لێ بکەن...!)

هەر ئاسکە کچ و کەڵەکوڕ بوو خوی لە بن دەست و پێیی ئەو حەشاماتە تووڕە و تڕۆیە دەشاردەوە، هەر قەساب بوو ئاسکەکچێکی کەل و پێ خوێناوی دەگرت و گۆشا و گۆشاو سەری دەبڕی، کەڵە کێوی و مامزە ساواکان چ سرک بوون... وەلێ مەحاڵ بوو دەرباز بوون، بەقژی پەخشەوە... بەقۆچی پەلدارەوە ڕایان دەکێشاین... پێ و سمی ناسکمان لەژێر پۆستاڵەکاندا هەلاهەلا بوون، هەر منداڵە و کلکی ئاسکێکی وا بەدەستەوە، هەر پۆلیس بوو بەشاخی هەڵکەنراوی تەوقی سەری کەڵەکان دارکاری دەکردین، بەزۆر لەژێر قاڵدرمە و لە نێو ئاودەست و پۆلەکانەوە دەریان دەهێنایین، لەسەر درەختەکانەوە بۆ نێو دار و پەردووی ڕماوی نێو حەوشەکە هەڵیان دەدایین، خۆمان لە دەستێک ڕادەپسکاند... دەستێکی دیکە دەیگرتینەوە، لە تاو تف و شەق و زللە و جنێو سەرمان کز دەکرد، لە سۆز و بەزەیی هەمووان بێ بەری، لە ترسانا ڕووە و کوچە و کۆڵانەکان... شەقام و مەیدانە گشتییەکان هەڵەتە و پەڕاگەندە بووین، بەپانی شەقام و کوچە و کۆڵانەکان خەڵکی وروژمی دەهانی، کەس نەیدەزانی ئەو گیان لەبەرە سەیر و سەمەرانە چۆن و لەکەیەوە خولڤاون، پیاوانی بەغیرەتی عەشیرەتەکان دەهەنگاو دوور لە دیوارە ڕماوەکانی کچەکانی خۆیان سەر دەبڕی و دەست و مەچەکی خوێناویان بەدیوارەکان دەسڕییەوە و بێ باکانە

کێردەکانیان دەدایە پیاوانی تووڕەی خێڵێکی دیکە، تا شەو خەوتنان لە کوچە و کۆڵانەکان ڕاو ڕاوێن بوو، کەس نەدەپرینگایەوە، بێ ترس... بێ پەروا ڕاوچی لە تاو دەستگیر کردنی حەیوانێکی وا عەجایب ڕاوچیەکی دیکەی دەکوشت، بەسەر هەوای کپی شەوەوە شەقژنی تەقە لە هەموو لایکەوە دەهاتە بەر گوێ، هەر لە ئێوارەوەش قەسابەکانی شار سەر لە نوێ قەپەنگی دوکانەکانیان هەڵدایەوە و لاشەی کەڵەکوڕ و ئاسکە کچەکانیان بەقەنارەکانەوە هەڵواسی، کیلۆیەک گۆشتی ناسکی ئاسکەکچێک لە عۆدەی کەسدا نەبوو بیکرێ، شەوێکی نەبرد هەرهەموو بازرگان و قۆنتەراتچی و چەلەبی و بەگلەرەکان، هەر هەموو پزیشک و ئەندازیارەکان... هەریەکە و کوڕ و کچی خۆی ڕاو دەکردەوە و کەس نەزانم لە ژوورێکا دەیبەستەوە و دەرگای لەسەر دادەخست، زۆر ئاقڵانە سەرگەرمی ڕاوو تەگبیر بوون... هەر ئەو شەوە هەموو خەتەکانی شار تێکەڵ و پێکەڵ بوون... پیاوە ماقوڵەکان لەسەر ئەوە یەکڕا بوون کە تازە چ فایدەیە منداڵەکانیان بکوژن، کچ کچی خۆمانە و کوڕ کوڕی خۆمان، هەر لەم هەفتەیەدا لە ئاهەنگێکی ڕەنگین و شاهانەدا کچە بێ بنەکانمان لە کەڵەکوڕە شاخدارەکانمان مارە دەکەین، بۆ بەیانی پارێزگار و جێگرەکەی فەرمانیان دەرکرد کە شوێنەواری قوتابخانەکە بەتاکە بلدۆزەری نەدزراوی شارەوانی تەخت بکرێ و خۆڵ ڕێژەکانیش بەزووترین کات بەکۆمەکی ماشێنی ئاگر کوژێنەوە خوێنی مەیییوی نێو حەوشە و جادە و کۆڵانەکان پاک بشۆن ئەوانەشی کە بەدزییەوە ئاسکەکچێ یان کەڵەکوڕێکیان ڕاو کردبوو، چ هەژارو چ خواپێداو، چ لە کۆشک و چ لە کەلاوەدا... هەر یەکە و کولانەیەکی قوت کردەوە و لە چاوانی بەد ئەو حەیوانە سەیر و سەمەرەیەی بەگوریسێک دەبەستەوە، لە نەزەر هەژاران بۆ جەژنی قوبان دابەستەی گۆشتگر بوون دەوڵەندەکانیش... ئەوانەی ئاسکە کچێکیان لە باخچەکانیانا بەستبۆوە ڕۆژانە بەدوای کەڵەکوڕێکدا لە سەرو سۆراغ پرسین نەدەکەوتن، ئەوانەشی کە کەڵەکوڕێکیان ڕاوکردبوو بۆ مەزاتی ئاسکەکچێک تورەکەیەک دیناریان هەڵدەڕشت، شەوانەش دوای تێربوون لە بەرماوەی سەر سفرەی ماڵەکان هەر ئاسکەکچ و... کەڵەکوڕ بوو بەدەم هەنسکەوە وەنەوزی دەدا و شیعرەکانی نالی و موتەنەبی و هاوکێشەکانی کیمیا و ئایەتی پچڕپچڕ و شەرحە قورسەکانی فیزیا و قانونە قورسەکانی ماتماتیکی تووتی ئاسا دەوتەوە، چەندین ئاسکە کچیش لە دوکانی عەنتیکە فرۆشەکان بەمۆمیا کراوی گرانبەها دەفرۆشران، لە زۆر ماڵی خانەدان کە دەچویتە ژووری میوان کچێکی قژ درێژ و بەخۆو بەدوو چاوی کوژاوە و کوژراوی لەسەر چوارپەلی سم ناسک و قەڵشتی وەستاوە و



بەخێرهاتنت دەکا، لە ماڵێکی تر کەڵەکوڕێکی چاو ڕەشی شاخ شکاو، لە یەکێکی دیکە گوێ بڕاوی کلک قرتاو، لەوەی تریان چاو هەڵکۆڵراو، لە باخچەی ئاژەڵانیش منالان لەتکە سەموون و هەمبەرگری گەنیویان بۆ کەڵەکوڕانی نێو قەفەزەکان هەڵدەدا، چ دڵڕەقانە قەفەزی کەڵەکوڕەکان دوور لە قەفەزی ئاسکە کچەکان بەرابەر بوون، زۆریان مانیان لە خۆراک گرت و مردن، چەندەهاش ئەوەن سەریان بەشیشی قەفەزەکان دادا تا مێشکیان پژا و کەوتن، ئەوانەشی کە مانەوە بێ ئاگا لە هاشوهوشی... هەراوهوریان، کەیف و سەفای سەیرانکەران لێکدی ڕادەمان و هۆن هۆن دەگریان، لە هەموو شارەکانی دیکەوە نوێنەری باخچەی ئاژەڵان و مۆزەخانەکان و هاتن و هەریەکە و بەلۆری قەفەزدارەوە چەندین کەڵەکوڕ و ئاسکەکچی مۆمیا کراو و زیندویان لەگەڵ خۆ بردەوە، چ خەمێک بوو... چ کۆستێک هەرەسی ئەو شۆڕشە ڕەنگینەمان، دەیەها کەڵەکوڕ بۆ من بوون بەشووره و پەرژین، دیوار و ... وەی لە سۆزی ئاسکە کچەکان، فیداکاری کەڵەکوڕان... تا گەیشتمەوە بەر قاپی ماڵەکەی زۆریان کوژران و زۆریان ڕاوکران... تکام لی کردن. (فریای خۆ کەون... ئیتر من تەواو...!)

ویستم لە دەرگا بدەم، کتوپڕ کرایەوە و باوکم بینی بەگۆچانێکەوە وەستاوە، بەهەردوو دەست سێبەرم لە عەورەتی خۆم کرد، تێم ڕاما، لەژوورەوە دایکم لە سەربەرماڵەکە نوێژی دەکرد... نوێژی چ وەختە...؟ نازانم براو خوشکەکانیشم لەو دیو پەنجەرەی پەنجینەکەوە بەترس و شەرمەوە لە ڕووتیم ڕادەمان، وای تەریق بوومەوە، دایکم گەرەکی بوو نوێژەکەی تەواو کاو فریام کەوێ، باوکم نووکی گۆچانەکەی لەسەر چەناگەم گیر کردو بۆ دواوە پاڵی نام... من حالی بووم... ئیتر تەواو... لەمڕۆ بەدواوە من ماڵ بەدەرو... شار بەدەرم... دایکم بەدەنگی بەرز فاتیحەو قول وەللای تێکەڵ دەکرد... نیوە ناچڵ سوجدەی بۆ خودا دەبرد، باوکم وەک هەمیشە، منداڵێکی بەدعەمەل و نەفام بم تفێکی لێکردم و دەرگاکەی لەڕووما داخست، ماڵ نەما بەکەڵلەی سەروو هەردوو چەپۆک و لەقە لەدەرگای نەدەم، هەرکە دەرگایان دەکردەوە پیاوێکی ڕووت و قووت و بێ حەیاو حیشمەتیان دەدی... بەغەزەبەوە تفێکیان ڕۆ دەکردو ئیستیغفارو ئیستکباریان بۆ خوا دەبرد، کەنائومێدانە ئاوڕم لە دەرگا داخراوەکەی خۆمان دایەوە ئان و سات دایکم بەبوخچەیەکی جلەوە شێتانە ڕووەو لای من غاری دەدا، دوو جاران لەپەوڕوو ساتمەی کرد، هەرلەدوورەوە پارچەجلەکانی بۆ هەڵدەدام، بۆ کراسێکی خۆم نوشتامەوە کە کێل بوومەوە وەک منداڵی ساوا بم ئامێزی بۆ کردمەوە، لە باوەشیا وام هەست کرد ئیتر کەس بۆی نییەو ناکرێ بمدۆزێتەوە، وەک

ئەوسای منداڵی، ئیتر کەس ناتوانێ زەفەرم پێ بەرێ... نە ئینس و نەجن... نەدێوو درنج... ئیتر کەس لەو باوەشە دەرم ناهێنێ، لەو خەیاڵەدا بووم کە دەیەها دەست لەو باوەشەیان کردم... پڕ بەکۆڵانەکە قەتار قەتار حەشاماتی تووڕەو داخدار دابارین پەلێکم بەدەست دایکمەوە و پەلێکم بەدەست ئەو خەڵکەوە بوو... نەبا قۆڵم لەبن و بۆتەکەوە دەربێ دایکە دەستی بەردام... کەوتمەوە نێو تۆفانێک لە بەشەر، بە دەمڕێوە ئاسکە کچ و کەڵە کوڕەکانم دەبینی وان بەدەست منداڵ و مەزنەوە، بۆم دەگریان... لە دوورەوەش گوێم لە هاوارو قیژەی دایکم بوو کە بۆ من دەپاڕایەوە... لە بەر ئاپوورەی خەڵک هیچ کۆڵان و جادەو شەقامێکم نەدەناسییەوە هیچ دوکان و چایخانەو مەیخانەیەک... گوێم لێ بوو دەیانوت:

(ئەو دەڵە قۆڕەی دایکی هەڵواسن کە زۆڵی وای ناوەتەوە.)

(ئەها ئەوەتا مامۆستا شاخ دارەکە نەهێڵن دەرباز بێ...!)

(کام مامۆستا...؟)

(مامۆستای کەڵەکوڕو ئاسکە کچەکان.)

من دەمویست بمرم و ئەوان بێ بەزەییانە نەیان دەکوشتم... بەسەدەها چنگی چنگاڵ ئاسا هەڵیان بڕیم... هەر لەسەر ئەو شەقامانە بووم بەتۆپ و شەق شەقێنیان پێ کردم، شار خرۆشاو کەس ئاگای لە کرین و فرۆتن نەما، لەحسێب و کتێب غافڵ، سەدەها منداڵ لە پشتەوەڕا بووزیان پێوە دەکردن، خودا هاوار چیم کرد بەخۆم...؟کێشە لەسەر ئەوە بوو چۆن بمکوژن... تاوێ بەقاڵدرمە بەپێچ و لوولەکانی منارەی مزگەوتێک سەریان خستم... تا لەوسەرەوە هەڵمدەن، نا... ناکرێ خوێنی ئەم زەندیقە مزگەوتمان لێ گڵاو دەکا... دایان گرتم... بەجەڵدە بیکوژین... یان وەک زەمانی زوو بەرد بارانی کەین...؟ ئەی چۆنە گەر لە چاڵی بنێین... چەندو چوونی ناوێ... قەنارەی بۆ هەڵواسن... ئان و سات هەڵیانبڕین، لاشەی لە خوێن و میزو تف و ئارەق شەلاڵم. هەڵیان بڕیم بەدار تەلێکەوە بمبەستنەوە و گڕم تێبەربدەن، هەزاران ئافرەتی سفوورو عەبابەسەر بەسەربانەکانەوە چاوانی خۆیان بەهەردوو دەست لێ وەشاردم... دایانگرتم کەوتمەوە ژێر دەست و پێیان قەسابێک بەخۆ بەکێردێکی خوێناوییەوە لە سەر سەرم وەستا... بوون بەدوو... سییان... هەریەکەو بەهەسانی بەر پشتێنەکەی چەقۆکەی تیژ دەکردەوە، چ غەریب بوو لەنێو ئاپوورەی لەو گۆڕەپانەدا تێک دەچڕژان، ئاسنگەرێک پاڵێکی بەقەسابەکەوە ناو... وەلای خست... بەخۆو بەبەروانکەی چەرمینی کوون کوونەوە چەکوشەکەی هەڵبڕی...

(ئەگەر لێ بگەڕێن... سەری ئەم لەسەر سندان تان بکەمەوە...)



پۆلیسێک بەکلکە دەمانچە لەتەوێڵمی دەداو لوولەی دەخستە دەممەوە، سەربازێکی تەپلە سوور کلکی دارەکەی لەچاوی چەپم گیردەکرد، گەنجە ملهوڕەکان بەپاژنەی پێلاو دەیانشێلا... ئیتر بێ ئاگا لە خۆم، لە دونیا... لە شۆڕشی ڕەنگین و بەهەدەرچوومان، وڕو کاس بووم... سەرم بەسەر سینەمدا کەوت و تەوێڵم بەرتەختەکەو تاس بردمییەوە... بەرچاوم لێڵ، بوورامەوە....

تاوێک و نازەنین دەستی لەسەر شانم دانا... وەئاگا نەهاتم تا ئەو حەڵەی سیامەند بەزۆر سەری پێ بەرز کردمەوە، ڕووخسارم غەرقی ئارەقەو ئاونگ... بەنازێکەوە کەهەر لە نازی ئاسکە کچێک بچێ... پێی وتم:

(چیتە مامۆستا... دەمێکە زەنگ لێی داوە... چی بوو... ئەو نامەیەت تەواو نەکرد؟)

سەمەد دەستە سڕێکی پاکی دامێ ئارەقەی سەر نێو چەوانم سڕییەوە و زۆر بەزەحمەت هەستامە سەرپێ... وەک لەسەفەرێکی سەخت گەڕابمەوە... خەنیمەوە و وتم. (ببوورن... کەڵە کوڕان...!) هاوئاهەنگ تریقانەوە–(ئەوە چییە مامۆستا... هەر جارەی ناوێکمان لێ دەنێی...!)

کە سەرم هەڵبڕی و لە تابلۆکەم ڕوانی کەڵەکێوییەکانی قەد دیوارەکە بێ باک لە خەونی دۆراوم دەلەوەڕان...!

# چەتر

من و کچێک... لە دووڕیانێک دا لێکدی نزیک بووینەوە، قوڕە زێلاقە هەنگاوەکانی من و ئەوی قورستر دەکرد، شارێگەیەک کردنی بەدوو پیادە کە ڕووەو جادەکە ملمان دەنا، لە پڕ بارانێکی بەخوڕ دایکرد، کچە خێرا چەترێکی لەژێر گاڵتۆ سوورەکەی دەرهانی و هەڵیدا، لە دواوە تێم ڕوانی، قژە قەترانییەکەی، نەکورت و نەدرێژ بەسەر پاڵتۆکەیدا پەخش کردبوو، لەژێر ئەو پاڵتۆ ئەستورەش دا هەردوو لاکەفەڵی لەگەڵ هەنگاوەکان سەمایان دەکرد، لێزمەی بارانەکە لە لەنجەی خست، هێشتا مابووی بگەینە سەر جادەکە، باران و بێ چەتر ئەستەمە... باران و تەنیایی، لە شوێنانی دیکەی دونیا باران خەڵکی پیادە تەنیا بەیەکدی ئاشنا دەکا، دوو دوو دەخزێنە ژێر چەترەکان... کەچی لێرە نە باران و نە بەفر و نە گڕکان تەنیاکان بەیەکدی ئاشنا ناکا، ژێر چەتری ئەم کچەی بەردەمم جێیی دوو کەسی تیا دەبێتەوە، چەند جوانە گەر ئەم جووتەش کوڕ و کچێک بن، جوانتریشە گەر ئەو کوڕ و کچەش دڵدار و دڵخوازی یەکدیش بن... وەلێ ئەفسوس... نەوایە و نەواش دەبێ، ڕاڕایی هیلاکی کردم، دوو دڵی کرمێیی کردم، ئان و سات کە حەزم کرد ڕووی ببینم ئاوڕێکی دایەوە، ئاوڕێکی دوژمنکارانە، چاوەکانی بێزاری و ڕقیان دەنواند... بێزاری لە چی...؟نەمدەزانی... گومان لە کێ...؟ نازانم... ڕەنگی چ ڕقێک...؟چوزانم ئەو چاوانە کە هەر دەکرا غەرقی خۆشەویستی بن منیان ترساند... منیان ڕەنجاند... پێشی کەوتم بەو ئومێدەی خۆی بۆ نەگیرێ و بانگم کا... خێراتر هەنگاوم نا، قەرە بەقەرەی ڕۆیشتم... دزە نیگایەکم تێ بڕی... بێ هوودە بوو، بارانیش زیاتر دایکرد، زیاتر شۆردمی، پاشە کشێم کرد، گەیشتەوە لام، دیسانەوە بانگی نەکردم، شەرمێکی کوشندە دایگرتم چارم نەما، تیژ تر هەنگاوم نا، ئان و سات گەیشتمە سەر شۆستەکە و ئاوڕم لێ دایەوە – وەی لە ڕێکەوت... دیم کتوپڕ خلیسکا و یەک تەختە لەنێو قوڕ و چڵپاودا پەلەواژە بۆوە، ویستم بگەڕێمەوە و لەنێو ئەو قوڕە دەری بێنم... سڵم کردەوە و نەموێرا... خێراتر هەنگاوم نا تا فریای ئەو پاسە بکەوم کە لەژێر لێزمەی باران دا گران دەلەنگی... بزەیەک نیشتە سەر لێوانم... لە خۆم پرسی: تۆ بڵێیی بزەی سووکە ڕق و تۆڵە بێ لەو کچە نەشمیل و بێ باکە... تەریق بوومەوە... لەو هەستە پەنهانەی دایگرتم....



# تێک ئاڵان

(ئەمشەو دەتلێسمەوە...!)

(شەرم ناکەی...؟)

(نە ء... دوای سەدەها شەوی پڕ خەفەت و تەنیایی چی چاوەڕێ دەکەی)

(تۆ بۆ منت بۆ ئێرە هانی...؟)

(ئاخر ناتوانم لە شارێکی پڕ لە ڕق و کینە تۆم خۆش بوێ...)

(بۆ منت فڕاند...؟)

زاوایەک و تازە بووکی شارێکی پڕ کۆیلە و بەندی... دوو عاشقی شار بەدەر کراو... ڕاوەدوو نراو لەژێر سێبەری درەختێک دا لە پاڵ کەرتە شاخێکدا ئاوا ڕاز و گلەیی یان دەگۆڕییەوە، لە پایینی ئەو دوو عاشقەدا خەرەندێک دەمی کردبۆوە، زاوا خەونی بەوەوە دەدی هەردوو دەستی بەقەد لقەکانی ئەو درەختەی سەر سەری پەنجەیان لێ بڕوێ... تا بەهەر پەنجەیەک گەمە لەگەڵ تاڵە قژێکی بووک دا بکا... دەنا وەکی دیکە تینوێتی ناشکێ... زاوا تا گەیشتە بووک دێوێکی کوشت، فەرهاد ئاسا لە دەیەها بێستون کانی و ڕووباری تەقاند، حەوت کێوی بڕی، حەوت بیابان و لە حەوت ئاوان پەڕییەوە، حەوت تەلیسمی شکاند، سوێندی خواردووە کە دوو عاشقی کێوی هەر دەبێ لەنێو سروشتێکی کێوی دا ئاوێزانی یەکدی بن... باسکی لە کەمەری باریکی یەوە ئاڵاند...

(گوێت لێ یە...؟)

(لە چی...؟)

(ئاوازێکی سیحراوی ڕۆح تەزێن... تاوێ خۆش و تاوێ غەمهێن...)

(بەڵام جگە لە من و تۆ کەسی دیکە لێرە نییە...)

(دە گوێ بگرە... ئاوازێکی وایە کە خەریکە بەسەمام بخا...)

(سەدا و ئاوازی ڕۆحی خۆتە...)

(هەستەوە با بتگرمە باوەش...)

هەستایەوە، ئاوێزانی یەکدی بوون، دوو سەما زانی سووکەڵە دەلەنگێن، دوو سەرفرازی ژێر ئاسمانێکی ئازاد، بەنێو دار و بەردو درِک و چلّ و چێودا... بەپێی پەتی... سەما سەری گەرم کردن، کەوتنە قاقا و تریقە، تریقەیان لەنێو خەرەندەکە دەنگی دەدایەوە، پەپوولە ئاسا سووک و ناسکتر بووک لە باوەشی زاوادا هەڵدەفڕی و دەگیرسایەوە، کەمتر پێ یان بەر زەوی دەکەوت، ئەم لە ڕانک و چۆغە و... ئەویش لە کراس و کەواکەی دەغەزار بوو... تا دەهات شەو کلی خۆی پتر دەڕشتە چاوانی ئەو دەوەنە چڕە، هەردوو لە ئارەقەدا شەلاڵ بوون، شێتانە یەکتریان دەلستەوە، لەژێر هەر درەختێک ئاسەواریان جێ دەهێشت، دوا جار ئەو گەردانە و گوارەشی فڕێ دا... ئەمیش سەعات و ئەنگوستیلەیەکی نقێم شینی دەستی...

(پێم خۆش بوو گوارە و گەردانەی بووکێنیت فڕێ دا...)

(بۆ...؟)

(تۆ دەزانی گوارە و بازنەی دەستی تۆ هەمان هەڵقە و کەلەبچەی مل و دەستی ڕۆژانی بەکۆیلە بوونی ئافرەتە...)

(نەء... نەمزانیوە... بەڵام ڕاست دەکەی... ملوانکە و بازنە جۆرێکە لە زنجیر کردن...)

(دەزانی جیاوازی لە کێ دایە...)

(نەء...)

(هی ڕۆژانی زوو لە مس و ئاسن بوو... هی ئیمڕۆ لە ئاڵتوونە...)

(با بازنەکانیش هەڵدەمە نێو خەرەندەکە...!)

(هەڵیاندە... هەڵیاندە...)

هەردوو ڕووت... دوو ڕوتی ژێر ئاسمانێکی ڕووت... تا دەهات پتر دەخزانە نێو یەکدی، لاولاو ئاسا تێک ئالان، ئەوەندە نزیک بوونەوە دەمی تیژی شمشێرێک نەیدەتوانی لیکدیان جوێ کاتەوە، چاویان بڕییە یەکدی، لە سروشت بێ ئاگا... گلینەی هەر یەکێکیان بوو بەگۆمێکی پاک... تەوا و غەرقی یەکدی بوون و خنکان... خنکانێکی بەخشندە و خۆش و بەلەزەت، شەکەت و ماندووی سەما... هەردوو کەوتنە سەر زەوی، زەوی سارد و شێدار گەرمی لەشی هەردووکیانی هەڵدەمژی... سروشتێکی سڕ و سارد و کپ و خامۆش



و مردوو... ئەوان بزێوو زیندوو... لە لقی زۆری درەختەکان پەنجەیان قەرز دەکرد، لە پەڵە کێویەکانی لێو... سەدەها پەنجە و سەدەها لێو... بوون بەسەدەها لەتە نێر و لەتە مێ... یەکدیان هەڵدەگلۆفی... هەڵدەلووشی... ڕادەمووسی... وەی لەو تاسە گەرمەو لەو سۆزە ڕەنگینە... وەی لە حەسرەتی ئەو وەحشەتە و... لە گڕی ئەو شیرین شەهوەتە، وەک دوو ماری عاشقەو ماشقە لێکدی لکان، شیرینتر چوونە نێو یەکدی... لاق و لەتەریان لە ڕەگ و ڕیشەی درەختەکان قەرز کرد... تەڕی دەم و لێو لە شەونمی سەر گەڵاو گوڵ و سەوزە گیاکان... بەیەکدی یەوە نووسان... قرسان... تا دەهات گۆمی گلێنەیان ڕوونتر دەبۆوە، گۆمێک کە سیحری ئەو جوانییە ڕووتە لە خۆیدا بخنکێنێ... جوانی جوت بوون... گۆمێک... دوو گۆم... دە گۆم... سواڵی مەلەی ئاوێتە بوون بکەن، بەسەر چەقۆی کەرتە شاخ و بەردەڵان و چلّ و چێودا غل دەبوونەوە... خوێنی گەرمیان دەڕژایە سەر گوڵە کێویەکان، گژ و گیا و ڕەگە هەڵتۆقیوەکان... بێ ئاگا لە خۆیان... لە دونیا... سیحری دەست لەملانێ سڕی کردبوون... تەپاوتل تا لێواری خەرەندەکە خزان... وەی لەو باڵا گەردانی و تێک ئالانە... نزیک و نزیکتر... گەوزێک و دوو گەوزو دە گەوز... تا لێواری خەرەندەکەش ترازان... ڕووە و قوڵایی و بەنێو ئاسمانی ئەو خەرەندەدا دەفڕین... لێرەو لەوێ وەک دوو شووشەی ناسک بەر تاشەبەردەکان و درەختی لاپاڵی خەرەندەکە دەکەوتن و دەشکان... ڕووەو چەمی بەهاژەی سامناک هەردوو هاڕەیان دەهات... وەی لەو دیمەنە جوان و هەم جەرگبڕە... فڕندە و مەلە کێویەکانی سەر خەرەند یەکەمجار بوو وا شێتانە بچریکێنن، بە دەم ئەو فڕینەوە... لێرە و لەوێ... بەسەر تاشە بەردەکانی لاپاڵەوە... لقی وشکەوە بووی درەختەکانەوە... پەنجە و گلێنە و ماچەکان جێ دەمان... حەز و حەسرەت و تاسان... دوا جار تەنیا... بەتەنیا دوو دڵی نامراد بەدوای یەکدی دا غل بوونەوە... خزانە نێو گێژەنی چەمی بەخوڕی خەرەندەکە... ئەو چەمەی تێکەڵ بەئاوی ئەو ڕووبارە دەبۆوە کە دەڕژایەوە دەشتی تینووی شارێکی کۆیلە... ئەو شارەی ڕاوە دووی ئەم عاشقانەی نا...!

# ئێواره و شتی تر

به دەستی چەپی شیشی ژەنگاوی پەنجەرەکەی گرتبوو، بەدەستی ڕاستەی زوو زوو سۆتەکە جگەرەکەی دەتەکاند و مژێکی لێ دەدا، بەحال لوولەیەکی باریکی دووکەڵەکەی بەرەڵلا دەکرد، مات و نیگەران ڕووەو خۆری ئاوا بووی دەم کەل دەیڕوانی... ماتییەک... خەمێک کە هیچ هۆیەکی بەرجەستەی نەبێ، خەمێک لەو خەمانەی کتوپڕ ئیفلیجت دەکا، هەرچوار دیوار و بنمیچەکە دادەخزان وێک دەهاتنەوە، ڕووە و ئەو پنتەی ئەمی لێ وەستا بوو... سەربانەکە ئەوەندە داخزا تا سەری کەوتە نێو دوو کاریتە، تۆز و دووکەڵێک هەناسەیان سوار کرد، لە کەل و پەلی نێو ژوورەکە ورد بۆوە... پێ یان قەڵس و بێزار بوو... لەوە دەچوو یەکەمجاری بێ بیانبینێ... جگە لە کتێبەکانی هەموو شتێک بۆنی مەرگی لێ دێ... ڕەنگی غوربەت... وای هەست کرد گەر ئەم ژووره جێ نەهێڵێ تۆزێکی دیکە دەخنکێ، کەچی نەیدەزانی بۆچی لەبەر ئەو پەنجەرەیە سڕ و مات وەستاوە، تۆ بڵێی سیحری زەردەپەڕ نەبێ، زەردەپەڕ هەموو ڕۆژێ تەنەکە خەمێکی پێ دەبەخشێ، کۆمەڵێ یادی تفت و تاڵ.

دەستی چەپی لە شیشەکە بەرداو ویستی قەرەوێتەکەی لە ملی یەوە شەتەک بدا، پاشگەز بۆوە و لەوە ترسا زۆری بۆ بێ و خۆی بخنکێنێ قەرەوێتی لێ بوو بەپەتی سێدارە... ئارەقەی شەرمی دەردا، لەودیو پەنجەرەکەوە و لەسەر جادەکە تارماییەک تێکەڵ دەبوون، پتر لە خێو و داهۆڵ و ئامێرد دەچوون، سست و تەمەڵ و بێ ڕۆح دەهاتنە بەر چاو... چ بێهوودەیە گیاسەی ئێواران، پیرێک و گۆجانێک ڕابەرێتی، منالانی گەڕەک کەوتونەتە دوای تۆپەڵە پەڕۆیەک... ماڵەکانی ئەمبەر و ئەوبەر هەر ڕۆژە و تۆپێک دەتەقێن، نە لەم ژووره دەحەسایەوە و نەدڵیشی بەپیاسەی ئێواران خۆشە... چ گەڕەکێکی خامۆشە... نە زاق و زریقی منالان... نە جریوەی چۆلەکە نەسرەوتەکان، نە شاتەشاتی ژنە چەقاوەسووەکان... ناتوانن ئەو خامۆشیە بکوژن، لە ژوورەکەدا هات و چوو وەک کەسێک هەنگاوەکانی خۆی بژمێرێ... هەقە بەجێ یان بێڵێ... ئەم ماڵە و... ئەم گەڕەکە و... ئەم شارە... بێ شک لە شوێنێکی دیکە دنیا قەڵەباڵغە... ڕەنگاو ڕەنگ ترە... وای لەم



ژوورەی هەموو عومری جحێڵی ئەمی لە گۆر نا... ئێستا هاوڕێکانی لەم بەر و ئەو بەری شۆستەکان وەستاون و لە لاق و لەتەری کچە جحێڵەکان ڕادەمێنن، لە ڕوخساری کچە زۆر تەنیاکان، ئێواره خۆیان دەگۆڕن تا سیحرێک لە کوڕەکان بکەن... سیحر و بەس... ئەم نە سینەو مەمک دەبینێ و نە پووزوپا... ئەم بەتەنیا پەیکەری... هەیکەلی ئێسقانی بێ گۆشت و شەهوەتی ئەو شۆخانە دەبینێ، زەردەپەڕ ئاسمانی ئەو ئێوارەیەی خوێناوی کرد بوو... بێ سوودە... هیچ جوانێک نییە ئەم هەموو ناشرینییەی دونیا بسڕێتەوە... ئەم بە دوای شتێکی دیکەدا وێڵە... وای لەو سۆزە کوشندەیەی دایکی... ئەم نەبووایە ئێستا بۆ خۆی چوو بووە نێو غوربەتێکی جوانتر... دونیایەکی برسی... تینوو... خۆشەویستیش هیچ... ناکرێ ڕێزی دونیایەک بگری کە منالان تیایدا هەن دڵشکاون، ژنان لە نێو زۆنگاوەکاندا دەژین... خەڵکانێکیش هەن گەوجانە شەوانە دەخەون، حەزی دەکرد بەجگەرەکەی دەستی ئەم دونیایە بسووتێنێ... پێی وت:حەق نییە بەم تەمەنەوە جگەرە بکێشیت...!لەوە دەترسیت زوو بمرم... ئۆو... من عومرێکە مردووم... پاشان خانمەکەم من گەر جگەرە نەسووتێنم دەبێ یان خۆم یان دونیا بسووتێنم... تۆ قەت ناتوانیت بەئاسانی وەڵامی پرسیارێک بدەیتەوە...!کە دونیا بوو بەشێتخانە چاوەڕێی چ حیکمەتێک لە من دەکەی...! زۆر جار کە خەمۆکی ڕۆحی داگیر دەکا خاولییەک و لیفکە و سابونێک دەخاتە نێو زەرفێک و لە گەرماوەکە چڵکی قەهرێک لە خۆی دەشواتەوە و تاوێک ئاسوودە دەبێت... تەنیا تاوێک... هەموو ئێوارەیەک و خەمێکی تازە... خەمێکی پەنهان... چۆوە بەپەنجەرەکە... لەو بەری شەقامەکەوە هاوڕێکەی دەرکەوت... بەر لەوەی بگەڕێتەوە لە دەرگا بدا ئەم خزایە ژێر جێ و خۆی نواند کەناساغ بێت... یان هیچ نەبێ نوستوو... لەژێر لێفەکەوە گوێ قولاغی زەنگی دەرگا بوو... قەیرێ چاوەڕێ بوو... زرنگەی زەنگی دەرگاکەی نەبیست... بێ هەست و خوست خۆی مات دا، کتوپڕ بیری کەوتەوە خوشکەکەی لە خوارەوە تەنیایە، گومانی لێ نیشت... تۆ بڵێ ی؟!بۆ نا...؟ویستی لێفەکە لەسەر خۆی لاداو بەهەشتاوی بەپێبلیکەکاندا غل بێتەوە... نەیتوانی... لەوە بێباکتر بوو خۆی بۆ گومانێک عەوداڵ کا، گەر بەیەکەوەش بیان بینێ... ئەم خوشک و ئەویان هاوڕێ... چی بکا...؟ بیانکوژێ...؟ بۆ نا...؟ ڕەنگە کوشنی یەکێکیان... یان هەردووکیان مانای شتەکانی لە لابگۆڕێ... تۆ بڵێی زیندان ژیانی لا خۆشتر نەکات...؟تا دەهات خەم پتر دڵی دەگوشی و هێدی هێدی لەژێر لێفەوە هەنسکی دەدا... هەنسکی بێ هودەیی...

## نهێنی

ئەو بێوەژنە تەنیایە... گەر ئەو نهێنییە نەبووایە... هەموو گەڕەک لەسەرە مەرگی دا لەبەر دەرگای شەق و پەقی کەلاوەکەی دا کۆنەدەبوونەوە، بەر لەوەی زمانی بشکێ گەورە و بچووک، ژن و پیاو... نەدار و خوا پێداو لێی پاڕانەوەو...

(پووری گیان... خوا هەڵناگرێ... منالانی گەڕەک بێ ئەو گەزۆ و حەڵوایەی تۆ هەراسانمان دەکەن... با یەکێکی دی ئەو سنعەتەی تۆ بزانێ)

(بە پەلەن لە مەرگم... هەی خوا نەناسینە...)

(حاشا... بەڵام کەس عومری نوحی نەبووە...)

(مەترسن چاک دەبمەوە...)

(ئەی ئەگەر...)

(ئەگەری ناوێ... ئێوارە با منالانی دەر و دراوسێ بێننەوە لام... حیکایەتەکەیان بۆ تەواو کەم)

دەمەو ئێوارە... کتوپڕ زمانی شکاو... دوای لەرز و تایەکی کوشندە... ئەو نهێنییەی لەگەڵ خۆی برد... شەو پیاوانی گەڕەک بەدیار تەرمەکەیەوە ئێشکیان گرت، چێشتەنگاو ناشتیان... تا ئێوارە چی میراتی بوو بەتالان ڕۆیشت... گەزۆ و حەڵوای سەر سینی و نێو قاپۆلکەکان، سندوقێکی بوراق... چەند کاچە لبادێک... کەچە لێفە و دۆشەگی داڕزیو و... هەلاهەلا، سەفەر تاسێک، سەر و بەستێکی ڕەش داگەڕاو، خەزێم و ئەنگوستیلەی پاقڕ، شوشەیەک پڕ لە ئاوی زەم زەم... موفەڕکەکانی شێخ و مەشایەخان، بەردە پێ و مووکێشێک و کلچوکێک، ئاوێنەیەکی ژەنگار، سێ کراس و چوار کەوای خمدار، بۆرە باولێک... کە بوو بەنسیبی ئەو بێوەژنەی کە بێوەژنە مردووەکەی شۆری... هەر ئەو شەوە قوفڵەکەی شکاند و... وەی لە عاجباتی... قورئان و دەمانچەیەک کە لە خامێکەوە پێچرابوون خرابوونە نێو قەدی چەند پارچە قوماشێک... قوماشی چیت و کوودەری... بۆ نێکی خۆش و دێرین لە نێو باولەکەوە کەللەی بێوەژنەکەی تاساند... وەی لە عومری



بابردوو... خۆ ئەم چیت و کودەرییە گوڵ گوڵیانە بۆ ئەمیش ناشێن... بۆ نەیکردوون بەکراس...؟تا ئێوارە هیچ نەمایەوە... جگە لە کەلاوەیەکی چۆڵ و هۆڵ... ئەو کەلاوەیەی بەیانیان بۆ گەزۆکەی لە بەردەم دەرگای داڕزیوی دا ڕیزیان دەبەست... ڕۆژی دووەم کاریتە و شەقڵەکانیشی دزران، سەربانەکەش تەواو داتەپی، بەدزییەوە هەر هەموو دەگەڕان... پیاوانی گەڕەک... ژنانی... کە بێزار بوون... منداڵەکانی خۆیان لەو کەلاوەیە بەردا... نێو حەوشە و کونەدیوارەکان... گەنجینەکە نەدۆزرایەوە... بەنێو دار و پەرد و دا دەهاتن و دەچوون... چاڵیان هەڵدەکەند، دیوارەکانیشیان دارماند... ڕۆژان ڕابورد و کەلاوە بوو بەکولانەی سەگ و پشیلە گەڕەکانی گەڕەک، چی زبڵی ماڵانیش هەبوو لەوێ ڕۆ دەکران، کەڵەشێر و مریشک و جووجەڵەکان چینەیان تیا دەکرد، دوای ساڵێک لە ناکاو ژن و پیاوێکی نەناس و گۆشتە و پەرداغ خەڵکی گەڕەکیان کۆکردەوە، ڕایان گەیاند کە میراتگری ئەو پیرەژنەن... ئەو کەلاوەیەن... ئەو زبڵخانەیە...!

# دووکەڵ

سەرەتا... هەر خۆی تەنیا... سەرداری تاریکی و ڕۆناهی هەموو گەردوون بوو، لەسەر عەرشی پیرۆزی خۆیەوە، هەزاران ساڵ تێپەڕی و ئەم سەراسیمەی زەریا و دارستان و کێو و ئەستێرە دوور و نزیکەکان بوو، هیچ شتێک نەبوو ئەم جوانییە بشێوێنێ، وەلێ هەرچی هەبوو... لە نێوان حەوت تەبەقەی ئاسمان و لەسەر مانگ و ئەستێرەکان کپ و خامۆش بوون، بۆ گوێ سووکەکانی ئەم شنەی شەماڵ گڤە و... وەرینی گەڵایەک لە دارستانێک دا چ زرمەیەک بوو... تاکەی خامۆشی...؟ شەوەهای شەو مات و نیگەران لە زەوی تاریکی نێوان ئەستێرەکان ڕادەما...

(ئەم گەردوونە شتێکی کەمە...!)

تەنیایی زۆری بۆ هانی...

(جگە لە خۆم ئەم دار و بەردەی ژێرم... ئەو ئاو و گڵە سەردارێکی گەرەکە...)

باوێشکێکی داو ڕاکشا...

(خەڵقەندەیەک بمناسێ... مەملەکەت و مەلەکوتی لەگەڵدا دابەش دەکەم...)

ئاسمان هەر ئەم ئاسمانە و... زەویش هەر ئەم زەوییە بوو... ڕۆژێک و ساڵێک و... سەدەیەک و هەزاران هەزار سەدە تێپەڕین... ئەم هەر تاک و تەنیا تۆزی غەریبی لە خۆی دادەتەکاند و بەبای دەکرد...

(ئیتر تاکەی...؟با ئەستێرەیەک ئاوەدان کەمەوە، ئەوسا شاگەشکەی ئەو خەڵقەندە تازەیە... سەراسیمە دەبم... با پڕشنگی نوری خۆم ڕۆحیان بێ... چی لەو پڕشینگە سیحراوی ترە... چ ترس و سامێکی خواهانەیە... چی لە ئاگریش پاکترە...؟!)

چنگ لە دوای چنگ پڕشینگی ڕۆحی خۆی دادەماڵی و ڕووەو دورترین ئەستێرەی مردوو هەڵیدا، یەکە یەکە لە بەرگی گڕدا کرنۆشیان بۆ نووری باوک برد، هەر هەموو هەمان سیپاڵی پڕ لەبەردا، بەسەر ئەو ئەستێرە هەتیوەدا بڵاو بوونەوە، دواجار لە کەشکەڵانی فەلەکەوە بانگی ڕادێشت...



(وریا بن... هەرشتێ بەرۆحی گڕاوی خۆتانەوە بسووتێنن... ئاکامی کارەساتە... هەنووکە ئێوە پڕشنگێک لە ڕۆحی منن... نەکەن لەو پڕشنگە پتر بخوازن... نەکەن...)

سەرەتا هەزار ساڵ بۆ ئەم حیکمەتە کڕنۆشیان برد، بەچەپڵەیەکی ئەم سەریان هەڵبڕی، سەراسیمە و شاگەشکەی ئەو سیحرە... سیحری ئاوەدانی یەکەم ئەستێرە، گەرەکی بوو چەندین ئەستێرەی دیکەش ڕووناک کاتەوە... تا پتر خەمی تەنیایی سامی خامۆشی لە خۆی بڕەوێنێتەوە... تا ورشە و بڵێسە و ڕۆناهی و گەرمی هەموو گەردێکی گەردوون داگیرسێنێ، یەکەمین ئەستێرە بەزم و ڕەزمی تێکەوت... زاوو زێ... سیحری فوویەکی ئەم و ئاسمان پڕ بوو لە باڵندە... فوویەکی دیکەو دارستانەکان پڕ بوون لە شێر و پەپوولە... فوویەک دەریاکان پڕ بوون لە ماسی... قریشکەیەک و هەزاران چەم و کانی تەقینەوە... شاگەشکەی ئەو خەڵقەندە تازانە و قاقا پێکەنی... بەو قاقایە تاڤگەکان ڕژان... تەنیا ئەستێرەیەک بەچی دەچێ...؟با هی دیکەش ئاوەدان کەمەوە... خامۆشی پتر دەمرێ... دەنگ و ڕەنگی دیکەش ئاوێتەی دەبن...

هیلاکی دوای ئەو هەموو خەڵقەندەیە... تاوێ وەنەوز و کەروێشکە خەوێک بردی یەوە...

چ کۆستێک بوو ئەو ڕۆژەی لە پەناوە ڕۆحێکی گڕاوی خۆی ئاڵاندە دەوەنێکی چڕ و گڕی تێ بەردا... چاوتروکانێک و بوو بەهەڵلا، نهێنی تەماعی نێو ئەو خەڵقەندەیە چوون گڕی نێو پووش تینی سەند... دەوەنێک و دوو... سێ و... چوار... ڕۆحی ئاگرینی ترسناکتر بڵێسەی سەند، هەر هەموو وە ئاگا هاتن... هەریەکەو لەلایەکەوە تاوی دەدا... چی دار و دەوەن و جەنگەڵ و دارستان بکەوتایە سەر ڕێی سەر پاکی دەسوتاند... بوو بەهەرا و زەنا و ڕکەبەری... ڕۆحی گڕاوی ئەم و ئەو... لێرە و لەوێ بوو بەدۆزەخ... گەورە و گەورەتر... ترستاک و ترسناکتر... تیژ ترو بەگوڕ ترو شێتانە تر بڵێسەی هاری ڕووەو ئاسمان هەڵدەچوو... هەندێ لێرە و لەوێ نەگەیشتنە دار و دەوەنەکان... پڕشنگێ لێرە و پڕشنگێ لەوێ... ناچار چوونە ژێر باڵی لە خۆ مەزنتر... پڕ گڕتر... ژێر باڵی ئەوانەی کە گەیشتنە گەلێ دارستانی بێ سەر و سنوور... ئەوانەی ڕۆحیان ئاوێتەی ئاگری بێ ئامان بوون...

(کێ ئەم ئەستێرە سووتاوە دەکوژێنێتەوە...؟)

خۆ ڕۆح ئاوێ لە نێو ئەو خەڵقەندە شێتانەدا نەبوو... هەر گەردەلوولی گڕ بوو غاری دەدا... سەمای ملهوڕانەی دەکرد... چڕە دووکەڵ و ڕمانی دیوارەکان... قەڵاکان... باڵەخانەکان... قرچە قرچی سووتانی ڕۆحی دارستانەکان... زریکەی درەختەکان...

هەڵوەرینی باڵندە گرتێبەربووەکان... سوتانی ماسی نێو زەریا گەرمەکان... برژانی ئاژەڵە کێوی یەکان... تەلان وگردی خۆڵەمێشی بەر هێرشی ڕەشەباکان... ڕەش داگەڕانی کێوەکان... کوێر بوونی کانییەکان...

کتوپڕ، هەناسە سواری، لە خەو ڕاچەنی... وەی لەو کۆست و کارەساتە... چی ببینێ...؟تا ژێر عەرشەکەی دووکەڵ و تەم توومانە... کوانێ ئەستێرە خۆشەویستەکەی...؟کوا خەڵقەندە جوانەکانی...؟دووکەڵ نەیهێشت هیچ ببینێ... فریا نەکەوت بارانی ڕەحمەتێک ببارێنی... هەر حەوت تەبەقەی ئاسمان و هەموو ئەستێرەکان غەرقی دووکەڵ بوون... زەریاکان و گۆمەکان بوون بەهەڵم... چیا سەرکەشەکان توانەوە... گرکانی ئێرە و ئەوێ... خنکانی ئۆقیانووسەکان، ڕمانی کیشوەرەکان... هێدی هێدی هەر هەموو ئەستێرەکانی لێ ون بوون، گڕی ناقۆڵا ئاگرۆکەی چنگە پڕشنگ و بڵێسە و کڵپەی هەڵدەلووشی، ئەستێرەی تاقانەش بوو بەدۆزەخیکی بێ سەر و بن... دووکەڵ هەموو شتێکی پێچایەوە، هەموو شتێکی ون کرد، هەموو شتێکی خنکاند... زۆری نەبرد عەرشەکە و پەیژەی نوورین و... هەر هەموو خۆر و مانگ و ئەستێرەکانیشی خنکاند...

زۆری نەبرد... دووکەڵ چاوانی پڕ لە نووری ئەمیشی کول کرد... ئەمیش غەمگین و نابینا سۆمایی و ئاوی چاوانی دەهات... هەردوو گلێنەی ڕژان ئەوەندەی بۆ چاوای خۆی و سووتانی ئەستێرەکەی بگری، نەڕەخسا ئەستێرە خۆشەویستەکەی لە داڕمان قوتار کا... لە سووتان و... فەوت بوون... ئەمێستاش... تائێستاش ئەو ئەستێرەیە هەر دەسووتێ و دووکەڵ دەکا... ئەمیش بێ بینایی دانیشتووە و هەروا دەگری... فرمێسکە درشتەکانی لەبەر پێی خۆی دەبن بەهەڵم... ئەمێستاش ئەو ئەستێرەیە دەسووتێ و... دووکەڵ دەکا... دووکەڵ... دوو... کەڵ.... د... و... و... کە... ڵ... ئەمیش دەگری... دە... گری... د... ە... گر.... ی... گریان و.... بەس......



## ماڵئاوا... خۆشەویست

ئەو ڕۆژەی کە داوەتیان کردم، نەک وەک پزیشکێک، چونکێ من هاوڕێی هەمیشەیی ئەو ژن و مێردە بووم، ئەمجارەیان خۆیان بۆ نەگیرا... یەکسەر ڕووە و ژووری نووستن ڕایان پێچام، قەت ژووری وا ڕازاوەم، لەمەوبەر، نەدی بوو، بۆ منی ڕەبەنەماڵ مایەی قەهر و خەفەت بوو سیسەمی نەرمی دوو کەسی ببینم، منێک نەزانم تامی تلدان و گەوزین و دەست لەملانێ چییە، بەڕووکەش هەردوکیان تەبا دیار بوون، وەلێ من ژووری نوستن، قەلای دڵدارە درۆزنەکان، دەناسمەوە، بەنەفرەت بێ سیسەمی مەیتە ڕێک پۆشەکان، سەرینی ماچە هەڵوەریوەکان، لێفە کفن ئاساکان، با دابڕووخێ مێزی تەوالێت، چەکمەجەی سیخناخ لە قەڵەمی ئارایشت، قەڵەمی برۆ و پشتی چاو، بۆیەی نینۆک، ماکسارا، ماکس فاکتەر... من دەمزانی هاوڕێکەم مەیلی گۆڕیوە، کچێکی تر، عەییار و دولبەر، لە ژنەکەی شۆختر... تاساندوویەتی... دوا جار پرسیم(ئەم ژوورەیە...؟)

ژنەکە وەلامی دامەوە:(هەموو ژوورەکانە... بەڵام بۆنی ناخۆشی ئەم ژوورەیە وای لێ کردووین تیایدا نەخەوین...!)

(دەمێکە وایە...؟)

(چوار مانگ دەبێ)

(نەتزانی هی چییە)

ژنەکەی وەرس و غەمگینانە وتی: (هی چی بێ دکتۆر گیان...؟ئەوە دەیەمین جارە ئەم ماڵە هەڵگێڕ و وەرگێڕ کەم، هیچ نەما... لەم ماڵە... تا دەگا بەبزورگ و پارچە پەڕۆکانیش هەڵنەتەکێنم... داینەوەشێنم، گوتم لەوە دایە مشکێک لە ژوورەکەدا تۆپی بێ، ژوورەکەشم خالی کرد، هەموو شوێنێکم پشکنی... ژێر سیسەم، نێو چەکمەجەکان، کانتۆر... سەر و ژێر... نێو دەقی جلەکان، خانە خانەی دۆلابەکان، هەموو هەینی یەک بەرگی لێفە و دۆشەگ و سەرینەکانم دەشۆری، لۆکەی نێو دۆشەگ و بالێفەکانم دەخستەوە بەر دەستی هەلاجێک، نێو ئینجانە و کاونتەری قاپ و قاچاغ... وام لێ هاتووە نێو زۆپا و گلۆپەکانیش بگشکنێم.)

قسەکەیم پێ بڕی و سەیری چاوە کاڵەکانیم کرد کە پڕشنگی خۆشەویستی تیا کوژا بۆوە، بریسکەی ئەمەل، من زوو هەستم بەو پڕشنگە دەکەم، مان و نەمانی، هەر ئەوەش وای لێ کردووم بێ ژن و ڕەبەنەماڵ بم، تەنیا ئەو پڕشنگە من دیل و بەکێش دەکا، کە خۆشەویستی مردبڕ... ئەو پڕشنگە لە چاوی هەموو شۆخێکدا کوژاوەیە، بەد بەختیم لەوە دایە حەزم لە هەر کچێک کردبێ ئەو پڕشنگەم نەبینیوە.

ژنە بەقەهرەوە پرسی- (دکتۆر عەلی دەرمانێکی وا شک نابەیت... یا هەر شتێک کە ئەم بۆنە بکوژێ...؟)

(مەگەر بۆ بۆنێک بگەڕێین...!)

(دەم خۆش...)

(بەڵام سودی چییە گەر نەزانین ئەم بۆگەنە هی چییە؟)

(تۆش هەستت پێ کردووە...؟)

(هەراسانی کردووم)

بە پەلە چوومە گژ مێزی تەوالێتەکەو دەستم گەیاندە شووشەی عەترەکە و پژاندم بەبەرمل و چەناگەمدا، ئاوڕم لە هەردووکیان دایەوە:

(سەیرە... گوڵاوەکەش هەمان بۆنی گرتووە...)

(هەموو شتێکی ئەم ماڵە ئەو بۆنە پیسەی گرتووە)

(سەیرە...!)

(ڕۆژ نییە خۆمان نەشۆین.)

(مشکی تۆپیو)

(نیمانە... سێ چوار تەڵەم داناوەتەوە... تا ئێستا مشکێکی پێوە نەبووە.)

(لە بۆنی مشکی تۆپیویش ناچێ.)

بێ دەسەڵاتانە لێی پرسیم- (ئەی دەبێ چی بێ...؟)

خانە خوێ کە زانی مات و بێ دەنگم... دۆستانە... بەڵام بەمەلوولی پێی وتم:

(دکتۆر سفرەیە ئامادەیە...)

شوشەی عەترەکەم دانایەوە، وەستان تا پێشیان کەوم، خەنیمەوە... تێ گەیشتن... لەگەڵما خەنینەوە.



بەیەکەوە لەسەر خوانەکە سێ گۆشەیەکمان پێک هێنا، سێگۆشەیەکی نارێک، هێڵی نێوان من و مێردە کورتتر بوو لەوەی نێوان من و ژنە. نان، ماشتاو، سەوزە، زەڵاتە، پەرگە پڵاو و شلەی بامیەش... هەر هەموو سفرەکە هەمان بۆنیان گرتبوو، بەدرۆ... بەکاوەخۆ... بێ ئەوەی بۆنیان بکەم چەند پاروویەکم گلاند، خاولی سەر دەست شۆرەکەش، بگرە ئەو شانەیەی قژیشم پێ داهێنا هەمان، لە ئاوێنەکەوە ڕوانیم هەڵبزڕکاوم، چا، ئەو جگەرەیەی خانە خوێ بۆی داگیرساندم... سێو پرتەقاڵەکانیش.

کە بەڕێیان کردم لەتەک گوڵەکانی نێو باخچە دڵگیرەکەی ڕامام- (بەهزاد... باخچەکەت جوانە.)

بەسەر گوڵەکانی دا نووشتامەوە- (ئەوە چییە... گوڵەکانیشت هەمان بۆنیان گرتووە...!)

هاتە پێشێ و بەسەرسامی یەوە پرسی- (تۆ بڵێ ی...؟ باوەڕ ناکەم...)

لەبەر دەرگای حەوشە تەوقەم لەگەڵ کردن و جێم هێشتن، کە لە لاکۆڵانەکە دەرچووم هەردوو دەستی خۆم بۆن کرد، بەچی بزانم ئەو بۆنە کەسکوونە هی گوڵە گەنیوەکان بوو یان نێو لەپی ئەو ژن و مێردە، ئەو ڕۆژە تا شەوخەوتنان دەجار هەر دوو دەستم بەسابوونی دیتۆڵ شۆری و ئەو بۆنە پیسە لێم نەبۆوە، بۆنی ناخۆشی ئەو ماڵە... ئەو ژن و مێردە... بۆنی گەنیوی گوڵە دڵگیرەکان...

دوای دە ڕۆژ، ئێوارەیەکی درەنگ، ئەو ئێوارەیەی نەخۆشەکانم زۆر شەکەتیان کردم، سەرم بەسەر مێزەکەدا لار کردبۆوە، بیرم لەو هەموو دەرد و درمە دەکردەوە: شیزۆفرینیا، پارۆنیا، فۆبیا، هیستریا، کالۆمانیا، ئۆدیب، ئەلیکترا، ئیفچنیا... ئەو نەخۆشانەی بەزۆر قسەیان لێ دەردێنم و نادوێن، زمانیان تەتەڵە دەکا، ئارەقە، لاڵ بوون، دەکارگیرانە، بەشەرمەوە، بەترس و گومانەوە تێم دەڕوانن، ئەوەی نانی پێ ناخورێ، یا سەری دێشێ، یان ئەوەتا خەون بەخوشک و دایکی یەوە دەبینێ، شەو نییە خەون بەسێدارەوە نەبینێ، لەگەرمەی غاردا دەکەوێتە ناو چاڵێکی بێ بن، ئەمەیان بێ هۆ و بەهانە دەگری، ئەوەی تریان لە تاریکی تۆقیوە، بروسک و باڵەخانەی بەرز، خەو زڕاوەکان، ئەو خوا پەرستانەی شەو نییە شەیتانی نەبن... ئەو شەیتانانەی کە بەرگی شۆخان دەپۆشن، زولەیخایەک کە یوسف بەرگەی فریوی نەگرێ، ئەوانەشی کە هەمیشە مات و مەلوولن، ژنە تەڵاق دراوەکان، قەیرە کچەکان... ئەو شۆخانەی جگە لە خۆیان کەس نابینن، ئەو ناشرینانەی کەس نایانبینێ، هەندێ لەوانەی مێرد یان دڵدارەکانیان درۆیان لەگەڵ کردوون، ئەو

پیاوانەی لە ژنەکانیان بەگومانن، دەبیوسەکان، ئەو جحێلانەی شەرم لە خەونەکانیان دەکەن، کچانی دوو دڵ لە پیاو... گەنجانی ڕاڕا لە ژن هێنان... گۆج و ئیفلیج و کەڕ و کوێر و کەچەڵ و سەقەت و پەککەوتەکان... پیرەمێرد و پیرەژنە تەنیا و ترۆکراوەکان، گوناهکارە پاکەکان، سۆزانییە بەحورمەتەکان، حەڵاڵزادە و حەرامزادەکان... ئەوانەی هەیانە و دەدزن، کۆنە سیاسەتباز و... کەڵەمێردە بەزیوەکان، بەدمەست و قومارچییەکان... هەر هەموویان دێن و ڕوو لە عیادەکەی من دەکەن، ڕۆژ بەڕۆژیش پتر دەبن، دەرمانی گران بەهاش نانووسم، بەڵکو بەردەست و هەرزان:تۆ هەموو ئێوارەیەک بڕوانە زەردە پەڕ، تۆش تریفەی مانگە شەو، تۆ تاڤگە و قەڵبەزەی کەفچڕ، با ئەم هەموو شەوێک گوێ لە مۆسیقا بگرێ، با ئەو بەر لە نووستن خۆی بشوات، تۆش خوشکەکەم بولبول بەخێوکە، ئەم کە هەیەتی با سەفەر بکا، تۆش براکەم بەسەر چیایەکی ڕکدا هەڵگەڕێ، تۆ مەلی نێو قەفەزەکان بەرەڵڵا کە، پێی بڵێ ڕۆمان بخوێنێتەوە، تۆش کچی باش هەموو شەوێ دە لاپەڕە لە هەست و نەستی خۆت بنووسەرەوە... بێ شەرم و ترس... بۆ خۆتی بنوسە، با دەنگت ناخۆش بێ... شەرم مەکە و گۆرانی بچڕە، تۆ نەمام بچێنە، دۆزەخی تۆ لەوەدایە کەست خۆش ناوێ... هەر نەبوو پشیلەیەک بەخێو بکە....

لەو خەیاڵەدا بووم... یان بڵێیم لەو گێژەنەدا کە هاوڕێکەم کتوپڕ، شپرزە و ماندوو، دەرگای لەسەرم کردەوە، بێ ڕووخسەت خواستن دانیشت، جگەرەیەکم بۆ ڕاگرت، بەدەم هەناسە سواری یەوە وتی-(ناکێشم...) پاشان تێ هەڵچۆوە-(هیلاک دیاریت.)

(نەخۆشی دەستی نەخۆشەکانم...!) پاشان لێم پرسی: (لەگەڵ بۆنەکە ڕاهاتن...؟)

(نەوەڵلا... هەراسانی کردووین... ویستم خانووەکە بفرۆشم، کەچی بینیم هەموو گەڕەکەکە وەک من گیرۆدەن.) تا ئەو حەلە بەوردی سەیری نەکردبووم... کە تێی ڕوانیم بەسەرسامی یەوە پرسی: (ئەوە چییە... هەردوو چاوت دەڵێی گۆمی خوێنن...)

(تۆ واز لەوە بێنە. وتت:هەموو گەڕەک...؟)

(ئا...)

(دەبێ زێرابەکان گیرابن...)

(نەء... ئەو ڕۆژە کرێکارمان هانی و هەڵیاندڕی... ڕۆژێکیش تا ئێوارە ئاومان بەردایەوە تا ئاوەڕۆکان پاک ببنەوە...)

(سەیرە...)



(هیچ سەیر نییە... هەر ماڵەو وای دەزانی تەنیا خۆیەتی.)

(سەیر لەوەدایە لەو ڕۆژەوە چەند نەخۆشێکم بینیوە بەهەمان دەردەوە گرفتارن.)

(لە گەڕەکەکەی ئێمە بوون...)

(نەء... خەڵکی گەڕەکەکانی تر بوون...)

(عەلی فریامان کەوە...)

(جا تۆ دەتەوێ من چیت بۆ بکەم...؟)

(هیچ... بەڵام تۆ وەک پزیشکێک ئەم بۆگەنە بەچی لێک دەدەیتەوە؟)

(من دکتۆری نەفسیم)

(ڕاستە بەڵام گەر تۆ بوویتایە چیت دەکرد؟)

(من وام لێ بەسەر نایە)

(بۆ...؟)

(چونکە ڕەبەنم...)

(یانی چی... تێت ناگەم...)

(با تێت گەیەنم... تۆ لە خۆت نەپرسیوە بۆ تەنیا ژن و مێردەکان بەم دەردەوە گرفتارن؟)

(نەء... بەڵام ڕاست دەکەی)

(پاشانیش بۆچی ئەو بۆنە لە ژووری نوستندا کوشندن ترە)

(نەک لە ماڵەکەی من دا... وای لێ هاتووە لە هەموو گەڕەکەکەدا هیچ ژن و مێردێک نەچنە ژووری نوستنەوە)

(کەواتە با سیسەمەکانیان بفرۆشن)

(مەیکە بەگاڵتە... ئەگەر دەبینی هەموو هەینییەک چۆن ژنان سەربانەکان بەکرێ دەگرن و هەرچی یان هەیە لەبەر هەتاو هەڵیدەخەن.)

پێکەنیم... دڵگیرانە وتی-(بە مەینەتی ئەو خەڵکە پێ مەکەنە...)

(بەوە پێدەکەنم کە دەرمانی ئێوە چەند ئاسانە)

(چۆن...؟)

(چاک... بەڵام لە ڕۆژی ئەمڕۆدا زۆر زەحمەتە دەست بکەوێ.)

(تۆ بینوسە... لەژێر ئەرز بێ پەیدای دەکەم)

(من دەرمانێکت بۆ دەنووسم کە ڕەنگە بەکەڵکی هەمووتان بێ.)

(ئەی بۆ لەوساوە قسە ناکەی...؟)

(پێم وتیت لەم هەفتەیەدا هەمان سکاڵای ئێوەم لە زۆر کەس بیست.)

(ژن و مێرد...؟)

(بەڵێ زۆربەیان ژن و مێرد بوون...)

(کەواتە دەردەکە بڵاوە...؟)

(زۆریش... تەشەنەی کردووە.)

(دەبێ چی بێ...؟)

(سایکۆباتی یە...)

(سایکۆ...... چی...؟)

(وازبێنە... تێی ناگەی)

(عەجایەب...)

(وا بڕوا... لەوەیە هەموو شارەکە بگرێتەوە.)

(لەوە دەچێ هۆیەکەشی بزانی قسەنەکەی...)

(ئا...)

(کەواتە چارەسەریشی هەیە...؟)

(هەڵبەت.)

(دڵنیای...؟)

(زۆریش...)

(ئەی بۆ وەستاوی... دەرمانکەم بۆ بنوسە و با فریابکەوم... زووکە هەتا دەرمانخانەکان دایاننەخستووە...)

(مەترسە... دەرمانخانەی ئێشگر هەر دەمێنێ.)

(بۆ کەسی ترت نووسیوە...؟)



(تەنیا ئیمڕۆ بیرم لەم دەرمانە کردەوە... بۆ ژمارەیەک لە برادەرانی وەک تۆم نووسی.)

خەریکی نوسینی ڕەچەتەکە بوو کە لێی پرسیم: (ئەی ئەگەر بیدەم بەدراوسێ یەکانم تا لە سەری بکڕنەوە... زویر نابیت...؟)

(بە پێچەوانەوە... ئەرکی سەر شانم سوکتر دەکەی.)

(دەبی نووسە... ئەی بەکار هێنانی چۆنە...؟)

(تۆ بزانە دەستت دەکەوێ...؟)

(ئەوەندە دەگمەنە...؟)

(لەوە دەگمەنتر لە دونیادا نییە.)

(سەیرە...!)

بەدەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە دەرمانەکەم نووسی، بێ خوا حافیزی،

بەپەلەپروزێ ڕایفڕاند... خۆم و ژوورێکی تەنیا و سەدای مۆسیقایەکی نەشئە بەخش، پەنجەم بەزەنگەکەوە نا... پیرەی دەرگاوان سەری هێنایە ژوورێ: (مام حوسێن کەس ماوە...؟)

(هاتن... بەڵام لەسەر قسەی خۆت پێم وتن: بەیانی.)

(چاکت کرد.)

هەستام و چاکەتەکەم کردەبەر، سۆلەکانم فڕێ داو پێڵاوەکانم کردە پێ، ڕووەو دەرگاکە ملم نا... کە دەرمانەکەم بیر کەوتەوە پێکەنیم، بەوە پێکەنیم کە ئێستا هەر هەموویان دەگەڕێن، ئەجزەجانەی ئێرەو ئەوێ، ڕەنگە دوا جار بچنە لای عەتارەکان، ئەو عەتارانەی شیری چۆلەکەشیان لا دەست دەکەوێت، دەرمانی پت و پیرێژنەکان، جگە لەو دەرمانەی کە من نووسیومە و مەحاڵە دەستیان بکەوێت... ئاوڕێکم لە دەرگاوانە کە دایەوە: (مام حسێن وا پێویست دەکا سبەی زووتر بێم... ئاگات لێ بێ...)

(بەسەر چاو... قوربان)

بە پێبلیکەکاندا غل بوومەوە، هەر پێ بلیکەیەک لەسەدای خۆشی مۆسیقاکە دووری دەخستمەوە... لە ژاوەژاوی سەر جادەش نزیکتر... وەلێ سەدای مۆسیقای نەشئە بەخشی پڕ بەڕۆحم لە ژاوەژاوی نێو بازاڕەکانی هەموو دنیا زاڵترە. درەنگیشەو، شەکەت و ماندوو، تازە لە خوێندنەوەی(هیستریا)کەی (فرۆید)ببوومەوە، سەبارەت بەدیاردەی(لاوان و

بەنگ کـێـشـان)تەمـای نوسـینێکم هەبوو، زەنگی تەلەفـون ڕایچـڵـەکـاندم، بێ هەست و خـوست هەڵمگرت، لەو دیو تەلەکـەوە دەنگێکی تووڕە دەهاتە بەر گـوێم:(عـەلـی... ئەوە خۆتی...؟)

(چییە... بەهزاد... شەوباشەکەشت بیر چۆوە...؟)

(دەزانم شەوی جەنابت باشە...!)

(بۆ هی تۆ چییەتی...؟)

(هی من زفتە...!)

(چ خێرتە... دەرمانەکەت دەست نەکەوتووە؟ئەزانم پەستی ئەوەیت.)

(خەریکی چی بوویت...؟)

(دەمخوێندەوە)

(جا بۆ دەخوێنیتەوە...؟)

خۆم گێل کردو پرسیم –(بۆ وا دەڵێ ی...؟)

(بۆ وا دەڵێم...؟ مردو مراو کە تۆ نازانیت ناوی دەرمانێک بنووسیت...)

قسەکەیم پێ بڕی –(نا دڵنیا بەنووسیومە)

(بەم نیوە شەوە پێمان ڕادەبوێری...)

(ئاخر بۆ...؟)

(کـوڕی باش ئەم شـارە گـەڕاوم... دەرمـانی وا لە ئـاسـمـانیش دەست نـاکـەوێ... خـۆت غەشیم دەکەی؟)

(بە ڕاست...؟)

(هەندێ هەر نەیانزانی بیـخـوێنەوە، هەندێ لێم تووڕە بوون و وایان زانی ڕادەبوێرم، هەندێکی تر وتیان:دکتۆر عەلی دەکەسی وەک توی ناردۆتە لامان، هەبوو دەیوت: ئاخر ئەمەیە ئەتوارەکانی دکتۆر عەلی، خەڵکی ناهەقی نییە بەشێتی بزانن، یەکێکیان وتی: بەشەرەفم هەقە عیادەکەی پێ دابخەن... خەڵکەکە خۆی تەواو نییە... ئەم پتر شێتیان دەکا...)

(ڕاست دەکەن...)

(دەڵێ ڕاست دەکەن...)



(ئا چونکە ئەوانیش وەک تۆ پێویستیان بەو دەرمانە هەیە...)

(کـوڕی باش ئەوان خـۆیان دەرمـان فـرۆشن... کـە ئەوان نـەزانن دەرمـانەکـەی جـەنـابت چییە... ئیتر خۆ سیحر نییە... سیحرە...؟)

(دەم خۆش... سیـحرە... سیـحـرێکی سەیریشە... جاران خەڵکی ئەو سیـحرەی هەبوو... هەنووکە نەماوە...!)

(قابیلە ئاوی حەیات بێ...؟)

(تورە مـەبە... باتێت بگەیەنم... ئەو دەرمـانەی مـن نووسـیـومـە لە هیـچ دەرمـانخـانەیەک دەست ناکەوێ...!)

(یانێ چی...؟)

(دەرمانەکە ناوی Amor–ە)

(یانێ چی...؟)

(ئەڤین...)

(ئەڤین چییە؟)

(عەشق... خۆشەویستی...)

(ئێ...؟!)

(وابزانم خۆشەویستیش لە دوکانی عەتارەکان و دەرمانخانەکان دەست ناکەوێ)

(دەی شێتم کە...)

(بۆ شێت دەبیت...؟گوێ بگرە... تۆ دەزانی دڵی ئادەمیزاد هەر بەقەد مشکێک دەبێ...)

(جوانە...!)

(بۆی هەیە وەک مشکیش بتۆپێ)

(دڵ بتۆپێ...؟)

(ئا...)

(ئەوەیان کەی... و لە چ کارخانەیەک...؟)

(کە خۆشەویستی تیا نەما... لێرە و لە هەموو شوێنێ)

(ئەم فەلسەفەیەت لە کوێ وە هێنا...؟)

(لە نەخۆشییەکەی ئێوەوە)

(بۆ بەم نیوە شەوە شێتم ناکەی...؟)

(گاڵتەت لەگەڵدا ناکەم... دڵنیا بەبۆنی ژوورەکان... هی خۆت و دراوسێ یەکانیشت... بەتایبەتی ژووری نوستن کە هەراسانی کردوون هی ئەوەیە...)

(هی چییە...؟)

(هی ئەوەیە دڵەکان تۆپیون)

(ئاخر ئەوە ئەقڵەکەتە بۆیە کەس ژنت ناداتێ...)

(چاکتر)

(من جاران بیستبووم کە دکتۆرە نەفسیەکان تەواو نین... بڕوام نەدەکرد... بەڵام دوای ئەو قسە هەلەق و مەلەقانەت گەیشتمە قەناعەت)

(سوپاست دەکەم... هاوڕێ گیان...)

(ئەی قابیلە بەلەعنەتم کەی...؟!)

(من هیلاکم... بۆم ناکرێ مەبەستی خۆمت بۆ ڕوون بکەمەوە... سبەی نیوەرۆ لە ماڵی خۆتان چاوەڕێم بە)

(خوا حافیز...)

(خوا حافیز لە... خۆشەویستی...!)

(وتت چی...؟)

(هیچ... وڕێنە دەکەم...)

تەلەفەنەکەم داخستەوە، ئان و سات زرنگایەوە -(هەلاو... دکتۆر گیان... ببوورە... دەمێکە خەریکم... درەنگ وەختیشە... بەڵام سەیرە... ئەو دەرمانەم دەست نەکەوت... خۆ غەڵەت نییە...؟)

(قوربان... بەیانی وەرەوە لام...)

دامخستەوە... ئان و سات زرینگایەوە -(هەلاو دکتۆر...!)دامخستەوە... ئان و سات زرینگایەوە-(هەلاو... دک...)دامخستەوە... زرینگایەوە... دامخستەوە... زرینگایەوە... دا... دا... زڕ... زڕ... زڕ... دواخار تا لە خەوم نەکەن پلاکی تەلەفونەکەم دەرهانی و بێ پەروا لە دونیای بێ بەش لە خۆشەویستی... لەسەر قەرەوێڵەیەکی یەک نەفەری و... لە ژوورێکی بێ بۆندا خەو بردمی یەوە...!...



## لۆزان

لۆزان بەمەکرەوە سەری هەڵبڕی، قەف و لوولی قژە تەنک و خورمایییەکەی بەر مل و گەردنی وەلادا و لێی پرسی... پرسیارێک جگە لە نەغمەی وەرسی و سووکە گلەیی هیچی دیکە نەگەیەنێ:

(کاوە بابەس بێ... ئەوە چەندەمین شەوە کە من و تۆ لەم بارە کپ و لاتەریکە بەیەکەوە دادەنیشین... تۆ هەمیشە باسی کوردستانی چوار پارچە و پێنج پارچەم بۆ دەکەی... لە تۆ چاکتر لەم جوگرافیا لەعنەتیە تێگەیشتم... ناکرێ شەوێکیان باسی نەکەی؟).

کاوە بە قەهرەوە و بە دوو چاوی پڕ لە شەرمی شەهوەت و خەم تێ زاوەوە سەیرێکی (لۆزانی) کرد، پڕشنگی گڵۆپە زەرد و سورەکان بەتەواوی چاوە قەسیلەیییەکانی لە سحرێکی جەرگ بڕ غەرق کردبوو... دوو چاو کە قەت لەوە نەدەچوو باریکە دەمارێکی خەمیان تیا زابێ، یان ڕۆژی لە ڕۆژان دوو فرمێسکی درشتیان بۆ هیچ شتێک و بۆ هیچ کەسێک ڕشتبێ، تاو نا تاوێک بەپەنجە ناسک و قامیشییەکانی قژە خورمایییەکەی بەنازێکی دولبەرانەوە هەڵدەدایەوە... تاوێک و کە سەری نەوی دەکرد دادەڕژانەوە... ئاکاری وردی زوو زوو... چ ڕێکەوت و چ ئەنقەست، لە کاوە دەشاردەوە، تاو تاویش فنجانی قاوەکەی هەڵدەبڕی و لێوی پڕ و گۆشتنی ژێرەوەی دادەکەوت لەوە نەدەچوو قاوە بخواتەوە... تەنیا ئەوە بوو لێوی ژێرەوەی لە لێوی فنجانەکە دەخشاند و بەس... ئەتوارێکی وا هیچ بەس بوو بۆ کاوە کە شێت و سەرگەردانی کا... یان ئەو دوو چاوە عەییار و عیشوە بازانەی کە پڕ بەبارە دەیانچریکاند:(هەستە و دەستم بگرە... هەستە و ئاوێزانم بە...!)

دوو چاوی وێکدی نەچوو... چاوی چەپ... ئەڤین تکێن، ڕاستەشیان... شەهوەت ڕژێن کە لە وەختی وادا چەپیان دەکوژایەوە و چاوە ڕاستەکەی هەڵوەدای پەنایەکی تاریک و چەپەک... کە فنجانەکەی لە لێوی دوور خستەوە تۆزێکی ڕەش و تەڕ دەنێو شە قارەکانی لێوی ژێرەوەی جێ ما، پەڵە ڕەشەکانی ئەو قاوە عەرەبی یەی لۆزان حەزی پێ دەکرد نەیتوانی ئەو خوێنە گەشەی لێوەکانی بکوژێ، ئەو لێوانەی ئێوارەیەکی تاریک و ڕوون

لەسەر بورجی (ئیڤڵ)ەوە کاوە تێر تامی کردبوون، ئەو حەلە هەردوو بەشنە بایەک دەشنانەوە، فێنک و دڵڕفێن، هەردوو سەیری چراخانی لە هەزار لاوە داگیرساوی (پاریس)یان دەکرد... بێ ئاگا لە خۆیان، لە خەڵکی، لە بەرزی (ئیڤڵ) لەبەر چاوی حەشاماتێک کاوە-ی شەرمنۆک بەلۆزان-وە نووسا...

ماندووانە پێکی بیرەکەی هەڵبڕی و لە پشت بەرداخەکەوە... پێکێکی ڕەنگ ئاڵتوون... لە لۆزان ڕام... بزەیەکی بزر نیشتە سەر لێوانی و تاوێک و بوو بەخەندەیەکی هەراش.

(بە چی پێ دەکەنیت...؟)

(لە پشت ئەم پێکەوە سەرو سیمات سەیر دەنوێنێ)

(شێواوە...؟)

(ئا.... کەچی هەر جوانە...)

(بەڵام من لەبیرمە جارێکیان، هەر لێرە بووین، تۆ وتت: من ئەوەندە هیلاک و ماندووم کە ئیتر تام لەجوانی نەکەم...)

(لۆزان... تۆ هەقتەگلەیی لە من بکەی... دەزانم... خۆم دەزانم چەندە نامەردم دەرهەق بەتۆ، شەوانە لەگەڵما دادەنیشی و گوێ لە خەم و دەردەسەریەکانم دەگری، ڕەنگە هیچ پاریسی یەک بەقەد من حەز لەجوانی نەکات و تامیشی لێ نەکات... بەڵام ئیمە مانان ناتوانین تام لە هیچ جوانییەک بکەین گەر بەخەم و خەفەتەوە لوول نەدرابێ، تۆ کوردان چاک ناناسیت... هەرکە سەرمان لە هێلکە جوقا بەخەم ئاشنا دەبین... بەکۆست و هەرەس و گریان... خەم لەگەڵ شیری دایکمان دەرژێتە خوێنمانەوە، لای ئێمە کە دایکان بێشکەکان ڕا دەژەنن بەدەم لایە لایەوە دەگرین... من زۆر جار وا هەست دەکەم ئەو نووزەو ناڵینەی دایکم لە ڕۆحمدا جێگیرەو مەحاڵە ڕزگارم بێ لێ ی...)

(دەترسێم تۆ هەمان نەخۆشیی ئەو ڕۆماننووسەی لای خۆمانت هەبێ کە هەر بەڕەبەنی مایەوە...)

(کامەیان...؟)

(گوستاف فلۆبێر...)

(ئا... ڕاست دەکەی... ئەو هەمیشە دەیوت: بێجگە لە من پیاوان هەموو بەختەوەرن... ئەوان سینەو مەمک و... پێ و پووزی ژنان دەبینن و لەزەتی لێ دەکەن... کە چی من جگە لە پەیکەری ئێسقانی ژێر ئەو گۆشتە جوانەیان هیچی دیکە نابینم...!)



(ها... تۆش فلۆبێرێکی دیکەی...؟)

(نا لۆزان... من و فلۆبێر جیاین... ڕەنگە ئەو زۆر کوشندە هەستی بەمەرگ کردبێ... فلۆبێر لەو دیو مەرگەوە نەیتوانیوە جوانی ببینێ...)

(جارێ لە فلۆبێر گەڕێ... تۆ بۆ لە دەستم ڕادەکەی... ئەو شەوە بۆ لە ژوورەکەمان نەخەوتیت؟ تۆ دەزانی چەندە پێویستیم پێت بوو... تا بەرە بەیان خەوم لێ نەکەوت... من خۆم تکام لێ کردیت... شەرمت نەکرد ئافرەتێکت بەتەنیا جێ هێشت...؟)

(لە تۆ تامەزرۆتر بووم... شەرمە ئافرەت نائومێد کەی... لەوە شەرمتر کە خۆشەویستت بێ... بەلایەنی کەم لەتەکیا بنووی لەو وەختەی کە پێویستی بەهەناسەی گەرمی تۆیە...)

(قسەکەی (زۆربا)م بیر هاتەوە کاتێ دەچێتە گژ بێوەژنەکە... ئەم لەو بڕوایەدایە گەر نەچیتە پاڵ ئافرەتێکی تاک و تەنیا ئەوە خودا لە ڕۆژی قیامەت دەتخاتە دۆزەخەوە...)

(مەنتیقێکی سەیرە...!)

(سەیر نییە... هەموو پیاوێک حەز دەکا (زۆربا)بێ و هەموو ژنێکیش دواجار حەز لە کەسێکی وەک زۆربا دەکا)

(سەیر تر ئەوەیە تۆ لە هەموو دانیشگای (سۆربۆن) بەمن گیرسایتەوە...!)

(ڕەنگە هی ئەوە بێ کە هەردوو شەیدای ئەدەبین...)

(بە تەنیا ئەدەب... یان هی یەکدیش...؟)

(ئمم... سەیرم لێ دێ کە ئەوەندە ڕۆمانسیت... ڕەنگە تۆ تاکە ڕۆمانسی یەک بیت لە پاریس...!)

(واتا تاکە شێتێک...؟)

(من وام نەوتووە...)

(لۆزان کەسانی وەک من نەک لە پاریس... ڕەنگە لە وڵاتی خۆشم دا هی ئەوە بێ بخرێتە مۆزەخانەوە...!)

(بڕوا ناکەم... لای ئێمە وا باوە کە ڕۆژ هەڵات یانێ ئەوپەڕی ڕۆمانسییەت...)

(سەردەمانێک وابوو... وەلێ ئێستا... نا... چیترنا...)

دیسانەوە فنجانی قاوەکەی هەڵبڕی و سەیرێکی خڵتە مەیبوەکەی کرد... نەرمە نەرمەش بەنەشئەوە لەگەڵ مۆسیقای (دانووب)سەروو کەللەی مەست و کەیلی بادەدا... تێ هەڵچۆوە:

(ئەو شەوە ئەو کچە عەرەبەی بەشی فەلسەفە قاوەی بۆ گرتمەوە... پێی وتم: تۆ شوو بەغەریبێک دەکەی...!)

(جا تۆ بڕوات کرد...؟)

(مەسەلە بڕوا نییە... هەندێ پێشبینی خۆشە با درۆش بێ... من بۆ خۆم حەزم لە ڕێکەوتە... هەر شتێک بەبەرنامەو پرۆگرام بێ چێژی لێ نابینم...!)

(سەیرە... کچێکی سویسری قوتابی فەلسەفەو لە-سۆربۆن-بخوێنێ و ڕقی لە بەرنامەو پرۆگرام بێ... لە وڵاتی مە هەموو شتێک ڕێکەوتە... ژیا ن و مەرگ و شوو کردن و ژن هێنان... بگرە شۆڕش و هەرەسیشمان... بەڵام نەک ئەو ڕێکەوتەی تۆ باسی دەکەی، لەوێ هەموو ڕێکەوتەکان... یان زۆربەیان دزێوو ناشرین دەکەونەوە... بۆیە من، بەپێچەوانەی تۆوە، تا سەر ئێسقان دوژمنی ڕێکەوتم... ئێمە میللەتێک بووین ئەوەندە لەگەڵ ڕێکەوت دا ڕێک بووین... هەمیشە خۆمان دابووە دەست قەدەر...!)

(با واز لە ڕێکەوت بێنین... بێینەوە سەر خەمی خۆم و خۆت... ئەو شەوە کە باسی کوردستانت کرد...)

قسەکەی بڕی و ئاوڕێکی چەپ و ڕاستی دایەوە و سەیری سەر مێزەکانی دەوروبەری خۆیانی کرد... جگە لەوان زۆربەی جووت عاشقەکان تێک خزابوون... یەکدییان ڕادەمووسی... ئەمیش بەحەسرەتێکەوە فینجانەکەی داناو هەر دە پەنجەی لە کەلێنی پەنجەکانی کاوە- داگیرکردن، ئەویش هەر دە پەنجەی لەرزۆکی بۆ شل کردن. سەیرێکی پەنجەکانی کرد... بۆیەی سەر نینۆکەکانی کاڵ ببوونەوە... لە پەنجەی شایەتمانەی ورد بۆوە... سەیری پێ هات کچێکی وا ناسک بەدووکەڵی جگەرە پەنجەی زەرد هەڵگەڕاوە... کە لۆزان-ی بینی سەری داگرتووە و تاساوە... ویستی بەقسەی بێنێ-(قسەکەت تەواوکە... لۆزان...) کە سەری هەڵبڕی تەواوێ شڵەژابوو... بەقەهرێکەوە لێی پرسی.

(کاوە... ئەو شەوە پێت وتم: بۆ ناوی خۆت ناگۆڕیت... داوایەکی سەیر بوو بەلامەوە... تێ نەگەیشتم... ناوی من چییەتی...؟)

(لۆزان ناوێکی خۆش و مۆسیقی یە... بەڵام ناوێکە، نەک هەر بۆ من، بۆ هەموو کوردان بەکارەساتێکەوە... بگرە بەخیانەتێکەوە پەیوەستە...)

(کام کارەسات... کام خیانەت...؟)

(زویر مەبە... ئەم پرسیارەت ئەم شەویشمان وەک شەوانی دی کە لێ دەکا بەژەهری



مار... دیسانەوە... دەبێ باسی لەت لەتبوونی کوردستانت بۆ بکەم...)

(ئا حاڵی بووم... مەبەستت پەیمانی (سیڤەر)ی ساڵی نۆسەدو بیست بەڵێنی دامەزرانی دەوڵەتیان دا بەکوردان و کەچی لە نۆسەدو بیست و سێ و لە پەیمانی (لۆزان)دا لەو بەڵێنە پەشیمان بوونەوە...)

(بەس ئەوەیان پەیوەندی بەمنەوە نییە... من بمزانیایە تووشی تۆ دەبم... موعجیزەم دەخواست و لەو ساتەی کە دایک و باوکم ناویان لێ نام (لۆزان) نەمدەهێشت.)

(کامەیان خەڵکی لۆزان-ە...؟)

(هچیان... باوکم خەڵکی گوندێکی سەرووی لۆزان -ە)

زۆر بەشێنەیی هەردە پەنجەی لە کەلێنی پەنجەکانی کاوە دەکێشاو بەقەهرەوە جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی بەردەمی دەرهێناو کاوە بەدەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە چەرخەکەی بۆ داگیرساند، نەیوست جگەرەکەی نێوان هەردوو لێوی لە ئاگرەکە نزیک بخاتەوە... تاوێ ڕاما... پێی شەرم بوو دڵی بڕەنجێنێ.

(لۆزان... ڕازێکم لە دڵدایە...)

(قسە بکە... کاوە...)

(بیرتە ئەو شەوە، لە ژوورەکەی مندا، کتوپڕ لە گەرمەی دەست لە ملانێ کە تلمان دەدا چۆن سڵەمیمەوە... وەک کابرایەک مار بیگەزێ...)

(بیرم مەهێنەرەوە... ئەو شەوە خۆم لەبەر چاو کەوت... کاوە تۆ لەوە ناچێ منت خۆش بوێ... جاری وا هەیە هەست دەکەم تۆ قێز لە من بکەیتەوە...)

(وانییە لۆزان... تۆ لێرە بووی بەدایک و خوشک و دواجار دەستگیرانم... میهری تۆ نەبووایە لەم غەریبی یە دەخنکام...)

(کەوابێ ئەوەیە گرێی تۆ لەگەڵ من... بۆ چەند وەختە قسەت نەدەکرد...؟)

(پێم شەرم بوو... من چاک دەزانم نە تۆ نە ناوی تۆ هیچ پەیوەندی بەو پەیمانە شوومەوە نییە کە کوردستانی تیا لەت و پەت کرا... بەڵام نازانم بۆ ئەو شەوە کە پێکەوە نووستبووین... لە گەرمەی دەست لە ملانێ و ڕامووساندا کە هاوارم کرد (لۆزان... لۆزان گیان...) کتوپڕ ئەو پەیمانە شوومەم بیر کەوتەوە، وام هەست کرد من کاوە نیم... نێرێکی تینووی ڕۆژهەڵاتی، عەزرەتی تام و بۆی مێینەیەک، کچێکی وەک تۆ میهرەبان و شۆخ، لە ناکاو هەستم کرد، هەر چەندە هەستێکی زۆر نابەجێ و سەیرە... هیچ مەنتق و عەقڵی

تیا نییه، وام هەست کرد من ئەو کوردستانە لەت و پەتەم، من کاوە نیم... خاکێکی پارچە پارچە کراوم... وام هەست کرد سەرم... ئەو لێوانەم کە لێوو ڕوومەت و چەناگەو نەرمایی گوێ و تەوێڵی خزو لووسی تۆیان دەلستەوە خوێنیان تیا نەماو بوون بەپارچەیەکی جیا لە لەشم... دەستی ڕاستم سووکێ لە نێو قژتدا بەجێما، دەستی چەپم بەهەر پێنج پەنجەوە کە ختووکەی لا کەفەڵی تۆیان دەدا لێم هەڵوەرین، هەردوو بەلەکم کە وەک دوو ماری ئاشقە و ماشقە لە بەلەکی تۆ ئالاَ بوون کتوپڕ سڕ بوون وقرتان، هەردوو لێوم کەوتنە نێو دەمت، ویستم هاوارکەم... زبانم بەمەلا شوومەوە نووسا، هەر سیی و دوو ددانم هەڵوەرین و کەوتنە سەر هەردوو مەمکی تورتت، تەنیا... بەتەنیا هەردوو چاوانم، بۆ بەدبەختی، ڕۆشن وزەق مابوونەوە... دوو چاوو بەس کە زۆر بێ دەستەڵاتانە، بەخەم و قەهرێکی زۆر کوشندەوە لە جەستەیەکی لەت و پەت کراوم ڕادەمان، جەستەیەکی هەلاهەلا... کە بێ باکانە خوێنێکی گەش لە شادەمارەکانی دەڕژاو تا دەهات پێخەفی هەردووکمانی غەرق دەکرد، لەشی وەک گوڵ پشکوتووی تۆش غەمگینانە چاوەڕێ بوو... چاوەڕێی باسکە لێک ترازاوەکانی من بوو لە ئامێزیان بگرێت... هەردوو لێوی قرتاوم کە ماچیان بکا... ئەو ساتە من شەرمم لە ڕووتی خۆم دەکرد... تۆش لە ڕووتی خۆت... دواجاریش لە یەکدی... ببوورە لۆزان... نەمتوانی... چی بکەم نەمتوانی... پیاوێکی لەت و پەت... هەلاهەلاوداغان... پەنجە و نینۆک هەڵوەریو... سەر لە لەش قرتاو... زەحمەتە... زۆر زەحمەتە کە جوانترین شۆخی ئەم دونیایەش بگرێتە باوەش و ڕایموسێ، بەبەرچاومەوە پەنجەکانم... دوایی دەستی ڕاستم... پاشان چەپم... هەردوو باسکم سەر خوێن کەوتن... سەری قرتاوم... هێدی هێدی لاقەکانم... دوا جاریش کۆتەرەی جەستەم... تۆش تۆکمەو قورس دەنێو ئەو گۆمی خوێنەم ون بوویت... شێتانە وێڵ و سەر گەردان بۆ تۆ دەگەڕام، هەر ئەو شەوە هەموو پارچەکانی لەشم لێکدی بزر بوون، بەدوای یەکدی داو لە نێو گۆمی خوێنی خۆم دا کە تا بنمیچی ژوورەکە هەڵسابوو... دەگەڕان... بەدوای تۆدا... بەدوای خۆم دا... تۆ ژێر خوێن کەوتبوویت... تاوێک و بەدەم باسکەمەلەوە سەر خوێن دەکەوتیت و هەر زوو لێم ون دەبوویتەوە... وەلێ مەحاڵ بوو لە ژوورێکی وا خوێناوی سەرو و دەست و قاچەکانم بەکۆتەرەی لەشمەوە بنووسێن... لەوەش مەحاڵتر لە بنی ئەو گۆمەی لێم بوو بەزەریای خوێن تۆ بدۆزمەوە... لێم مەگرە... من هیچترین پیاوی ئەم سەرزەمینەم کە لە دوا ترۆگکی لەزەت... دوا موچڕک و ڕاچەنین پشت لە ئافرەتێکی وەک تۆ ناسک دەکەم، تێم بگە لۆزان...



ورد بەرەوە لێم... من کابرایەکی زۆر لەت و پەتم، من نەک هەر میللەتەکەم، خاک و زێدم... من بۆ خۆشم وەک تەنیا زەلامێک لەت و پەتم... تۆ دەزانی باوکی من چ کارە بوو...؟ باوکی من پیرترین قەسابی هەولێرە، هەولێریش کۆنترین شاری سەر ڕووی زەمینە، باوکم بەبەر چاومەوە هەزارەها بزن و مەڕ و مانگای لەت و پەت کرد، هەمیشەش بەبەر چاومەوە خوێن لە شادەماری ملە قرتاوەکانیانەوە دەڕژا لەبەر پێمدا جۆگەلەی دەبەست، من هەمیشە گرگن و چڵمن، قاچی ئەو حەیوانەم دەکرت کە ئەو کە لەپاچی دەکرد، کە تووڕەش دەبوو بەدەسکی چەقۆ خوێناوییەکەی تێی دەسرەواندم... زۆر جاریش خوێنی من و مەڕ و بزنەکان تێکەڵ دەبوون، لۆزان ئەو پیاوە دەست خوێناوی یە ڕۆحی منیشی هەلا هەلا کرد... لە هەموو پاریس دا... بگرە لە هەموو فەرەنسا پیاوێکی وا دڵڕەق نادۆزیتەوە، هەم خوێناوی و هەم شەهوەتباز کە هەمیشە گۆشتی بەلاشی بەبێوەژنەکان دەبەخشی تا قەرزارباریان کا... ناچار شوویان پێ دەکرد... من ناوی زڕخوشک وبراکانم نازانم... ئێستا لە ئەستەمبوول برام هەیە حەماڵە، لە تاران پینەچییە، لە دیمەشق پۆلیسە... واز بێنە و چیتر برینم مەکولێنەوە... هەموو شتێک لە ژیانما، هەڵوەشاوە... من لێرە و... لەگەڵ تۆدا هەستم کرد... هەر ئەو شەوە تێگەیشتم من نەک هەر وڵاتەکەم، کوردستانەکەم... میللەتەکەم... نا گیانەکەم لۆزان... من خۆشم لەت و پەتم... وەک ئەو بزنەش بێ دەستەڵات کە قەسابێک بۆ سەربڕین گوێی ڕادەکێشێ و ئەویش لە حەژمەتانا دەقاڕێنێ... ئاە... هـ... ە... تازە لەوە بەتەمنتریشم ئەم لەت و کوتانەی جەستەم بەیەکەوە بنوسێنم... ببورە کە بەم زبانە خوێناویە قسەت لەگەڵدا دەکەم... تا ئێستاش من سەرسامم، کچێکی سویسری... سەرقاڵی میترۆ و فەلسەفە لێرە، لە پاریسی جحێڵە کەڵەگەتەکان خۆشی بوێم... کەچی لەوێ... تارمایی ئەو کچانەی خۆشم دەویستن... لە خەونەکانیشما زۆر زوو دەڕەوینەوە... نا تکات لێ دەکەم... من لەوانەم بەرگەی حەزی هیچ مێینەیەک ناگرم... نا... من دەمرم... بەحەژمەتیشەوە دەمرم...)

کاوە بەدەم قسەوە فرمێسکی درشتی دەڕشت، ئەو فرمێسکانەی مەگەر تەنیا ژنە جەرگبڕاوەکانی دەشتی هەولێر بۆ مێرد و برا و کوڕی جوانەمەرگ هەڵیڕێژن... لۆزان-یش بەدیارییەوە سەرسام و ئەبڵەق لە کاوە ڕادەما، کچێکی خەم نەدیدە کە نەیدەزانی چۆن دڵی ئەو لاوە ڕۆمانسییە... شێتە بداتەوە، ئەو لاوەی کە قەت شەرمی بەخۆ نییە لە قەڵەباڵغترین شوێندا بگری، نەشیدەزانی بۆچی ناوی ئەم تا ئەو ڕادەیە بۆتە سۆنگەی خەم و دەرد و تلانەوە، بێ دەسەڵاتانە سۆتەکی جگەرەکەی داتەکاندە تەپڵەکەکەی

بەردەمی و پێی وت– (بەسە مەگری... با خەڵکەکە پێ نەزانێ...!)

ئاخێکی هەڵکێشاو بەحەسرەتەوە وەڵامی دایەوە: (ئۆو... لۆزان تۆ پێت شەرمە لە مەیخانەیەکدا یەک دوو کەس فرمێسکی من ببینن... ئێمەی کورد ساڵەهایە هەموو دنیا بێ باکانە گوێ لە گریە و ناڵینی ئێمە دەگرێ... لە فرمێسک ڕشتن و خوێن ڕشتنمان میللەتە هەرە شارستانییەکان بێ دەنگن... تۆ باسی چی دەکەی...؟)

(باشە... باش... تێگەیشتم... سبەی دەپرسم... گەر بۆم کرا ناوم دەگۆڕم... تۆ چ ناوێکت پێ خۆشە...؟ حەز دەکەی ناوێکی کوردی... چیت وت...؟)

(هەر چ ناوێک لە خۆت بنێی... تۆ لۆزان–یت...!)

(تۆ زۆر زاڵمیت... ئاخر خۆ من لەوێ نەبووم کە دەوڵەتەکان پەیمانی – لۆزان–یان مۆر کرد و کوردستانەکەی تۆیان لەت و پەت کرد...!)

(دەتۆ هەڵمەچۆ لۆزان... تۆ ئاواهی پتر ئازاری ڕۆحم دەدەی... من نەموتووە گوناهی تۆیە... تەنیا تکام ئەوەیە مۆڵەتم بدەیتێ تا لەو گریەیە ڕزگارم دەبێ... یارمەتیم بدە... من لەوە دەترسم شەوێکی دیکەش کە بەیەکەوە خەوتین هەمان زووخاوی ئەو شەوە بکەمە دڵتەوە... لۆزان جێم مەهێڵە... تۆ ئێستا پەناگامی... بێ تۆ دەمرم... دەخنکێم... بەدرۆش بێ تا ماوەیەک با حەوسەڵەت بێ... من دەزانم تۆم ماندوو کردووە... وای دانێ تۆ پزیشکیت و من نەخۆشێکی بەستەزمان و بێ کەسم داڵدەم دە لۆزان...!)

(ئیتر ناکرێ کاوە... من کچێکی واقیعیم... هیچ کچێکی تر ئەوەندەی من پشووی درێژ نابێ، داهاتووی من لەگەڵ تۆدا زۆر نادیارە... ببوورە گەر پێت بڵێم من بەو ئازارە ڕانەهاتووم، تۆزێ لەمەوبەر خەونێکی ترسناکت گێڕایەوە... لافاوی خوێن و لەت لەت بوونی خۆت و ونبوونی من لە تۆ... بۆ من قورسە لەو خەونە ترسناکەی تۆ بگەم...!)

(دڵنیام قورسە... بەس ئەوە خەونی پیاوێکی نەخۆشە... نەخۆش تا ڕادەی مەرگ...)

(بەڵام من تاقەتم چوو... ئیتر تەواو...!)

(لۆزان... با حەسەڵەت بێ و جێم مەهێڵە...)

(تەواو... من لە تۆ بێ ئومێدم... دوا ئاکامی ئەم حەزە دیارە... دەست لێک بەردانە و هیچی تر...)

(بوەستە... ئەم یەک دوو پێکەم ماوە...)

(تەواو...)



(بۆ کوێ... بەڵێنە ئەم شەو بێمەوە لای تۆ...)

(بەڵێن بوو... بەڵام پاشگەز بوومەوە... نەیکەی بەبەزمی جاران و نیوەشەو هەراسانم بکەیت...!)

(هێشتا زووە لۆزان... تۆ نازانی کە من بەوە مردووم: هەر جارێک لێم بێتاقەت دەبی؛ شەوی دواتر قۆڵ لە قۆڵ لەگەڵ کوڕێکی دیکە دەتبینم...!)

(من مریەم نیم... ڕاستی... هەر جارێک کە بڕیار دەدەم وازت لێ بێنم... کەچی...)

(تەواوی کە...)

(خۆت دەیزانی...)

(حاڵی بووم... زۆر بەزەلیلی دێمە بەر دەمت و تکای ئاشتبوونەوەت لێ دەکەم... تۆ دەزانی بۆ پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی چەندە قورسە بەسەر پێڵاوی ئافرەتێکدا بکەوێت...؟)

(بەڵام تۆ لە (سۆربۆن) دەخوێنیت... کاوە...؟)

(لەعنەت لە سۆربۆنەکەتان...!)

(هەڵبەت تۆ بەئەقڵی جوتیارێکەوە هاتوویت و ناتەوێ بگۆڕێی)

(سەیر کە لۆزان... دیسانەوە خەریکە سووکایەتیم پێ دەکەی... تۆیەکی شارستان جنێوم پێ دەدەی...)

(گوێ بگرە کاوە... لەوە دەچێ من و تۆ لە یەکدی حاڵی نەبین... حەقیقەت لای تۆ سووکایەتی یە...)

(هەڵمەچۆ... با دەنگمان دەرنەیەت...)

(مەترسە... کەس ئاگای لە من و تۆ نییە... سەیرکە... ئەوان سەرمەرگی ماچ و مووچن... من و تۆش شەڕە دەنووک...)

(ببوورە لۆزان... ئیتر تەواو... تێگەیشتم...)

(نەء... گوێ بگرە... شەوەهای شەو من گوێم لە گریەو ناڵینی تۆ دەگرم... هەقە ئەمشەو تۆ گوێ لە خەمی من بگریت... من تا ئێستاش لەبەر تۆو بۆ تۆ دەست بەرداری کچێنیی خۆم نەبووم.)

(ڕاست ناکەی... تۆ جارێکیان وتت: باوکم کابرایەکی گوندنشینە...)

(وتوومە... بەڵام ئیتر تەواو... من ئێستا لە پاریسم و سەربەستم... هەقیشم بەدەستە چۆن ڕەفتار کەم...)

(منیش بۆیە تۆم ویستووە... چونکە لە هەموو پاریس لەتۆ پاکیزەترم نەدۆزیەوە.)

(عەقڵیەتێکی سەیرە...!)

(بۆچی سەیرە...؟)

(کاوە... پاکیزەیی کچ لەو پەردە تەنکەیەدا نییـە کە ڕەنگە لە هەڵبەزین و دابەزینێکا بتەقێ... پاکیزەیی ئەگەر هەبێ:ئەوە لە خەیاڵدایە، لە ڕۆحتایە، لە مێشکتایە... کچانی وڵاتەکەت کەمیان پاکیزەن.)

(چۆن پاکیزە نین...؟)

(پاکیزە نین... بەحوکمی ئەوەی لە پیاو دوورن: خەیاڵیان پیس بووە... پیاوەکانیشتان وان... کاوە کە خەیاڵ پیس یوو... ئیتر بنیادەم بۆ خۆی دەگەنێ؟؟!)

(من باسی گوناهم نەکردووە...)

(دە چاکە... ئەگەر ئەوەندە لە کچێنی خۆت بێزاری... خۆتی لێ قوتارکە...)

(ئەها... ئەوەتا... کەللەیی بوویت... ئەمجارەیان تۆ گەرەکتە سووکایەتیم پێ بکەیت... هەقی خۆتە... من خۆم خەتابارم کە... هیچ... واز بێنە...)

بەقەهرەوە جگەرەکەی لەناو تەپلەکەکە کوژاندەوە و بەرقێکەوە دوو سێ جار گوشی و بایدا تا فلتەرەکەی پان بۆوە و پاشان پارچە کلێنیکسێکی ناو پرداخەکەی ڕاکێشا و سۆتەکی جگەرەی سەر پەنجەکانی پێ پاک کردەوە...

کاوە-ش بەدوو چاوی پڕ فرمێسک و خوێن تێ زاوەوە لە ئاکار و سەر و سیمای ورد دەبۆوە، جوانییەک کە لەوە دەچوو پێ بزانێ مەحاڵە بۆی بگیرێ، جوانییەک تا بڵێی سادە و سرک و بێ گرێ، بەدەستێپکی لەرزۆکەوە پێکەکەی لە دەمی نزیک خستەوە و بەیەک بێن هەڵیدا، ئان و سات لۆزان هەستایە سەر پێ، چنگی لە پاکەتەکە گیر کرد و دەمی جانتاکەی کردەوە و بەغەزەبەوە پاکەتەکەی تێ فڕێ دا... چەند فرەنکێکی لەسەر مێزەکە جێ هێشت... بەدەنگێکی کەرخ و... پڕ لە ترس و نائومێدانە کاوە لێی پرسی:(ها لۆزان چیتە...؟)

(دەڕۆم...)

(بۆ چی بووە...؟)

(پێم وتیت... ئەمشەو بەتەواوی دڵساردت کردم... بۆیە منیش دەمەوێ دڵساردت کەم...!)



(دیسانەوە عاشقێکی تازەیە...)

(ئەوەیان کەیفی خۆمە...)

شێتانە لە (کاوە) ڕاما، سەدەها جار و لە چەندین فلیم ئەم دیمەنەی دیبوو، کچێک بەتووڕەیی دڵدارەکەی بەتەنیا و لەسەر مێزێک جێ دەهێڵێ، وەلێ قەت لەو بڕوایەدا نەبوو لە شەوێکی وا، غەریقی غوربەت، لە گۆشەی بارێکی لا چەپەک ئاوا دڵڕەقانە، لۆزان، هەمان دیمەن لەگەڵ ئەودا دووبارە بکاتەوە... بێ باکانە پێی وت: (کاوە... دڵگیر مەبە... من دەڕۆم... تۆ ئەو شەوە لەنێو پێخەف و لەگەڵ من دا خۆت بەلەت و پەت کراوی دەبینی، ئەمشەو من ئاواهی تۆ دەبینم، حەزیشم دەکرد پارچەکانت بەیەکەوە بنوسێنم، خۆم بۆ ناگیرێ بەدیار زەلامێکی هەلا هەلاوە دابنیشم، لەو کچانەش نیم بتوانم بەتەنیا خەمت بۆ بخۆم و بەدرۆ دڵت بدەمەوە، ئەمشەو پێم خۆشە لە نێو ئەو نەهامەتی یە بەتەنیا جێت بێڵم... تا تێ بگەی دڵدانەوە هیچ ناگەیەنێ... بشمبوورە کە زیاتر دڵت ئازار دەدەم... ئەمشەو زۆر پێویستم بەپیاوێکە... یەکێ لە کۆنە عاشقەکانی خۆم... پێویستمە... حەزێک، سۆزێک... ڕاستر بڵێم:گڕی شەهوەتێک کە ڕەنگە هی کچێکی عاشق نەبێ...)

(تەواوی مەکە لۆزان... تێ گەیشم...)

(نە ء گوێ بگرە... من ئەمشەو... ڕەنگە ب کوچەو کۆڵان و مەیخانەکان دا بگەڕێم تا پیاوێک بدۆزمەوە... بۆ ژوورەکەم ڕابپێچم... بەڵام پیاوێک یەک پارچە بێ... نەک چوارپارچە...)

کورسییەکەی بەپشتەوەدا خزاند، عاشقانی سەرمێزەکانی سەر مێزەکانی دیکە کەیلی نازو عیشوە و عیشقی یەکدی... کەسێکیان ئاوڕی لەو جووتە نەدایەوە کە دەمێک بوو بێ ئاگا لە خۆیان دەمەبۆلەیان بوو... دەمە بۆڵەیەک بەسەر سەداو ئاوازی مۆسیقای (دانووب)دا زاڵ، سووکێ ڕووی لێ وەرگێڕا، پشتی تێ کردو بەهەنگاوی چوست ملی نا، پاڵی بەدەرگایەکی شووشە بەندەوە ناو کەوتە سەرشۆستەکە، تاوێ ڕاماو، ئاسکانە بەچەپ و ڕاست دا دەیڕوانی و بەپرتاو لە جادەکە پەڕییەوە، بەو باڵا بەرزەوە لەژێر ڕۆشنایی لایتی ئۆتۆمۆبێلەکان وەک تەنێکی سحراوی دەدرەوشایەوە، تا لە چاوانی بزر بوو کاوە تێی ڕاما، بارەکەش کپ و خامۆش بۆوە... جگە لە چرپەچرپ و مۆسیقای (دانووب) هیچ دەنگێکی دیکە نەدەهات، پێکەکەی پڕ کردەوە و غەمگینانە لە فرەنکەکان ورد بۆوە، ماندووانە خۆی بەپشتەوەدا وەرگێڕاو لە نەخش و نیگاری بنمیچەکە

ڕاما، تینووانە بۆ جارێکی دیکە بەیەک بێن پێکەکەی هەڵدا، شەرمی بەخۆ بوو لەوە پتر بەتەنیا و لەسەر مێزێک دابنیشێ، تەکانی دا... کەچی نەیتوانی هەڵسێتە سەر پێ، سەیرێکی خۆی کرد عاجباتی لێ هات... هەردوو دەست و هەردوو قاچی هەڵوەرین و کەوتنە ژێر مێزەکە و بڕبڕەی پشتی ئارەقەی دەردا... چاوەڕێ بوو... ئەوە خوایە ئەمەیان تەنیا سست بوون و خوێن مەیینی هەردوو دەست و قاچەکانی بێ و هیچی تر... بەحەژمەتەوە لە جووتە تێک ئاڵاوەکان ڕاما لەژێر ڕووناهی کزی ئەو بارەدا لێی بزر بوو ئەو ئاوێتە بوونە سۆزێکی ڕووتە یان شەهوەتێکی جەحێلانە، ڕۆحی کڵۆڵی دایە بەر تاقگەی شیرینی(دانووب) تا بیشواتەوە... بێ دەنگ بێ یان هاوارکاو مەیگێڕ و عاشقەکان لە خۆی کۆبکاتەوە...؟نە ء... باشتر وایە کەسم تێ نەگات، نیوەشەو کە چۆڵیان کرد تکا لە مەیگێڕەکان دەکەم سەیرم کەن و نەترسن... ئاخر قەت نەبووە لە بارێکدا پیاوێکی لەت و پەت لەسەر مێزێک دابنیشێ و بخواتەوە و بگری... چوار دەستە کۆتەرەی لەشت بەکورسییەکەوە هەڵبگرن، هەردوو دەست و هەردوو قاچیشت بەجیا... تکایە هیچتان بیرنەچێ... خۆ شەوانە پاریس ناخەوێ، پاریسی هەمیشە وەئاگا... تەنیا لە حاڵی من بێ ئاگا، ئەم شەو هەموو چراکانی ئەو دڵە تاریکەم ڕۆشن ناکەن بەزبانێکی لاڵەوە، بەدەم هەنسکەوە، دەگریم و ئەدرەسی لۆزان-یان بۆ هەڵدەدەم، جوامێرانە بەشۆفێرێکی مەست و کەللە کاسی نیوەشەوم دەسپێرن، دەیەها لاکۆڵان و جادە دەبڕێ و بەدەم سەدای چریکەی (پیاف)ەوە سەربادەداو بێ ئاگاش لەوپیاوەی لەسەر کوشنی پشتەوە خوێنی لێ دەڕژێ... دواجار بەتەنیاو هەلا هەلا لەسەر شۆستەی بەرقاپی ئەپارتمانێک فرێت دەدا... چاوانت دەنوقێنێ و بەدیدی خەیاڵ دەیبینێت... درەنگی شەو لۆزان و دۆستێکی تازەی ساتمە لە زەلامێکی لەت و پەت دەکەن... کە شاژنانە دەنووشتێتەوە و لێی ورد دەبێتەوە:خۆ ئەوە کاوە-ی خۆشەویستە... کاوەی بێ ناز کەوتوو... چوون تەنێکی ساردو مردوو... بێ هوودە خوێنی لێ دەڕژێ و تێکەڵ بەئاوەڕۆو دەڕژێتەوە کونی زێرابەکان، بێ شک سکی پێت دەسووتێ و چوار دەستە بەکۆمەکی دۆستەکەی کۆتەرەی لەشی چوار پەل قرتاوت هەڵدەگرن و بەگێ گلیکەکانا سەردەکەون، وەک تەرکێک لەسەر پێخەفەکەی ژووری لۆزان فرێت دەدەن... بەجووتە... بەپرتاو بەپێپلیکەکاندا خل دەبنەوە... چاوتروکانێک و لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپی سەر شەقامەکان چوار سەگی هەوشاری دەبینێ کلکیان لە نێو گەڵ ناوە و هەریەکە و کەڵبەی لە دەستێکی، قاچێکی کاوەی گیر کردووە و پڕ کێشی ڕافراندنی دەکا، هەریەکە و باریکە داوێکی خوێنینیان لەسەر شۆستەی بەردین



ڕەسم کردووە، تاوێک لۆزان و تاوێک دۆستەکەی تەکان دەدەن ڕاوەدووی سەگەکان بنێن، چەند هەنگاوێک و سارد دەبنەوە... دڵسارد و بێ ئومێدانە لێکدی ڕادەمێنن، هەر سەگە و بەکۆڵانێکدا دەقوچێنێ، ئەوانیش هەردوو دەست لە ملی یەکدی دەکەن و ست و سەرسام سەردەکەونەوە... هەر کە دەرگا دەکەنەوە... وەی لە عاجباتی... کاوە غەرقی گۆمی خوێن بووە هەر چوار پایە کورتەکانی قەرەوێڵەکەش لەو خوێناوە نوقم بوون، خوێنێکی وا زۆر کە قەت لەوە ناچێ لە تەنیا زەلامێک بڕژێ... بۆنی خوێن... ڕەنگی خوێن... گەرمی خوێن گڕی چ شەهوەت و ئاڵووشێکی کوشندە بەر دەداتە هەموو گەردیلەیەکی جەستەی لۆزان... خۆی بۆی ناگیرێ... سووکێ بەلەقەیەک دەرگاکە دادەخا و خۆی هەڵدەداتە نێو باوەشی ئەو پیاوە چاو شینەی لە هەموو شەقامەکانا بینیویەتی و نایناسێ، بەدوو چاوی پڕ لە حەسرەتەوە دیقەتیان دەدەی زمانی وەک پەلاس وشکت لە زاردا ناجووڵێ تا بپرسیت - (ئەو هەموو دڵڕەقییە بۆ...؟)

ئەوەندەی لە دۆستی تازە ورد دەبیتەوە نازانیت ئەمریکییە یان ئەورووپی... فەڕەنسییە، ئینگلیزە... یان ڕووسی، لە ماچێکی درێژ و یەکدی خنکێندا غەرق دەبن، هێدی هێدی سەر خوێنی خۆت دەکەویت... تاو نا تاوێ نوقم دەبیت... بێ مروەتانە لە نێو ئەو گۆمی خوێنەت دەست لەملانی یەکدی ڕادەمووسن... هەر تاوێک و پارچەیەک لە جلەکانیان دادەکەنن... خوێنی مەیبیوی تۆ لەبەر دەکەن... خوێنی تۆ تف دەکەنەوە... گوێیەکانت لە خوێن پڕ دەکەی تا نرکە و ناڵەی شەهوەتبازانەی لۆزان نەبیستی، وەک دوو عاشقی ساختە یان تامەزرۆ، تێک دەئاڵێن و لافاوی خوێنینی تۆش تا بێ سەریان دەخا... خوێنی بێ هوودە و هەمیشە ڕژاوی تۆ......

# کەوتنی ژمارەکان

ڕەنگە ئەوەیان بیستەمین جار بێ، زیاتر و کەمتر نا... بیستەمین جار... دڕاندنی بیستەمین دەفتەری تەلەفون، کەوتنی... لەناوچوونی سەدەها ژمارە، دڕین و سڕینەوە و کاڵ بوونەوە و مردنی سەدەها ژمارە، مردنی سەدەها مەردووم، نەمانی ژمارەی تەلەفونی ئەو خۆشەویست و خزم و دۆست و هاوڕێ و هاودەم و یاوەرانەی وان لەم شارە و شارەکانی تر... ئەوانەی خۆشت دەویستن... خۆشیان دەویستی... هەندێ لەوانەی مردن، نەمان، کۆچیان کرد، تۆیان لە یاد کرد، جاران هەر ساڵە و یەک-دووانێک، ئەمێستا هەر مانگە و بگرە هەر هەفتەیەک و... نا... بگرە هەر ڕۆژە و یەکێک لە ژیانتا، سیمای لە ڕۆحتا، وێنەی لە مێشک و... دڵتا دەسڕێتەوە، سەردەمی بەرژەوەندی یەو تۆ نیتە، هاوڕێیانی سەردەمی منداڵی ی، ڕۆژانی نەهامەتی و برسێتی، برادەرانی عومری جحێڵی ئەوسای هەرزەیی ی، جاران هەر سێ ساڵ جارێک دەفتەرەکەت تازە دەکردەوە، لە دەفتەری تازەدا کۆمەڵێ ژمارەی کۆن دەمردن، ژمارە و ناوی تازەش هیچ... ئەمێستا پەرێشانیت، لەم شەش ساڵەی دوایی دا هەر چوار پێنج مانگ جارێک دەفتەرەکەت دەدڕیت و کۆمەڵێ ژمارە و ناو دەخەیت، ناوی هاوڕێ و ئازیزان لە ناو دەچن، کەوتنی هەر ژمارەیەک مردن و کۆچ و ماڵئاوایی و لێک دابڕان و غەدر و خیانەت و لەدەست دانی دۆستێکە، خزمێکە، برادەرێکە، ئافرەتێکە... لەوە دەچێت بۆ لەمەو دوا هەر مانگە و دەفتەرێک بگۆڕیت، ڕەنگە ئەمساڵ دوا دەفتەر بدڕیت چونکێ دوا ژمارەی کە پێویستت پێی نابێ ژمارەی تەلەفونی خۆت بێ، زۆر دەترسیت دوا کەس خۆت لەگەڵ خۆت پەیوەندی بپچڕێنیت، ئەو پەیوەندی یە شیرینەی خۆت لەگەڵ خودی خۆت دا هەتبوو... وەی لە مەینەتی عومری تەنیایی... وەی لە دونیای بێ مروەتی...!

ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆرترت سڕی یەوە، ژمارەی خاڵە هەباس-یش هیچ... بۆ چیتە کە نەتناسێتەوە...؟هەلاو خاڵە گیان... هەلاو... هەلاو... دەنگم کزە... ئا لێتەوە دوورم، سەدان کیلۆمەتر، دەمێکە دەنگت نییە و بیرت دەکەم... قەرزارتم... ئا قەرزار... قەرزی دوکانی چی...؟من قەرزاری جەژنانە و ماچەکانتم، لاوانەوەی جاران، قەرزاری حەڵوا و نوقڵ و نوکتە و ئەو کەمانچە شکاوەی کە هیچ ئاوازێکی شیرینی لێوە دەرنەدەهات... نا... نا...



من(کەماڵ)م... کەماڵ بەگی چی...؟من خوشکەزا ناشرینەکەی خۆتم... پڕۆژە و پارەی زێرابەکان؟... تێت ناگەم... قەرز و قازانج چاک سەریان لێ تێک داوی... نامناسیتەوە... چۆن...؟خاڵە گوێ بگرە... من باسی قەرزی ئەو میهرەی جارانت لەگەڵ دەکەم... هی سەردەمی منداڵی ی... ئیشم پێتە...؟نە بەوەڵلا... وتم من کەماڵ بەگ نیم... کەماڵە چڵمنم... نا... کەما...... بوەستە... دایمەخەرەوە... با بڕوات... تف لە دەفتەری ژمارە نەفرینەکان... هەروا مامەکانیشت، پورەکانت... خاڵۆزا و پورزا و ئامۆزا و خوشکەزا و برازاکـــانیـــشت... ناوی تۆ، دەنگی تۆ، ڕەنگی تۆ تێکەڵ بەناوو دەنگ و ڕەنگی قۆنتەراتچی و قاچاغچی و بازرگان و سوو خۆر و قەرزار و لۆتی و دەبیبوسەکان دەکەن، خزمانت یەکە یەکە لەیادت دەکەن، ناتناسنەوە، بوویت بەکەوڵە کۆن کەوتنی ژمارەکان، کەوتنی... دۆڕاندنی ئادەمیزادەکان، سڕینەوە، کاڵ بوونەوە، مەرگ... مەرگی جەستە، مەرگی ڕۆح... بەچی دەچێ کە خۆشەویستی نەمێنێ...؟کەوتنی ژمارەی ئەو کچانەی لە بری شەهوەت لە شیعر دەدوای لەگەڵیان، لە بری مەمکدان لە ڕۆمان، ژمارەی تەلەفونی هەموو ئەو شۆخانەی بەناوی خۆشەویستی یەوە لە گەڵتا دەدوان... (وەی لە بریسکەی چاوانی پڕ عیشقت، وەی لە لەرەی دەنگی پڕ میهرت...!)هەر ساڵەو یەکێکیان دەیفرۆشتیت، لەسەر تەلەفونەکان بۆیان دەگریایت، دەتناڵاند... دوا جار بێ شەرمانە دەتبۆڕاند، لە هەموو شوێنێک، لە ماڵی ئەو برادەرانەی بەدەست پەنجەیەکی لەرزۆکەوە ژمارەکانیت دەچەرخاند، لەتکای تۆ... ئاهی گەرمت تەلەکان دەتوانەوە، لە نێو سندوقی سەر جادەکان، لەژێر بەفر و بارانم، گڕە و هەتاوی هاوین... یەکە یەکە پێت دەوتن: (ئاخر خوا هەڵناگرێ هەر ساڵە و یەکێک بمخاتە داوی خۆی و پاشان لە شەقەی باڵی داو بفرێ... نازەنین، هەڵاڵە، پەری، نازدار، بەفرین، ئاورنگ، گەلاوێژ، مریەم... دە تۆ گوێ بگرە... دەبا من دوا عاشقی نەفام و یاغنیشی ئەم دونیایە بم، بەجێم مەهێڵن... کە بۆت دەگریم بەسووک و لاوازم مەزانە... ئاخر ئاوا غەدرم لێ دەکەن... ئاخر وانییە... تەنیا ڕۆحە بێ گەردەکان... چاوە پاکەکان دەتوانن بگرین...)

دواجار زانیت -(تۆ چەند ئەحمەقیت...!)وایان پێ وتیت... لەم سەردەمە سپڵە وەفا کەرییەتی و عیشقیش مل کەچییە... با بمرێ ژمارەی زۆری خۆشەویستەکانت، چەند بێ ئاگاو بەستەزمانیت... کێ ماوە ئیمرۆ باسی شیعر و زەردەپەڕ و خوڕەی چەم و خەمی خەزان و نرکەی دەریا و جریوەی ئەستێرە و مۆسیقا و هەناسەی ساردی سەردەمی منداڵیی بۆ خۆشەویستەکانی خۆی بکا... کێ ماوە نەگبەت... کێ...؟نا... ڕۆژانی تۆ بەسەر چوو...

گوزەشت... ماڵئاوا لە تۆ... لە خەونەکانت... لە تراویلکەی بەر بەیان و ئێوارانت، ماڵئاوا ئەی عاشقە ڕووتەی هیچ نەزان... ئەی بێ ئاگا لە ژمارەی پیلان و پڕۆژەکان، ئەی ئەو ڕۆمانسی یەی وات دەزانی مانگ کچێکی ڕەنگ زەردە و بەدوای عاشقەکەی دا وێڵە... هەتەر و دەربەدەر، وەرەوە هۆش خۆت، ئەو کچانەی تۆ باسی سەدای ڕۆحی خۆت بۆ دەکردن، مروەت... پاکی... تەلی تەلەفونەکە گوێی لێ دەگرتی... وەلێ - ئەوان... نا... ڕۆحی کارەبا گوێی دەگرت و ڕۆحی ئەوان نا، هەر ئەو شەوە دوای تۆ بازرگانێک، قۆنتەراتچی، سووخۆرێک باسی سوخمە و سووتیانی بۆ دەکردن... ژێر کراس و... کەوش و... دەرپێ... چ ڕەنگە و گوڵەکەی وا لە کوێ... دوا جاریش بەخشەی دینار، زرنگەی لیرەکانی داپیرەی... لیرەی میراتی ماڵئاوایی لێ دەکردن... با بمرن ژمارەکان مادامەکێ بریسکەی چاوانی تۆ بەبریسکەی ئاڵتون دەگۆڕنەوە بگری بۆ خۆت، با کەمتر بێتەوە ژمارەی حەزەکانت، دۆستەکانت، ژمارەی ئەو ژنانەی لە مێردەکانیان دەتۆران و خۆیان داوێشتە ئامێزی تۆ... کۆنە یار و کۆنە دۆست... تۆش لە بری ئەوەی لە گەڵیان بخزێیتە ژێر لێفەیەک فرۆید-یانە لە پەیوەندی نارێکی نێر و مێ دەدوای، نوشستی توخمی ژنان، سروشتی ناجۆر، گرێی ئۆدیب، ئەلیکترا... هەڵەی هەڵبژاردن، داڕووخانی بەها پیرۆزەکان، دەستورە دەست کردەکانی توخمی نێرینە، کەفی خوێن، تەقینەوەی گڕکانی شەهوەتە کپ کراوەکان، ئەو ژنانەی سکاڵای باوک و برا و مێرد و دەستگیرانەکانیان لای تۆ دەدرکاند، سەریان دەخستە سەر شانت و دەگریان... وەک بڵێی شانی تۆ هی ئەوە بێ ئافرەتە ڕووخاوەکان بەسەریا بگرین... ئەوە شانی تۆیە یان دیواری خووساوی بەر بارانی فرمێسکی ئافرەتە دۆڕاوەکان...؟ دەتوت-(پێم نەوتن پیاو ترسناکە... پێم نەوتن...؟) پێیان دەوتیت - (بڕوامان نەدەکرد مامۆستا، وامانزانی غیرەت هەیە و بەغیلی بەتوخمی پیاوان دەبەیت...!) دە بیخۆ... جێیان هێشتیت... هەموو ئەو کچانەی دەیانوت-(هاوڕێیەتی پیرۆزە مامۆستا... بێ تۆ هەڵناکەین. شوو دەکەین و بەوەڵڵا بیرت ناکەین، حەز لە کوڕی تر دەکەین و لە یادت ناکەین... چۆن لە بیرت بکەین...؟قسە خۆشەکانت، وێنەکانت، ئەو شیعرانەی هی تۆ بوون و کوڕان بەناوی خۆیانەوە بۆیان دەناردین... چۆن لە یادت بکەین مامۆستا گیان... بەساقەی نوکتەکانت... وەی لە تۆ... لە قریوەکانت...!)

بۆ خۆیان وت... لە بیریان کردیت... ئەوان... کچانی... سەردەمێک... سەردەمی سرینەوەی سحری یادە شیرینەکان... ژمارەیەک، دوو... دە... زرنگەی زەنگی تەلەفونەو پیاوێکی دەنگ پڕ هەڵیدەگرێ: دەبێ کێ بێ... باوک یان برا، مێرد یان دەستگیران، دۆست یان



خیانەتکار، پورزا یان هەتیوێکی لابەلا...؟!هەلاو قوربان... شیرین ئەگەر لەوێ یە، هەلاو... نازدار... بەڵێ گوڵاڵە-م دەویست... شوی کردوە... نا... ڕانابوێرم... فاتمە... پاکیزە، گوڵزار... پەری... مەهاباد... تکایە... قوربان... پێی بڵێ مامۆستا (کەمال) بانگت دەکا... گەماڵ نا قوربان... کەمال... ببورە... جنێو مەدە... دایدەخەمەوە... کڵاشی چی... براکەم خۆی ئەم ژمارەیەی داومەتێ... بیری دەکەم... ئاخۆ لە ماڵیشەوە هەروا زیت و زیرەکە... ئا... هەمیشە خۆی تەختەکەی بۆ دەسڕیەوە بەلا قرتێ وە پێم دەوت-(دەبا تۆز لە باڵاکەت بنیشێ...) من دڵنیام ئەوانیش حەز دەکەن گوێ یان لە دەنگم بێ، من دەزانم... بەسەری هەردووکمان ڕانابوێرم... شوی کردوە...؟بەخێر و خۆشی... چاکە... هەلاو... هەڵاڵە-م دەویست... بۆ نامەردم کاکی من...؟باشە... دایدە دەخەمەوە... هاوار مەکە هەڵبەت خوشک و دایکم هەن... ئا... نەخێر... من کابرایەکی زۆر شارستانیم... جرت مەکێشە... جوان نییە... بەڵێ من دڵنیام و دەزانم چۆن هاوڕێی خۆیان هەڵدەبژێرن... من بێ ئەخلاق بم...؟خوا کارت ڕاست بێنێ... بەهەر حاڵ من ئەوە نیم کە تۆ تێی گەیشتی... لە تیاترۆخانەش نیم... دەبا ناوونیشانی خۆمت بدەمێ... هەقتە... ڕاستە جوان نییە... ببورە پاریس نییە... وایە... جوان نییە... پیاو داوای ئافرەت بکا، تۆش... هیچ...

با بمرێ ژمارەکان... ژمارەی ئەو کچ و کاڵانەی تۆ ڕۆحی خۆت... خۆشەویستیت پێ بەخشین... لەوەیە تۆ گالیسکەیەک بیت... هەریەکەو لە شوێنێک دا... هەریەکەو قۆناغێک و دابەزێ... چاوەڕێ بە... چاوەڕێ... ڕۆژێ دێ گۆشتی لەشت هەلا هەلا هەڵوەرێ... (با) بەنێو پەراسووەکانت دا بێت و بچێ، مێروولەش هێلانە لەنێو چاڵی چاوانت خۆش بکەن... ماڵئاوا ئەی خاڵە خاوێنەکانم... جاران ئەمێستا نا... جارانی پاکی و جوامێری... ئەمێستاش بوون بەقاچاغچی و سوو خۆر و بازرگانی یاردە کورت و بەقاڵی تەرازو خوار و لاسەنگ... مامەکانم ماڵئاوا... مامانی ڕۆژانی مەردی ی... کە ئێستا ناوی من لەگەڵ ناوی قەرزارەکان تێکەڵ دەکەن... برا و خوشکانی خۆم ماڵئاوا... ئێوەش گیرۆدەن... گیرۆدەن بەدەست کوڕەکانتانەوە... ئەو کوڕانەی دەرگای قوتابخانەکان دەشکێنن تا فلیمێکی ڕووت ببینن... گیرۆدەن بەدەست ئەو کچانەی لە دە ساڵی یەوە هەموو دەستورێکی دڵداریان ئەزبەرە... ماڵئاوا لە هەمووتان... من دوا کەسێکم، دوا دەبەنگێک، گەلحۆیەک... نەفامێک کە هێشتا وا تێدەگەم بەگیرفانی بەتاڵەوە دەتوانی یەکدیمان خۆش بوێ... چ سەردەمێکە کە هەموو شتێک بۆتە ژمارە... ژمارە... ژمارە... پڕۆژە... پیلان... پایە و پلە و پارە... ژمارەی مێردەکان... ژمارەی ژنەکان، ژمارەی گێک...

کاغەزەکانی قومار... قومار... جۆرەها قوماری سەر زەمین و ژێر زەمینەکان، هەڵبەت تا ژمارەکانی دونیای دەرەوە زیاتر بن... ژمارەکانی نێو دەفتەری تەلەفونەکەی تۆ کەمتر و... کەمتر دەبنەوە... تا دواجار دەفتەرێکی سپی... سپی دەخەیتە بەرباخەڵت و جار و بار بێ ئاگا لە خۆت و لە دونیای سپلّە دەری دەهێنیت... تا لە دوورەوە... لە شارانەوە... لەسەر شۆستە و لەژێر چەتر و نێو کابینەکانەوە، لەنێو سندوقی ژێر پردەکانەوە، لە بەردەمی پۆستەخانە و ئوتێلەکانەوە دەفتەرەکە دەردێنی تا تەلەفون بۆ کەسێک بکەیت، نێرێک، مێ یەک، خزمێک دراوسێ یەک، کۆنە حەزێک، قوتابی یەک، دوورە دۆستێک... دەفتەر سپییە و ژمارەی تیانەماوە، لە دەفتەری سپی وەک دڵت... پاک وەک ڕۆحت بێزار دەبیت، بێزار دەبیت و پڕی دەکەی لە ژمارەی درۆ، هاوڕێی درۆزن، دۆستی ساختە... ئەوانەی هەرگیز تۆیان نەدیوە... تۆش نەتدیون... زرنگەی زەنگەی تەلەفونە و ماچیان بۆ دەنێریت، خۆت دەکەی بەبرادەر، خزم و خوێ، دەستگیران، مێردی میرخاس، برای بەوەفا، کوڕی هەڵەتە و دوورە وڵات... کەچی ئەوان بەڕووت دا دایدەخەنەوە، ماچ ڕەوانە دەکەی، قسەی شیرین، شیعری ناسک، مۆسیقای سیحر ئامێز... کەچی ئەوان بێ مروەتانە تفت بۆ دەنێرن، جنێو، قسەی سارد و سووک، گڕی تووڕە، هاواری گومان... دوا جار دەفتەرەکەت دەدڕێنی... چی لە دەفتەرێک بکەیت کە کەسێک... خۆشەویستێکت پێ نەناسێنێ... هەناسەیەکی گەرم، ئۆخژنێک، گفتێکی شیرین، وادەی ژوانێک، دڵێکی پڕ میهر، سڵاوێکی دڵتەزێن، ماچی ماڵئاوایی... دەفتەر دەکەیت و دەفتەر دەدڕێنیت، دواجار، ناچار، دەخوازی ژمارەی تەلەفونی هاوڕێ مردووەکانت بێنەوە یاد... ئا... هی(مچە)ت لەیادە... مچە کە زێی (ئاسکی کەلەک)خنکاندی، ئەو زێ یەی بەمنداڵی فێری مەلەی کرد و بەگەورەیی خنکاندی، وای لێ هات... چ سەردەمێکە...؟ هەتا زێ و چەم و جۆگەلە و دەریا و ڕووبارەکانیش سپلّەن... دەیوت– (کامۆ... من ئەو زێ یەم خۆش دەوێ چونکێ فێری مەلەی کردم.) دەتوت– (مچە ئەو زێ یە بێ مروەت بووە، هەر ساڵە و یەکێک دەخنکێنێ.) دەیوت– (من... نا... منی خۆش دەوێ، من بەقەد پەنجە تووتەیەک بووم فێری مەلەی کردم ئێستا کە پیاوم چۆن خیانەتم لێ دەکا... منێک کە خۆمی بۆ ڕووت دەکەمەوە مەلە لەنێو دڵیا دەکەم...)

مچە... هەلاو... مچە... لەژێر ئاوەوەیت... پێم بڵێ تۆ ماسی دەخۆیت یان ماسی یەکان تۆ دەخۆن...؟مچە من بۆیە تەلەفونم بۆ کردیت چونکێ لەم شارە... نا بگرە لە سەر ئەرز کەسم نەماوە... چار نییە و دەبێ تەلەفون بۆ هاوڕێ خنکاوەکانم... بۆ دۆستە مردووەکانم



بکەم، مچە... حەیاتم ئەگەر خۆت حەوسەڵەت نییە تەلەفونەکە بدەرە ماسی یەک... هەر ماسی یەک هەتیو... دەمەوێ قسە بکەم... قسە... هەر قسەیەک... بۆ دەنگت نییە مچە... مچە هەلاو... هەلاو درەختەکانی لا ڕێ و سەرشەقام... هەلاو ئەستێرەکانی ئاسمان... هەلاو گەڵای مردووی بەر پێی پیادە ڕۆکان... پاسارییە نەسرەوتەکانی سەر گوێسەبانە و درەختەکان... بۆ دەنگتان نییە... هەلاو... هەلاو... هە...

هەلاو ئەمین... نا ببوورە... ئەوسا کە من و تۆ منداڵ بووین ئەو گەڕەکە دار تەلێکی تیا نەبوو... نا... ببورە... تۆش زوو مردیت، کۆکە ڕەشە تۆی خنکاند، مچە زێی ئاسکە کەڵەک خنکاندی... تۆش کۆکە ڕەشە، منیش لەوە دەچێ وەکو ئێوە بخنکێم... بەڵام من لە تەنیایی... لە بێ خۆشەویستی دا خەریکە دەخنکێم... لە قەهری هەڵاتنی هاوڕێ یان، دۆڕانی دۆستان، خیانەتی خزمان، خەمی خاڵوان، مردنی مروەتی مامەکان، دابڕانی دایکان، ڕمانی ڕۆڵەکان، خەفەتی خوشکان، بێ بەزەیی باوکان... منیش وا دەخنکێم... دەحنکێم... نا مچە... نا ئەمین... عوسە ماوە و... نەمردووە، بەڵام ئەویشم لە دەست چوو، ڕەوی کرد، کێی تر... هەواڵی کێ دەپرسیت...؟ئۆ هۆ زۆریانم دۆڕاند... نا... ئەوان منیان دۆڕاند، لێکدی تۆراین... لەسەر شتی گەورە... نا... درۆ دەکەم... لەسەر شتی زۆر پڕ و پووچ و... تڕوهات... کێ...؟ عەلی، سەمەد، حەمە، سمکۆ، فریاد، خالید، جەمیل، سیامەند... نا... نا... ئەوان نەمردوون، نەخنکاون، بەڵام هەم خنکاون و هەم مردووشن، ژمارەی تەلەفونەکانی ئەوانیش هیچ... سڕیمەوە... ئاخر لێرە نەماون، ڕەویان کرد، پۆل پۆل، ڕەوە ڕەوە، قەتار قەتار، تاک و جووت... منیان بەتەنیا بەجێ هێشت... ئا... کۆچ... کۆچ... کۆچی بێ وادە، کۆچی سوور، کۆچی بێ گەڕانەوە... بێ ئاوڕدانەوە، عەلی وا لە لەندەن، حەمەش ستۆکهۆڵم، عوسە... عوسەی نامەرد ژنێک و دوو منداڵی بەجێ هێشتووە، باوکە کت و کوێرەکەی چەرخەکەی جارانی هەر ماوە، هێشتا وا دەزانێ بەپارەی چەقۆ تیژ کردنەوە منداڵەکانی عوسە بەخێو دەکرێن... ئەم چوزانێ بازار بەسەر چەقۆی ستیلدا وێران دەبێ... من پێم وت چەند گەزۆیەک بخاتە سەر سینیەک و بیفرۆشێ ئەوەیان چاکترە، ئەکرەم وا لە "بەرلین"، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی چی...؟ مردوو مراو دوای تۆ دونیا سەرەو ژێر بوو... هەتیو (دیواری بەرلین) ڕماو هەردوو بەرەکە لێکی دا... ڕەنگە هیتلەر یش بگەڕێتەوە... ئا... ئا... دوور مەبینە، سەمەد لە دانیمارکە و تەڵاق نامەی بۆ ژنەکەی ناردۆتەوە، ژنەکەشی لە تۆڵەی ئەو دەستی داوەتێ... خەریکە... ئا خەریکە... خەریکی چی...؟مردوو مراو قسە مەکە... تۆ بۆ دەتەوێ ئابڕووی زیندووەکان

بەرین... ؟جەمیل... ؟جەمیل وا لە سیدنی، فریاد وا لە پاریس... گوایە لە سینەما دەخوێنی بەو نیازەی بێتەوە فلیمی کوردی دەرکا... ئا... فلیمی... فلیم... فلیمی شەڕە گەڕەکی جاراڼمان، بەڵام ئەو بزن مشکە سوورە لەسەر ئەوەی وەکی جاران هەر خۆی کوڕە ئازاکە بێ و من و تۆش... هەموو منالآنی گەڕەک ببینەوە ئەو پیاوە ترسنۆکانەی کە کوڕە ئازاکە دەیانکوژێ، ئەم نازانێ من و تۆ مردین... دەمێکە... مردین و کەسیش پێی نەزانی...

دوا جار ڕادەچڵەکیت و، لەو دیو تەلەکەوە دەنگێکی گڕ(ئەوە تێکچووی... فلیمی چی و کوڕە ئازای چی... ؟بە ناموسم لە هەموو ژیاڼما وڕێنەی وا خۆشم نەبیستووە... دایخەرەوە بێ عەقڵ... بەڵام نا... دایمەخەرەوە... خۆشی بۆ ڕابواردن.... ) تف لە دەفتەری تەلەفونە درۆزنەکان، ژمارە ساختەکان، چۆن سووکت دەکا... چیت پێ دەکا... ؟خوا هاوار قسە لەگەڵ کێ بکەی... ؟وا مردیت لە حەسرەتی ئەو وەحشەتە... دەخنکێی لە قەهری ئەو غوربەتە... وەی بۆ دەفتەرێکی پڕ لە ژمارەی تەلەفونی خۆشەویست و دۆستان، ئەمەیان دوا دەفتەرە و دوا ژمارەی تیا سڕاوەتەوە، ژمارەی تەلەفونی خۆت... چی لێ دەکەی... ؟ مەگەر خۆت قسە لەگەڵ خۆت بکەی، گوێ لە زەنگی زویریت بگریت، هەر خۆت ئەحواڵێکی خۆت بپرسیت بزانیت ئایا ساغیت یا نەخۆش... ؟ مردوو یان ماویت... ؟بەڵام قەت ناکرێ ببیت بەدوو کەس، دوو لەت، یەکێکیان لەم سەری دونیا و ئەوی دیکەیان لەو سەری، ئەم ماڵ و ئەو ماڵ، ئەم شار و ئەو شار، ئەم شەقام و ئەو شەقام... مەحاڵە بەدوو کەس بیت... مەحاڵە... دەبا دەفتەرەکەت فڕێ بدەی، فڕێی دە لە لاکۆڵانێک، یا بەردەمی سینەمایەک، مزگەوتێک، یان بازاڕی کۆنە فرۆشەکان... مەزاتخانە چۆنە... ؟نێو چایخانە یان مەیخانەیەک... ؟یا نێو ئەو بازاڕ و کوگایانەی دەمەو ئێواران بەنیازی چاو بازی پڕن... سیخناخن لە کوڕ و کچی جەحێڵ، قەیرە و بێوەژن، ڕەبەن و بێوەمێرد، هەرزەو پیری کەنەفت... فڕێی دە... وەلێ تۆ بڵێی لەژێر پێی پیادەڕۆ و ڕێبوارانی کەمتەرخەم و ژن و پیاوانی بێ ئاگا ژمارەی تەلەفونەکەت کاڵ نەبێتەوە... تۆ بڵێی نەسڕێتەوە... ؟دەبا فڕێی دەی... بەڵکو خواو ڕاستان یەکێک لەوان هەڵیبگرێتەوە... ژنێک، پیاوێک، هەر کەسێک... تەنیا ژمارەیەک و لە دەفتەرێکدا سەرنجی ڕابکێشێ و قسەت لەگەڵدا بکا... هیچ نەبێ حەز بەگاڵتە و مەزاق بکا، پێ ڕابواردن هەر خۆشە... هەر خۆشە یەکێک هەبێت پێت ڕابوێرێ... هەر خۆشە... دوای نەمانی هەموو ژمارە خۆشەویستەکان... کەوتنی، کۆچی، مەرگی بێ مروەتی هەموو دۆستان، دۆڕاندنی خزمان... یاوەران... ئازیزان... دە فڕێی دە و دوو دڵ مەبە... دەفتەری ژمارە نەفرینەکان... دە فڕێی دە... فڕێی دە......



# گمەی غەریبی

لەو دیو پەنجەرەی ژوورەکەمەوە، لەسەر قەراغ و لە نێوان شیشەکاندا هەمیشە کوکوختی هێلانەی خۆش دەکەن... نێر و مێیان بەبەر چاومەوە بەسەر یەکدیدا دەتسن، هێلکە دەکەن، کورک دەبن، هێلکە سپی و وردیلەکان لە پڕ دەتروکێن، بێچووە کوکوختی مل ڕووت بۆ دان و ئاو دەجریوێنن، هەردەم پەردەیەکی تەنکم بەسەر پەنجەرەکەدا داداوەتەوە، چەندم لا خۆشە کە جار و بار غەمگین و نیگەرانم... گوێم لێ دەبێ کوکوختییەکانیش غەمگینانە دەگمێنن، هەڵبەت بۆ خەمی من دەگمێنن، جار و بار وا هەست دەکەم کوکوختییەکی غەمگینم و کەسێک شک نابەم لە گمەی غەریبیم تێ بگات، هەنووکە گەورەم و پەشیمانم کە بەمنداڵیی، تەنیا جارێک، بەدارلاسیکەکەم کوکوختییەکم کوشتووە... سەرا لە عەقڵم...

نەمزانیوە خۆ دەکوژم، گەر کوکوختییەکان هێلانەکان جێ بێڵن ؛ بێ باکانە پەردەکەم لادەدەم و ڕووەو ترۆپکی چیاکان دوور دەڕوانم... ڕووەو ئاسمان و فڕندە سەربەستەکان... بەوەی کە کوکوختییەکانم هەڵدەفڕن و دەنیشنەوە... وەختێ لە نێو هێلانەکەدا دەسرەون ناوێرم پەردەکە لابدەم، ورشە و خشەی پەردەکە دەیانترسێنێ و هەڵدەفڕن، لە دڵم دەرناچێ... ئەو جارە زۆر غەشیمانەپەردەکەم لادا... تۆقین و هەڵفڕین... دوو هێلکە شکان و... دوو دەڵەمەش ڕژان... فەراقەتر و... پاشان جووتێک کوکوختی نێر و مێ، لەویو پەنجەرەی ژوورەکەمدا یان هەر پەنجەرەیەکی ئەم شارەدا... یا لەژێر هەیوانی ماڵە هەژارێکدا هێلانەیان دەکرد، ئەو حەڵەی ماڵەکە خەم دایدەگرتن کوکوختییەکان بۆ دڵنەوایی... تۆزی حەسرەت بەبا کردن خەم ڕەوێنانە دەیانگماند، ئیدی لە سۆنگەی شکانی ئەو دوو هێلکەیە بڕیارم دا کە چیدی دیکە پەردەکە لانەدەم.

بەزستان و بەهار و هاوین و پایز هەر هەموو دونیای ئەو ئەو دیو پەنجەرەکەم تەڵخ و کاڵ خۆی دەنوێنێ... سەر ترۆگکی چیا و گردۆڵکەکان، شینایی ئاسمان، بەفر و باران، زەردەپەڕ و ئاسۆی بەر بەیان... بەڵام ماوەیەکە شەوان یان پاش نیوەڕۆ گوێم لە فڕەفڕی شاپەڕ و باڵی کوکوختییەکان دەبێ، کە دەگەمە لای پەنجەرەکە و بەتاو پەردەکەم لا

دەدەم... چی ببینم؟ پشیلەیەکی ڕەشە و ملی یەکێک لە کوکوختییەکانی بەقەپ گرتووە، پووش و پەڵاش و هێلانە و هێلکەکان دەشێلێ،

هەتا دەگەمە سەربان پشیلەی لەعنەتی سەربانە و سەربان باز دەدا و کوکوختی خنکاو و مل خوێناوی بەدوای خۆی دا ڕادەفڕێنێ، یەکێکیان دەمرێ و یەکێکیان دەفڕی... هێلانەی داڕماو... هێلکەی شکاو، باریکە ڕێی خوێنیش سەربانەکەم سوور دەکا، نە جارێک و نە دوو... نە دە و نە بیست... چەندەها جار خۆم دادەنووساند پشیلەکە بگرم و بیکوژم... نەخێر... هەمیشە فرسەت حیزی وا ئەو وەختە دەهات کە من لە شیرین خەودا بووم، ئەو حەلەی کوکوختییەکانیش لە هێلانەکەدا مت دەبوون، پشیلەی لەعنەتی خەوتنی من و کوکوختیەکانی بەهەل دەزانی، نامەردانە و بێ خشپە دەهات، لە خۆم دەپرسی کە بۆ دەبێ چوارپەلی پشیلە ئەوەندە نەرمۆڵە بێ؟ کە کوکوختییەک دەمرد... کوکوختییەکانی دیکە غەمگینانەتر دەیانگمان و منیش خەمێکی کوشندەتر دایدەگرتم... خەمی خنکانی کوکوختییەکان... چی لەوە ناخۆشترە بەبەر چاوتەوە مەلەکان بخنکێن و تۆ هیچت چێ نەکرێ...!

دواجار بڕیارم دا ئیتر نەهێڵم لەو پشت پەنجەرەیە هێلانە خۆش بکەن، ئیدی بۆ ئەوەی لەو خەمە ڕزگارم بێ و چیتر بەدیار مەرگی کوکوختییە خۆشەویستەکانمەوە فرمێسک نەڕێژم، لەو چاوە فسفۆڕیانەی پشیلەکە ئازاد بم...

هێلانەکانم وێران دەکرد، ئەوان پووش و پەڵاش و دڕک و داڵیان دەهێنا و منیش کۆم دەکردنەوە و دەمسووتاندن... من... ماڵی جوانی کوکوختییەکانم دەڕووخاند، هێلانەکانم دەسووتاند... نەمدەهێشت هێلکە بکەن، بوومەوە بەمنداڵە چەتوون و لاسارەکەی جاران، ئیتر پشیلە ڕەشەش دڵسارد و بێ ئومێد دەهات و دەچوو، سەیری من و قەراغ پەنجەرەی خاڵی دەکرد و... بەمیاو... میاو هەراسانی دەکردم، ئیتر بەشەو و بەڕۆژ پەردەکەم لادەدا... بەدڵی خۆم سەیری چیا و هەتاو و بەفر و باران و ئاسمان و جریوەی ئەستێرەکانم دەکرد، ئەو کچانەی دوور و نزیک لە سەربان جل بەتەنافەکانەوە هەڵدەخەن... لە دوورەوەش گمەی غەریبی کوکوختی و کۆترەکان دەهاتە گوێم... تۆ بڵێی لە شوێنێکی دیکەدا پشیلە زەفەریان پێ نەبات؟ هەڵبەت... بەڵام با لەبەر چاوی من نەیانخنکێنێ، کوکوختییەکانیش وازیان نەهێنا... هاتنەوە... بێزار بووم ئەوەندەی پووش و پەڵاشی هێلانەکان بسووتێنم و ڕەشەباش بەسەربانەکەدا بڵاویان بکاتەوە... وازم هێنا... بەزیم و نوچم دا.

دوای مانگێک دوو کوکوختی و هێلانەیەک و دوو هێلکەم بینی، نیوەڕۆیەک لە فڕە



فڕی شاپەڕ و باڵی کوکوختییەکان وەئاگا هاتم... دیسانەوە پشیلە ڕەشەیە و کەڵبەی لە ملی یەکێکیان گیر کرد و بەغار سەربانە و سەربان بردی و ڕایفڕاند...

چارم نەما... بڕیارم دا پشیلەکە بکوژم، دەیەها شەو خەوم لە خۆم حەرام، کرد پاش نیوەڕۆیان کە پیشەمە سەر خەوێک بشکێنم، بڕیارم دا نەخەوم، لەژێر پلیکانەکان، ناو هەورەبان، پشت تانکی سەربان، لە قوژبن و سووچی ژوورەکان خۆم مەڵاس دەدا... بێ چارە بوو... دواجار دەرگای هەورەبانەکەم بۆ کردەوە و دوو کوتە گۆشتم بۆ خستە سەر قاپێک، بۆنی گۆشت بەکێشی کرد... تا ڕۆژێکیان بۆم ڕەخسا و دەرگای هەورەبانەکەم لە سەر داخست تاوەکو بەرزەفتی کەم، هەردوو دەستمی ڕنییەوە، بێچووە پڵنگ ئاسا لە دە لاوە زاماری کردم... هەتا گرتم دە جاران چڕنووقی لەسەر و سەکوتم گرت، ویستم بیخنکێنم... نەمویرا... ڕق و ترس و بەزەیی لە دڵما پەنگی خواردەوە، مەرگی کوکوختییەکان دەیوت (دوو دڵ مەبە و بیکوژە...!) لێی ورد بوومەوە... گوانە زۆر ناشرینەکانی شۆڕ ببوونەوە، دیارە کوکوختییە خنکاو و بێچووەکانی بۆ بێچووەکانی خۆی دەباتەوە، بێچووە کوکوختییە مل ڕووتەکان دەرخواردی بێچووە چاو نەپشکووتوەکانی خۆی دەدا... چ یاسایەکی نابەجێ و ناشرینە... شێتانە تفێکم لە گوانەکانی کرد و وتم (تف لە تەبیعەت).

بردمەوە سەربانەکە... چی لێ بکەم؟ نەمزانی... دەستم نا بینی، چاوە زەردەکانی دەرپۆقین، دەستم لێ بەردا، نەرمە (با)ش پەڕ و باڵی کوکوختییە مردووەکانی بەسەربانەکەدا بڵاو کردبۆوە... پاشماوەی تاوانەکانی، بەهەردوو دەست بەرزەفتم کردبوو کە لە کوکوختییەکان نزیک بوومەوە... لە چاوتروکانێکدا هەڵفڕین، بەدیلیش هەر لێی دەترسن... دوا جار کاکیم گرت و بامدا... بام دا... بەسەر دەیەها سەربانی بەرز و نزمدا هەڵمدا، گەرچی من دەمزانی پشیلە حەوت ڕۆحە و هەتا گەر لەسەر باڵەخانەیەکی زۆر بەرزیشەوە بکەوێتە خوارێ ؛ بەگورجی دەکەوێتە سەر چوار گەلان... وەلێ لە دڵی خۆمدا وتم (ئەوە خوایە نیوە مردوو بێ یان گێژ بێ و بۆ هەتا هەتایە ئەم سەربانە نەناسێتەوە.)

چاوەڕێ بووم... ڕۆژێ... دووان... سێ... دە... بیست... سیی... تا ڕۆژێکیان کتوپڕ لەودیو پەنجەرەکە وەستا بووم و گمەی کوکوختییەکان سڕی کردبووم، دەیەها بێچووە پشیلەی ڕەش و قاوەیی و سپی و بەڵەکم بینی، بێچووی هەراش و فەراقە...

(تۆ بڵێی ئەوانە بێچووەکانی پشیلە ڕەش نەبن...؟)

کێ دەزانێ؟! هەر هەموویان بەماتە مات و بێ خشگە لە هێلانەکە نزیک بوونەوە.

هیچم پێ نەما... بەتاو پەردەکەم لاداو چنگم گوشی و شێتانە مستەکۆڵەیەکم ماڵی بەشووشەی پەنجەرەکەدا... زرینگایەوە... ورد و خاشم کرد... کوکوختییەکانیش دەرحاڵ لە شەقەی باڵیان دا، لە پای ئەو فڕینە دوو هێلکە شکان کەوتنە خوارێ و شکان، وردە شووشە و پوش و پەڵاشی هێلانە و خوێنی دەستم و هێلکە شکاوەکان تێکەڵ بوون، چ دیمەنێکی جەرگبڕە، لەودیو پەنجەرەکەشەوە پشیلە لەعنەتییەکان ڕاچەنین و لێم ورد بوونەوە... ڕامان... تاسان... پاشەکشێ یان لێ کرد سەریان هەڵبڕی و بەحەسرەتەوە لە کوکوختییە هەڵفڕیوەکان ڕادەمان... سمێڵیان دەلستەوە، دواجار بڕیارم دا واز لەو پەنجەرە شکاوە بێنم و شووشەی تێ نەگرمەوە... گوێ بەکزەی ساردی زستان و گڕەی گەرمای هاوینیش نەدەم تا بۆم بکرێ هەموو ڕۆژێک هێلانەکان بڕمێنم... تا لەمەو دوا چیتر مەرگی کوکوختییە غەمگینەکانیش نەبینم... با لە دوورەوە گوێ لە گمەی غەریبییان بگرم، ئەو گمەیەی لە منداڵییەوە خەمێکی پەنهان و کوشندەم پێ دەبەخشێ... خەمێک کە هەرچی دەکەم تێ ناگەم... چ دوور و چ نزیک... کوشندەیە گمەی غەریبی... هەر کوشندەیە... کوشندەیە...



# گەڕەکی داهۆڵەکان

ئەو سەر لەبەیانییەی پیاوەکانی "چەلەبی"لە تۆو کردنی زەوییەکە بوونەوە... بەیانییەکی زۆر نوێ بوو، شاگەشکەو ئاسوودە بەهەر چوار دەوری خۆیدا ڕوانی و لە خۆشیانا لەو ئاقارە بای دەدا... لە دڵی خۆیدا گوتی:

(ئەمساڵ هەموو زەوییەکانم تۆو دەکەم، تاکە خاوەنی هەموو عەمبارەکان دەبم، عەمباری گەنم و جۆ و نسک و نۆک و برنج... لە عەلوەکانی سەوزە و میوەجات گەمە بەنرخی شتەکان دەکەم، ژێر زەمینەکانی لێ پڕ دەکەم، فەردە داخ سوور و داخ شینەکان، دانەوێڵەی هەموو دونیا... هی خۆم دەبێ... پایتەختیش داگیر دەکەم... ئەمساڵ هات بێ یەک و دەیە... ئاقارەکانی قەراغ شارم لە دەشتی قەراجیش بەبەرەکترن... گەر خوا یار بێ)

یا چاو بڕ دەکا هەڵیڕوانی:

(ئاخ... ئەگەر تا تخووبی دەم کەل هی خۆم بووایە؟!)

سەرێکی هەڵبڕی... وەی لە سەرسامی... جگە لە قەتارە و ڕەوی هەزارەها مەل هیچی دیکەت نەدەدی، ئاسمان ڕەش دەچۆوە... بەرز و بڵند و دوور بەیەکدیدا دەچوون... لەو دوورەوە نەیدەزانی ئاخۆ قەتاری فڕندەکان قەتاری چۆلەکەن، قەتێ یان پەرەسێلکە...

(هەنووکە وەرزی کۆچی چ مەلێکە و من نایزانم)

مشکی و جەمەدانییەکەی لادا و سەری خوراند... دەتوت پەلەوەر و فڕندەی هەر چوار قوڕنەی دونیایێ ڕەویان کردووە و هاتوونە ئەو ئاسمانە... ئەو ئاسمانەی سەرقاپی زەوییەکەی چەلەبی بوو:

(عەجایب...!)

ئاوڕێکی لە حەمە داهۆڵ دایەوە و بەحەسرەتێکەوە لەو نۆکەرە دڵسۆزەی پرسی:

(حەمە... وەرزی کۆچی کام مەلە؟)

(گەورەم... لە کۆچی مەلان شارەزا نیم)

(گەمژە... ئاواهی لەوێ مەوەستە... فریام کەوە)

(چی بووە قوربان؟)

(داهۆڵ... کار وا بڕوا و ئەم مەلانە بنیشنەوە تا سبەینێ چیمان تۆو کردووە هەڵیدەلووشن... بۆ دەرمانیش هیچ سەوز نابێ)

(گەورەم سەغڵەت مەبە... حەز دەکەی سەد داهۆڵت بۆ دادەچەقێنم... داهۆڵی وا قسە بکەن... لە جیاتی تۆ تف لە چۆلەکەش بکەن)

(دەم خۆش حەمە... کێم هەیە جگە لە تۆ...)

سەرێکی هەڵبڕییەوە و تفێکی هەڵدا بۆ فڕندەکان، تەوژمێکی "با" تفەکەی گەڕاندەوە و سمێڵی سواغ دا، دەستە سڕەکەی دەرهێناو سڕییەوە... ئەو دەستە سڕەی حاجی مەلا شێخ شێروانی میرزا بەگ لە "مەکە"ی شەریفەوە بۆی هینا بوو...

(پێم نالێی حەمە چۆلەکە و پەڕەسێلکە و قەتێ... بگرە هەموو ئەو مەلە هیچانەی کە بەئاسمانەوە دەفڕن... چ کەڵکیان هەیە؟

دانەوێڵەدەماشنەوە و ڕیقنە دەکەن... چۆلەکەی گەواد هەبێ یان نەبێ چ حیکمەتێکی تێدایە؟)

(هیچ... گەورەم)

***

داهۆڵێک... دوو داهۆڵ... سێ... چوار... دە داهۆڵ... بیست... سی... چل... لێرە و لەوێ...

(عەجایب)

فڕندە و مەلە لەعنەتییەکان نەدەترسان، بەسەر زەوییە تۆو کراوەکەی چەلەبییەوە نزم دەنیشتنەوە، شەپۆلیان دەدا، لە ئاسمانەوە نا... بەڵکو دەتوت لە غەیبەوە دێ، لە شوێنێکی بز و نادیارەوە، ڕەوەیەک هەڵدەفڕی و ڕەوەیەک دەنیشتەوە، فڕەفڕ و هاش و هووشی هەزارەها باڵ هەترەشی نەک حەمە، بەڵکو هەترەشی پیاوی غیرەتداریشی دەبرد...

"حەمە داهۆلیش" فریا نەدەکەوت، بەڕاست و چەپ دا بەردی دەهاوێشت و کوفری دەکرد، (چەلەبی)یش وەک خەرتەل باڵەکانی لێک دەدا و زەوییەکەی پاس دەکرد... بەو ئومێدەی نەهێڵێ بنیشنەوە... بێچارە بوو... بێچارە بوو... بێچارە...

شەویش داهات و "حەمە داهۆڵ" ئەو ئاقارەی بەجێ نەهێشت، لەژێر کەپرەکە دانیشت و تا بەیانی جنێوی بەمەلەکانی هەموو دونیا دا، نەیدەزانی ئەم مەلە لەعنەتیانە چین و لە



کوێ وە هاتوون، ئەوەندە پەست و تووڕە بوو خەوی لێ نەدەکەوت، جار جار وەنەوز دەیبردەوە... تاریک و ڕوونی بەیانی تۆزێک خەو بردییەوە، ورشە و هاش و هووشی هەزارەها فڕندە لە خەو ڕایپەڕاند...

(هاتنەوە هەی بەنەعلەت بن... واشە و داڵ و هەڵۆ حیزەکانی دونیا ئێوە لە کوێن هەی نامەردینە؟)

بێ پرس وبێ ترس نیشتنەوە...

***

تازە گزنگی دابوو کە پیکەبەکەی چەلەبی لە دوورەوە تۆزی دەکرد، کە دابەزی حەمە داهۆڵی نەبینی، چونکە گەردەلوولی مەلەکان و تۆز و خۆڵی ئەو ئاقارە بابەخولەیان پێ دەکرد، بەئاستەم حەمەی بینی و بەپیرییەوە چوو... نزیک... نزیکتر... کەوتە سەر تخووبی زەوییە تۆو کراوەکەی، چوار ناڵە غاری دەدا، تاکێک لە کلاشە هەورامییەکەی لێ بەجێ ما و... نەگەڕایەوە... گەیشتە ئاستی... چاوانی هەڵگلۆفی... سەیرە... حەمە داهۆڵی بینی بەپێخواسی و سەر کۆتی... سەر و پۆتەلاکی داهۆڵەکان دەکوتێتەوە، بەلەقە کەوتۆتە سەریان، تفیان لێ دەکا، شێت و هار قۆڵ و باسک و سەر و ملیان لێکدی دەترازێنێ، بەداهۆڵ شەڕ لەگەڵ داهۆڵ دەکا، هەر داهۆڵە و داهۆڵەکەی دیکە تێک دەشکێنێ، بەقۆڵ و باسکی لێک ترازاوی داهۆڵەکان مەلەکان ڕاو دەنێ، کەچی بەسەر سەر و مل و شانییەوە، بەنێو گەڵیدا هەڵدەفڕین و، لە پشتەوەڕا چەلەبی باوەشی پێدا کرد، ڕانەدەوەستا، بەرزەفت نەدەبوو، تەکانی دەداو خۆی ڕادەپسکاند، لە نێو ئەو تەپ و تۆزە و لەژێر تاریکی سێبەری هەزاران مەل و فڕندە دا وای زانی چەلەبیش هەر داهۆڵە و ڕۆحی هاتۆتە بەر، گرتی و دای بەزەوی دا، بەلەقە کەوتە سەر ورگی، لە چۆلەکەیەک دەچوو بەدەنووک کەوتبێتە سەر سکی قەلەڕەشێکی مردوو، مشکی و جامانەی چەلەبی کەوتە بەر پێیان، مەلەکانیش لە خۆشی ئەو بەزمە کردیان بەکەرنەڤاڵ، بێ شەرمانە دەیانجریواند، بەسەر چەلەبی و حەمە دا ڕیقنەیان دەباراند...

چەلەبی شێتگیر نەڕاندی و پڕ بەو ئاقارە هاواری کرد، لەتاو ئەو هاوارە هەزارەها فڕندەی دەنووک و گەروو پڕ هەڵفڕین و نیشتنەوە، هەڵفڕین و نیشتنەوە... تەنیا ئەو حەلە "حەمە داهۆڵ"هاتەوە هۆش خۆی کە چەلەبی قیژاندی:

(سەگباب... سەگی سەگبا... با... با... ب... داهۆڵی داهۆڵ

باب... چیت داوە لەو داهۆڵانە... بۆ دەیانشکێنی؟)

چەلەبی لەنێو ئەو تەپ و تۆزە هەستایەوە، چنگی لە نێوگەڵی خۆی توند کردبوو، تف لەسەر تف دەم و چاوی حەمەی سواغ دەدا، حەمە ش کە تا ئەو حەلە ئاگری دەکردەوە، کەفی دەچڕی، ڕاست و چەپ... فڕکان فڕکان بەردی دەگرتە مەلەکان، تفی لە ئاسمانی بەرفراوانی پڕ لە شەپۆلی فڕندەکان دەکرد، چەلەبی هەردوو شانی گرت و ڕایتەکاند، حەمە داهۆڵ وەک شەقشەقە لە بەردەمیدا دەلەرزی، وەک گەڵایەکی بەر با... کە جنێوی پێ نەما... لەدوا بەندی دەیەها جنێو کە هاواری کرد:

(ماکەر... مالۆس... تۆ کەری؟)

ئەوسا حەمە داهۆڵ دەمی هەڵهێنا و زمانی تەتەڵەی کرد و بەدەم قووت دانی تفەوە گوتی:

(گەورەم عەفووم کە... من مەعزوورم... ئەم چۆلەکە هیچانە قەدرم نازانن و گاڵتەم پێ دەکەن...!)

(ئاخر چونکە خۆت چۆلەکەی... چۆلەکەیەکی کوێریت)

(گەورەم قەت نەبووە... من داهۆڵ دروست بکەم و تەیر و تواڵ لێی نەترسن... عاجباتیم لێ دێ)

(قسە مەکە و دەمت داخە... بڕۆ بزانە کڵاشەکەم لە کوێیە... دەی زوو)

بەو پێ پەتییەی هەتا شەق دەگرێ خێواندییە قونی حەمە... تێی تەقاند... گەڵاو گەڵ وەک بڵێی قوڕ بووبێ دەگەڕا، کڵاشەکەی دوزیبەوە، هاتەوە بەر دەمی، لەبەر پێیای نووشتایەوە، بەهەردوو دەست چنگی لە هەردوو گۆزینگی چەلەبی گیر کرد، پێی بەرز کردەوە، گێیەکی پان کە تەنیا حەمە داهۆڵ و سەرکار و سەپانەکانی دیکە تامی تاڵی شەقەکانیان دەزانی، زۆری خایاند تا گێی کەوتەوە ناو کڵاشەکە، حەمە ئارەقەی ڕەش و شینی دەردەدا، بایەکی لێ بەربوو، چەلەبی هەستی پێ کرد، وەلێ ئەو لەو توڕەتر بوو پێبکەنێ، لە داخی ئەو مەلە هیچانەی هێرشیان دەکردە سەر زەوییەکەی دەلەرزی، زمانی کلیل درابوو، بەتەنگەتاوی ڕووەو پیکەبەکەی غاری داو خۆی تێ کوتا، سلفێک و گرمەیەک و هەزاران مەلی هەڵنیشتووی ئەو ئاقارەی هەڵفڕاند، حەمە داهۆڵ بەدیار داهۆڵە شکاوەکانەوە دۆش دامابوو، لەو شوێنە هەڵنەستا... لەو شوێنەی کە چەلەبی پێی مویارەکی خستە نێو کڵاشەکەی، غیرەتی دا بەر خۆی، ئاوڕێکی دایەوە... جورئەتی ئەوەی



کرد سەیری لوولەی ئەستووری ئەو تۆزە بکا کە چەلەبی لەو ئاقارە بەجێی هێشت، دەتوت عەزیایەکی زەبەللاحە نەک لوولەی ئەستوری گەردەلوولێک کە لەسەر کلک وەستا بێ...

(بۆ وا بەبێ دەنگی بەجێی هێشتم؟)

هەر لەو شوێنە و دەنێو بازنەی دەیەها داهۆڵی شکاو و لەژێر بارانی ڕیقنە و سووکە پەڕی هەزاران پەلەوەردا لێی ڕوونیشت، بیری دەکردەوە... بیری لە ڕەزامەندی چەلەبی و نەمانی هەموو مەلەکانی دونیا دەکردەوە... ڕەزامەندی (چەلەبی)ش لە ڕەزامەندی خواوەیە.

***

گەیشتەوە شار... پیاوەکانی دەوریان دا، تێی گەیاندن، دەمیان داپچڕی، ئەبڵەق و سەرسام، سەریان باداو دەستیان بەیەک دادا، هەریەکە و بەگوزەرێکدا تێی تەقاند، هەریەکە و گەڕەکێک، کۆڵانێک، ماڵێک، دەرگایەک... دوو... دە... دەرگای شەق و پەقی خانووە قوڕەکان... دەیەها باوکی برسی و تووڕە و ڕیش نەتاشراو، سەرو سیمای خەم لێ نیشتوو دەرگایان دەکردەوە، لە پشت هەر باوکێکەوە منداڵێکی چڵمن و پڵکن و لیکن و چاو زەرد بەدەردی بەدخۆراکی... مل باریک و لاق باریک سەرە تاتکێی بوو، ترس و برسێتی چاوانی ڕشتبوون، کۆڵانە و کۆڵان، ماڵەو ماڵ... نەک وەک کۆمەڵێ منداڵی برسی و ترسنۆک و شەرمن، بەڵکو وەک کۆمەڵێ داهۆڵ لە پشتی پیکەبەکە بارکران، بەهەڵتەک و داتەک شاریان بەجێ هێشت، تەنیا شتێک کەسەیری بکەن لوولەی ئەستوری ئەو گەردەلوولە بوو کەلە پیکەبەکە جێ دەما، گەیشتە سەر تخووبی زەوییە تۆو کراوەکەی، حەمە داهۆڵ هێشتا لەو ئاقارە و لە نێو کەرنەڤاڵی فڕندەکاندا کەوتبوو... چەلەبی سەری دەرهێنا و هاواری کرد:

(وەرە مالۆس... ئەم داهۆڵانە داگرە)

بە هەڵەداوان بەپیر ئەو هاوارەوە چوو، چەلەبی دانەبەزی... ڕووی کردە منداڵەکان:

(چڵمنینە... نەهێڵن هیچ مەلێکی حیز توخنی زەوییەکەم بکەوێ، ئێواران دێمەوە دووتان... هەفتانەکەشتان......... دەیدەمە باوکتان...)

منداڵە لاق باریکەکان نقەیان نەکرد.

(گوێ بگرن و لێم مەبن بەداهۆڵەکان، هەریەکەتان دەبێ پاسەوانی چاک بێ، دەنا ڕۆژانەکەی لێ دەبڕم، هەریەکەتان قوتوویەک لە حەمە وەردەگرێ و پڕیکەن لە بەرد، وەک

شەقشەقە ڕایوەشێن و بیکەن بەهەرا و زەنا و قیامەتێک نەبێتەوە... وا نەبێ مەلەکان ئێوەش بەداهۆڵ دەزانن...)

مناڵە چاو زەردەکان... چاو مردووەکان نقەیان نەکرد. حەمە زۆر بەپەلە باوەشی بۆ مناڵەکان دەکردەوە و یەکە یەکە دایگرتن، پاشان خۆی هەڵدایە پشتی پیکەبەکە و لەو قوتووە زۆر و ژەنگارانەی کە لە پشتی پیکەبەکە فڕێ درابوون ؛ هەریەکە و قوتوویەکی بۆ هەڵدان، دەکەوتن و بۆیان نەدەگیرایەوە، هەریەکە و ماندووانە قوتووی خۆی هەڵگرتەوە، حەمە فرمانی پێ کردن کە قوتووەکانیان پڕکەن لە وردە بەرد، کە لێ بوونەوە حەمە بازێکی داو کەوتەوە سەر زەوییەکە و دوا فرمانی دا:

(هەریەکەتان لای یەکێک لە قووچەکانە بوەستێت و توند قوتووکە ڕاشەقێنێ... نەهێڵن چۆلەکەیەکی باڵ شکاویش بنیشێتەوە)

هەمدیس مناڵە مل باریکەکان نقەیان نەکرد... ئەوەندە باریک کە بۆیان نەکرێ ئەو سەرە مازوو ئاسایانە ڕاگیر بکەن.

چەلەبی لێیان ورد بۆوە و بەدەم بۆڵەوە وتی:

(چەندە لە داهۆڵ دەچن...!)

هاوارێک و هەر مناڵێک ڕووەو قووچەکەی خۆی ڕایکرد.

دواجار تفێکی لە مەلەکان کرد و سلفێکی لێ دا... حەمە داهۆڵ کەوتە دوای گەردەلوولی جێماو لە پیکەبەکە، زۆر بەهیلاکی دەستی گەیشتە قوڵفەکە و خۆی هەڵدا، ڕەتێکی بردو قوونا و قوون کەوت... هەستایەوە، چەلەبی پتر پێی بەبەنزینەکەوە نا... حەمە ڕایکرد و دەستی نەدەگەیشتە قوڵفەکە بەو هەموو خەمەوە چەلەبی ڕایدەبوارد، حەمە کەوتبووە نێو تەپ و تۆز، سێ چوار ئیستۆپ و تەکان وای کرد حەمە خۆی بەقوونی پیکەبەکەدا بدا، دەنێو ئەو گێژەلوولەکەیە حەمە دەستی گەیشتە قوڵفەکە و بەری نەدا، وەک ئەوەی دەستی بەر قوڵفی کەعبە کەوتبێ، چەلەبی بەم ڕابواردنە کۆڵێ کەیف ساز بوو، چەلەبی لە ئاوێنە بچکۆلەکەوە لە حەمە دەگەڕا تابیبینێ چون کەوتۆتە دوای گەردەلوولی جێماو لە پیکەبەکە... دوا جار خۆی هەڵدا و تەرک ئاسا خۆی بەردایەوە و کەوتە سەر پشت، دیسانەوە جگە لە سەدەها ڕەوە باڵندەی بەناو یەکدی دا چوو کە نەدەسرەوتن... هیچی دیکەی نەدی، مناڵەکانیش غەرقی ژێر ئەو تۆزە بوون، دە مێرد مناڵی ترسنۆک و سەرسامی ئەو ئاقارە چۆڵە و هەزاران چۆلەکەی بێ عار، هەر مناڵێک و خەونی



بەدارلاستیکێکەوە دەبینی، سینەی برژاوی مەلەکان و دەمێکی پڕ لە لیک، قیت وەک دە داهۆڵ بەپێوە وەستان، چاویان بڕی بووە خۆر... خۆری چی؟ خۆر لەبەر دیدەیان دەبوو بەکولێرەی برژاو، تایەی زێڕینی عەرەبانەیەک، چارۆگەی زەردی دایە... بازنەی زێڕینی مەچەکی کچە چکۆلانەکەی چەلەبی.

***

سەر لە ئێوارە... بەر لەوەی تاریک دابێ، پیکەبەکە گەیشتەوە ئاقارەکە، ئەمجارەیان حەمە لێی دەخوڕی و چەلەبی لە تەنیشتییەوە مژی لە جگەرە دەدا، بەپەلە دابەزین، بەتەنگەتاوی ڕووە و قوچەکەکان غاریاندا. وەی لە عاجباتی... لە جیاتی دە مێرد مناڵ دە داهۆڵی بێ گیانیان بینی، لە تەک هەر داهۆڵێک و قوتوویەکی پڕ بەرد، هەر هەمووشیان ڕوویان کردبووە خۆری ئاوا بووی دەم کەل کە گران خۆی ڕادەکێشا، چەلەبی هێدی هێدی لە یەکە یەکەی داهۆڵەکان نزیک بۆوە، بەترسەوە دەستی بەسەر و ملی، لاق و لەتەری مناڵە داهۆڵەکاندا هێنا... کێ بڕوای دەکرد؟ لە بری قژ: گوشوگەڵاش، لە بری ئێسقانی شان و شەپیلک: تەختە و دار، لە باتی دوو لاق دوو پیشەقان، لە جێی دوو چاوی پڕ خەم و شەرم و ترس: دوو کەلا شووشەی زەردباو دەبریسکانەوە، چەلەبی بەدوو چاوی زەق و سەرسامەوە ئاوڕێکی لە حەمە دایەوە و پرسی:

* ئەی کوا مناڵەکان؟

– گەورەم... لەوانەیە هەڵاتبن.

* بۆ کوێ؟

– خوا دەزانێ... قوربان ئەوانە دە مێرد مناڵی بەستەزمان و گوێ کەڕیلە نەبوون... ئەوانە لە دە بێچووە شەیتان دەچوون...!

* بەخوا هێستری... مالۆس ئەوانە بەقوون هەناسەیان دەدا... شەیتانی چی و تەڕەماشی چی؟

– کەیفی خۆتە گەورەم.

* باشە ئەم داهۆڵە پوختانە کێ دروستی کردوون...؟

– لە وانە زیاتر کێ بێ؟ ئا... من دڵنیام ئەوان دایانمەزراندوون... ئەی ئێمە ئەوانمان بەتەنیا جێ نەهێشت؟

* ئەو مناڵە لاواز و لە برسا مردوانە و ئەم داهۆڵانە کووجا مەرحەبا؟

– ئەی قابیلە سیحر بێت... گەورەم تۆ بڕوات بەسیحر هەیە؟ تۆ بڵێی سیحریان لێ کرابێ و خۆیان بووبنەتە داهۆڵ.

* دەمت داخە و چەڵتە چەڵت... وەختی بێ عەقڵی نییە... دەبێ من ئێستاکە دە منداڵ بۆ باوک و دایکیان ببەمەوە.

– جا بۆ وا خۆت سەغڵەت کردووە؟

* ئەی ئەگەر خۆم سەغڵەت نەکەم... چی بکەم کەران باو گاو؟ لات وایە دەبێ لە خۆشیانا هەڵپەڕم چونکە من ئێستاکە لە بری دە منداڵ دە داهۆڵ لە بەر دەممدا چەقیون؟

حەمە داهۆڵی هەمیشە مل کەچ و گوێ ڕایەڵ بەدەم خەنینەوە، وەک بڵێی نوکتەیەکی بەتام، بگێڕێتەوە... پێی وت:

(قوربان زۆر ئاسانە... لە ئاو خواردنەوە... لە جیاتی دە منداڵەکە دە داهۆڵیان بۆ بەرەوە... کێ زاتی ئەوە دەکا بڵێ لەل...)

چەلەبی سەری هەڵبڕی و لە مەلەکان ڕاما و بەحەژمەتێکەوە وتی:

(دە داهۆڵەکان بخەرە پشتی پیکەبەکە.)

خۆری دەم کەل لە پرتەقاڵێکی گەورە دەچوو، ئەو پرتەقاڵەی منداڵە داهۆڵەکان دیویانە و تامیان نە کردووە، ئەمجارەیان تۆزەکە زەرکەفتی و... زەردەپەڕیش هەموو گەردیلەیەکی دادەگیرساند... دە داهۆڵە منداڵ لە پشتی پیکەبەکە کەوتبوونە سەر یەکدی، هەزاران مەلیش ببوونە چەتری سەر سەریان، دەتوت دەیانەوێ دڵی منداڵە داهۆڵەکان بدەنەوە، بەچریکەیەکی جەرگ بڕ ئاسمانیان کاس دەکرد وەک ئەوەی بیانلاوێننەوە، چەلەبی سەری لە پەنجەرەکەوە دەرهێنا و تفی هەڵدەدا، مەل و فڕندەی دونیای بەنەفرەت دەکرد، کتوپڕ بارانی ڕیقنە دایکرد و بەر دەم و لووت و سمێڵ و چەناگە و چاوی چەلەبی کەوت، هەر زوو ژیژک ئاسا سەری بردەوە ژوورێ، لە ڕقانا و بێ ئاگا لە خۆی دەستی ڕاستەی بەردا و کۆڵە مستێکی خێواندە سەر و جامانەی حەمە داهۆڵ و پەڕاندی... ئەم خەینیەوە... بێ ئەوەی بزانێ بۆ...!

***

کە بەیانی دا... سەرسامی وەک و ئاسمان هەموو شاری گرتبووە باوەش، قەت وانەبووە و کەسیش شتی وای نەبیستبوو، ئەو شەوە کەس بەتێری نەنووست... یەکەم جار بوو کە بەهەزارەها چۆلەکەی نێو دارستانی گەورەی شار تا بەیانی نەسرەون و بجریوێن، هەزاران



مەلی نێو باخچە و سەر گوێسوانە و ژێر هەیوان و سەر درەختە تەنیاکانی نێو حەوشەی ماڵە هەژارەکان... لە جوکەو جریوە نەکەوتن، جریوەیەکی پڕ لە ئازار و خەمهێن... وەک بڵێی جریوەی پرسە بێ... پیرەکان وتیان:

(نەبووە و نەبیستراوە... قەت نەبووە شەو دابێ و مەلان نەسرەون... بێ شک بەڵایەکی ناگەهان لە ڕێیە... یان بووە)

***

بۆ ڕۆژی دووەمیش چەلەبی دە منداڵی دیکەی بردەوە سەر زەوییەکەی پاسی بکەن، ئێوارە دە داهۆڵی بردەوە شار... بۆ ڕۆژی سێیەمیش هەمدیس دە مێرد منداڵی بردە ئەو ئاقارە و ئێوارە دە داهۆڵی بردەوە... ڕۆژی چوارەم... پێنجەم... دەیەم... بیستەم... چلەم... سەد... دووسەد منداڵ... دووسەد داهۆڵ... منداڵ... داهۆڵ... منداڵ... منداڵەکان... داهۆڵ... داهۆڵ... داهۆڵەکان... منداڵە داهۆڵەکان... داهۆڵە منداڵەکان... منداهۆڵەکان... داهۆڵەکان... وای لەو گەرەکە گەورەیەی داهۆڵەکان... گەرەکێک... دوو... سێ... وای لەو هەموو گەرەکە گەورانەی داهۆڵەکان...! داهۆڵەکان... منداڵەکان... داهۆڵەکان... منداڵەکان... منداهۆڵەکان......

# مەم و زینەکان

هەر هەمـوو ئەکـتـەرەکـان، بۆ جـاری دەیەمین... بەکـوڕ و کـچـەوە، کـۆبوونـەوە، دوو ڕیزی بەرامبەر... ڕیزێکی کوڕە گەنجەکان کە هەریەکە و خەونی بەوە دەدی ببێ بە"مەم"ی عاشق، ڕیزێکی کچە جەحێڵەکان کە هەریەکە و خەونی بەوەوە دەدی ببێ بە"زین"ی... دڵخوازی "مەم"، هەرهەموویان دەست لەسەر دڵ... دەترسان، بێ ئۆقرە چاوەڕێی دوا بڕیاری دەرهێنەر بوون، دەرهێنەریش کز و مات لەسەر پەڕ ڕوونیشتووە و کەوتۆتە نێوان مەم و زینەکان، پەست و مـاندوو دیقـەتیـان دەدا... نە کـوڕەکـان ڕۆحی"مـەم"ن و نە کـچـەکـانـیش هی ئەوەن "زین" بن، چ گـێـژاوێکە، پەتی چاو نێـرینەکـان مـۆڕە لە یەکدی دەکـەن، دەرهێنەر سـامی زۆرە... هەریەک لەو کـچـانە ڕووی خۆی لەژێر تـوێـخـێکی ئەسـتـووری سـووراو و سـپـیـاو کـوشـتـبـوو... بەو نیـازەی لـە "خـاتوو زین"شـۆختـر خۆ بنوێنێ، هەمـوو دەورەکـانیش دابەش کراون، هیچ نەماوەتەوە... شوێنەکان دەست نیشان کراون، جل و بەرگی ئەو سەردەمە ساز و ئامادەن، مۆسیقا ژەن تەیارە و لەسەر پێیە، سیناریۆ و دەستا و دەست دەکا، ماکێر، پسگۆڕی دەنگ، دوو کـامـێـرای یۆمـاتیک، دوو وێنەگری بەسـەلیـقـە، بودجـەیەکی پڕ، کـۆمـبـارس... هەر هەمـوو چاوەڕێی فـیـکەیەکی دەرهێنەرن، وەلێ دەرهێنەر تیـا مـاوە و حەیرانە، مـانگێک پترە مشت و مڕە... هەر هەموو کچەکان شەڕییانە... هەر یەکەو خۆی بەشیاوی ڕۆحی "زین" دەزانێ، دەرهێنەر بەدزە نیگایەک تێیان ڕاما و لە دڵی خۆیدا وتی

– (ئاخر کامەتان توانیوتانە بۆ ڕۆژێکیش بێ بەپەنجە تووتەی زین بن... نەک ڕۆحی...؟)

دواجـار هەڵـیـدایە–(خـوشکینە ئەوە مـانگێک پترە مـن لەسـەر ئێـوە وەسـتـاوم، ئێـوە سـێـیـەمین کـاستن کـە دەیگۆڕم، ئەم داسـتـانـە بەتەنیـا یەک "زین"ی تیـایە و کـەچی هەر هەمووتان گەرەکتانە (زین)بن...)

هیچیان نقەیان نەکرد... لە ژێرەوە بەمۆنی لە دەرهێنەر ڕامان.

دەرهێنەر تێهەڵچۆوە (چاوەکەم... هەر هەمـووتان لە زین نازدار و شۆختـرن... بەڵام هیچ نەبێ لە نێو خۆتاندا ڕێک بکەون و (زین)ێک هەڵبژێرن...)

دیسـانەوە بێ دەنگ لە یەکدی ڕامان، دووانیـان بنێـشـتی دەجوویی، یەکێکیان گەمەی



بەملوانکەکەی دەکرد، ئەوانی دیکە سەرمەستی چاوچاوانێ بوون.

(پاشـان ئەوەی دەیکەین نواندنـە... من وای دەبینم گـەر کچـێک بیەوێ ببێ بە"زین" وا جوانە لە ڕێی سۆز و عیشقەوە ڕۆحی ئەو لەبەر

بکات...!).

سۆزان خۆی بۆ نەگیراو هەڵیدایە (مەرج نییە مامۆستا)، کچێکی دیکە قسەکەی ئەمی قۆستەوە (ئەمەیان سوکایەتییە... یانێ چی...؟بە قسەی تۆ بێ دەبێ ئێمە زۆر بێ هەست و سۆز بین...!)

دەرهێنەر بەترس و دوو دڵییەوە پاشگەز بۆوە (خوشکینە مەبەستی من ئەوە نییە... بۆ قسەکەم وا زوو هەڵدەگێڕنەوە؟)

سـۆزان دەم گـەرمـانە تێـهـەڵچۆوە (هەریەکـێک لە ئێـمـە نەک دەوری زینێک... بگرە دەتوانێ دەوری سەد زین و شیرین و خەج ببینێ...!)

دەرهێنەر بەزی و وتی (قـسـەکـەتان دروسـتـە... بەڵام گـرفـتی مـن ئەوەیە داسـتـانەکـەی ئەحمەدی خانی تەنیا یەک زینی تیایە و بەس)

دەرهێنەر تـاوێ ڕامـا... سـەر لێ شـێـواو بەدەست ئەو هەمـوو (زین)ەوە ڕووی کـردە کـوڕەکـان و بەقـەهرەوە پێی وتـن (برادەرینە... ئێـوەش لە کـچـەکـان خەراپـتـرن... هەمـووتان گەرەکـتـانە–مـەم–بن... ها...؟یان مـەم یان دەور نابینن... خـۆش بەحاڵـی ئەم سەردەمـە کە هەموو کچەکانی زین و هەموو کوڕەکانیشی مەم–ن... ئیدی کورد چی دەوێ کە ئەو هەموو عاشقە پاکەی هەبێ...؟!)

کامەران هەستایە سەر پێ و ملوانکەکەی لە سووچی مێزەکەی بەر دەمی گیربوو زریزەکە پچڕا... گوێی پێ نەداو بەدەم بنێشت جووینەوە ڕووی کردە دەرهێنەر (کاک موراد... تۆ... ڕاستە دەرهێنەری... بەڵام ئێمەش هونەرمەندین و کەس بۆی نییە پێمان ڕابوێرێ)

(مەسەلە ڕابواردن نییە... ئێوە چاک دەزانن دەرهێنەر پاداشتی پیشەکەی خۆیەتی، تاکە سەربەستی یەک کە لەم دونیایەدا هەمبێ ئەوەیە کە دەورەکان

بەکەیفی خۆم دابەش بکەم)

(کەواتە بڕیار بدە)

(تیـامـاوم... شـار بیـست تیـپی نـواندنی تیـایە، هەر تیـپـە و سیی چل ئەکـتـەری تیـایە،

گەنج و پیر... هەر هەموو پیاوەکان دەیانەوێ مەم بن... هەر هەموو کچ و ژنەکان دەیانەوێ زین، مانگێکە دەنگم نووسا ئەوەندەی هاوار بکەم... تا ئێستا سێ چوار کاستم گۆڕیوە، پێتان دەڵێم دەوری (بەکر مەرگەوەڕ)ببینێ شانیی وا... باڵی وا... کەچی کەستان ئامادە نییە دەوری مەرگەوەڕ ببینێ. من مەبەستم ئێوە نییە بەڵام توو شەرەفتان لە ژیانی خۆماندا کامەمان - بەکر مەرگەوەڕ - نین...؟ کامەمان دڕکی مەم و زین نین...؟ها... ئاخر کەی ڕاستە کەس دەوری شەڕ خوازێک نەبینێ؟ پاشان ئێوە هونەرمەندن... کە دەوری جوان و ناشرین لە ژیاندا هەبێ... خۆ دەبێ لە هونەردا ڕەنگ بداتەوە...)

دەرهێنەر لە حەژمەتانا هەردوو لێوی لەرزین، بەبەری دەست عارەقەی تەوێڵی سڕی یەوە، بەدوو چاوی خوێن تێ زاوەوە ڕوانییە ئەو هەموو مەم و (زین)ە، لەوە دەچوو بیەوێت بگری دواجار هەڵی دایە (خوشکینە... هەر کچێک دەوری زین ببینێ دەبێ مانگێک زووتر واز لە ئارایشت بێنێ... زوویر مەبن من دەموو چاوێکی پاکم دەوێ... پاک وەک سرووشتی خۆی... نەک هەر دەم و چاو... بۆ مەم و زین دوو ڕۆحی پاکم گەرەکە...!)

کچەکان نقەیان نەکرد، دووانیان سەریان لەبن گوێی یەکدی ناو چرپاندیان، ئاوڕێکی لە کوڕەکان دایەوە، بینی بەشەهوەتەوە دزە نیگا دەبڕنە کچەکان، لە تاو ئەو هەموو پووزو لاق و لەتەرە شلک و نەرمەی زینەکان نیوە ناچڵ لە قسەکانی دەرهێنەر حاڵی دەبوون هەر هەموو بەترس و شەرم و شەهوەتەوە لەو درزە تاریکەی نێو هەردوو ئەژنۆی زینەکان ڕادەمان.

درزێک کە خەیاڵی هونەرمەندانەی هەموو (مەم)ەکانی فڕاندبوو.

دەرهێنەر کورسی یەکی بەلای کچەکان دا خزاندوو تێ هەڵچوو(پاشان کچینە... گرنگ ئەوەیە هەر هەمووتان لەگەڵ زین دەردەکەون، هەر هەمووتان دەکەم بەکەنیزەک و بەربووک و دەستە خوشکی زین، بە وێنە گرەکان دەڵێم... ڕایان دەسپێرم کە بەقەد زین دەرکەون، دڵنیاتان دەکەم ئێوەش وەکو زین بە(کلۆز) دەربکەم... ئەم سمێڵانە هی پیاو نەبێ گەر درۆتان لەگەڵ بکەم)

هەموو زینەکان لێویان لێ هەڵقورتاند، ئەو لێوانەی غەرقی سوراوێکی خەست ببوون، چاویان بڕییە یەکدی، هیچیان ئامادە نین ببنە کەنیزەک و دەستە خوشک و کارەکەری زین، هەر یەکەو لە دڵی خۆیدا وتی (بۆ چی بووە... قاتییە؟هەموو کورد مەم و زین یێکی هەیە... یا نایکەم یان دەبێ زین بم...!)



دەرهێنەر حەپەساو نائومێدانە پرسی (ها... خوشکینە چیتان وت...؟)

هیچ کام لە (زین)ەکان وەڵامی نەدایەوە.

ئاوڕێکی لە (مەم)ەکان دایەوە و کورسییەکەی بەلای ئەواندا خزاند:

(برادەرینە... ئێوە چیتان وت؟)

لە شەرمی کچەکان زیاتر لێیان چووە پێشەوە و زەردەیەکی ماندوو نیشتە سەر لێوی... دۆستانە چرپاندی... چرپەیەک کە زینەکان لێی حاڵی نەبن.

(دەی هەریەکەو دەستی هەزار (زین) تان بڕیوە... ڕێکەون... لەوە پتر هیلاکم مەکەن...)

هەموو (مەم)ەکانیش بێ دەنگ، وەک بلێیی دەرهێنەر لەگەڵ خۆی دا لە (مۆنۆلۆگ)دا بووبێ... دووانیان هاوئیقاع بنێشتیان دەجوویی، یەکێ گەمەی بەملوانکەکەی بەرملی دەکرد، دووانیان تەزبێحیان بادەدا، یەکێ تۆزێ دەلەنگی پانتۆڵەکەی دا دەتەکاند، دووانی دیکەش ئەمجارەیان لە درزە تاریکەکەی نێو هەردوو ئەژنۆوە نیگایان گواستبۆوە سەر تەنگە دۆڵی بەرتەسکی هەردوو مەمکی یەکێ لە زینەکان کە بێ ئاگا لە خۆی، یان بەئەنقەست، یان لە تاو گەرما قۆپچەی کراسە تەنکەکەی کرابۆوە، دووانیشیان وا بەقەهرەوە مژیان لە جگەرە دەداو دووکەڵیان هەڵدەمژی وەک بلێیی دوژمنێک لەناو سییەکانیان بێ و بیانەوێ بیخنکێنن، شەهوەتبازانە... لۆتیانە... نیاز پیسانە سەمایان بەجگەرەکانی لا لێویان دەکرد، لە لالێوی چەپەوە بۆ ڕاست، لە ڕاستەوە بۆ چەپ، بەجۆرێک کە یەکێ لە زینەکان تاو تاو تەزوویەکی پڕ لەزەت بەترس و شەرمەوە بەهەموو دەمارەکانیدا مێروولەی دەکرد، گەرم داهات... بەتەواوی لەوە دابڕا شەڕ لەسەر دەوری زین بکات، لەم ئان و ساتەدا هەموو خەونی ئەوە بوو لە خەڵوەتێکدا لەگەڵ ئەو (مەم)ە جگەرەکێشە لە هەموو دونیا دابڕێن... لە هەموو داستانە پڕ لە درۆکانی سەردەمی زوو:چ مەم و زین... چ شیرین و فەرهاد... چ ڕۆمیۆ وژۆلێت... نا... نابێ ئەمە جگەرەکێشان بێ... ئەوەی ئەو (مەم)ە دەیکا شتێکی دیکەیە... شتێکی دیکە کە زین شەرم دەکا ناوی بەرێ... مەحاڵە بوێرێ...

دەرهێنەر سەرسام و شەکەت کورسییەکەی خزاندەوە ناوەڕاست، کەوتەوە نیوان هەردوو ڕیزی مەم و زینەکان هەستایەوە سەر پێ و ڕاما... سەری بۆ بنمیچەکە هەڵبڕی، هەناسەیەکی هەڵکێشا... هەناسەی سارد... سەمای بەدەفتەرەکە دەکرد... دەفتەری داستانی مەم و زین، خستی یە بن هەنگڵی بێ باکانە... نائومێدانە وەک سەرهەنگێکی

بەزیو لە پاکاتە کە بەدەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە جگەرەیەکی دەرهێنا و ویستی ئاگرەکە لە داستانەکە نزیک بخاتەوە... بیسوتێنێ ڕاما تا ئاگرەکە پەنجەی شایەتمانی سووتاند و هەڵی دا... مژێکی قووڵی لێ داو دووکەڵەکەی بەبا کرد... دووکەڵ مەم و زینەکانی لە بەرچاو لێڵ کرد... دواجار شێتانە داستانەکەی هەڵدا و بەر بنمچەکە کەوت و لەبەردەم ڕیزی زینەکان کەوتەوە و تەنکە تەپ و تۆزێک وای کرد هەموو هەستنەوە سەر پێ و تۆز و خۆڵ لە خۆیان دادەتەکێنن، یەکێ لەو زینانە جانتاکەی کردە قۆڵی و لێی دا ڕۆیشت... وادەی ژوانێک حەجمانەی لەبەر بڕی بوو... نەک لەگەڵ مەم-ێک... نەء... بەڵکو لەگەڵ مەرگەوەڕێک دا... زینەکانی دیکە سەرسام بوون یەکێک وا ئاسان دەستی لەو دەورە نازدارە... دەوری زین کێشایەوە.

دواجار دەرهێنەر سەیرێکی چەپ و ڕاستی خۆی کرد وەک بڵێی خۆی دەورببینێ، نیگایەک بۆ ڕیزی مەمەکان، نیگایەک ڕووەو ڕیزی زینەکان... پاشان ماندووانە وتی:

(برادەرینە... خوشکینە... من بڕیاری خۆم داو تەواو... نیازمە دەست لەم کارە هەڵگرم... لەبەر هیچ نا. توڕەش نیم... بەڵکو خۆشحاڵم کە دەست لەم ئیشە دەکێشمەوە.)

هەردوو ڕیزەکە لێی چوونە پێش و بەهەڵقەیەکی داخراو گەمارۆیان دا... بوو بەپنتێکی ناوەڕاستی بازنەیەک بازنەیەکی نارێک... بازنەی مەم و زینەکان... تێ هەڵچۆوە:

(نەء... هیچ قسەم ناوێ... دوا بڕیارمە... مادامەکێ هەموو کچەکان زین و هەموو کوڕەکانیش مەم بن... ئیتر چ پێویست بەوە دەکا فلیم دەرکەین و خەڵکی فێری پاکی بکەین... بۆ دەرسی عیشق و خیانەت بەخەڵکی بڵێینەوە...؟خۆش بەحاڵی کورد و خانی شاعیر کە ئەو هەموو مەم و زینەی هەیە... لای ئێوەم خۆش... ماڵئاوا...)



# عزرائیل

نازانم... سوپاسی شەیتان بکەم یان نەفرەت بارانی کەم کە عزرائیلی پێ ناساندم، شەیتان نەبووایە بەسەر فێڵی دایکم نەدەکەوتم... دایکی جوان... هەم میهرەبانم... دایکی خیانەتکارم... ئا... دایکە... تۆ فێڵت لە منداڵەکانت کرد... تۆ گوناهباریت... تۆ میهرەبان کە فریشتەکان نوێژیان لەسەر بەرماڵەکەت دەکرد... نا... لەسەر چارۆگەکەت! تۆ ئێمەت بۆ ئەو عزرائیلە فرۆشت، پشتت لە منداڵەکانی خۆت کرد لەو کوڕ و کچانەی تۆیان خۆش دەویست... پشتت لەوان کرد و ئەو عیزائیلەت ئاشت کردەوە... بەچاو لێت پاڕاینەوە... پێمان وتیت... سەرزەنشتمان کردیت: (دایکە تووخوا پێخەفەکەت جیاکەرەوە... چیتر لەگەڵ ئەو دێوە مەنوو... هەناسەکانی هەڵاوی دۆزەخن... وەی لە ددانە زەردەکانی کە جگەرە ژەهراوی کردوون... تۆ چۆن دڵت هات جگەر گۆشەکانی خۆت بۆ ئەو بفرۆشیت...)

ئەو جارەی کە پاژنەی بزمار ڕێژی پۆستاڵەکەی سەرە چکۆلانەکەتی زامار کرد، ئەو جارەی کە پشتی برۆکانتی شەقار کرد، خوێنێکی ئاڵ دەڕژایە سەر چەناگە کوتراوەکەت... ئەو جارە هەمووومان ماتمان گرت، تۆ تۆرایت و چویتەوە کن دایکە تەڵاق دراوەکەت، ئێمە ئەو ئێوارەیە نانمان نەخوارد، دەیەها ئێوارەی دیکە... سەدەها ئێوارەی لەوە بەرو دواتر. نانمان نەدەخوارد ئێمەی ترسنۆک و بێ غیرەت ماتمان دەگرت... هەر لە ئێوارەوە دەچووینە ژێر لێفە شڕەکەو دەخزاینە بن باڵی یەکتر، هەرهەموومان لەژێر یەک لێفەدا دەخەوتین... لە قەهری تۆ گارووومان بۆ قووت نەدەدرا بەڵام ئاخ... بەشەق... بەتف و جنێوی پیس - (قەحپە دایکینە... بەهەمووتان ناتوانن هێلکە و ڕۆنێکم بۆ بکەن؟)

کە ئەم دەینەڕاند... ئێمە چوون سەربازانی هیتلەر ڕیزمان دەبەست... من تاوەم دەهانی... شلێر-یش هێلکە، فەرهاد ڕۆن، پاکیز پەمپی لە پریمزەکە دەدا... ئەویش بێ شەرمانە پارووی با دەدا... هۆی دایکی جوان و جیانەتکارمان ئەو پیاوە شەرمی نەدەکرد، تەریق نەدەبۆوە... نزا خواز بووین پاروویەک لە قوڕگی گیربێ و بخنکێ... ئێمە بەبرسێتی دەنووستین و ئەو گارووی چەوری با دەدا، کە بەدزییەوە لەژێر لێفەکەوە ژێژک ئاسا سەرمان دەردەهێنا... ئەو تفی لێ دەکردین... دوای ئەو ڕۆژەی کە دار هەنجیرەکەی بڕیەوە...

دوای ئەو کارەساتە بەپێنج ساڵ کە نەرمین-ی خوشکم کۆکەڕەشی کوشتی تۆ وتت: (سمە... مردنی ئەو کچە لە ئەستۆی تۆدایە...!) پڕ بەژوورەکە نەڕاندی: (دیارە... ئەمن عیزرائیلم)

بە قەهرەوە وتت: (نەء... عیزرائیل نیت... عیزرائیلیش هەر فریشتەی خودایە سمە... بەڵام لەو ڕۆژەوەی ئەو دار هەنجیرەت بڕییەوە نە من... نە منداڵەکانم خۆشیمان لە خۆمان نەدیوە، ڕزقمان سوارە، حاڵمان تا دێ شڕترە... هەرغار دەدەین و پێ ڕاناگەین!)

بەڵام بەچی دەچێ دایکە... تۆ خیانەتت لە ئێمە و لە خۆت و لە هەنجیرەکەش کرد، هەنجیرە پیرۆزەکەی خۆت، تۆ فێریت بێچووە پشیلە و چۆلەکە و پەڕەسێلکە وێڵ و باڵ شکاو و فڕێ دراوەکانیش هەڵگریتەوە تا خوا بەزەیی بەئێمەدا بێتەوە و نانێکی زۆرترمان بداتێ، کەندوومان پڕ ئارد بێ، هەر بۆ موبارەکی نەمامی ئەو دار هەنجیرەت لەسەر مەزارەکەی حەزرەتی(وەکاشە)ەوە هانی بوو... لە نێو حەوشە چکۆلانەکەدا ڕواندت، هەموو جەژنێکی قوربانیش بەخوێنی مریشک و کەڵەشێرە سەربڕاوەکانت ئاوت دەدا... تا کوڕ و کچانی تۆ هەنجیری موبارەک بخۆن و لەژێر سێبەرە پیرۆز و بەبەرەکەتەکەی وازی بکەن... گەڵای موبارەکی بەسەرمان دا بڕژێ... بەڵکو ئەوە خوایە ئەویش دوو سێ هەنجیری لێ بخوا و واز لە چایخانە و مەیخانە و قومارخانە بێنێ، بێتە سەر ڕێ و خودا هیدایەتی بدا و چیتر ئێمە فەلاقە نەکا و تۆش بەقژ ڕانەکێشێ... بەڵام کوا دایکە... ئەو هەرگیز هەنجیری نەدەخوارد، ڕقی لە تۆ و لە ئێمە و لە دار هەنجیرەکەش دەبۆوە... دەیوت: (ئەگەر بشمرم... بڵێن بەو هەنجیرە حیزە چاک دەبیتەوە... شەرتبێ نەیخۆم.) چاکتر کە نەیدەخوارد... هەنجیرەکان بۆ ئێمە دەمانەوە... ئەو پیاوە دەمارگیرەی تۆ دەتناسی بەوە نەوەستا... بیرتە... ئەو ڕۆژەی دەمەو ئێوارەیەکی ساردی پایز بوو... بەلەقەیەک دەرگای حەوشەکەی کردەوە... هەردوو لاشیپەکانی بەیەک دا دا... لە ناو دەرگاکە وەستا تەورێکی ترسناکی بەدەستەوە بوو، تەورێکی دەم هار مووی دەکرد... ڕایدەوەشاند... بایدەدا... گەمەی پێ دەکرد، سەیری ئێمەی دەکرد و پێدەکەنی، دارهەنجیرەکەش بەمەی زانی... لە حەژمەتانا دە-دوانزە گەڵای لێ هەڵوەری، هەر گەڵایەک و لەسەر سەری یەکێک لە منداڵەکان نیشتەوە، گەڵاکان بەچرپەوە پێیان وتین: (بەباوکتان بڵێن با دایکمان نەکوژێ...!) مەڵێ: درۆ دەکەن... تۆ خۆت دەتوت: سەگ... پشیلە... مار... مێروو... درەختەکان هەر هەموو قسە دەکەن لەگەڵ کارەسات و نسکۆدا خەم دەخۆن، ڕۆژانی خۆشیش سەما دەکەن... جومعانیش هەر هەموو زکر بۆ خوا دەکەن... درۆ ناکەیت دایکی میهرەبان و بێ مروەتمان درۆ ناکەیت... گەڵاکان



گریان، عیزرائیلیش بەخۆ و بەتەورەوە پێدەکەنی، شاگەشکەی ئەوە بوو ڕۆحی هەنجیرەکەمان دەربکێشێت، هەنجیرەکە لە ترسی مەرگی خۆی بەڕاست و چەپدا لەرزی، منداڵە ترسنۆکەکانت زانیان کارەساتە... هاتین و دەستمان بەدامێنتەوە گرت... بێ دەنگ دەخیلت بووین... کە سەیرمان کردی خاڵە سورەکەی نێو چاوی چەپت ڕەش داگەڕابوو، زانیمان کارەساتە و تۆش هیچت پێ ناکرێ... تۆ هەموو جار دەتوت: (کە ئەو عیزرائیلە ویستی شتێک بکات، دەستێک بشکێنی، دیوارێک بڕمێنێ، درەختێک ببڕێتەوە... ئامانی نییە ڕۆڵەکانم... خەمم مەدەنێ...!)

دوای ئەو کارەساتە بەحەوت ساڵ کە (شیرین) دەستی گردەبڕ شکاو سێ مانگ تلایەوە... تۆ وتت: (سمە... ئەوەش هەر ئاهی دار هەنجیرەکەیە... لەعنەتی وەکاشەیە...!)

ئەو کافرە... دەزانی ئەو کافرە چی کرد دایکە...؟ بەجڕتێک وەڵامی دایتەوە... جڕتێک کە سەدای لەو ژوورە چکۆلەی هەموومان تێ خزابووین جێی نەدەبۆوە... تۆ گریایت و بەدەم ناڵینەوە وتت (ئاخر تۆ ڕەش بوویتەوە... غەزەبی خودای کار لە پیسێکی وەک تۆ ناکات... منداڵەکانم ناسکن و کار لەوان دەکا...)

دوای ئەو لەعنەتە بەسێ ساڵ کە (حەمە)ی برام لە ماتماتیک دەرنەچوو... هاوارت کرد (سمە... ئەوەش هەر لەعنەتی هەنجیرەکەیە...!)

ئیتر دایکە... ڕۆژانی تەمەنمان... شەوانمان پڕ بوون لە لەعنەت، عومرێکی لەعنەتیمان بەسەر برد، بە چاو لێی پاڕایتەوە کە ئەو دار هەنجیرەمان نەبڕێتەوە... خالە سوورەکەی نێو چاوی چەپت تادەهات ڕەشتر هەڵدەگەڕا، دەکشاو دەکشا تا سێینەتی داگیر کرد... خەمی هەنجیرەکەی تۆ کەم نەبوو... ئیتر لەو ڕۆژەوە هەر جارەی چاوت دەبڕی یە ئەو تۆزە قەدەی کە لە زەوی یەکەوە هەڵتۆقیبوو... چاوی چەپت دەبوو بەدڵۆگێک لە قەتران...

هەمووومان... من و فەرهاد و حەمە و شلێر و شیرین و پاکیز لەگەڵ تۆدا بووین بەپەرژینی... شوورەی دار هەنجیرەکەو بەچوار دەوری دا بازنەیەکمان بەست، گەرچی ئەم هەر گەڵای گریانی دەباراند، زانیبووی تەورێک بێ و بەدەست عزرائیلەوە؛ بێ شک مەرگەساتە... دیارە دەبێ ئەوە دوا ساتەکانی شنانەوە بێ... تۆش دەتزانی دایکە... تۆ خیانەتت لە ئێمە کرد... ئێمەخەمی تۆمان بوو... ئیتر لەژێر سێبەری چ درەختێک دابنیشیت و خەم بخۆیت و بگریت، گریانێک کە ئێمە وامان دەزانی هەموو دایکێک، دایکانی گەڕەکەکەمان... گەڕەکەکانی دیکە... دایکانی گوندو شارە دوورەکان... ئەو گوند و

شارانەی حەزمان دەکرد زوو گەورە ببین سەفەریان بۆ بکەین... دایکانی هەموو دونیا... دیارە کە هەموو ڕۆژێک دەبێ چینێک بگرین، پەرژینێکی حیزەڵەی چەند کوڕو کچێکی ترسنۆک لێو لەرزەی خۆت بووین، کە ئەو... عیزرائیل هاتەپێشێ و تەورەکەی بەهەوادا بادا ئێمە هەر هەموو دەرپێمان تەڕ کردو پەنجە چڵکن و ئارەقاوی و باریکەکانمان لێکدی ترازان... ئێمەی جیقن و کورتە بنە سەیری عزرائیلێکی درێژمان دەکرد... دەسکی تەورەکەشی درێژ... درێژ بەقەد باڵای خۆی، نەک هەر دار هەنجیرێک و دوو... سێ و... دە بەڵکو سەر پاکی سەدەها درەختی دارستانێکی دەبڕی یەوە ئەو بەلەرزینی ئێمەو دار هەنجیرەکە پێکەنی، زیاتر هاتە پێشێ و قۆڵ و باسکی لێ هەڵکرد، کە یەکەم دەمە تەوری پێدا کێشا دار هەنجیرەکە قرچە لە دڵی یەوە هەستا... گریا... ئەمجارەیان سەدەها گەڵاڕژانە سەر ئەرزی حەوشە چکۆلەکەمان، بەدەم شنەی باوە گەڵاکان ورشە ورشیان بوو شینیان دەگێڕا، وەلێ ئەفسووس... کەی عزرائیل سکی بەنێچیری خۆی سووتاوە...؟

لەوە نەدەچوو تەورەکە تا سەر سەری بفڕێ و بەسەر قەدی هەنجیرەکەدا دابەزێ... نەخێر... لە ئاسمانێکی دوورەوە... دوورتر لە تەوقە سەری عزرائیلەوە هەر وژە وژی هەراسانی کردین، دەستەلەرزیوەکانت خستە سەر دەستە تووکنەکانی... ئەو دەستانەی ئێمە لە دەمارە شین و ڕەپ و تووڕەکانی دەترساین... کرۆزایتەوە... دەستە بەسۆزەکانی تۆی تووڕ هەڵدا... لێی پاڕایتەوە:

(مەیبڕەوە... مووبارەکە... لەوەتەی چاندوومانە خێرمان بەسەردا دەبارێ!)

دەمە تەورێکی دیکەوقریشکەیەکی دیکەو تەلاشێکی دیکەو بڕینێکی دیکە... خوێنێکی سپی شیرباو...

دایکی خەتابار... منداڵەکانت... کوڕو کچانی تۆ لێت نابوورن... تۆچۆن... چۆن دڵت بەروەستی دا لە گەڵیا ڕاکشێیت، تۆ فێڵت لێ کردین... ئێمە ئەوسا منداڵ بووین... تۆ دەستخەڕۆت کردین، تۆو ئەو عزرائیلەی لەڕەگەوەڕا هەنجیرەکەی بڕی یەوە، گاڵتەتان بەعەقڵە ساواکانی ئێمە کرد... نا... دایکە غەمگین و بێ وەفا کەمان لێت نابوورین، گەردنت ئازاد ناکەین، تاکە درەختێکی خۆشنوودی سەردەمی منداڵی ئێمەی ڕماندو تۆ مانت نەگرت، ئەو شەوەی هەنجیرەکەی داتەپاند... دایکی دووەممان... تۆ هەمیشە دەتوت (ئەم هەنجیرە پیرۆزە خوشکی منەو دایکی ئێوەشە)لەژێر سێبەری دا دەخەوتین و یاریمان دەکردو جۆلانەمان هەڵدەبەست، بەیانیانیش یەکەو هەنجیرێکی پێ دەبەخشین.



وا دەبوو سێ چوار هەنجیرمان لێ زیاد بێ و خێری سەری ئێمە دەتبەخشین بەمنداڵە برسی و چڵێسەکانی گەڕەک، ئای کە بێ مروەت بووی... هەر ئەو شەوە لە گەڵیا نووستی، چوویتەوە پاڵی... ئەم خزایە ژێر لێفەکەت و تۆ دەرت نەکرد، ئەو هەنجیرەکەی نەبڕی یەوە... سەرچاوەی عومری ئێمە... کانیلەی خۆشی ئێمەی کوێر کردەوە... تۆزەکەیت دەکولاندو ئاوەکەیت دەخواردەوە... دەتووت (ڕۆحی وەکاشەیە... بەقوربانی بم!)دەتووت (لەوەتەی ئاوی گەڵا کولاوەکانی دەخۆمەوە لەشم دەڵێی شەمێ و ڕۆنە... بەتۆزی سەر گۆڕەکەی بم...!)

بۆ سەرو سک و پشت ئێشەش هەر ئاوی گەڵاکان دەرمانت بوو، هەندێ بەیانیان کە

زوو هەڵدەستام ئەومەلە ڕەنگینەی ناوی نازانم دەهات و دەنووکی دەئاخنییە نێو هەنجیرێکی گەییووگەنیوتا مەست دەبوو... ئەو مەلە ڕەنگین و چکۆلەیە وا دەیچریکاند سەرمەستی دەکردم، دوای ئەوەی شەیتانیی بووم و حەزی (نازێ)ی دراوسێمان سەر شێتی کردم، حەزم دەکرد گوێ لەو مەلە بەهەشتی یە بگرم و نامەی جوان بۆ (نازێ)بنووسم، هەر لەژێر هەنجیرەکەی تۆدا هەردووباسکم لە قەدی دەئالاندو هەڵمدەبڕی تا هەنجیرێک لێ بکاتەوە... دەم و لووتم لەو چاڵە گیر دەبوو کە ناوێرم ناوی بێنم دایکە... ئەو عزرائیلە هەنجیرەکەی نەبڕی یەوە... ئەم تەوری نایە ڕۆحی وەکاشە، لە بۆنی سینەو بەرۆکی نازێی کردم، فەرهاد بۆ هێلانەکەی دەگریا... هێلانەی کوکوختی یەکانی نێو باوەشی دار هەنجیرەکە دەگریا، ئیتر بۆی ناکرێ لە هێلکەکان ورد بێتەوە... بێچووە مل ڕووتەکان... لا دەنووک و دەم زەرد... ئیتر پۆل پۆلی چۆلەکە دانابارن و ئەویش لەژێر هەیوانەکە بەخۆو بەدار لاستیکەوە خۆی مەلاس بدا، ئیتر لە گۆشتی تورت و برژاوی سینەی چۆلەکەکان بێ بەش دەبێ، شیرین و پاکیز بۆ هەڵبەستنی جۆلانەکە دەگریان، منیش... منیش... زۆر جاران (نازێ)خۆی منداڵ دەکردەوە... سواری جۆلانەکە دەبوو دەیوت (دەوەرە پالێکم پێوە بنێ...!)

وەی دایکە گیان... بەر نەفرەت کەون باوکەکان... (با) لە کراسەکەی دەدا... جەستەی غەرقی سێبەر و هەتاوی ژێر هەنجیرەکە دەبوو، منیش بەپێی سێبەر و هەتاوی سەر سیماو هەردوو ڕانی تاوێ سەرما و تاوێ گەرمام دەبوو... دایکە فریام کەوە... فریای هەنجیرە پیرۆزەکەت... دەرمانی هەموو دەردەکانت، سێبەری خەمەکانت... فریای هێلانەو هێلکەی کوکوختییەکان... جۆلانە و نازێ و هەنجیری بەتام و مەلی سەرمەستی وادەی سەحەر.

ویستت خۆت بدەیتە بەر تەورەکە، کەللەسەرت ببێ بەدوو لەتەوە، ئێمەش نەمانهێشت... هەنجیرەکەی کوشت... لەلای ئاسانە تۆش بکوژێ، دایکێکمان ڕۆیشت... با ئەوەی دیکەشمان لە کیس نەچێ، چوویتەوە بەر تەورە دەم هارەکە کەدەبریسکایەوە... بریسکەیەک کوشندە... چاوانی پێ کز دەکردین... پاڕایتەوە... گریایت، عیزرائیلەکە وتی (مێرەم ئەو هەنجیرە هیچەی تۆ ناهێڵێ مێوەکەی من بەر بگرێ... هەنجیرەکەت هێز لە مێوەکەی من دەستێنێ)

بە قەهرەوە وتت (سمە... بنە مێوەکەت خۆی زڕە!)

(کێ دەڵێ زڕە... ڕەشمیرییە... قەڵەمەکەیم لە شەقلاوە-وە هێناوە)

(کوڕە لە بەر خاتری منداڵەکانت... ئاخر دڵیان بەو هەنجیرە خۆشە... توو خوا مەیبڕەوە)

(بۆ بنە مێوەکەی من چییەتی؟)

(هیچی نییە پیاوەکە... بەڵانەکینێ با بەر لەعنەتی پیاو چاکان نەکەوین.)

(قسەی قۆڕ... بنە مێوەکەی خۆم بەقوربانی هەنجیری تۆو منداڵەکانت ناکەم)

(هەر دەیبڕیتەوە؟)

(تەواو بڕیومەتەوە... پیاو قسان دەکا)

(هەنجیر موبارەکە... لە قورعانێ ناوی هاتووە... ئەتۆ بۆ وا دەکەی؟)

(لە هەر چوار کتێبەکەی خودا ناوی هاتبێ دەیبڕمەوە)

(ئاخر خوا هەڵی......)

نەیهێشت قسەکەت تەواو کەی پاڵێکی پێوە نایت و ناڵەی لە دار هەنجیرەکە هەستاند، ئەو دەمە تەوری نەدەگرتە قەدی درەختە خۆشەویستەکەمان... دەیگرتە باڵای ئێمە، وەلێ خوا تۆ بگرێ... ئێمە تا هەنووکەش مانمان گرتووە، کەچی تۆ هەر ئەو شەوە بەزیت و نوچت دا، بەدوو قسەی لووس کە تەنیا شەوان لێت دەبیست دەستخە ڕۆی کردی، ئەو جارەی کە نەخۆش کەوتیت وتت (منداڵە شیرینەکانم... دەمرم... گەردنم ئازاد کەن!)

قسەمان نەکرد، تۆ نەتزانی بۆ بێ دەنگین... نەتدەزانی... لە گوناهی ئەو شەوە ناشرینە چۆن دڵمان گەرد نەگرێ... دڵمان نەیهێنا گەردنت ئازاد بکەین... گریاین... لەگەڵ هەر دەمەتەورێک تەلاشێک دەردەپەڕی، دەپەڕی و دەکەوتە باوەشی ئێمە... تەلاشێک بۆ من، تەلاشێک بۆ حەمە، بۆ فەرهاد... شلێر... شیرین... پاکیز... بۆ تۆش دایکە... تەلاشەکان



دەپاڕانەوە فریای عومری جوانی دار هەنجیرەکە بکەوین، نەمانتوانی... نەمانتوانی... هەر هەمان شەو... شەوی بڕینەوەی هەنجیرەکە من باڵق بووم... بەقەولی تۆ شەیتانیی بووم... بەڵام شەیتانی چی دایکە؟ (نازێ) هاتە خەونم... نازە بەخۆو بەهەمان بۆنی خۆشی سینەو بەرۆکی ساوای، جەستەی وردیلەی، نەمهێشت ئەو نهێنییە بزانێت... نهێنی باڵق بوونی کوڕەکەت... بەوە تۆڵەم لێ کردیتەوە، ئاخر تۆ هەر هەمان شەو چوویتەوە پاڵ عزرائیل، کە ڕۆژ بۆوە نەمزانی ئاخۆ سوپاسی شەیتان یان بەنەفرەتی کەم کە لە نهێنی ئەو عزرائیلەی تۆی حاڵی کردم... شەرمە دایکە وەی لە درۆ ناشرینەکانی تۆ، ئێمە خەجاڵەتین کە کوڕو کچی تۆین، شەرمەزاری ڕۆحی هەنجیرەکەی تۆین، بێ وەفا بوویت دەرهەق بەئێمەو بەهەنجیرەکەشت، دوای ئەو شەوە شەیتان، گەلێ شەوی دیکەش خۆی دەخستە ناو کراسەکەی(نازێ) و تا بەیانی وەک نانی تیری سەر ساج هەڵگێڕو وەرگێڕی پێ دەکردم... نەمهێشت دڵت خۆش بێ... لەو چەهچەهەیە بێ بەشم کردیت... چەهچەهەی بەپیاو بوونی کوڕەکەت... نوقڵ و خورما بەخشینەوە، هەموو شەوێک دەرپێ پیس و زەردەکانی خۆمم لێت دەشاردەوە... سمێڵم گووگرەو... دەنگم گڕ... کەچی هەر نەمهێشت... دوای ئەوە بەدووساڵ کەزانیت... پەڵەزۆرو زەردەکانی سەر دۆشەگەکە دەلیلت بوون... وتت -(بڕوا ناکەم... کوڕەکەم هێشتا منداڵە.)

شەوی دواتر کە چوویتەوە پاڵ ئەو عیزرائیلە گوێم لێتان بوو... دوای هانکە هانکی شوورەیی نیوە شەوتان:

(سمە... کوڕەکەت زوو شەیتانی بوو)

ئەم خۆی لەقسەکەت گێل کرد.

وتت (ئەو کوڕە نەدەبوو وا زوو شەیتانی بێ... ئەوەشیان هەر لەعنەتی هەنجیرەکەیە... غەزەبی وەکاشەیە.)

وەڵامی نەدایەوە، هەناسەی قووڵ، چاوم لەگڕی جگەرەکە بوو... گوێم لەخیزەی ناخۆشی سینەی... دەنگت شەرمی لێ دەتکا... وتت (ئیتر چیتر لە تەکتا نانووم... تەواو ئیدی شوورەییە... منداڵەکانتان گەورە بوون... عەیبە هەموو لە یەک ژووردا بنووین...)

وەڵامی نەدایەوە... بەقەهرەوە مژی لە جگەرەکە داو پتر داگیرسا و گەشتر بۆوە.

وتت (باژوورێکی هاکەزایی لەم تەنیشتەوە بکەین...)

دوای چی دایکە... دوای چی؟ من لەوساوە زانیم ئەو عزرائیلەی تۆ باست دەکردو

دەخزایە ژێر پێخەفەکەت باوکی ئێمە بوو... ئەو باوکەی دڵڕەقانە تەوری نایە گەردنی درەختەکەمان... هەر ئەو شەوە... تۆ دیسانەوە دەستت لەگەڵ ئەو عیزرائیلە تێکەڵ کردەوە چ داخێکت خستە دڵمەوە، ئەو شەوە هەر هەمووممان خەومان لێ زڕا بوو... کێ لە خەمی هەنجیر و هێلانە و کوکوختی و جۆلانە و نازێ و ئاوی موبارەکی گەڵاکان خەوی لێ دەکەوت... کێ؟ هەمووجارێک پێت دەوتین:

(ڕۆڵەکانم... کچ و کوڕە شیرینەکانم شەوانە کە چراکەم کوژاندەوە لێفەکە بەسەر چاوتان دادەن، شەوانە فریشتەکانی ئاسمان دێنە خوارێ، سەر بەهەموو ماڵێکدا دادەگرن... عزرائیل... ئیسرافیل... میکائیل، ڕەزوان، شەیتان... بێچووەکانی شەیتان... جنۆکە و چاو زەردو سوورەکان... شەوانە کە ئێمە دەخەوین ئەوان لەمە چێترن و وە ئاگان... دەگەڕێن... بێ شەرم و ترس ماڵەو ماڵ دەکەن)

ئەو جارەی کە لێم پرسیت (دایکە هەندێ شەو گوێم لە هەناسە بڕکێ و چرپە و کۆکەو مشە مشە... گوێم لە زۆر شتە)

(ڕۆڵە نەکەی لەژێر لێفەکەوە سەر دەربێنی... ئەوەیان عزرائیلە... هیلاکی ڕۆح کێشانی خەڵکە و هەندێ شەو لێرەوە تێدەپەڕێ... هیچ دیوار و سەربان و بەربەستێک بۆ ئەوان نییە.)

(دایکە... ئەی تارمایی ئەو زەلامەی هەندێ شەو لە ژوورەکەمان دا هات و چۆ دەکا... ئاو دەخواتەوە... دەخزچێتە ژێر لێفەکەی تۆ؟)

(خۆبەتی... ئەویش عزرائیلەکەیە... ماندووە و دەیەوێ سەرخەوێک بشکێنێ)

ئای دایکە فێڵبازەکەمان... بۆ بەیانی نا... هەر ئەو شەوە من زانیم ئەو عزرائیلەی لە شەوی بڕینەوەی هەنجیرە خۆشەویستەکەمان لەتەکتا خەوت باوکمان بوو. زباوکی دەمارگیرو بێ مروەتمان... ئەو باوکەی لە ڕقی ئێمە هەنجیرەکەی کوشت... خوێنی زەردی بەحەوشەکەدا ڕشت... نابووایە بچیتە پاڵی... من پێم زانی: خیانەتی تۆ... هەموومان پێمان زانی... کێ بەو خەمەوە خەوی لێ دەکەوت؟ درەنگانێ گەڕایەوە، دەرگای ژوورەکەی کردەوە، تریفەی مانگ ڕژایە ژوورەکە... تەورە خۆشەویستەکەی لە بەر هەیوانەکەوە هێنایە ژوورێ، تەوری ژێر تریفەی زیوین دەبریسکایەوە، دەرگاکەی داخستەوە، تریفەی سارد کەوتەوە ئەو دیو هەیوانەکە، لە سەر خۆ... بێ خشپە... دزانە تەورەکەی بەپشتی دەرگاکە هەڵپەسارد، ئێمە ترساین... وامان زانی وەک قەدی هەنجیرەکە ملمان... ملی باریکمان



دەبڕێتەوە... پتر چووینە بن باڵی یەکدی... خۆمان ئاخنییە ژێر لێفەکە، لێفە شڕ و کون تێ بووەکە... تۆ بەقەهرێکەوە، وەک یەکێ بخنکێ و بیەوێ بدوێ وتت (بۆچی هەر لە مەیخانەکە نەخەوتی؟)

ئەم کە کارەساتێکی بەرپا دەکرد، کە لە تۆی دەدا لە یەکێ لە ئێمە، کەدەستی یەکێکمانی دەشکاند... یان کە دار هەنجیرێکی موبارەکی دەبڕییەوە لە بری خوێن شەهوەت لە دەمارەکانیدا کەفی دەکرد، من زانیم ئەو تارماییەی سەدەها شەو لەمەو بەر کە ژوورەکەمانی داگیر دەکرد... دەیتۆقاندین: هی ئەو عیزرائیلە بوو... بەڵام نابێ ئەوە عیزرائیلەکە بێ... بەم نیوە شەوە عیزرائیل لە چایخانەو مەیخانان چ دەکا؟

بێ خشپە شەڕوالەکەی فڕێ دا، کورتەک، کڵاو و جامانە... هیچم نەدەدی... تەنیا بەو خشەخشە دەمزانی چی دادەکەنێ، لەوە دەچوو عزرائیل خۆی ڕووت بکاتەوە، چوو لە پشت دەرگاکەوە ڕوو نیشت و میزێکی کرد، بەم نیوە شەوە کپ و خامۆشە شوڕەی میزەکەی لە هاژە هاژی چەمێکی ساوا دەچوو، هەموو بەیانییەک ماکی ئەستووری ئەو میزەمان لە سەر گڵی ژێر هەیوانەکەدا دەبینی، دیارە کە عزرائیل میزیش دەکا، بەم نیوە شەوە بێ ئاگا لە خۆی (با)یەکی بەردا، ژوورەکە دەنگی دایەوە، لەژێر لێفەکەوە هەر هەموومان ڕاچەنین، من لە شەرمانا جۆگەلەی پشتم ئارەقەی کرد... سووک ڕووەو پێخەفەکەی تۆ هەنگاوی دزانەی نا، بەچاوی چەپم لە کونی لێفەکەوە بەدیم کردن... دایکی بێ وەفاو خیانەتکار... دایکی ڕۆڵە بێ غیرەتەکانی خۆت... نەڵێی وا نییە... چۆن دڵت هات؟ خوا بتگرێ... وازی نەهێنا... خۆی خزاندە ژێر کەلەکەت... سێ جاران لە ژێرەوە مڕاندی:

(پشتم تێ مەکە مێرەم)

تۆش غەمگینانە وتت (بۆ ئەو هەنجیرەت بڕییەوە؟)

(پشتم تێ مەکەو سبەی جومعەیە)

خنکاوانە دەگریای، وەی لە گریانی حازری تۆ... بەدەم هەنسکەوە وتت (تۆ ئاگات لێ بوو... ئێوارەش نانیان نەخوارد... دایکیان کوێر بێ...!)

(تووڕەم کەی دار هەنجیری هەموو گەڕەکەکەش دەبڕمەوە... ئیتر ژنی چاک بەو پشتم تێ مەکە...)

(گەر وەکاشە غەزەبی لێ نەگرتین چ دەڵێی بڵێ...)

(سبەی جومعەیە مێرەم... خوا غەزەب لە تۆ دەگرێ!)

(منداڵەکان چەندە دڵیان بەو هەنجیرە خۆش بوو...)

(سبەی جومعەیە... گوناهی ئەوەی تۆ پشتم تێ دەکەی گەلێ لە گوناهی بڕینەوەی هەنجیرەکە گەورەترە...)

(ئەو هەنجیرە موبارەکەت بەقوربانی ئەو مێوە زڕە کرد...)

(سبەی جومعەیە... ژنی چاک بە)

وای لە بێ دەستەڵاتی تۆ دایکە، بەدوو قسەی لووس فریوی دای، خامۆشی بێزەوەر و خشپەی خیانەت، شەوی شکانی شووشەی شوورەیی، شنە بایەکی بەد نیهادیش لە حەوشەکەدا گەمەی بەگەڵا مردووەکانی هەنجیرەکە دەکرد و... ڕایدەماڵی، لەژێر هەیوانەکەو لە بەر دەم دەرگاکەدا کۆمەکی دەکردن، خشەی گەڵاکانی کزەی لە جەرگمەوە هەستاند، گەڵا مێوەکانی ئەویش... گەڵا لەعنەتییەکانی بەدەم باوە دەشنانەوە دوای قەیرێ لە گریان و هەنسک هەڵدان کەوتیتە سەر هەناسە بڕکێ... من نا... دایکە... من نا... تریفەی پاکی مانگ ئابڕووی بردن، لە کڵاو ڕۆژنەی سەر دەرگاکەوە دادەڕژایە ژوورەوە، تەکان و لنگە فرتێی عزرائیل لێفەکەی لە سەرتان وەلادا، تۆ چۆلەکەی نێو چنگی هەڵۆ بوویت... وەی دایکە گیان چی ببینم؟ چیم دی؟ چی دەبینم؟ خیانەت... خیانەت... خیانەت... وەی لەو هەناسە بڕکێ هیچەی عزرائیل... وەی لە ددانە زەردەکانی کە جگەرە ژەهراوی کردبوون، خیانەتی ئەو شەوەت برینێکە لە دڵما، لە ڕۆحما، تۆ دەگریایت و ئەم تلی پێ دەدای... تۆ هەنسکت دەداو ئەم دەیگەوزاندی... لەوە ترسام لە حەژمەتانا چاوی چەپم لە کونی لێفەکەوە دەرپەڕێ... ترسام لەژێر قورسایی عزرائیلی ناقۆڵادا بخنکێی... نا... نابێ ئەوە دایکی ئێمە بێ... دایکی ئێمەو پشتمان تێ بکات؟ نا... ئێمە بووین... منداڵە ترسنۆکەکانی ئەو شەوە چەندە غەریب و بێ کەس بووین، گریان بەری چاوی گرتم، بوون بەدوو تارمایی... هەنسکم دەدا... ئەوانیش دەگریان... تا دەنگمان دەرنەیەت قورگی خۆمان توند گرتبوو، من و حەمە و فەرهاد و شلێر و شیرین و پاکیز دەستمان نایە قورگی یەکدی تا دەنگمان بتاسێ، ئەوەندەی نەمابوو لە قەهر و خەفەتی خیانەتی تۆ یەکدیش بخنکێنین... وەک هەنجیرەکەت بمرین، ئەم نیوە ڕووت وەک مارێکی زەبەلاح سەری بەرز کردەوە، بەگشتدا خۆی چەماندەوە، بەدەم هەناسە بڕکێ وە... هانکە هانک وتی (مێرەم گوێم لە گریانی یەکێکیانە...!)

تۆش وتت (هیچ نییە... ڕەنگە خەون بەهەنجیرەکەوە ببینن...!)



ئای لەو شەوە درێژەی نەبڕایەوە... ئیدی لەو شەوەوە... لەو ڕۆژەوە کوڕ و کچانی تۆ ناوێرن سەیری یەکدی بکەن.

تەریق دەبینەوە... خەجاڵەتین... شەرمێکی کوشندە دامانەدەگرێ... دایکە پاک و پیرۆزەکەی ئێمە و دەست لەگەڵ عزرائیل تێکەڵ بکا؟ هەر لەو شەوەوە... شەوێک سوپاسی شەیتان دەکەم و شەوێک بەلەعنەتی دەکەم کە عزرائیلی پێ ناساندم، عزرائیلێک کە شەوەهای شەو هەناسەی گیسی تێکەڵ بەهەناسەی پاکی دایکمان دەکرد... ئێمەش بەدزییەوە... لە ژێرەوە بەلەعنەتمان دەکرد... لەعنەتی ئەو ئێوارەیەی دەرەنگ وەخت هەنجیرەکەمانی کوشت...

لەعنەتی ئەو شەوەی... وەی لە گوناهی گەورەی ئەو شەوە... شەوی دایکە سپڵەکان... شەوی دایکە میهرەبان و جوانەکان... دڵ پڕ لە کەسەر... خۆ فرۆشەکان... زۆر غەمگینەکان... غەمگینەکان... غەمگینەکان....

# ماچێکی سوێر

(من تۆم... تۆش منیت...
وەلێ تۆ هەر خۆتیت
منیش خۆمم
من حەز دەکەم خۆم ماچ بکەم
تۆش حەز دەکەی خۆت ماچ کەی
وەلێ... نەبۆت دەکرێ... نەبۆم دەکرێ
ئێ کەواتە لە جیاتی خۆم ماچم کە
لە بری خۆت ماچت دەکەم)

"پارچە شیعرێکی فەڕەنسییەو دەستکاریم کردووە"

چیرۆکەکە:

هێـرۆ دەیزانی من دەم لە فەلسـەفە دەدەم هەمـوو فەلسـەفەو ڕێچکە جۆر بەجۆرەکـانی، بەڵام قەت لەو بڕوایەدا نەبوو کە فەلسەفە بکەم بەپردێک و لە سەر ئەو پردە ماچی بکەم، ئەو حـەزی لە من دەکـرد... منیش شـەیدای ببـووم، یان بڵـێم هەردوو یەکـدیمان خـۆش دەویست... وەلێ هەرچییەکم دەکرد ئەو مردوو مراوە ملی نەدەدا... پێم دەوت (دەتۆ سەیری کە... من و تۆ تا کوێ دەڕۆین، لە خواوە تا خۆڵ قسەی لێ دەکەین، بوون و نەبوون، مەرگ و زیندەگـانی، تێـری برسیـەتی، ڕق و خـۆشـەویستـی... هەمـوو شـتـە پەنـهـانەکـانی ئەم گەردوونە، ناخ و مۆخی مرۆف... کەچی لەم مەسەلەیەدا وەک هەر کچێکی دونیا نەدیتەی دەشتی قەراج و کەندێناوە بیر دەکەیتەوە...!)

بە مەکرەوە وتی (کام مەسەلە؟)

زۆڵانەو عاشقانە وتم (مەسەلەی تەواو تێکەڵبوونی خۆم و خۆت...!)

بە شەرمـەوە وتی (ڕاستـە... بەڵام من وام پێ خۆشە... حەز دەکـەم کە هەمیـشـە تینووم بێت... پێم جـوانە دەسـتـت ناگـاتە من و لە دورەوە بەحـەسـرەتەوە سـەیرم دەکـەیت و تامەزرۆی)



(ئەی حەزی من؟)

(چی تێدایە؟ با زیاتر گڕ بگرێ... چونکێ تۆ لەو کەسانەی چەندە بۆم بسووتێی ئەوەندە پتر لە فەلسەفە و شتە غەریبەکانی ئەم دونیایە دەدوێی.)

(بۆ لە تۆ وایە گەر دەست لە ملت بکەم ئەو گڕە دەکوژێتەوە)

(نەء... من خۆم نامەوێ ئەو گڕە وا لە ڕۆحمایە بکوژێتەوە.)

(دە من بەپێـچەوانەی تۆوە... وای بۆ دەچم کـە ئەوینمـان جـوانتـر دەسـازێ گـەر تـێکەڵ ببین...)

(بەڵام تۆ هەمیـشـە بڕوات وایە: کە بەهیچ فـەرمان و بڕیارێک دوو خۆشەویست تێکەڵ بەیەکدی نابن...)

(تێت ناگەم...)

(با تێم دەگەی... من و تۆ کەی گەیشـتینە ئەو ساتەی کە پێویست بێ تێکەڵ بین باسی لێوە ناکەین... وەختێ بەخۆمان دەزانین تێکەڵ بووین و... وە سەلام...)

(نەء... درۆ دەکـەی تۆ لە ناخـەوە دەترسـیت... وەک هەر مـێـینەیەک دەتەوێ نەیەیتـە پێشەوە... جا بۆیە حەز دەکەی فەلسەفە بەترسەکەتەوە بکەی...)

(تۆ دەتەوێ بگەیتە چی؟)

غەمگینانە وتم (نامەوێ بگەمە هیچ، بەڵام لە لام ئەستەمە مانگی جارێک ژوانێک کـۆمـان دەکـاتەوە... کـەچی بۆ تەنیـا مـاچێک دەبێ باسی چاخە بەردینەکـان و دۆزینەوەی ئاسن و برۆنزت بۆ بکەم، زاڵ بوونی مـێـینە... دایک سـالاری و پاشـان تێکشکانی... مێژووی پڕ لە نوشوستی و سەرکەوتنی توخمی ئێوە... هەر لە ڕۆژانی نێو ئەشکەوتەوە تا بەئەمڕۆ دەگا... هەر تەنیا ئەوەیە ماچێکت بکەم...)

(بۆ لە تۆ وایە مـاچێک ئەوەندە کـەمـە... لە سـەر مـاچێک سـەدەها کـەس... میـللەتان شـمـشـێـریان لـێک هەڵکێـشـا و ئەو ڕۆژەی کـە من مـاچت دەدەمێ یانێ هەمـوو هەست و نەست و بوونی خۆم بەتۆوە پابەند کـرد...!) (سـەیری کـە چەند ناشـارەزا و کـەم نەفـسـانە دەدوێی... ناڵێی:مـاچت دەکـەم... بەڵکو دەڵێی: کـە مـاچت دەدەمێ بۆ... بۆچی هێـرۆ... چەندەها جار پێم وتووی... مەڵێ: ماچت دەدەمێ... بڵێ: ماچت دەکەم... چونکێ -دەدەم- لە لای من وشەیەکی نادروست و ناشرینە، ژێر دەستـەیی و مل کەچی توخمی مێینەم وە بیر دێنێتەوە، من و تۆ یان یەکدی ماچ دەکەین یا ئەوەتا ماچ دەدەین بەیەکدی...)

(تۆش درۆزنێکی گەورەی... ئەوە نییە داوا دەکەی... لێ گەڕێ... گەر بڕوات بەقسەی خۆتە لێم گەڕێ تا ڕۆژێک دێ و خۆم داوای ماچت لێ بکەم... بۆ دەبێ هەر تۆ داوا بکەی... بۆ...؟)

(نازانم بۆ...؟ بەڵام چ دەکەی... لەنێو دونیای مەل و زیندەوەرە زۆر چکۆلەکان و حەیوانە زەبەللاحەکانیش دا هەر نێرە ڕەدووی مێ دەکەوێ...!)

(بەڵام... تۆ نە مەلیت و نە مەیمون... تۆ مرۆڤیت و دەم لە فەلسەفە دەدەی...)

ئەم وەڵامەی سڕی کردم، قسەم نەکرد... بەدوای دەروازەی هەڵهاتنێکدا دەگەڕام... تاوێک سەرم بەسەر سینەمدا کەوت... ڕامام... غەمگین و نیگەران... ئەویش لە ژێرەوە مەکربازانە سەیری دەکردم و بزەی دەهاتێ...

پاشان بۆ دڵنەوایی وتی:

(بیر لە چی دەکەیتەوە؟ بۆ وا مات بووی... ها...؟)

(هێرۆ... هەندێ خۆزگە و حەزوو ئارەزوو هەن هەر چەندە بەسووک سەیری بکەیت هەر گەورەن... هیچ فەلسەفە و عەقڵ و حیکمەتێک نایانکوژێ...)

(وەکو چی؟)

(وەکو ئەوەی من ئێستاکێ شێتی ئەوەم تۆ ماچ بکەم و ناوێرم، هەردوو لێرە بەتەنیایین و کەچی زاتی ئەوە ناکەم... تۆ قەت دیوتە کۆترێک... چۆلەکە، پشیلە... زۆربەی مەل و ئاژەڵەکان لە فەلسەفە بدوێن و کەچی بدوێن یەکدی ماچ بکەن... کاتێک دەزانیت کۆترەکان دەنووکیان خستۆتە نێو دەنووکی یەکدی.)

(بەڵام جاری واش هەیە مێیەکە ڕازی نییەو دەفڕێ)

(نێرەکەش دوای دەکەوێ)

(ئا...)

(تۆ وات پێ خۆشە؟)

(دە وایە... یاسای سروشتە... من چی بکەم؟مۆڕە مەکە...)

(بەڵام نەخۆشییە)

(من دامنەهێناوە... لەوەیان دا سروشت گوناهبارە)

(زۆر عەیاریت... هەرچییەکی دەیلێیم دەمکوتم دەکەی)



(دیسانەوە گەڕاینەوە سەر بەزمەکەی جارانت... گەر ئەوەندە عەودالێت وەرە ماچم کەو با ڕزگارم بێ...)

(نا... نا... وا سوک سەیرم مەکە، تۆ کەوا دەڵێی وەک ئەو وایە من بەزۆردارەکی شتێکت لێ بستێنم کە هی خۆم نەبێ... منیش ئەوەیان بەدزین دادەنێم...)

(من لە تۆ تێناگەم... دەڵێم (نا) خەفەت دەخۆی... دەڵێم (هانێ)... دەڵێی من دز نیم...)

(باشە هێرۆ پرسیارێک؟)

(بڵێ... بپرسە گیانی هێرۆ...)

(مەسەلەکە لە کنە من هەرتەنیا ئەوە نییە ماچێکت بکەم و تەواو...)

(ئەی چییە؟)

(گەر لە دیدێکی فەلسەفییەوە لەو ماچەبڕوانین هەزار و یەک مانای هەیە)

(بەڵکو لای من نەیبێ... یان یەک مانای هەبێ و هەزارەکە زیاد و فشە بێ)

(ئەی بەڵکو هەیبێ و تۆ دەرکت پێ نەکردبێ... یان ئەوەتا خۆتی لێ گێل دەکەی)

(تێم بگەیەنە چۆن)

(زۆر چاکە... تۆ دەزانی من و تۆ... بگرە هەر هەموو عاشقەکان تەنیان... بێ ماچ و دەست لەملانێ تەنیان، هەر لەبەر ئەوەشە وەختێ کە خەڵکی لە تەنیایی ڕادەکەن دەچنە نێو باوەشی یەکدی...!)

(ئەی نابێ بۆ هەر شتێکی دیکە بێ... هەر شتێک کە عیشقی تیا نەبێ...؟)

(دەکرێ... بەڵام ئەوانەی بێ عیشق دەچنە نێو باوەشی یەکدی تا ئەبەد هەر تەنیان... ئەوەش مەینەتی و دڵساری زۆر لە پیاوان و ژنانە...)

(بەڵام قەناعەت هەیە و دەیگوزەرێنن)

(گوزەرانێکی درۆ)

(ئەی خۆت)

(منیش بەدرۆ دەژیم... بەس گوناهی خۆمی تێدا نییە)

(ئەی گوناهی کێیە)

(تۆ...)

(چونکە تەنیایی من هی ئەوەیە کە تۆ لێم دووریت... یان بڵێم دوور دەکەویتەوە گەرچی نزیکیت.!)

(حەرام گەر تێت بگەم)

(با... زۆر باش تێم دەگەی... دەتەوێ بیسەلمێنم چۆن تەنیام و گوناهەکەشی هی تۆیە؟)

(ئا... گوێم لێتە... قسەبکە... بۆ داماوی... بزانم... قسەبکە...)

(هێرۆ گیان... نە من... نە تۆ... نە هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێ بێ ئاوێنە خۆی ببینێ، من لە منداڵێیەوە حەزم کردووە خۆ ببینم... بەڵام بێ ئاوێنە... ئەوەش مەحاڵە... دیارە هەموو ئاوێنەیەکیش درۆزنە... لە خۆت ڕامێنە... لە ناو هەر ئاوێنەیەکدا لای ڕاستەت دەبێ بەچەپ چەپیشت بەڕاست...!)

(سەیرە... من تا ئێشتا بیرم لەوە نەکردبۆوە، بەڵام حەزم کردووە بەچاوی خۆم و لە ئاوێنەدا خۆم ببینم...)

(جگە لەوەش... تۆ سەیری خۆت بکە... من... تۆ... یەکی دوو دەستمان هەن، دەتوانین دەست لە هەمووشتێک بدەین، هەرچی لەم دونیایەدا هەیە دەتوانم بەم دوو دەستانە بیگرم، بزانم گەرمە، ساردە، نەرمە، ڕەقە، لووسە، زبرە... هەروەها تۆش... بەڵام هەردوو دەستەکانی من و تۆ ناتوانن دەستیان بەر خۆیان بکەوێ...)

(بەستەزمانی... بێهوودەیە... دەستی ڕاستەم هەر تەنیایە مادامەکێ ناتوانێ دەستی بەر خۆی بکەوێ... چەپیش هەر تەنیا چونکە خۆی بۆ ناگیرێ...!)

(قەوانێکی تازەیە... چیتر...؟)

(چاوەکانت... چاوەکانی من دەتوانن هەموو شتێک ببینن... بەڵام هیچ چاوێک ناتوانێ خۆی ببینێ... ئیستا چاوانی من چاوە جوانەکانی تۆ دەبینن... کەچی ناتوانن خۆیان ببینن)

(راستە... بەڵام ئەوە نییە من سەیری چاوانت ئەکەم و گڕی عیشقێکی تیا بەدی ئەکەم... تۆش سەیری چاوانی من دەکەی...)

(بەڵام من مەکری تیا بەدی دەکەم)

(بەس مەکرێکە گەر خۆت لە خودا نەکەی پڕە لە ئەڤین و خۆشەویستی)

(با بڵێین وایە)

(نەء... وایە و زیاتریش... قسەکەت تەواوکە...)



(چاکە... بەقسەی تۆ بێ... نابێ من هەست بەتەنیایی بکەم و خەفەت لەوە بخۆم کە من ناتوانم چاوەکانم چاوانی خۆم ببینم گەرچی هەموو دونیای پێ دەبینم... چونکە تۆ دەتوانی لەجیاتی خۆم سەیری چاوانی من بکەیت و منیش لە جیاتی خۆت سەیری چاوانت دەکەم...)

(ئا... بەتایبەتی کە تۆ بڕوات بەخۆشەویستی هەیە و دەڵێی من و تۆ یەک کەسین.)

(با وابێ... بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە:من بۆ خۆم دەژیم یان بۆ تۆ... من خاوەنی لەشی خۆمم... چاو و دەم و لێو و دەست و قاچ و گوێچکە و زمان... ئەوانە بۆ من دەژین یان من بۆ ئەوان... من بەم لەشەوە... بەهەموو ئەندامەکانی جەستەمەوە تۆم خۆش دەوێ... ئەی بێ ئەو لەشە... لە دەرەوەی ئەو لەشە من چیم؟ بۆچی تۆ لەجیاتی من سەیری چاوانی من دەکەیت؟ بۆ من لەجیاتی خۆت سەیری چاوانت بکەم؟ بۆ من خۆم چاوی خۆم نەبینم، بەدەستی خۆم دەست لە دەستی خۆم نەدەم؟ بەزبانم هەموو شتێک تام بکەم و کەچی زبانم نەتوانێ خۆی تام بکات؟ من بۆ خۆم دەژیم یان بۆ تۆ؟ لەبەر خودی خۆم... یان لە پێناو خۆم چونکێ بۆ تۆم... یان پەلەقاژەی ئەوەمە... لە ترسانا چونکێ ناگەمە خۆم دەمەوێ خۆ فریو دەم... فێڵێک بکەم و بگەمە کەسێکی دیکە تا بیسەلمێنم کە گەیشتوومەتە خۆم... ئەگینا فێڵ لە خۆم دەکەم... وا مەکە لە خۆم بکەومە گومان... (من هەم یان نیم...؟)گەر وابێ دیارە من خۆم خۆش دەوێ... زۆریش... کەچی ناتوانم بگەمە خۆم، نە دەستم دەگاتە دەستم، نە زبانم دەتوانێ خۆم تام بکات، نە لێوەکانم دەتوانن خۆ ماچ بکەن... نە چاوم... نە... نە... تۆش وەکو من... خۆت خۆش دەوێ... هێرۆ گیان... من تێ ناگەم تۆم لە خۆم دا خۆش دەوێ یان خۆم لە تۆدا خۆش دەوێ...؟من تۆم خۆش دوەێ چونکە پێوستیم پێتە... یان پێوستیم پێتە بۆیە خۆشتم دەوێ؟ سەیرە... تۆ قەت حەزت نەکردووە خۆت ماچ بکەی؟ من حەزم کردووە... ڕەنگە تۆش... بەڵام ئەفسووس... هەزار حەیف و مەخابن... نە من دەتوانم خۆ ماچ بکەم... نە تۆش دەتوانی... تۆ تێم ناگەی... تۆ ئازارم دەدەی... ڕۆژێک دێ و بەو قەهرەوە بمکوژی... ئەستەمە ناهێڵێت بگەم پێت تا بگەم بەخۆم... دیکارت ئەڵێ -(من تێ دەفکرم کەواتە هەم...)منیش دەڵێم -(من لە باوەشێت دەگرم... ماچت دەکەم... کەواتە هەم...!)دەمەوێ بڵێم... گوێ بگرە هێرۆ... تۆ منت خۆش دەوێ... هەروەها منیش تۆم... من بەقەدەر خۆت... تۆش بەقەد من... قسە مەکە... مەڵێ:من زیاتر... چونکە ئەوسا منیش دەڵێم: نەخێر... من زیاترم تۆ خۆش دەوێ... دەبێ بەشەڕمان و دەتۆرێین... دەتۆرێین لەسەر ئەوەی کامەمان ئەوەی دیکەمان خۆش دەوێ... قەهر و خەمی من ئەوەیە... ئەها...

سەیرم کە... زار دامەپچڕە... ئەبڵەق مەبە... پێم شەرم نییە... چاوانم... خەریکە پڕ ئەبن لە ئەسرین... تەنیا لەبەر دەمی تۆدا شەرم لە گریانی خۆم ناکەم... ئەستەمە... زۆر ئەستەمە... گوناهێکی گەورەیە کە نە من... نە تۆ ناتوانین خۆمان ڕاموسین... تێکەڵ بەخۆمان بین... گەر وا بڕوات من شێت دەبم... شێت دەبم چونکە ناتوانم بگەمە خود و زاتی خۆم، ئاخر گەلێ ئەستەمە نەتوانم دەست لە ملی خۆم بکەم و دڵنەوایی خۆم بدەمەوە... خۆم بلاوێنمەوە... ئەوە چییە هێرۆ... تۆش دەگری... واز بێنە... من وام نەوت... دە مەگری... من مەبەستم بوو بڵێم مادامەکێ تۆ بەقەد خۆم منت خۆش دەوێ... منیش لە خۆت پتر تۆم خۆش دەوێ... نە من بۆم دەکرێ خۆم ماچ بکەم... نە تۆش بۆت دەکرێ... دە کەواتە خوات هەبێ و... وەرە پێشێ... گەر بۆت دەکرێ لە جیاتی خۆت من ماچت دەکەم... تۆش کچ بەو مەردی خوا... لە جیاتی خۆم تێر ماچم کە... ئاخر ناخۆشە دەستم ناگاتە خۆم... چونکێ دەستم ناگاتە تۆ... تۆش گوناهیت... درۆزنیت... حەز دەکەی بگەیتە خۆت... کەچی غیرەت ناکەی... خۆت خۆش دەوێ بۆ من... خۆم خۆش دەوێ بۆ تۆ... ئەوەچییە... ئەوە تۆیت؟ تۆیت لە ئامێزما...؟هێشتا دەگریت...؟خۆت هەڵدایە نێو باوەشم؟شەرم مەکە... چاکت کرد... قەد وا ئازا نەبوویت... وەی لەو فرمێسکە سوێرانەی بەسەر لێوە گەرمەکانتەوە... مەگری... توو خوا... لە بری خۆم تێر بمگوشە... منیش لە بری خۆت تێر دەتگوشم... تۆ دەمێکە حەز دەکەی خۆت بگریتە باوەش... منیش سایلی تۆ... دەمێکە... ئۆ هۆو... سەردەمێکە... ئای چ عومرێکی پڕ لە غوربەت و تەنیایی بوو... چ وەحشەتێک... دە مەگری... دە مەگری... با منیش زیاتر نەگریم... ئاخر تامی فرمێسکەکانت لێ ناگەرێ بزانم تامی لێوەکانت چۆنن... لێوەکانم... لێوەکانت... کوا لێوەکانی خۆم...؟ کوا زبانم... کوا لێوەکانی تۆ؟ دە بەس بگری... من وام... نەوت... ئاخر... هێرۆ وا نابێ... دەمم پڕ بوو لە فرمێسکەکانت... من وام نەوت... من وام... من... م... م... م... م



## تووتی - ستان

چ ڕۆژێک بوو... ئەو ڕۆژەی تووتیەکەی ماڵی سەرۆک لە شەقەقەی باڵی داو فڕی... چ مەلێکی لەعنەتی ئەو هەموو ناز و نیعمەتە جێ دێڵێ...؟ لە وڵاتدا بوو بەقاو... سەرەتا پایتەخت و... دوایش شارەکانی دی... لە هەموو کوچە و کۆڵانێکدا تەپلە سوور و تەگلە ڕەش... پیاوانی سەرۆک بڵاوبوونەوە، بەڕادیۆ و تەلەفزیۆن پەخش کرا، لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکان و بەمانشێت، هەر دیوارە و پۆستەرێک: هەر دڵسۆزێک تووتی سەرۆکی دەستگیر بێ و بیهێنێتەوە کۆشک ؛ حاتەمیانە خەڵات دەکرێ، مناڵانی شار بەسەر دارتەل و درەختەکانا هەڵدەگەڕان، هەر ماڵە و بەخاو و خێزانەوە سەربان و کون و قوژبنی ماڵەکانیان دەگەڕان، لە سەر شەقامەکانا پیادەڕۆکان بەریەکدی دەکەوتن، گەنجە ملهوڕ و تووڕە و ترۆکان دەستە و یەخەی یەکدی دەبوون، کەس سەیری بەر پێی خۆی نەدەکرد، هەموو ڕووەو ئاسمان سەریان هەڵدەبڕی، فڕەی باڵی مەلێک، جوکە و چریکەی فڕندەیەک بەس بوو کە هەرکەسێک لەگەڵیا دڵی داخورپێ، قوتابیەکانن لە دەرسی سێیەمەوە قەلفڕیان لێ دەکرد، بەسەر دەرگا و دیوارەکانا دەست و پێ زامار هەڵدەزنان، نەخۆشەکانی نێو قاوشەکان بەدزییەوە دادەڕژانە نێو حەوشە و بەنێو چیمەن و لەژێر درەختەکانا هێدی هێدی دەگەڕان، ئەوە خوایە و تووتییەکەی سەرۆک بدۆزنەوە، پایتەخت یەکپارچە وروژا، شارەکان کەوتنە خۆ، گوندەکانیش لەو هەڵلایە بێ بەش نەبوون، ڕۆژانی هەینی سەدەها کەس دەڕژانە نێو چایخانەی کەوباز و کۆتر و بازەکان، نرخی پیرە توتیەک لە کڕین نەدەهات، لەسەر توتییەک کە تەنیا وشەیەکی ئەزبەربێ، هەر وشەیەک، ، تا ئێوار مەزاد درێژەی دەکێشا. سێ سێ و... چوار چوار... هەم ژن و هەم پیاو دەستیان بەیەک دا دەدا... پەکووە... دەبێ نهێنی ئەو تووتییەی سەرۆک چی بێ... فاڵچی و پیاوانی غەیب دۆز ڕەملّیان لێ دەدا، لە کتێبە زەردەکان ڕادەمان و سەیری ئەستێرەکانیان دەکرد... ئاخۆ دەبێ توتییەکەی سەرۆک فێری چ حیکمەتێک کرابێ...؟چ نهێنی و ڕازێک، چ دوعا و چ جنێوێک، چ سیحر و جادوویەک... چ نوکتەیەک... چ بەڵایەکی ئەزبەربێ...؟نرخی ساچمە زەنێک یان تاپڕێک گەیشتە دە هەزار و بیست هەزار، هەر شۆفێرە و وازی لە

ماشینەکەی دەهانی و دەبوو بەڕاوچی، کەم دوکاندار هەبوو نەبێ بەتووتی پەروەر، لەژێر سێبەر و لە پایینی پەیکەری پیرۆزی سەرۆک دا سەدەها توتی فرۆش بەشەڕ دەهاتن، نەدەبوو لە پاڵ پەیکەری خاوەن شکۆدا تووتی فرۆشان جنێوی وا ناشیرین بەیەکدی بدەن، چار شارەوانی لەهەر شارێکدا بازاڕێکی تازەی بۆ کردنەوە.

دوایی دەیەها... سەدەها شەو خاوەن تووتییەکان کەوتنە دەرس دادانی ئەو پەلەوەرە بەستەزمانە، پیاوانی هۆشمەند و غەیب دۆز وای بۆ چوون کە زۆر لە گوینە سەرۆک تووتییەکەی فێرکردبێ بڵێ:

(من پادشای هەمووتانم... خاوەنی خەیاڵ و ختووره و گشت خەونەکانم)

نە تەخمینی فاڵچییەکان، نە پێشبینی غەیب دۆزەکان، نە گرەوی ڕەمڵ لێدەران... هیچیان لەوی دیکە نەدەچوو:

(من خودای ئاسمان و هەم زەویتانم...!)

خۆ دەشێ ژنەکەی سەرۆک فێری حیکمەتێکی دیکەی کردبێ، هەر شتێک کە مایەی شەرم و ترسی خانەوادەی سەرۆک بێ... هەرچەندە ئەم نە دەترسێ و نە ئابڕووشی دەچێ... تۆ بڵێی خانمی خڕ خانمانی وڵات تووتییەکەی فێری چ قسەیەکی بەتوێکڵ کردبێ...؟

(شەوانە خەریکی خانمە و بەڕۆژیش خەریکی خەڵکی...!)

ژمارەیەکی زۆری بازرگان و لۆقتەچی و پەنچەرچی و قاچاغچی و هەندێ لەو مامۆستایانەی تاقەتیان لە دەرس وتنەوە چوو بوو بەنێو دارستانەکانی دەرەوەی شاردا بڵاوەبوونەوە، خۆ نەیاندەهشێت چۆلەکەیەک بەسەر درەختێکەوە بنیشێ، هەموو پەلەوەرێک لەبەر دیدەی ئەواندا دەبوو بەتووتی، تووتی نەما نەگیرێ، قەفەز فرۆشەکان فریا نەدەکەوتن، تووتی نەما ئەو حیکمەتانە نەکرێ... ئەو قسانەی کە بنەماڵەی سەرۆک لییان خۆش دێ... ژنەکەی... کوڕ و کچەکانی... خاڵۆزا و پوورزا و ئامۆزاکانی... تا دەگاتە گارد و یاساوڵەکانیش، زۆربەی پرۆفیسۆر و مامۆستای کۆلیژ و پەیمانگاکان لەحەز و ئارەزووەکانی خانەوادەی سەرۆک دەدوان، حەزیان لە چییە و ڕقیان لەچی...؟ قوتابییەکانیش لە بەردەم کتێبخانەدا ڕیزیان دەبەست، ئەو کتێبانەیان دەخواست کە لە خولق و هەوەس و توانا و زاوزێ و نەخۆشی و خواردن و خەو و ڕیقنەکردنی تووتییەکان دەدوێن، مشت و مڕی گەرم لەسەر ئەوەبوو ئاخۆ مەفتەنی یەکەمی ئەم پەلەوەرە سەراسیمەیە هیندە یان چین، ئاسیایە یان ئەفریقیا...؟زۆربەیان لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە



مەفتەنی یەکەمی دورگەی عەرەبییە، واش بڵاو بۆوە کە تووتییەکەی سەرۆک هی سیحربازێکی گەورەی ئەو دورگەیە بووە و بەپارەیەکی خەیاڵی کڕاوە، شاهێکی ئەوێ بەدیاری بۆ سەرۆکی ناردووە. لەگەڵ شەهێن و باز یەک توخمن یان نا؟ بەرنامە و پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردە وای بەچاک زانی چەند کۆرسێکی بەپەلە بکاتەوە بۆ ئەو کەسانەی شەیدای تووتین، چ نێر و چ مێ، تا لە هەموو نهێنییەکاننی ئەو مەلە ڕەنگینە بگەن، ئەو مەلەی چی پێ بڵێی بێ زیاد و کەم دەیڵێتەوە، لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی... تا دەگاتە کۆلیژەکان دەرسی تایبەت بەتووتی و دونیا سەراسیمەکەی خرا بەرنامەوە، مامۆستاکان تووتی ئاسا لە عەزەمەتی تووتی سەرۆک و گشت تووتییەکانی دونیا دەدوان، گەورە و بچووکی وڵات ئەو شەوەیان بیر ناچێ کە سەرۆکی فەرماندە بۆ تووتییە زیدە خۆشەویستەکەی فرمێسکی دەڕشت، ئاخر گەرچی سەرۆک عاشقە مەل بوو، جورەها مەلی سەیر و سەمەرە، بەڵام وای لێ هاتبوو هەموو مەلەکانی دیکەی نێو قەفەزەکان فەرامۆش بکا و بەتەنیا گوێ لە وشە ئەزبەرکراوەکانی تووتییەکەی بگرێ، پیاوانی دەوڵەت پەلەوەری وایان بۆ دەهانی کە دەبوو بۆ ناوەکانیان لە پسپۆڕان بپرسن و لە فەرهەنگەکان دا بۆی بگەڕێن، کەچی سەرۆک ببڕای ببڕ مەیلی نەدەگۆڕی. لە چلەمین ڕۆژی ونبوونیدا لە سەراپای وڵات بوو بەپرسە و ماتەمین... ئەو شەوە... شەوی موعجیزە بوو... کەس بڕوای نەدەکرد ئەوە سەرۆک بێ و دەستەسڕە سوورەکەی لە فرمێسکدا شەڵاڵ کا، ئاخر ئەو یەک ملیۆن شەهیدی داوو خەنییەوە... ئەو شەوە بوو بەقوڕگێکی نووساوەوە فەرمووی:

(ئەی کۆمەڵانی خەڵکی... ببەخشن کە خۆم بۆ نەگیراو... بەهەرحاڵ... من لە تووتییەوە دەرسێکی گەلێ جوان فێربووم... من هیچ هاوڵاتییەکم گەرەک نییە خولق و تەبیعەتی تووتی هەڵنەگرێ، هەر کەس منی خۆش دەوێ و گەرەکێتی بەختەوەر بێ با تووتی ئاسا حیکمەتەکانی دەوڵەت ئەزبەر کا، هەرکەسێک پەرۆشە لە مەملەکەتی مندا ئاسوودە بێ با تووتییەک لە ماڵەکەیدا ڕابگرێ، ناسنامەی بۆ دەکرێ و دەبێ بەیەکێک لە هاوڕێیانی (یانەی تووتی پەروەران)... مووچە و مانگانە و چی خەرجی تووتییەکەش هەیە لەسەر خەزێنەی دەوڵەتە و هیچ خەم نەخوات، جێی شانازیشە گەر لە دەمی ماڵ و منداڵتان بگرنەوە و ئەم فڕندە جوانە سەراسیمەیە بەخێو بکەن... لە خەرجی دەوڵەت پارەی ئەو منداڵانەش بدەن بە بۆ تووتییەکانتان ڕاوی چۆلەکە دەکەن، نامەوی کەسیش گلەیی بکا گەر بەبەردەفڕکێی منداڵان شوشەی پەنجەرەکان بشکێن).

هەر دوای ئەو شەوە... بۆ بەیانییەکەی عاشقانی کۆتر و کەو و بولبول و مەلە ڕەنگین و بێ ناوەکان دارژانە نێو قەیسەری و بازاڕ و... نێو چایخانەکان... چی پەلەوەری جوان هەبوو فرۆشتیان، ڕەنگاڵە بەفلوسێک، بولبول بەعانەیەک، قەتێ بەلاش... کۆتری یاهو... تەقلەبازکان دەی بەدرهەمێک، کەوی خۆش خوان... یەکی بەچنگێ هەرزن... چنگێ هەرزن بۆ توتییە خۆشەویستەکان، مامۆستا و زانایانی پەلەوەر کۆرسی تایبەتیان بەزاو و زێی تووتی کردەوە، کەسێک بەرێکەوتتیش تووتییەکی بکوشتایە بەپێی دەستوور و یاسایەکی یەکسەر (ئەنجومەنی شۆڕش)دەبوو دە ساڵ زیندانی بکرێ و... کوشتنی سێ تووتی سزاکەی زیندانی ئەبەدی یە، دڵدارەکان لە باخچەکانا دەبوو سەر لە بن گوێی یەکدی بنێن چونکێ مەحاڵ بوو لەبەر هاش و هووشی باڵەفڕەی ئەو سەدەها تووتییەی سەر درەختەکان گوێیان لە یەکدی بێ... یا ڕاز و نیازێک بگۆڕنەوە، لە قەهری ئەوەی جنێودان بەتووتی قەدەغە بوو دڵدارەکان جنێویان بەیەکدی دەدا، دیاری یەکەمی زاوا بۆ بووک، بەر لەوەی هەڵقە بکاتە پەنجەی، بێچووە تووتی بوو... دروشمی سەر دار و دیوار... تاقەکان... جامخانە و کۆگا و دوکانەکان... قوتابخانە و شێتخانە و خەستەخانەکان هەر هەمان دروشم بوون... (تا ماوین هەر تووتی تۆین...!)

هونەرمەندە دەست ڕەنگینەکان وازیان لەو تابلۆ هیچانە هانی:سروشت و پۆترێتی شۆخەژن و منداڵە چاو بەفرمێسک و ڕووە ماندووەکان... چەم و چنار و ئاسمان و دارستانەکان، شەو و ڕۆژ کەوتنە ڕەسم کردنی سەرۆک و تووتییە ونبووەکەی، لە سەرتاسەری وڵات مانگانە پیشانگای پێشبڕکێ دەکرانەوە، جگە لە خەڵاتی سەرۆک، هەر وەزیر و خەڵاتی خۆی بۆ هونەرمەندە دەست ڕەنگینەکان دەخستە نێو زەرفێک و دەینارد... دەیەها... سەدەها تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ، سەرۆک و تووتییەکەی وا بەسەر شانەوە، سەرۆکە و دان بۆ تووتییەکی ڕۆدەکا، سەرۆکە و دەنووکی تووتییەکەی خستۆتە نێو دەم و ددانەکانی، تووتییە و وا بەسەر پەنجەی شایەتمانەی لەو کاتەی باڵی کردۆتەوە بفڕێ، سەرۆک بەخاو و خێزانەوە وان لەسەر سفرە و تووتی دەنووکی ئاخنیوەتە نێو گۆشتاوەکەی بەردەمی سەرۆک، نوێژ دەکا و تووتی وا لەسەر بەرماڵەکەی، نووستووە و وا لەسەر سەرینەکەی، هیچ سەیر نەبوو کە ئەو شەوە بڕیاڕ درا کە هەڵۆی سەر باجەکانی نێو هەموو دەزگاکانی میری بگۆڕێ و ببێ بەوێنەی تووتییەکی دەنووک قولاپی باڵ ڕەنگین، لەسەر هەموو ئالاکانیش وێنەی تووتییەکی باڵ کراوە بوو بەڕەمز و نیشانە، شاعیرەکانیش بانگ کرانە کۆشک تا قەسیدەی ئایندەیان لە جوانی و عەزەمەتی تووتییەکەی سەرۆک و گشت



تووتییەکانی وڵات بدوێ، هەموو شەوێک بۆ سەعاتە وەختێ لەسەر تەلەفزیۆن ئەو شیرە شیرە نەدەبڕایەوە، چیرۆکنووسەکانیش لەنێو تان و پۆی چیرۆکەکانیانا لە نهێنی و لەغزی ونبوونی لەناکاو تووتییەکە گرێ چنی سەیر و سەمەرەیان دەخولقان، کۆتایی هەر هەموو چیرۆکەکانیش وا ڕێک کەوتبوون کە سەرۆک بەتووتییە خۆشەویستەکەی شاد و شوکر دەبێتەوە و... هەموو خەڵکیش ئەو ڕۆژە دەکەن بەجەژنێکی میللی و چی (مێ تووتی)یش هەن بەفرمانێکی کۆماری دەبنە مەحرەمی ئەو تووتییە نێرەی سەرۆک کە ئیمڕۆ نا سبەی هەر دەدۆزرێتەوە، دەنێو بازاڕ و کۆڵان و جادەکان دا، دەنێو پاس و قەمەرە و شەمەندەفەرەکان دا هەر زەلامە و بەپەتێک تووتییەکەی بەملییەوە... یا بەزەندەی دەستییەوە گرێ دابوو، تووتی بەسەر شان و سەری دا هەڵدەفڕی و دەنیشتەوە، سەرت هەڵبڕیبایە جگە لە تووتی هیچ مەلێکی دیکە حەددی نەبوو بفڕێ، لە هەموو کون و قوژبنێک تووتیت دەدی، لە ساتە وەختێکدا چەندەها جار ڕیقنە بەسەر سەر و ملتا دادەبارین، هەریەکێک لە ماڵەوە فلچەیەکی بۆ داماڵینی ڕیقنەی وشکەوەبوو هەبوو، زۆر کەس ویستی فێڵ لە سەرۆک بکا، سەدەها بەناوی خواستراوەوە تووتی خۆیان بۆ کۆشک دەنارد... سەرۆک یاغنیش نەبوو... تووتی خۆی دەناسییەوە، وای لێ هاتبوو گەشتیارەکان لەوەختی گەڕانەوەدا، بگرە قاپاغچییەکانیش لەودیو سنوورەکانەوە تووتی سەیریان لەگەڵ خۆیاندا دەهاورد... بێ هوودە بوو... وەختەبوو سەرۆک لە حەسرەتی تووتییەکەی بەسک بدا.

چەندەها جار ئەنجوومەنی وەزیرانی کۆ دەکردەوە و لێی دەپرسین کە هەڵاتن و فڕینی تووتییەکە بەچی لێک دەدەنەوە... دەبوو بەهەرا و قاو و قیژی بێ سەر و بەری وەزیرەکان:

– (قوربان قەفەزەکەی، دەبوو قەفەزەکەی گەورەتر بێ...)

وەزیرێکی تر هەڵیدەدایە: (جا قەفەز لەوە گەورەتر... جێگەی دە خەرتەلی تیا دەبۆوە...)

– (جا خۆ لەم دواییەدا جەنابی سەرۆک تەواو بەڕەڵڵای کردبوو...)

– (گەورەم لەم دواییەدا تەواو دڕدۆنگ ببوو... کەیفی بەچارەی مەلەکانی دیکە نەدەهات...)

– (نەء... وابزانم لەو ڕۆژەی خواردنی بولبولی فنس–تان لێ حەرام کرد... ئەم تۆرا و فڕی...)

– (وا تێبگەم لە ڕقی ڕۆژنامەنووسەکان فڕی... ئەوەندە فلاشی کامێرایان لە چاوانیدا

تا بەشەوارە کەوت... ڕۆژ نەبوو سەد ڕەسمی نەگیرێ...)

– (ئێ دەوایە... مەسەلە ئەرشیف بوو... دەبوو هەموو هەواڵەکانی تووتی و وێنە جۆراو جۆرەکانی لەگەڵ سەرۆک تۆمار بکرێ...)

– (نەء... ئەو تووتی زۆر بەناز پەروەردەیە غەرابوو... بەتەواوی خولّق و ئەتواری تێک چوو بوو... مەل نەما بەسەریدا نەتسێ... وای لێ هاتبوو لە نێو کەڵەشێر و مریشکدا جیاوازی نەدەکرد... وا کەتەو زل ببوو مەلە چکۆلەکان لە ژێریدا دەخنکان.)

– (هەڵبەت... چۆن غەرا نابێ... بەر لە پشکنینی گاردی کۆماری دەبوو سەرۆکەکان دیدەنی تووتییەکە بکەن... وای لێ هاتبوو بەبەرچاوی ئەو زاتانەوە ڕیقنە بکا و لەژێر دەنووکەوە جنێو بدا...)

– (منیش بم هەروا دەکەم... ئەگەر دوو سەرهەنگ کاریان ئەوەبێ بنم پاک بکەنەوە...)

سەرۆک لەم چەشنە دانیشتنە بێ لەزەتانەدا سەری دەلەقاند تا دەبوو بەورتە ورتی تووتی ئاسا... بێ پرس و خواحافیزی هۆڵەکەی بۆ چۆڵ دەکردن.

ساڵێک تێپەڕی و دیسانەوە لەسەرتاپای وڵات بوو بەپرسە... دواجار زیندانییەکانیش کەوتنە خۆیان و هەریەکە و دایک و باوک و ژن و منداڵ و خزم و کەسی خۆی ڕادەسپارد بێچووە تووتییەکی بۆ بهێنێ، ئەوە خوایە سەرۆک بەهۆی تووتییەکانەوە مەرحەمەت بنوێنێ و ئازادیان بکا، بەر لە هەمووانیش ئەوانە پەرێشان بوون کە حوکمی لەسێدارەدانیان دەرچوو بوو، مەحاڵە سەرۆک بەیادی تووتییە خۆشەویستەکەی خۆی حەز بەدیلییەتی و زیندانی تووتییەکان بکا، زۆر پێ دەچێ لە جەژنی لەدایک بوونی خۆیدا هەموو زیندانی و تووتییەکان سەرفرازکا، ئەوانەی لە بەندیخانە ڕیشیان سپی کردبوو بەبەڵێنێک بەرەڵلاکران: بەڵێنی ئەوەی گەر لەمیانەی مانگێکدا تووتییەکەیان نەدۆزییەوە هەڵدەواسرێن، زۆر زەحمەت بوو لە نێو وڵاتێکی پڕ لە تووتی دا تووتی سەرۆک بناسرێتەوە... وەی لە شوورەیی... لە نێو حەوشەی قوتابخانە و خەستەخانە و... لە گورزەی قەیسەری و دەلاڵخانە و... لەبەردەرکی سەرا و مزگەوتەکانیش تووتییەکان بێ شەرمانە بەبەرچاوی خەڵکییەوە بەسەر یەکدیدا دەتسین، کچە شەرمنەکانی ناوەندی و دواناوەندی بەو دیمەنە تەریق دەبوونەوە... مامۆستاکانیش پڕ بەپۆلەکانیان هاواریان دەکرد: (بێ حورمەتینە سەر دادەگرن... تەللاهی حەزتان لێیە...!)

سەرۆک لە خۆشەویستی و سیحری تووتییەکەی سروودی سەد ساڵەشی سڕییەوە و



گۆڕی بەسرووودێکی تازە کە تووتی ترین شاعیری وڵات نووسی بووی، سێ ڕۆژ دواتر هەر هەموو قوتابییەکانی وڵات ئەزبەریان کرد، سەر لەبەیانیان شارەکان خڕ دەخرۆشان، هەر شارێک و مەڵبەندێکی بۆ زاو و زێی تووتی دامەزراند، مامۆستایانی(بایۆلۆژی)لە زانکۆکان کۆرسی تایبەتیان بۆ ئەم مەبەستە کردەوە و یەکسەری لە بودجەی سەرۆکەوە خەرجیان بۆ دەهات، ڕۆژێکی هەینی بوو کە بەبەرچاوی خەڵکییەوە و لە گۆڕەپانی گەلدا و لەبەردەم پەیکەری سەرۆک دا کە تووتییەک بەسەر شانییەوە بوو شەش کەس لە سێدارە دران، دووانیان پیر و چواریان جەحێڵ... گوایە ئەو شەش کەسە وتوویانە سەرۆک درۆ دەکا و تووتی بزر نەکردووە، ئەوەیان فێڵێکە تا هەمووان بکا بەتووتی پەرست، سێیانیان شاری و سێیانیان لادێ نشین، شڕۆڵ و بێ کەس، تا بۆگەنیان کرد بەدارتەلەکانەوە دەلەنگینەوە، تا دواجار سەدەها تووتییان هاورد تا لەو گۆشتەی گەنیوەی لە سێدارە دراوەکان بخۆن، شوورەیی بوو ماڵێک هەبێ تووتی بەخێو نەکا، چ لە شار و چ لە گوند، شەوانیش ئەو دروشمانەی سەرۆک حەزی پێ دەکردن، لە ڕادیۆ و تەلەفزیونەکانەوە، پەخش دەکران، هەر شەوەی چەند ڕستە و دروشمێک، هەر کەسە و بەکەیفی خۆی دەبووایە لە بەیانی تا ئێوارە یەکێ لەو قسە نەستەق و پەند و حیکمەتانەی سەرۆک بەتووتییەکەی ئەزبەر بکا، ساڵ سوڕایەوە خەڵکی گەلێ قسە و باس و خواس و گرفت و کێشە و دەردەسەری خۆیان بیرچووبۆوە، سەرژمێرێک لە سەرتاپای وڵات ڕایگەیاند کە سەرۆک زۆر کەیفسازە و خەریکە خەمی تووتییە ونبووەکەی بەتەواوی برەوێتەوە، ئەوەتا لە وڵاتی خۆشەویستمانا هەرکەسە و دوو تووتی بەدەکەوێ، لە نێر و لە مێ، با هەموو دانیشتوانی وڵاتیش شادمان بن کە لە هەندەرانەوە هەزارەها تووتی مێ بۆ بۆ نێرە تووتییەکانمان وا بەرێوەن، کەسیش لە ئێوە بێ بەش نابێ، سەرۆک و خانەوادەکەی کۆڵێ خۆشحاڵن کە وای لێ هاتووە نەک کۆمەڵانیی خەڵکی وڵات تووتییەکان فێری حیکمەتەکانی سەرۆک دەکەن... نەخێر... بیستوومانە کە تووتییەکان حیکمەت و دروشمەکان بەکۆمەڵانی خەڵک ئەزبەر دەکەن... وا نەبووایە لە خەمی تووتییە سەرهەڵگرتووەکەی سەرۆک بەسکی دەدا، گوایە لە هەموو کۆبوونەوەکانا هەمیشە بەسەر شانییەوە فڕە فڕی بووە، کە سەرۆک وەزیران یان یەکێک لە وەزیرەکان زمانی تەتەڵەی بکردایە... کە دەکەوتە سەرقسەی هەلەق و مەلەق تووتییەکە بەیەک جڕتی زیقن کۆتایی بەو کۆبوونەوەیە دەهێنا. کە ساڵ سووڕایەوە ڕایان گەیاند کە بۆ مانگێک عەتەلەیە و جگە لە کارگەکان چی دام و دەزگای میری هەن دادەخرێن، لە هەر شارێک و

ڤیستڤاڵێکی گەورە سازدەکرێ، هەرکەسێک لە خۆی ڕادەبینێ با لەو پێشبڕکێیە بەشداربێ و هەر لە ئێستاوە لە مەڵبەندەکانی تووتی پەروەرانی نێو شار و گوندەکان خۆی ناونووس کا... خەڵاتی سەرۆک و خانەوادەکەی دەدرێ بەو کەسانە کە بتوانن کارامە و لێزان درێژترین ڕستە بەتووتییەکانیان ئەزبەر بکەن، ڕستەیەک کە سەرۆک بخاتە کەیف و هەلەکەسەما، خەڵاتی یەکەمی تەنیا بۆ ئەو کەسە دەبێ ئەو نیشتمان پەروەرەی کە ئەوەن دڵسۆزی تەخت و تاراجی سەرۆک بێ کە خۆی هەموو قسە و حیکمەتێکی ئادەمیانەی بیر چووبێتەوە... کەر و لاڵی زگماک ئاسا... چش لە زمان و چش لە گوێ... مادامەکێ تووتییەکەی هەموو ڕاز و نیازێک کە سەرۆک پێی خۆشە ئەزبەری کردبێ...! دەروازەی کۆشکی سەرۆکیش بۆ سێ مانگ لەسەر پشت دەبێ و تا دوا کەسی پێشبڕکێیەکە مابێ سەرۆک دەرگا داناخات، هەرکەسێکیش لە خۆی ڕانابینێ تووتییەکەی فێری حیکمەتی دەوڵەتی بکا سەرۆک مەرحەمەت دەنوێنێ و سنووری وڵات کراوەیە و با ئەم وڵاتە خۆشەویستە بۆ جگەرسۆزەکانی جێ بێڵێ و جەهەنەم جێی بێ و... بەر نەفرینی سەرۆک و خانەوادەکەی دەکەوێ...

مانگێ بەسەرچوو... دەرگا دارخراوەکان کرانەوە، خەڵکی ڕژانە سەرجادەو... کوچە و کۆڵانەکان قەڵەباڵغ بوونەوە، بەیانیان فەرمانبەران هەریەکە و بەخۆ و بەتووتی سەرشانییەوە بەپیادە یا سواری پاسەکان ڕووە و دەزگاکان کەر و لاڵ ئاسا ملیان دەنا، زۆربەی پیاوەکان بستێک ڕیشیان هێشتبۆوە، پیر و لاو، نێر و مێ چۆن سیحریان لێ کرابێ سەرسام و ئەبڵەق لێکدی ڕادەمان، چ بەدرۆ چ بەڕاست کەس بەوشەیەکیش بێ زاری لێک نەدەکردەوە تا بیسەلمێنێ هەرچی هەبوو لە حیکمەت و فەلسەفە و قسەی نەستەق و پەند و لەغز و مەتەڵ و زانیاری دایان بەتووتییەکانیان، تووتییەکانیش بەدەم هەزارەها ڕستەی بێ بکەر و کردار و ئاوەڵناو و ئاوەڵ فرمان و بەرکار و ئامڕازی پەیوەندی دەیان قیڕاند... جگە لە قیغە قیغی تووتی لە شار و لە لادێ گوێت لە هیچ سەدا و دەنگێکی ئادەمیانە نەدەبوو، ژنان لە نێو پێخەفیشدا بەئیشارەت لەگەڵ مێردەکانیانا دەدوان، منداڵە لاسارەکان نەبێ کە لە نێو کوچە و کۆڵان و باخچەکانا یاریان دەکرد و دەتریقانەوە و هاواریان دەکرد، ئەوانیش ڕۆژ تا ئێوارە لەسەر ئەم بەد ڕەوشتییە دارکاری دەکران... سەرکەوتووترین مامۆستا و گوێ ڕایەڵترین قوتابی ئەوانە بوون کە بەجووڵەی پەنجە لێکدی حاڵی دەبوون، پرسیار و وەڵام بەسەر لەقاندنێک و چەپڵە و تفێک دەبڕایەوە، پزیشک و نەخۆشەکانیش دەمێ بوو قسەیان بیر چوو بۆوە، لە کۆلیژەکانی



وڵات تەختە و تەباشیر بەس بوون، لە نێو چایخانە و مەیخانە و قوتابخانە و خەستەخانە و قەحپەخانە و دەلاڵخانە و کارخانەدا خەڵکی بەسەر و دەست و برۆ هەڵتەکاندن یەکدیان دەدواند... بگرە تووتییەکان سەرسام و چاو زەق لەو هەموو کەڕ و لاڵە ڕادەمان، عاشقەکانیش جگە لە گەزە و ماچ و نقورچ و ختووکە هیچیان بۆ نەمابۆوە، عەتار و کوتاڵ فرۆش و قەساب و فیتەر و پینەدۆز و ئاسنگەر و سەوزە فرۆش و دارتاش گەر کارێکیان بەدڵ نەبووایە بەجرتێک کۆتاییان بەسەوا و مامەڵەکە دەهێنا، لەبەر زەخمی هەزارەها پیر و نەوجەوان دەبوو تاقم تاقم ڕووە و پایتەخت سەفەر بکەن، وێستگەکان شەو و ڕۆژ جمەیان دەهات، نەک هەر پاس و قەمەرە... لۆری و تراکتۆرەکانیش دەکەوتنە گەڕ، ئەوانەی لە هەمووان دڵسۆزتر بوون، بۆ سەرۆک و خانەوادەکەی، سووربوون کە تا بەر قاپی کۆشک بەپێ بیکوتن، چش لە برسێتی و تینوێتی، چش لە سەرما و گەرما، سەرۆکیش لە ەختی بەبەرەکەتی خۆی دادەپچڕێ و هەر ڕۆژە هەزار کەس لە تووتی پەورەران دەبینێ، لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە بەبەرنامە و پرۆگرامی ڕەنگاوڕەنگەوە ورد و درشتی پێشبڕکێیەکە پەخش دەکرا، خشتەی دابەشبوونی خەڵکی گوند و شار بەسەر ڕۆژەکانی هەفتەدا، لاپەڕەیەکی سەربەخۆ لە هەر ڕۆژنامەیەکدا بۆ تووتی و دونیا سەراسیمەکەی تەرخان کرا، شەوانەش لەسەر تەلەفزیۆن سەرۆک بەتووتییە دەنووک پڕ لە حیکمەتەکان دەتریقایەوە، تووتی پەروەرانیش بەترس و شەرمێکی زۆرەوە کەڕ و لاڵ بەو قاقایەی سەرۆک دەشنانەوە، سێبەری خەندەیەک دەنیشتە سەر لێوانی لەرزۆک و وشکەوەبوویان، لە ترسی ئەوەی نەبا کەسێک حیکمەتی تووتی هاونیشتمانییەکەی دیکە بدزێ، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن تەنیا ڕەنگ و باڵەفڕە و ئەتواری تووتییەکانی پیشان دەدا... ملیۆنەها کەس لە ژوورە داخراوەکانیانا سڕ و سەرسام و ئەبڵەق ڕادەمان، وەکی تر کە سەرۆکی فەرماندە دەتریقایەوە، لەوێ لە پایتەخت لەگەڵ ئەو قاقا پڕ لە سام و هەیبەتە دەنگ دەکرایەوە، هەرچی ماڵێکی کە لەنێو وڵاتدا هەبوو، چ لە گوند و چ لە شار، چ دارا و چ نەدارا، لەگەڵ ئەو تریقەیە دەنگی دەدایەوە، کەسیش نەیدەزانی تووتییەکە چی وت و سەرۆک بەچی و بۆچی وا تریقایەوە...؟!

لە هەمووی سەیرتر... بەسەدەها پیر و لاو... کوڕ و کچی وڵات هەر کە گەیشتنە پایتەخت دەمی خۆیان دورییەوە، سوێندیان خوارد کە تا نۆرەی ئەوان دێ ئامادەنین هیچ بخۆن و بخۆنەوە، هەزارەهاش لەوانەی کە بەپێ ڕووەو پایتەخت ملیان نا... زۆربەیان بەدەم ڕێوە پەکیان کەوت و پسان، دەیەهاش لەوانەی دەمی خۆیان دووری بۆوە برسێتی و

تینوێتی بڕستی لێ بڕین، تووتییە دەنووک بەستراوەکانیش سەر و مل و باڵەکانیان بۆ ڕاگیر نەدەکرا، سەدای ئەم خۆبەخت کردنە گەیشتە کۆشکی کۆماری، بەفەرمانێکی زۆر بەگەلە سەرۆک مەرحەمەتی نواند و داوای لێ کردن کە تا نۆرەیان دێ بۆیان هەیە دەمی خۆیان و دەنووکی تووتییە خۆڕاگرەکانیان بکەنەوە و چەند ژەمێکی تێر بخۆن، ئەوانە تا سەر مانیان گرت و پاشگەز نەبوونەوە جوامێرانە مردن، بەخۆیان و بەتووتییە گەڕ هەڵوەریوەکانیانەوە لە گۆڕستانی سەرۆک و بنەماڵەکەیدا نێژران، زۆریش هەبوو خەونیان بەو شامەرگەوە بینی، واتە واتێک بڵاوبۆوە کە گوایە ئەوانەی بەدرۆ خۆیان کەر و لاڵ کردووە بەفەرمانێکی کۆماری هەقی هەڵواسینیان هەیە، ئەو تووتییانەی وتە و حیکمەتەکانیان لێکدی دەچن خۆیان و خاوەنەکانیان گل دەدرێنەوە، ئەوانەشی لەو پێشبڕکێیە خۆ دوادەخەن بەهەر هۆ و بیانووێکەوە بێ خوا عالەم سەرۆک چییان پێ دەکا، ئەم واتە واتە خەڵکی نیگەران کرد، کە سەرۆک بەم نهێنییەی زانی لەژێر سەدەها نیشانە و ئەستێرە و مەدالیا و قۆپچە و قەوچ و قەڕاسەوە هاتە سەر تەلەفزیۆن و زەردەیەکی ساختە و دەستکرد لەسەر لێوانی، بەهەمووانی ڕاگەیاند:

(... کە هەق نییە کەس بترسێ، کەس نیگەران و دوو دڵ بێ، نۆرەی هەمووان دێ... تا دوا تووتی پەروەر مابێ دەروازەی کۆشک لەسەر پشتە... ئەوەی ئیمڕۆ لەم گرەوە پیرۆزە بیدۆڕێنێ... با لە ئایندەدا تێ بکۆشێ و بیباتەوە، خۆی نەیتوانی با لە منداڵەکانی لەسەر خۆشەویستی ئەم پەلەوەرە سەراسیمەیە ڕابێنێ و... لەسەر ئەم مینبەرەوە ڕایدەگەیەنم کە ئەگەر هەر کەسێک لە نێو ئێوەدا توانیبێتی نەک ڕستەیەک... بەڵکو وشەیەک... تەنیا وشەیەک بەتووتییەکەی ئەزبەر بکات... وشەیەک کە دڵخۆشم کا... با ئەوە چاک بزانێ بۆ حاڵی حازر بەر بەخشندەیی و سۆزی من دەکەوێ... ئیتر بۆ پێشەوە ئەی تووتی پەروەرانی وڵاتەکەم...!)

ئەو شەوە کە شەوێک بوو کە هەموو کەس ئارام و ئاسوودە خەوی لێ کەوت و بەیانی کە لە خەو هەڵسان لە خوا پاڕانەوە خوا سەرۆک پایەدار کاو لە عومری ئەوان هەڵگرێ و بیخاتە سەر عومری ئەم...

پەیتا پەیتاش ئەوانەی چاویان بەڕووخساری نوورانی سەرۆک کەوتبوو بەخۆیان و بەتووتییەکانەوە گەڕابوونەوە... هەر کێ پرسیاری لێ دەکردن... چی بوو...؟ لە کۆشک چی قەوما...؟ کێتان بینی...؟ نیوەڕۆکەی چیتان خوارد...؟ تووتییەک چی وت...؟ ئەوە



سەرۆک بەچی خەنییەوە...؟ کابرای کەڕولاڵ سەری ڕادەوەشاند و سست و ماندوو... بەزۆردارەکی... گران خۆی بەکێش دەکرد و تووتی سەرشانیشی بەمەزاقەوە ئاوڕی دەدایەوە... بەیەکە یەکەی نێو حەشاماتەکەی دەوت: (غیغا... غیغا...!)

ئەوانیش سەرسام و ئەبڵەق لێکدی ڕادەمان و دەستیان بەیەک دادەدا و... لە یەکتریان دەپرسی: (غیغا...!)

ئەمەیان دوا حیکمەت بوو کە تووتییە گەڕاوەکانی نێو کۆشکی سەرۆک فێری ببوون... کەسیش نەیدەزانی کەی ئەم گرەوە تەواو دەبێ و چ بەختەوەرێک دەیباتەوە....؟!

..............................................................................

* غیغا: شێواندنی وشەی"ڤیڤا"یە کە ڕەگی لاتینییە و واتا "هەربژی...!"

# پیره پەپوولەکانی ئێواران

# پیرە پەپوولەکانی ئێواران

منم پاکترین خۆلڕێژی شارەکەت، من نەک هەر خۆم... بگرە باوکیشم پتر لە سی ساڵ زبلڕێژی ئەم شارە بوو، ئەوەیان میراتە و بەتایەفە بۆ من ماوەتەوە، گوایە ئەو وەختەی باپیرەم لەگەڵ براکانی بەشەڕ دێ و میلی تفەنگ لێکدی ڕادەکێشن، دۆڕاو و بێبەش لە میرات لە دەستیان ڕادەکا، گوند جێدێڵێ و ساڵ ناسووڕێتەوە و دەبێ بەیەکەمین خۆلڕێژی شار، خۆ دایکیشم بەدەم هەڵمژینی دووکەڵی جگەرەوە تۆزقاڵێ لە سۆتەکی جگەرە عەرەبییەکانی بەخەسار نەدەدا، شاژنانە جگەرەکەی بادەدا و بەسەری پەنجەی شایەتمانە گەمەی بەگڕەکە دەکرد و لێکدا لێکدا دەیکوتا و دواجار لێدەگەڕا تا لوولەی سۆتەکەکە درێژ دەبۆوە، بەر لەوەی بشکێ و بەخەسار بڕوات سۆتەکەکەی دادەتەکاندە سەر لەپی چەپی و بەیەک جووڵەی شیرین و ژنانە هەڵیدەدایە ناو زاری، وەختێ جگەرەی لێدەبڕا شەڕی بەئێمە دەفرۆشت و چنگی دەگرتە خۆڵەکەی بەردەمی و دەیخوارد، من خۆم دیومە کە هەندێ جار بەدزییەوە گڵەسەری دەخوارد، بنەماڵەکەمان لەگەڵ خۆڵدا لە زەمانێکی زووەوە سەروسەودای گەرمی هەیە، ئەو دایکە خۆڵخۆرەم سەد جاران سوێندی بۆ دەخواردین کە تەنیا لە شەوی بووکێنیدا لەگەڵ باوکماندا خەوتووە، ئیدی دوای ئەو شەوە چیتر بێزی نەهاتووە لە تەکیدا بنوێ، چونکە هەمیشە بۆنی گووفەک و سەرەنوێڵکی لێهاتووە، منیش بەبەرچاوی خوشک و برا شەرمنەکانمەوە بەلاقرتێوە پێم دەگوت:

(دایکە گیان... سوعبەتی وا قورس مەکە... گەر وایە چۆن چۆنی ئەم دوانزە منداڵەت بووە؟).

چاوە پڕ و پووشاوییەکانی زەق دەکردنەوە و دەیوت:

(پەحا کە بێ ئەدەبی). کە هێور دەبۆوە... دەیوت:

(بەوەڵڵاهی خۆیشم نازانم کوڕەکەم... ئەو باوکەی ئێوە غەزەبی خودایە... خۆ ڕەنگ نەبوو سەیرم کا... هەر بەچاو... ئەرێ وەڵڵا... هەر بەچاو ئاوسی دەکردم... هەر بەهەناسە... ئەرێ بەخودای...!).

پیشەی خۆلڕێژی میراتە و بۆ من ماوەتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە کە تا هەنووکە من تەنیا



و ڕەبەنم، حەیفم ناچێ کە تاوەکو ئێستا کەس بێزی نەهاتووە کچەکەی یان خوشکەکەی خۆیم دەقبێڵ بکا... دوا کچ کە حەز و دڵخوازم بوو، بەجێیهێشتم... لە نامەیەکی زۆر بێ سەروبەردا بۆی نووسیبووم کە خۆی نا... بەڵام تایەفەکەیان شەرمیان لێدێ کچ بدەن بەکوڕێک باوکی بە(گووڕێژ) ناسراوە، نووسیبووی:

(با باوکت واز لەم گەند و گووە بێنێ).

یەکجار زاتم کرد و پێم وت:

(باوکە تۆ هیچ کار و کەسپێکی دیکە نازانی؟).

کەللەیی بوو... هاواری کرد:

(نەخێر ئەفەندی... دەبێ ئەم شارە پیس و پۆخڵەی تۆ، زۆر شانازی بەمنەوە بکات... من باش دەزانم کە پێم دەڵێن "عەولێ گووڕێژ"... بەڵام گەر من نەبم هەر گەند و گوو ئەم شارە دەخوات... هەر مێش و مەگەز چاوانیان کوێر دەکات... ئەوان بەر لەوەی بێز لە من بکەنەوە... با بێز لە پاشەڕۆکی خۆیان بکەنەوە).

هەر لە سەرەتاییەوە تا زانکۆ من جێ مەزاقی هاوڕێکانم بووم، پێڕابواردنی هەمیشە... من تا ماوم شەرم و تێکشکانی ئەو ساتانەم بیر ناچێ کە مامۆستا دەیپرسی:

(باوکتان چ کارەیە؟).

هاوپۆلەکانم یەکە یەکە دلێرانە هەڵدەستانەوە:

(بەقاڵ... پزیشک... عەتار... ئەفسەر... ئەندازیار... پۆلیس... بازرگان... زەڕەنگەر).

منیش بەشەرمەوە... شەرم لە قریوە و گاڵتەپێکردنی هاوەڵەکانم... بەزمانگیران و لاڵەپتەیی خۆمەوە دەموت:

(زبلڕێژ... مامۆستا...!).

ئێوارەیەکی درەنگ... وەختێ دایک و خوشکەکانم بۆ شەشەمین جار لە خوازبێنیی کچێک بۆ من بەدڵشکاوی و هەناسەساردی گەڕابوونەوە... من لە داخانا و هەر بەدرۆ خۆم بەخوێندنەوەی ڕۆمانێکەوە سەرقاڵ کردبوو... باوکم یەکە یەکە لە هەموومان ڕاما... وەک ئەوەی بمانژمێرێ... کتوپڕ هاواری کرد و پڕ بەژوورەکە نەڕاندی:

(کێتان مردووە؟ چی بووە؟ بۆ ئاواهی دۆش داماون؟).

پاشان ڕووی کردە من و وتی:

(سبەینێ کە هاتمەوە تەنەکەی زبڵی ئەو ماڵە دەخەمە سەرشانم و بۆتانی دێنمەوە، ئەو ماڵە شەریفەی کچەکەی خۆیان نەداوە بەجەنابت... سەر هەڵبڕە ئەفەندی... کە تەنەکەی خۆڵەکەم هێنا و لە حەوشەکەدا هەڵمڕشت... ئەوسا پێتان دەڵێم: ئەو ماڵە مەیموونی تێدایە نەک ئینسان).

ئیدی لەو ڕۆژەوە ئەو پیاوە زبڵڕێژە فێری کردم کە چۆن بەهەڵڕشتنی زەرفی پڕ زبڵ و تەنەکەی خۆڵی فڕێدراو لە بەر ماڵەکان، شارەکەی خۆم بناسم.

زوو زوو پێی دەوتم:

(کوڕەکەم بەس سەرت بەسەر ئەم کتێبە زەردانەدا شۆڕکەوە... گەر دەتەوێ لە خولق و ئەتواری خەڵکی تێبگەی... وەرە وەک من سەیری تەنەکەی زبڵ و زاریان بکە... سەیری پاشەرۆک و گەند و گوویان... کوڕی خۆم... فێربە... دونیا زبڵخانەیەکی زۆر گەورەیە... گەر گەرەکتە لێی حاڵی بیت... بڕۆ ناوی و لووتت مەگرە...).

من بەئەمەکترین کوڕی باوکی خۆمم، چونکە تا هەنووکەش وازم لە حیکمەتەکانی ئەو نەهێناوە، بوومەتە میراتگری، هەموو دەمە و ئێوارەیەکی درەنگ... درەنگتر لەوەی کەس ببینێ، پاش چۆلبوونی ئەو ڕاستە شەقامەی شار دەکا بەدوو کەرتەوە، وەختێ تاریکی لە ڕۆژهەڵاتەوە بەدزییەوە دێ و ڕاوەدووی ڕۆناهی دەنێ و لە دەم کەلی ڕۆژئاواوە بەزۆر ئاودیوی دەکا... من بەتەنیا پیاسەیەک دەکەم، ڕاست و چەپ دەڕوانم... کە تاک تاکە مەردووم ڕێ دەکەن و بەپەلەن بگەنەوە ماڵێ، ئیدی من ئەوە بەهەل دەزانم و لە تاریکی میهرەبانتر دەبم بۆ پاککردنەوەی سەر هەردوو شۆستەی ئەمبەر و ئەوبەری شەقام... دەنووشتێمەوە و چی ڕازونیازی کەوتوو هەیە هەڵیاندەگرمەوە، ڕازونیازی جێماو لە کوڕان و کچانی شار... لەو تاکە شەقامەی کە ئێواران ماندووانە پیاسەی تیا دەکەن... بەڵێ... ئەو وەختەی ڕۆناهی خۆی لە تاریکی مارە دەکا و... بەماچێکی زۆر بەپەلە دڵخۆشی دەکا و جێی دەهێڵێ، وەک عەبایەکی زۆر گەورە ڕازی ئاشکرا و نهێنیی شاراوە لە خۆیەوە وەردەپێچێ: من ئاواهی خۆ نەوی دەکەم و خەون و خەیاڵ و ختوورەکان لەسەر شۆستە هەڵدەگرمەوە، ئەوەن خۆ نەوی دەکەم تا بڕبڕەی پشتم دەبێ بەدوو کەرتەوە، بەڵێ... منم نهێنی نەدرکێن و هەڵگری ڕازە کوژراوەکان، شار چۆل دەبێ و جێ دەمێنین: من و شەقامی فەرامۆشکراو لەپاش شەقاوە شەکەتەکان، شەقام بەشەقام تەی دەکەم... هەر هەموو جادە و لاکۆڵانەکان... ئەو شەقامانەی دیکەش کە کوڕان و کچانی هەناسەسارد و



حەسرەتکێش و شەرمنی شارەکەم هەموو ئێوارەیەک پیاسەی تیا دەکەن... هەموو ئێوارەیەک بەیارمەتیی هەزاران دارشەق و یان سواری عەرەبانەی ئیفلیجان دەبن و هیلاک هیلاک... بگرە هیلاکتر لە هیلاکی ئا بێرەدا دێن و تێدەپەڕن... هەر هەموو نائومێدانە دەچنەوە ماڵێ و تف لە بەختی کەچی خۆیان دەکەن و دەڵێن: چ بێهوودەیە خۆڕازاندنەوە لە بەردەمی ئاوێنە درۆزن و ژەنگاوییەکان... منی ڕەبەنەماڵ بەجێ دێڵن بۆ خەمان و پاککردنەوەی جادەی پڕبوو لە هەزاران حەژمەتی شین و مۆر... هەڵمژینی عەتری زۆر بێناز جێماو لە هەوادا، هەموو ئێوارەیەک جەرگم ڕەش دەکەن، وەختێ دەیانبینم، کە دەڵێی هەر هەنووکە لە هەرای شەڕێکی خوێناوی و بەبریندارى و نیوەمردوو بەکۆڵێ بەزین و دۆڕانەوە؛ شکەستە دڵ و شکەستە باڵ، سەوداسەر و وێرانە حاڵ دەچنەوە ماڵێ، دیسانەوە هەر منم دەنووشتێمەوە و شووشەکانی بەر باخەڵم دەردێنم و پڕی دەکەم لە فرمێسکی پەنهان، لە ڕۆندکی ڕەشی ڕژاوی چاو ڕەشەکان، شووشەیەک بۆ ئەسرینی کچە پاکیز و شەرمنەکان، دوو شووشە بۆ ئەشکی بێهوودە تکاوی قەیرەکچەکان... فریا ناکەوم... گیرفانەکانم پڕ دەکەم لە ئاخی گەرم و هەناسەی ساردی کوڕەکان، لە گوێما دەزرنگێتەوە تەقەتەقی ئەو هەزارەها دارشەقانەی کە هەر تاوێک لەمەوبەر کوڕە لاو و کچە جحێڵەکانی بەم جادەیەدا پەڕاندەوە، لەمبەر بۆ ئەوبەر، تەقەتەقی دارشەقەکان هەراسان و بێ حاڵم دەکا، ساتمەکردنم لە فرمێسک و ئاخ و داخ و هەناسەی هەڵوەریو سەرشێتم دەکا... بەڵام ئەوە منم پاکترین و بەئەمەکترین خۆڵڕێژی شارەکەت... ئەو وەختەی دە تنۆکە فرمێسک هەڵدەگرمەوە و دەیتکێنمە نێو شووشەکەم... پێم دەڵێن:

(ئاخ... تۆ نەتدیتن ئەو کوڕە کاکۆڵ ڕەشانەی لە شەرمی شەهوەتێکی شێت... لە خەمی چ دەرد و ژانێک وا بەکوڵ لەژێر لێوەوە... پڕبەدڵ دەگریان و... لەتاو حەزێکی تەقەتکراو دەنێو پەڕەی ڕۆحدا وەک ئازیزمردە بەدڵ دەگریان).

فرمێسکە سوێر و بەخوێن سووربووەکان تام دەکەم... پاشان بەڕۆندکە درشت و ئەسرینە لێڵ و لەرزیوەکانی سەرپەنجەکانم دەڵێم... دەست دەخەمە سەر سەری ئاخ و هەناسە و حەسرەتەکان نەبا لە گیرفانمەوە هەڵبوەرێن... پێیان دەڵێم: نا... من خۆڵڕێژێکی زۆر زۆڵم... کوڕی کابرایەکی حاڵزانم... چۆن نایانبینم؟ ئەو وەختەی زەلیلانە و بەزەبوونی بەهەزاران چاوی پڕ لە نیگا تێکشکاوەکانەوە... ملکەچ و شەرمنانە لە پێ و پووزی کچە عازەب و نەباڵقەکان ڕادەمێنن... ئاخ... من تا ماوم ئاسوودە ناژیم... ئاخر من نیگای لەعنەتیم دیواربڕە و ئەودیو دەبینم... من لەودیو پێستی تەنکی کچە ئەسمەر و سپیکەلانە و

کاڵفامەکان... کچانی جوانتر لە جوانیی پەیکەری ئێسقان و قەفەزی سینە و یەکەیەکەی دەندە و پەراسووەکان دەبینم... من دوو چاڵی تاریکی سەر کەللەسەرەکان دەبینم کە بوونەتە زیندانی خەونەکان، دەڕۆم و هەزارەها نیگای لە شەرمان هەڵوەریو وەک وردە ئەستێرە دەدرەوشێنەوە و هاوارم بۆ دەکەن کە تا زووە فریایان کەوم و نەهێڵم هەڵیانبلووشێ قورگی کراوەی زێرابەکان، دەکەومە نێو ئاوەڕۆی قوڕاوی و چەند نیگایەک ڕوونتر لە ئاونگ و لە خوناو هەڵدەگرمەوە، تاریکە و کەس نامبینێ کە بۆ چرپە و ئەو هەموو فسکەفسکە دەنووشتێمەوە، وەک خاوێنترین... بەشەرەفترین زبڵڕێژی شارەکەم گەسکێک لەو سەدەها چرپەیە دەدەم، ئەو چرپانەی لەبار چوون بەر لەوەی لە دەم و زار بکەونە خوار، ئەو هەموو پرشنگ و ورشەورشی چاوانە کە چۆڕ چۆڕ شەرمی هەوەس و شیرین شەهوەتیان لێدەتکێ، بەپەلە و شێتانە خۆ نەوی دەکەم بۆ هەزاران ڕوانینی لەپڕ داڕماو... دزە نیگای لەم و لەو جێماو... هاوارە هەوکردووەکانی نێو قورگێکی تاساو... کسپەی حەزێک ناو هەناو داڕزێنێ و ببێ بەلیماو، ڕازێک ڕەنگپەڕیوتر لەو پەرییە شەرمنەی بەپەلە هاتبێتە ژوانی ئینسان... چی لەو هەموو هەناسە هەڵوەریوانە بکەم؟ خودا هاوار... ئاخر شووشەکان پڕ بوون لە فرمێسک، لە خەمی بێهوودە تکان و گیرخواردن دەنێو بوتڵە تەنگەبەرەکان کەف دەکەن و جارێکی دیکە لێم دەڕژێن... شەرمم بەخۆم دێ... ئاخر کە من پاکترین خۆڵڕێژی شار بم... چۆن پێ لەو هەموو خەندە خوێناوی و قریوە قوڕاوییانە بنێم؟ بەنەفرەت بێ تاریکی... شەو نەبووایە چۆن ساتمەم لەو هەموو فسکەفسکە ڕژاوانەی ژێر پەڕەی دڵ دەکرد؟ من کەی فریا دەکەوم؟ هەموو شەوێک هەزاران ماچی مردوو کە نەگەیشتن بەدەمی دڵخواز و دڵدار... هەڵدەگرمەوە و هەزارانیش جێدەهێڵم تا لە شەوگارێکی تر خودا بۆ خۆی هەڵیانکێشێ... خەفەت خان بووم... ئیدی خۆم و ژوورەکەم داگیر کراین: ئەوەندەی ئێواران بەبارێک خەون و خولیا و ختوورە و خەیاڵ و خەمی کوژراوەوە بچمەوە ماڵێ... نهێنی و ڕاز و نیازی ئەو دڵانە هەڵدەگرمەوە کە بەسەر تەڵە و فاقەوە مردن... وای لەو هەموو فڕوفێڵ و فریوانە... ئاخ لە دەست ئەو هەموو بەند و باوە... خۆ ماڵەکەم بۆتە عەمباری عاتیفەی عەمبارەپۆ... بەدەم ڕێوە تا ماڵەوە هەڵدەمژم: هەوای پڕ لە عەتری ئەو شۆخانەی بێهوودە و مایەپووچ بۆن لە خۆ دەدەن... شەوانە دەبمە شانەشینی ئەو هەموو خەون و خەیاڵ و ختوورەیە... ئەو هەموو ئاه و هەناسە و هاوارە... ڕاز و نیازە... ئەو هەموو کسپەی دڵە... ناچار... دەبێ بەزۆر جێی خۆم بکەمەوە... حەز ناکەم خەون و خەیاڵەکان لەژێرما بتلیسێنەوە... یا لەقە لە شووشەیەکی پڕ



لە فرمێسک بدەم و ژوورەکەم پڕبێ لە گریان... دەترسێم بەهەڵە پێ لە ئاخێک بنێم و ژوورەکەم جێبێڵێت و بەو نیوەشەوە سەرگەردان بێ... چ ئەستەمە ڕازێکی نیوەمردوو بەدەستمەوە کەلەلا پەلەواژ بێتەوە... تەنیا بەوە ئاسوودەم باوکم دێتە خەونم و هەندێ شەو دڵنیام دەکاتەوە و دەڵێ:

(ئافەرین ڕۆڵەکەم... من تەواو... وەجاغکوێر نیم...!).

تەنیا منم لە خەمی ئەوەدام پاش پیاسەی ئێوارانی کوڕ و کچەکان... جحێڵانی چنگ و دەم پڕ لە پەپوولەی مردوو... شاجوانانی دڵ ژەنگگرتوو... بەپەلە هەر دوای ئاوابوونی خۆیان دارشەقەکانیان کۆ بکەمەوە... چەند ئێوارەیەکە... یان من خەیاڵم خەراپ بووە... یان ئەو کەڵبە و ددانە کەوتووانەی هەڵیاندەگرمەوە ڕاستین و کەڵبەی ئەو کوڕە لاوانەیە کە لە بەرچاوانم دەبن بەپڵنگی پیر و ڕاوەدووی ئەو کچانە دەنێن کە بوونەتە پیرە پەپوولە... وای لە گەمەی بێزەوەر و بێ مانای ڕاوڕاوێنی پیرە پڵنگەکان و هەڵفڕینی زۆر ماندووانەی پیرە پەپوولەکان... ئەوەندە پیر کە ئیدی نەتوانن بەباڵەفڕە خۆ لە دەمی پیرە پڵنگەکان دوور بخەنەوە... باڵە زۆر ناسکەکانیان لە ڕەگەوە دەقرتێن و پیرە پەپوولەکان نەرمە نەرمە دەکەونە سەر لەپی باو دێنە خوارێ... کە دەکەونە سەر سەروگوێلاکی پیرە پڵنگەکان دەسڵەمێنەوە و زۆر بەعەزرەتەوە پیرە پڵنگەکان دەم دەکەنەوە تا قەپیان لێبگرن... ناتوانن... ئەوەندە پیرن کە دەم دەکەنەوە و بەیەکیدا دەدەن تێکڕا هەر هەموو کەڵبەکانیان هەڵدەوەرێن... هەر پیرە پەپوولەی مردووە و دەکەوێتە بەردەمی پیرە پڵنگی پەلوپۆ شکاو... ناچار... شێتانە و بەباوەش پەپوولەی مردوو خڕ دەکەمەوە... لە تەک هەزارەها باڵی هەڵوەریو... کەڵبەی داڕزیو... گۆلم گۆلم فرمێسک و ڕۆندکی ڕژاو بەهەردوو دەست کۆ دەکەمەوە!.

تا بەرەبەیان ئەو هەموو ئاخ و ئۆف و... ئەو هەموو حەزە حەرامانە پاک دەماڵم... تا کەس پێنەزانێ هەر هەمووی لە دڵما دەشارمەوە... هەر فرمێسک و خەندەیەک... هەر ئاخ و هەناسەیەک... هەر فسکە و سرتەیەک چیرۆکێکم بۆ دەگێڕێتەوە... ژوورەکەم پڕاوپڕ دەبێ لە ئاخ و داخ... لە حەسرەت و حەژمەت... لە کەڵبەی پوواوەی پڵنگەکان و باڵی ڕزیوی پەپوولەکان... ئەو ڕاز و نیازانە وەک مێروولە بەسەر دار و دیوار و ڕەفەی کتێبەکانما هەڵدەگەڕێن، ناو چەکمەجە و چاوەی دۆڵاب و کانتۆرەکان... وای لێهاتووە لە پەنجەرەوە بڕژێنە دەرێ و بکەونە کەلاوەکەی تەنیشتمان... وەلێ جارێکی تر بەسەر دیواردا

هەڵبگەڕێنەوە... منیش جارێکی تر جگەرسۆزانە دەیانخەمەوە نێو دڵەکەم... تەقەتیان دەکەم... بەڵێ... منم نهێنی هەڵگری هەمووتان... قەت نایگێڕمەوە بۆ کەس خەونەکانتان... وای لەو دڵەی من: چ وڵاتێکی بەشەرم کوژراوی... بەخەمخواردووی عاشقە نائومێدەکانە... چ گەنجینەیەکی... نا... چ گووفەکێکی فرمێسکی ڕەش و... نیگای کوژراو و... ماچی مردوو... چ عەمبارێکی گەورەی دارشەقەکانە... دارشەقە جێماوەکانی پاش پیاسەی پیرە پڵنگ و پیرە پەپوولەکانی ئێواران...!

(١٩٩٧)



# گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان

لەوە دەچێ من هەر لەم بیمارستانە لە دایک بووبم، هەر لەم قاوشە و لەسەر هەمان ئەو قەرەوێلەیەی کە هەنووکە لەسەری پاڵکەوتووم و بەدزییەوە خۆم خستۆتە سەر باڵی چەپم و ئەو چیرۆکەی خۆمتان بۆ دەنووسمەوە، ئەو چیرۆکەی نە سەرەتایەکی دیارە و نە کۆتایی دێ، ئەو چیرۆکەی سەد جارە بینووسمەوە تا بگات بەئێوە و فریام کەون، وەلێ ناگات و ئێوەش نایەن، گرێ چنی ئەم چیرۆکە جگە لە گریی دڵی خۆم هیچی دیکە نییە، تانوپۆکەشی جگە لە گینگڵ و خۆخواردنەوەم هیچی دیکە نییە، سەرەتاکەشی زریکە و واقەیەکە و کۆتاییەکەشی گریانێکی ئەبەدی و خەونی سەرفرازییەک کە هەرگیز نایە. من هەر ئەوەندە لە مێژووی خۆم دەزانم کە لە ڕێی نەشتەرگەرییەکی قەیسەرییەوە لە سکی دایکم دەریانهێناوم، هەر هەمان ئانوسات بەسەر بوونی منەوە ئەو مردووە. من مەرگی دایکم لەو ژنانە بیست کە جاروبار هەر بەرێکەوت لە بەردەم پەنجەرە کراوەکەی مندا هەڵوەستەیەک دەکەن و ورد و درشتی ئەو زان و مەرگەم بۆ دەگێڕنەوە، هەر جارە و بەجۆرێک، هەندێک جار بەدەم گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە بەشەڕ دێن و من دەبمە بیانووی شەڕی گەرمی ئەو ژنە نەخۆشانە، دەست لە تیتکی یەکدی دەنێن و دەنێو ئەو جەنگە بێتامەدا بەشی من، بۆ هەمیشە، چەند تف و جنێوێک دەبێ، ئەو ژنانە دەمە و ئێواران، وەختی زەردەپەڕکەوتن، قاوشەکانیان جێدێڵن و دەڕژێنە ناو باخچەکانی بیمارستانەکە، ئەوە تاکە وەختێکە خۆ تێکەڵ بەپیاوە نەخۆشەکان بکەن و وادەی ژوانیش، ژوانی نیوەشەو، لەو پیاوانە وەربگرن کە تۆزە هێز و شەنگێکیان تیا ماوە، بیمارستان دەبێ بەدەعبایەکی زەبەللاح و درەوشانەوەی خۆری سووتاو لەسەر شووشەی پەنجەرەکان، پەنجەرە داگیرساوەکان، جگە لە ترس و خەم هیچی دی بەسەر ئەو نەخۆشانەدا نارژێنێ، بیمارستانیش وەک دەعبایەک کە سەد چاوی خوێنینی هەبێ؛ دەوەستێ لە ئاوابوونی خۆر دەڕوانێ و بێباک لە دڵتەنگی دەردەدارەکانی دڵ و چاوەکانی بۆ چڕی تاریکی دەکاتەوە، هەر هەمان وەختە کە من حەز دەکەم پەنجەرەکەم بکەمەوە و لە درەختەکان رابمێنم، لە شینایی ئاسمان و سووتانی تەشک و تیریژی هەورەکان، گوێ لە ورشەی گەڵاکان و

چریکەی مەلان بگرم، هەر هەمان ئەو ساتەیە کە ژنەکان لەودیو پەنجەرەکەمەوە پیاسە دەکەن و بەچرپەوە باسی دەرد و درم و دامەنی خوێناویی خۆیان دەکەن، باسی ئەو پیاوانەی کە بەدزی پزیشکەکان و پەرستارەکانەوە، دەنێو ئاودەستخانەکاندا، ژوانیان دەگەڵ دەبەستن، باسی ئەو منداڵانەی لەم بیمارستانەدا بەخێویان کردن، کەچی کە گەورە بوون برانە نەخۆشخانەیەکی گەورەتر... دوورتر، ئەو ژنانە ناچارم دەکەن پەنجەرەکەم دابخەم و لە پشت جامەکەوە لە زەردەپەڕی نەخۆش بڕوانم و لەگەڵ خۆری خزاودا رۆحم ئاوا دەبێ و... هۆن هۆن بۆ خۆم دەگریم، چاوانم ناسڕم، لەودیو فرمێسکەکانمەوە زەریایەکی سوور هەڵدەستێ و لەگەڵ مندا خۆری تیا دەخنکێ.

تۆ بڵێی گەر دایکم نەمردبایە... وەک زۆرێک لەو ژنانە دڵڕەق بووایە... دڵڕەقییەک کە تەنیایی و دەرد و چاوەڕوانیی مەرگی بێوادە لە رۆحی ئەواندا چاندوویەتی؟

من کە چاوم کردەوە و هەناسەم دا... کە گەورە بووم: جگە لە سەدەها پزیشک و پەرستار و پیاوان و ژنانی سپی پۆش و هەزارەها نەخۆش و دەردەدار هیچی دیکەم نەدی، رەنگی سپیی بەروانکەی پزیشکەکان و پەرستارەکان و دیوارەکان و متیلی بالیف و دۆشەگەکان هەمیشە بەشەوارەی دەخستم، بەراڕەوەکان و قاوشەکاندا هەرهەمووان بەنێو یەکدیدا دەچن، ساتمە لە یەکدی دەکەن، لە یەکدی دەڕەونەوە، بەترس و گومانەوە لە یەکدی رادەمێنن، مەرگ لە چاوانی یەکدیدا دەخوێننەوە و شەرم دایاندەگرێ، چەندەها جار دیومە: بەریەککەوتنی عارەبانەی نەخۆشەکان، ئەو وەختەی لە ژوورەکانی نەشتەرگەرییەوە دەهاتنە دەرێ، بەدەم بای غارەوە نەخۆشەکان دەپەڕین و بەردیوارکەوتن و مەرگی بەر لەوە ئاگاهاتنەوەیان یەکێک بوو. من جگە لە داو و دەرمان، پاشەڵی رووت و دەرزی لێدان، ئاو هەڵواسین، میز و گوو بەخۆداکردن، تف و بەڵغەم بەدیواردادان، ناڵە و گریان و داد و فیغان، زریکەی بوون و زریکەی گیاندان: هیچی دیکەم نەدیوە و نەبیستووە. لەوەتەی ئەم بیمارستانە هەیە ئاودەستەکانی بەرناکەون، هەمیشە گیراون و ئێمەش هەرهەموو بەلەفرکێمانە و رەوانین، لە بۆنی کوشندەی دەرمان هیچ بۆنێکی دیکەم نەکردووە، لە دیمەنی مەرگی ناوادە بترازێ هیچ شتێکی دیکەم نەدیوە، مەرگی جۆرەها کەس و تەمەن: منداڵ، گەنج، پیر، ژن، پیاو، کچ. کەسێک نییە لەم بیمارستانە پێبکەنێ، کەسێک لێوی خەندەیەکی مردووی لەسەر نانیشێ، قورگی قریوەیەکی خنکاوی نییە، تاکە ژێیەکی ژەنگداری لاوژەیەکی بریندار لە گەرووداوا نییە، هەرهەمووان تووڕە و تۆسن، دڕدۆنگ و بێ میهر و سۆز، تەوێڵەکان گرژ و پڕ چرچ و لۆچ، لێوەکانیش داکەوتە لەژێر باری



خەمێکی ناقۆڵادا، لەوەتەی لێرەم چاوەڕێی پڕشنگی نیگایەکەم لە چاوی کچێکدا کە سۆز یان بەزەیی هەبێ بۆ من: نییە، دەست بەسەرداهێنانێکی دایکانەی ژنێک بۆ من: نییە. بەدبەخترین پیاو ئەو پیاوەیە کە نە دایکی هەیە، نە خوشک و... نە دەستگیران. من لە هەموو پیاوەکانی ئەم بیمارستانە بەدبەخترم، چونکە ئەوانی دی، گەر بەرێکەوتیش بێ و بۆ تەنیا جارێکیش بووبێ، بەپێی خۆیان و بەدزییەوە دەچنە ژوان، وەلێ منێکی ئیفلیج کە بەم قەرەوێلەیەوە نووساوم: تەنیا ژوانێک بۆتە مەحاڵ.

ئەم بیمارستانە زۆر لەوە گەورەترە کە خەیاڵی منێکی ئیفلیج بۆی بچێ، من لەو کوڕ و تۆلاز و پیاوانەم بیست کە هەوڵی هەڵاتنیان دابوو... وەلێ نائومێدانە گەڕابوونەوە، یان وەک خۆیان درکاندیان: کەوتبوونە دەست پاسەوان و یاساوڵەکان، ئەوان بەحەسرەتی کۆمەڵە کەسێکی نائومێد و دۆڕاوەوە دەیانوت: تا بڕۆی... ناگەی بەدیوارەکانی.

شەوێکیان خەونم بەوەوە بینی کە بەسەر عارەبانەکەمەوە تیژ دەڕۆم و قاوشەکە و ڕاڕەوەکان جێدێڵم، حەوشەی پان و بەرینی بیمارستانەکە، لە دەروازە سێ دەرییەکەوە تێدەپەڕم و دەکەومە ناو شارێکی زۆر قەڵەباڵغ، شارێک لە شاری خەونەکان، خەڵکەکەی هەر لە هیچە پێدەکەنین، ویستم ئەو خەونە بهێنمە دی. ئێوارەیەکی درەنگ بەبیانووی هەناسە هەڵمژینێکی پاکەوە، گوایە مەبەستی ئەوەم هەیە پیاسەیەک بکەم؛ بەزەیی پەرستارێکم جووڵاند، ئەویش برینپێچێکی دیکەی بانگ کرد، بەهەردووکیان من و عارەبانەکەمیان لە پێبلیکە زۆرەکانی بەردەمی قاوشەکان رزگار کرد، بەسەر شۆستە پێچاوپێچەکاندا ملم نا، ئەوەندە هەردوو باسکم خولاندەوە تا هەردوو شانم کەوتنە خوارێ، زۆر رۆیشتم... تا شۆستەی کۆنکریت هەبوو خۆم و عەرەبانەکەم تیژ دەڕۆیشتین، پاشان خۆم بەردایەوە بەو نیازەی بگەمە ئەو دەروازە سێ دەرییەی لە خەونەکەمدا دیبووم، تا هێزم تیابوو لەسەر لەپ و بەسکەخشکێ و سنگەخشکێ هەردوو قاچەکانم بەدوای خۆمەوە رادەکێشا، سینە و دەموچاو و هەردوو لەپ و سەر ئەژنۆکانم زامار بوون ئەوەندەی لە دڕک و داڵ بخشن، سەرم هەڵبڕی، لە بری شارە قەڵەباڵغەکەی ناو خەونەکە؛ دیوارێکی ئەستوور و بڵندی تاریکیم بینی، ناچار لە ترسانا، ترس لە تەنیایی و تاریکی تا توانام هەبوو هاوارم کرد: هێی خەڵکینە فریام کەون، دوو یاساوڵی چەتەوڵ بەدەنگمەوە هاتن، سەرلەنوێ منیان کێل کردەوە، خستمیانەوە سەر چەرخەکە، بەنۆرە بەنێو دڕک و داڵی زۆری وشکەوەبووی حەوشەی پشتەوەی بیمارستانەکە منیان هێنایەوە قاوشەکە، دەستیان دایە بن باڵەکانم و لەسەر قەرەوێلەکەم پاڵیان خستم، پەتۆکەیان لەژێر

قاچەکانمەوە دەرهانی و دایانپۆشیم، فەرمانیان پێکردم کە وەختی خەوتنە و دەبێ بنووم، کە جێیانهێشتم من لەژێر پەتۆکەدا دڕکم لە ئەژنۆکانم دەردەهانی.

سەرەتا لەقاوشی منداڵەکان بووم، کە سمێڵم گووگرە بوو... گواستمیانەوە قاوشی مێردمنداڵەکان، کە گەیشتمە تۆغیانی ئەوەی ردێن بتاشم هێنامیانە قاوشی پیاوەکان.

قاوشەکانی کچەکان و ژنەکان و پیرەژنەکان جیا بوون، بەڵام بۆ هەمیشە تێکەڵ دەبوون. من نەمدی بوو... بەڵام لە هاوڕێکانم بیست... نا... من درۆ دەکەم، لەم بیمارستانەدا هیچ هاوڕێیەکم نییە، من لە نەخۆشەکانم بیست کە قاوشی وا هەیە هەرهەمووی ئافرەت یان پیاوی کەڕولاڵن، هی کوێرەکانیش جیان، کەس نەیدەوێرا توخنی قاوشی وەرەمدارەکان و سیلدارەکان بکەوێ، یان قاوشی ئەو پیاوانەی سوزەنکیان هەبوو، ئارامترین قاوش بۆ من قاوشی ئەو پیاوانە بوو کە شێرپەنجە هەناوی دەخواردن، کەچی ئەوان وەک ئەوەی خەویان لێبکەوێ: هێدی و هێمن دەمردن.

بیرم نایە و بڕوا ناکەم بۆ تەنیا شەوێک ئاسوودە و ئارام خەوتبێتم، شەوان بەدەم هاوار و ناڵە و نرکەی نەخۆشەکان هەراسان دەبووم و خەوم دەزڕا، جگە لە کونی چاوم، هەموو ئازای جەستەم دەرزی ئاژن بوو، من نەمدەزانی بۆچی ئیفلیجێکی وەکو من لە بەیانییەوە تا شەوخەوتنان شرینقە لەسەر شرینقەم لێدەدەن، پزیشکەکانیش پتر لە کەڕولاڵ دەچوون، قەت نەبوو جارێک لە جاران، گەر بەهەڵەش بێ یان رێکەوت وەڵامی پرسیارێکم بدەنەوە، جارێکیان پیرە نەخۆشێک کە هەر لەو بیمارستانە لە دایک ببوو، سوێندی خوارد کە پزیشکەکان دەمیان دووراوەتەوە، پێی دەوتم: ئەگەر ئەمجارە دەرزییان لێدای، لێیان ورد بەرەوە، لەودیو دەمامکانەوە دەمی دووراویان دەبینی، بڕوام نەدەکرد... تا رۆژێکیان هەر بەرێکەوت پەتی بەستراوی پشت سەری پزیشکێک پسا و دەمامکەکەی کەوتە سەر عارەبانەکەی بەردەستی کە پڕبوو لە چەقۆ و نەشتەر و مقەست و پەمۆ و دەرزی و خامی خوێناوی، پزیشکەکان و پەرستارەکان حەوسەڵەی ئەوەیان نەبوو کە بەئاماژەش پێمان بڵێن: دەرپێ داکەنە، کراسەکەت هەڵکە، بکەوە سەردەم، قۆڵت رووت کە، هەر بەسەر جلەکانەوە دەرزییەکانیان تێڕادەکردین، کە پتر لە گەستنی دووپشکێک دەچوو، بۆنی داو و دەرمان هەراسانی کردبووین، ناڵە و نرکە و هات و هاواری دەردەدارەکان، کتوپڕ پزیشکێک بەهەڵەداوان دەهات و دەرزییەکی لە یەکێ لەو نەخۆشە دەم بەهاوارە دەدا و خپ دەبوو، وامان دەزانی دەرزیی خەوتنە، کەچی نیوەشەوێکی درەنگ چواردەستە هەڵیان



دەگرت و دەیانبردە دەرێ، دەنێو تاریکیدا، کەس نەزانم؛ متیل و بەرگە سەرین و دۆشەگ و پەتۆ چڵکنەکانیان دەگۆڕی و هی تازەیان دەهانی، ئەو ناوەیان لە خوێن و میز و رشانەوە و گوو پاک دەکردەوە، لە چاوتروکانێکدا چواردەستە نەخۆشێکی دیکەیان دەهانی، نیوەمردوو پاڵیان دەخست و دەنێو نرکە و ناڵەی ئێمەدا جێیان دەهێشت.

کەسمان ناوێکی نەبوو، هەر یەکە و بەجۆرێک بانگ دەکراین: هێی شەلەی قون خوار، فەلەج، خێلە، کەڕیڵە، لاڵە پتە، مل خوار، بێ قوون، قەمبوور، مەزمەعیل، نۆپل، میزکەر، بێ دەمار، سیرمە، لاسوتاو، گۆجە... دەیەها ناوی وا کە دیسانەوە وەبیری دەهێنایینەوە کە ئێمە لەم بیمارستانەدا نەخۆشی ئەبەدین.

هەر کە فامم کردەوە خولیای دۆزینەوەی باوکم لە کەللەی دام، وەلێ مەحاڵ بوو لەو بیمارستانەدا بگەم بەو خەونە دێرینە، هەر لەوساوە تا هەنووکە، هەر بۆ مەزاق، نەخۆشەکانی دیکە سەدەها کەسیان کرد بەباوکم، هەمووشیان لەو نەخۆشە نیوەمردووانە بوون کە بەپەلە دەبرانە هۆڵی نەشتەرگەری و نەدەهاتنەوە دەرێ، ئەو سەدەها جارە بۆنی خوێناوی یەکە یەکەی ئەو پیاوانەم دەبردە ژێر پەتۆکە و بەسەریدا دەگریام، دەگریام بەسەر بۆنی باوکە ساختە و درۆکان، دەگریام بۆ مەرگی ناوادە و کتوپڕیان، ئەو پیاوانەی بەپرتاو بەبەردەمی قاوشەکەی ئێمەدا رووەو مەرگ رادەفڕێنران، کەس نەبوو لەو بیمارستانەدا دوو سێ جار سکی هەڵنەدڕابێ، بەبیانووی نەشتەرگەری دڵ، گورچیلە، گەدە، بەبیانووی سندان و شێرپەنجەی جەرگ و ناو هەناوەوە... هەرهەموویان دڵ و گورچیلە و سی و جگەر و ئەندامانی دیکەی لەشمان گۆڕابوو، نەخۆشی وا هەبوو تا بەیانی گینگڵێ دەدا و دەگریا و پڕ بەقاوشەکە هاواری دەکرد:

(ئەی هاوار خەڵکینە... من دەمێکە دڵم دزراوە!).

یەکێکی دیکە واهیمەی چاوگۆڕین وا شێتی کردبوو، شەوان یەکە یەکەی نەخۆشە هیلاکەکانی لە خەو هەڵدەستاند و بەتیشکی چرایەکەوە لە چاوانیان ورد دەبۆوە. نەخۆشەکان بەچرپەوە بەیەکدیان دەوت: ئێمە لێرەین تا بازاڕی گورچیلە و دڵ و زراو فرۆشتن لە مەملەکەتێکی دیکەدا گەرم بێ، مەملەکەتێک کە پڕە لە شەقام و رووبار و دارستان و مەردوومی تەندروست، هەر بۆیە قەمبوورێک بەفیزێکەوە بەناو قاوشەکەدا پیاسەی دەکرد و هەمیشە بەدەم وڕێنەوە دەیوت:

(من یەک گورچیلەم ماوە... گورچیلەیەکی من بەپادشای مەملەکەتێک فرۆشراوە!).

شەوانی پڕ لە نرکە وناڵە و کۆکین و گریانی ئێمە کۆتایی نەدەهات، تەنیا وەختێک کە خۆشبەخت دەبووین، ئەو وەختە بوو کە پیاوێکی کەڵەگەت و نورانی دەهات، بەخۆ و بەجبەیەکی ڕەش و مێزەرێکی سپی و کتێبێک بەبن باڵییەوە، لەتاو بۆنی ناخۆشی قاوشەکان دەمامکی دەبەست، لە پشت دەمامکەکەوە، بەدەنگێکی خنکاوەوە، شەوانی پڕ دەکردین لە خەونی خۆش، خەونی وا کە قەت حەزمان نەدەکرد لێی وەئاگا بێین، بەڵێنی پێدەداین کە لە پاش مردن دەچینە شوێنێک ناوی (بەهەشت)ە، لەوێدا نە شەل هەیە و نە کوێر، نە کەڕ هەیە و نە لاڵ، نە لەدایکبوون هەیە و نە مەرگ، باخێکە پڕ لە میوە و جۆگەی شیر، بەقەد ژمارەی ئەو ئاخ و حەسرەت و هەناسە ساردانەی بۆ ئەو کچ و ژنە نەخۆشانەی ئێرە هەڵیدەکێشن، ئەو کچ و ژنانەی بەتەنیا لە پشت پەنجەرەکانەوە دەیانبینن، لەوێندەرێ هەر پەریزادەیە و لە بن درەختێکدا ڕێت پێدەگرێ، یەکە یەکە بەسەر قەرەوێلەکاندا دەگەڕاو دەستی میهری بەسەر تەوێڵی ئارەقاویماندا دەهێنا و وەک کۆمەڵێ منداڵی کفت و ماندوو دەیخەواندین و دەیچرپاند:

(بنوو ڕۆڵەکەم... بەقەد برینی لەشت، لەو باخە دوورەی بەهەشتدا... گوڵ و پەریزادە چاوەڕێتە...!).

دەخەوتین هەمیشەش لەناو لەپی ئەودا بۆنی جێماوی ئەگریجە و پەرچەمی ژن و کچە نەخۆشەکانی ناو قاوشەکانی دیکە کاس و وڕی دەکردین، ئەو بۆنەی نەخۆشی و مەرگیش نەیکوشتبوون.

خودایە... چەندە بەغیلیمان بەو پیاوە دەبرد کە بۆنی ژنی لێدەهات، هەر دەتوت تارماییەکی جوانی ناو خەونەکانە... دێ و دەڕوات.

شەوەهای شەو، دوای سەفەری ئەو، من خەونم بەو بەهەشتەوە دەبینی، بەڵام هەزار ئەفسووس... لەوێش نەمدەتوانی بەپێی خۆم بڕۆم، هەمیشە وەک هەنووکە ئیفلیج و بەسەر چەرخەکەمەوە بەند بووم، کە دەگەیشتمە جۆگەلەی شیر و هەنگوین، ئەوەندە تینوو دەبووم کە ناچار بووم خۆ دووقەد کەمەوە و بنوشتێمەوە، سەنگم نەدەما و ڕووەو قووڵایی جۆگەلەکە سەرانگرێ دەبووم و دەنێو هەنگوینێکی لینج و تاڵدا دەخنکام، لەتاو خنکانی خۆم ڕادەپەڕیم، جارجاریش دەمدی: کچێک کە کراسێکی شین و زۆر تەنکی لەبەردا بوو، بەنێو گوڵزارەکاندا، بێ ئەوەی پێی بەر چیمەنەکە بکەوێ، ڕایدەکرد و تاوێ دەفڕی، بەخۆم و چەرخەکەمەوە دوای دەکەوتم، ببڕای ببڕ نەمدەگرت، هەموو جارێک لە نێو بێشەڵانێکی



چڕدا لێم بزر دەبوو، دەگەڕام... دەگەڕام، کەچی کتوپڕ پڵنگێکی بەڵەکم لێپەیدا دەبوو، بەیەک قەڵەمباز تاوی دەدامێ و دەیخوارم، دەنێو کەڵبەکانی وەئاگا دەهاتم.

بە عەزرەتەوە بووم جارێک لە جاران دایکم میوانی خەونێکم بێ، تا دەبوورامەوە و دەخەوتم دوعام دەکرد و دەگریام... کەچی هەرگیز نەدەهات، نەک هەر من... بگرە هاوەڵەکانیشم پڕبەدڵ تێر دایکی خۆیان نەدی بوو، بۆنیان نەکردبوون، ساڵی یەک دوو جار بەپەلە کۆیان دەکردینەوە، یەک دوو باوەش و ماچی بەپەلە و چەند تکە فرمێسکێک و هەناسەی سارد و دڵ داخورپان... ئیدی هەر کەسە و قاوشی خۆی، ئەو تەنیا وێنەگرەش کە بەقاوشەکاندا دەسووڕایەوە، بەخۆ و بەکامیرای فلاشدارەوە، تەنیا ئەو وەختە وێنەی نەخۆشەکانی دەگرت کە پزیشکەکان دەیانزانی هەرچەند سەعاتێکی دیکەیە و دەمرن، ئەو وێنانەش دەخرانە ناو فایلەکان و لەپاڵ هەندێ زانیاری و مێژووی پەیوەندیدار بەو نەخۆشانەوە فڕێ دەدرانە ناو دۆڵابەکانەوە، هەر ساڵە و جارێک دەماندی، دەنێو حەوشەی بیمارستانەکەدا گردێک لەو فایلانە هەڵدەدرانەوە و دەسووتێنران، ئێمەش لەودیو پەنجەرەکانەوە، سەرکز و مەلوولانە، لەو گڕە بڵندە ڕادەماین کە بەلرفەلرف ئاسمانی بیمارستانەکەی پڕ دەکرد لە دووکەڵ، ئەو شەوە خەومان دەزڕا و لەژێر پەتۆکاندا دەگریاین، دەمانزانی ڕۆژێک دێ و هەریەکەمان دەبێ بەفایلێک و دەسووتێ، کەس... هیچ کەس بەناوونیشانمان نازانێ، ڕۆژی دواتر، بێجگە لە من، نەخۆشەکانی دیکە دەچوونە سەر خۆڵەمێشی جێماوی پاش سووتانی فایلەکان، هەر بەرێکەوت لەتە وێنەی مردووەکان و پەڕەی نیوەسووتاوی پڕ لە شەڕە پشیلەی پزیشکەکانیان دەدۆزییەوە، کەچی قەت نەبوو جارێک لە جاران بەرێکەوتیش بێ نەخۆشێک وێنەیەکی نیوە سووتاوی دایک و باوکی دەنێو ئەو خۆڵەمێشەدا هەڵبگرێتەوە، وێنەکان وا ڕەش هەڵدەگەڕان کە زۆر بەزەحمەت خاوەنەکەی بناسرێتەوە.

هەر لەم بیمارستانەدا خوێندنەوە و نووسینیان فێر کردین تا بتوانین خشتەی خواردن و دەرمانەکانمان بزانین، جگە لە مێژووی دەرد و درمەکان هیچی دیکەمان نەدەزانی، دەشمانزانی یەکەمین دامەزرێنەری بیمارستانەکە کێ بووە، ئەو پیاوەی کە وێنەیەکی گەورەی لە هەرهەموو قاوشەکاندا، بەدیوارەوە و لەنێو چوارچێوەیەکی زێڕینەدا هەڵواسرابوو، وێنەیەک لەو وێنە کۆنانەی کە پڕە لە سام و ترس و هەیبەت، سمێڵ و ڕیش تێکەڵ، ماش و برنجی، دوو چاوی گەش و کراوە کە پڕبوون لە پڕشنگێکی تێکەڵ لە میهر و توورەیی. دوا سەربوردەی ئەو پزیشکەش ئەوە بوو کە تا هەنووکەش ماوە و سەرگەرمی

دامەزراندنی دەیەها بیمارستانی دیکەیە، پیریی پەکی نەخستووە، بیمارستانی وا کە لەوەی ئێمە گەورەترن، ئەم پیرە پزیشکە بەدەستی خۆی حیکمەتێکی نووسیبوو کە بەسەر سەری هەرهەمووومانەوە هەڵواسرابوو:

(ئەم دونیایە جگە لە بیمارستانێکی گەورە هیچی دیکە نییە!).

بیستمان کە خۆی دەست و قاچێکی دەستکردن.

ساڵی جارێک مامۆستایەکی پیر و کەنەفت دەهات و یەکە یەکە ئیمتحانی دەکردین: لە مێژووی پەیدابوونی دەرد و درمەکان و ناوی دەرمانەکان، چۆنیەتی بەکارهێنانیان، رەنگەکانیان، تامەکانیان، بۆنیان، تەمەنی گیرانەوەیان و بەسەرچوونیان، ئێمە کە ناوی خۆمان نەدەزانی، دەبوو ناوی هەرهەمموو دەرد و دەرمانەکان بزانین و ئەزبەریان بکەین، ناوی هەموو ئەو پەرستار و پزیشکانەی لە خزمەتی ئێمەدا مردن و ئەوانەشی کە ماون، زۆر بوون ئەو نەخۆشانەی لە ترسی دەرنەچوون و سزا نیوەشەو دەمردن.

کەسمان رووخساری خۆی نەدەدی، کەس لەتە ئاوێنەیەکی پێ نەبوو، زوو زوو بەیەکدیمان دەوت:

(ئەرێ چۆنم دەبینی؟).

(باشم؟).

(پیر نەبوویمە؟).

(سەر و ردێنم سپی نەبووە؟).

(زۆر لاواز نەبوویمە؟).

(رەنگی چاوم چۆنە؟).

وەڵامەکانیش، هەرگیز، دڵخۆشکەرە نەبوون، کەس نەبوو بەزەیی بەوی دیکەدا بێتەوە و درۆیەک هەڵبەستێ.

شەوانە درەنگ، سەروەختی پشووی پزیشکەکان و پەرستارەکان، هەرجارە و دوو سێ گەنجی چاونەترس و سەرکێش، کە بۆ دواجار بۆنی مەرگ ئازای دەکردن، لەنێو ئاودەستەکانی پشتەوەی قاوشەکان ژوانیان لەگەڵ ئەو کچە نەخۆشانە دەبەست کە هالاوی بۆگەنی مەرگ لە دەمیانەوە دەهات، هەرلەوێ... زۆر بەپەلە، بێ ئەوەی کەس دەموچاوی ئەوی دیکە ببینێ: دوو سێ ماچی بۆگەن و دەستلەملانێیەکی بەلەرزە لەرز و مردووانە،



راموسانێکی بەپرتاو، دەست گۆج بوون بەدەم داکەندنی بەپەلەی دەرپێ و هەڵدانەوەی کراسەکانەوە، دوو سێ حینگ و خۆراتەکاندن و ئاهێکی پڕ لە شەرم و خنکاو و راکردنەوە بۆ ناو قاوشەکان. جاروبار تاوەکو ئاسوودە بن و بەکاوەخۆ دەست لەملانێی یەکدی بن، ناچار، ژوانیان لەو هۆڵە گرێ دەدا کە پڕبوو لە تەرمی مردووەکان، لەوێدا خۆیان دەگرخاند و درەنگتر دەمانەوە، پیاوەکان دەیانتوانی دەنێو تاریکیدا دەست لە سینە و مەمکی ژنەکان بکوتن، کوێرانە هەر دە پەنجە بەرەڵڵا بکەن تا وردە ئاکار و رووخساری ماندووانەی ئەو کچ و ژنانە سەح بکەنەوە، تاوەکو دڵنیا بن لەوەی کە دۆستی یەک شەوەیان تارمایی و رۆحی مردووەکان نین، بەڵکو ئەوەتا لووت و گوێچکە و چەناگە و دەم و لێو و قژیان هەیە. هەندێ جار لە شەوانی زۆر تاریک و ئەنگوستەچاودا پیاوەکان پەلیان دەکوتا و بەسەر ژنە مردووەکاندا دەکەوتن و ئەو تەرمە ساردوسڕانە لەژێر قورسایی پیاوەکاندا دەیاننقاند، هەندێکیان لە گەرمەی راموساندا بەسەر تاڵترین حەقیقەتدا وەئاگا دەهاتن، ئەوکاتەی یاساوڵەکە بەچرایەکەوە دەهات و دەیدی پیاوەکان چوونەتە گژ ژنە مردووەکان، ئیدی لەگەڵ قریشکەی یاساوڵەکە چاویان دەکردەوە، چی ببینن؟ خۆیان دەبینی وا دەمیان خستۆتە ناو دەمی تەرمەکان و زەندەقیان دەچوو، لەژێر ورگی پەنماوی ژنەکانەوە سەرەتاتکێیان دەکرد، ئیدی دوای ئەوە بەدەم دەردێکەوە دەتلانەوە کە بگرە پزیشکەکانیش هیچ شتێکیان لەمەڕ ئەو دەردە نەدەزانی: سەرەتا بەلێوهەڵوەرین دەستی پێدەکرد، پاشان ددان کەوتن و دواجاریش بەهەڵوەرینی پەنجەکان کۆتایی دەهات.

ئەوە بەتەنیا من بووم کە نەمدەتوانی لەسەر چەرخەکە راست ببمەوە و لەسەر هەردوو پێ بوەستم و کچۆڵەیەکی شەرمن و نەخۆش راموسم، هەمیشە زوو دەخزامە ناو پێخەفەکەم بەو ئومێدەی خەوم لێبکەوێ و ئەو پەریزادە کراس شینە لە خەونەکانما وەدەربکەوێ، منیش بەسەر چەرخەکەمەوە راوەدووی بنێم، کەچی هەموو جارێک دەنێو بێشەڵانەکەدا لێم بزر دەبوو، دواجار دەبۆوە بەپڵنگە بەڵەکەکە و پەلامارێک و دەکەوتمە ژێر کەڵبەکانی، هەمیشە لەگەڵ زریکە و هاواری نیوەشەوانی من نەخۆشە نیوەمردووەکان رادەچەنین، کەس... هیچ کەس خەونێکی خۆشی نەدەدی، ناچار هەندێکمان دەبوو درۆ بکەن و مۆتەکەکانیان بگۆڕنەوە بەخەونی خۆش، لەوەدا تەنیا کەسێک کە حەکایەتخوانی خەونە جوان و پڕ درۆکان بوو کوڕە لاوێکی نابینا بوو، بەبازنەیەک لە نەخۆش گەمارۆمان دەدا، بەدەم گێڕانەوەی خەونەکان هەرهەموو ئازای جەستەی دەجووڵاند، هەردوو ئەبرۆ و برژانگەکانی، بەهەردوو دەست و هەردوو قاچەکانی دەدوا، خۆی وێک دەهێنایەوە، گرمۆڵە

دەبوو تا پڕ چنگێکی دەمایەوە، پاشان خۆی لێکدی دەکێشایەوە وەک خەرتەلێک کە بیەوێ بفڕێ و باڵەکانی لێکدی دەدا، دواجار کە دەگەیشتە دوا رستەی خەونە ساختەکەی بەهەردوو چنگ قژی پڕی خۆی دەردەهانی، هەندێک لە نەخۆشەکان ببڕای ببڕ خەونیان نەدەدی، بۆیە ناچار دەبووین بۆ چەندین جار خەونەکان بۆ ئەو نەخۆشە بێ خەونانە بگێڕینەوە، پزیشکەکانیش بەعەزرەتەوە بوون کە بزانن ئێمە چ خەونێک دەبینین، لە دەفتەرێکدا ورد و درشتی خەونەکانی ئێمەیان دەنووسییەوە، هەندێ جار شێتانە دەستیان رادەوەشاند... یانێ ها: دووبارە و... سێبارەی بکەرەوە، خەیاڵی پڕ لە فیشاڵ و خەونی درۆ و شپرزەیی و ترسمان لە پزیشکەکان وای لێدەکردین کە لە ناوەڕاستی گێڕانەوەی خەونەکاندا لاڵ بین.

وەڕسی و بێزاری لە خەون و خولیای درۆ، لە دەرمان و دەرزی، لە بینینی مەرگی سەدەها هاوەڵ، لە پیاسەی ناو قاوش و ڕاڕەوەکان، لە ژوانی ژنە مردووەکان، لە هەڵاتن و نەگەیشتن بەمەملەکەتەکانی ئەودیو شوورە بڵندەکانی بیمارستان وایکرد تاک و تەرا خۆ بکوژن: لە ژەهرەوە بیگرە تا دەگا بەخۆخستنە خوارەوە لە سەربان، زوو زوو چنگێک حەبیان لە دەست یەکێک دەردەهانی، هەبوو خۆی بەقولاپی بنمیچەوە هەڵدەواسی، هەبوو تەلەکانی پاش نەشتەرگەری دەپچڕاند، یان دەمامکی ئۆکسجینی وەلادەدا، یان بەگوێزانێک شادەماری مەچەکی چەپی دەقرتاند یان سۆندەی خوێنەکەی. زۆر شەو لە شاتەشات و داد و فیغان و زریکەی لەناکاوی ژنەکان وەئاگا دەهاتین، گریانی سەدەها منداڵی زەندەقچوو... ئەو وەختەی ژنێک بەباڵایەک لە گڕەوە بەنێو قاوش و ڕاڕەوەکاندا دەسووتا و غاری دەدا، پیاوان لە خەو رادەچەنین و توخمی ژنیان بەنەفرەت دەکرد کە نازانن چۆن خۆ بکوژن، لەودیو تەلبەند و شیشەکانەوە، لەودیو دیوار و دەرگا و پەنجەرەکانەوە هاوەڵەکانم ماچی مردوویان بۆ کچە نەخۆشەکان هەڵدەدا، ئەوانەی کە بەدەگمەن دەوێران بچنە ژوانی ناو ئاودەستخانەکانەوە، لەو دوورەوە، هەر بەتەماشا... بەنیگای زەرد و مردووانەوە لە تارمایی یەکدی رادەماین، ئەو وەختەی لەژێر درەختەکانی بیمارستانەکەدا بەدرۆی هەناسە هەڵمژینێکی پاک خۆمان لە قاوشەکانی ژن و کچەکان نزیک دەخستەوە.

بەیانیان زوو... بۆمان هەیە لە خەو هەڵسین و لە پەنجەرەوە لە کوژرانی کازیوە و ڕەوینەوەی تەمی بەیانی و گزنگی کز و شەرمنی خۆرهەڵاتن ببینین، پاشان هەرهەمووان لە بەردەمی ئاودەستخانەکاندا گرد دەبینەوە و چاوەڕێی ئەو نەخۆشانەین کە ماوەیەکی درێژتر



لەوەی کەسێک بتوانێ چاوەڕێ بێ... دەبێ چاوەڕێ بین... چاوەڕێی ئەوانەی یان سکیان دەچێ و ڕەوانن یان قەبزن و دەنقێنن، سەرلەئێوارانیش تا خۆر دەکەوێ لە زەردەپەڕ دەڕوانین، ئەوەیان ڕەنگی پەڕیو و زەردمان زەردتر دەکات و هەرهەموومان لەگەڵ ئاوابوونی خۆر ئاوابوونی رۆژێکی دیکەی تەمەنی خۆمان وەبیر دێتەوە... ئەو رۆژە پڕ دەردانەی لەو بیمارستانە بێهوودە بە(با)ی دەدەین... بۆچی و لە پای چی؟ کەس نازانێ. هەندێکمان کە دواجار خۆر لە دەم کەل ئاوا دەبێ و هێدی هێدی تاریکی دەڕژێ وا بەکوڵ دەگرین تا نیوەشەو ژێر نابنەوە، ئەوانە ئەو نەخۆشانەن کە بڕوا ناکەن بەیانی بۆ جارێکی دیکە خۆر هەڵبێ و ئاسمان و بیمارستان رووناک ببنەوە، ئەوانەن کە زەندەقیان لە تاریکی چووە و تا نەبوورێنەوە خەویان لێناکەوی، بەختەوەرترین نەخۆش ئەو کەسە بوو کە بێ داو و دەرمان، بێ دەرزی، بێ گریان بنوێ، بێ خەونی ناخۆش و نرکە و ناڵە و پرخاندن، هەندێ شەو لەسەر پرخاندن و ناڵە و هاوار و گریانی نەخۆشەکان دەبێ بەشەڕ و تا بەیانی کەس ناسرەوێ. چەندەها جار هەر لەسەر ئەوەی کە نەخۆشێک لووتی گیراوە و دەپرخێنێ، بەدە نەخۆشی دیکە دەیانخنکاند، سەرینێکیان دەخستە سەر دەم و هەناسەیان لەبەر دەبڕی، خۆر ئاوابوون زێدە غەمناک و جەرگبڕە، چونکە مەرگی ئەو هەموو دۆست و هاوەڵانەمان دەهاتەوە یاد کە لە قاوشەکانەوە چواردەستە لاشەکانیان لەسەر قەرەوێلەکان هەڵگیران و فڕێدرانە سەر تەختەی ساردی ناو هۆڵی تەرمەکان. شەوان کە دوا مۆمی قاوشەکەمان دەسووتێ و ئیدی دەکوژێتەوە و کەس ئەوی دیکە نابینێ، کوڕە جحێلەکان دەکەونە سەردەم و بەزیکە زیکێکی نارێک هەرهەموو ئاسمانی قاوشەکە پڕ دەبێ لە هەرا و دەنگە دەنگ، تا دێ زیاتر هەوا پڕ دەبێ لە هەناسە و هانکە هانک، لە پاش تاوێکی درێژ پیاوە پیرەکان وەڕس و بێزار و داخدار جنێو بەتوخمی نێرینە دەدەن... بەتاریکی... بەو شەهوەتەی ناهێڵێ مرۆڤ ئاسوودە و ئارام بنوێ، لەناکاو ئەو زیکە زیکە نەدەما و هانکە هانکی کوڕە دەردەدارەکان بەوە کۆتایی دەهات کە قاوشەکە بۆ چەند چرکەیەک کپ و خامۆش دەبوو، جگە لە کۆکە و قرخەقرخ و خیزەی سینگی هەناسەسوارەکان و ناڵەی کتوپڕی نەخۆشێک هیچی دیکەت نەدەبیست.

ناخۆشترین شەوانێکی ئەو بیمارستانە ئەو شەوانەیە کە ساڵی دوو سێ جار چەندین لاوی لە خوێنگەوزیودا بەپرتاو دێننە ناو قاوشەکانەوە، فڕکان فڕکان بەسەر عارەبانەکانەوە دەیانهێنن و دەیانبەن، هیچ شتێک نامێنێ خوێناوی نەبێ، کەسیش نازانێ لە کوێوە هاتوون، سک دڕا و سەر و گوێلاک شکاو، ئیدی لەو شەوانەدا نرکە و ناڵەی بەردەوامی

ئەو بریندارانە هەرهەمووومان هەراسان دەکات، زەویی بەرپێیان بۆنی خوێنی لێدێ و ڕەنگی خوێن بەسەر هەموو شتێکەوە دەنووسێ، لە پاش تیمارکردن... دوای سێ چوار مانگ کە دەهاتنەوە سەرخۆیان، لە پاش چەندین نەشتەرگەریی قورس، ئەو وەختەی پرسیارمان لێدەکردن، هیچیان بیر نەمابوو، سەرسام و ئەبڵەق لێمان ورد دەبوونەوە، رادەمان و بەس، کە پرسیاری زۆرترمان دەکرد دەیاندایە پڕمەی گریان و ژێر نەدەبوونەوە، کە ژێریش دەبوونەوە بەدەم هەنسکەوە ئەوەندەی نەدەما سەریان بەرەگی ملەوە دەربێ.

من تەنیا کەسێکم لەم بیمارستانەدا کە بەدزییەوە و لە دەفتەرێکدا هەموو ئەو خەم و خوێناوە تۆمار دەکەم، تەقەت لەژێر سەرینەکەمدا دەیشارمەوە، ئەو دەفتەرەم ئاسان دەست نەکەوت... یان با بڵێم دەفتەرەکان، لە پاش تکا و پاڕانەوەیەکی زۆر بەزەیی پەرستارێکی چاوڕەش و سپیکەلانە دەجوولێنم، هەموو جارێک کە دەفتەرێکم دەداتێ... پێم دەڵێ:

(بە مەرجی ئەوەی چی تیا دەنووسیت و چی رەسم دەکەیت... من بیبینم!).

هەڵبەت بەڵێنی پێدەدەم، کەچی کە دوا لاپەڕەی دەفتەرەکە رەش دەکەمەوە و ئاسوودە دەنووم، کە بۆ بەیانییەکەی دەست دەبەم دەفتەرەکە بدۆزمەوە... کەچی دەبینم لێیان دزیوم، بەهەزار ترس و نقەنق و فەلاکەتەوە یاداشتەکانی خۆم دەنووسمەوە، خەونەکانی خۆم، ترس و شەرم و دوودڵیم، هی هاوەڵەکانم، ژمارەی ئەو نەخۆشانەی لە ڕۆژێکدا، لە هەفتەیەکدا، لە مانگێکدا دەمرن، ئەوانەی بەبرین و بیمەوە تازە دێن و قاوشەکان پڕ دەکەن لە هەراوهەوای مەرگ، ناوی دەرد و درمە تازەکان کە قەت نەمبیستوون، دەرمانی کۆن و تازە، وەلێ بەر لەوەی دوا رستە تۆمار بکەم و قفڵی دەم: ئەو دەفتەری یاداشتەم لێدەدزن... کێ دەیدزێ؟ نازانم، هەموو جارێکیش بەسەر چەرخەکەمەوە بەناو قاوشەکە و ڕاڕەوەکاندا دەخولێمەوە و هاوار دەکەم:

(کێ دەفتەرەکەی دزیوم؟).

کەس وەڵامم ناداتەوە، وەک ئەوەی هەرهەمووان کەڕ و لاڵ بن.

پڕ بەئاسمانی قاوشەکە دەقیژێنم و جنێو دەدەم:

(بێ شەرەفینە... دەفتەرەکەم بدەنەوە).

لەتاو قیژەی ناقۆڵای من هەرهەموو نەخۆشەکان کاس دەبن و لەژێر پەتۆکانەوە سەر دەردێنن و شێتانە لێم ورد دەبنەوە و پاشان پاڵ دەکەونەوە.

دواجار یاساوڵێکی کەتە و چەتەوڵ بەشەپازللەیەک پەناگوێم ئاگر دەدا و چاوانم پڕ دەبن



لە گریان، وڕ و کاس دونیام لە بەرچاو تاریک دەبێ، جنێوی پیس بەدایک و باوکم دەدا، وەک مەلۆتکەیەک هەڵمدەگرێ و فڕێم دەداتە سەر پێخەفەکەم، تاوێک و پەرستارێک دێ و دەرزییەکم لێدەدا تاوەکو بسرەوم، جارێکی دیکە بەدەم تکا و پاڕانەوە دەگریم و داوای دەفتەرێکی دیکەی لێدەکەم، گومان لە دزینی ئەو هەموو دەفتەرە دەکا و... کەچی دواجار دڵی نەرم دەبێ...

دەفتەرێکی دیکە و پڕکردنەوە و دزینی و شێتبوونی من و دەرزییەکی دیکە و سرەوتن و... هەستانەوە و پاڕانەوە و دەفتەرێکی دیکە و دزینی و دەرزی و سرەوتن و... دەفتەرێکی دیکە و... دیکە و... دیکە و... دزینیان...

خودایە هاوار... چەندە شەیدای ئەوە بووم مێژووی ئەو بیمارستانە و نەخۆشەکانی بنووسمەوە، بکەومە دوای نرکە و ناڵەکان، هەناسە مردووەکان، چەندە حەزم دەکرد وشەکانم بۆنی خوێنیان لێبێ، زەردبن وەک رووخساری سیلدارەکان، رستەکانم درێژ بن وەک شەوانی درێژی خەوزڕان، قووڵ بن قسەکانم وەک برینی قووڵی گەنجە لە خوێن گەوزیوەکان، شێتانە ژمارەی کۆکینی پیرەمێردێکم تۆمار دەکرد ئەو وەختەی بۆ هەناسەیەک لە ئێمە و خودا دەپاڕایەوە و... نەدەهات، زریکەی بێ ئامان و بێ شوماری ژن و کچە نامرادەکان، ژمارەی ژوانی بەپەلە و پچڕاوی ناو ئاودەستخانەکان، هەڵاتنی ئەو نەخۆشانەی قەت نەدەگەیشتنە ئەودیو شوورەی بڵندی بیمارستان، دەمویست بیخەمە ناو دەفتەرەکەم: هەرهەموو ڕۆندکە ڕژاوەکان، ڕەنگی کەم بەمۆرێکی تۆخ حەژمەتی کچە تەنیاکان، بیاننووسمەوە هەرهەموو مۆتەکەکان... وەلێ هەزار ئەفسووس... لەوە دەچێ پزیشکێک، پەرستارێک، برینپێچێک یان یەکێ لە نەخۆشەکان بەنهێنیی ئەو دەفتەرەم بزانێ، بەنهێنیی ئەو لەزەتەی کە لە بیرمی دەباتەوە: من ئیفلیجم، لەوە دەچێ بەخەنی و خۆشی و شاگەشکەبوونم بزانن ئەو وەختەی سەرگەرمی رەسم و نووسینەکانم، داخیان ناچێ کە تامۆمی ژوور سەرم نەکوژێتەوە من ناخەوم، لەوە دەچێ بزانن ئەو تۆمارە ناگۆڕمەوە بەژوانەکان... وەلێ قەت نەیاندەهێشت تەواوی کەم تۆمارەکەم، هەر بۆیە کەس، هیچ کەس، تا هەنووکەش بەمێژووی ئەم بیمارستانە نازانێ، بەتەنیا شتێک کە دەیزانین مێژووی ئەو پیاوە پڕ بەهەیبەتەیە کە وێنەی لە هەرهەموو قاوشەکان، بەدیوارەکانەوە، هەڵواسراوە، دامەزێنەری ئەم بیمارستانە، خۆ ژیان و سەرگوزشتەی پزیشکەکان و پەرستارەکان و برینپێچەکانیش هەر پڕ لەغز و پەنهان بوون، کەس نەیدەزانی لە چ زەمانێکەوە لەو بیمارستانەدا نەخۆشین، بۆچی لێرە لە دایک بووین؟ بۆچی لێرە دەمرین؟

بۆچی تا ئەبەد نەخۆشین و ساغ نابینەوە؟ بۆچی بێ ناوین؟ بۆچی شوورەی چوار دەوری بیمارستانەکە ئەوەندە بڵندە کە دەبێ دە نەخۆش پشت بۆ یەکدی دابنێنەوە تا ئەوەی سەرەوە دەستی بگاتە تەلبەندەکان و هەرهەموو جارێکیش بەسەر یەکدیدا بڕمێن.

لە بیمارستانێکی وا گەورەدا هەمیشە بەهەڵەی نەشتەرگەری دەیەها کەس دەمردن، هەبوو گورچیلەی رزابۆوە، کەچی سکیان هەڵدەدڕی و بەدوای ئەو سندانەدا دەگەڕان کە لە گەدەی دابێ، هەبوو دەردە دڵی بوو، کەچی نەشتەرگەری زراویان بۆ دەکرد، هەبوو رۆماتیزم گێڕی کردبوو، کەچی لە گورچیلەیدا بەدوای وردە بەردەکاندا دەگەڕان، هەبوو شێرپەنجە جەرگی دەخوارد، کەچی نەشتەرگەری قورگیان بۆ دەکرد. زۆرجاریش دەبوو بەهەڵلا و مەزاق ئەو وەختەی چەقۆیەک یان نەشتەرێک دەنێو ورگی نەخۆشێکدا جێ دەما، ناچار سەرلەنوێ سکیان هەڵدەدڕییەوە، نەشتەرەکەیان دەردەهانی، کەچی لە تەنگە تاوی مقەستێکیان بیر دەچوو، ناچار بۆ جاری سێیەم سکیان هەڵدەدایەوە، ئەوکاتەی کە پزیشکەکانیش پێیان نەدەزانی، نەخۆشی سک هەڵدڕاو پاش ئەوەی بەنجەکە بەری دەدا شەو و رۆژێک لەسەر سەر دەخولایەوە تا دەمرد.

هەرچەند رۆژێک لەمەوبەر زانیمان کە ئێمە چەندە دزێو و ناشیرینین، چ زوو پیر بووین، زانیمان رەنگی ئێمە و رەنگی مردووەکان چەندە لە یەکدی دەچێ، ئەو حەڵەی چاوانی خۆمان بینی؛ ئەوسا زانیمان کە مەحاڵە گلێنەیەک جێی ئەو هەموو ترسە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، تەوێڵی چرچ و لۆچاویمان، ئێسقانی دەرپەڕیوی هەردوو لا روومەتمان، ئەو رۆژە زانیمان کە چەندە ماندووین، چەندە لەو پیاوانە دەچین کە لە مۆم دروستکراون، ئەو وەختەی توانیمان دوای دەیەها پیلانی ورد و رێک چنراوی شەو و رۆژانمان ئەو لەتە ئاوێنەیە لە گیرفانی یەکێک لە پەرستارەکان بدزین، ئیدی یەکەیەکە نەخۆشەکان لەتە ئاوێنەکەیان بۆ یەکدی رەت دەکرد، هەر نەخۆشە و سەیری رووخساری خۆی دەکرد و دەیزریکاند، بەترسەوە هەڵیدەدایە سەر پێخەفی نەخۆشەکەی تەنیشتییەوە، هەروەک بڵێی پەنگر بێ و هەڵیدا، جارێکی دیکە داوای دەکردەوە، لە رووخساری خۆی رادەما و هۆن هۆن دەگریا، ئەو لەتە ئاوێنەیە هەرهەموو قاوشەکانی کرد، وەک هەر شتێکی دەگمەن و سیحراوی لە شکان و بزربوونی دەترساین، دوای دزینی ئەو لەتە ئاوێنەیە گلەییمان لە یەکدی دەکرد:

(بۆچی نەتوت کە من لە مردوو دەچم؟).

(بۆچی دەتوت: چاوت شینە و دڵت خۆش کردم؟).



(بۆ پێتان نەوتم کە من خێلم؟).

(بۆ نەتانوت کە هەموو سەرم سپی بووە؟)

(دەبوو پێم بڵێن کە لایەکی روومەتم سووتاوە و عەیبدارم).

گلەیی و گازاندەیەکی زۆر، مەسەلە دزینی لەتە ئاوێنەیەک و رووخساری دزێومان نییە، بەڵکو دەبوو بیانوویەکمان هەبێ پێوەی سەرقاڵ بین، کاتێک بێ بۆ رەواندنەوەی وەڕسی و بێزاری، چەندین مانگ تێدەپەڕی و جگە لە مەرگی هاوەڵەکانمان هیچی دیکە نەبوو کەمەکێ سەرگەرممان بکات، هەموو درۆ و هەموو راستییەک بۆ ئێمە چونیەک بوون، ئێمە لە گێچەڵێک دەگەڕاین خۆمانی تیا ون بکەین. پاش چاوەڕوانییەکی درێژ دزینی لەتە ئاوێنەیەک بوو بەبابەتی هەرهەموومان، دەبوو هەر رۆژە و لای یەکێکمان بێ، بڕیارمان دا کە ئەگەر لەلای هەر نەخۆشێک بزربێ، یان نهێنییەکەی بگەیەنێتە دەم پزیشکێک یان پەرستارێک: ئەوە بەهەرهەموومان دەیخنکێنین، چەندە حەزمان دەکرد یەکێک هەڵەی وا بکا و بزری بکات، یان نهێنییەکەی بۆ پزیشکێک رەت بکات، چونکە ئەوسا لەو لەتە ئاوێنەیە رزگارمان دەبێ کە رووی دزێوی خۆمانی پێ ئاشنا کردین، جگە لەوەی کە کوشتنی ئەو نەخۆشە خیانەتکارە دەبوو بەبابەتێکی تازە و چەند شەو و رۆژێک پێی دەژیاین. تا ئەوەبوو رۆژێکیان یەکێک لەوانەی بەدەست شێرپەنجەی گەدەوە دەتلایەوە و نان و ئاوی پێ نەدەخورا؛ هەر بەئەنقەست لەتە ئاوێنەکەی بەردایەوە و شکاندی، ئیدی ئێمە، بۆ هەفتەیەک، هەرهەموو نەخۆشەکان لە ناوەڕاستی قاوشەکە کۆ دەبووینەوە، شەو تەگبیرمان دەکرد چۆن چۆنی بیکوژین و کەس پێ نەزانێ، نەخۆشەکە پەلەی بوو، دە جاران پاڕایەوە کە ژەهرخواردووی کەین، بەعەزرەتەوە بوو تا زووە بمرێ، کەچی ئێمە بەکاوەخۆ پیلانی کوشتنەکەیمان دادەڕشت، خۆی لێی ورد دەبۆوە، خەونی بەو شامەرگەوە دەبینی کە لە ئازار و هەلاهەلابوونی گەدە و داڕزانی رزگاری بێ، هەر رۆژە و پێشنیارێکمان دەخستە بەرچاوان، پێشنیاری وا کە رەت بکرێتەوە، تا بکرێ بۆ ماوەیەکی درێژتر لە بەردەم ئەو گەمەی کوشتنە لەزەت بکەین و خۆ ماتەڵ بکەین، تا دواجار وەڕس و هیلاک بوو، دۆستانە بەوپەڕی میهر و خۆشەویستییەوە تکای کرد هەتا زووە بیکوژین، هەر کوشتنێک کە خۆمان پێمان خۆشە، چونکە هەموو جارێک درەنگی شەو دوا پیلانی کوشتنەکەمان دەخستە بەرچاوی تا ئەویش پێی رازی بێ، کەچی بۆ بەیانی یەکێک لە نەخۆشە پیلانرێژەکان دەیوت:

(نە ء... بەدڵم نییە!)

دواجار بەدەم تلانەوە هاواری کرد:

(ئێوە هەرگیز هاورێ و هاودەردی من نین، ئێوە لە شەرەف و بەزەیی بێبەرین، بۆچی نامکوژن؟ من ناو هەناوم دەسووتێ و هەر دەڵێی سەد پیاو لە ناوەوە شەڕە شمشێر دەکەن، کەچی ئێوەش هەر شەوە و نەخشەیەکی تازەی مەرگم دەخەنە بەردەست، بمکوژن و تەواو... ئەگینا تا ماوم لێتان نابوورم و کە مردیشم گەردنتان ئازاد ناکەم).

وەلێ نا... ئەوەندە بێکار و غەمگین بووین، ئەوەندە دەست بەتاڵ و خانە خەراپ و دەردەدار کە هەرگیز نەماندەویست ئەو هەلە لە کیس خۆمان بدەین، ئەوەندە نەخشەی کوشتنی ئەو نەخۆشەمان هێنا و برد تا خۆی لە حەژمەتان بێ یان لە داخی چاوەڕوانی، یان شێرپەنجە هەرهەموو هەناوی خواردبێ: مرد، مرد و فریای کوشتنەکەی نەکەوتین، ئەوەندەی بڵێی: یەک و دوو... لە چاوتروکانێکدا تەرمەکەیان لابرد و متیل و پەتۆ و بەرگی سەرین و دۆشەگەکەیان گۆڕی، نەخۆشێکی دیکەیان هانی کە کتومت لەو هاورێ مردووەمان دەچوو. پرسیمان:

(تۆ چیتە؟).

ئاماژەی بۆ سەر ناوکی کرد، تێگەیشتین کە شێرپەنجەی گەدەیەتی، خەونمان بەوەوە دەدی چ رۆژێکە و ئەویش هەناوی دارزێ و دەست و پێمان ماچ بکات تا بیکوژین، ئێمەش بەبیانووی دۆزینەوەی شامەرگێکی پڕ لە ئاسوودەگی ئەمڕۆ و سبەی پێ بکەین، ئاخر ئێمە لەو بیمارستانەدا هیچ گەمەیەکی دیکەمان نەدەزانی، جگە لە گەمەی کوشتنی هاوەڵەکانمان، ئێمە بیستبوومان لە بیمارستانەکانی دیکەی ئەم دونیایەدا گەلێ گەمەی سەیر و سەمەرە هەیە، گەلێ گەمەی وا کە نەخۆش ساغ دەکاتەوە، وەلێ بڕوامان نەدەکرد... چونکە لەم بیمارستانەی ئێمە گەورەتر هیچ بیمارستانێکی دیکە نەبوو، وامان مەزەندە دەکرد کە ئێرە هەموو دونیابێ، لەودیو شوورەی ئەم بیمارستانەوە گەر مەملەکەتێک هەبێ؛ ئەوە دەبێ هەر ئەو بەهەشتە بێ کە کابرای نوورانی بەڵێنی پێداوین، دەنا بۆ بیمارستانێکی دیکە و گەمەی زۆر نەدەچووە عەقڵەوە.

شەوێکیان زۆر بێزار بووین، هەرهەموومان کۆ بووینەوە، بیرمان لەوە کردەوە کە مادامەکێ تا ئەبەد لێرە دەژین و دەخۆین و دەمرین وا باشە کە بەدوای گەمەیەکدا بگەڕێین، داوامان لە هەموو نەخۆشەکان کرد کە خەیاڵ بخەنە گەڕ، هەر گەمەیەک کە لەم بیمارستانەدا شەوانی خەوزڕان و رۆژانی پڕ لە تلانەوەمان کورتتر بکاتەوە، هیچ نەبێ تا



دەمرین کەمەکێ خۆش راببوێرین، لەزەت لەو ژیانە کورتەمان بکەین، لە دوای راکێشانی ئەو هەموو تەلبەندە لە نێوان قاوشەکانی ئێمە و هی ژنەکان... ژوانە پڕ لە ترسەکانیش ببوون بەمەحاڵ. ماوەیەک کوڕە جحێڵەکان پێیان دەوتم نامەی پڕ لە عیشق و غەزەلیان بۆ بنووسم، دەیاندا بەو برینپێچە چلێسەی ئامادەبوو بۆ ژەمێک خۆراک نامەیەک رەت کا بۆ قاوشی کچەکان، کەچی قەت وەڵامێکیان بۆ نەدەهاتەوە، چونکە کەسمان ناوی نەبوو، ئەو وەختەی لە برینپێچە چلێسەکە کەوتینە گومان و پرسیمان:

(بۆچی وەڵامی نامەیەکمان دەستگیر نابێ؟).

بێباکانە وتی:

(ئاخر ئەوان فێری ئەلف و بێ نەکراون).

لە نامەی پڕ لە غەزەلی بەتاڵ وازمان هانی.

ماوەیەکیش بوتڵ و شووشەی دەرمانەکانمان کۆ دەکردەوە و پڕمان دەکردنەوە... شووشە و بوتڵەکانمان دەگۆڕییەوە.

هاوەڵێکی نیمچەشێتمان شەیدای کچێکی چاوتیل دە جاران ویستی لە تەلبەندەکان بپەڕێتەوە و بکەوێتە دوای تارمایی کچە کە بەگران لەژێر درەختەکاندا هەنگاوی دەنا و قەت ئاوڕێکی لێنەدەدایەوە، کە زانی کچەی چاوتیل وەک خۆی دووچاری سیل بووە، لە دوورەوە تێی دەڕوانی و دەیزانی تا دێ باریک و بنێس دەبێ، دەیزانی کە هەردووکیان ئەوەندەیان نەماوە بمرن، لە هەنگاوەکانی ورد دەبۆوە و دەیزانی مەرگ وا لەژێر گیا و گوڵی وشکەوەبووی چیمەنەکە، وا لە دەوری هەنگاوەکانی، هەر جارە کە هاواری لێدەکرد و دەیویست لە تەلبەندەکە بپەڕێتەوە، یاساوڵێکی چەتەوڵی لێ پەیدا دەبوو... هەر بەپاڵ تا قاوشەکە دەیهانی... دەگریا و دەیوت:

(دوو رۆژمان ماوە... تەنیا دوو رۆژ... ئاخر بۆ لێناگەڕێن هەناسەی بۆگەنمان تێکەڵ کەین!).

رۆژێکیان سوێندی خوارد کە لەبری نامە دەکرێ شووشەیەک لەو شووشەی دەرمانانە بەتاڵ بکا و بەگوڵاو بیشوات و پڕی بکات لە فرمێسکی خۆی و بەدیاری بۆ کچەی چاوتیل و وەرەمداری بنێرێ، لەسەری بنووسێ:

(بۆ تۆ... فرمێسکەکانم).

ئەی خودا چ شەوانێکی پڕ لە خەم و خەوزڕان و چ رۆژانێکی پڕ لە هاوار بوو، چ

قەهرێکی گەورە، بەر لەوەی شووشەکە پڕاوپڕ بێ لە فرمێسک، کچە مرد و... ئەویش بەدەم قریشکەیەکەوە تا دەستی تیا بوو شووشە فرمێسکەکەی لە پەنجەرەیەکەوە هەڵدایە دەرێ، ئەو شەوە، تا بەیانی گوێمان لە هەنسکی گرت و لەگەڵیا گریاین، بۆ بەیانی کە لە خەو رابووین، شێتەی عاشق سۆمایی چاوانی رژابوون، هەرهەموو چیمەنی باخەکە زەرد و پەژموورده بوو، گوڵەکانیش ژاکاو و مردوو، سەیرە... گەرچی هێشتا پاییز زۆری مابوو بگات، بەڵام من بەچاوی خۆم دیم کە درەختەکان گەڵای زەردیان دەباراند، دەگریا و دەیوت:

(دەبێ فرمێسکی عاشقێکی نەخۆش چی لە باخ بکات؟).

کە کەس وەڵامی نەدەدایەوە، پڕ بەئاسمانی بیمارستان هاواری دەکرد:

(جگە لە کوشتن چی لە باخ دەکات؟).

من لە هەموو ئەو دەفتەرانەی کە لێم دزراون چیرۆکی ئەو عاشقە شێتەم گێڕاوەتەوە، وەلێ داخم ناچێ کە من ناتوانم فرمێسکەکانی بنووسمەوە و بیخەمە دووتوێی دەفتەرەکانمەوە.

هەندێ لە نەخۆشەکان هەر بۆ خۆ خەریکردن حەبە رەنگاوڕەنگەکانیان دەدزی و وردیان دەکردن، کە دەبوون بەئارد تێکەڵیان دەکردن، هەندێکیان هەر وەکو مەیموون خۆیان بەپانکەکانەوە هەڵدەواسی و خۆیان بەردەدایەوە سەر قەرەوێلەکان، هەبوون سەد جاران پەنجەرەکانیان دەکردنەوە و دەیان دەخستنەوە، هەندێکیان هەر بۆ مەزاق خۆیان لە پزیشکەکان دەشاردەوە و دەچوونە بن قەرەوێلەکان یان بەئەنقەست خۆیان دەکرد بەنوستوو، بەکەیفی خۆیان وڕێنەیان دەکرد و رقیان لە کێ بووایە، بەبیانووی وڕێنەوە داخی دڵی خۆیان هەڵدەڕشت، هەبوون بەدرێژایی ئەو رۆژگارە لە پشت پەنجەرەکانەوە دەوەستان و لە ئاسۆیەکی دووریان دەڕوانی، یان ئەوەتا شەوانە لە پەنجەرەکانەوە سەریان دەبردە دەرێ و لە مانگ و ئەستێرەکان رادەمان، هەندێکیان هەر بۆ مەزاق دەرمانەکانی پشت سەری نەخۆشەکانی دەگۆڕی و خۆشیی لێدەهات و قاقا پێدەکەنی کە دەیبینی نەخۆشێک بەو ئومێدەوە دەرمانەکەی دەخوات کە ساغ بێتەوە؛ ئەو دەرمانەی کە هی خۆی نییە، دووان لەوانەی کە میزی خوێناوییان هەبوو شووشەی پڕ لە دەرمانی پیرەمێردەکانیان بەتاڵ دەکرد و پڕیان دەکردن لە میز...

ئەو وەختەی لە هەموو گەمە بێزەوەرەکانیش بێزار بوون، هەرهەموو نەخۆشەکان کەوتنە سەر راو و تەگبیر، بیریان لە گەمەیەکی دانسقە و دەگمەن دەکردەوە، گەمەیەک کە



هەرهەمووان بەشدار بن، گەمەیەک کە هەرهەموویان پێی بخافڵێن، گەمەیەکی لەعنەتی و ئەهریمەنانە، هەر یارییەک کە دەرد لە دڵان دەربکات، ئەو قاوشە ساردەمان گەرم بکاتەوە، پاش بێنەوبەردەیەکی زۆر... رێک کەوتین لەسەر گەمەیەک کە لە هەمووان غافڵتر دەمێک بوو بیری لێدەکردەوە، گەمەیەک کە تا ئێستا نەکراوە، گەمەیەک کە بەخەیاڵی شەیتاندا نایە، فیکەیەکی لێدا و لە خۆشییانا کەوتە چەپڵەکوتان و چرپاندی بەگوێی یەک دوو نەخۆشدا، ئەوانیش سەرگەرمی ئەو کەیفە بوون، هەندێ لە نەخۆشەکان هاواریان کرد:

(چییە شەقمان برد؟).

یەکێک لەو نەخۆشانەی کە بەنهێنی گەمەکەی دەزانی، بەبازێک خۆی هەڵدایە سەر قەرەوێلەیەک و ئەوەش وایکرد کە هەرهەموو ئاوڕی لێبدەنەوە:

(ئێمە تا ماوین... لێرەین... وا نییە؟).

هەرهەمووان وتیان:

(وایە...).

(لەو گەمە پووچانەی هەریەکە و بەتەنیا دەیکات بێزار بووین).

(زۆریش).

(گەمەیەکمان دۆزیوەتەوە کە رەنگە ئەویش هەر پووچ بێ... بەڵام بێزارمان ناکات!).

هەرهەموو بەپەرۆشییەوە پرسیمان:

(چییە؟).

ئەویش بەفیزێکەوە وتی:

(گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان).

پرسیان:

(چۆن؟).

خۆی هەڵدایە خوارێ و وتی:

(هەموو شەوێک تا ماندوو دەبین... تا شل و شەکەت دەبین قەرەوێلەکانمان دەگۆڕینەوە، ئەمشەو من لەسەر قەرەوێلەکەی تۆ دەنووم و... سبەی شەو تۆ لەسەر قەرەوێلەکەی منیت... ئەو لەسەر هی ئەم دەنوێ و... ئەم لەسەر هی ئەو... با بۆمان هەبێ لە شەوێکدا سەد جاران قەرەوێلەکانمان بگۆڕینەوە).

هەرهەمووان تاوێک رامان و سەیری یەکدیان کرد، لە ناکاو قاوشەکە بەهات و هاواری هەمووان دەنگی دایەوە، بەدرۆ بێ یان بەراست هەڵدەپەڕین و چەپڵەیان لێدەدا، هەر زۆر زوو... دەستبەجێ و بەپەلە، لەو شەوەدا کە هێشتا تەواو درەنگی نەکردبوو کەوتنە سەر گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلە شەق و شڕەکان، وامزانی کە ئەگەر پزیشک و پەرستار و برینپێچەکان و... خۆڵڕێژ و ئاشپەزەکان بەم گەمەیە بزانن سزامان دەدەن، کەچی بەپێچەوانەوە... وای لێهات هەرهەموو ئەوانیش شێتانە بەشداری هەمان گەمە بوون، لەوە نەدەچوو هیچ گەمەیەکی دیکە بزانن، شەو و رۆژ شەقەشەقی قەرەوێلەکان هەراسانی کردم، لەوە دەچوو بەتەنیا من بەو گەمەیە سەغڵەت بم، چونکە تەنیا کەسێک من بووم کە نەمدەتوانی لە قەرەوێلەکەم دابەزم و سەرگەرمی گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان بم، بگرە پیر و پەککەوتەکانیش کەم و زۆر لەسەر قەرەوێلەکانەوە بەزەحمەتێکەوە دادەبەزین و لەزەتیان لەو گەمەیە دەکرد، نەخۆشەکان لەو قاوشانەدا بەناو یەکدیدا دەخولانەوە و بەر یەکدی دەکەوتن و بەردەبوونەوە و هەڵدەستانەوە، قەرەوێلەکان بەر یەکدی دەکەوتن و گڕیان دەپژاند، نەخۆشەکان بەر دیوارەکان دەکەوتن و دەبوورانەوە.

ئەو رۆژەی لە دوا دەفتەری چکۆلەی یاداشتەکانی بەرباخەڵمدا نووسیم:

(لەم بیمارستانەدا جگە لە گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان هیچی دیکەمان لەدەست نایە......).

بەر لەوەی رستەکەم تەواو بکەم پزیشکێک هات و دەفتەرەکەی رافراند، کە ئەم رستەیەی خوێندەوە قاقا پێکەنی و هەرهەمووان وازیان لە گەمە هێنا و هاتنە کنم، یەکە یەکە دەفتەرەکەی منیان بۆ یەکدی رەت دەکرد و بەغەزەبەوە نیگایان دەکردم، دەمێک بوو بۆ هەلێکی وا دەگەڕان کە بکەومە تەڵەوە، تاکە کەسێک لەو قاوشەدا منم کە خولّقی ئەو گەمە بێزەور و هیچەم نییە، منێکی ئیفلیج راهاتووم کە لەسەر قەرەوێلەکەم رابکشێم و بەخەمێکەوە خەندەیەکی درۆ بخەمە سەر لێوانم و لەو گەمەیە بڕوانم، یان ئەوەتا بەسەر چەرخەکەمەوە بەنێو هەرهەموو قاوش و ڕاڕەوەکاندا بخولێمەوە، لەلای من پێچکەکانی چەرخەکە و پێیەکانی خۆم لە یەک جوێ ناکەمەوە، دەستەکانی خۆم و هەردوو دەسکی چەرخەکە، هەناوی خۆم و مەکینەکەی، زنجیرەکان و ریخۆڵەکانی من، کوشنەکەی و پاشەڵی من، منێک کە ئیفلیجێکی زگماکیم چیم پێدەکری؟. دواجار گەر بۆ بەشداری بێ یان تۆڵە بڕیاریان دا کە کۆتایی گەمەکە بەمن کۆتایی بێ. دەمزانی بیر لە مەزاقێکی شەیتانی دەکەنەوە، چاوەڕوانی مەرگ و هەناسەدان دەنێو دەرد و درمدا هەرهەمووانی



دڵڕەق کردبوو، پاڕانەوە دادی نەدەدا، ناچار خۆم خستە بەردەستیان، ئەوان کە خۆشییان لە گەمەیەکی وا بێتام دێ، بەرگری هیچ مانایەکی نییە، خۆ سوورکردنەوە، پەل بزاوتن، لە کاتێکدا من بێ پەلم، لە پەڕۆ بێ دەستەڵاتتر کەوتوومەتە بەردەستان، لە داهۆڵێک زەلیلتر، ئەو کاتانەی تەواو لە گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکانی خۆیان بێزار دەبن؛ دێنە گژ من، ئەو شەوانەی کە یەک دوو قەرەوێلە لە گەرمەی ئەو گەمەیەدا لێک هەڵدەوەشان، هەر زوو بەفەرمانی پزیشکەکان نازانم لە کوێوە قەرەوێلەی تازەیان دەهانی، من یەکێک بووم لەوانەی لە هەر شەوێکدا قەرەوێلەکەمیان دەشکاند و دەیانگۆڕی، دوای ئەوەی تەواو شەکەت و ماندوو دەبوون، شەلاڵی ئارەقە دوا گەمەیان بەمن کۆتایی دێ، بەشاگەمەیان ناو دەبرد و کۆتاییان بەشەوی درێژی گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان دەهانی... نە جارێک و... نە دوو... نە دە و... نە سەد و... نە هەزار، چاوەڕێ دەکەم کە شەوێک بێ و بێزار بن، واز بهێنن، وەلێ مەحاڵە... بەهەرهەموویان دێن و ناوەڕاستی قاوشەکە چۆڵ دەکەن و بازنەیەک بەدەورمدا دەکەن و هەڵقاوهەڵق دەخولێنەوە، بەهەزار چاو سەیرم دەکەن و بابەخولەم پێدەکەن، بەچەپ... بەراست... لەوسەری قاوشەکەوە بۆ ئەوسەری هەر بەشەق و پاڵ قەرەوێلەکەم دەدەنە پێش خۆیان و... راوەدووم دەنێن، دەنێو ئەو هەرا و هەنگامەیەدا، شەوی وا هەیە، یەکێک هەناوی دەپچڕێ و ئەو دیکەیان دڵی دەوەستێ، جاروبار کە توند و بەڕک بەر دیوارەکان دەکەوم، بەر قەرەوێلەکان و بەر نەخۆشەکان... رادەتەکم و هەڵتەک و داتەک بەرز دەبمەوە، کە لەسەر قەرەوێلەکەوە دەپەڕم، باوەشم بۆ دەگرنەوە، ئەو جارانەش کە دەکەوم و شوێنێکم دەشکێ، دەستوبرد پزیشکەکان و برینپێچەکان گەرماوگەرم بۆمی دەگرنەوە، ئەگەر برینداریش دەبووم: سەرم، چەناگەم، لووتم، تەوێڵم... زۆر بەپەلە بۆم تیمار دەکەن، هەندێ جار وەها دەورم دەگرن کە ئیدی هەناسەم بۆ نەدرێ، هەوای پاکم لێدەبڕن و دەبوورێمەوە، هەندێ جاریش تا پەنجەیەکی شکاوم دەگرنەوە، دوو پەنجەی دیکەم دەشکێنن، کە دەپەڕیم و بەر نەخۆشەکان دەکەوتم، دایاندەپلۆسیم، نە جارێک و... نە دوو... نە دە و... نە سەد و... هەزار خێل و گێژ وەک فڕفڕۆکە بەدەوری خۆمدا دەمخولێننەوە، ئەو نەخۆشانە هەرگیزاو هەرگیز لەو شاگەمەیە وەڕس و بێزار نابن، پێم دەوتن:

(لەوانەیە ناو هەناوم بپچڕێ و بمرم...!).

پزیشکەکان دەیانوت:

(ئەوەیان بۆ تۆ باشترین دەرمانە، تا پتر بخولێیتەوە، پتر خوێن لە دەمارەکانتا کەف

دەکا و دەگەڕێ، گەر ماوەیەکی تر لەم گەمەیە بەردەوام بین، لەوانەیە بکەویتەوە سەر پێی خۆت...!).

یەکێک لە هاوەڵە دڵڕەقەکانم دەیوت:

(دڵ لە دڵ مەدە... تۆ جێی بایەخی هەمووماني، هەرهەموو گەمەکان بەو شاگەمەیە لەگەڵ تۆدا کۆتایی دێ، کە دەتخولێنینەوە هەر هەموومان چاومان لەسەر تۆیە، هەموو هەست و نەستمان، لەم کاتەدا تۆ خەیاڵی خۆش بکەرەوە، دەتوانی لە رووخساری ئێمە ورد بیتەوە کە چۆن هەرهەموو دەموچاوەکان دەنێو یەک پنتدا کۆ دەبنەوە و دەتوێنەوە، وا هەست بکە کە خۆت سەرداری هەمووانی، وا بزانە دەفڕیت، لەبری ترس و تووڕەبوون باڵەکانت لێک بدە و لەوانەیە بفڕیت...!).

چەندە پتر دەیانزانی من بەو گەمەیە قەڵسم، ئەوەندە پتر بابەخولەم پێدەکەن و پتر دەمدەن بەدار و دیواردا، لە دوای هەر لەهۆش خۆچوونێکم کە وەئاگا دێمەوە، دەموچاوم ئاوپرژێن دەکەن، دەڵێن:

(ئەها وا ئەمشەویش لە خۆشیانا بوورایتەوە!).

هەمیشە لە نێو ئەو لەهۆش خۆچوونانەدا ئەو کچە کراس شینە دێتەوە خەونم، دواجار کە رادەکەم بەدوایدا، دەنێو بێشەڵانەکە لێم بزر دەبێ، لە پاش گەڕانێکی زۆر، کتوپڕ دەبۆوە بەو پڵنگە بەڵەکەی جاری جاران و دەیخواردم.

جارێکیان پێیان وتم:

(مادامەکێ گەمەت ئەوەندە لا خۆشە، خولانەوەکانت بژمێرە، بزانە لە کامە ژمارەدا دەبوورێیتەوە، کە بێدار بوویتەوە پێمان بڵێ و ئێمە لەو ژمارەیەوە بۆتی حیساب دەکەین و سەرلەنوێ دەست پێدەکەینەوە!).

من لە خەم و قەهری ئەو گەمە پووچە دەگریم و کەچی ئەوان پێم دەڵێن:

(واز لە گریانی خۆشی بێنە و پێبکەنە!).

بە هەزاران دەست خۆم و قەرەوێلەکەم دەخولێننەوە و... دەخولێننەوە و... دەخولێننەوە و... دەخولێننەوە... تا دەبوورێمەوە. من دەمویست پێیان بڵێم:

(من لەو گەمەیە ماندووبووم و خەریکە دەمرم، گوناهی من نییە کە ناتوانم لە گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان بەشدار بم... ئاخر گوناهتان دەگا و من ئیفلیجم!).

وەلێ کە دەم هەڵدێنم زمانم تەتەڵە دەکا و دەمم گۆ ناکات، خۆ لەوەش دەچێ من قسەم



بیرچوو‌بێتەوە، ناچار هەموو جارێک دوای گریانێکی قووڵ، هەر بەدرۆ بەروویاندا دەخەنمەوە تا ئەو حەڵەی دەبوورێمەوە.

من دوا دەفتەری ئەم سەرگوزشتە و یاداشتە بێ سەروبەرانە، ئەم رستە پچڕپچڕانە دەخەمە ناو بەرمیلی زبڵ، ئەوە خودایە کەسێک هەر بەرێکەوت لە دەرەوەی ئەم بیمارستانە دەستی بکەوێ و هەڵیبگرێتەوە، من تا هەنووکەش وام لەم بیمارستانەدا، نازانم تا کەی هاودەردەکانم لە گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان بێزار دەبن، ناشزانم ئاخۆ ئەم دەفتەرە چکۆلانەیەشم وەکو ئەوانی دیکە دەدزرێ یان نا، من ئیفلیجم و لێرە کەوتووم، جگە لە مەرگی خۆم چاوەڕێی هیچی دیکە نیم، من نازانم، لەسەر ئەم ئەرزە، ئەم بیمارستانە وا لە کوێ، نەخشەیەک نادۆزمەوە تا شوێنەکەی دەستنیشان بکەم، نازانم چ ناو و نیشانێکتان بۆ هەڵدەم تا بمدۆزنەوە و بەزەیی واتان لێبکات لەم گەمە بێزەوەرە قورتارم بکەن، من ناوێکم نییە... ئەگەر هەر هەموو بیمارستانەکان گەڕابن... بگەڕێن، من لێرەم... چاوەڕێتانم... ئەم یاداشتە هاوارێکە... هاواری کەسێکی بێ کەس... بێ هاوەڵ... بێ دایک... بێ خوشک... بێ باوک و برا... کەسێک کە هەر بەزگماک ئیفلیجم... کەسێک کە چەندەمین جارە سەرگوزشتە و چیرۆک و هاواری خۆم بنووسمەوە و... کەچی لێمی دەدزن... ئەرێ کەسێک لە دەرەوەی ئەم بیمارستانە هەیە... دەترسم تا ئێوە دەگەن من بمرم... گەر لە پاش مەرگیشم من بدۆزنەوە ئەوە رۆحم ئاسوودە دەکەن... من لێرەم... ئێرە کوێیە؟ نایزانم!.

ئەوەتا پزیشکێک بەتاو رووەو لای من دێ، لەوە دەچێ بەگومانەوە تێم بڕوانێ، دەترسم نەهێڵێ دوا نهێنیی ئەم بیمارستانە بدرکێنم، گەر دەفتەری یاداشتەکانم لێ زەوت بکات، دەفتەرێکی دیکە پڕ دەکەمەوە، دەیخەمە ناو بەرمیلی زبڵەکان... وا هات... گەر ئەم دەفتەرەتان دۆزییەوە... هاوارە فریام کەون... گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان دەمکوژێ... هاوارە... بگەنە هاوارم... من ئەوەتا لێرەم... بەڵام ئێرە کوێیە؟ نایزانم... ئەوە هات... بەپڕتاو... فریا......

١٩٩٦ - ٢٠٠٠ / سلێمانی

# ماڵێک لە ئاو

سەرۆکی خێڵ زۆر بەپەلە هەرهەموو خێڵەکەی کۆکردەوە و پێی وتن:

(ئێوە هەر هەمووتان دەزانن کە ئێمە لەم دورگەیەدا گیرمان خواردووە، چەند ساڵ جارێک ژمارەمان زیاد دەکا، وا ئەمساڵیش وەک نەریتی باو و باپیران مەرجە هەندێکتان ئامادە بن و ببنە قوربانیی خوداوەند، ئاواش نەبێ نە خۆراک بەشمان دەکا و نە ئەو خاکەی لەسەری دەژین، وەک جاران هەندێکتان دەخەینە نێو بەلەمێک و بێ سەوڵ دەتاندەین بەدەم ئاوەوە. خۆشبەختە ئەو کەسەی دەبێ بەقوربانی، هەر لێرەوە... کە لە کەنار دەریاوە فڕێمان دانە ناو گێژەلووکە و شەپۆلەکانەوە، ئیدی لەوبەر کەناری ئەودیو دێنە دەرێ و لەو دونیا دەگەنە بەردەمی خوداوەند و ژیانێکی تا ئەبەد خۆش چاوەڕێتانە، وەک دەبینن وا ئەمساڵ هەم ژمارەمان زیادی کردووە و هەم خۆراکمان روو لە کەمییە، لە پاڵ قوربانیانی پیر و پەککەوتە گەرەکە چەند کوڕ و کچە لاوێک خۆ تەیار بکەن بۆ سەفەری ئەو دونیا و ببنە قوربانی).

لە بەردەم مەرگ بەخنکان هەر هەمووان دۆش دامابوون... سەرۆک خێڵ هەڵیدایە:

(گەر وابێ... ناچارم وەک هەموو جارێک خۆم قوربانییەکان هەڵبژێرم).

سەرەتا هەرهەموو ئەو پیرەژن و پیرەمێردانەی کە سەریان لە گوێی قەبردا دەلەرزێ لەو شوێنەدا ریز کران کە شەپۆلەکان سەری خۆیان بەتاشەبەردەکانا دەشکاند.

بەدرێژایی ئەو وەختە سەرۆک، قوربانییەکانی ریز دەکرد تا نۆرە هاتە سەر کوڕ و کچە لاوەکان کە لەژێر خۆرەتاوی گڕبارانی ئەو رۆژەدا فرمێسک و ئارەقەیان هەڵدەڕشت.

بە درێژایی ئەو وەختە کوڕ و کچێکی عاشق بێئاگا لە مەرگ و خنکان و لە قوربانی و لە گوشادبوون بەدیداری خوداوەند و لە بڕیاری نابەجێی سەرۆک خێڵ چاویان لە یەکدی بڕیبوو، پرشنگی خۆر لەسەر لەشی ئەبەنووسی هەردووکیان شەپۆلی دەدایەوە و لە شوێنێکدا لەسەر ئاوی دەریا، دەنێو بۆشایی ئاسمان، لەسەر خاکدا تێکەڵ بەیەکدی دەبوون.



دواجار سەرۆک بڕیاری دا دوا قوربانی هەڵبژێرێ، دەستی خستە سەرشانی کوڕەی عاشق و خنکا و دەنێو چاوانی دڵخوازەکەیدا.

یەکە یەکە خزانە نێو بەلەمی شەقوشڕ، بێ سەوڵ بەئاودا دران. دوا قوربانی کوڕەی لەوەند و عاشق خرایە نێو بەلەمێکی چکۆلە و کون تێبوودا، تا لە چاوان ون بوو ئاوڕی لە کچە دایەوە، تاوتاو شەپۆلی شێتانەی کەنار دەریا کە دەتوت لە داخی ئەم لێکدابڕانە سەری خۆیان دەشکێنن لێکدی بزر دەکردن.

هەرهەموو خێڵ بەدەم سەما و هەرا و زەنا و قریشکە و هاوار و چریکەی سترانەوە رووەو ژێر کەپرەکان گەڕانەوە. تاکە کەسێک کە جێما بەسەر بەردێکی لووس و خزی رۆخانەی دەریاوە کچەی عاشق بوو کە دەتوت زەرییە و تازە لە ئاوی زەریا دەرهاتووە، بەرلەوەی کوڕەی عاشق دەنێو تەمی دەریادا ون بێ، کەوتە دوای شەپۆلی جێماو و کەفکردوو لە بەلەمی تۆقیو، لەرزیو دەنێو گێژەنی دەریادا، کەوتە دوای بۆنی جێماو... کەوتە دوای تامی فرمێسکەکانی کوڕەی لەوەند... شوێن پێیەکانی... بەو ئومێدەی کە لەژێر دەریادا بەیەک بگەن، هەر زوو هەردوو پێیەکانی کە لەسەر بەردەکە خزی... زەری عاشق هێدی هێدی بەرگی ئاوی پۆشی لە قولە پێیەوە... تا ئەژنۆ... پاشان کەمەر و تا بن مەمکان... دواجار وەک گوڵە ئەتڵەسێک کەوتە سەرئاو و شەپۆلەکان رووەو بەلەمی نقومبووی کوڕەی عاشق نەرمە سەمایان پێکرد... لەوێ... دوور لە چاوانی بەدبینی سەرۆک خێڵ و هەرهەموو خێڵ... لەژێر دەریادا ماڵێکی خنجیلانەیان لە مرواری و مەرجان دروست کرد... دیوار ئاو و... سەربان ئاو و... شوورە ئاو و دەرگا ئاو و... پەنجەرەکانیش هەر لە ئاو... تا هەنووکە وا لەوێن... دوو عاشقی ئاوی وا لەوێن...!

١٩٩٩- سلێمانی

## مارلین

له پاش مشتومڕ و ... بێنەوبەردە... لە دوای زەحمەتێکی زۆر هێشتیان (مارلین) لە (گەورە گۆڕستان)ی شاردا بنێژرێ.

(ئەم ژنە گاورە و ئێرەش گۆڕستانی موسڵمانانە).

(بەڵام وەسیەت شکاندن گوناهە... دواقسەی لەسەرە مەرگدا ئەوەبوو کە لێرە بنێژرێ).

(با نەڵێن کوردان ڕێزی وەسیەتی ژنێکی غەریبەیان نەگرت).

(سەیرە... بۆ دەبێ ژنێک حەز بەوە بکا لێرە گۆڕ غەریب بێ؟).

(مێردە چۆن دڵی بەروەستی دا تەرمەکەی نەباتەوە؟).

(بە چی مرد؟).

(گوایە کتوپڕ دڵی وەستاوە).

(دڵی بوو یان مێشکی؟).

(کەس نازانێ... هەریەکە و قسەیەک دەکا).

دواکەس (پیتەر)ی مێردی چنگێک خۆڵی خستە سەر گۆڕەکەی، وا بەحەژمەت و داخەوە چنگە خۆڵەکەی هەڵدایە سەر گۆڕی ژنەکەی، کتومت وەک ئەوە وابوو چنگ لە دڵی خۆی گیر بکا و هەڵی دا، هەر بەزمان ئەو دوو سێ گلمتە خۆڵەی لستەوە کە بەئارەقەی ناو لەپی تەڕ ببوون، لەژێر ددانەکانیدا وەک بنێشت جووی... جووی تا تەواو دەنێو زاری ئاو تێدا زاوی دا خوسانەوە، ویستی وەک یادێک، یادێکی تاڵ، یادی کۆچی بێوادە و ناوەختی کۆچی مارلین... چون تامی ئەو قوڕەی سەر گۆڕەکە لە بن زمانی دا تا ئەبەد بمێنێتەوە... قووتی دا تا تێکەڵ بەخوێنەکەشی ببێ...

(پیتەر)ی کەیل و ئازیزمردە تکای لە خەڵکەکە کرد کە بۆ چەند چرکەیەک، بەتەنیا، لەگەڵ مارلین بەجێی بێڵن... دڵیان نەشکاند... دەمی لە کێلی ژوور سەری نزیک خستەوە و ماچی کرد... بەدەم ورتەورتەوە لێوانی دەبزواند وەک ئەوەی دوا راز و نهێنیی خۆی بۆ بدرکێنێ... ئەم بەئومێدی ئەوەبوو ئەو مەرگەی مارلین تەنیا مۆتەکەیەک بێ... لە عیسا



پاڕایەوە موعجیزە بنوێنێ... وەختێ هێز دەداتە بەر ئەژنۆ شکاو و لەرزۆکەکانی... لەو خەوە ناخۆشە وەئاگا بێ، ئاخر ئەم لە ناخۆشترین خەونیدا قەت نەیدەخواست ژنە هەرە خۆشەویستەکەی گۆڕ غەریب بێ، وەلێ ئەم چی لە وەسیەتی ژنێک بکا کە پتر لە دە ساڵە وای لێکردووە هەر پیاوە عاشقەکەی جاری جاران بێ، چەند قورسە بۆ پیاوێک کە دەگەڕێتەوە سەر خاکی خۆی، لەژێر خاکێکی غەریب و دەنێو خەڵکێکی نەناسدا دلاوێزترین خۆشەویستی جێ بهێڵێ و نەتوانێ بیگۆڕێ. دیسانەوە چنگی لە خۆڵەکە گیر کرد و هەستایەوە سەر پێ، تاوێک و هەڵیدایە سەر گۆڕەکە و پاشماوەکەشی خستەوە نێو زاری... بەپێچەوانەی قەولی خاچپەرستان... ئەم نەیوت: لە خاکەوە بۆ خاک... لە دڵی خۆیدا دە جار دووبارەی کردەوە:

(لە خاکەوە بۆ خۆم...!).

پاش تاوێک خامۆشی خەمهێن و لە گڵکۆ رامان... شەکەت و ماندوو... کەوتە دوای ئاپوورەی خەڵکەکە و وەک سەرخۆشێک، بەو باڵا بەرز و باریکەی خۆیەوە، کە هەر دەتوت لەتاو کۆستی ئەمڕۆکەی باریکتر بووە... بەلادا دەهات و دەلەنگی و لەتری دەدا... ساتمەی لە گۆڕ و کێلەکان دەکرد... تاوتاویش ئاوڕی لە دڵی لەوێ جێماوی... لە ڕۆحی لەوێ نێژراوی دەدایەوە... بەدەم ڕێوەش تا چوونەوە بەردەمی ماڵی خانە خەراپ... هەزار جار لە بەرخۆیەوە وتی: ماڵئاوا... مارلین... ماڵئاوا...

کە تاریک داهات ژنانی گۆڕستان بەپەلە و بەهەڵەداوان، یەکە یەکە، هاتنە کن (مارلین)ی تازە میوان و خێرهاتنیان کرد، ئەویش چ بەزەحمەتەوە خۆی کێل کردەوە و تکای لێکردن کە هەرچی زووە هەموو گرێبەندەکانی کفنەکەی بۆ بکەنەوە دەنا دەخنکێ... پاش شلکردنەوەی گرێیەکان و کردنەوەیان وەدەرکەوت سەر و سیمای شیرینی، کفن پتر داخزا و سینە و مەمانی هێشتا پڕی کەوتنە بەر تریفەی تەزیو و لەرزیوی مانگ، مەرگ ئەوەندە شەرمی لە شۆخیی مارلین کردبوو... نەیوێرابوو بیشەمزێنێ، بەخەندەیەکی شیرین کە لە مردووان ناوەشێتەوە لێوانی سارد و خوێن تیاسڕبووی قەڵەشتێ... ریزە ددانی سەدەف ئاسای گۆشەیەکی لە گۆڕستان ڕۆشن کردەوە، بەسەرلەقاندن و لەبزی شەکر بارەوە وەڵامی خێرهاتنی دانەوە.

هەرهەموو هاتن و هەڵقاوهەڵق دەوریان دا، لێی نزیک بوونەوە، ژنەکانی بەردەمی بەترس و شەرمەوە دەستیان بەسەر ئاکاری وردیلەیدا دەهێنا: لووتی قنجی، تەنکە لێوانی، قژی زەردی، قۆرتی چەناگەی، وردە پەرچەمی دابارێو بەسەر ئەبرۆکانی... لێی

رادەمان و بۆنیان پێوە دەکرد... کە هێشتا شالاوی گەرمی ژین لە هەرهەموو ئازای جەستەی وەک تەنکە تەمێک هەڵدەستا، کە گومانبڕ بوون ئەم خەلقەندەیە ژنە نەک فریشتە... وازیان هێنا... وەلێ نەتەکینەوە.

مارلین، وەک چڵە نێرگزێکی جوان و چاو بەخومار، شەونمی شەو تەڕی کردبێ و کەوتبێتە نێو بازنەیەک لە رەشە رەیحانە، دەنێو ژنەکاندا روونیشت. بەترس و شەرمی لە دڵ بارەوە بەچرپە دەدوان تا پیاوە لەگۆڕ خەوتووەکان وەئاگا نەیەن، نەبا بەرووتی و نیوە رووت دەنێو کفنی دارزیو و هەلاهەلا و لەبەر داکەنراودا ئەو کچ و ژنانە ببینن، بەسەرسامی و زار داپچڕینەوە لەو شەکرە ژنە، جوان و جحێڵە، عومر ناوەڕاستە، چاو زەردە رادەمان و خەفەتیان بۆ دەخوارد کە بەم جوانییە بوو بەمیوانی ناوەختیان... پرسیار لە دوای پرسیار:

ناوت چییە؟ خەڵکی کوێی؟ بەچی مردی؟ شووت کردووە؟ بۆ وا مات و مەلوولی؟ منداڵت جێهێشتووە؟ نەخۆش بووی یان بەدەردی خوا مردی؟ بۆ نەچوویتەوە مەملەکەتی خۆت؟ چ کارە بووی؟ لە کوێ فێری ئەم کوردییە بووی؟

مارلین، بەدەم هەڵەی شیرینەوە کە هەر لە خۆی بێ، وەک پەرییەک کە خودا خۆی لێی تۆرا بێ، پەڕ و باڵی کردبێ و لە بەهەشت وەدەری نابێ... بەغەزەبەوە فڕێی دابێتە سەر ئەستێرەیەکی قەڵەباڵغ بەهەزاران ژن و کچی دڵشکاو و حەسرەت دیدە وەک منداڵێک کە تازە بەتازە زمانی بپژێ... بەرستەی کورت کورت و هەناسەسوار... بەدەم تاسە و سوکە وەستانی نامەردانەی زمانەوە... لێو بەبارانە وەڵامی یەکە بەیەکەیانی دایەوە... بەزمانێک کە لە بێوەژنە مێرد ئەنفالکراوەکانی گەرمیان و کوێستانەوە فێری ببوو... نەرم و نیان... قسەی بۆ دەکردن... هێمن و لەسەرخۆ و خاتوون... سەلار و سەنگین... ئەوەندە خاتوون کە شەرمی لێبکەن، هەر تاوێک و لێوانیان کەوتنە لەرزە... کەوتنە تەتەڵە... وەک کۆمەڵێ دەروێش حاڵیان لێ بێ لەسەر یەک نەزم لەنگینەوە... چ بەدڵ و کوڵ کچانی نامراد و ژنانی حەسرەت دیدەی گۆڕستان بەفرمێسکی هەمیشە ئامادە بۆی گریان، هەر خۆیان لە خوایان دەخواست بیکەن بەشین و واوەیلا... هاتنی مارلین بیانوویەکی رێک رەخسا و بوو کەچی خەفەت و قەهر و دەردی هەیانە... چی ژەهری لە خوێندا مەییوە... تاڵاوی رۆژانی عومری بابردوو کە دەنێو دڵ و رۆحیاندا ماوەتەوە... هەرهەمووی بتکێننە نێو فرمێسکەکانیان و تنۆک تنۆک هەڵیڕێژن، راکشانی رۆژان و شەوانی نەبڕاوەی نێو گۆڕەکانیش نەیتوانیبوو پشتی چەماوەیان لەژێر باری خەم و کۆستی گەورەدا راست



بکاتەوە، ئەرکی زۆر و ناخۆشی زیندەگی بەر لە مەرگ دووقەدی کردبوونەوە... روونیشتبوون دەست لە ئەژنۆ و کەف زەنان، مارلین لەتاو ئەو داد و فیغانە مەرگی خۆی بیر چۆوە... هەستایەوە و یەکە یەکە ماچی کردن، بەسەری پەنجە رۆندکی سەر روومەتیانی دەسڕییەوە، دەستی بەسەر و پرچی هەمووواندا هانی... دەپاڕایەوە لێیان کە ئیدی با بەس بێ گریە و زاری... نەخێر... بێهوودەبوو... ژێر نەدەبوونەوە... دەتوت دەیەها ساڵە بەتەمای گریانێکی وا بەکوڵن... دەست لە ملانێ تکای لێکردن کە ئیدی بەسە و ناکرێ لە یەکەم شەوی هاتنی ئەم بەمیوانی ئا بەم شین و شەپۆڕە پێشوازیی لێبکەن... ناکرێ ئەوەندە دڵڕەق بن... بەو سینگکوتان و قژڕنینەوە و رووداماڵینە بەندی دڵی بپچڕێنن، کچان و ژنانی هەرگیز خۆشی نەدیدە بێئاگا بوون لە تکا و پاڕانەوەی مارلین، دواجار هەڕەشەی لێکردن کە ئەگەر واز لەم شین و گرینە نەهێنن ئەوە ئەم دەتۆرێ و بەو کفنەی بەرییەوە دەڕوا و گۆڕستانەکەیان بۆ جێ دێڵێ، چەند سەرە ژنێک، پیر و کەنەفت، لە حەیا و شەرمی دڵگیربوونی ئەو میوانە زێدە ئازیز و ناسکەژنە دەم بەهاوار و گرینۆکەکانیان هێور کردەوە، هەر کەسە و بەشەرمەوە لەسەر گۆڕەکەی خۆی بێ هەست و خوست، روونیشت، هیچ کامیان نەیتوانی بەرهەنسکی خۆی رابگرێ، بەرهەنسکێک کە سەر بەملەوە هەڵبکەنێ، دە - دوانزەیەکیان لە تاسەوە چوون، لەو شەوەدا ئاسمان، دوور لە خەمی ئەوان، ئەستێرەباران بوو... شەوێکی وا جوان و پڕ شەبەنگی رەنگاوڕەنگ شەوی مەستبوون بوو بەعیشق نەک بەمەرگ... زیکزیکەش وێرانەی گۆڕستانی پڕکردبوو لە دەنگ و لە هەرا... لە دوورەوەش... لەسەر ئەو گردەوە... لە هەزار لاوە گڵۆپە زۆرەکانی شار رەونەق و پرشنگیان لە ئەستێرەکان دەدزی، مانگیش بەخەندەیەکی خوارەوە بەخەمی خانمانی گۆڕستان دەخەنییەوە، مارلین و ژنانی تر بەقەهرەوە چاویان لە چراخانی بەپرشە و ورشەی کۆشکە بەرزەکان بڕی... قەهری ژنانی تەنیا و سەرمابردەڵە کە حەز بەدەوری ئاگردانێکی گەرمی نێو ماڵێکی پڕ لە منداڵی هاروهاج بکەن... رادەمان لە تیشکی زەرد و لەرزیوی سەدەها فانۆسی ماڵە پەڕپووتەکانی نزیک گۆڕستان... ئەوەندە نزیک کە ئاخ و هەناسە و عەزابی گەڕەک و گۆڕستان تێکەڵ بێ... ئەوەندە نزیک کە مردوو لە زیندوو جیا نەبێ... هەرهەموو حەزیان دەکرد کفن دادڕن و دوو پێیان هەبێ و جورئەت بکەن بگەڕێنەوە نێو کۆشک و کەلاوەکان... بچنەوە نێو ئاشنا و رۆشناکان... وەلێ تازە تەواو... تەواو... نەما سەراسووی گەڕەکەکانی دی، ئەو وەختەی مەرگ ناشیرینی کردن...

مارلین له رووخساری تەم لێنیشتووی یەکە بەیەکەی ژنەکان ورد بۆوە، دەیزانی چەند هیلاک بوون له دونیا... هەر لەتاو مەینەتباری و زەبری زەمانە پشتیان شکا و دڵیان شەقی برد و مردن... دەموچاوەکان غەریب نین... دیبوونی له کوێرە گوندەکان... له شارۆچکە بەخەم سیخناخەکان... ئەو کچانە بوون کە له عومری چواردەوە کراسان له خوم دەنێن، ئەو ژنانەی خەنەی خەم له سەر دەگرن... دەنێو کەلاوە شان شکاو و لەژێر بانە داتەپیوەکان و دەواری له دە لاوە پینەکراو... ژێر کەپری بەحاڵ بەپێوە وەستاو... ژنانی قژ هەڵکرووزاو لەبەر خۆری گەرمەسێردا، قاچ تەزیو... پەنجە جێماو دەنێو زوقم و شەختەدا... گلێنە رژاو دەنێو کانیلەی کوێرەوەبوودا... نینۆک هەڵوەریو... دەست لەبیرکراو دەنێو باخ و بێستان و رەز و کێڵگەکان... بەدەم ئەزیەتی بژارەوە... دیونی له لارێ: پشت چەماوە لەژێر کۆڵی قورسی چیلکە و دار... شان شکاو لەژێر گرانیی پەقرەج و تەنەکەی پڕ ئاو... یان راکردوو بەدوای پاشەڵی مەڕ و بزن و کەر و مانگا تا قشپل و قەرسەقول و تەپکەی ریخ کۆوەکەن... زەرد و خەمزەدە لەو ژوورانەی بەدرێژایی شەوانی زستان دڵۆپە دەکەن... ماڵانی پڕ له منداڵی باریک و بنێس... لیکن و جیقن و چڵمن... سەر و کەللە رانەگیراو بەسەر ملی باریکەوە، پتر دیقەتی دا... خەم کردبوونی بەخوشکی یەکدی، لەسەر سینەی چەند کچێک شەبەقی دەم کراوە و برینی گەورۆنەی بینی کە جێی خەنجەر بوون و تا ئەو حەلەش خوێنیان لێدەتکا... لێرە و لەوێ... چەند ژنێکی تەوێڵ تەقیو بەزەبری گوللە، پۆلێک لەو کچانەی هەر بەجحێلی سەریان سپی ببوو... هەر دەتوت پۆلێ کۆترەباریکەی دەنووک پڕ خوێنن و هەڵنیشتوون... هەندێ لەو پیرە کچانەی هیچ بۆرە پیاوێک بەرێکەوتیش له دەرگای دڵی نەدابوون... بەحەسرەتەوە... حەسرەتی تەنیا جێمان بەسکیاندا و مردن... شەرمێکی ئەبەدییان دەتکان... لەتاو فەوتانی ئەو پەردە پیرۆزەی کچێنی کە تا پیری پاراستبوویان، کەچی کرمە ئابڕووبەر و هیچەکانی نێو گۆڕ تەقاندبوویان... ئەوەتان ئەو ژنانەی بەسەر منداڵەوە مردبوون و بەدامێن و تەشک و تیرێژی خوێناوییەوە تووڕە و ماندوو روونیشتبوون... بەفرمێسک و ئارەقە تەڕ تا سەر ئێسقان، ئەو کچانەش لەوێ بوون کە قەت ئاسمانیان نەدیبوو، چونکە هیچ تاوێک روویان نەهاتبوو سەر هەڵبڕن... چ بەترسەوە له جووت مەمکی خۆیان دەڕوانی کە وەک دوو هەرمێی کرمێ یاخود بەهێ؛ رزی بوون... له تەرقییان نەیاندەوێرا له ژنێکی فامیدە و حەکیمی وەک مارلین بپرسن: ئەرێ ئەم دوومەڵە زلانە... ئەم قونێرانە چین کە لەسەر سینەمان رواون؟ شیرێکی زەردباو وەک کێم و زوون له گۆی مەمکانەوە دەتکا و بێهوودە دەڕژا... تا سەر ناوک و خوارتر...



جۆگەلەی دەکرد و دەڕژایەوە نێو ئەو برینە ئەبەدییەی ژێر مووسڵدان، سەری هەڵبڕی و له دوورترین بازنەدا چەند ژنێکی گەلە خاتوونی بینی، دەست و پێ بەفرین، غەریب بەو گۆڕستانی کچ و ژنە خۆشی نەدیدە و مەینەتبارانە... ئەو خانمانەی تا ئەو حەلەش مەرگ زاتی نەبوو ناز و هەوایان بکوژێ... بێ ورتە له مارلین رادەمان و بەغیلییان بەو قژە زەردەی دەبرد... وردتر روانی... هەموویانی بینی: ئەو خوشکانەی له حەسرەت برا جوانەمەرگەکانیان، ئەو دایکانەی له حەژمەت کوژرانی یەک لەدوا یەکی کوڕەکانیان وەک ساج رەش داگەڕابوون، ئەو ژنانەی لەتاو سەفەر و سەرهەڵگرتن و دڵڕەقیی پیاوەکانیان له سەمایەکی شێتانە نەدەکەوتن، هەریەکە و جەرگی رەشی خۆی وەک پارچە گۆشتێکی زیاد دەرهانی بوو... لەسەر لەپان رایگرتبوو... بازنەی مێشوولەی شەو نواڵەی دەوری سەریان بوو... لەبری فرمێسک خوێنێکی رەش له چاوانیان دەڕژا و کفنی بەریان وەک عەبا رەش داگەڕابوون... ئەو کفنانەی لەتاو کزەی شەو وەک ساریی ژنە هیندییەکان لوولی دابوون... ئەو کچە عاشقانەی مردن و نەگەیشتن بەمراز، ئەو ژنانەی بەداخ و رقێکەوە لێوانی خۆیان دەکرۆشت و گازیان له مەچەکی خۆیان دەگرت... سەریان بەکێلەکاندا دەکێشا چونکە نابەدڵ بەشوو دران... ئەو ماچانەیان تف دەکردەوە کە بەزۆر کران... هەرهەموو له حەژمەتان دڵی خۆیان بەقێزەوە دەکرۆشت کە تا ئەو دەمەش له لێدان و کوتەکوت نەدەکەوتن... ئەو دڵانەی بێ فایدە خوێنیان رژاندبووە نێو هەرهەموو ئازای ئەو لەشانەی گشت پارچەکانی لێکدی ترازابوون... بەزۆر بەیەکەوە پەرچکرابوون... وای لەو هەمـوو لەشانەی بەر نەفرینێکی ئەبەدی کەوتبوون... هەندێکیان لەتاو تاڵیی بەجێماو لەسەر زمانی شەقاربوویان، تاڵیی زەمانێکی زووتر له هەنووکە زۆر شێتانە زمانیان له کێلی سەر گۆڕەکان هەڵدەسوویی... دەیانخواست بەو تامە سوێرەی خوێن؛ تاڵیی عومرێکی تاڵتر له ژەقنەبووت بمرێنن... یەکێک له ژنەکان بەردەوام له خەمی ئەوەدا بوو ئەو منداڵە نیوە زیندوو... نیوە مردووەی ناو سکی هێور و هێمن بکاتەوە کە بەلەقە، لێکدالێکدا، توند له ناوەوە را لەو پێستە کشاوەی سکی دایکی دەدا و گریانی بێئامانی عەرشی فەلەکی دەلەرزاند... دەیویست هەتا زووە بێتە دەرێ... بەچەپۆکە چکۆلەکانی له سەری خۆی دەدا... دایکەش بەدەم بەرەژانی قورسەوە دەگریا و لەو دەڵەمە هارەی ناو منداڵدانی دەپاڕایەوە:

(ئاخر بۆ کوێ رۆڵە گیان... بۆ کوێ دێی؟ مەگەر نایزانی ئێرە گۆڕستانە کۆرپەکەم؟).

مارلین بەهەر چوارلادا غاری دەدا، نەیدەزانی کامیان هێور و هێدی بکاتەوە، بەفریای کێ بکەوێ؟... ببێ بەمامانی ئەو ژنەی لەتاو بەرەژان خۆڵ دەخوا یان ئەشکی خوێنینی ئەو

پیرەژنە بسرێ کە بەدیار گۆڕێکی خالّی و سەرواڵا خۆڵ بەسەری خۆیدا دەکا... بینی وا هەندێکیان لە شەرم و حەیبەتا گەڕانەوە نێو گۆڕەکانیان... بەپڕتاو غاری دا و هەردوو دەستی ئەو ژنەی گرت کە گۆڕێکی هەڵدەدایەوە... وتیان: لێی گەڕێ... شەو نییە گۆڕێک هەڵنەداتەوە... بۆ کوڕە کوژراوەکەی دەگەڕێ... لەهەر چوارلاوە چەندین ئافرەتی کوێر و نابینا هاتن و ساتمەیان لە کێلی گۆڕەکان دەکرد... لەپە و روو دەکەوتن و چەناگەی وردیان شەقی دەبرد و دەتەقین... زامار دەبوون بەو کێلە بەردانە، چەند ژنێکی دیکە بەشەلەشەل دەهاتن و دەلەنگین، قژ و ... برژانگ و ئەبرۆ سووتاو... چ بەزەحمەت خۆیان بەکێش دەکرد... وێ دەچوو لە گۆڕستانێکی زۆر دوورەوە هاتبن... لە ئاپوورەکە نزیک بوونەوە و روونیشتن... قاچ پەڕیو و دەست قرتاو... ئەو ژنانەی لە ترسی بۆمباباران و کیمیاباران و ئەنفال و داتەپینی ئاسمانەکان فریای جووجەڵە و مریشک و منداڵەکانیان نەکەوتن... هەرهەمووش لێکدی دەچوون... ئەوانەی کە لەوپەڕی گۆڕستانەوە دەهاتن و بێئاگا لە تکا و پاڕانەوەی مارلین پڕ بەگۆڕستانەکە دەیاندایە زریکە... زریکەیەک ئاو لە بنی دەریاکان بێنێتە لەرزە... ئەرخەوانەکانی دەوری گۆڕستان رووت بکاتەوە، قیژە و هاوارێکی تاساو لێرە... لاوانەوەیەک لەوێ... گریەی بێئامان... سەمای مەرگ و لەخۆدان... نرکە و ناڵە... سەردولکەی دڵ پڕووکێنی وا مەگەر هەر تەنیا ژنە جەرگ سووتاوەکانی دەشتی هەولێر و گەرمیان ئاواهی بەدەم شینەوە ئەستێران بڕژێنن... ژنێک دەستی خستە سەر کلاوەی شانی مارلین و پێی وت:

(بۆچ حەپەساوی؟ مەجلیسی خەم و شین و واوەیلای هەموو شەوێکمان ئاواهی گەرمە، لێرە بیت هەر شەوەی سەد جاران دەمریت... زووکە و ژیریان کەوە... دەنا هەر ئێستا کابرای مجێور و کێلّتاش و گۆڕهەڵکەنەکە دێن بەقامچی و دار حەیزەران پشتی رووتمان ئاگر دەدەن و بەزۆر تا نێو گۆڕەکان دەمانبەنەوە... لەوەدایە وەک شەوانی دیکە هەندێ لە پیاوە مردووەکان لەتاو وەڕسی و خەونی ناخۆش و خەوزڕان بێنە دەرێ و تێمان کەون... ئەوسا هەر بەقژڕاکێشان دەمانبەنەوە نێو چاڵەکان).

(جا کامەیان ژیر کەمەوە؟ ئەو هەموو ئافرەتە نەگبەتە لە کوێوە هاتوون؟ پێم ناڵێن چۆن جێتان بۆتەوە؟).

(غافڵ مەبە... هۆ شەکرەژن... هاتنی خەمخۆرێکی وەک تۆ وایکرد لە هەموو ژنە مەینەتبارەکانی نێو گۆڕستانەکانی دیکەش بگێڕنەوە... چ دوور و چ نزیک).



(تۆ چیت دیوە؟ تۆزێکی تر کە شەو رابکشێ و ... وەختێ باوک و برا و کوڕ و مێردەکان خەوێکی قووڵ دەیانباتەوە... هەرهەموو ژنان و کچانی ئەم دەوروبەرە بەدزییەوە دێنە نێو مەجلیسی خەم و دەرد و شینەوە).

(زیندووەکانیش؟).

نەیانهێشت ژنە وەڵامی مارلین بداتەوە... سێ سێ و چوار چوار دەهاتن و دەیانپرسی:

(ئەرێ دوای مەرگی ئێمە دونیا چی لێ بەسەر هات؟ چ بڕ چاک نەبووە؟).

(نەوەڵلاهی... خەراپتر بووە... بۆ ئێمە هەر ئەو دونیا ناشیرینەی جارانە).

(ئەرێ تا ئێستاش پیاوان وەک جاران بەردەبنە یەکدی؟).

(ئۆ هۆو... هەر دەڵێی میرات بەش دەکەن).

(تۆ ژنێکی گەلێ هۆشمەندی... پێمان ناڵێی: پیاوان بۆ ئەوەندە حەزیان لە خوێنە؟).

(ئەوان لەسەر شەڕ پیر بوون و پیشەیانە، تازەش لە باوەشی ئێمەدا منداڵ نابنەوە... ئەوان یەکدی دەکوژن و ئێمە رەش دەپۆشین).

دواجار مارلین نازپەروەرانە لێیان پاڕایەوە کە شەوی تر لە بەردەمدایە و با بەس بێ پرسیار و وەڵام... با بەس بێ گریە و زاری... ترسا پیاوەکان لەو خەوە قووڵە رابن... ئاخر خۆ ئەوانیش کەم ماندوو نین... پێی وتن:

(وەرن دەورم دەن... با بەدزییەوە... هەر خۆ بەخۆ گوێ لە یەکدی بگرین... با پیاوان نەڵێن: ژنان بۆ هەمیشە، چ مردوو بن چ زیندوو، بێ حەشر و نەشرن... وەرنە پێشێ).

ژنەکان بەسەرسامییەوە لێکدی رامان.

(گوێ لە خەممان بگریت؟).

(ئەدی...).

(وەیش چ ژنێکی بێخەم و خۆش مەشرەف دیارە).

(ژنینە سەیری کەن... هەر دەڵێی شازادەیە و خەندە لە لێوانی ناکەوێ).

(نایکەم من رقم لێیەتی، بەشۆخیی خۆیەوە دەنازێ).

مارلین بەسووکە سکاڵایەکەوە پێی وت:

(لە پاش مەرگ و دەنێو ئەم وێرانەیەدا بۆ ئێمە عەیبە رق و کینە... "عیسا" پێمان دەڵێ: یەکتریتان خۆش بوێ... بیرتان نەچێ ئێمە تا قیامەت هەر تەنیاین).

ژنێک هەڵیدایە:

(ئەرێ خانمی مەزادار تۆ نازانی کەی قیامەت دێ؟).

(بۆ دەپرسی؟).

(ئاخر من بێزار بووم لە چاوەڕوانی).

مارلین خەنییەوە و پاش تاوێک لە رامان وتی:

(جا ژنینە ئێوە کە لە دونیا بوون چ ڕۆژێکتان قیامەت نەبوو؟).

هەرهەموو دەستیان بەسینەدا دا و وتیان:

(ئەشهەدوو... وابوو...).

مارلین تێهەڵچووە:

(خانمینە قەت بەروالەت فریو مەخۆن... منیش وەکو ئێوە خەمم زۆرە... خەمانی ئێوەش سەربار... هەمیشە بزەم لەسەر لێوان بوو تا دڵم شەق نەبا... بەڵام چی بکەم؟ دواجار خەمی ناقۆڵای ئێوە دڵی منی دوولەت کرد).

(تۆ ژنێکی لایدە و غەریبی... چیت داوە لە خەم و دەردی ئێمەمانان؟).

(چی بکەم؟ خولقەکەم وایە... خەم لە ژنی بێکەس و مەینەتبار بخۆم).

(جا تا کەی حەوسەڵەت دەبێ گوێ لە دەردەدڵی ئێمە بگریت؟).

(تا دوا چیرۆکی دوا ئافرەتی ئەم گۆڕستانە... ئەمن فریا نەکەوتم گوێ لەو هەموو ژن و کچانە بگرم کە دیمن... خۆ من حەزم نەدەکرد ئەو ژنە بێپشت و پەنایانە جێ بێڵم... تۆ بڵێی دوای خۆم کەس هەبێت وەک من خەمیان بۆ بخوات؟... چ قەیدییە... چاوەڕێی ئەوانیش دەکەم... خۆ من تازە بووم بەمیوانی هەمیشەییتان... تا ئەو حەلە حەز دەکەم هەر شەوەی یەکێکتان دەردەدڵی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە).

(وای کە ژنێکی بەمیزاج و حەوسەڵەیە).

(پشوو درێژە...).

(میهرەبان و دڵئارام... هەر تاوێ بوو لەمەوبەر هۆن هۆن دەگریا بۆمان).

(قسە هەر دەڵێی گوڵە و لە زاری دەکەوێ).

(بێشک کە لە دونیا بووە بەم لەبزە شیرینەوە سەد پیاوی حەیران و سەرگەردان کردووە).



(ئەوە یەک... من بەحەیاتم شەکرەژنی وام نەدیوە... هەرهەمووماانی غافڵاند).

(چ شیرین سەران بادەدا و چ جوان تێدەفکرێ).

(ئەتۆ سەیر... چ خەمڕەوێنە... ئەم گۆڕستانەی ئاوەدان کردەوە).

مارلین لێگەڕابا تا بەرەبەیان ستایشیان دەکرد... قسەی پێبڕین:

(تەریقم مەکەنەوە خانمینە... منیش ئافرەتێکم وەک ئێوە... دەزانن من بۆچی نەچوومەوە وڵاتی خۆم؟).

هەرهەموو بەیەک دەنگ وتیان:

(نەوەڵڵا).

(پێم وتن: تا گوێم لەسەرگوزشتە و مەراقی دڵی هەرهەمووتان بێ... دەی دەورم دەن شەو درەنگە).

هێدی هێدی ژنان و کچانی حەسرەت دیدە و لێو بەبار هێور و سارد دەبوونەوە و لێی دەچوونە پێشێ... چەند هەڵقەیەک نەبێ کە هێشتا لە کەشکە ئەژنۆی خۆیان دەدا و لەژێر لێوەوە بەنەغمەی حوزنی تازیەبارەوە جگەرسۆزانە دەلەنگینەوە و دەلاڵانەوە، بەنیازی پاکی ژنێکی فامیدەوە لێی پرسین:

(ئەرێ وەختێ لە دونیا بوون هیچ کەسێک گوێی لە قەهر و مەراقی ئێوە دەگرت؟).

کردیان بەهەڵڵا:

(نەوەڵڵا).

(نە بەکەلامی خوا).

(چما دەوێراین قسە بکەین؟).

(چما تۆ پیاوان ناناسی؟).

مارلین بەپەلە لە غەڵبەغەڵبی خستن:

(دە من لێرەم تا گوێ بگرم... لە هەمووتان).

(بۆ چیتە؟ تۆ بۆ خۆت بەئێمەوە خەفەت خان دەکەی؟).

(پرسیاری ترم لێمەکەن... تاوەکو بڕوام پێبکەن... با من لە چیرۆکی ژیانی خۆمەوە دەست پێبکەم... چونکە ئەمشەو من لە هەمووتان غەمگینترم... من دەزانم وا نەبێ ترس و شەرمتان ناشکێ).

کچێک بەدەم لێوەلەرزەوە دەستی رادەوەشاند و دەیوت:

(سەد شەوی تر قسە بکەی... من نهێنیی دڵی خۆم بۆ کەس ناڵێم).

هاواریان لێکرد بێدەنگ بێ و قسە بەو شەکرەژنە نەبڕێ.

مارلین زوو هەڵیدایە:

(تا من لێرەم کەس خۆی لەوی دیکە تووڕە نەکات... دڵڕەنجانی زۆرتان دی لە دونیا... ئیدی با بەس بێ زویربوون و دڵشکان).

(قسەکەت تەواو کە سەردەستەی خانمان).

(ئەمشەو من زۆر پەرێشانە حاڵم... وای کە دڵم پڕە... ناشوێرم لە ترسی ئێوە بۆ خۆم بگریم... ئەمشەو "پیتەر"ی مێردم بەتەنیایە... لە ماڵە خنجیلانەکەی خۆماندا بیر لە من دەکاتەوە... هەر بەیادی من پێکێک شەراب دەخواتەوە و گوێ لەو مۆسیقایە دەگرێ کە هەردووکمان حەزمان لێدەکرد).

ژنێک بەتەوسەوە لێی پرسی:

(گوێ لە مۆسیقا دەگرێ؟).

(هەڵبەت).

(دونیای ئێوە سەیر و سەمەرەیە).

(پیتەر گوناهە... من حەزم نەدەکرد وازوو جێی بێڵم... تێرمان لێکدی نەخوارد... ژیان چ کورتە بۆ خۆشەویستی... چ سەفەرێکی بەپەلەی نیوان رەحمی دایکمان و ئەم گۆڕە بوو... لە تاریکییەوە بۆ تاریکی).

(دیارە خۆشت دەویست؟).

(ئۆ هۆو... باس ناکرێ).

(خۆشی دەویستی؟).

(لە من زیاتر ژنێکی تری نەدەبینی).

ژنێکی دیکە لێی هاتە پێشێ و پێی وت:

(بێشک منداڵی جوانت لەو پیاوە هەبووە!).

(نەخێر).

(بۆچی... سکوزات نەکردووە؟).



(نا... من و پیتەری مێردم بڕیارمان دا کە تا دونیا ئاواهی پیس و بێفەڕ بێ... سوێندمان خوارد کە منداڵی تیا نەخەینەوە... منداڵ خستنەوە لەو شێتخانەیە شێتییە).

بە سەرسامی و زار داپچڕینەوە هەرهەموو ژنەکان لێکدی رامان و پاشان کردیان بەهەرا و هۆرایەیەک نەبێتەوە:

(های... ئەوە چییە... یانی چی... بۆ... چما چی بووە... قسەی بێمانا... درۆ دەکا... نەزۆکە... خۆی یان مێردەکەی... تووخوا کەی ئەوە قسەیە... وس بن... قیڕەتان بڕێ... ئەی وەکو ئێمە... هەریەکە و کۆشێک هەتیومان لەو دونیا پیس و بێڕەحمە بەجێهێشتووە!).

مارلین لەسەرخۆ و هەر بەدەست ئیشارەتی دان کە ئیدی هێور ببنەوە... تا دواجار تەواو خامۆش بوون، لەپڕ زرنگانەوەی دەنگی کچێک خامۆشیی شکاند و تکای لە مارلین کرد:

(دە زووکە چیرۆکی ئەو حەزەی خۆت و مێردەکەتمان بۆ بگێڕەوە).

مارلین پشتی دا بەکێلێکەوە و چاوی بەناو هەمووواندا گێڕا... ئاخێکی ساردی هەڵکێشا و وتی:

(ئاخر بەمەرجێک ئێوەش شەوانی دواتر لە عیشقی خۆتانم ئاگادار کەن).

کردیانەوە بەورتەورت و دەست بەیەکدادان:

(وای لە خۆمان نەگبەتێ... سەر بەهەشێ... هەناسە ساردێ... خوشکم چیمان کردووە... چیمان دیوە تا بۆتی بگێڕینەوە... سوێند بەجوانیت لە هەناسەساردی پتر هیچمان نەدیوە...).

(خەمتان نەبێ... من فێرتان دەکەم چۆن لە دەردەدڵ بدوێین).

هەرهەموو لێیان پرسی:

(ئەرێ بەراست جوانێ... ناوی تۆمان نەزانی).

(مارلینی خوشکتان... خوشکی بچووک... باش ئەزبەری کەن... مارلین... دەشتوانن پێم بڵێن مریەم... کچان و بێوەژنە بارزانییەکان هەر بە"مێرەم" بانگیان دەکردم).

هەرهەموو وتیان:

(ئەڵڵاە کە ناوێکی پیرۆزە... خوشکی گەورەمانی مریەم... خوشکی گەورەی... گۆڕستانت رووناک کردەوە).

یەکێک لە سەرەژنەکان، بەدەنگێکی زۆر نێرەوە، دلێرانە هاواری لێکردن:

(ئادەی ژنینە واز لە منەمن و سەردولکە بێنن و وەرنە پێشێ... مریەم قسەمان بۆ دەکا... شەو ساردی کرد... دەوەرن با بچینە پاڵ یەکدی تا گەرممان بێتەوە).

(مارلین)یش پتر کفنەکەی لە خۆیەوە وەرپێچا و ... وتی:

(دەی وەرن گوێم لێبگرن... گوێ لەو عیشقە گەرمەی من و پیتەر... حەزێکی ئەوەندە گەرمە سەرماتان بیر دەباتەوە... ئەوەن ئاوەدان سامی گۆڕستان وەلا دەنێ... حەزم نییە ئەمشەو هیچ ژنێک لە بەردەمما بگری... شەوانی دیکەمان زۆرە بۆ شین و شەپۆڕان... بۆ گوێگرتن لە کۆست و خەمان... دەی لێم نزیک وەکەون... هێدی هێدی گوێ بگرن).

ژنان و کچانی حەسرەتکێش و خۆشی نەدیدە بەچەندین هەڵقە و بازنەی سپی پۆشان دەستیان نایە ژێر چەنەی خەفەت و بوون بەشوورەی دەوری مارلین... ئەویش وەک چڵە نێرگزێکی چاوتەڕ کە کەوتبێتە ناوەڕاستی چەندین رەشەڕێحانەی ئاو لێبڕاو و مل بەلارەوە... نەرمە نەرمە زاری پشکووت... ورد و جوان... شیرین شیرین... کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکی نەبڕاوەی رۆژانی عیشق و ... شەوانی ئەڤین.

پایزی - ١٩٩٦



## کوودەتای کەروێشکەکان

سەرۆک هەزار جار دوعای بۆ خوا و قەدەر و رێکەوت کرد کە خۆی و خانم و کوڕ و کچەکانی نەکەوتنە ژێر داروپەردووی بەسەریەکدا ڕماوی کۆشکەکەی، ڕازاوەترین کۆشکی وڵات، کتومت لەو کۆشکە سیحراوییە دەچوو کە لە (هەزار و یەک شەوە)دا وەسفی کراوە، بۆ ساڵێک بودجەی وڵات کورتی هێنا. بێجگە لە خۆی نەیهێشت کەس، بگرە ژن و منداڵەکانیشی، بەنهێنی و کون و کەلەبەری ئەو کۆشکە بزانن. ئەو ڕۆژەی وتیان: سەرۆک بەتەمایە ئاوەڕۆی ڕووبارەکە بگۆڕێ و وا بکا بەنێو حەوشەی کۆشکدا تێپەڕێ؛ کەس باوەڕی نەدەکرد. لە هەر شوێنێکی پایتەختەوە سەیرت بکردایە چراخانی زۆر ڕۆشنی لە دووریی سەدەها مەترەوە باقوبریقی ئاسمانی تاری ڕۆشن دەکردەوە. ڕێکەوتێکی سەیر بوو یان بەختی پوختی سەرۆک بوو کە هەمیشە بەموعجیزەیەک لە کوودەتا و شۆڕش و هەڵگەڕانەوەکان دەربازی دەبوو، چ قەدەرێکی سەیر بوو کە ڕۆژی دارمانی کۆشکەکەی خۆی و ژن و منداڵەکانی لەژێر کەپری یەکێک لە هاوینەهەوارەکانی نێو ئەو شاخانەدا کەروێشکە خەویان دەکرد... لە گەرمەی کەیف و سەفا دەبوو بەخاو و خێزانەوە بگەڕێنەوە پایتەخت... نەیانهێشت بەیادی سەردەمی منداڵی بەو دارلاستیکە گەورۆنەی ڕاوە چۆلەکە بکات، یەکەمجاری بوو کوڕەکانی فێر بکات چۆن سەر لە مل جیا بکەنەوە، چۆن چۆنی چۆلەکە ئاوەڕووت دەکرێ و گۆشتەکەی دەبرژێندرێ... نەیانهێشت... پیلانی دارمانی کۆشکەکەی دواهەمین هەڵقەی پیلانەکان بوو کە سەری نەگرت، دوای بیستەمین کوودەتا و ڕاپەڕین هەرهەموو خەڵکی، پارتیزانەکان، گشت پارت و نەیارەکان، هەرهەموو باڵەکانی ئۆپۆزسیۆن تەواوێ نائومێد بوون، ئەوە پشتێکە سەرۆک حوکم دەکا و هەر دەڵێی عومری (نوح)ی قەرز کردووە، دوای هەر کوودەتایەک دەهاتە سەر تەلەفزیۆن و لەژێر باری کەرێک لە قایش و قرۆش و قۆپچە و قەوچ و قەڕاسەوە دەبریسکایەوە، نائومێدی دەکردن و بەخەنینەوە هەواڵی پووچەڵبوونەوەی کوودەتایەکی دیکەی ڕادەگەیاند، بۆ هەفتەیەکیش دەبوو بەجەژن و خۆشی، دەیوت:

(کێ دەتوانێ سەرۆکێکی وا موعجیزە لەناو بەرێ کە خوا خۆی حەز دەکات پیلانەکان ئاشکرا بن و تا ئەبەد حوکم بکات).

ئەو پیاوەی دوای بیستەمین کوودەتا قەقنەس ئاسا دەنێو خۆڵەمێشی جێماوی پاش گڕی کوژانەوەی شۆڕشەکان زیندوو بۆوە، یان بەقەولی کوودەتاچییەکان: مارمێلکە ئاسا لەژێر داروپەردوودا سەر قیت دەکاتەوە و زمان لە هەمووان دەردێنێ. دەیوت:

(من بێباکم... تکاونزای پیرەژن و پیرەمێردەکان من دەپارێزێ).

دوای هەر کوودەتایەک دەبوو بڕژێنە سەر جادەکان و خەڵکی هاوار بکەن:

(تا ماویت حوکمڕانیت... تۆ موعجیزەی سەر ئەرز و هەم ئاسمانیت).

ئاهەنگەکانی پاش دامرکاندنەوەی کوودەتاکان لە ژمارە نەدەهاتن، دوو نەوەی لە شۆڕشگێڕان لە گۆڕ نابوو. بۆسە نانەوە، تەقاندنەوەی ماشێنەکان... کۆشکەکانی... نیشانە لێگرتن... ژەهر کردنە نێو ژەمەکانی، کوودەتای سەربازی... پیلانە کتوپڕەکانی خزموخوێ... هەرهەموو هەوڵەکان بێهوودە بوون، کێ دەیوت ئەوەیان هەمان ئەو ژەنەڕاڵەیە کە وێنەی لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو دەکرێتەوە، ڕوومەت و تەویڵ خاڵ خاڵاوی خەندەخوار، خۆ کەس ئەمی نەدیوە، دەنێو هەرای ئەو کوودەتایانە هەر سێ ژەنەڕاڵە کۆپیکراوەکانی کە کتومت لە خۆی دەچوون: تیا چوون، گوایە هەمیشە کۆپیکراوی خۆی دەدۆزێتەوە، هەندێ لەوانە بۆ وڵاتانی دونیا دەنێرێ... لەناو وڵاتیش: بۆ خەستەخانە و قوتابخانە و یاریگاکان... نێو سەیران و ئاهەنگەکان... بۆ پرسە یەک لەدوای یەکەکانی هەرهەموو ماڵ و مزگەوتەکان، پرسەی ئەو سەرباز و ئەفسەرانەی لە شەڕوشۆڕە نەبڕاوەکانی سەرۆکدا کوژران. زۆرجاران نەیارەکانی لە بۆسەیەکدا هەڵمەتیان دەبرد و لە سەد لاوە دەستڕێژیان لێدەکرد، دەبوو بەهەڵلا کە دکتاتۆری ئاخیر زەمان کوژرا، دوای دە چرکە دەنگی دلێری بەسەر شەپۆلی ڕادیۆوە هەموو کوچە و کۆڵان و کۆشک و کەلاوە و ماشێن و نێو چایخانە و مەیخانەکانی داگیر دەکرد، کتوپڕ تەلەفزیۆن پەخشی خۆی دەکردەوە، ئێوارەی هەمان ڕۆژ بەپەلە ژمارەیەکی تازەی ڕۆژنامەکان دەڕژانەوە سەر شۆستەکان، من دەزانم... میللەتەکەم نایەوێ بمرم، دیسانەوە کۆپیەکی دیکەی سەرۆکەکە کوژراوە. کۆنە شۆڕشگێڕێکی زۆر نائومێد کە هەموو تەمەنی لە چیاکان و دەنێو ئەشکەوتەکاندا بەسەر بردبوو بەلاقرتێوە گوتبووی:

(با چاوەڕێ بین... بەڵکو سەرۆک ماسییەک بخوا و پارچە ئێسقانێک لە قورگی گیر بێ و بخنکێ).

لەو نائومێدتر بەمەزاقەوە وتبووی:



(مەگەر لەسەر پێبلیکەیەک هەڵخلیسکێ و پشتەسەری بەر قەراغی یەکێک لە پلەکانی قاڵدرمە کۆنکرێتییەکە بکەوێ و سەری بتەقێ).

کەس بڕوای نەدەکرد لەناو بچێت، ئەم بەر لەوەی ژەمەکانی بخوات: مەرجە پاسەوانە هەرە خۆشەویستەکانی بەبەرچاوی خۆیەوە تێری لێبخۆن، کەس نەیدەوێرا هیچ بڵێ، سیخوڕەکانی سێبەر ئاسا لە گومان لێکراوەکان نەدەبوونەوە، لە بەرگی دەرۆزەکەر و شێت و دەستگێڕ و ژنە فاڵچی و سۆزانیدا خۆیان دەشاردەوە، شەوانە کە پیاوە داخ لە دڵەکان سەرخۆش دەبوون و بێئاگا لە خۆیان جنێویان بەسەرۆک دەدا حەسحەسەکان ڕووەو زیندان ڕاپێچیان دەکردن، سزای جنێوێک، تفێک دە ساڵ زیندانی بوو، لە قەهری قسەی سووک و جنێوی بازاڕی سەرخۆشەکان بەفەرمانێکی کۆماری هەرهەموو مەیخانەکان داخران. گومان دەکرا لە هەموو شتێک... هەتا لەسەر باڵەخانەی بڵند و دەنێو پەیکەری نێو شەقامەکانیشدا کامیرای شاراوە هەبوون، ژن و مێردەکانیش دەنێو پێخەفدا بەچرپەوە دەدوان، وا بڵاوبۆوە کە هەموو چرپەی ڕق و کینەیەک بەسەر شەپۆلی هەواوە دەڕوا و بەزەبری ئامێرێکی زۆر سەیر کە سەرۆک لە هەندەرانەوە هێنابووی دەبێ بەدەنگێکی پڕی ئادەمی.

هەواڵی ڕمانی کۆشکەکەی لە خەوی خۆشی ژێر کەپرەکان ڕایچڵەکاند، بێئاگا لە خۆی هەر بەبیجامەوە سواری هەلیکۆپتەرەکە بوو تا چی زووە بگەڕێتەوە پایتەخت، سوێندی خوارد کە ئەگەر ئەمەیان پیلانێکی تازە بێ لە جێگرەوە تا دەرگاوانەکان بکا بەخۆراکی ماسییەکانی نێو ئەو ڕووبارەی کە بەحەوشەی کۆشکەکەیدا تێدەپەڕێ. تۆ بڵێی کوودەتاچییەکان جارێکی دیکە زەفەریان پێبردبێ و لە ڕێی هەندێ لە خیانەتکارانی نێو کۆشک دزەیان کردبێ؟ خۆ سەرۆک هەموو ئەندازیاران و نەخشەکێشانی کۆشکەکەی بێ سەر و شوێن کردبوو... نا مەحاڵە لەناوچوونی، ئاخر ئەم وەک دەرپێ و فانیلە ماشێنەکانی دەگۆڕێ، قەت نەبووە دوو شەو لەسەر یەکدی لە هەمان کۆشکدا بنوێ، سوێند دەخۆن کە سەرۆک دەنێو تاکسی وا کەترە و هیلاکدا بینراوە کە مۆدیلی دەگەڕێتەوە چلەکان، دەنێو شۆفرلێتە پیرەکان، مۆسکۆفیچ، ئەو فیاتانەی لە کۆنیان گێڕ و خوار جادەکان دەبڕن، چۆن لەناو بچێ وەختێ لای ئەم گومانیش حەقیقەت بێ، خەونی خەراپ باجی لەسەر بێ، ئەو پاسەوانە هەرە نزیکەی کە بەدزییەوە خۆی گەیاندە وڵاتێکی دراوسێ... وتبووی: من لە ترسی ئەو نیگا شەڕانگێزییەی سەرۆک ڕامکردووە، دوای ئەم چەشنە ڕوانین و نیگایەی سەرۆک جگە لە مردن هیچی دیکە چاوەڕێ ناکرێ، پاش چوار جار پەلامار و هەڵمەتبردنە

سەر ماشێنەکەی، سێ جار فرۆکە کەوتنە خوارەوە: سەرۆک قاقا بەعەقڵی پیلانگێڕان پێکەنیوە، دوای هەر پەلامار و هەڵمەت و کوودەتایەک لەژێر زەمین و... دەنێو تونێلەکانەوە وەک گۆڕهەڵکەنە دەهاتە دەرێ و ددانی گڕ کردۆتەوە، وا زانراوە کە پایتەخت هەرهەمووی ژێر زەمین و تونێلە، بێ حیکمەت نییە کە بۆ ڕۆژی تەنگانە تونێلە زۆر درێژەکان دەچوونەوە سەر دەریا، ئەودیو سنوور، یان دەنێو زارکی ئەشکەوتێکەوە هەرهەموو تونێلەکان لێکیان دەدایەوە، یان لە بناری شاخێکدا سەری دەردەهێنا. خەیاڵی خۆشی سەرۆک بۆ غافڵکردنی خەڵکی لە دونیادا هاوتای نەبوو، هەوا و هەوەسی هی قۆشمەبازێک بوو، بۆ کۆتایی هەر کۆبوونەوەیەک چەند نوکتەیەکی پێبوو، وای دەنواند کە حەزی بەتەنزە و دونیا ئارامە و ئەویش ئاسوودە و میللەتیش حەزی لە خەنینە. ماوەیەک بەخەیاڵیدا هات کە ئیدی لە بەیانییەوە هەرچی قوتابی و مامۆستا و فەرمانبەر و پزیشک و ئەندازیار و پارێزەر و گشت کرێکارانی کارگەکان و چایەچی و لۆقنتەچی و کاسبکاران هەن: دەبێ تا سەر شوێنی کارەکانیان بەنەرمەغار بڕۆن، چونکە ئەوەیان هاونیشتمانی ساغ پێوستی پێیەتی و بۆ کەمکردنەوەی بودجەی وەزارەتی تەندروستی بێ عەیبە و... لەوە دەبڕێ و دەخرێتە سەر بودجەی وەزارەتی بەرگری... ئیدی ناچار... دوای ئەو بڕیارە شۆرشڤانییە دەتدی هەرهەمووان بەنەرمەلۆقە وا غار دەدەن، هەر لەو سەر و حەدەدا کوڕ و کاڵی وڵاتی هان دەدا کە وەک ئەم حەز بەیاریی ئاسن و لەش جوانی و شەڕە بۆکسێن بکەن، ئیدی دەبوو هەر سەرەمانگێک لەگەڵ یەکێک لە بۆکس وەشێنەکانی وڵاتدا بکەوێتە شەڕەمست، بێشک هەر لە گێمی یەکەمەوە یارییەکان بەدۆڕانی یەک لەدوای یەکی هەرهەموو بۆکس وەشێنەکان کۆتایی دەهات، بۆ خۆشی و مەزاقی کۆمەڵانی خەڵکی وڵات بەبڕیارێکی خۆی دەبوو هەرهەموو بۆکس وەشێنەکان تا دوا گێم بەرگەی شەق و شوللاق و ئەوهەموو مستەکوڵەی چەپانی و ڕاستانییەی سەرۆک بگرن کە دەم و قەپۆزی تێکدەشێلان، دەبوو لە کێشی مێشەوە تا کێشی کەڵەشێر و قورسەوە خۆ تاقی بکەنەوە، بەبڕیارێکی کۆماری و پاش بەزینە ناچارییەکان هەرهەمووانی گەڕاندەوە کێشی پەڕەمووچە، دەبوو چەندین لاپەڕە لە ڕۆژنامەکان بۆ ئەم شەڕەمستە تەرخان بکرێ، بۆ چەندین ڕۆژ دەنگوباسی ئەو بۆکس وەشێنە نەبڕایەوە کە سەرۆک بەلەقە سێ پەراسووی شکاند وەختێ بەرێکەوت و نەزانانە پشتەدەستێکی بەر لووتی سەرۆک کەوتبوو، ئەو کەمە خوێنەی کە لە لووتی سەرۆک پڕابوو بوو بەخوێنی سیاوەحش، لە هیچەوەش کەفی دەکرد و تووڕە دەبوو، شەوێکیان بەپەلە بانگهێشتی هەرهەموو ڕۆژنامەنووسەکانی کرد، دوای ئەوەی سەرۆکی وڵاتێکی دراوسێ لە داخی دەستدرێژییەکانی بۆ سەر سنوور قسەی نابەجێی پێ وتبوو... هەڕەشەی لێکردن: یان واتان لێدەکەم پارەی چایەکتان نەبێ یان هەر ئەمشەو بەنووسینی درێژ وەڵامی ئەو گەوادە دەدەنەوە، ئەو ڕۆژنامەنووسەی زمانی تەتەڵەی کردبوو... بەناخێری وتبووی: گەورەم ئێمە هیچی ئەوتۆمان لەو سەرۆکە نەبیستووە کە جەنابت لەکەدار بکات... هەر زوو لەو دانیشتنە بڕیاری دا کە زیندانی بکرێ، دوای تکا و پاڕانەوەی هەرهەموو ڕۆژنامەنووسان گوایە تازەکارە و گووی خوارد... بەوە وەستایەوە کە فنشی بکات. هاواری کرد: دەزانن سەرۆکی کەران... ئەو حوشترەوانە چی پێ وتووم: گوایە من... ئا... من... دەبوو دوای ئەو هەموو شەڕە دۆڕاوانەی هەڵمگیرساندووە خۆم بکوژم، دیارە ئەو کۆسە بەبەیە سەرکەوتنەکانم بەدۆڕان لە قەڵەم دەدا، هەر ئەمشەو وەڵامی دەدەنەوە، منی بەکەروێشک... ئا منی بەکەروێشکێکی ترسنۆک شوبهاندووە، گەرەکمە هەریەکەتان ئەم بەحەیوانی سەیر و سەمەرە بشوبهێنن. وەختێ هەڕەشەی لێدەکردن و مستی بەمێزەکەی بەردەمیدا دەکێشا سوڕاحی و پەرداخە کریستالییەکان بەلەرزە لەرز دەکەوتن، زوو زووش کارەکەرەکەی بەردەستی دەنووشتایەوە و کراسە کورتەکەی هەڵدەکشا و تا ئەو شوێنەی کە خوا پێیی ناخۆشە وەدەردەکەوت، دەنووشتایەوە تا زوو زوو کاسێتی نێو ڤیدیۆکە بگۆڕێ. خۆ دەبێ ماکەرینە؟... سەیری ئەم فلیمانە بکەن، من ئاواهی تەعزیبی نەیارەکانی خۆم دەدەم، بەرلەوەی خۆر هەڵبێ و هەریەکە و نووسینێک دژ بەو قسە سووکانەی ئەو بێ سمێڵە نەنووسێ هەر بەگون هەڵیدەواسم، زوو زووش دەستی بۆ پەرداخەکەی بەردەمی دەبرد و بەچوار چاو لە دیمەنی ئەشکەنجەدانی نەیارەکانی ڕادەما... دەزانن ئەوانە کێن؟ کۆمەڵێ مەزن و منداڵی سپڵە و خیانەتکار کە گوایە لە حوکمی من نابەدڵن، گوایە ئەوانە شەڕێکی چیناتەتیان لە دژی من بەرپا کردووە، من خۆم کوڕی جووتیارێکی پێ خاوس بووم، ئەو دەمانچەیەی کە لە شۆڕشەکەمدا تەقەم پێکرد لە مامی خۆم دزی بوو، لە هەمووان نەترستر زمانی هەڵێنا و وتی: وایە قوربان... حەز دەکەی نووسینێکی وا دەنووسین کە وەڵامێک بێ بۆ هەموو نەیارەکانت... نەء... دەماغسز... هەر نەیارە و وەڵامی خۆی هەیە، ئاواهی سەرنووسەری گۆڤارێکی ڕامیاریت مالۆس... خەیاڵی سەرۆکی فەرماندە دوور و نزیک ڕۆیشت... بەخەیاڵ دەوری هەموو پیلانە کۆنەکانی کردەوە، هەرهەموو کوودەتاکان، پێشبینی بۆ هەموو ئەو هەڵگەڕانەوە و هێرشانەی کە لە کۆشی غەیبدان، زۆر بەپەلە بارگە و بنەیان تێک نا... چەند جارێک لە ژن و منداڵەکان تووڕە بوو... ئەم کۆشکە چۆن ڕماوە... بۆ

ئەوێک کە نیو سەدەیە حوکم دەکا حەیاچوونە. هەوای فێنک و ئاوی سازگار و جریوەی مەل و تەوژم و خوڕەی ڕووباری نێو خەرەند و کەفچڕینی چەمەکانیان بەجێهێشت... شەوانی ئەستێرەباران و کەروێشکە خەوی ژێر کەپرەکان، لەژێر ئەو کەپرانەشدا سەرۆک خەیاڵی هەر لەلای پیلانە ڕەشەکانی خۆی بوو، وازی لە دانانەوەی دوا تەڵە نەدەهێنا، خەیاڵی بەبڕشتی وەک تەونی جاڵجاڵۆکە نەیارەکانی چوون مێروولە و مێشوولەی بێدەستەڵات ئاسا ڕاو دەکرد و قووتی دەدان، کە لە ئەستێرەکان ڕادەما خەفەتی بەوە دەخوارد کە ئەم دەستی بەئەستێرەکان ناگات و خەمی لەوەش دەخوارد کە مانگ بێباک لە دەستەڵاتی پادشایانەی ئەم تریفەی بەسەر دار و بەرد و ئاودا دەڕێژێ، دونیایەکی هیچە مادامەکێ کانی و چەم و جۆگەلە و ڕووبارەکان بێ پرسی ئەو بەنێو ئەو دۆڵ و خەرەندەدا سەفەری بێکۆتایی خۆیان دەکەن، بولبول چ فڕندەیەکی بێناموسە کە بێ فەرمایشتی ئەو دەجریوێنێ، چۆلەکەکان چ بێئەخلاقن کە بێ ئەوەی شەرم لەو بکەن بەسەر یەکدیدا دەتسن. ئەوێک کە منداڵ لەناو بێشکەدا دەترسێنێ، کەچی لە بەرامبەر ئەو سروشتە کێوییەدا دەستەپاچەیە، بێ پرسی ئەو مەلەکان دەفڕن، ماسییەکان مەلە دەکەن، سمۆرەکانیش بەسەر دارگوێزەکانەوە گەمەی خۆیان دەکەن و حورمەت لە سەرۆکی تاک و تەنیای وڵات ناگرن، سەگە بەڕەڵلاکان لە وەڕینی خۆیان ناکەون و پشیلەکانیش بەبەرچاوی ئەوەوە دەمرێنن و دەکەونە دوای پاشەڵی یەکدی، کە نیشانەش لە مەل و حەیوانە کێوییەکان دەگرێتەوە، لە چاوتروکانێکا ون دەبن و شەقژنی ساچمەی سەرۆک دەنێو ئەو دۆڵ و دەربەندەدا دەنگ دەداتەوە و وەک هەر ڕاوچییەکی مایەپووچ بەدڵساردی دەگەڕێتەوە بن کەپرەکان، ئەم تەنیا بەوە ڕاهاتووە کە زۆر لە نزیکەوە دەمانچە بخاتە سەر تەختی تەوێڵی نەیارەکانی و نێوان هەردوو برۆیان بەگوللەیەک ئاگردا و بیتەقێنێ... نەدەمرد... چەندین جار لە ئاسمانەوە کۆشکەکانی بۆمباباران کران... وەلێ کێ دەزانێ لە کام کۆشکدا خۆی مەڵاس داوە، دەڵێن هەندێ شەو لە کەلاوەکانی دەرەوەی پایتەختدا شەو بەسەر دەبات، پاسەوانانی کۆشکی کۆماریش هەمیشە وت و وریا و تەیار و ئامادەن، هەموو کەس چیرۆکی ئەو پیاوە بەستەزمانەی زانی کە لە بەردەم وەزارەتی بەرگریدا زەرفێکی نایلۆنی لێدەتەقێ و تۆزێکی زەرد بەسەر شۆستەکەوە وەردەبێ، چوار پاسەوان وەک چوار داڵ دەنیشنە سەری و بەشەپازللە و پێلەقە و مستەکۆڵە هەراسانی دەکەن، خەڵک و خوا لێی کۆ دەبنەوە بێ ئەوەی بوێرن لەژێر پۆستاڵەکان دەربێنن، کابراش بەزمانێکی لاڵەوە سوێند دەخوات کە ئەم تۆزە: تۆزی شەربەتی پرتەقاڵە، بەپەلە



پەرداخێک ئاو لە دوکانێکەوە دێنن، کابراش زۆر بەپەلە چنگێک لە تۆزەکە دەخاتە نێو پەرداخەکە و بەپەنجی شایەتمانەی تێکیدەدا و بەیەکبین هەڵیدەدا، ئەوسا پاش سێ چوار شەق مەرەخەسی دەکەن، پیلانی داروودەستەکی نزیکیش ببووە مەحاڵ، کچە کارەکەرێکی فلیپینی توانی پیلانی شەش وەزیرەکە پووچەڵ بکاتەوە، سەرۆک بۆ هەر ماڵە وەزیرێک دوو سێ کارەکەری فلیپینی ڕەوانە کردبوو، بێ ئەوەی کەس بزانێ کە پێنج ساڵ زووتر ئەو کارەکەرانە کۆرسی زمانیان تەواو کردووە، ژنە وەزیرەکان بەوپەڕی غەزەبەوە بەمێردەکانیان دەوت: ئەمەیان هیچ ئەدەبێکی تیا نییە کە ئەم کچانە بەکراسی کورتەوە نان و ئاومان بۆ دەگێڕن، وەزیرەکانیش بەچاوی پڕ لە شەهوەتەوە لە لاق و لەتەری کارەکەرە مەمک هەڵوژەکان ورد دەبوونەوە و بەدرۆوە وەک ئەوەی ناچار بن: جا ژنینە کێ دەوێرێ فەرمایشت و دیاریی سەرۆک ڕەت بکاتەوە، هەر یەکێک لەم کچانە بوو کە پیلانی ڕێکدارێژراوی شەش وەزیرەکەی ئاشکرا کرد، سەرۆک دەیزانی کە ئەوەی بەکەس ڕاو نەکرێ بەکچۆڵەیەکی ساویلکەی عیشوەباز ڕاو دەکرێ، لە کۆبوونەوەیەکی کتوپڕی ئەنجوومەنی وەزیراندا سەرۆک بەدەم کەفکردنەوە پووچەڵبوونەوەی ئەم کوودەتایەی ڕاگەیاند. هەر دوای گوللەبارانکردنی ئەو شەش وەزیرە نەڕاندبووی: چیتان هەیە زوو فڕێی دەنە دەرێ، چونکە من ناتوانم هەموو ڕۆژێک کۆتان کەمەوە، مەگەر پاش کوودەتاکان بتوانم بتانبینم. قوربان من وەک وەزیری (دارایی) حەز دەکەم ئەوەت پێبڵێم کە بەحوکمی ئەو جەنگە زۆرانەی دەر و دراوسێیەکان کە بەسەر وڵاتە شیرینەکەماندا سەپاندوویانە... خەریکە بودجەکەم خاڵی دەبێ، وا بڕوات مووچەی فەرمانبەرانم پێنادرێ... جا ئەو کەی قسەیە وەزیری گیرفان بەتاڵ، دەتەوێ خاک و خەڵکی بخەینە بەردەستی دوژمنان؟ نابینایت... ئەو هەموو پیلانە نابینی؟ ئەی ناپرسیت بۆچی من هەر ڕۆژە و قاتێک و جووتێک پێڵاو دەکڕم؟ دەکرێ یەکێک لەو قاتانە یان پێڵاوانە ڤایرۆسێکی پێوە بێ، میکرۆبێک... تۆ وەزیری بڕیار دەرکە کە لەبری مووچەی هەر مامۆستا و فەرمانبەرێک جووتە پێڵاوێک یان قاتێکی منی بدەنێ و بۆ خۆیان بیفرۆشنەوە، قاتێکی من بیست مووچەی تیا دەبێ... پرسی: چۆنە ؟... هەرهەموو وتیان: عالە. وەزیری تەندروستی کە هاوڕێی سەردەمی منداڵیی سەرۆک بوو، شەش ساڵان لەسەر هەمان کورسی دانیشتبوون، کوڕی هەمان گەڕەک بوون، بۆ ئەوەی لە بەرچاوی وەزیرەکانی دیکە خۆ بنوێنێ، بەلە خۆڕادیتنەوە، بەسەرۆکی وتبوو: گەورەم... لەم وڵاتەی ئێمەدا لە جەنابت کەڵەگەتتری تیا نییە، وا بزانم جەنابت ( ٥٠ ) لەپێ دەکەیت، شوکر خوا

وای کردووە چاکەتی جەنابت بۆ ئێمەومانان دەبێ بەپاڵتۆ، ئێ خۆ مامۆستا و فەرمانبەرانیش ئەوەندە لەڕ و لاوازن: لە قوونڕا دەمیزن. مەبەستت چییە وەزیری مێش و مەگەز؟ هیچ گەورەم... نەیزانی چۆن خۆی لە غەزەبی بپارێزێ... بەلاقرتێوە و دۆستانە وتی: گەورەم بیرتە کە هەردوو هێشتا هەرزە بووین... زۆرجاران جل و پێڵاوەکانم بەتۆ دەبەخشی، بەدەم هەڵوەشاندنەوەی دەلینگی پانتۆڵەکانەوە دایکت هەزار دوعای بۆ دەکردم... ها... ها... ها... بەچی پێدەکەنیت دەماغسز... تۆ دکتۆری بەیتەری بوویت کردمیت بەوەزیری تەندروستی، بەڵام قەت لەوە ناچێ ببیت بەدکتۆری بنیادەمان. ڕووی لە هەموان کرد: زۆربەتان چایەچی و چەرچی بوون، شوکری خوا بکەن کە ئێستا وەزیرن و ژنەکانتان حورمەتتان دەگرن، کەوچکی ماڵەکانیشتان هی منە، پاشان جەناب... وەزیری مێش و مەگەز، من ئاگام لێیە لەم هەفتەیەدا سەدەها لۆری پڕ لە دەرمانی ئێکسپایەرت هاوردۆتە ناو وڵات، لە وەزیرەکانی دیکەی خوڕی بۆوە کە هەرهەموو لە بەرچاوی بزر بن، وەزیری دەرد و دوو تۆ دانیشە... لەوە دەچێ تەندروستیت تەواو نەبێ، ئیدی ئەوەیان دواهەمین کۆبوونەوەی بوو، هیچ کام لە وەزیرەکانی دیکە نەیانوێرا لێی بپرسنەوە، بەچرپە وا بڵاو بۆوە کە لەگەڵ کۆمەڵێ نەیاری دیکە لە مەنگەنەی داون، بەشدارانی کوودەتای دوانزەمینی دەنێو حەوزی تێزابدا تواندبۆوە، بۆ ڕازیکردنی خێڵەکان و پەیوەندیی خوێن هەر یەکە و ژنێکی لێخواستبوون، ژنەکانی بەسەر کۆشکەکاندا دابەش کردبوون، زوو زووش تەڵاقی دەدان... بەبڕوبیانووی هیچ... گوایە دوو سێ لەو ژنانە نەیانتوانیوە جوان خزمەتی ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکانی ناو حەوزەکانی بکەن و مردوون. سیخوڕەکانی سەر تەلەفوون پێیان وت کە ژنەکانی بەتەلەفوون قسە لەگەڵ یەکدی دەکەن و گلەیی لە بەختی خۆیان دەکەن، گوایە سەرۆک بەر لە نووستن و پاش بەیەکەوە نووستنێک فەرمانیان پێدەکا بەدیتۆل خۆ بشۆن نەبا ڤایرۆسێک بەسەر لێوی یەکێکیانەوە بێ، دکتۆرێکی لەعنەتی ئامۆژگاریی کردبوو کە هیچ کامیان ماچ نەکات، پاشان بۆ سەرۆکێکی موعتەبەر نەهاتووە دەم بخاتە ناو دەمی ژنێکی کاڵفامەوە، لە شەوی یەکەمی پەردەوە بەهەنیدێکیانی وتبوو: ئەمەیان یەکەمین شەو و دوا شەومە کە لە تەکتا بخەوم، من سەدەها خەمی ئەم مەملەکەتەم بەسەر شانەوەیە، بواری ئەوەم نییە لەگەڵ هەریەکەتان خەریکی ئەم هەڵبەزین و دابەزینە بم، نۆ مانگی دیکە دێمەوە و منداڵێکم لێت دەوێ، وای لێهاتبوو ناوی کوڕ و کچەکانی خۆی لێتێک بچێ، بێگومانبوو لەوەی لەم کارەساتی کۆشک ڕمانەدا هەندێ لە ژن و منداڵەکانی کەوتبنە ژێر داروپەردووی بەسەر یەک



دارماوی ئەو کۆشکەی کە پتر لە سەد ئەندازیار و وەستای دەستڕەنگین و بیناسازە هونەرمەندەکان لێیان خەفتی بوو، ئەوان دڵنیایان کرد کە ئەم کۆشکە بەزەبری بوومەلەرزەش نارمێ و هەڵناتەکێ... ئەی کەواتە چی ڕماندی؟ بێهەوودە بوو لە ناوچوونی... ئەوەندە بەگومان و بەدنیهاد بوو تەوقەی لەگەڵ کەس نەدەکرد، زۆر بەسەیری بەشدارانی دوا کوودەتای، بەر لەم کۆشک ڕمانەدا، کوشت. شەو هەرهەموویانی ڕیز کرد و نیوەشەو لە خەستەخانەی سیل و وەرەمەوە بەقەد ژمارەی پیلانگێڕەکان پیاوی وەرەمداری بەچەند ئەمبولانسێکی داخراوەوە هێنایە کۆشک، فەرمانی بەکوودەتاچییەکان کرد کە هەرهەموان دەم بکەنەوە، ئەوەی ملی نەدا بەزەبری دار دەمیان کردەوە، فەرمانی بەوەرەمدارەکان کرد کە هەریەکە و بەڵغەمێکی نیشتمانپەروەرانە فڕێ بداتە دوڕ دەمی یەکێ لەو خیانەتکارانە تا هەرهەموو بەو میکرۆبی سیلەوە بمرن، بەڵێنی پێدان کە ئەوانیش بۆ چارەسەری ڕەوانەی هەندەران دەکرێن، ئیدی جارێکی دیکە کەس نە پیلانگێڕەکانی بینیبۆوە و نە وەرمدارەکانیش. شۆڕشگێڕەکان هەرهەموو شێوەکانی کوودەتا و پیلان و هەڵگەڕانەوە و هەڵمەت و بۆسە و پەلامارێکیان لە دونیادا تاقی کردەوە... دەیوت: من بۆ خۆم خەونم دیوە و زۆر دەژیم، هەموو پیلانگێڕەکان لەگۆڕ دەنێم.

دواجار شۆڕشگێڕان خۆیان گەیاندە ئەو پیرە باخچەوانەی کە لەناو جێگەدا کەوتبوو، ئەوەندە پیر کە هەردوو گوێی تەپی بوون، ئەو پیرە باخچەوانەی هەموو عومری دەنێو ڕەز و باخەکانی سەرۆکدا بەسەر بردبوو، دوور لە چاوی سیخوڕ و خەفیەکان، نیوەشەوێک پەیوەندییان پێوە کرد، لێی پاڕانەوە:

(تۆ پیرێکی حەکیمی و تەمەنێکی درێژت لە خزمەتی باخچەکانی سەرۆکدا بەسەر بردووە، تا ئێستا دوو کوڕ و زاوایەکت لە شەڕەکانی ئەودا کوژراون، چ نهێنییەکت لایە و ئێمە نایزانین... تۆ دوو ڕۆژت لەم دونیایەدا ماوە، کە سەرکەوتین ناوت دەخەینە سەر لاپەڕەی یەکەمی مێژووی سەرفرازی شۆڕشەکەمان).

دەبوو تا بۆیان دەکرێ دەم بەگوێیەوە بنێن و هاوار بکەن تا گوێبیستی قسەکانیان بێ. لێی پرسین:

(مێژوو چییە؟).

لەوە بەپەلەتر و پرزە لێبڕاوتر بوون بۆی شی بکەنەوە. تکایان لێکرد کە لەوانەیە وشەیەک، ڕازێک، نهێنییەک بۆ ئەوان ببێ بەکلیلی کردنەوەی ئەو دەرگا داخراوە. پێی وتن:

(ئەوەندەی من ئەو کابرایە بناسم لەناوچوونی مەحاڵە، مەگەر نازانن بۆ هەر دەرچوونێکی هەڵقاوهەڵق حەفتا بازنە لە پاسەوانەکانی دەبنە شوورە و دەوری دەدەن).

پاش مشتومڕێکی زۆر پیرەی باخچەوان وەک ئەوەی ڕابوێرێ یان خڵەفابێ بزەیەکی گێلانە نیشتە سەر لێوانی... پێی وتن:

(ئەوەی کە دەیڵێم... من نەموتووە... چونکە لەئاکامەکەی دڵنیانیم).

(گومانت نەبێ... حەز دەکەی خۆت و خاو و خێزانەکەت لە شوێنێکی وا تەقەت دەکەین کە شەیتان زەفەری پێنەبات).

(هەر دەبێ واش بێ... من لە خەفەتی خوێنی کوڕەکانم ئەم نهێنییەتان لەلا دەدرکێنم... دەنا کەس نییە بەقەد من و سەرۆک یەکدییان خۆش بوێ).

(ئەوەشمان ئاگا لێیە).

(لەوانەشە خۆم نەگرم... ئەمشەو قسەتان بۆ دەکەم و سبەی شەو خۆم بچمە خزمەتی و پیلانەکە ئاشکرا بکەم).

(جا ئەوەیان چەندی بەچەند پیرەی باخچەوان؟).

(ئاخر من سوێندی شەرەفم خواردووە کە قەت، تا ماوم، فێڵی لێنەکەم).

(باشە تۆ پێت قەبووڵە تا ئێستا بەملیۆنەهای لەم وڵاتەدا ناردۆتە بەرەکانی جەنگ و بەهەزارەها کوژراو و سەقەتمان هەیە...!).

(کوڕەکانم... خەڵکی بەناوی شۆڕشەوە ئەم کابرایەیان شێت کردووە).

(با واز لەم عاجباتییە بێنین و گوێ لە تۆ بگرین... تۆ بۆ ئێمە چ نهێنییەکت لایە؟).

(خەیاڵێکی هیچە و بەکەڵک نایە... بەڵام من دەمێ ساڵە وەک هەر خەیاڵێکی عەنتیکە خولیام پێوە گرتووە، کوڕەکانم نەخوێندەوارێکی وەکو من چی پێدەکرێ؟ ڕەنگە ئەو خەیاڵەی لە مێشکمدایە جۆرێک بێ لە خڵەفان و هەڵبزڕکاندن... هی ئەوەیە لە دەردە پیرییەوە نزیک بێ... نەک بیرۆکەیەک بۆ شۆڕشگێڕان).

(هەرچییەک بێ... ئێمە لەوە پتر زەرەر ناکەین کە زەرەرمان کردووە).

لە دوای دۆشدامانێک و مردنی خەندەیەکی پیر لەسەر لێوانی پێی وتن:

(ئێوە دەزانن کە سەرۆک و کوڕ و کچەکانی چەند حەز بەبەخێوکردنی مەل و حەیوان دەکەن، جۆرەها فڕندە و حەیوانی سەیر و سەمەرە کە من بۆ خۆم لە ژیانما نەمدیون، گەر باخچەکانی سەرۆک ببینن، گەر قەفەز و حەوزەکان سەیر بکەن، لە مەیموونەوە تا سمۆرەی



تیایە، جۆرەها ماسی، بەچواردەوری کۆشکەکانیدا چی مەل و حەیوانی کێوی و ماڵیی عاجباتی هەن کە لەم وڵاتەی خۆمان نین، لە هیند و چین و دارستانەکانی ئەفریقاوە هاوردوونی، لە بولبولەوە بیگرە تا خەرتەل، لە شێرەوە تا شەمشەمەکوێرە، تەنیا حەیوانێک کە منداڵەکانی سەرۆک بۆی دەگرین و ئەمیش خۆی حەزی پێناکات کەروێشکە، ئێوەش خۆتان دەزانن بۆ... من خۆم دەتوانم لە ڕێی باخچەوانەکانی دیکەوە کە زۆربەیان هەر کۆنە یاوەری خۆمن و بەردەستییان کردووم وا دەکەم منداڵەکانی سەرۆک پتر وڕک بگرن و بۆ کەروێشک ڕاگرتن بغەزرن و داوای بکەن، بێشک پاش ئەو هەموو غەزرین و پاڕانەوەیە سەرۆک حەز ناکات دڵی منداڵەکانی بشکێنێ...).

پیرە شۆڕشگێڕەکان لە یەکدی ڕامان و بەسەرسامییەوە لە پیرە باخەوان ڕامان و لێیان پرسی:

(حیکمەت چییە لەوەدا کە تۆ دەتەوێ منداڵەکانی سەرۆک بۆ کەروێشک ڕاگرتن لە باوکیان بپاڕێنەوە... پیرە باخەوان تۆ دەزانی ئێمە بۆچی هاتووینەتە لات؟).

بە بڕوای باخەوانێکی دونیا دیدەوە کە هەر خەیاڵێکی پووچی خۆی خۆش بوێ پێی وتن:

(بۆ ئەوەمە کەروێشکەکان کۆشکەکانی سەرۆک بنکۆڵ بکەن و بڕمێن، بەڵکو ئەوە خوایە لەژێر داروپەردووی بەسەر یەکدی داڕماوی یەکێک لە کۆشکەکانی بەمردوویی دەریبێنین).

لە هەموو شۆڕشگێڕەکان پیرتر بەلاقرتێوە بەپیرە باخەوانی وت:

(لەوە دەچێ حەزت بەسوعبەت بێ، یان گاڵتەت بەخەونی ئێمە بێ...!).

(هەرگیز... ئێوە تەمەنی خۆتان لە پیلان و کوودەتا بەسەر برد... چی تیایە ئەو کوودەتایەی لە خەیاڵی مندایە تاقی بکەنەوە...!).

(کام کوودەتا؟).

(کوودەتای کەروێشکەکان!).

بە قەهر و خەمێکەوە تریقانەوە و لە هەمووان لاوتر پرسی:

(حیکمەت چییە کە سەرۆک ئەوەندە ڕقی لە کەروێشکە... تۆ بڵێی بەم کوودەتایەی جەنابتی زانیبێ؟).

(ئەگەر پێڕابواردنیش بێ لە تۆم قەبوڵە، چونکە هێشتا لە خەیاڵی شێتانەی پیرە

باخەوانێک تێناگەی کە دەیەها شۆڕش و هەڵگەڕانەوە و کوودەتا و پیلانی پووچ و هەڵوەشاوەی دوو نەوە لە شۆڕشگێڕانی بینیوە... بۆ وەڵامی دروستی پرسیارەکەشت مەگەر تۆ و هاوەڵەکانت نازانن ئەو ساڵە سەرۆکی یەکێک لە وڵاتە دراوسێییەکان سەرۆکەکەتی بەکەروێشکێکی ترسنۆک شوبهاندبوو).

به نەرمە تووڕەبوونێکەوە بەپیرەی باخەوانی وت:

(سەرۆکی من نییە... مەگەر سەرۆکی ئێوە بووبێ).

(ڕاست دەکەی... ڕاست دەکەی... ئەو سەرۆکی من بووە... من باخەوانی ئەو بووم، بۆ ماوەی پتر لە دەیەها ساڵ... سوێندی شەرەفیشم خواردووە کە هەرگیز خیانەتی لێنەکەم... بەڵام منیش وەک تۆ ئەو خەڵک و خاکەم خۆش دەوێ... ئەوەتا لە ماڵەکەی خۆمدا و بەدزییەوە پێشوازیتان لێدەکەم).

(بەڵام وا هەست ناکەی کە خەیاڵی - کوودەتای کەروێشکەکان - جگە لە خەون و خەیاڵێکی پووچ هیچی دیکە نییە).

(دەکرێ وابێ... بەڵام تۆ و هەڤاڵەکانت چ خەون و خەیاڵ و کوودەتایەکی جوانترتان لەلا هەیە...؟).

هەرهەموویان خامۆش و بێدەنگ، غەمگین لەژێر باری دۆڕانی چەندەها کوودەتا و هەڵگەڕانەوە و پیلانی ڕەش لە پیرە باخەوان ڕادەمان، سەر لەسەر ئەژنۆ و دەست لەژێر چەنەی خەفەت، بیریان لەوە دەکردەوە ئاخۆ ئەوەیان خۆدزینەوەی باخەوانە لە دوا پیلانی کوودەتاچییەکان، ڕێزگرتنی سوێندی شەرەفی خۆیەتی لە بەردەم سەرۆک، یان هەر بەڕاستی کوودەتای کەروێشکەکان خەون و پیلانێکی پڕ لە حیکمەتی پیرەمێردێک بێ کە لە دوای دەیەها جەنگ و کوشتار و نائومێدی وەها خەیاڵێکی سەیر و پڕ لە مەزاق بووبێ بەخولیای... کە زانی هەرهەمووان بێدەنگن و سەرسام، بەزرنگەی دەنگێکی ژەنگاوییەوە وتی:

(ئێوە نازانن کە بۆ ڕاگرتن و لە قەفەزنانی هەر باڵندە و گیاندارێک سەرۆک حیکمەتی خۆی هەیە، شێر پادشای گیاندارانە، وەک خۆی کە پادشای هەمووانە، پڵنگ هەڵمەتبەرە، ڕێوی فێڵبازە، سەگە بەوەفایە، پشیلە سپڵەیە، گورگ پارێزشکێنە، ورچ مل نادا و... ئیدی بەیادی سەردەمی منداڵی بۆ هەر مەل و فڕندە و حەیوانێک حیکمەتی خۆی هەیە... جگە لە کەروێشک کە ترسنۆکترین حەیوانە و گۆشتەکەشی لیقنە و بێ تام).



(باشە گریمان لە ڕێی باخچەوانەکانی دیکەوە واتکرد منداڵەکانی سەرۆک کەروێشک ڕابگرن... ئەوەیان چی لە پیلانی ئێمە دەگۆڕێ؟).

(چۆن؟ ئێوە هەقتان چییە... ئێوە کە لە سییەمین هەڵگەڕانەوە و پیلان و کوودەتا نائومێد بوون و هاتوونە لام بۆ ڕێنمایی وا چاکە تاسەر گوێ لە من بگرن... با ئەمجارەیان کوودەتای کەروێشکەکان خەیاڵێکی پووچی من بێ).

(چۆن...؟).

(کەروێشک خولقێکی سەیری هەیە، لەتاو ترس و تۆقینی خۆی قۆرتی زۆر قووڵ لە زەوی لێدەدا و بەپێچ و لوول بەهەموو لایەکدا هەڵیدەکۆڵێ، لە هەر شوێنێکدا بژی دەیکا بەچاڵ و کۆندڕی بێ سەرەتا و کۆتایی، لە زاووزێکردندا هیچ حەیوانێک نایگاتێ، لە هەر زانێکدا دە - دوانزە بەچکەی دەبێ و کەمیشیان دەمرن، بیری لێبکەرەوە تا شەش حەوت ساڵی تر ئەو هەموو کوڕ و کچانەی سەرۆک، هەریەکە و چەند کەروێشکی دەبێ، پاش ئەوەندە ساڵە کۆشکەکەی سەرۆک بەسەر کەروێشکدا وێران دەبێ...).

به سەرسامی و زار داپچڕینەوە لێیان پرسی:

(یانێ تا حەوت هەشت ساڵی دیکەش چاوەڕێ بین؟).

(چار چییە... ئێوە عومرێکە چاوەڕێن... من بۆ خۆم وەک پیرە باخەوانێکی خلەفاو لەم خەیاڵە هیچە زیاتر هیچی دیکەم نییە. بەپارەش لێتان نەکڕیوم... من دڵنیام گەر سەبرێکی شۆڕشگێڕانەتان هەبێ، ئەوسا دەبینن کە چۆن کۆشکەکانی سەرۆک بنکۆڵ دەبن و بەسەر خۆی و خانەوادەکەیدا دەڕمێن...!).

به غەزەبێکی شۆڕشگێڕانەوە لە هەمووان پیرتر وتی:

(تا ئەوسا من مردووم...!).

قسەکانی پیرەی باخەوان لە زارێکی بێ ددانەوە پچڕ پچڕ دادەکەوتن، بێباک لە خولیا و دڵگەرمیی ئەوان وتی:

(من نەموت بەعەقڵ سووک و خلەفاوم تێدەگەن، ئێوە لە دوای ڕژانی ڕووبارێک لە خوێنی هاوڕێکانتان هاناتان وەبەر من هێناوە، منیش ڕزگاری ئەو خەڵک و خاکە لە کوودەتای کەروێشکەکاندا دەبینم، ئەمەیان دوا خەونی هەڵبزڕکاوی منە، گەر سەری نەگرت دەست لە شۆڕش بشۆن و چاوەڕێ بن تا بەدەردی خوا دەمرێ... پاشان من گرەوم لەسەر ژیان و مەرگی کەستان نەکردووە، فاڵچیش نیم تا ڕەمڵی ئەوە لێبدەم تا سەرکەوتنی کوودەتاکە کێ دەژی و کێ دەمرێ...!).

پیرەی باخەوان لە ڕێی خزمەتکار و دەرگاوان و کارەکەر و جلشۆر و کۆنە باخچەوان و ئاشپەزەکانی سەرۆکەوە، لە ڕێی ئەو منالآنەی کە هۆگری پیرەی باخەوان بوون، لە کوڕ و کچانی سەرۆک، لە ڕێی ئەو منالآنەی کە هاوزای منداڵەکانی سەرۆک بوون لە قوتابخانەدا... دەبوو پیرەی باخەوان ڕێ بۆ سەرکەوتنی کوودەتاکە خۆش بکات، سەرۆکیش زۆر هەوڵی دا کە منداڵەکانی پاشگەز بکاتەوە... ئاخر کەروێشک و کۆشکیان نەوتووە، حەیوانێکی هیچ و ترسنۆکە، گۆشتەکەی لیقنە و خاک دریشە و باخچەکان ویران دەکەن... نەخێر... بێهوودە بوو... وای لێهات سەرۆک خولقی پیاسەی ئێوارانی ناو باخچەکانی نەمێنێ، چیمەنەکان تا دەهات لێرە و لەوێ گەڕتر دەبوون، بەهەر چواردەوری کورسی و مێزی سەرۆکدا لە زیقەزیق و ڕاوڕاوێن نەدەکەوتن، بۆ هەرکوێ دەچوو ساتمەی لە کەروێشک دەکرد، لە خەمی ویرانبوونی گوڵ و چیمەنەکانی شەڕی بەپاسەوانەکانی خۆی دەفرۆشت، حەزیشی نەدەکرد منداڵەکانی بەیەکەوە نووسان و جوتبوونی کەروێشکە نێر و مێیەکان ببینن و بەدیار زانی کەروێشکە مێیەکاندا دۆش دابمێنن و بۆیان بگرین ئەو وەختەی وەک ژنی هیلاک بەدەم بەرەژانەوە دەنرکێنن، هێشتا لەناو هەلیکۆپتەرەکەدا بوو کە ڕووەو پایتەخت ئاسمانی شەق دەکرد لە خۆی دەپرسی ئاخۆ دەبێ کام لە ژن و منداڵەکانی دیکەی لەژێر داروپەردووی کۆشکی ڕماودا مردبێتن؟ ئاخۆ ئەو هەموو مەل و ماسی و حەیوانانەی ناو قەفەز و حەوزەکان چییان لێهاتبێ؟ ئەو سەدەها کەروێشکە ڕەش و بۆر و زەرد و سیامی و هاڤانی و مەدغەشقەرییانەی کە ئەم حەزی دەکرد لە فەرووەکانیان کڵاو بۆ خۆی دروست بکا، ژنی گەورە و منداڵەکانی لە ترسی غەزەبی سەرۆک هەناسەیان لەخۆ بڕیبوو... نقەیان نەدەکرد، کە چاوانی سوور هەڵدەگەڕان و هەردوو گۆشەی لا لێوی کەفیان دەکرد، هی ئەوە نەبوو کەس لەخۆیەوە پێبکەنێ، بگری یان لەژێر لێوەوە ورتەیەک بکا، لە ئاسمانەوە، لەودیو پەنجەرەی هەلیکۆپتەرەکەوە سەیری خوارەوەی دەکرد، تا پایتەخت لەتاو ئەو خوێنەی بەری چاوی گرتبوو هیچ کام لەو شار و گوند و شاخ و دەشت و دۆڵ و ڕووبار و دارستانانەی نەبینی کە بەسەریاندا هەڵدەفڕی، لە دوورەوە وەدەرکەوت کە کۆشکی زۆر جوان و بەرز و بڵندی بەسەر یەکدیدا ڕماوە، وەک کێوێکی هەوربڕ هەرەسی هێنابوو، بەدڵێکی پڕ لە داخ و قینەوە شەپازللەیەکی خێواندە پەنا گوێی فڕۆکەوانەکە تاوەکو هەلیکۆپتەرەکە بەلایەکدا لار بکاتەوە تاوەکو باشتر لە داڕمانی کۆشکە نازدارەکەی وردبێتەوە و هەتا زووە بزانێ تا چ سەر و حەدێک کۆشکی شاهانەی داڕماوە... نەدەبوو... قەت نەدەبوو لەو کۆشکە دوور بکەوێتەوە، ئەوەتا لە یەکەمین گەشتی



بۆ هاوینەهەوارەکان زەفەریان پێبرد و نەیارەکانی خۆیان گەیاندە کۆشک و تەقاندیانەوە، دەبێ کەسانێکی زۆر نزیک لە کۆشک دەلیلی کوودەتاچییەکان بووبن، دەنا کێ زاتی ئەوە دەکا کۆشکی تۆکمە و دامەزراوی سەرۆک بتەقێنێتەوە؟ هەر لە ترسی پیلانگێڕان بوو کە چەندین دەعوەتی ولآتانی ڕەت دەکردەوە، گەرەکیان بوو لە پایتەخت بێتە دەرێ تا دوژمنانی خوێنخۆری زەفەری پێ ببەن، ئەم بەوە بەناوبانگە کە چەندین وەچەی لە خیانەتکاران و هەڵقە لەگوێی بێگانانی نائومێد و دڵسارد کردبوو، ئەو دز و چەتە و تەماعکارانەی ناحەزانی سەرۆک لە دەرودراوسێ یارمەتییان دەدەن و لەودیو سنوورەوە بەچەک و تقافەوە پێ دزکە دەکەن و ناویان لە خۆ ناوە شۆڕشگێڕ، سەرۆک وەزیران و هەرهەموو وەزیرەکان و پەرلەمانتاران و کاربەدەستە گەورەکانی دەوڵەت لە ترس و تۆڵە و غەزەبی سەرۆک بەچواردەوری کۆشکی داڕماودا هەڵقاوهەڵق بازنەیەکیان دروست کردبوو، نەیاندەوێرا شۆڤڵەکان بخەنە گەڕ، ژنی دووەم یان دەیەمی سەرۆک و منداڵەکانی لەژێر ئەو داروپەردووەدا دەربهێنن، کە سەرۆک لە دوورەوە دەرکەوت خۆیان غەمبار کرد و پەیتاپەیتا ئەوەندەی گەڵوگیپاڵ بیهێشتبا دەنووشتانەوە و لەو داروپەردووە نەوی دەبوون و وەلایان دەدا وەک ئەوەی بەدوای گەنجینەیەکدا، گەنجینەیەکی ونبوودا، بگەڕێن، هەرهەموو پیاوانی دەوڵەتی لە ترسان وەک کۆمەڵێک منداڵی گوناهبار ڕووخساری خۆیان لەو دەشاردەوە و بەهەڵگرتنەوەی خشت و بەردەکان تەواو خۆیان سەغڵەت کردبوو، هەر لە دوورەوە هاواری کرد:

(واز لەو داروپەردووە بێنن مالۆسینە...).

هەرهەموو شەلآلی ئارەقە خۆیان کێل کردەوە، وەک پرسەدار دەستیان لەسەر یەک دانا و سەرکز لە بەردەمیدا وەستان، کەسیان زاتی نەدەکرد سەیری ناوچاوی سەرۆک بکات، دوو بڵێسەی سوور لە چاوانی دەپرژا و ئەو ناوەی دادەگیرساند، سەدەها گاردی کۆماری بەکلاشینکۆفی سوارەوە چواردەوری کۆشکە ڕماوەکەیان ئاوەدان کردبۆوە، پەنجەکانیان لەسەر پەلاپیتکە وەک ڕەوە سەگێکی هەوشاری بەچواردەوری خۆیاندا دەیانڕوانی، سەرۆک لێیان نزیک بۆوە وەک ئەوەی بۆنیان بکا و بزانێ کامیان گوناهبارە... هاواری کرد:

(سەرهەڵبڕن ملکەچینە... ئەم کۆشکە چۆن ڕما؟ ئێوە لە کوێ نوستبوون؟ بەشەرەفم هەرهەمووتان ترۆ دەکەم).

هەندێکیان بەترسەوە، ملیم بەملیم، سەریان بەرز کردەوە و لە بۆشایی ئاسمان ڕادەمان، نەک ناوچاوی سەرۆک.

(لاڵن... بۆ قسە ناکەن؟).

بە چەند ڕستەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ زمانی سەرۆک وەزیران تەتەڵەی کرد و جێگری سەرۆک بۆی تەواو کرد:

(قوربان کەروێشکە لەعنەتییەکان...!).

هەردوو شادەماری لاملی ڕەپ بوون و بەقیژەیەک کە وایکرد چەند وەزیرێک خۆیان تەڕ بکەن:

(کەروێشکی چی بێ غیرەتینە... تێکچوون؟).

(گەورەم... گەورە ئەندازیارێکی کۆشک دەڵێ بنکۆڵکردنی بناغەی کۆشک لەلایەن سەدەها کەروێشکەوە بۆتە مایەی ڕووخانی...!).

وەک مامۆستایەکی تووڕە کە لە قوتابییەکی تەمبەڵ نزیک بێتەوە و بیەوێ گوێی ڕابکێشێ، لێی نزیک کەوتەوە، سەرۆک وەزیران لە ترسانا و بەپەلە پارچەکاغەزێکی لە گیرفانی چەپی چاکەتەکەی دەرهانی، وەها شپرزەبوو کە تا دۆزییەوە هەرهەموو گیرفانەکانی پانتۆڵ و چاکەتەکەی پشکنی... بەدەم تەتەڵەکردنی زمانەوە کەوتە خوێندنەوەی بەشە گرنگەکەی ڕاپۆرتەکە کە گەورەی ئەندازیاران ئامادەی کردبوو:

(قوربان... ئەوەتا... وەک دیارە و دەبینی کە لە سەد لاوە کەروێشکەکانت کۆشکەکەیان بنکۆڵ کردووە، هەر کەروێشکێک بەپێی ئەندازەیەکی تەواو دەتوانێ تا مەودای شەست مەتر خاک بدڕێ، شەست سەد مەتر بەهەر لایەکدا، یانێ بەپانتایی پێنج هەزار مەتری چوارگۆشە، ئەگەر هەر کەروێشکێک بترسێ، لەوەش قووڵتر و درێژتر ژێر خاک هەڵدەدڕێ، بۆ هەمیشە ژمارەی قۆرت و کۆندڕەکانیش بەژماردن بیژمێری پێنج بەقەد ژمارەی کەروێشکەکان، وەک زانیمان لەم کۆشکەی جەنابت پتر لە سێ سەد کەروێشکی تیابووە، کەواتە بەپانتایی هەزارەها مەتری چوارگۆشە زەوییان هەڵدڕیوە...).

سەرۆک لە داخی ڕیزکردنی ژمارەی کەروێشک و لێکدانی بەژمارەی ئەو مەترانەی لە خاکی ژێر کۆشکەکەی هەڵکۆڵراون پاڵێکی بەسەرۆک وەزیرانەوە نا و پشتاوپشت ڕەتی برد و لەسەر کەڵەکەبەردەکانی پاشماوەی کۆشکی داڕماو قونی دادایەوە... بەغەزەبێکەوە وتی:



(خیانەتی ئەو ئەندازیارانەی تیایە کە نەخشەی کۆشکەکەیان بۆ داڕشتووم، بەشەرەف هەرهەموویان هەڵدەواسم، کۆشکێک بێ و کەروێشک بیڕمێنێ... دەبێ چ ساختە و فێڵێک لە بناغەکەی کرابێ؟).

هەر لەسەر کەڵەکەبەردەکان ڕوونیشتبوو، نەیدەوێرا لە ترسی تووڕەیی سەرۆک هەڵبستێتەوە سەرپێ... لەبەر خۆیەوە وەک کەسێک ببۆڵێنێ دووبارەی دەکردەوە:

(قوربان فەرمانم دا هەرهەموو ئەندازیارەکان بگرن و بخرێنە بەردەم لێپرسینەوە).

(هەرهەموو ئەوانەش بگرن کە وایانکرد منداڵەکانم حەز بەکەروێشک ڕاگرتن بکەن...).

(قوربان لەمەدا گوناهی باخەوانەکانە).

(لەداریان بدەن...!).

(ئاشپەزەکانیش...؟).

(ئەوانیش...!).

(قوربان... دڵنیاش بەلەوەی کە دوای سەفەرەکەی جەنابتان کەسێک لە خانەوادەکەی بەڕێزتان لەو کۆشکەدا نەبووە، هیچ کام لە ژن و منداڵەکانت زەرەرمەند نەبوون... بەپێی ئەو زانیارییانەی لامانە هەرهەموو لایەک شوکر سەلامەتن...!).

شێتانە و بەدەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە چروتێکی لە پاکەتەکەی بەرباخەڵی دەرهێنا و وەزیری تازەی تەندروستی فریا کەوت و بۆی ئاگر دا... دوای مژێکی قووڵ و بەباکردنی دووکەڵێکی چڕ... پرسی:

(ئەی کۆشکەکانی دیکە... خۆ هەرهەموویان بوونەتە کولانەی کەروێشکەکان...؟).

(قوربان چەندە فریا کەوتبین هەموو کەروێشکەکانمان کۆ کردوونەتەوە و لە چەندین قەفەزدا بەندمان کردوون... چاوەڕێی فەرمانی جەنابتانین...!).

(سەرۆکی ئاژەڵان... من دەمەوێ بزانم کۆشکەکانی دیکەش لەوەدایە بڕمێن؟).

(گەورەم... یەکە ئەندازیاری کۆشک کە ئەویش وا لە بەندیخانە مەترسیی ئەوەی هەیە کە یەک دوو کۆشکی دیکەش بڕمێن...!).

(دەچێتە عەقڵەوە ترسنۆکترین حەیوان... سێ سەد - چوار سەد کەروێشک کۆشکێک... کۆشکێکی وا شاهانە بڕمێنن؟ هەبێ و نەبێ پیلان و کوودەتای دوژمنانە...!).

(گەورەم چاوەڕێی فەرمانی جەنابتانین... بەچی فەرمان دەردەکەی؟).

(هەڵواسین... هەرهەموو ئەو ئەندازیارانەی نەخشەی کۆشکێکی وا فشۆڵیان بۆ دارشتم کە پێکۆڵی چەند کەروێشکێک بیرمێنێ... هەرچی کەروێشکی ناو قەفەزەکان هەن سەریان ببڕن... بیانکەن بەخۆراکی سەگەکانم، ڕێوی و گورگەکانم... لە نێو شاخ و داخ و لە پێدەشتەکاندا ڕاویان بکەن و بیانکوژن، با توخمی ئەو حەیوانە هیچە ببڕێتەوە... مەهێڵن چیتر لە بازاڕ کڕین و فرۆشتنی لەسەر بکرێ، نامەوێ وێنەشی لە هیچ شوێنێکدا بمێنێ، خۆ دەکرا لێرە بم و بەسەرمدا بڕمێ... وەرە لە دەیەها کوودەتا قورتارت بێ کەچی کەروێشک کۆشکت بەسەردا بڕوخێنێ... ئەوەیان دەبووە مایەی گاڵتەپێکردنی هەرهەموو دوژمنان و نەیارانم...).

ئیدی دوای فەرمانی سەرۆک لە وڵاتدا بوو بەهەڵلا و قاو... ڕاوەدوونان و کوشتن و سەربڕینی کەروێشکە ماڵی و کێوییەکان، ڕاوچییەکان وازیان لە ڕاوی ئاسک و بزنەکێوی و کەڵەکێوی و کۆتر و پۆڕ و قەتێ و شەهێن و دووبرا هێنا، سەدەها تانجی و تووڵەیان خستە دوای کەروێشکە ترسنۆکەکان، فەرمانی سەرۆک ئەوەبوو کە هەرهەموو کەروێشکەکانی ناو کۆشکەکانی سەر ببڕێن و بەسەر هەژارانی پایتەختدا دابەش بکرێ و ببێ بەخێر و سەدەقەی سەلامەتیی سەری سەرۆک، ئەوەش وا دەکا بۆ ماوەیەک هەژاران بۆ سەرۆکی پایەدار دەست بەدوعاوە بن، خەڵکی عەوام نەیاندەزانی ئەم مەیلەی سەرۆک بۆ قڕکردنی کەروێشکەکان لە پای چی هاتووە، سەرۆک هەڕەشەی لە هەرهەموو وەزیرەکان و پەرلەمانتاران و کاربەدەستان کرد کە ناکرێ لەلای ژنەکانیشیان باس لە کوودەتای کەروێشکەکان بکەن، هەر بەوانیش داروپەردووی بەسەر یەکدی دارماوی کۆ کردەوە و وەلای دان... دەبوو بۆ شتە دەگمەن و گرانبەهاکانی ناو کۆشک بگەڕێن و بەوپەڕی دەستپاکییەوە بخرێنەوە بەردەستی سەرۆک، دەنگوباسی ڕاوچییەکان و سەربردەکانی کۆن و تازەی بەزم و ڕەزمی ڕاووشکار لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتنێکی چایخانە و دیوەخانە و نەخۆشخانە و قوتابخانە و تیاترۆخانە وێردی سەر زمانی گەورە و بچووک بوو، هەرهەموو دەستەڵاتدارانی سوێند دا کە ناکرێ باس لە ڕمانی کۆشکی گەورە بکەن، هەر کاربەدەستێکی دەوڵەتی، هەر وەزیر و جێگر و بەڕێوەبەرێک بۆی هەیە لە خەزێنەی دەوڵەت پاداشتی باش بدا بەهەر کەسێک کە بەڵگەی هەبێ کەروێشکێکی کوشتووە، ڕاو کردووە، خواردووە، سووتاندووە، بەند کردووە، مەزن و منداڵ بۆ ڕاوی کەروێشکێکی کێوی بەو دەشتودەر و هەرد و کێوەدا بڵاو ببوونەوە، وای لە هێرشی تووڵە و تانجییەکان و پەلاماری سەگە لمووز خوێناوییەکان، تەقەی تفەنگ و شەقژنی ساچمەزەن دەنێو دۆڵ و



کێوەکان، قروسکە و نووسکەی سەگی هەوشار و مل شکاندن و نرکە وناڵەی خنکاوی کەروێشکە بەستەزمانەکان، ئەسپسوارەکان بەسینەی پڕ لە شکۆ و فیزێکەوە دەمەوئێواران دەڕژانەوە ناو کوچە و کۆڵانەکان، هەریەکەیان چەندین کەروێشکی خوێناوی بەلاتەنکێشی ئەسپەکەیەوە شۆڕ کردبۆوە، وەها خوێناوی کە هەر چوار پەلی ئەسپەکانیان لە خوێندا سوور دەبوون، سەردەمی قایشی کەسکی داکوتراو بەهەڵقە و زنجیر گەڕابۆوە بۆ هەڵواسینی نێچیرەکان، وای لە تەقینی کەللەسەری کەروێشکە گوێ پانەکان، هەر ڕاوچی بوو بەفیزەوە لە ئەسپەکەی دادەبەزی و هەردوو گوێی درێژی کەروێشکێکی خوێناوی دەگرت و بەرزی دەکردەوە و دەرودراوسێی پێ سەرسام دەکرد، لە ڕێگەوبانەکانی دەرەوەی شارەکان هەمیشە لاشەی کەروێشکی فلیقاوە بەسەر جادەوە تێکەڵ بەلاشەی گەنیوی پشیلە و سەگەکان دەبوو، لەو دەشتودەرەدا گێژەلووکە و گەردەلوول و تەپوتۆزی ڕاوچییەکانی لە یەکدی بزر دەکرد، بەهەڵە چوار ڕاوچی بریندار و دووانیش لەو هەرای ڕاووشکارەدا کوژران، گەرچی هێشتا ناوەڕاستی هاوین بوو کەچی کەروێشکەکان لە ترسی ڕۆحی خۆیان لە جووتبوون و زاووزێ کەوتن، گریان و پاڕانەوەی منداڵەکانی سەرۆک وای نەکرد دڵی نەرم بێ و ئەو هەڵمەتی قەتلوعامەی کەروێشکەکان ڕابگرێ، غارغارێنی ئەسپ و گڕکەوتنەوە ئەو وەختەی ناڵ دەیدا لە بەردەڵانی خاکێکی ڕەقەنی و حیلە و پڕمەیان دڵی لەرزیوی کەروێشکەکانی لە ڕیشەوە هەڵدەکەند، ڕاوچی لە ناڕاوچی جیا نەدەکرایەوە، هەرکامەیان بووایە بەسەر هەر حەیوان و پەلەوەرێکی دیکەدا بازی دەدا، بەسەر هەر نێچیرێکدا و نیشانەی لە کەروێشک دەگرتەوە، هەموو کون و کەلەبەرێک دەگەڕان، کونە شاخ و ئەشکەوتەکان، هەرد و وەرد و دۆڵەکان، جەنگەڵی چڕ و نێو دار و دەوەن و زەبەند و دارستان و قامیشەڵان و قامیشەڵانەکان، هەر پەناوپێچێک، هەر کونێکی دەمکراوە لە خاکدا کە نەک هەر کەروێشکێکی پێوە بچێ، بگرە گەر مشکێک بتوانێ خۆی تیا مەڵاس بدات... سمۆرەیەک... دەیانپشکنی، جۆرەها ماشێن لەو ئاقارانەی وڵاتدا تۆز و دووکەڵیان جێدەهێشت، باوکان منداڵەکانیان فێر دەکرد کە چۆن چۆنی تەڵە و فاقە بنێنەوە، گەنجە ملهوڕەکان خۆشییان لێدەهات بەتڕەتڕی ماتۆڕەوە بکەونە دوای کەروێشکە زەندەقچووەکان، چ ڕەشەڕاوێک بوو... کۆنە ڕاوچی و تفەنگچی هاتنەوە مەیدانێ، تفەنگەڕەشکە و تفەنگەشینکە و ساچمەزەنی فڕێدراو لە نێو گەنجینە و سەرتاقەکان چەور کرانەوە، باز و شەهێن و هەڵۆ و دووبرا فێرکران هەر بەدەم فڕینەوە چڕنووق لە پشتەملی کەروێشکەکان گیر بکەن و بەرەو ئاسمان هەڵیانفڕێنن و دڵڕەقانە دەنووک لە کەللەسەریان

بدەن و لە حەواوە هەڵیانبدەنە خوارێ، شاخنشینەکان ژێر کەپر و ساباتەکان دەگەڕان، دەشتەکییەکان ژێر دەوارەکان، شوورەیی بوو ڕاو نەزانی و لە پارێزی نێچیردا وت و وریا نەبیت، یەکێک پارێزی بدۆڕاندبا و کەروێشک لە بەردەستی قورتار بووایە... لە سەد لاوە جرتیان بۆ دەکێشا، مەشقی ڕاو بۆ تازە ڕاوچییەکان ببووە مەشقی نیشانەگرتنەوە و نیشانەشکاندن: من تەختی تەوێڵی ئاگر دەدەم، من سینگوڕکی، من چاوی چەپی، ئەوەیان هونەر نییە... من نیشانە لە گوێی ڕاستەی دەگرمەوە و وا دەکەم گوللە لە گوێی چەپییەوە دەربچێ، ئەسپسوار ئەوەیە پێشی لێبگرێ و لەو خۆشبەزتر بێ و بەسمی ئەسپەکەی نێچیر بشێلێ، وای... چی ڕق و کینە دەرهەق بەسەرۆک هەبوو... ڕاوچییەکان و تفەنگ بەدەستەکان بەسەر کەروێشکەکاندا ڕشتیان، ڕاوچییەکان فریا نەدەکەوتن تانجییەکانیان ڕست بکەن، چەندین لەوان کە سەگ و تانجییەکانیان ماندوو دەبوون و بەکەروێشکە خۆشبەزەکان ڕانەدەگەیشتن... لە داخانە تانجی و سەگەکانیان دەکوشتن، تانجی تەمبەڵ و وەستۆک بۆ هەر سوار و ڕاوچییەک مایەی شەرمەزاری بوو، کوڕیژگە زۆر هار و چەتوونەکان خاکیان هەڵدەدڕی... ئەوە خوایە چەند بەچکە کەروێشکێکیان دەست بکەوێ، ڕەشەمێ بوو... کەچی تازە مێیەکانیان بەفاڵ دەهاتن و لەتەک نێرەکان خۆیان دەگرخاند و فریای خۆهەڵتێسوون و بۆن پێوەکردن نەدەکەوتن کە لەناکاو شەقڕنی گوللە و هەیاهووی ڕاوچییەکان لێکی دەکردن، ئەوانەشی کە فریای جووتبوون و ئاوسبوون دەکەوتن، بەدەم غارغارێنێ و هەڵات هەڵاتەوە، بەدەم ترس و تۆقین لەو ڕەشە ڕاوەوە یان هەتاوی گەرم و بێئاوی دەیکوشتن، یان بەدەم نرکە وناڵەی ژان و زانی کتوپڕەوە بەدرێژایی ڕێگاکان و تا ناووک پچڕانی کەروێشکە تازەبووەکان خۆڵ و بەرد سوور دەبوون لە خوێناو، یان دەکەوتنە بەر کەڵبەی تانجی و سمی گڕاوی ئەسپەکان، بەجێ دەمان بێچووە کەروێشکی لە خوێنگەوزیو لەنێو دار و دەوەنان، بێئاگا لە خۆیان دەنێو دەغڵ و بن تەڕاش و ژێر تاشەبەردەکان ڕاوچی و سەگەل و تانجی و توولەکان دەگەیشتنە سەریان، لەناکاو گوللەیەک خوێن و گۆشتی دوو کەروێشکی تێکئالاوی تێکەڵ دەکرد، چ دلڕەقانە کوریژگەکان دەنێو ئەو هەرد و شاخ و کێوەدا چیلکە و داریان کۆ دەکردەوە و لێرە و لەوێ ئاگریان دەکردەوە، کوتە گۆشتی کەروێشکیان دەخستە سەر بەردە داغبووەکان، لەو گۆشتە لیقن و هەلاهەلایە تێر نەدەبوون، هەواڵی ئەو ڕەشە ڕاوە دەگەیشتەوە بارەگای سەرۆک، ئەمیش بەخەندەیەکی شاهانەوە دەیوت: ئەمەیان باشترین بەڵگەیە کە بیسەلمێنێ کۆمەڵانی خەڵک چەندە گوێڕایەڵن و چەندە دڵسۆزی فەرمایشتەکانی منن، خۆشەویستیی ئەوان بوو



لە دەیەها کوودەتا ڕزگاری کردم، سەرۆک بیستی کە منداڵە خۆشەویستەکانی وڵات، نەوەی دوارۆژ، ئەو کون و قوژبن و کۆندڕانەش بەدووکەڵ قانگ دەدەن کە گومانی خۆشاردنەوەی کەروێشکی لێبکرێ، دەروازەی (دەستگای پاداشتی سەرۆک) کراوەبوو، هەواڵی ڕەشەڕاو و قڕکردنی کەروێشکەکان بۆ دەرباری سەرۆک خۆشترین هەواڵ بوو، وەک خەرتەل باڵی لێکدەدا و سوێندی دەخوارد کە هەرهەموو نەیاران و دوژمنان بەو قەهرەوە بکوژێ، فەرمانی دەرکرد کە دوای ئەوەی کەروێشکێک لەسەر خاکی وڵاتدا نامێنێ، مەرجە چی وێنە و باس و خواسی کەروێشک هەیە نەمێنێ، بڕیاری دەرکرد کە لە چیرۆکی منالاّندا شوێنی ڕێوی بگرێتەوە، ببێ بەنموونەی حەکایەتی ترسنۆکی و سپڵەیی و بەدنمەکی، دواجار، لە دوای سێ مانگ لەو ڕەشەڕاوە دڵنیا کرا کە توخمی ئەو حەیوانە قڕ کرا و مەگەر لەودیو سنوورەوە پێ دزکە بکەن و بپەڕنەوە... کە دیارە بۆ ئەوەشیان ڕاوچییان لە بۆسە دان، دوا بەزمی قەڵاچۆکردنی کەروێشکەکان بە لە سەرکارلابردنی وەزیری پەروەردە کۆتایی هات، سەرباری ترۆکردنی بەڕێوەبەرێک و مامۆستایەکی (زیندەوەرزانی) کە بێئاگابوون لەوەی قوتابییەکی تەمبەڵ و ڕق ئەستوور لە مامۆستاکانی، لە پۆلی دووەمی ناوەندی ڕاپۆرتێکی بۆ خودی مەکتەبی سەرۆک نووسی بوو، تیایدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە لە کتێبی زیندەوەرزانی سێ لاپەڕە باس لە زاووزێکردنی کەروێشک دەکا و لانەبراون، ئەوەش جگە لە بێئاگایی وەزیری پەروەردە و کەمتەرخەمیی بەڕێوەبەر و بێباکیی مامۆستای زیندەوەرزانی هیچی دیکە ناگەیەنێ، گەورەترین پاداشتی کۆشکی کۆماری بەر ئەو قوتابییە دڵسۆزە کەوت کە سەرۆک خۆی تەرخانی کردبوو، جگە لەوەش ڕۆژنامە و گۆڤار نەما گفتوگۆی لەگەڵ ساز نەدا و وێنەی بڵاو نەکاتەوە، بەڵێنی پێدرا کە ئامادەیی تەواو کرد هەر کۆلێژێک کە ئەم هەڵیدەبژێرێ: ئازادە.

دواجار لە پاداشتی ئەو قوتابییەش گەورەتر ئەو پاداشتە دەگمەن و نهێنییەی سەرۆک بوو کە کەس نەیدەزانی دەبێ چی بێ... دەبەخشرا بەو کەسە عگید و... ئەو ڕاوچییە جوامێر و نیشتمانپەروەرەی کە پیرە باخەوانی لێکەوتە و بەدنمەک و خیانەتکار بدۆزێتەوە، چونکە هەرهەموو ئاشپەز و کارەکەر و باخەوانەکانی دیکە بەر لە بەندکردن و هەڵواسین سوێندیان خواردبوو کە پیرەی باخەوان هانی دان یەکەم کەروێشک بێننە ناو کۆشک، هەر بەفیتی ئەو باخەوانە خڵەفاوە فریویان خوارد و کەروێشکیان لەلای منداڵەکانی سەرۆک خۆشەویست کرد، ئیدی لەو ڕۆژەوە ڕاوچییەکان و پیاوانی بێئیش و کار، هەرزەکارانی خێر لەخۆ نەدیو تا سەر سنوور دەڕۆیشتن و بەدوای پیرەی باخەواندا

دەگەڕان، هەرکەسە و بۆی هەبوو ماڵی دراوسێیەکەشی بپشکنێ، دەرگای هەموو ماڵەکان کرابوونەوە، تۆڵاز و لاوە ملهوڕەکان، پاسەوانانی کۆشک، پیاوانی ئاسایش لە پاش مەستبوون نیوەشەوان هەڵیاندەکوتایە سەر ئەو ماڵانەی کچی جوانیان هەبوو... گوایە خەبەر هاتووە و پیرەی باخەوان لە یەکێک لەو ماڵانەدا خۆی حەشار داوە، دواجار دەنگۆیەک بڵاو بۆوە کە بەنەخشە و پیلانی پارتیزانە نەیارەکان پیرە باخەوان لەناو یەکێک لە ئەشکەوتەکان خۆی شاردۆتەوە و سەدەها کەروێشکی لە دەورە و جگە لە دەیەها منداڵەورتکە کە ناویان لەخۆ ناوە (کۆمەڵەی لاوانی خەباتگێڕ)، کە دیارە دواجارمانەوەی ئەو کەروێشکانە و منداڵەورتکە و پیرەی خیانەتکار ژان دەخاتە دڵی سەرۆکەوە، هەواڵی ڕەشەڕاوی کەروێشکەکان لە دڵی پیرەی باخەوانی دا و بەتەواوی نەخۆشی خست، دەگریا و بەدەم وڕێنەی سەروەختی گیانەڵاوە دەیوت:

(خودا لە سزای کوشتن و بڕینی ئەو هەموو کەروێشکە بەستەزمانانە لێم خۆش نابێ...!).

دواجار پارتیزانەکان هاتنە کنی و تکایان لێکرد کە هەتا زووە ئەو ئەشکەوتە بەجێبێڵێ، چونکە خەریکە هێرش و گەمارۆی پیاوانی سەرۆک و ڕاوچییە خۆفرۆشەکان بەسەدەها هەڵقە و بازنە بەدەوری حەشارگەی پارتیزانەکان و ئەشکەوتەکە هەروا دێ توندتر و نزیکتر دەبنەوە، پیرەی باخەوان، غەمگین و دۆڕاو لە دوای هەرەس و نوشوستی کوودەتای کەروێشکەکان، بەیاوەری پیرەژنەکەی خۆی کێل کردەوە، پاش عەزابێکی زۆر هەستایەوە سەرپێ، هەر بەدەست ئاماژەی کرد کە بیبەنە دەرەوەی ئەشکەوتەکە تا هەوایەکی پاک هەڵمژێ، تکا و پاڕانەوەی پیاوە تفەنگ بەدەستەکانی چواردەوری بێهوودە بوو، پیرەی باخەوان سوێندی خوارد کە یەک هەنگاو لەگەڵ ئەو پیاوە ملهووڕانە ڕێ ناکا و خۆی تەسلیمی قەدەر بکا، ناچار و نائومێدانە دەبوو دوا پیلانگێڕ و نەخشەکێشی بیست و یەکەمین کوودەتا بەتەنیا جێبهێڵن، خۆی و پیرەژنە ددان کەوتووەکەی کە لە پیریدا دووقەد نوشتابۆوە، ئەو پیرەژنە کەڕ و لاڵەی تێنەدەگەیشت لە پای چی مێردەکەی لە کۆشکەکانی سەرۆکەوە گەیشتە ناو ئەشکەوتێکی سەر سنوور، دەبوو تا زووە شۆڕشگێڕەکان خۆ بگەیەننە ئەودیو سنوور، هەرهەموویان دوا ئاوڕیان لەو چیا و دۆڵ و ڕووبار و لێرەوار و دار و بەرد و پنچکی ئەو ناوە دایەوە، دوا ئاوڕ لە پیرە باخەوانی سەر لە گوێی گۆڕدا لەرزیو کە هەر دەتوت مێژووی شۆڕش و خەونێکی پیرە و پەڕ بەپەڕی ڕزیوە و ڕەشەبایەکی سەرشێت بەو ناوەدا بلێوی دەکاتەوە و بەناو ئەو



داروەوەنەدا بزری دەکا، دواجار سێ چوار کەس مانەوە و تکایان لێکرد کە واز لە کەللەڕەقی بێنێ و دوایان بکەوێ، کەچی ئەم خامۆش و غەمگین، هەردوو دەستی لەرزۆکی خستە سەر هەردوو کڵاوەی ئەژنۆی، وەک ئەوەی کێوێک بەسەر شانییەوە بێ گران قورسایی لەشی لاوازیی خستە سەر هەردوو قاچە بێ ماسولکە و باریکەکانی و دواجار توانی خۆی لەسەر چیچکان ڕابگرێ، نیگای لێڵ و وێڵی بەسەر ئەو دۆڵەی بەردەمیدا هەڵفڕاند و لە بەردەمی خۆیەوە دەیبۆڵاند، تا دەهات هاوار و تکا و پاڕانەوەی پارتیزانەکان لە گوێیدا دوور دەکەوتەوە و دەمرد... گڕەگڕی تانک و زرێپۆشەکان نزیکتر دەبۆوە و زەمینی ژێر پێ لەرزیوەکانی پیرەی باخەوانی دەلەرزاند، تا دەهات دەنگ و هات و هاوار و زەنای ڕاوچییەکان و سەربازان و پیاوانی سەرۆک لە گوێیدا ژاوەژاوێکی دەخولقاند، قروسکەی تانجی و وەڕینی سەگەلی هار هەوای خستبووە سەر لەرزەلەرز، بێباکانە خۆی دایە بەر هەتاو و دەیویست بۆ دواجار لە شینایی ئاسمان ڕامێنێ، زۆر خۆشیی لێدەهات کە خۆرەتاو هێدی هێدی تەزووی ساردی نێو دەمارەکانی دەکوشت، ئەم هێشتا نەیدەبینی کە سەربازان و ڕاوچییە خۆفرۆشەکان و پیاوانی پەرۆشی تۆڵەی سەرۆک لە گردەکە پەڕینەوە و کەوتنە نێو دۆڵی بەردەم ئەشکەوت و بن دار و بەردیان دەپشکنی و... دەگەڕان، تا دەهات هاش و هووشی باڵی شەهێن و باز و هەڵۆ و دووبرا ئاسمانی پڕ دەکرد لە هەرا و لە گوێی تەپی پیرە باخەواندا سەدەها سەگ و تانجی دەیانلووراند، دوو ڕیز فرمێسک ڕژانە سەر هەردوو ڕوومەتی چاڵی و دەنێو چرچ و لۆچەکاندا قەتیس مان، لە دڵی خۆیدا وتی:

(ئیدی هەقە لە تۆڵەی خوێنی کەروێشکە بێ گوناهەکان من ببمە خۆراکی سەگەکان...!).

چاوانی کزی هەڵبڕی و پڕبەدڵ لە شینایی ئاسمانی ڕوانی، کتوپڕ بینی هەڵۆیەکی زل و گەورۆنە و باڵ بڵاو وا بەئاسمانەوە، بازنە دوای بازنە ڕەسم دەکا، هەر جارە و بەلایەکدا باڵ نەوی دەکا، بەدەستی چەپی زۆر لەرزۆکی سێبەری لە چاوانی کزی کرد و ڕوانی وا هەڵۆی تاین بۆتە پێشەنگی سەدان هەڵۆ و باز و شەهێن، ڕووەو ئاسمان بڵند دەبۆوە، فڕندە لەعنەتییەکانی دیکەش بەدوایدا قەتارەیان دەبەست، لە بن پەڕەکەی ئاسمانەوە باڵی کووڕ دەکردەوە و زۆر خێرا و تیژ وەک تیرێک لە کەوان دەرچێ و هەوا شەق بکا، لەبەر دیدەی پیرەی باخەوان، شپرزە و حەپەساو، چنگی لە کەروێشکێک گیر کرد و هەڵیگرت، هەر دەتوت بۆ مەزاق بەحەوادا بەرزی کردەوە و پاشان فڕێیدا، بۆ یەکێکی

دیکەیان خۆی نەوی کرد و سێ چوار جاران بەدەنووک لە پشتی ملی دا و ڕاوەدووی نا، لە خۆڵ و تۆزی ئەو ناوەی وەردا، کەروێشکی تۆقیو ڕەتی دەبرد و سەر و مل شکاو کوێرانە بەر دار و بەرد دەکەوت، پیرەی باخەوان گران سەری بەرز و نزم دەکردەوە و بەڕاست و چەپدا ملی با دەدا، هەڵۆ و شەهێن و بازەکانی دیکە بەچواردەوریدا دەرەقسین و گەمارۆی کەروێشکەکەیان دەدا، هەڵۆکە پێشی لێگرت و بەدوو دەنووک کە لەسەر یەکدی و زۆر شێتانە وەشاندی هەردوو چاوی کەروێشکەکەی زامار و کوێر کرد، هەڵۆ و بازە لەعنەتییەکانی دیکە لەگەڵ کەروێشکە تۆقیوەکانی ئەو ناوە کەوتنە گەمەی مەرگ، یەکەمین کەروێشکی کوێر سەری لێشێوا و بەنێو بەردەڵانێکی ڕک و خزدا غل بۆوە، هەڵۆکە نەیهێشت لەوە پتر ڕەت ببا و بۆی نیشتەوە، کەروێشکی تاین کەوتە سەرپشت و هەڵۆکە بەزەبری دەنووکی تیغ ئاسای ورگی هەڵدڕی و بەهەردوو چنگ بەرزی کردەوە و ڕیخۆڵە و ناوهەناوی ڕژاو و خوێناوی بەسەر خۆڵ و بەردەڵان و بەناو ئەو دار و دەوەن و پنچکانەدا بڵاو کردەوە، پیرەی باخەوان سەری بەرز کردەوە، لەتاو و حەژمەتی ئەو دیمەنە جەرگبڕە هەردوو چاوانی خۆی گرت، بێگومانبوو لەوەی تاوێکی تر چی کەروێشکی لەو ناوەدا هەبوون دەکەونە بەر کەڵبە و ددانی سەگەل و تانجییەکان، چ خەم و قەهر و حەسرەتێک بوو باز و هەڵۆکان سکیان هەڵدڕن و چاوانیان هەڵکۆڵن، کە چاوانی کردەوە ئەو دۆڵەی بەردەمی و چی زورگ و گرد و تەلانی ئەو ناوە هەبوون ڕەش دچوونەوە لە زەلام، لە ئەسپسوار و سەگ و تووله و تانجی و دەیەها کەروێشکی مردارەوەبوو، چ نزیک و چ دوور، سکدڕاو دەنێو چنگی خوێناویی هەڵۆو بازەکان، پیرەژنەکەشی بەترس و شەرمی سەردەمی جحێڵی لە پشت مێردەکەیەوە وەستابوو، هەردەتوت تاریکی زارکی ئەشکەوتەکە کە دەمی کردبۆوە گەرەکی بوو قووتی بدا، هاوارێک لە قورگی تاساو خنکا کە بینی لەناکاو پیرەمێرد پەلەواژ بۆوە و کەوتە سەرگازەرەی پشت، پیرەژن نەیزانی کسپەیەک لە دڵی پیرەی باخەوان هەستا و وەک ئەوەی دڵی ڕیشەکێش بووبێ و لە چنگی ئەو هەڵۆ بەرزەفڕەدا بێ... بەندبووبێ... سێ جاران دەمی بەیەکدا دا و کەفەژیلکەیەک بەلا لێوییەوە بڵقی دەکرد، دوا دیمەن لە چاوانی کە مایەوە: دوو چاوی سوور و دوو چنگی خوێناویی هەڵۆیەک بوو کە ئەوەندە زەبەللاح بوو شینایی ئاسمانی لێشاردەوە... دوا دەنگیش کە لە گوێیدا دەمرد قروسکە قروسکی سەگ و تووله و تانجییەکانی سەرۆک بوو...!

گوڵان ١٩٩٦ - گوڵان ١٩٩٧ / سلێمانی



# تابلۆیەکی ناتەواو

هاوڕێم ڕەهبەر*... لە کوێوە دەست پێبکەم؟ خۆت دەستم بگرە و چاوساغم بە، هەروا بزانە هەردووکمان هێشتا لە "هلسنکی"ن و تۆ شتەکانم فێر دەکەی، جادە و کۆڵان و کۆگا و مۆزەخانە و پەیکەر و دەریاچە و دارستانەکانی ئەوێم پێدەناسێنی. هەر وا بزانە وەک یەکەمجار دەمەوێ بێمە ماڵەکەت و ڕێ دەرنابەم، تۆ فێرم دەکەی بەکام میترۆ و ئۆتۆ دەگەمە لای تۆ، هەموو جارێک دەتوت: کەڕە کرمانج... لە هەر کوێ بزر بوویت... زەنگێکم بۆ لێبدە و فریات دەکەوم، چەندین جار پێم دەوتیت: ژیان لای خۆمان چەندە ئاسانترە، لەوێ دونیا و ژیان هەر بەقەد (سێرسکێنە) زەحمەتە... ئاخ بۆ ژیانێکی سادە لە کوێرەگوندێکی لای خۆمان کە بەهاوارێک هەموو ئاوایی لە خۆت کۆ دەکەیتەوە. تۆ دەتوت: هەر وایە... منیش لێرە ماندووم... بەدەست ڕاکەڕاکەی گۆڕینی میترۆ و ئۆتۆ و شەمەندەفەرەوە. تا هەنووکەش هاتوهاوارت وا لە گوێما دەزرنگێتەوە، من و تۆ پتر لە هەژدە ساڵ یەکدیمان بزر کرد، ئەو زەمەنە هیچە هەرهەموومانی لێک کرد، هەریەکەمانی فڕێدایە قوژبنێکی ئەم دونیایە، تف لەو زەمەنەی وایکرد کوڕان هەر بەجحێڵی باوەشی گەرمی دایکانیان جێبهێڵن، بەر لە پەڕ و باڵ دەرکردن ناچاریان کردین بەنێو ئاسمانەکانی مەنفادا هەڵفڕین، ئاخ براکەم... ئێمە چەندە لەو کەسانە دەچین کە فڕێدرابینەتە نێو بەلەمێک بێ ئەوەی سەوڵێکمان پێبێ، ئێمە چەندە لەو سەرنشینانە دەچین کە دەنێو پاپۆڕی (تایتانیک) سەرگەرمی سەفەرێک بوون رووەو گەیشتن بەخەونەکان، وەلێ هەر هەموومان خنکاین، خنکاین و کەسیش پێی نەزانی، بێ ئەوەی ئاسەوارێک جێبێڵین، تا هەنووکەش هاتوهاوارت وا لە گوێما، ساڵانیکی زۆر لەمەوبەر کە هێشتا هەردوو تۆلاز بووین لە هەولێر، تۆ کوڕێکی مەشرەف خۆش و نوکتەباز بوویت، ساڵان هاتن و ساڵان ڕۆیشتن، دواجار کە لە قوتبی باکوور بەیەک گەیشتین: تۆ گۆڕابوویت، هەر زوو هەستم کرد کە تۆ چەندە تووڕەی، تۆ وات لێهاتبوو بەئەزیەتەوە پێبکەنیت، کە پێدەکەنیت... کە دەخەنیتەوە هەر دەتوت ترازانی لێوانت برینێکە، من هەر زوو کە لە فڕۆکەخانەکە تۆم بینی، دیم: لەو برینەوە خوێن دەتکا، هێدی هێدی... ڕۆژ بەرۆژ تێگەیشتم کە تۆ هەر وا

بەهەوەس ئەو هەموو رەشەبا تووڕە و گەردەلوولی غەزەبەت لە خۆت نەئالاندووە، ئەو هەموو گەرد و تۆزی گەردەلوولی غەزەبەی هی بیابانی غوربەت و مەنفایە، من پرسیم: دەنێو ئەم سەهۆڵبەندانەدا ئەو هەموو ئارەقەیە چییە؟ وتت: رۆحمە و بۆ هەمیشە دەگری. من هەر لە شەوی یەکەمی دیدەنی پاش فیراقێکی درێژ دوا پیشانگای خۆتم هێنایەوە یادت کە هەر زوو پێیان داخستی، لەودیو رەنگ و هێڵەکانەوە ئەو مانا هار و شاراوانەیان دۆزییەوە کە تۆ گەرەکت بوو رەتی بکەی، تۆ دڵت بەهەینێ خۆش بوو... وتت: ئەوسا مانایەک بۆ بەرگری و شەڕ هەبوو... هەنووکە هیچیان نەهێشت. دەنێو گەرماوی (ساونا)ش تۆ هەر نەتدەبڕییەوە، هەر هاتوهاوارت بوو، تۆ و هەندێ لە هاوڕێکانت وای بۆ دەچوون کە دوای رەوەکە ئەگەری هاتنەدیی خەونێک هەبوو، وەلێ چ دەکەی کە لەباریان برد، تۆ خەونەکانت گەلێ گەورە بوون و دونیای سیاسەتبازەکانیش گەلێ بچووک. خاتوو (میریا)ی هاوسەرت هەر زوو وتی: رەهبەر عاشقمە و کەچی ئەوەندە شپرزە و ماندووە، دەردە کورد وای لێکردووە زمانی غەزەلی جارانی بیرچۆتەوە، من پێم وتیت: رەهبەر خەم مەخۆ کە لە کوردستان دووریت، هەندێ جار باوەشی ئافرەتێکی میهرەبانیش دەکرێ ببێ بەنیشتمان... تۆ وتت: ئەی خەڵکی؟ ئەی دایکم؟... ئاە... براکەم... چەندە نەگبەتن دایکانی ئێمە؟ ئێمە نەوەیەک بووین هەر زوو لە شیریان کردین، هەر زوو لە بۆن و بەرامەی سینە و مەمکی دایکانیان کردین، دایکانی ئێمە یان بەخاکیان سپاردین یان بەو شەمەندەفەرانەی رووەو مەنفاکان... رووەو غەریبی هەڵیانگرتین، تۆ قەت نەحەسایتەوە، قەت نەتتوانی ئاسوودە و ئارام بیت، تۆ بەمەرگت سەلماندت کە مەنفا درۆیەکی گەورەیە و خۆمان دروستی دەکەین، ئاە... چەندە قورسە کە هەرهەموو ئاسمانەکانی تاراوگە لە یەکدی دەچن، تۆ لەتاو خۆر ناوت لە کچە گەورەکەت نابوو (رۆژە)، لەوە دەچی من و تۆ باپیرەگەورەمان خۆرپەرست بووبێ، ناوت لە کچە ناوەنجییەکەت نابوو (کوردستان)، پاشەبەرەش (ئاسمان). چەندە زەحمەت بوو بۆ (میریا)ی رۆح سووک ئەو ناوانە وەک خۆیان حونجە بکات، تۆ وەک کوردێکی تەواو کەللەڕەق دەتویست ناوەکان وەکو خۆیان بوترێن، تۆ لە ناوی کچەکانتەوە بەدوای ئاسمانێک دەگەڕای بۆ کوردستان... بەڵام هەیهوو براکەم... هەرهەموو ئاسمانەکانی ئێمە داتەپین، تۆ وەک فڕندەیەک کە لە قەفەزدا بێ، بەدوای ئاسمانێکدا دەگەڕای بەرین بەقەد خەونەکانت، کەچی دواجار ئەوە تۆی کوشت: کە تۆ زانیت وەختێ باڵەکانت لە هیلاکی لێکدان هەڵدەوەرێن و دەتەوێ بنیشیتەوە... زانیت هیچ خاکێک شک نابەیت لەسەری بنیشیتەوە، کە تۆ کوردستانت نەبێ، ناچار



لەسەر ناوی کچەکەت زرنگانەوەی ئەو وشە سیحراوییە پڕ بەهەردوو گوێچکە و ماڵەکەت شاگەشکەی دەکردی، چەندە دڵت خۆشبوو کە یەکەم وشەی فێری ببوو... وشەی (نا) بوو... لە خۆشیانا دەتریقایتەوە... دەتوت: کچەکەم خوێنی خۆم و خەڵکی خۆمانی تیا دەگەڕآ، ئەی خودا دەڵێ (نا)... ئاە چەندە وایە... مرۆڤ دەبێ هەموو عومری خەرج بکات تا فێری وشەی (نا) دەبێ... تۆ دڵی خۆت بەوە خۆش دەکرد... دەتوت: ئاخۆ کەی ئەو سیاسەتبازانەی ئێمە فێر دەبن بڵێین (نا)، کە لە بۆنەکاندا داوای گۆرانییان لێدەکردی، تۆ بەسەر گیتارەکەتدا عاشقانە دەنووشتایتەوە و دەتوایتەوە، هەر دەتوت خەمێکی زەعفەرانی و ستران دەبێژی، وەلێ تۆ هەر سەرگەرمی سروودی نیشتمانی دەبوویت... پێم دەوتی: مردوومراو ئێمە لە ئاهەنگداین، تۆ دەتوت: قوربان من هەمیشە لە شەڕدام... شەڕێک کە تیایدا لەسەر هەقم، یەکەم شەو (میریا) جێی بۆ داخستم... دەیەها شەوی تر... وتم: شتی وا نابێ رەهبەر... بیرت نەچێ کە ئەم ژنەی تۆ فنلەندییە... تۆ وتت: من کوردم و میوان تا پێی دەکرێتەوە ئاواهی رەفتاری لەگەڵدا دەکەم، تۆ فێرت کردم کە قەت بێ چەپکێ گوڵ نەیەمە ماڵەکەت و ماڵی هیچ کەس، بێ نوقڵ و شیرینی، بێ قاپێک شەراب...!

هاوڕێی زێدە بەجەرگم... بیرتە لە ماڵەکەتدا پەردەیەکت بەسەر یەکێ لە دیوارەکان دادابۆوە... پرسیم: لە پشت ئەم پەردەیەوە چی هەیە؟ وتت: تابلۆیە... کچەکانم لێی دەترسن و بەپرسیار هەراسانم دەکەن و زەحمەتە لە وەڵامەکانم تێبگەن، بەم تابلۆیە ماجستێرم لە (مۆسکۆ) وەرگرت: گوللەبارانکردنی چەند لاوێکی کوردە، ئەو دیمەنەی کە بەدرێژایی مێژوو دووبارە بۆتەوە، هەمیشە هەمان دیمەن، لە ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا؛ هەمیشە چەند کوردێکی بەدیلگیراو و کەلەبچەکراو، لە پشت سەریانەوە دە بەقەد ژمارەی خۆیان جەندرمە و پیاوانی چەک بەدەستی داگیرکەران کە نووکی نێزەیان لە پشتی ملمان گیر کردووە و بەدەم خەنینەوە لە کامیرا دەڕوانن، ئێمەش یان مات و مەلوول و چاوشکاو و سەرکز، یان مێردانە و دڵبەردانە وەستاوین و چاوەڕێی گوللەباران و هەڵواسینین... ئای براکەم... کە دیم چەندە تاسام. بەقەد یەکێ لە دیوارەکانی پەرتووکخانەکەت تابلۆیەکی دیکەت بردمی: کۆمەڵە کەسێک و دەنێو بەلەمێک و بێ سەوڵ وان دەنێو گەرداوی تۆفانێکدا، وتم: کەی ئەم سکێچە تەواو دەکەی؟ وتت: مەحاڵە پێم تەواو بکرێ، ئەوە دەمێ ساڵە ئەو چەند کەسە کەوتوونەتە ناو ئەو گێژەنە... ناوێرم تەواوی بکەم، چونکە لافاوەکە لێناگەڕێ، ئاخر خۆیشم وا دەنێو هەمان گێژەندام، نازانم

قورتارمان دەبێ یان هەرهەموو بەیەکەوە دەخنکێین. من لافاوی نوح و چیای (جودی)م بیرکەوتەوە، ئاخ براکەم... نوحەکانی ئەمڕۆ دەنێو کەشتییەکی کون تێبوودا بەخنکانمان پێدەکەنن... وایە لەوەتەی هەین دەنێو بەلەمێک و لافاوێک دەمانبات بێ ئەوەی بتوانین رووەو وشکایی ئاراستەی بکەین، ئاە... برادەری ئازیز... ئەو زاتە شپرزە و زەندەق چووانە چەندە لە خۆمان دەچن، من دڵنیام تۆ کۆچت کرد و ئەو گەمییە بەو سەرنشینانەوە نەگەیشتە هیچ دورگەیەک، نەگەیشت... نەگەیشت... خودا دەزانێ کام گێژەلووکە قووتی دەدا، تۆ هەر بەئەنقەست ئەم تابلۆیەت تەواو نەکرد، چونکە تابلۆکەی ئێمە خۆی ناتەواوە... بێ ناو و نیشانە... من دەموت: کوڕی باش بەو تەواوی کە... کەچی چاوە رەشەکانت پڕ دەبوون لە ئەسرین و دەتوت: شێرۆ گیان... من سەدەها تابلۆ و سکێچی تەواو و ناتەواوم لێرە و لەوێ جێهێشتووە، هەندێکم وا لە هەولێرێ، هەندێکیان وان لە مۆسکۆ، بڕێکی تر وا لە یوغۆسلافیا، من خۆم وەکو کتێب و تابلۆکانم پەرش و بڵاو بوومەتەوە، هەر تیکەیەکم وا لە شوێنێکدا. من وتم: هەر تۆ وانیت... وەچەیەک هەمان قەدەری تۆیان هەیە، قەدەری پەرش و بڵاوبوونەوە... قەدەری پەرتەوازەبوون، ئێمەی قەرەج چەندە بێ نیشتمانین... چەندە بێ گۆڕستانین، هەر گۆڕێکمان وا لەسەر خاکێکی غەریب، تۆ چەندە لەوە دەترسایت قەرەجیانە بمریت و گۆڕ غەریب بیت، دواجار هەمان ترس بوو بەحەقیقەت و تۆ گۆڕ غەریب بوویت، وەلێ تۆ کەی بیرت لە مەرگ دەکردەوە، راکەڕاکەی ژیان سەرمەستی کردبووی، عیشقی ژیان و خەونێک بەراوکردنی ئومێدە چکۆلەکان و هیوا گەروەرکان نەیاندەهێشت بەدیار مەرگەوە دەست لە ئەژنۆ دابنیشیت. من گەر وێنەکێش بوومایە: ئەوە وێنەی پیاوێکی ماندووم دەکرد، کەشکۆڵ لە شان و پێ غاوس، رووەو ئاسۆیەک رادەکات کە هەرهەمووی غەریقی سەرابە... سەراب و بەس... پیاوێکی تا ئەبەد راکردوو... تا ئەبەد ماندوو.

چ عاشقانە بەیەکەوە گوێمان لە (سیێوە) دەگرت، ئێواران و بەیانیان، بەفر دەباری و ئێمە بەسۆزی (سیێوە) خۆمان گەرم دەکردەوە، ئێمە هەردوو لەگەڵ ئەودا (بە بێ برین خوێنمان دەڕشت)، سۆزێک بەربینی هەردووکمانی دەگرت، خوێنمان کەفی دەکرد، تاسەیەک دەیبردینەوە ناو وڵاتی خاکەسار و دەگریاین، دەگریاین بۆ خاکێک کە زۆر زوو، زۆر هەرزان فرۆشتیان، تۆ هەر هاوارت دەکرد: ئەوان بوون خەونی ئێمەیان دۆڕاند، تا ماون دەبێ بەر غەزەبی من و نەفرەتی هەتیوەکان و بێوەژنەکانی وڵات بکەون، لە هەر بۆنەیەکدا بووایە... تۆ ئاڵاکەی کوردستانت دەخستە بن باڵت و عاشقانە هەڵتدەواسی،



بیرتە رۆژێکیان چۆن لە منت خوڕییەوە، هەر دەتوت باوکە دڵڕەقەکەمی... وتم: چی بووە... چی گوناهێکی گەورەم کردووە؟ وتت: تۆ بۆ وا بێباکانە ئاڵاکە لوول دەکەی؟ من نامەوێ دەقی بشکێ، من زۆر بێباکانەتر وەڵامم دایتەوە: لە شوێنێکی تر کە نەدەبوو دەقی بشکێ: شکاوە، تۆ ئەوەندەی تر لە من هاربووی، من زویر نەبووم، تۆی عاشق بەو ئاڵایە هەر چاک بوو لەسەر ئەو بێڕێزییە نەتکوشتم، من دێڕە شیعرێکم هاتەوە یاد: ئەو ئاڵایەم بۆ دابگرن... من رووتم و بۆمی بکەن بەکراس، تۆ وتت: ئەوە ئەو وەختەی گەر ئاڵامان هەبوو. تۆ وەک منداڵێکی هاروهاج دونیات بەردباران دەکرد، چۆن وا سووک و سانا ئاڵاکەی تۆیان کردە پەردە و کوللەی سوڵتانەکان... خەلیفەکان؟ من پێم وتیت: حەوت برا... ئەو هەموو غەزەبە رۆحت دەخوا و ناو هەناوت دادەڕزێنێت، تۆ جگەرە بەجگەرە دادەگیرسێنی، ئاسمانی سەر سەرت دەکەی بەچڕەدووکەڵ... تۆ وتت: جا چۆن بەدیار ئەو هەموو وێرانبوون و کاولکارییە من خەمسارد بم؟ من دەموت: ئەو هەموو جگەرەیە مەسووتێنە و بووی بەکولخان، دەتوت: جا گەر جگەرە نەسووتێنم؛ دەبێ ئاگر لەم دونیا بێبەزەییە بەربدەم. هەمیشە هەگبەکەت سکاڵانامە و داوایەکی تیابوو، لەمەڕ مەسەلەیەکی گەورە یان چکۆلەی کورد، دەموت: تۆ لێرە بووی بەعەریزەنووس... وازت لە فڵچە و بۆیە هێناوە، هەرخۆم وەڵامی خۆمم دەدایەوە: بەڵام دەی قەدەری کوردە، لەوەتەی هەیە هەر عەریزە دەنووسێ... سکاڵانامە دەنووسێ و دەینێرێ و کەس نایخوێنێتەوە، دەبا عەریزەکانی تۆشی بچنە سەر... هۆ براکەم... ئێمە لە دونیا بەقەد ئەو نەهەنگەش رێزمان نەبوو کە لە ئاوی (ئالاسکا) گیری خواردبوو، سۆڤیەتی جاران و ئەمریکا وازیان لە شەڕی ساردی نێوان خۆیان هێنا و بەگەرمی کەوتنە کۆشش تا ئەو نەهەنگە لە مردن رزگار کەن. ئێمە لەوەتەی هەین هاوار دەکەین: توخودا بەتەنیا جێمان مەهێڵن...!

هاوڕێی زێدە بەجەرگم... تۆ هەر لە داخی ئەو لەتلەتبوونەی کورد و پارەپارەبوونی مێژوومان و لە خاچدانی هەرهەموو خاکمان ناوت لە گۆڤارەکەت نابوو (دڵانپار)، یەکەمجارم بوو ئەو ناوە ببیستم... دلانپار: یانێ چی؟ ناکا مەبەستت پارەپارەبوونی دڵەکان بێ... دڵی خۆت و دڵی خەڵکی؟ نا... دەکرێ پارەپارەبوون و لەتبوونی هەرهەموو خاکمان بێ... دلانپار: شوێنێکە... بەردێکە... یان رووبارێکە لەسەر رووبەرێکی شێواو؟ ئا... بەردێکی گەورەیە و دەنێو رووبارێک: لەو شوێنەی کوردستانی باکوور و باشوور و رۆژهەڵات لە یەکدی دادەبڕێت، لەوێ ئەو سێ گۆشە و سنوورە پەیدا دەبێ... ئەو بەردە بڵێم چی؟ بەردی مێژووە و خراوەتە سەر دڵمان... ئەو بەردەی لەتمانی کردووە... سەرمانی

شکاندووە و لەوەتەی هەین خوێنمان لێدەچۆڕێت... ئەو رووبارە تێکەڵمان دەکاتەوە یان ئاوی براکان رووەو خاکێک رادەماڵێ کە هی خۆمان نییە، وای لەو هەموو هەلاهەلابوون و هەڵوەرینە. دەتوت: لەسەر گیرفانی خۆیشم بێ، نابێ دلانپار بوەستێت، چونکە ئەو رووبارە وشک ناکا و ناوەستێت، ئەو بەردە چییە؟ ئەو رووبارە لە سێ گۆشەی (دلانپار)ەوە دادەڕژا و گوندێکی تینووی، یان چەند گوندێکی غەمگینی ئاوەدان دەکردەوە... ئەو بەردە بەردی لەتبوون بوو یان بەیەکەوە لکاندن؟

هاوڕێی بێ ئۆقرەم... لە کوردستان گێچەڵێک، شەڕێک، دەمەبۆڵەیەک هەبووایە تۆ لەوێ خەوت لێنەدەکەوت. (میریا )ی هاوسەرت... میریای میهرەبان دەیوت: قەدەرمە... شووم بەپیاوێک کردووە: نازانێ نووستن چییە... من دەمدی تا درەنگی شەو بەدیارتەوە ئێشکگر بوو. ئەو شەوانەی لە بیمارستانێکی (هلسنکی)دا کەوتبوویت؛ من و شێرکۆ و هونەر: براکانت لەسەر ئێشکگری شەڕمان بوو، (میریا ) دەهات و دەیوت: لاکەون...دەبێ لە هەمووان جوانتر و میهرەبانتر ئێشکگر بێ، وای لەو ژنە لەبز شیرین و هێمنە... هێمنتر لە شەونمی وەریو لەسەر پەڕەی گوڵ، من سەیرم پێدەهات کە بەماچێکی میریا هەڵنەدەستایتەوە سەرپێ و وەک جاران بەجادەکانی (هلسنکی)دا رابکەیت و کەشکۆڵەکەت بکەیتەوە شان، میریا: وێنەی (مریەم)ێک بوو نووشتاوە بەسەر عیسای بریندار، عیسایەک کە خۆی نا، بەڵکو خۆی و خاکەکەی لە خاچ دراوە، ئەی عیسای هەولێری تۆ مردیت و پەیامە شەرمنەکەت نەگەیشتەوە، هەتا نەگەیشتەوە بەکۆڵانەکەی خۆشتان، پەیامی سادەتر لە قسەی منالان: با هەموومان یەکدیمان خۆش بوێت، وەلێ چی بکەم براکەم، سیاسەتبازەکان خەڵکیان فێر کرد کە تا ماوین گەرەکە رقمان لە یەکدی بێ... تەواو سیاسەت... سیاسەت لێکدی کردین، سەدساڵە دەجەنگین و هەنووکەش هەر دەجەنگین... جەنگ لەپێناو چی؟ لەپێناو جەنگان خۆی یان شتێکی دی؟ من هەموو جار دێڕە شیعرەکەی (سپهری)م بۆ دەخوێندیتەوە: ئەو شەمەندەفەرە دەڕوا... چەندە بەتاڵە کە پڕە لە سیاسەت... ئەو شەمەندەفەرە چەندە گرانە کە پڕە لە شیعر. ئای لە میریای میهرەبان... وای لە مریەمی دایک و خوشک و هەم دەستگیران... ئەو تا مردی برینەکانتی گولاوپژێن دەکرد، دواجار بوو دیم: دوو مرواری رەش لە شێوەی فرمێسک لە چاوە شینەکانی دەرپەڕین، من بۆ رەهبەر دەگریم، بۆ خەونە دۆڕاوەکانی، من لێرە یاخەی کێ بگرم؟ ئێوە بۆچی نازانن یەکدیتان خۆش بوێت؟ کێ مێردەکەمی بەکوشتن دا؟ کێ وایکرد جەرگی خۆی بخوات؟ ئەو مێژووە پیر و ماندووەی ئێوە مێردەکەی منیشی پیر کرد... میریا



من تۆ دەناسم، تۆ هونەرمەندێکی (گۆزەگەری)... بۆچی وازت لەو هونەرە جوانە هێناوە؟ بۆچی تەنیا یەک گۆزەی جوانی دەستکردی خۆت لەسەر مێزێک نابینم، هەروەکو دیکۆریش بێ، من دەمەوێ بزانم گۆزەکانی تۆ چۆنن؟

کام گۆزە دەڵێی هۆ هاوڕێی ئازیزی خۆشەویستەکەی من؟ چما من لە ترسی شکانی گۆزەی دڵی رەهبەر ئاگام لە هیچ گۆزەیەکی ئەم دونیایە ماوە؟ من لە بەیانی تا ئێوارە لەوەتەی ئەم پیاوەم ناسیوە هەر لە خەمی ئەوەدا بووم گۆزەی دڵی ئەو نەشکێ و ئاوی قەهرێک بەو ناوەدا بڕژێ و گوڵەکانی نێو ئینجانەکان سیس و پەژموورده بەر بۆنی ئەو غوربەتە بکەون و بمرن، بەڵام هەزار ئەفسووس میریا... دواجار ئەو گۆزەی دڵە شکاو بوو بەهەزار پارچە، ئەو ئاوی حەیاتەی تیابوو... بێهوودە رژا... رژا بەرپێیان و پێمان کۆ نەکرایەوە، تۆ حەزت کرد پارچەکانی ئەو گۆزەی دڵە هەر لەوێ، لە نزیک خۆتەوە بنێژرێ، گەرچی رەهبەر خەونی وابوو ئەو گۆزە شکاوە رووەو ولات بار بکرێ، لەگەڵ هەزاران شتی بەهادار و بێبەها... بەڵکو ئەوە خوایە لە یەکێ لە کوورەکانی ولات سەرلەنوێ ئەو گۆزەیە چاک بکرێتەوە، وەلێ من و تۆش دەزانین کە ولات کوورەیەکی وای تیا نییە ئەو موعجیزەیە بنوێنێ، میریای میهرەبان... میریای جوان... من لێرەوە دەتبینم پارچەکانی ئەو گۆزەی دڵەت خستۆتە سەر هەردوو دەستەکانت و بەنێو هەموو کوچە و کۆڵانەکانی (هلسنکی)دا و بگرە بەنێو هەموو فنلەندا و قوتبی باکووردا دەیگێڕی، بێباکانە لە بەفر و باران و سەرمای ئەوێندەرێ، پێ غاوس و سەرکۆت، ئەو پارچە شکاوانە دەبەیتە بەردەمی خەڵکی و پێیان دەڵێی: ئەم لەت و کوتانە پارچەکانی دڵی کوڕێکی لەوەند و عاشق بەمنە، کوڕێک کە لە شەوێکدا وا غەمگینانە گۆرانی دەچڕی، بەغوربەتێکەوە کە گۆزەی دڵەکەی منی پڕ کرد لە رۆندکی رەش و فرمێسکی ئەڤین، من هەر ئەو شەوە پرسیم کە ئەو هەموو حوزنە لە کوێوە دێ؟ چاوە رەشەکانی لەسەر یەک دادەنا و خەونی بەولاتێکەوە دەبینی کە لەسەر نەخشە نییە، لە گۆزەی دڵییەوە ئاوی قەهرێک، دەردێک، غوربەتێک قوڵەقوڵ دەڕژا و دەبوو بەستران و لە قوڕگەوە بەدەنگێکی کەرخ و دڵپڕوکێن دەڕژایەوە نێو گۆزەی بەتاڵی دڵەکەی من، من هەر لەو رۆژەوە وازم لە هەموو گۆزەکانی دونیا هێنا و ئەو هونەرەم تا ئەبەد بیر چۆوە... هۆ خەڵکینە... هۆ عەشیرەت... هۆ خێڵ و تایەفە شەڕخواز و دڕدۆنگەکان: بیکەن بەخاتری لەتە سواڵەتەکانی گۆزەی دڵە شکاوەکەی ئەو دڵخوازە کاکۆڵ رەشەم... لە کوێ ئەم لەتە سواڵەتانە بەیەکەوە بنووسێنم؟ هەموو پیشەسازیی زۆر پێشکەوتووی ولاتەکەم، هەرچی کارگە و فابریقەی هەمانە، هەرچی کوورەی پۆلاییینی ئێرە

هەن: ناتوانن ئەم گۆزە شکاوەم بۆ چاک بکەنەوە، ئەوەتا دەمبینن وەک ژنە هەشبەسەرەکانی لای خۆتان قوڕ دەپێوم و کراسان لە خوم دەنێم و ... ئەو سێ کچەم کە بەزمانی شیرینی ئێوە لەگەڵ باوکیان دەدوان... ئەوەتا بەدیار ئەو باوکە میهرەبان و ماندووەیان سەرکز و لارەمل دانیشتوون و نازانن چ حیکمەتێکی تیایە باوک وا زووکۆرپەکانی جێدەهێڵێت، من گوناهی ئەو مەرگە دەخەمە ئەستۆی ئێوە، ئێوە لە شەڕی شێتانەی نێوان خۆتان هەزار گوللەتان بە(ڕۆژە)وە نا ، بە(کوردستان)ەوە، بە(ئاسمان)ەوە، ئێوە خۆرتان کوشت و کوژاندتانەوە، هەزار کونتان کردە ئاسمان، کردتان بەسەرەند و بێژنگ، ئێوە هەر بەگوللەیەکی وێڵ تەختی تەوێڵی (کوردستان)ی کچمتان سمی، تۆپێکتان (ئاسمان)ی کچمانی داتەپاند، هۆ لەو بەرزاییەوەش خۆر چاوانی کوێر بوون و ڕژا، بەمردوویی کەوتە بەر پێیان، ئێوە نەوەستان تا دواجار هەرهەمووتان بێباکانە... دڵبەردانە نیشانەتان لە گۆزەی دڵی ڕەهبەر گرت و کردتان بەهەزار پارچە، ئەو بۆ وەستانی ئەو شەڕەی نێوان خێڵەکان، قەبیلە سەرمەستەکان بەتەپڵی شەڕ گۆزەی دڵی خستە سەر دەستان و هاتە ناوبژیتان، من وەک ژنێکی ڕانەهاتوو بەشەقژنی گوللە و تەقینەوەی تۆپ هاوارم کرد: هاوارە نەکەی... وەلێ ئەو عیشقێک ئاراستەی دەکرد... کوێری دەکرد کە زۆر لە عیشقی بۆ من گەورەتر بوو، لەوسەر کە هاتەوە لەتە سواڵەتەکانی گۆزەی دڵی دەرهانی و وتی: هانێ میریا... بزانە قەت وا ناکەی بەیەکەوەیان بنووسێنی، بەیەکەوەیان پەرچ بکەی...

دەتبینم هەموو ئێوارەیەک بەنائومێدی دێیتەوە و لەگەڵ سێ کچەکەت لە وێنەکانی ناو ئەلبوومەکان و تابلۆکانی ڕەهبەردا بەدوای عیشقێکدا دەگەڕێی کە جوانەمەرگ بوو، بالای خەونێک کە لە ناوەڕاستەوە بەتەوری تەوروەشێنەکان دوولەت بوو... لێرە بوو... لەناو ئەم باخچەیەدا کە باوکتان بۆ یەکەمجار ماچی کردم، هەموو جار دەیبردمە سەر ئەم کەرتە شاخە و دەیوت: بیری شاخ دەکەم میریا... شاخ... شاخ: برا گەورەمانە... کاول بێ ئەم وڵاتەتان کە چیایەکی تیا نییە... ئاە... میریا گیان... ئەو زستانە من و ڕەهبەر بۆ هەشت مانگ سەیری بەفربارینمان کرد... بەفرە ئەبارێ... بەفرە ئەبارێ، لە دەرەوە نا... بەڵکو هەرهەمووی دەنێو دڵی من و ڕەهبەردا دەباری، ئەوەندە باری... هەزار پێ کەوتینە ژێر بارستایی ئەستووری بەفر، ڕۆژێکیان کە هێشتا پاییز بوو... تۆ وتت: چ ساڵێکی ڕەشە... وتم: بۆ میریا گیان؟ وتت: ئاخر درەنگە... دەبوو بەفر زووتر ببارێ و دونیا سپی بکاتەوە، ڕەهبەر بەسووکە گلەیی و غەزەبێکەوە سەیری کردی... بڵماندی... بەکوردی... تۆ



تێنەگەیشتی... منیش نەمزانی چی وت، وەلێ لە نیگای تووڕەی وا حاڵی بووم: ئەو ژنە نازانێ بەفرەکەی ئاسمانی ئەوان دەنێو دڵی مندا دەبارێت، وا حاڵی بووم، من کوڕی وڵاتێکم کە نەک ڕەنگەکانی شەبەنگ، بەڵکو هەزار ڕەنگی دیکە لە ئاسمانەوە بەسەر ئەرزدا دەبارێت، لە ئەرزەوە ڕووەو ئاسمانیش هەڵدەفڕێت، من بێزارم لە وڵاتێک کە تەنیا یەک ڕەنگی تیا زاڵە... سپی... سپی و بەس، ئاخر منی وێنەکێش دژ بەدکتاتۆرییەتی ڕەنگم... وای لە عیشقی کەسێک کە بەدوای ڕەنگی دیکەدا دەگەڕێت، لە دونیایەک کە ئیدی ڕەنگی تیا نەما... ئاخ... دواجار بەفر زاڵ بوو... تۆ توایتەوە.

دواجارم بوو کە ویستم ماڵئاواییت لێبکەم و بگەڕێمەوە وڵات... (پەشێو) و (میریا) تکایان لێکردم کە نهێنیی گەڕانەوەی یەکجارەکیم نەدرکێنم... (پەشێو) وتی: ریبۆکە – هیلاکە و تێبگە... ئاخ براکەم... دواجار کە تەوێڵتم ماچ کرد و لە ژوورێکی بەئاسمانەوە هەڵواسراوی خەستەخانەیەک جێمهێشتی، تۆش پاش ماچەکە فرمێسک لە چاوانتا قەتیس ما... ڕووەو پەنجەرەکە ڕووت وەرگێڕا و باڵەخانەکانی دەوروبەر دەنێو بارێزەدا غەرق ببوون، وەک فرمێسکەکانت کلووە بەفرەکان بەسەر شووشەی پەنجەرەکەدا دادەڕژان... ئەو ڕۆژە بوو من دیم پەنجەرە دەگری و تۆش هێدی هێدی دەمری، میریا پەلی گرتم و وتی: ئەمڕۆ ڕۆژێکی ناشیرینە و ڕەهبەریش ماندوو، تۆش هاتووی ماڵئاوایی یەکجارەکیمان لێبکەی... پێی مەڵێ: بۆ یەکجاری ماڵئاوا، تۆ دەزانی گۆزەی دڵی ڕەهبەر درزی بردووە و بەم قسەی تۆ ڕەنگە درزەکە پتر دەم بکاتەوە و دووکەرت بێ. وتم: نا میریا گیان... من پێم قەهرە دەڕۆمەوە و ڕەهبەر کە دەتوت پڵنگی هارە لەسەر تەختەی ئەم بیمارستانە بەتەنیا جێدەهێڵم، بەڵام چی بێ لە تۆ نهێنی بێ... من دەڕۆمەوە... دەترسم... زۆر دەترسم... هەست دەکەم ئەوە منم و لەسەر ئەو تەختەیە ڕاکشاوم و شێرپەنجە گەدە و ڕۆحم دەخوا و لە بەفر ئاسانتر دەمرم... وتت: بڕۆوە و ... بەڵام لەبیرمان نەکەی... وتم: میریا... کێ دەریای عاتیفەی بیر دەچێتەوە؟ کێ ڕووباری ئەڤین و شاخی نەبەردی و پەیکەری جوانی و ڕۆحی وەک سەدەف پاکی دۆستانی خۆی بیر دەچێتەوە؟ نا... ئەوە من نیم... من لەناو دەرگاوە بەدزییەوە لەو خەمە قورسە ڕادەمام کە لەسەر تەختە کەوتووە... تۆ نەبوویت ڕەهبەر... ئەوە مێژوویەک بوو کە شێرپەنجە هەناوی دەخوارد... من دەمدی: پەنجەرە دەگری و تۆ دەمری... من زانیم بۆ ناوێریت سەیرم بکەی... من زانیم... بەفر ئەبارێ میریا... بەفر ئەبارێ... دەنێو دڵی من و تۆدا... من لێرەوە دەتبینم: هەموو بەیانییەک وەک ژنە شێتەکانی نێو میترۆکان، نێو باڕ و کافێ و قەراغ دەریاچەکان دەگەڕێیت و لەتە

سواڵەتەکانی گۆزەی دڵی ڕەهبەرت خستۆتە سەر هەردوو لەپە جوانەکانت، بەهەردوو چاوان دەپارێیتەوە و سواڵ دەکەی، سواڵی ئەوەی کەسێک هەبێ و لەتە سواڵەتەکان بەیەکەوە بنووسێنێ، لەتە سواڵەتەکانی ئەو گۆزەیەی ئێمە لێرەوە نیشانەمان لێگرت و شکاندمان... وەلێ چیدی مەگەڕێ، بێکەڵکە میریا ، من تەنیا ئەوەندەم لەدەست دێ... بەچاوی ئەو وەک خۆی کە وەسیەتی بۆ کردم: لە دار و بەرد و دەوەنی ئەم وڵاتە هەمیشە غەمگین و کۆستکەوتووە رابمێنم، لەبری ئەو بەدیار جوانییەوە سەرسام بم، بەهەموو ڕەنگە دیار و نادیارەکانی ئێرە شاگەشکە بم، بەعیشقەوە دەست لەگەڵ ڕووبار و تاڤگە و درەخت و کانی و کەند و لەند و هەموو گرد و شاخ و تەپۆلکەیەکی ئەم وڵاتە خاکەسارە تێکەڵ بکەم، من لەبری ئەو... بۆ خەونی ئەو لێرەم، من تەنیا تەسکینی دڵی خۆم و هی تۆ و هی ئەویش بەوە دەدەمەوە کە لەجیاتی ئەو... بۆ خەمەکانی ئێرە پیاوێکی جەربەزە و مێرخاس و ئازا بم... بۆ خولڤاندنی خۆشی، جوانی، هەق هەمیشە لە شەڕدا بم... میریا گیان... ئەوە تەنیا قسەیە... چونکە کێ نالێ... خوانەکردە و گوێی شەیتان کەڕ بێ... کێ نالێ نابەڵەدێک... دوژمنکارێک بەجوانی و ئەڤین نیشانە لە گۆزەی دڵەکەی منیش ناگرێتەوە کە دەمێکە درزی بردووە، لێرە پیاوە تفەنگ بەدەستەکان شێتی ئەوەن تەقە لە کۆتر و کوکوختی و ڕەنگاڵە و هەرهەموو ئاوێنە و میناکانی دڵ بکەن... بگرە بۆ کوشتنی کلووە بەفرەکانیش پەنجە لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ لا نابەن، ئەوان سوێندیان خواردووە کە تا گۆزەیەکی دڵی جوان مابێ نەیهێڵن و نیشانەی لێبگرنەوە، ئەوان سوێندیان خواردووە کە تا ماون دژ بەجوانی بجەنگن... ئاخر کەی ناشیرین توانیویەتی جوانپەرست بێ؟

میریا گیان... ماڵئاوا لە خۆت و لە گۆزە شکاوەکانی دڵ، گەر کەسێک لەو قوتبی باکوورە هاتەوە... ئومێدەوارم گۆزەیەکم بۆ بنێریت کە دەستکردی پەنجە جوانەکانی خۆت بێ، بەمەرجێک کتومت لە گۆزەی دڵە شکاوەکەی ڕەهبەر بچێت، من لێرە بەفرمێسکی خۆم پڕی دەکەم و ئەو گوڵە مۆرەی تیا دەڕوێنم کە ناوی نازانم... هەر ئەوەندە دەزانم کە لای ئێوە عاشقان ئەو گوڵی ئەڤین و جوانییە دەگۆڕنەوە... دەی ماڵئاوا... میریا... ماڵئاوا... ماڵئاوا لە تۆو لە گۆزە و مینا شکاوەکانی دڵ.

مایسی – ١٩٩٨ / سلێمانی

# پێڕست


**تەنیایی** ... 5

ڕیشۆڵە ... 7

ئەو شەوەی سەگم تیا خۆشویست ... 14

خوشکەکان ... 24

ترس ... 31

لەودیو دەرگا ئاسنینەکەوە ... 40

بێوەژن ... 50

گرێ ... 55

تەنیایی شەوێکی باران ... 67

شاعیر ... 76

**گوڵی ڕەش** ... 85

گوڵی ڕەش ... 87

گوناهی سپی ... 106

من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ ... 144

رەنگاڵە ... 173

میم ... 191

زەلکاو ... 235

**گەڕەکی داهۆڵەکان** ... 275

کەڵەکوڕان و ئاسکەکچان ... 277

چەتر ... 305

تێک ئاڵان ... 306

ئێوارە و شتی تر ... 309

نهێنی ... 311

دووکەڵ ... 313

ماڵئاوا... خۆشەویس ... 316





لۆزان ... 326

کەوتنی ژمارەکان ... 339

گمەی غەریبی ... 346

گەڕەکی داهۆڵەکان ... 350

مەم و زینەکان ... 359

عزرائیل ... 364

ماچێکی سوێر ... 375

تووتی – ستان ... 382

**پیرە پەپوولەکانی ئێواران** ... 393

پیرە پەپوولەکانی ئێواران ... 395

گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان ... 402

ماڵێک لە ئاو ... 425

مارلین ... 427

کوودەتای کەروێشکەکان ... 440

تابلۆیەکی ناتەواو ... 464

## چاپکراوەکانی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٥

(٣٣٧) بەتەنیشت فەنابوونەوە. شیعری: بەرزان هەستیار.
(٣٣٨) شیعر تەنیا هەر بنەمایە. لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی: ئەحمەدی مەلا.
(٣٣٩) دیوانی بێکەس. ئومێد ئاشنا ڕێکی خستووەتەوە و لێی زیاد کردووە و پاشکۆی بۆ داناوە.
(٣٤٠) مێژووی بەلوچ و بەلوچستان. بەرگی یەکەم. نووسینی: میر نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ. وەرگێڕانی: هیوا محەممەد زەندی.
(٣٤١) کورد و کوردستان. نووسینی: ئارشاک سافراستیان. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئەمین شوان.
(٣٤٢) دوو دونیا. چیرۆک. نووسینی: گوڵی تەرەقی. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.
(٣٤٣) کورد و مەسەلەی کورد. نووسینی: دوکتۆر شاکر خەسباک. وەرگێڕانی: ئەمجەد شاکەلی.
(٣٤٤) ڕەسەنایەتیی زمانەکەت بناسە. دانانی: محەممەد ئەمین هەورامانی.
(٣٤٥) اللُر كردٌ أم لُرّ. خسرو جاف. ترجمة: محمد البدري.
(٣٤٦) تأريخ القانون. الدكتور منذر الفضل.
(٣٤٧) ١٩٨٤. جۆرج ئۆروێل. وەرگێڕانی لە سویدییەوە: حەکیم کاکەوەیس.
(٣٤٨) گوندی ئێمە. ڕۆمان. نووسینی: مەحموود ماکاڵ. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەممەد بەهرەوەر.
(٣٤٩) فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی - بەرگی یەکەم. د. موحسین ئەحمەد عومەر.
(٣٥٠) وڵاتەکەت باشتر بناسە. دانانی: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی.
(٣٥١) تەنەکاوا. ڕۆمان. نووسینی: ڕەزا هەمراە. وەرگێڕانی: محەممەد بەهرەوەر.
(٣٥٢) زەویی چاک. ڕۆمان. نووسینی: پێرل باک. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەممەد بەهرەوەر
(٣٥٣) زستانە خەون. چیرۆک. نووسینی: گوڵی تەرەقی. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.
(٣٥٤) من الانفال الى الاستقلال - شعب يصنع التاريخ. تأليف: الدكتور منذر الفضل .
(٣٥٥) کەرنەڤاڵی سەرفەرازی. ئەلبووم. بەهرام وەڵەد بەگی.
(٢٥٦) فەرهەنگی خاڵ. شێخ محەممەدی خاڵ.
(٣٥٧) کۆتر و پڵنگ. بیر و بۆچوون. حەمەسەعید حەسەن.
(٣٥٨) ماڵێک لەناو زەریا ماڵێک لە تەنیشت بیابان. کۆی شیعرەکان. دلاوەر قەرەداغی.
(٣٥٩) خەونەکانی ئیقلیمی با. کۆچیرۆک. ناسر وەحیدی.
(٣٦٠) بەدامێنی شاخێکەوە. ڕۆمان. ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی.
(٣٦١) چرپە بەدەنگی بەرز. چەپکێ چیرۆکی ئافرەتانەی فارسی. نەجیبە ئەحمەد.
(٣٦٢) حەشری گوڵە هەرمێ. کورتەچیرۆک. نەجیبە ئەحمەد.
(٣٦٣) مامزێک لە ئاو. شیعر، نەجیبە ئەحمەد.
(٣٦٤) فەرهەنگی نۆبەرە. گیو موکریانی.
(٣٦٥) مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی پێنجەم. د. مارف خەزنەدار.
(٣٦٦) ظهور الكورد في التأريخ: دراسة شاملة عن خلفية الأمة الكوردية ومهدها. الجزء الأول. الدكتور جمال رشيد أحمد.
(٣٦٧) ظهور الكورد في التأريخ: دراسة شاملة عن خلفية الأمة الكوردية ومهدها. الجزء الثاني. الدكتور جمال رشيد أحمد.



(٣٦٨) ظهور الكورد في التأريخ: دراسة شاملة عن خلفية الأمة الكوردية ومهدها. الجزء الثالث. الدكتور جمال رشيد أحمد.
(٣٦٩) زینانی ڕۆح. شیعر. هاشم سەراج.
(٣٧٠) المسؤولية الطبية. تأليف: الدكتور منذر الفضل.
(٣٧١) Legal Studies. By: Munther Al Fadhal, PhD of Law
(٣٧٢) فەرهەنگی باشوور. عەباس جەلیلیان.